# سلێمانی
# شارە گەشاوەکەم

بەرگی یەکەم و دووەم

پێشکێشە..

بە گیانی پاکی برایم پاشای بابان کە شاری سلێمانی بنیات نا.
ئەو برایم پاشایەی کە لە ئەسکەندەر کەمتر نەبوو کە شاری ئەسکەندەرییەی دروست کرد و لە ئەبو جەعفەری مەنسووریش کەمتر نەبوو کە شاری بەغدای بنیات نا.

# سلێمانی
# شارە گەشاوەکەم

سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانیەوە تا کۆتاییی
دەسەڵاتی بابانەکان

**بەرگی یەکەم و دووەم**

جەمال بابان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جەمال بابان
سلێمانی شارە گەشاوەکەم - بەرگی یەکەم و دووەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٦٩
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٣٦ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-39-3

پێڕست

**بەرگی یەکەم** ........ 7
پێشـەکـیـەکی کـورت ........ 9
جوگرافیای سلێمانی و ناوچەکەی.. ناوچەی شارەزوور و سلێمانی ........ 12
جوگرافیای ناوچەی سلێمانی.. شوێنی، ئاووهەوا و سەرما و گەرمای... ........ 17
ڕەشەباکەی سلێمانی ........ 21
بەر لە شاری سلێمانی ........ 25
نەخشەی شاری سلێمانی ........ 41
سنووری شاری سلێمانی..لە سەردەمی بابانەکاندا و شوێنە دێرینەکان ........ 54
هۆیەکانی فەوتانی میرنشینی بابان ........ 66
کورتە ئاوڕێک لە میرنشینیی بابان ........ 104
سلێمانی و کوژانەوەی چرای بابانەکان و شەڕەکەی عەزیز بەگ لە... ........ 112
هەندێک لە کاربەدەستانی سلێمانی ........ 129
پلەی زانستی و ڕۆشنبیریی ئەوسا لە سلێمانی و ناوچەکەیدا ........ 134

**بەرگی دووەم** ........ 155
بەشی مێژوویی.. سلێمانی دوای بابانەکان ........ 157
سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکاندا ........ 206
سلێمانی لە سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز (مێجەر سۆن)دا ........ 221
سلێمانی و حوکمی دووەم جاری شێخ مەحموود ........ 238
سلێمانی و دامەزراندنی حوکمی ڕاستەوخۆی حکوومەتی عێراق ........ 256
سکاڵانامەی دانیشتوانی سلێمانیساڵی ١٩٢٦ بۆ کاربەدەستانی بەغدا ........ 259

شاری سلێمانی لە ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٢٦دا ........ 265
سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠دا شەڕی بەردەرگەی سەرا یاخۆ... ........ 272
سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٤دا ........ 289
سلێمانی و شەڕی ڕەشید عالی دژی ئینگلیز مایسی ١٩٤١ ........ 301
سلێمانی لە دوای ساڵی ١٩٤١وە تاکو تەمووزی ١٩٥٨ ........ 309
مزگەوتەکانی سلێمانی – بەشی ئاینی ........ 339
گەڕەکەکانی سلێمانی- بەشی جوگرافی و کۆمەڵایەتی ........ 354
شەقامە سەرەکییەکانی سلێمانی ........ 364
گۆڕستانەکان ........ 373
کانی و کارێزە ........ 378
فەرماندارەکانی سلێمانی-بەشی فەرماندار و وەزیر و سەرۆکەکانی... ........ 404
وەزیرەکان کە لە ڕەگەزدا خەڵکی سلێمانین ........ 410
سەرۆکەکانی شارەوانی سلێمانی ........ 415
نۆشدار- پزیشکەکان ........ 418
دانسازە کۆنەکانی سلێمانی ........ 437
پارێزەر (محامی)یەکانی سلێمانی ........ 440

# سلێمانی.. شارە گەشاوەکەم

بەرگی یەکەم

## پێشەکییەکی کورت

دەمێک بوو بیرم لە نووسینی نەک هەر (مێژوو)ی سلێمانی دەکردەوە بەڵکو هەوڵم دەدا، تا بتوانم لەسەر هەموو رووییەکی ئەم شارە خۆشەویستەمان بنووسم.

هەر کە دەشڵێم دەمێکە واتا لە چل ساڵ لەمەو پێشەوە من دەستم داوەتە کەرەسە کۆکردنەوە، لەو رۆژانەوە کە بەڕێوەبەری ناحیە بووم لە ناوچەی کوردستاندا، کە پەیتا پەیتا نامەم بۆ (شارەزایان و پیاوە بە تەمەنەکان و ئەو کەسانەی کە شت دەزانن) دەنارد، داوای مێژووی شارەکە، مێژووی بنەماڵە کۆنەکانی شار، مێژووی گەڕەکەکان، هۆی ناونانیان بەو ناوانەوە کە هەن... شوێنی دێرین... ڕێگای هاتوچۆ... هەتا دوایی. ئێستا بە دەیەها لەو وەڵامانەم لایە هەڵمگرتوون، ئەمە جگە لەوەی کە خۆم جار جار سەری (شار)م دەدایەوە، سەردانی گەلێک ماڵ و دیوەخانم دەکرد بۆ قسەوەرگرتن لە دەم زانا و بیر تیژەکان. سەرەڕای چاوخشاندن بە چەندەها سەرچاوەدا لەوانەی کە زانیبێتم لەم رووەوە سوودیان هەیە.

بەم جۆرە لەم ماوەیەدا گەلێک شتی بە نرخم کۆ کردەوە، بەڵام کە ئاوڕم دایەوە، ڕوانیم وا (ناوچەوان مەیلی سەر ئەژنۆ دەکات)[١] و هێشتا منیش هیچم بە ئەنجام نەگەیاندووە، ئیتر کەوتمە خۆم.

بەڵێ هەر چەندە لەو ماوەیەدا هەر دانەنیشتووم، چەندەها پەرتووک و

---

١. ناوچەوان مەیلی سەر ئەژنۆ ئەکات – کڕنووشی تەعظیم بۆ پیریی ئەبات
شیعری (مەولەوی) و گۆڕینی (پیرەمێرد) لە هەورامییەوە بۆ شێوەی سلێمانی.
ئاماژەیە بۆ پیریی و چەماندنەوەی لەش.

نووسینم بە خوێندەواری بەڕێز پێشکێش کردووە کە بە دەستیان گەیشتووە و هەندێکیشم ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام بەلای منەوە هیچیان گرینگیی ئەم پەرتووکەیان نییە، کە پێوەندی بە دایکێکی دڵسۆز و بەڕێزەوە هەیە، کە ئێمەی گۆش کردووە و لە باوەشیا گەورە بووین تا لە خەم ڕەخساندووینی بەرەڵلای نەکردووین، دەی گوایە دڵسۆزی ئێمە و پاداشتدانەوەمان بەرامبەر ئەو دەبێ چی بێ و چەند بێ؟

لە ڕاستیدا هەر چییەک بکەین هەر کەمە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا (کاڵا لە قەد باڵا) بە گوێری توانا. خوای گەورەش دەفەرمووێ (لا یكلف اللّه نفساً الا وسعها).

کەم شار هەن لە عێراقدا لە وانەی لە ڕیزی سلێمانیدان یاخۆ خوارتریش، هەر یەکە پەرتووکێک یاخۆ پەرتووکەهایان لەسەر نەنووسرابێت و دەرنەچووبێت. جا ئایا سلێمانی (شاری هەڵمەت و قوربانی)، ئەوە هەڵناگرێ کە ڕۆڵەکانی بیخەنە ڕیزی ئەو شارانەی تری وڵاتەکەمانەوە و نەک چەپیکێک بەڵکو بە سەبەتەی خنجیلانە گوڵی بۆنخۆش و جوان و ڕەنگاوڕەنگی پێشکێش بکەن؟

مێژوونووسی پایەبڵند و مەزنی کورد خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ یەکەم کەس بوو لەم ڕووەوە دەستپێشکەریی خۆی کرد، ئێمەمانان حەددمان نییە بەو بین یاخۆ ڕەخنە لەو بگرین بەڵام ئەوەندە دەڵێین ئەو زیاتر لە ڕووی مێژووییەوە لە سلێمانی دواوە، دوای ئەویش شت لەسەر شارەکە نووسرا بەڵام وەک پەرتووک لەم دواییەدا (شاری سلێمانی)یەکەی کاک ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە بوو کە بە دوو بەرگ دەرچوو کە بەڕاستی کۆششێکی بێ وێنە بوو. ئەو هەرچەندە خۆی دانی پێدا دەنێ کە ئەم کارە ئیشی ئەو نەبووە، بەڵام خۆشەویستی شارەکەی و حەزی لە فۆلکلۆر و گەلێک ئارەزووی تر پاڵیان پێوە نا کە کەرەسە کۆبکاتەوە و لەگەڵ کاکی قەڵەم ڕەنگین د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دایبڕێژنە ئەو قاڵبە ڕێکوپێکەوە

کە بەڕاستی سەرچاوەیەکی باشە و وەک (ئەرشیف)یش کەلێنێکی باشی پڕ کردووەتەوە لە خانەی خۆیدا.

ئومێد دەکەم ئەم کارەی منیش کەلێنێکی کە بگرێت.

من ناڵێم ئەم کارەم تەواوە، هەر لەبەر ئەوەش داوای لێبووردن لە کەموکوری دەکەم چونکە هەر ئەوەندەم لە بارا بوو.

تکایەکم هەیە کە خۆم ناگرم ئەگەر هەمیشە دووپاتی نەکەمەوە لەو نووسینانەمدا کە پێوەندییان بە (بابانەکان)ەوە هەبێت و داوای ئەوە بکەم کە خۆ هەڵکێشانم نەدرێتە پاڵ (خۆ هەڵکیشان بە ناوبردنی باو و باپیرانەوە) چونکە من باسی مێژوو دەکەم وەک نووسەرێک لام وایە لە پێش هەموو کەسێکیشدا من رەخنەم لەو بابانە گرتووە کە کارێکی نابەجێیان کردبێ، ئەمە جگە لەوەی (نان ئەو نانەیە ئەمرۆ لە خوانە).

ئەوەندەی توانیبێتم نووسینەکەم بە رێڕەوی نوێی کۆڕی زانیاری کورد پێشکێش کردووە، هەرچەندە بەداخەوە نەمتوانیوە ئەو رێڕەوە بە تەواوەتی بچەسپێنم.

ئەم نووسینە ڕەنگ هەیە چوار بەرگ دەرچێت. بەرگی یەکەمی ئەمەیە کەوا لەبەر دەستاندایە کە لە ڕۆژی دروستکردنی سلێمانییەوە دەست پێ دەکات تا کوژانەوەی چرای دەسەڵاتی بابانەکان، بەرگەکانی تر لە سلێمانی دەدوێن لە کاتی (عوسمانییەکان، ئینگلیز، شێخ مەحموود، سەردەمی پاشایەتی)، جگە لە زۆر بابەتی تر کە لە کۆتایی ئەم بەرگەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئومێد دەکەم لە دەرفەتێکی نزیکدا ئەو بەرگانەی تریش پشت بە یەزدان بکەونە ژێر چاپەوە.

جەمال بابان
بەغدا ١٩٩٠/٩/١٢

## جوگرافیای سلێمانی و ناوچەکەی

## جوگرافیای ناوچەی شارەزوور و سلێمانی

دەربەندی بازیان کە نزیکەی (٥٤) کیلۆمەترەیەک لە سلێمانییەوە دوورە و دەکەوێتە ڕۆئاوای و کە یەکێکە لە دەربەندەکانی زنجیرە شاخی قەرەداغ، بەقاپی سلێمانی دادەنرێت و بگرە دەرگای سەرەکییەتی. ئەم دەربەندە لەم چیایەدا لە کۆنەوە ناسراوە و گەلێک کەسی لە داگیرکەران پیا ڕۆیشتووە، یەکێک لەوانە (ئاشوور ناسرپاڵی دووەم)ی ئاشوورییە، ناوی دەربەندەکە لای ئاشوورییەکان (بابیتا)یە و گەلێک شەڕ و شۆڕی تێدا قەوماوە، چ لە ڕۆژانی کۆن و چ لەم دواییەدا وەک شەڕی بەینی دانیشتوانی ناوچە و دەکەدییەکان و ئاشوورییەکان، هەرای بەینی ئەوڕەحمان پاشای بابان و عوسمانییەکان، شەڕی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکان..

هەر لە ڕۆئاوای شاری سلێمانیدا ئەشکەوتی (هەزارمێرد) هەیە کە نزیکەی سیانزە کیلۆمەتر دوورە لە سلێمانییەوە نزیک بە دێی (جێشانە)یە ، حەوز و جورنەی وای تێدایە کە لە بەردەکەی هەڵکەنراون، ڕەنگ هەیە هی سەردەمی ساسانییەکان بن ئەمە جگە لەو ئامێرانەی لە بەرد دروست کراون کە لە ساڵی ١٩٢٨دا تێدا دۆزراونەتەوە، کە بە مەزەندە هی پەنجا هەزار ساڵ لەمەو پێشن و هەر بە تەواوەتی لەوانەی ئەشکەوتەکەی (شانەدەر)ن[٢] هەروەها ناوی (قۆپی قەرەداغ) و (دەربەند باسەرە) لە نووسراوی سەر دوو پێستەدا هاتوون کە یەکێکیان بە یۆنانی و ئەوی کەیان بە فارسیی دەشکانی نووسراونەتەوە و لە ناو گۆزەیەکدا لە شاخەکانی

٢. طه باقر و فؤاد سفر – المرشد الى مواطن الاثار والحضارة رحلة – ٤.

هەورامـاندا هەڵگیـرابوون و لە سـاڵی ۱۹۱۳دا گـوێزرانەوە بۆ مـۆزەخـانەی بەریتانیا، ئەو نووسینانە هی سەدەی یەکەمی پێش هاتنی عیسان.

لەولاتریشـــەوە چیــای (پیــرەمــەگــروون)ە، کــە بەرزترین چیــای نـزیک سلێـمـانیـیـە و ڕەنگ هەیە (۹۷۰۰) پێ لـە ڕووی دەریاوە هەڵکشـاوتـر بێت، سـاڵ دوانـزدەی مـانگ بەفـری لووتکەکـانـی ناتوێتـەوە، شـاخـێکـی ئەوەندە بە شـان و شکۆیە، تا چاو بڕ کـا دیارە، ناوی ئـەم چیایە لـە پەڕاو و نەخشـەی کۆندا بە شـاخـی (پیرعومـەری گورون – باوە هۆمـەری پیـاو چاک) هاتووە، هەندێک لە شـارەزاکـان ئـەمـە بە چیـای (نـصـیـر – Nisir) تێ دەگـەن، ئەو چیایەی کە کەشتییەکەی (نوح)ی بابلییەکان (ئۆتۆنۆبشتم) لەنگەری لەسەر گرت، ئەمـە هەر ئەو چیایەیە کە (نصیری چیای گووتی) پێ دەڵێن، بە ناوی گووتییەکانەوە کە ئەوان لەگەڵ لوولووەکاندا دانیشتووی هەرە کۆنی ناوچەی سلێمانین[٣].

ئەمین زەکی بەگیش لەگەڵ ئەم ڕایەدایە کەوا کەشـتـیـیەکەی (نـوح) لەسەر چیای (نیسیر Nisir) (چیای ڕزگاری) لەنگەری گرتووە، کە بە چیای (کنیبا – Kniba) بە زمـانی لوولوو کوردەکـانی کـۆن ناوی دەرکـردووە. لە قـورئانی پیرۆزیشدا کـە دەفـەرمووێ (وأسـتوی علی الجودی) مـەبەس لەو (جـودی)یە، گودی، یا گـوتییـە کە کوردە دانیشـتووەکانی ئەوسـای ناوچەی سلێمـانین کە ئەو چیایەیان بە ناوەوە نراوە[٤].

لەلای ڕۆهـەڵاتی سـلێـمـانییـەوە، دەشـتی شـارەزوورە کە لەلای عـەرەبەت و گــرێزە و مـــوانەوە دەست پێ دەکــات هەتا دەگــاتـە نزیک خــورمـــاڵ. ئاشـوورییـەکان بەم ناوچەیەیان دەوت: (زامـوأ) یاخـۆ (سـامـوأ)، کـە ئەمـە لە بەرەبەیانی مـێژووەوە نیـشـتـمـانی گـووتییەکـان بووە واتـا لە سـەدەی سێیـەمی

---

٣. سەرچاوەی پێشوو.

٤. محمد امین زکی (تاریخ السلیمانیة و انحائها) ل ٢٠.

پێش عیساوە. ناوی نەتەوەکانی لوولوو بوو ناوچەی (زاموأ) لە باسی شەڕەکانی شای ئاشوورییەکاندا (ئاشوور ناسرپاڵی دووەم)دا هاتووە، ئەو هەموو گردە کۆنانەی لەو ناوەدا کە هەن وەک: گردەکانی (یاسین تەپە - لە بێستان سوور و گرێزە و موان و قەڵاکەی عەربەت)، هەموو بەڵگەن کە ژیان لەو ناوچەیەدا لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەستی پێ کردووە و هەر هاتووە تا سەردەمی ئاشووری و فارسەکان و ئیسلام، بۆیە ناوچەی شارەزوور لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە شوێنێکی بە پیت و بەرەکەت ناسرابوو وە یەکێک لە شارە ناودارەکانی (نیم - از - راە) بووە بە واتای (نیوەی ڕێ)، مەبەستی لە نیوەی ڕێگای بەینی (تەیسەفون - مەدائین) و کوانووی ئاگر پەرستەکان لە (شیز - ئازربایجانی ئێران)ە، ئەوساش شارەزوور خۆی شار بووە و (ئیبن حەوقەل لە سەدەی دەیەمی دوای عیسا)دا باسی دەکات کە شارێکە دیواری بۆ کراوە و دانیشتوانی کوردن، ئەمە جگە لە (ئیبن موهەلهەل و یاقووتی حەمەوی) ئەوانیش باسی شاری شارەزوور و (نیم ئەزراە)یان کردووە. هەروەها ناوی شارەزوور لە مێژووی کڵێسای نەستۆرییەکان، بەتایبەتی لە ساڵەکانی ٥٥٤ و ٦٠٥ی دوای عیسادا هاتووە، جگە لەوەی (هەرقل) ئیمپەراتۆری بیزەنتی لە هێرشەکەیدا بۆ سەر وڵاتی فارس، لە ساڵی ٦٢٨ز. دا گوزەری پێدا کردووە و پێیدا ڕۆیشتووە و وێرانی کردووە (١٤١١ز) دوای ئەوان بابانەکان کە ڕۆڵەی ناوچەکەی بوون، دەستیان بەسەردا گرتووە[٥]. ئینجا عوسمانییەکان ئینجا ئینگلیز...

دوکتور سپایزەر کە پسپۆڕێکە لە مێژووی وڵاتی رافیدەیندا بە هۆی هەندێک بەڵگەی مێژوویینی سۆمەرییەکانەوە، ساغی کردووەتەوە کە گەلی گووتی لە وڵاتی سۆمەردا ژیاون، لە کاتێکدا کە هێشتا حکوومەتیان پێکەوە نەنابوو، بەڵام دوای ئەوە کشاونەتەوە دواوە بۆ نیشتمانی کۆنیان لە چیاکانی زاگرۆس.

---

٥. محمد امین زکی. کوردستان.

ئەگەر سەیرێکی مێژووی کۆن بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ناوچەیەی ئێستای سلێمانی، لە زووەوە قەڵەباڵغ و نیشتەجێ بووە، وڵاتی (لوولووەکان) شار و دێهاتی زۆری هەبووە و زۆر ئاوەدان بووە، تاکو (ئاشوور ناسرپاڵ) لە (میلی سەرکەوتن نامە)کەیدا دەڵێت: (بیست و پێنج شارم لە وڵاتی لوولووەکان داگیر کردووە کە ئەمانەن: با بێت، دغارا، بارا، کاگری، زیمری، وینی....)[٦].

مستەر لاین: دەڵێت[٧] شاری (سێلوونا) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای بەینی (ئاکباتان) و (دەربەندی بازیان) دەبێ هەر لە شوێن شاری سلێمانی ئێستادا بووبێت، چونکە مستەر (ریچ)یش لە سەردانەکەیدا بۆ سلێمانی (ساڵی ١٨٢٠) لە مەحموود پاشای بابانی بیستووە کە ئەو کرێکارانەی بناغەی شاری سلێمانییان هەڵکەندووە، هەندێک ئامێر و شتومەکی خانووی کۆنیان تیادا دۆزیوەتەوە، بۆیە دوور نییە کە سلێمانی هەر لەسەر وێرانەکەی شاری (سێلوونا)ی کۆن بنیات نرابێت.

بە کورتی: وڵاتی شارەزوور یاخۆ ناوچەی سلێمانی، لە بەرەبەیانی مێژووەوە ناسراوە، ئاشوورییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە دوای ئەوان بیشدابییەکان، میدییەکان، هەخمینییەکان، ئەسکەندەر و جێگرەکانی لە سەدەی چواری پێش هاتنی عیسادا، ئینجا حکوومەتی (پرثی – ئەشکانی) ئێرانی، ساسانییەکان، تاکو هاتنی ئیسلام (٢١ کۆچ – ٦٤٣ زاین)، لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا هەر بە دەست کورد خۆیەوە بووە، داوای ئەوە لە ساڵەکانی (٣٥٠ – ٤٣٨ک) کەوتە ژێر دەستی حکوومەتی (حسنویە – حەسەن وای) کوردییەوە، بەینێکیش بە دەست سالاری مرزەبان لە روادییەکان بووە دوای ئەوانیش کەوتە دەست سەلجوقییەکان، ئەتابەکەکان،

---

٦. محمد امین زکی – تاریخ السلیمانیة ١٨–٢٣.

٧. لە (المسائل البابلیة)دا.

ئەیووبی، مەغۆل، حکوومەتی جەلائیری، دەوڵەتی مەڕی ڕەش (قەرەقۆیونلی)، دەوڵەتی مەڕی سپی (ئاق قۆیونلی) تەیمووری لەنگ لە (٨٠٣ک/ ١٤٠٠ز)، ئەردەڵان، سەفەوییەکان، بابانەکان، حکوومەتی عوسمانی، ئینگلیز، شێخ مەحموود، حکوومەتی عێراقی ئەمڕۆ.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (پێش دروستکردنی شاری سلێمانی) عێراق بریتی بوو لە پێنج ولایەت:

١- ولایەتی بەغدا کە لە هەموویان گەورەتر و گرینگتر بووە و بریتی بووە لە هەشت (سنجق - لیوا).

٢- ولایەتی بەسرە.

٣- ولایەتی ئەحساء.

٤- ولایەتی مووسڵ کە شەش سنجەق بووە.

٥- ولایەتی شارەزوور، ئەمیش دوای سەدەی شانزدەیەم بە تەواوەتی دامەزرا و بریتی بووە لە بیست سنجەق.

شارەزوور لە زۆر ڕووەوە گرینگترین شوێنە لە ناوچەی سلێمانیدا، ناوەکەشی بە (شهر - زور) واتا (شاری نزم - شوێنی نزمایی) ناسراوە، بەوەدا کە لەوە پێش دەریاچکە بووە، ئەوەش سەیرە دوای مێژوویەکی دوور و درێژ، دیسانەوە بەشێکی زۆر لە ناوچەی شارەزوور کەوتەوە ژێر ئاوەوە و بوو بە دەریاچەی دەربەندی خان.

## جوگرافیای ناوچەی سلێمانی

### شوێنی، ئاووهەوا و سەرما و گەرمای، ڕەشەباکەی سلێمانی

- ناوچەی سلێمانی دەکەوێتە بەشی ژوورووی عێراق بە لای ڕۆهەڵاتدا و دەکەوێتە بەشی ڕۆهەڵاتی و ڕۆهەڵاتی خوارووی ناوچە شاخاوییەکانەوە.
- سنووری لای ژوورووییەوە ناوچەی هەولێرە و لای خوارووییەوە ناوچەی دیالایە و لای ڕۆهەڵاتی وڵاتی ئێرانە و بە لای ڕۆئاواشیدا ناوچەی کەرکووک و تکریتە.
- سلێمانی خۆی دەکەوێتە سەر (٣٥,٥) پلەی هێڵی پانی زەوی و (١٦) پلەی هێڵی درێژ (خەتی طول و عرض).
- پانتایی ناوچەی سلێمانی (١٣٣٦٨)کم٢، کەوا بوو ٣,٦ لە گشت پانتایی عێراق پێک دەهێنێت کە هەمووی (٤٣٨٣١٧)کم٢. بەم جۆرە لە پلەی نۆیەمدایە لە چاو پانتایی پارێزگەکانی تری عێراقدا.
- سلێمانی لە ڕووی تۆبۆغرافییەوە بە بەشێک لە ناوچەی شاخاوی دادەنرێت، تا لە خوارەوە بەرەو ژوور برۆین و لە ڕۆئاواوە بەرەو ڕۆهەڵات برۆین زەمینی ژێر پێمان بەرز دەبێتەوە.

بەم جۆرە ناوچەی سلێمانی لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە دوو جۆرە:

یەکەم: ناوچەی چیای نزم و گرد و تەپۆڵکە، کە ئەمە بریتییە لە دەشت و شیو و دۆڵ تا دەگاتە چیا و بەرزایی لە بەینی (٢٠٠ - ١٠٠٠) مەترە.

دووەم: ناوچەی چیا سەرکەشەکان کە دەکەوێتە نزیک سنووری ئێران و بەرزاییەکەی (١٠٠٠ - ٣٦٠٠) مەترە. چیاکان بە زنجیرە بەرامبەر بە یەک

کشاون لە ژووروی ڕۆئاواوە بەرەو خوارووی ڕۆهەڵات، بەینەکانیان دەشت و دۆڵە. تا لە سنووری ئێران نزیک ببینەوە، چیاکانیش زیاتر بەرەو ئاسمان لووتیان بەرز دەکەنەوە.

ناوچەی چیا سەرکەشەکانیش دوو جۆرن. جۆرێکیان چیای کەمتر بێ پێچ و پەنان کە بەرزایی ئەم ناوچەیە لە بەینی (١٠٠٠ – ٢١٠٠) مەترە و بریتییە لە دوو زنجیرە چیای درێژ، بەینەکەیان گردۆڵکە و دەشتی پان و بەرین و چەم و ڕووبارە، گرینگترین چیای ئەم ناوچەیە (کانی مستەفا ١٤٠٠م) و (کانی شینە حەسەن ١٤٤٤م) و (چیای سەگرمە ١٧٣٥م) و (چیاکانی قەرەداغ ١٧٨١م) و (چیای گڵە زەردە ١٨٠٥م)ن.

جۆری دووەم چیا سەرکەشە پێچاوپێچەکان کە لە ناوچەکانی پژدەر و شارەزوور و هەورامان و پێنجوێنەوە بەرەو سنووری ئێران کشاون، بەرزاییان (٢١٠٠ – ٣٦٠٠) مەترە، دۆڵی وای تێدایە نزیکەی هەزار مەتر لە چیا نزمترە. لەمانە (چیای قەندیل ٣٤٥١م) و (کونەکۆتر ٢٧٦٥م) و (کاروخ ٢٥٩٦م) و (چیای پژدەر ٢٢٣٩م) و چیای هەورامان و پیرەمەگروون.

ئاووهەوا، گەرما و سەرما، باوبارانی ناوچەی سلێمانی:

– ئاووهەوای ناوچەی سلێمانی بە زۆری لە ئاووهەوای ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست دەکات. تەنیا دەشتی کەلار و ناوچەی چەمچەماڵ نەبێت کە فەرق دەکات. پلەی گەرما لە هاوین و مانگی تەمووزدا دەگاتە (٣٩) پلەی سەدی و بەرەو خوار دەبێتەوە تا (٢٤) پلە. بای لە هەر چوارلاوە بۆ دێ، باران هەشت مانگی لە ساڵەکەدا دەباری، تەنیا چوار مانگەی حوزەیران و تەمووز و ئاب و ئەیلوول نەبێت، باران بە زۆری لە مانگی ئازاردا دەباریّ، ڕادەی ئەم بارانە لە هەندێ جێگا (٤٠٠ – ٦٠٠ملم) و لە بەشی ڕۆهەڵات و ژووروو دەگاتە (٩٠٠ – ١٢٠٠ملم).

– بەرزیی شاری سلێمانی خۆی لە ڕووی دەریاوە (٨٥٣م). هەر لە ناو

شـاری سلێـمـانـیـدا بەرزی و نزمی و گـرد و دۆڵ بـە زۆری ڕەچاو دەکـرێت، (هەواره بـەرزه) و (گـردی مـاڵی پارێزەر - مـحـافظ) و (گـردی گـەڕەکی ئەندازیاران) و (گـردی سـەرچنار)، ئـەمـانە و گـەلێک شـوێنی تر بـە بەرز دادەنرێن. سلێـمـانـی کـۆن (دامـێنـی گـوێژه و دەرگـەزین و چـوارباغ و کانێسکان و سـەرشـەقام) و تا بـەرەو خوار ببیـتـەوه ڕووەو چەمی تانجـەرۆ، زەمینەی ژێر پێت نزمتر دەبێتەوه.

جـاری وا هـەیە بـەینـی بـەرزی (لـە لووتکـەی گـوێژەوه بیـگـرین) بـۆ (نزمـاییـیەکـەی چەمی قـلیاسـان) (٨٧٨ مـەتر) دەگرێتـەوه، کە ئـەمە شـتێکی زۆره و گەلێک کـار دەکاتە سـەر پلـەی (ساردی و فێنکی) و پلـەی گەرمی و هـەر ئـەمـەش کـار دەکـاتە سـەر پـەیدابوونی ڕەشـەبا وەک دوای تۆزێکی تر باسـی دەکەین.

- ئاو و (مناخ)ی نـاوچەی سلێمـانی، بە ئاو و بای ناوچەی دەریـای سـپی ناوەڕاست دادەنرێت. پلـەی گەرما لە هاویندا لە ساڵی (١٨٢٠)دا کە مستەر ریچ لە سـەعات دوو و نیوی دوای نیوەڕۆدا، ڕۆژی ١٧ی تەمووزی ئەو ساڵەدا گرتوویەتی (٣٥)ی سەدی بووه، ئێستا و، لـە زستاندا لـە بەکرەجۆ کە نزیک سلێمـانییە (٣,٥) پلەیە سەر شاخـەکان کە بەفریان لێ دەبارێ لە زستاندا چەند پلەیەک ژێر سفرن.

- تەوژمی با (ضغط جوي) لەگەڵ پلەی گەرما، پێچـەوانەی یەکترن، واتا هـەتا پلەی گەرما بەرز بێتەوه، با یاخـۆ هەوا دەکشێ و بۆشاییی تێدا پەیدا دەبێت و قورسایی کەم دەبێتەوه، بەوه تەوژمیشی کەم دەبێتەوه، بۆیە گەرما بە کارترین شـتێکە کە کار دەکاتـە سـەر تەوژمی با لەسـەر زەوی و ئەمـەش دیسانەوه ئەنجامێکی زۆر بە دەستەوه دەدات لە پەیدابوونی ڕەشـەبادا.

- با و ئاسمانی سلێمانی (شێدار) نییە، چونکە دووره لە دەریاوه.. بۆیە بایەکەی شێ پەیدا ناکات.

– له گشت ناوچەی سلێمانیدا، باران نزیکەی هەشت مانگ دەبارێ تەنها له (حوزەیران و تەمووز و ئاب و ئەیلوول)دا نەبێت کە نابارێ و زۆرترین باران له مانگی ئازاردا دەبارێ، له سلێمانی خۆیدا بەینی (٤٠٠ – ٦٠٠) ملم دەبارێ، له ناوچەکەدا به تێکڕایی له (٩٠٠ بۆ ١٢٠٠) ملم دەبارێ. له سلێمانی خۆیدا مانگی مایس و تشرینی یەکەمیش باران کەمە. بەفر به زۆری له سلێمانیدا له مانگی کانوونی یەکەم و کانوونی دووەم دەبارێ. جاران واتا (٤٠ – ٥٠) ساڵ لەمەوبەر بەفر زۆرتر دەباری له چاو ئێستادا (کە هەندێک ساڵ له ناو شاردا بەفر کەم دەبارێت) سەرماش جاران زیاتر بوو له ئێستا.

## ڕەشەباکەی سلێمانی

ئەوەی سلێمانی تۆزێک ناخۆش کردووە و دانیشتوانی پەست دەکات (ڕەشەبا)یە، کە لە پڕ هەڵدەکات، جاری وا هەیە ڕۆژێک دووان، بەڵام جاری وا هەیە (١٥ - ٣٠) ڕۆژ (ناکەوێ)، لە هەڵکردنیا، ئەگەر (کات) زستان بێت، ئەوا پلەی سەرما زیاتر دەکات چونکە هەواکە دەجوولێنێ و ئەگەر هاوین بێت ئەوا پلەی گەرما زیاد دەکات، ئەمە جگە لەو گڵ و خۆڵ و زیخەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ و سەر بەرەو خواری دەکاتەوە، ناوماڵ پیس دەکاتەوە، کشتوکاڵ و دارودرەخت بێ شەوق دەکات، زیان بە سەوزایی و بەتایبەتی (تووتن کە جەرگ و دڵی کشتسازیی ناوچەکەیە) دەگەیەنێت، خەرمان لە کاتی (سووربوون)یدا، واتا دوای کوتانی بە جەنجەر یاخۆ وڵاخ و لە کاتی (شەن) کردنیدا، ڕەشەبا دنکەکەی بە لایەکدا و (کا)یەکەی بە لایەکی تردا دەبات (ئەمە پێش بڵاوبوونەوەی ماکینەی دروێنە)، ئەو جلەی کەیبانووی ماڵ دەیشوات و دەیکات بە تەنافەوە هەڵی دەخات بۆ وشکبوونەوە، هەمووی بەملا و لادا فڕێ دەدا (ئەمە پێش پەیدابوونی ماکینەی جل شتن)[٨].

ڕەشەبا بایەکی ناخۆش و زیانبەخشە. ئەوەتا (ریچ) کە لە ساڵی ١٨٢٠دا هاتووەتە سلێمانی دەڵێت: (بەڵای ئەم ناوچەیە، ئەم ڕەشەبایەیە، کە ئەگەر ئەمە نەبوایە، ئاووهەوای سلێمانی، زۆر خۆش دەبوو)[٩].

---

٨. یاخۆ (ماکنە) وەک خوالێخۆشبوو (یوسف)ی مێردی (خاتوون)ی برینپێچ وتبووی، ئەو یوسفەی کە نموونەی پیاوی مات و ژێردەستی ژن بوو، جا هەر پیاوێک لە سلێمانیدا، گەردنکەچی ژنەکەی بوایە پێیان دەوت لە حیزبی یوسفە. ئەویش دەیوت: خۆ من جل بە دەست ناشۆم، بە ماکنە شووشتم....

٩. (رحلة ريچ) ل ١٠١.

ئەم بایەش بۆیە ناونراوە (ڕەشـــــەبا) چونکە، بایەکی بە ئازار و زیانبەخشە، هیچ ڕووناکییەیک بە دڵ نابەخشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بایەکی ڕەشە، هەر ڕەشێکیش سەغڵەتی بە دڵ و دەروون دەگەیێنێ، لەم بابەتە (با)یەش لە گەلێک شوێنی تر هەیە کە ئاو و بای وەک سلێمانییە، یاخۆ ناوچەکەی شاخاوییە.

لە سویسرا هەیە پێی دەڵێن (فون Fohn) و لە چیای (ڕۆکی) لە ئەمەریکا پێی دەڵێن (چنووک Chinook) و لە ئیتالیا (سیرۆکو Sirocco) و لە دۆڵیانی ڕۆن لە فرەنسا (مسترال Mistral) و لە سلێمانی لای خۆشمان (ڕەشەبا Reshe-ba)ی[10] پێ دەڵێن.

ئینجا با بزانین هۆی هەڵکردن و پەیدابوونی ئەم ڕەشەبایە چییە؟

د. فوئاد حەمە خورشید دەڵێت[11]: بۆ ئەوەی هۆی ڕەشەبا ڕوون بکەینەوە پێویستە لە پێشدا باسی ئەم چەند خاڵانە بکەین:

١- باسی ڕووی زەمینەی سلێمانی (تۆبۆغرافی)یەتی کە وەک یەک نییە و لە شوێنێکەوە بۆ جێگایەکی تر دەگۆڕێت، هەر وەک زنجیرە شاخی بەرز هەیە، دەشتی بەرین و دۆڵی پان و پۆریش هەر هەیە وەک چیای ئەزمڕ و گوێژە و پیرەمەگروون کە دووریش دەکەونەوە بەملا و لادا، لەولاشەوە دەشت هەیە و چەمی قلیاسان هەیە کە بەینی بەرزایی چیا و دەشت دەگاتە ٨٧٨ مەتر کە ئەمە زۆر کار دەکاتە سەر پلەی گەرما.

٢- پێوەندی بەینی بەرزی و نزمی شوێن لەگەڵ پلەی گەرما، پێچەوانەیە، تا شوێنەکە بەرز بێت، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە، و تا نزم بێت گەرما زیاد دەکات ئەمەش بە هۆی پچڕانی با لە شوێنە بەرزەکاندا، کە بەوە

---

١٠. ڕۆژی کوردستان ژمارە (٥ و ٦) ئەیلوول و تشرینی ئەوەل ١٩٧١ ل ٢٦ - ٢٨ نووسینی د. فؤاد حەمە خورشید.

١١. سەرچاوەی پێشوو.

قورسایی (كثافة) کەم دەکات چونکە، هەڵمی ئاو و ئۆکسجین و کاربۆنی کەمە.

٣- وەک وتمان تەوژمی با (ضغط جوي) هەمیشە بە پێچەوانە لەگەڵ پلەی گەرمادا، دەڕوات، تا ئەم زۆرتر بێت ئەو کەم دەکات و ئەم کەم بێت ئەو زیاد دەکات.

تێکڕای تەوژم لە گوێ ڕووی دەریا (١٠١٣ ملیبار)[١٢]ە، بۆیە ئەگەر تەوژم لەو ژمارەیە کەمتر بێت دەڵێین کەمی کردووە و زیاد بێت دەڵێین زیادی کردووە، جا چونکە تەوژمی با و ئاسمان بە گوێرەی هەستان و نزمبوونەوەی پلەی گەرما ئەویش بەرز و نزم دەبێتەوە، لە شوێنێکی وەک سلێمانیدا بۆ شوێنەکەی تری، کە لە بەرزاییدا گەرما دێتە خوار و لە دەشتدا سەر دەکەوێت، بۆیە دوو ناوچەی تەوژمی با لە دوو پشتێنەدا دروست دەبێت، پشتێنەیەکیان بەسەر چیاکانی ئەزمڕ و ئەم دیوە و ئەو دیویدا، کە ئەمە پشتێنەی تەوژمی بەرزە. پشتێنەی دووەم لە دەشتاییەکەدایە بەلای ڕۆئاوای ئەزمڕدا، کە ئەمە پشتێنەی تەوژمی نزمە، کە تەوژم لە ١٠١٦ ملیبارەوە (لە مەرکەزی تەوژمی بەرزەوە) دادەبەزێ، یاخۆ کەم دەکات و دەبێت بە (١٠٠٧ملیبار) کە ئەمە (مەرکەزی تەوژمی نزمە)، کە تەوژم ئەئاوا بەگوڕ دابەزی و هاتە خوارەوە ئەویش هەر بەو گوڕە کار دەکاتە سەر هێزی (با) و پلەی ڕۆچوونی لە شوێنی تەوژمی بەرزەوە بۆ شوێنی تەوژمی نزم.

جگە لەوە کە هەتاو دەکەوێت. چەند سەعاتێک بە درێژایی ڕۆژ تەنها لە دیوێکی شاخەکە دەدا و لە دیوەکەی تری نادات، کەوا بوو، ئەو دیوەی ڕۆژی لێ نادا، گەرماییەکەی بە تیشکدانەوە (اشعاع Radiation) کەم دەکاتەوە، خۆ بە شەو زیاتر سارد دەبێتەوە و کە ئەمەش بە تەواوەتی بەسەر دامێنی

١٢. ملیبار، پێوانەیەکی دینامیکییە بۆ هێزی تەوژمی با (کە بریتییە)، لە هەزار (داین) لەسەر یەک سانتیمەتری چوار گۆشە بەکار دەهێنرێت.

ڕۆهەڵاتی چیای (ئەزمڕ) و زنجیرە چیا کشاوەکانی ئەمدیوە و ئەو دیوی دادەسەپێ، دامێنی ڕۆهەڵاتیان هەتاو نابینن سەرلەبەیانی کاتی ڕۆهەڵات نەبێت، کاتی نیوەڕۆ و ئێوارە سێبەرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دیوی ڕۆئاوایان زیاتر هەتاوی لێ دەدات. دەشتەکەش، لەبەرئەوەی ئەو توێکڵە گازەی بە سەریەوەیەتی، ئەستوورتر و قورسترە، چونکە وردە خۆڵ و کاربۆن و شێیەکی زۆری تێدایە، کە هەموو وەک بەرگێک بەسەریەوە، ڕێگا نادەن ئەو گەرمایەی زەمینەکەی دەیداتەوە، سەرکەوێت بەرەو ژوور... بەمە فەرقێکی زۆر لە بەینی سەرما و گەرمادا دروست دەبێت، کە دەگاتە نزیکەی (٧) پلەی سەدی لە هاویندا (لە بەینی دەشتەکەی قلیاسان و چیای گوێژە و ئەزمڕدا) کە ئەمە لە زستاندا زیاتر دەبێت. ئەم فەرقەش لە پلەی گەرمادا دەبێ بە هۆیەکی گەورە بۆ گۆڕانی تەوژمی با[١٣] لە دەشتدا، لە چاو چیادا.

ئا بەم جۆرە د. فوئاد حەمە خورشید هێزی هەڵکردنی بای ڕەش یاخۆ ڕەشەبا دەداتە پاڵ هێزی ڕۆچوونی تەوژمی با، کە لە پڕێکا هەندێک جار لە چیا بەرزەکانەوە بەرەو دەشت و لە (مسافە)یەکی کەمدا پەیدا دەبێت. جا لەبەر ئەوەشی دەشتاییەکە (دەشتی سلێمانی یاخۆ قلیاسان و بەرەو چەمی تانجەرۆ) نزیک شاخی ئەزمڕە، بۆیە بای ڕەش لە ڕۆهەڵاتەوە بەرەو ڕۆئاوا هەڵدەکات، هەر لەبەر ئەمەیشە کە پێی دەڵێن بای ڕۆهەڵات (بە عەرەبی شرقی یاخۆ شرجی)[١٤].

---

١٣. گۆڤاری پەروەردە و زانست ژمارە (٤) ساڵی (٢) ١٩٧٢ کە ئەو ژمارەیەی بریتییە لە فەرهەنگ (جوّ)ی کوردی بە (ئەتمۆسفیر) وەرگێڕاوە، جا سەد ساڵ ئێمە بڵێین تەوژمی ئەتمۆسفیر کێ دەزانێ کە مەبەستمان (ضغط جوی)یە؟

١٤. بە عەرەبیش کە دەڵێن (هوا شرقی، هوا شرجی) واتا بای ڕەش یاخۆ ناخۆش و نالەبار، بەڵام کە دەڵێن (هوا شمالی)، شەماڵەکەی لای خۆمان دەگرێتەوە، کە هەوایەکی فێنک و خۆش و نەشئە بەخشە.

## بەر لە شاری سلێمانی

بەر لەوەی بچینە ناوەڕۆکی باسی سلێمانییەوە بە پێویستی دەزانین تۆزێک لەو شوێنانە بدۆیین کە لە پێش شاری سلێمانیدا، مەڵبەندی وڵاتی بابان و پێش بابانەکانیش مەڵبەندی وڵاتی شارەزوور بوون. مەڵبەندی شارەزوور، لە زۆر کۆندا (شاری شارەزوور) خۆی بووە کە ئێستا نەماوە و هەندێکیش لە شارەزایان (خورماڵ) بە مەڵبەندی شارەزوور دادەنێن. بەڵام مەڵبەند یاخۆ مەرکەزی میرنشینی بابان پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی، ئەم شوێنانە بوون:

یەکەم: (مەریوان) لە ئێران لە ساڵەکانی بەینی (٦٠٠ - ٨٠٠ک) واتا (١٢٠٢ - ١٣٩٦ز) لە سەردەمی (میر هەمزە)ی بابان و ئەوانەی دوای ئەو: کە عەبدولکەریم، ئەحمەد خان، سەعدوڵلا[١٥] بوون.

دووەم: (سنە) پایەتەختی کوردستانی ئێران، لە کۆتایی سەدەی پازدەیەمی کۆچیدا، لە کاتی فەرمانڕەوایی میرەکان سلێمان پاشای بابان و حەمە پاشای کوڕی، دوای ئەویش خانە پاشا، ئینجا عەلی خان، لە پاشاندا سەلیم پاشا. مێژووی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەندێک لەو میرانەی بابان دەگەڕێتەوە بۆ بەینی ساڵەکانی (١١٣٢-١١٤٣ک) بەرامبەر بە ساڵەکانی (١٧١٩-١٧٣٠ز). ئەمانەش شێخ محەمەدی مەردۆخی کوردستانی لە بەرگی دووەمی (تارخ کرد و کردستان)دا دوور و درێژ باسیان دەکات وا دیارە ئەو میرانە لە هەمان کاتدا لە کوردستانی عێراقیشدا حوکمیان کردووە.

---

١٥. بنەماڵەی زانیاران - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپخانەی شفیق ٩٨٤، لاپەڕە (٨) کە ئەویش لە کتێبی (تذکرة الاجناد في محاربة الاتراك والاكراد)ی وەرگرتووە.

سێیەم: (مەرگە) دێیەکی گەورە بوو لە ناوچەی (بنگرد) سەر بە وڵاتی پشدەر. بە بڕوای ئێمە (مەرگە) کاتێک مەڵبەندی بابانەکان بووە کە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان سلێمانی قانوونی بووە کە دەکاتە نزیکەی ساڵی ١٥٩٦ز (٩٧٤ک). ئەو بابانانەش ئەوانە بوون کە لە (شەرەفنامە)دا ناویان هاتووە.

چوارەم: (دارەشمانە)، ئەم دێیە لە ناوچەی پشدەردا بوو، لە سەردەمی فەقێ ئەحمەد و بابا سلێمانی کوڕیدا و فەرهاد بەگدا بوو بە مەڵبەندی میرنشینیی بابان لە سەدەی شازدەی (ز) واتا یازدەی (ک)دا.

پێنجەم: (ماوەت) سەر بە ناوچەی شاربازێڕە، ڕەنگ هەیە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەکر بەگ (بەکرەسوور) (١٦٠٨ - ١٦١٩ز) یاخۆ (بوداق کەیغان)ی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەدا.

شەشەم: (قەڵای بەکراوا) لە سەردەمی بەکر بەگ دوای ئەویش کوڕ و کوڕەزاکانی واتا لە بەینی ساڵەکانی (١٦١٩ - ١٦٢٧ز)دا بوو.

حەوتەم: (قەڵاچوالان) دەکەوێتە دامێنی شاری چوارتای مەڵبەندی ناوچەی شاربازێڕ و سەر ڕووباری قەڵاچوالان، قەڵاچوالانیش ئەوەندە کۆنە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام. قەڵاچوالانی ئەم دواییە شارێکی گەورە و گەشاوە بووە مەڵبەندی زانین و زانایان بووە، پڕ بووە لە مزگەوت و قوتابخانە و کتێبخانە و خانوو بەرەو شوێنی تر[١٦] بەجۆرێک لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕوویان تێ کردووە، چاویان بە ئاوەدانی و (شان و شکۆو نەریت)ی نەتەوەکەیان ڕوون کردووەتەوە، ئەمەش لە بەینی ساڵەکانی (١٦٦٩ - ١٧٨٤ز) بەرامبەر بە (١٠٨٠ - ١١٩٩ک)دا بووە. جا هەرچەندە (قەڵاچوالان) و شوێنەکەی هەندێک ڕووی مێژوویین و ستراتیجییان هەبوو، بەڵام عەیب و کەموکوڕی گەلێک زیاتر بوو، چونکە لە شوێنێکی چەپەک و

---

١٦. شێخ محەمەدی خاڵ (الشيخ معروف النودهي البرزنجي) ل ١٢.

لاڕێ و دوور له ڕێگای هاتوچۆ، وزەی پەرەسەندن و گەورەبوونی نەبوو، نزیک ئێران و له ژێر چەپۆکیا بوو.

جگه لەمانه هەمووی، برایم پاشای بابان که بنیاتنەر و دروستکەری شاری سلێمانی بوو، سەردەمی منالّی لەبەر چەند هۆیەکی رامیاری له بەغدا ڕابوارد که ئەوساش بەغدا پێتەختی ولاّتی عێراقی سەر به عوسمانی (سەر به ئاستانه) و میرنشینی بابانیش له ڕێی والی بەغداوە، هەر سەر به دەوڵەتی عوسمانی بوو، بۆیه له شوێنێکی (دواکەوتووی وەک قەلاّچوالانی ئەوسای له چاو بەغدای ئەو ڕۆژەدا) هەڵی نەکرد، له ڕاستیدا دەشیویست ناو و شۆرەتێک بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەکەی وەدەست بێنێ، ئەمانه و گەلێک شتی تر که لەمەودوا باسیان دەکەین، بوون به هۆی ئەوەی برایم پاشا قەلاّچوالان بەجێ بهێڵێت و بێ لەم دیو شاخی گۆیژەوە له دامێنیدا له نزیک دێی (مەڵکەنی) ئەوسادا له ساڵی (١٧٨٤ز) بەرامبەر به (١١٩٩ک) شاری سلێمانی دروست بکات.

جا، ئایا چۆن قەلاّچوالانێک ئەو هەموو عەیب و کەموکورییەی تێدا بێت لەگەڵ ئەوەشدا، سەد و پازدە ساڵ مەرکەزی میرنشینی بابان بێت؟ بێگومان ئەوەش هۆی خۆی هەیه که بەڕای ئێمه بەم جۆرەیە:

یەکەم: دوای ئەوەی مەڵبەندی میرنشینی بابان له چەند شوێنی ترەوە گۆیزرایەوە قەلاّچوالان (له مەرگه و دارەشمانەو ماوەت و بەکراواوە) لەوێ بنجی دابەست جۆرە هەستێکی دەروونی دا به میرەکان چونکه له شوێنەکانی تر له میرێک یاخۆ دووان زیاتر نەدەمانەوە، دە، لێره چەند میرێک یەک له دوای یەک جێگیر بوون، هەرچەندە دیسانەوە شەڕ پێ فرۆشتنی ئێرانییەکان و گێچەڵی والییه عوسمانییەکان لێرەش هەر یەخەیان بەر نەدەدان، بەلاّم ئەمانیش پیاوانه بەرامبەریان دەوەستان و بەرهەڵستییان دەکردن.

دووەم: قـەڵاچوالان لـە شـوێنێکی چەپەک و لارێدا بوو، شـاخ لـە هەمـوو لایەکەوە دەورەی دابوو، هەرچەندە شارەکە خۆی لە نزماییدا لە گوێ چەمی قـەڵاچوالان بوو بـەڵام شـوێنەکـەی هەر بە قـایم و سـتـراتیـجی دادەنرا و هێرشـبـردنە سەری هـەر وا ئاسـان نەبوو، بەتایبـەتی لـەو سـەردەمـەدا کـە سەردەمی عەشایەریی بوو.

سێیەم: چەمی قەڵاچوالان کە خۆی یەکێکە لەو ڕووبارانەی دەڕژێتە زێی گـەورەوە، جگە لە گـەلێک کـانـی و ئاوی تر لـەو ناوچـەیەدا، ئەم هەمـوو ئاوە بوون بـە هـۆی ڕەخـسـانـدنی ژیانێکی ئاسـوودە و بـەکـارهێنانیـشـی بۆ کشتوکاڵ.

چوارەم: دووری قـەڵاچوالان لە بەغـداوە، وای کـرد، هێرشـی یەک لە دوای یەکی والییـەکانی بەغدا بۆ سـەر بابـانەکـان هەروا بە ئاسـانی تێنەپەڕێ بە ڕاسـتی جاری وا هـەبوو ئەو والییـانە بـە خۆڕایی یاخـۆ بە ئارەزوو، یاخـۆ لە ئەنجامی تێچێنی چڵکاوخۆرەکانی بەردەستیـاندا گیـروگرفـتیان بۆ خـۆیان دروست دەکرد و شـەڕیان بە بابانـەکان دەفرۆشـت لە ناوچەی قـەڵاچوالاندا، هـەر وەکو شەڕیان بە شـێخەکانی عەرەبیش دەفرۆشت لە خـوارووی عێراق و هێـرشـیـان دەبردنـە سـەر. بەڵام ئـەمـەش ئـەوە ناگـەیەنێت کـە وەک وتمان بابانەکان لە چەپۆکی ئێرانییەکان ڕزگار بووبن.

پێنجەم: قـەڵاچوالان شوێنێکی مێژوویینی کۆنە و شوێنەواری دەگـەڕێتەوە بۆ پێش ئیـسـلام، لە کـاتی ئیـسـلامـیـشـدا (قـەعـقـاع کـوڕی عـومـەر) کـە پێشـەوایەکی سوپای ئیسلام بووە ویسـتوویەتی هێرش بەرێتـە سەر (شـای قـرەچولان) کـە زۆر لە خـۆی ڕازی بووە و ناوی (جـاجـور) بووە. لـەبەر ئەم کۆنییـەی شـارەکە بێگومـان بابانەکان شـانازییـان پێوە کـردووە و هـەروا بە ئاسانی نەیان ویستووە دەستی لێ هەڵبگرن.

ئەم هـەمـوو بـەرگـرییـانەی لە قـەڵاچـوالان کـرا، بـەرامـبـەر بەو عـەیب و

کەموکوریانەی هەیبوو خۆیان نەگرت، بۆچی؟ وتمان قەڵاچوالان لاڕێ بوو، جگە لەوە لە شـــوێنێکی تەسک و تەنگەبەر بوو، نزیک بەدەســـتـــدرێژی ئێرانییەکان بوو، دوور بوو لە بەغداوە کە ناوچەکە خۆی سەر بە بەغدا بوو، جگە لەوەی ئەو سەردەمە، لە ولاتی عوسمانی و ئێران و شوێنەکانی تر دەست کرابوو بە دێهات دروستکردن و شار بنیاتنان، وەک شاری (دیوانیە) کە لە لایەن سەرۆکی (خزاعل – حمود أل حمد أل عباس) ساڵی ١١٦٠ک (١٧٤٧ز) و پێش ئەویش بە چەند سەدەیەک (بەغدا) کە لە لایەن (ابو جعفر المنصور)ەوە ساڵی (١٤٥ک=٧٦٢ز) دروست کرا دوای سلێمانیش بەچەند ساڵێک، ناسر پاشای سەعدوون (ناصریە)ی لە ساڵی ١٨٦٧دا، دروست کرد.

دوور نییە، برایم پاشای بابان، کە خۆی ماوەیەکی زۆری لە تەمەنی بە منداڵی و گەنجیەتی لە بەغدادا بەسەر برد بیری لە چۆنیەتی دروستکردنی بەغدا کردبێتەوە و لە دڵی خۆیدا شتێکی وای بڕیار دابێت.

ئەمە جگە لە بڕوا بەو قسەیەی کە دەڵێ (جووڵان بەرەکەتی لە دوایە) و (دوای هەموو نوێیەک تام و لەزەتێک هەیە). ئەمانە هەموو بوون بە هۆی گواستنەوەی مەڵبەندی میرنشینی بابان لە قەڵاچوالان و بنیاتنانی شاری سلێمانی.

شتێک هەیە حەز دەکەین ئەوەش ڕوون بکەینەوە، گوایە برایم پاشای بابان لەبەر خاتری چاوی کاڵی (خاتوو مەلکە) سلێمانی دروست کردووە خاتوو مەلکەش کۆیخا ژن یاخۆ گەورە ژنی گوندی مەڵکەندی ئەوسا بووە، ژنێکی جوان و بە شان و شکۆ بووە، هەرچەند برایم پاشا لە قەڵاچوالانەوە بە ڕاو هاتووە بەم دیوا خاتوو مەلکە خزمەتی کردووە و ڕێزی گرتووە، گوایە دێی مەڵکەندی ئەوساش (کە ئێستا گەڕەکێکە لە ناو شاری سلێمانیدا) هەر بە ناوی ئەو خاتوو مەلکەیەوە ناونراوە، ئەمەش قسەی خوا لێخۆشبوو

(شێخ ڕەسوولی پڵاو خۆر)ە کە باوکی (ئایشەخانی ژنی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بوو).

ئێمە لێرەدا دەڵێین، دێی مەڵکەندی گەلێک لە خاتوو مەڵکە و لە برایم پاشا کۆنترە و ناوەکەی خۆی پێش خاتوو مەڵکە هەر مەڵکەندی بووە، ئەمەش بە هەندێک سەرچاوەی مێژووییندا بۆمان دەردەکەوێت وەکو نووسینەکانی ئەمین زەکی بەگ. خۆ ئەگەر برایم پاشا ئارەزووی لێ بوایە لام وایە دەیتوانی بە ئاسانی خاتوو مەلکە بخوازێت، ئەویش کرەی دەکرد کە ببێ بە ژنی پاشا، ئیتر بۆچی شارێکی گەورەی وەک قەڵاچوالان چۆڵ بکات لەبەر خاتری مەڵکە خان؟

بەڵام وا دیارە برایم پاشا بە هەموو جۆر ویستوویەتی قەڵاچوالان چۆڵ بکات و دڵی لێی هەڵکەنرابوو، ئەگەر سلێمانی نەبوایە بەڕای ئێمە شارەکەی هەر دەگواستەوە بۆ شوێنێکی تر بەڵام (مستەر ریچ) دەڵێت: ئەوڕەحمان پاشای بابان ویستی شاری سلێمانی بگوێزێتەوە بۆ شاخی (سەرسیر)[١٧] بەوەدا کە شاخێکی بەرز و چەپەکە و بە ئاسانی لە دەستدرێژی دوژمن دەپارێزرێ، بەڵام لەبەر کوڕی ڕێگاکەی و لەبەر کەمیی ئاو نەیتوانی ئەم ئاواتەی بهێنێتە دی.

### هۆی دروستکردنی سلێمانی

ئەوانەی باسمان کردن هەموو سەرچاوە و خەڵک هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە، ڕەنگ هەیە هەندێک لەو خاڵانە ڕۆشنایی ڕاستییان تێدا بێت، بەڵام ئەگەر بە بیر و لێکدانەوەی ئەمڕۆ و لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرەتاوە تاکو ئێستا دەستمان کەوتوون، ئینجا هەر دوای هەست و خۆش

١٧. سەرسیر، ئەو چیایەیە کە چوارتا دەکەوێتە دامێنی . ناوەکە خۆی (ساردەسیر)ە واتا (مصیف) پێچەوانەکەی (گەرمەسیر)ە واتا (مشتی) سەیری (رحلة ریچ في العراق سنة ١٨٢٠) ل ١١٤ بکە.

بڕوایی نەکەوین و شتەکە لە ڕووی زانیارییەوە هەندێک تاووتوو بکەین، لام وایە خوێنەواری بەڕێزیش لەگەڵماندا دەبێت، چونکە بۆچوونەکانمان وەک وتمان هەروا هەوایی نین، بەڵکو دەتوانین بڵێین (علمی)ن. جا هەر وەک دکتور فوئاد حەمە خورشیدیش لەگەڵماندا دەڵێت[١٨]:

هۆیەکانی بەجێهێشتنی قەڵاچوالان و ڕووکردنە سلێمانی لەبەر ئەم خاڵانە بوون:

یەکەم: هۆی کارگێڕی و رامیاری: هۆی کارگێڕی لە پێداویستییە هەرە لە پێشەکانی بنیاتنانی هەر شارێکە. چونکە پێویست بوو (پاشا) لە جەمسەرێکەوە (لە شوێنێکەوە) دەسەڵاتەکانی خۆی (دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیذی و قەضائی) بەکار بهێنێت. ئەمەش لە شاری سلێمانیدا دیاری دا کە شوێنێکی لەبار بوو بۆ ئەم مەبەستە و لەگەڵیدا ڕۆیشت و پەرەی سەند.

دووەم: شوێنی ستراتیجی. برایم پاشا شوێنێکی لەباری لە ڕووی ئاسایشەوە هەڵبژارد، تاکو توانای هەڵسووڕان و هاتوچۆی ببێ، ئەمەش بێگومان لەم شوێنەی سلێمانیدا زیاتر بەدی دەکرێت، تاکو قەڵاچوالان. بە پاڵپشتی ئەو ڕێگاوبانەی دێنەوە سەر شوێنەکەی سلێمانی، بەتایبەتی سلێمانی شوێنەکەی لە جێترە لە چاو قەڵاچوالاندا، هێجگار لە دوورکەوتنەوە، لە هێرشی ئێرانییەکان کە لە قەڵاچوالان بوون زیاتر نزیک چەپۆک و دەستدرێژی ئێرانییەکان بوون.

سێیەم: ئەم شوێنەی سلێمانی ئێستا لەگەڵ دەشتی شارەزوور و دەشتی بازیاندا لێک دەدات، کە ئەم دەشتانە بۆ کشتوکاڵ گەلێک لە بارن وەک گەنم و جۆ و نیسک و نۆک... چونکە ئاوی زۆریش هەیە بۆ پێگەیاندنی بەرووبوومی زەوی. جگە لەوەی دەبێ بە مەنزڵگای بەیەکگەیشتنەوەی

---

١٨. لە گۆاری کاروان بەشی عەرەبییەکەی لاپەڕە ١٥٠-١٥٩ ژمارە ٥٤ ساڵی پێنجەم، نیسانی ١٩٨٧.

عەشرەتە کۆچەرییەکان و دانیشتوانی دێهات و شار، هەروەها دەبێت بە جەمسەرێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵ.

چوارەم: شانازی بۆ بنیاتنەری شارەکە خۆی و بنەماڵەکەی: بەڵێ برایم پاشا ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی منداڵی و گەنجیەتییەکەی لە بەغدا بەسەر برد، بۆیە نەیدەتوانی لە شوێنێکی چەپەکی دواکەوتووی وەک قەڵاچوالاندا دانیشێت، قەڵاچوالانێک کە لە هەموو ڕێگاوبانێکەوە (کە بە دەرەوە یاخۆ ناوەوەی) ببەستی بە دوور بوو. هەرچەندە قەڵاچوالانیش هەر باو و باپیرانی برایم پاشا سەرلەنوێ ئاوەدانیان کردەوە و کردیان بە مەڵبەندی میرنشینی بابان. بەڵام لە ڕاستیدا قەڵاچوالان لە کوێ و سلێمانی لە کوێ؟ ئەوە لە کوێ کە بڵێن برایم پاشای بابان سلێمانی دروست کرد، بەوە ناوی خۆی و بنەماڵەکەی لە مێژوودا بە زەرکەفتی ئاڵتوون تۆمار بکات. ناوی خۆی بخاتە ریزی ناوی ئەسکەندەر و ئەبو جەعفەری مەنسوورەوە. ئەوەتا (مەولانا خالیدی) نەقشبەندی بە قەسیدەیەکی فارسیی بەرز ستایشی برایم پاشا دەکات کە دروستکەری شاری سلێمانییە و پیرەمێردی نەمر ئەو قەسیدەیەی هەر بە شیعر وەرگێڕاوەتە سەر کوردی[١٩] دەڵێت:

أزبس كه حمد ملك ذو الجلال
بعـد درودمـــــه برج كمـــــال

تا دەڵێت:

كرد خرد ختم سخن أين چنين
أنـك فيـــها لمــن الخـــالديــن

---

١٩. ڕۆحی مەولانا خالید – ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی مەحموود ئەحمەد محەمەد. چاپخانەی الزمان ١٩٨٧ل ١٥٣ – ١٥٤.

کوردییەکەی لە لایەن پیرەمێردەوە بەم جۆرەیە:

حەمدو ثەنا بۆ مەلیکی (ذو الجلال)

نەعت و سلام بۆ مەهی بورجی کەمال[20]

دێمە سەر ئەوصافی شەهی دادگەر

با قەڵەم بێ بەدەواتی نەی شەکەر[21]

شاهێکی دەریا دڵی والا تەبار

داوەری دارا ڕەوشتی جەم ویقار[22]

کێوی شەرەف کانی سەخاو و کەرەم

هەر کەسێ لای ئەو کەببێتە خەدەم

ڕوتبەی ئەگاتە کەمەری ئاسمان

حاجەتی نامێنێ بە ڕوتبە و نیشان

دوشمنی ترساوە لە شمشێری ئەو

چەرخ سەری شێواوە لە تەدبیری ئەو

پاشا کوڕەکەی ناونا سلێمان

هەردوو لەڕێی هەردوو جیهان دوو چران

ڕەغبەتی وا داوە بە ئەربابی شەرع

ئەرض و سەمایەکە بە ئەصل و بە فەرع

ناوی بە ناوێکەوەیە هاونیشان

ئاگری نەمروود بووەتە گولستان[23]

---

٢٠. مەهی بورجی کەمال = مانگی چواردە.

٢١. نەی شەکەر = قامیشی شەکر.

٢٢. پاشایەکی ئەوتۆیە، دەستی کەرەمی وەک دەریا فراوانە، باڵا بەرز و سیما جوانە. دەسەڵات و پاشایەتی وەک دارا و ڕەوشت و عەقل و دانشمەندی وەکو جەمشیدە.

٢٣. ئەو برایم پاشایە ناوەکەی ئاوتای ناوی حەزرەتی ئیبراهیمە. ئەو حەزرەتی برایمەی ئاگرەکەی نەمروودی بۆ بووە گولستان، بۆیە ئەمیش وڵاتی وا خۆش کرد.

هـەرچی کــــە نـاوی کـــەرەمـی ئـەو دەبا
ڕۆژێـکــە تــاریــکــی لــە نــاو دەرئــەبــا
چۆلـەکــــــە لای بـازەوە چـینـە دەکـــــا
ترســـە ئەوە گـــورگ مـــەڕ ئـەبا بۆ تکا
مــەهدی ئەگــەر ببیــە لـە عــەدلی خــەبەر
(یحـــســـبـــە سنة خـــیـــرالبـــشـــر)
حـــافـــیظی شـــیـــرازی بمایە ئەگـــەر
لای نەدەمـــا هیـچ لە مـــوصـــەللا (أبتـــر)
بـانگ ئـەکـــەنـە من هـەمـــوو ئـەهلـی یەقـین
(أنک فـــیـــهـــا لمن الخـــالدین)[٢٤]

جگە لەو مێژوونـاسـی مەزنی کورد ئەمین زەکی بەگ لەم بابەتەوە دەڵێت:

"برایم پـاشـــای بابـان بە دروســـتکردنی شـــاری سلێـــمـــانی، جێماوێکی بە نرخی بۆ میللەتی کورد بەجێ هێشت، جگە لەوەی گـــەلێک خـــۆیشی بۆ پێـــشکەوتنی وڵاتەکــــەی، لـە ڕووی ئـاوەدانـکردنـەوە و بـڵاوکـــردنـەوەی ئـاســـایش و دامـــەزراوی وشــەکـاندنـەوەی ئاڵای هەق بە نـاو خـەڵکدا مـاندوو کـرد هەر لە کاتی فەرمانڕەواییی ئەودا بوو، کە سنووری وڵاتی بابان گەیشتە خـانەقین و قـەسری شـیرین جگە لە زەهاو کە خـۆی بە بێ شـەڕ هاتـە ژێر ئاڵای بـابانـەوە... ئیـــتـر خـــەڵکی بە تەواوەتـی کــەوتنە ئـاســوودەییــیــەوە لـە هـەر چوار لاوە وڵاتی بـابان پەرەی ســەند و فـــرەوان بوو، کـــشـــتـــوکـــاڵ زۆر بـوو، بازرگـــانی بـڵاو بووەوە، هـەراوهوریا نـەما"[٢٥].

٢٤. ئەم نیو بەیتەی عارەبییە بە واتە: (تۆ لەوی – لە سلێمانی–دا لە جاویدانەکانی).
٢٥. (تاریخ السلیمانیة وأنحائها) لاپەرە (٩٦).

هەروەها مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێ[٢٦]:

"(ئینجا بێینە سەر باسی شاهی دادپەروەر، قارەمانی مەزن برایم پاشای بابان) کە بنچینەی شاری سلێمانی دامەزراندووە و ئەم مێژووە بە ناوی پیرۆزی ئەوەوە رازاوەتەوە، ناتوانم بڵێم (برایم پاشا) لە (ئەسکەندەری مەقدۆنی) و (أبو جعفر المنصور) زیاترە کە شاری (ئەسکەندەرییە) و (بەغدا)یان بنچینە ناوە بەڵام خۆ لەوان کەمتر نییە. ئەمجا ئەگەر کورد هەیکەل بۆ پیاوە گەورەکانی بکات یەکەم کەس برایم پاشایە کە هەیکەلی بۆ بکرێ....)."

ئەمجا (قانع)[٢٧]. لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (گردی سەیوان)دا قەسیدەیەکی دوور و درێژی هەیە، ئێمە لێرەدا هەندێکی لێ بڵاو دەکەینەوە.

ئەوەتا بە زمانی گردەکەی سەیوانەوە دەڵێت:

ئیبراهیم پاشا لە قەڵاچوالان
بۆ گوێزانەوە هیمەتی نوان

ئەوسا پێتەختیان قەڵاچوالان بوو
قەڵاچوالانیش زۆر تەنگەڵان بوو

تاریخ هەزار و یەک سەد و نەوەد
لەل نۆ رابوردوو لە هیجرەت ئەحمەد

---

٢٦. لە پێشەکی ئەو دەستخەتەی نووسەری ئەم کتێبەدا کە لەکاتی خۆیدا پێشکێشی کرا کە هەر لە بابەت سلێمانییەوەیە و تەواوکەری ئەم کتێبەیە. مێژووەکەی ڕۆژی (١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٧).

٢٧. شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەولقادری شێخ سەعیدی دۆڵاتی (١٨٩٩ - ١٩٦٥) لە دیوانی (چوارباخی پێنجوین)دا، چاپخانەی مەعاریف بەغدا ١٩٥٣ لاپەڕە ٥١ - ٥٥.

دەشــتی مــەڵکەنی دەشــتــێکی پـان بوو
جێی جلیتبازیی سوارەی مەیدان بوو[٢٨]

دەشتی مەڵکەنی بۆ خۆی کرد بە شار
تیـایدا دروست کـرد قـەیسـەری و بازاڕ

لەم جـێگە ســەرا ســەرای دامــەزران
رازانیــیــەوە زۆر شــیــرین و جــوان

پاچیـان دا لـە خـاک بۆ خـەندەک سـەرا
بـەدەم پـاچـەوە مـــــۆرێک هـەڵکـەنرا

نـوارِیان مـــۆری سلێــمـــانی ناوە
ئاخــۆ چەند ســاڵە لـە خــاکـا مــاوە

ئـەو رۆژە کـــــەوا مـــــۆر دۆزرایـەوە
لە مــەجلیس پاشــا، کــە خــوێنرایەوە

حـــەرەمی پاشـــا کـــەوتە منالْبـــوون
کورێکی هانـی وەک شـووشـەی ئاڵتوون

پاشــا کــورەکــەی ناو نـا سلێـمـــان
وتـی ئـەم مـــــۆرە نگـینـە بـۆمـــــان

چونکە مـــــۆرەکـــــەی بـە نگین زانـی
شـــاریشـی ناو نا بـە سلێــمـــانی

تـایەفـــەی بـابان پاشـــای تەواو بـوون
خـاوەن تەخت و تـاج شـۆرەت و نـاو بوون

---

٢٨. ئەمەیان دەشتی کانی ئاسکانە نەک مەڵکەنی.

نە بەر حوکمی ڕۆمۆ نە حوکمی عەجەم
کوردستانیان کرد بە باخی ئیرەم

جگە لەمانە زۆر لە نووسەران و ئەدیبان و شاعیرانی کورد، ئەم کردەوەیەی برایم پاشایان پەسەند کردووە و لە سەریان نووسیوە و وتووە.

پێنجەم: ئەو قەڵایەی مەحموود پاشای مامی برایم پاشا سێ چوار ساڵ پێش دروستکردنی شاری سلێمانی بە بەرزاییيەکەی لای حەمامی قشڵەوە بنیاتی نا و لە دواییدا بوو بە (دەبۆ) یاخۆ (قشڵە) واتا (لەشکرگا)، بوو بە هاندەرێک کە پاڵ بە برایم پاشاوە بنێ شارە نوێیەکەی لە دەوروپشتی ئەو قەڵایە دروست بکات. چونکە ئەو قشڵە و قەڵایە چەسپ بوو، دوای تاقیکردنەوەش جێی خۆی گرت و لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو بوو.

**ناوی سلێمانی**

لە بابەت ناونانی شاری سلێمانییەوە زۆر (ڕا) و (بۆچوون) هەن یەکە یەکە باسیان دەکەین و لە پاڵیاندا (ڕا)ی خۆشمان دەردەبڕین.

یەکەم: لە بابانەکانی پێش (برایم پاشا) کە باپیرانی دەگرنەوە، سلێمان بەبەی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان (سلێمان پاشای مقتول) هەبوون، جگە لەوان برایم پاشا خۆی کوڕی هەبووە کە ناوی سلێمان بووە، زیاتر ئەم ناوانەش بە خۆشی و پیرۆزی (سلێمان پێغەمبەر)ەوە بووە تاکو دوای ئەوانیش گەلێک سلێمان[٢٩] ناویان بووە و هەتا ئیستاش، جا ئایا بۆچی هەر لەبەر ئەوەی لەسەردەمی برایم پاشادا والی بەغدا (سلێمان پاشای گەورەی کولەمەند) بووە و لەسەر

٢٩. بۆ نموونە سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا کە لە گومەزەکەی گردی سەیواندایە و هەر لە سلێمانی سلێمان بەک باوکی شەوکەوت و لە بەغدا سلێمان کوڕی سەلاحەدین بابان و سلێمان کوڕی بەهجەت بابان و گەلێکی تر بەم ناوەوەن.

قـســەی (ئەم و ئـەو) ئیـتـر دەبێ برایم پاشـا، شـارەکـەی بە نـاوی ئەوەوە ناونابێت، با دۆست و هاوڕێی خـۆشـەویسـتـی بووبێت، جا دەردی د. فـوئاد حـەمـە خـورشـیـد دەڵێت[٣٠]: خـۆ ئەگەر بـە ناوی یەکێک لە سـوڵتـانەکـانەوە بووترایە، زیاتر ڕێی تێ دەچوو.

مامۆستا فوئاد راست دەفەرمووێ، بۆیە ئێمەش دەڵێین خۆ ئەگەر ناوەکە بدرایەتە پاڵ سوڵتان سلێمانی قانوونی کە یەکێک بووە لە سوڵتانە ناودارە گەورەکانی پێشووی عوسمانی زیاتر ڕێی تێ دەچوو، بەڵام والییەک کە بە فوویەکی سوڵتان بچێت بە ئاسماندا، بۆچی ئەوەندە گرینگ بێت برایم پاشا ئەم شارە نوێیەی بە ناوەوە ناو بنێ؟ باشە، ئەی ناڵێین برایم پاشا، سلێمانی بۆ ناو دەرکردنی خۆی و بنەماڵەکەی دروست کرد؟ ئەگەر وا بێ بۆچی بە ناوی یەکێک لە باپیرە ناودارەکانیەوە ناوی نەنابێت؟

ئەی باشـە بۆچی ناوی نەنا (برایم ئاوا) یاخـۆ (ئیـبـراهیـمـیـە)؟ یاخـۆ (مەحموودیە) بەناوی مەحموود پاشای مامییەوە کە دەستپێشکەری کرد لە بنیاتی قەڵاکەدا؟ بە (ڕای) ئێمە بەناوی خۆیەوە ناوی نەنا، هەر لەبەر ناوی باپیرانی (سلێمان بەبە یاخۆ بابا سلێمان و سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان). جا ئەگەر بۆ (سیاسەت و مجامەلە) لە کاتی خۆیدا شتێکی وای لای سلێمان پاشای کۆڵەمەند دەربڕیبێ، ئەوە هەرگیز وا ناگەیەنێت کە شارەکەی بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەناوی ئەوەوە ناوی بنێ، ئەی باشە سلێمانی کوڕیشی هەر بە ناوی سلێمان پاشای کۆڵەمەندەوە ناونا؟

بۆیـە وا دوور و درێژ لـەســەر ئەم خـاڵە ڕۆیشـتین بۆ ئـەوەی ئەو بیـر و باوەڕانە ڕاست کەینەوە کە تا ئێستا دوای ئەم لێکدانەوە هەڵەیە کەوتوون. ئەمـەیە لێکدانـەوەی ڕاست و بەجێ هەرچەندە هەندێ ڕای تریش هەن: (کـە یەکێکیان) دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕایە گوایە:

---

٣٠. لە کۆواری کاروانی ژمارە (٥٤) ساڵی ١٩٨٧دا.

دووەم: لە کاتی بناغەدانەوەی شارەکەدا، کرێکارەکان ئەموستیلەک دەدۆزنەوە کە (مۆر – خەتم) واتا ناوی سلێمانی لێ هەڵکەنراوە، گوایە ئەمە نگینە سیحرییەکەی سلێمان پێغەمبەر بووە، کە دەگاتە برایم پاشا، ئەویش بۆ (تفاؤل) و پیرۆزی بە ناوی سلێمان پێغەمبەرەوە ناوی دەنێ سلێمانی. ئەمە بنچینەی باسەکەیە چونکە وەک وتمان باپیرەکانی خۆی و کورەکەی و هەموو، ناوەکانیان لە حەزرەتی سلێمانەوە بۆ ماوەتەوە.

سێیەم: ئەمین زەکی بەگ دەفەرمووێ: سلێمانی لە شوێنی شاری (سێلوونا)ی کۆنی مێژوویین دروست کرا، کە ئەو شارە گوایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (لوولوو) و (گووتی)یەکان کە باپیرانی دانیشتوانی ئێستای ناوچەکەن.

جا ئەگەر وا بێت، ئایا بۆچی هەر ڕاست ناو نەنرا (سێلوونا) چونکە هەرچەندە لە هەردوو ناوەکەدا چەند پیتێک لە یەک دەکەن بەڵام هێشتا لە یەک جیاوازن.

چوارەم: یاسین العمری لە دەستخەتەکەیدا (غاية المرام في تاريخ محاسن بغداد دارالسلام)دا دەڵێت: مەحموود پاشای مامی برایم پاشا (ساڵی ١٧٨٢) ئەو قەڵایەی لە نزیک دێی مەڵکەندی دروستکرد بە فەرمانی سلێمان پاشای جەلیلی حاکمی مووسڵ لەبەینی (١٧٧١ – ١٧٨٩)دا، دوای ئەوە برایم پاشا کە سلێمانی دروست کرد، بەناوی ئەو پیاوەوە ناوی نا.

ئەم (ڕا)یە لاوازە و هیچ سەنەدێکی تری نییە، جگە لەوەی حاکمی مووسڵ و پاشای سلێمانی هەموو سەر بە والی بەغدا بوون[31] کە ئەویش سەر بە

٣١. دوای ئەوەی کتێبەکەمان (أصول أسماء المدن والمواقع العراقية) دەرچوو لە بابەت بنچینەی ناوی سلێمانییەوە، ئەم خاڵەمان نووسیبوو، بەو جۆرەش (رد)مان دایەوە کە لە سەرەوە نووسیومانە. دکتور مەحموود جەلیلی کە ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراقە، هەر لە کۆڕی زانیاری دیمان وتی تۆ چۆن وا دەڵێیت، وتم ئەگەر شتێک هەیە ئەم (ڕا)یە پووچ کاتەوە پێشانمان بدە، تاکو ئێمەش سەرلەنوێ چاو بگێڕینەوە بە =

(ئاستانە) بوو.

ئەمە بوو هۆی ناونانی ئەم شارە نوێیە لە لایەن برایم پاشای بابانەوە بە شاری سلێمانی.

=(ڕا)یەکەماندا هیچی پێ نەوترا و لە شێوەی تووڕەبوون و زیزبووندا بەجێی هێشتین و لێیدا ڕۆیشت... کەی ئەو ساکە والی مووسڵ دەسەڵاتی بەسەر پاشای باباندا بووە... جگە لەوەی نە والی بەغداد نە حاکمی مووسڵ لەو (ڕا)یەدا نەبوون بابان بەهێز بن.. نەک هەر ئەمە بەڵکو ڕێی تێ ناچێ پێشنیازی واش بکەن.....

## نەخشەی شاری سلێمانی

پێش ئەوەی بێینە سەر نەخشەی شارەکە، پرسیارێک سەر هەڵدەدا ئایا، ئەگەر برایم پاشای بابان شاری سلێمانی لەم شوێنەی ئێستایدا بنیات نەنایە، دەبوایە بیبردایە کوێ؟ چ جێگایەک لەبارتربوو لەمەی ئێستای سلێمانی؟ ناوچەی گەرمیان؟ قەرەداغ؟ هەڵەبجە و هەورامان؟ گەڕانەوە بۆ پشدەر و دارەشمانە؟ بۆ ماوەت و مەرگە؟ کە وەختی خۆی باو و باپیری لەوێوە گەیشتوونەتە قەڵاچوالان و بێگومان کە ئەو ناوەشیان بەجێ هێشتووە لەسەر بناغەیەک بووە و هەر وا بە خۆڕایی نەبووە، شوێنەکانی تری وەک قەرەداغ و هەورامان... ئەمانە دوورن ئەوەندەش فراوان نین کە جێگای شارێکیان تێدا بێتەوە. ئەوان بیریان لە نزیکی لە قەڵاچوالان کە هەر دڵیان لای بووە و لە دار و پەردووی خانووەکانی قەڵاچوالان کردووەتەوە کە لە بنیاتی نوێدا سوودی لێ وەربگرن، هەروەک سوودیان لە دار و پەردووی مزگەوتەکەی قەڵاچوالانیش وەرگرتووە لە بنیاتنانی مزگەوتی گەورەدا...

کەوا بوو شوێن لەمەی ئێستا لەبارتر نەبووە، بەتایبەتی کە تۆزێک ئاو و ئاوەدانیش لەو ناوەدا بووە، دێی مەڵکەندی و ئاوی کانی ئاسکان و ئەو قەڵایەی کە مەحموود پاشای مامی برایم پاشا ساڵی (١٧٨١) لە شوێنی دەبۆ کۆنەکە دروستی کردبوو، ئەمانە هەموو زیاتر برایم پاشایان راکێشایە ئەم شوێنەی ئێستا.

ڕۆژگاریش ڕوونی کردەوە کە هەڵبژاردنی شوێنەکە گەلێک لە جێی خۆیدا بووە و دووربینی تێدا کراوە، ئەوەتا ئێستا خوا رەوای ببینێ سلێمانی بە

هەمـوو لایـەکـدا پەرەی سـەنـدووە و هێـشـتـا دوو سـێ ئەوەندەی تریـشـی بە دەمەوەیە[٣٢].

بۆ ئەوەی شوێنی دێی مەڵکەندی کۆنیش دیاری بکەین، مزگەوتە نوێیەکەی (عەلی کەمال) لە ژوور شاری سلێمانییەوە دەکەین بە نیشان. بۆ ئەوەی شوێنی قەلا کۆنەکەی مەحموود پاشاش دیاری بکەین، دووکانە نوێیەکانی شارەوانی لەسەر شەقامی مەولەوی، بەتایبەتی ئەوانەی نزیکی گەرماوی قشڵەی کۆنن، دەکەین بە نیشان، ئەو شوێنەی دەبۆ کۆنەکەیان پێ دەوت و تا ساڵەکانی پەنجاش تۆپی رەمەزانیان لەوێ دەتەقاند.

دوای ئەمە دەڵێین، کە برایم پاشا قەڵاچوالانی بەجێ هێشت دانیشتوانی قەڵاچوالان دوو هەزار ماڵ زیاتر دەبوون، خۆ ئەگەر نەڵێین گشتیان، دەڵێین زۆربەیان قەڵاچوالانیان جێ هێشتووە و ئەوانیش دوای پاشا کەوتوون و هاتوونە سلێمانی، هیچ گومان لەوەشدا نییە، کە لەملاولاشەوە هەر خەڵکی بۆ هاتووە، ئەوساش ئەندازیار نەبووە بە واتای ئەمڕۆ ئەندازەی شاری نوێ بگرێ و بیر لە هەموو سەرێکی و لە پاشەڕۆژیشی بکاتەوە. واتا ئەندازیاری نەخشەکێشان و هی (معماری) و (ئاوەڕۆ – مجاری) و (ئاوڕێژی – أسالة) و هی کارەبا و شتی تر نەبوون، یاخۆ ئەو شتانە خۆیان هەر نەبوون، وەستا باشییەکیان لەم لاولاوە هێناوە و لە ژێر چاودێری میر و دەستە و دایەرەیدا،

٣٢. لەو سێ چوار ساڵی پێشووەدا شەوێکی ساردی زستان بە بەفر و ڕەشەباوە. یەکێک لە کوڕە (باشە)کانی سلێمانی وا دیارە سەرما و ڕەشەبا تەنگیان پێ هەڵچینوە، تەلەفۆن هەڵدەگری بۆ (نظمی بگی)ی مامم، ئەویش نووستووە، دەڵێ بۆم هەستێنن، کە (کاکە نظمی) دێتە سەر تەلەفۆن کوڕە باشەکە لێی دەپرسی: ئەرێ نەزمی بەگ، ئەمە شوێنە برایم پاشای باپیرت سلێمانی تێدا دروست کردووە؟ بۆ لێرەدا بنیاتی نا؟ بۆ نەیبردە شوێنێکی تر... ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: باوکم بەم نیوەشەوە بۆ یەخەی من ئەگری، بڕۆ لە برایم پاشا خۆی بپرسە، دەڵێ لە کوێیە دەچم، دەڵێ وا لە مووسڵ، لە گۆڕستانی برازام بپرسە دەڵێ: ئەو لە کوێیە؟ لە وەڵامدا کە دەڵێت لە بەغدایە ئەو ساتە تەلەفۆنەکە بە بۆڵەبۆڵ دادەخا.

بە گـوریس و بە گەز زەوی بـەش  کردووە و ڕەنگی ڕشـتووە، بەوەشـدا هەر مـاڵێک بریتی بوون لە خـێزانێکی گەورە و بووک و زاوا و کـوڕ و کوڕەزا...
جگە لە وڵاخ و مـــاڵات، زۆریان بـۆ داونەتـە دەم، ڕەنگ هـەیە هەر خـــێــزانە دۆنمێکی بۆ جیا کرابێتەوە کە دەکاتە (٢٥٠٠ م٢)ی ئەمـڕۆ و نەخێر تۆ بڵێ بەلای  کەمـەوە دوو هـەزار مەتری بۆ بڕدراوە. بەڵام مـاڵی میر و حەرەمسـەرا و مـاڵی پیـاوە لە پێشـەکـان ڕەنـگ هـەیە ئەوەنـدە و نیـو یاخـۆ دوو ئەوەندەیان داگیر کردبێت.

وا دیارە سلێـمـانی کـۆن لە ژوور گـەڕەکی مـەڵکەندییـەوە (مـزگـەوتەکـەی ئێستـای عەلی کەمال) دەستی پێ کردووە، بەرەو خـوار هـاتووە تاکو گەڕەکی پیرمە سووری ئێستا، ئینجا بەرەو ڕۆهەڵات تا گەڕەکی (سابوونکەران) و بە تەواوەتی تا مزگەوتەکەی ئێستای (حاجی شێخ ئەمین) کە ئەوسا بابانەکان لە قـەراغ شـار دروسـتیـان کـردووە، لەوێوە بـەرەو خـوار بووەتەوە لە لایەکەوە بەرەو شوێنی مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا یاخۆ مزگەوتی سەی حەسـەن کە ئەمڕۆ کتێبخانەی ئەوقافی تێدایە، ئینجا بەرەو خوار بووەتەوە بەرەو شوێنی (قاوەخانەی سـەرچیمەن) واتا بۆ نزیک مزگەوتێکی تری ئەوڕەحمان پاشای بابان، یاخـۆ مـزگـەوتی (شـێخ ئەوڕەحـمـانی ئەبو بەکر) کـە ئەمـڕۆ مـزگـەوتی (شێخ بابا عەلی قەرەداغی پێ دەڵێن)، لەوێشەوە بەرەو خوار بووەتەوە بەرەو شـوێنی (خـانەقـای مـەولانا) کە مـەحـمـوود پاشـای بابـان لە سـاڵی ١٨١٦ – ١٨١٧دا بۆ مـەولانا خـالیـدی نەقشبـەندی دروست کـردووە، لـەلایەکی ترەوە سلێـمـانی بـەرەو سـەرای ئێـستـا هـاتووە، مـاڵی مـیـر و پیـاوە گـەورەکـان لە دەوروپشـتی سـەرای ئێسـتـا بوون بەتایبـەتی مـاڵی مـیـر نـزیک بە جـێگای حەمامی (فاتمە خان) بـوو کە ئێستا نەماوە پێش چەند سـاڵێک (أستملاک) کرا و خرایە سـەر سـەرا. سەرای کۆنیش هـەر لە شـوێن (سـەرا)ی ئێستـادا دروست کـراوە کـە ئیـمـڕۆ (مـدیریەتی شـرطەی مـحـافظە)یە. مـاڵی میـر لە سـەراوە نزیک بووە، ئینجـا خـانوو لەوێوە بـەرەو ڕۆئاوا تا مـزگـەوتی گـەورە

ڕۆیشتووە کە ئەویش ئەوسا قەراغ شار بووە.

بازاڕی سلێمانی بەڕای ئێمە لە تەنیشت سەراوە دەستی پێ کردووە، (واتا جێی ڕیزە دووکانەکانی مەلا عەلی مەڵکەندی و ئەحە تەتەو ئەوان کە ئێستا شوێن وەستانی ئۆتۆمۆبیلە) تا نزیک مزگەوتی (عەزیز ئاغای مەسرەف، واتا مزگەوتەکەی ئێستای ناوبازاڕ) هاتووە.

لەشکرگا، یاخۆ (معسکر) هەر ئەو قەڵایە بووە کە مەحموود پاشای مامی برایم پاشا سێ ساڵ پێش سلێمانی وەک قوللەی حەرەس بۆ پارێزگاری و ئاسایشی ناوچەکە دروستی کردووە و لەم دواییەدا (قشلە)یان پێ دەوت، تاکو حەمامەکەی (حەماغای ئەوڕەحمان ئاغا)ش کە لەو ناوەدا بوو هەر بەو ناوەوە (حەمامی قشلە)یان پێ دەوت. مستەر ریچ کە باڵیۆزی ئینگلیز بوو لە ساڵی ١٨٢٠دا لە بەغدا هەر لەو ساڵەدا هاتووە سەری لە سلێمانی داوە، لە کاتێکدا کە (مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان) فەرمانڕەوا بووە، لە کتێبەکەیدا[٣٣] دەڵێت:

ئەو ساڵە سلێمانی دوو هەزار ماڵی ئیسلام، سەد و سیی ماڵە جوولەکە، نۆ ماڵی کلدان، پێنج ماڵی ئەرمەن، پێنج گەرماو، پێنج مزگەوت و پێنج خانی تێدا بووە. کەوا بوو ئەوسا سلێمانی هەمووی (٢١٤٤) ماڵ یاخۆ خانوو بووە، جگە لە مزگەوت و خان و حەمام و شتی تر.

جا، لامان وایە، ئەگەر درێژی ئەو سەردەمەی سلێمانی بهێنینە پێش چاو، واتا لە مەڵکەندی کۆنەوە بەرەو خوار بڕۆین تا سەرا لەوێوە بۆ خوارەوە تا خانەقای مەولانا، ئەم ئەندازەیە بەلای منەوە، هەر سێ کیلۆمەترە دەبێت واتە (٣٠٠٠)م، پانییەکەشی لە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینەوە بیگری تا مزگەوتی گەورە، ئەویش هەر دوو کیلۆ مەترە دەبێت واتا (٢٠٠٠م)، کەوا بوو پانتاییی شارەکە لە ساڵی (١٨٢٠)دا، واتا (٣٦) ساڵ

---

٣٣. (رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠). وەرگێڕانی بۆ عەرەبی بەهادین نووری. چاپخانەی (سکک) ساڵی ١٩٥١.

دوای دروستکردنی (٢٠٠٠×٣٠٠٠) دەکاتە (٦٠٠٠٠٠٠)م٢. ئەم پانتاییيە کە شەش ملیۆن مەتری چوار گۆشەیە، یەک ملیۆن مەتری لێ دەربکەین بۆ بۆشایی و کۆڵان و ڕێگا و شتی تر، پێنج ملیۆنی دەمێنێتەوە، ئەمەش دابەش بکەین بەسەر (٢٠٠٠) مەتری چوارگۆشە، یاخۆ بەسەر (٢٥٠٠م٢) کە ئەندازەی هەر خانوویەک بووە لەو ڕۆژەدا، نزیکەی دوو هەزار خانوومان بۆ دەردەچێت کە ئەمە حسابێکی نزیکە لەو ژمارەیەی مستەر ریچ داویەتی.

هەر لەسەر ئەم بناغەیە دەتوانین بڵێین کەوا گەڕەکی (گۆیژە) بە سابوونکەران و قاوەخانەی سەرچیمەن و گاورانەوە کۆنترین گەڕەکی سلێمانییە و لەوێوە بنیات و خانوو دەستی پێ کردووە. دوای ئەو گەڕەکی دەرگەزێن دێت، ئەویش ئەو کەسانە ئاوایان کردبووەوە کە لە گەڕەکی دەرگا زێڕینی شاری هەمەدانەوە هاتبوون، هەر بەو ناوەشەوە ناویان ناوە، ئەمەش لە ماڵەکانی سەرشەقام جیا نەدەکرایەوە تا دوای ڕاکێشانی شەقامەکە. دوای ئەو دووانە گەڕەکی کانی ئاسکان دێت کە هەر لە سەردەمی بابانەکاندا سنووری گەیشتبووە (شەقامی ئەمین زەکی)ی ئێستا، دوای ئەوە گەڕەکی سەرشەقام و چوارباخ دێن. گەڕەکی چوارباخ لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا لە دەوروبەری ساڵی (١٨٤٠)دا چوار (باخ) بووە، هەر باخە جۆرە دار و جۆرە میوەیەکی تێدا بووە، دوای وێرانبوونی باخەکان شوێنەکانیان کران بە خانوو هەر وەکو گەڕەکی کانی ئاسکانیش پێش سلێمانی بێشەیەکی چڕوپڕو کانی و ئاو بووە، ئاسک و ئاژاڵ هاتوون ئاویان لەو کانییە خواردووەتەوە، دوای ئەوە دەشتەکەی کانی ئاسکانیش (شوێنی فڕۆکەخانە)ی کۆن کە ئێستا خانووەکانی (عەقاری و دەوروپشتییەتی) شوێنی ڕمبازی و مەیدانی (جرید بازی)[٣٤] یاخۆ (جلیتبازی) بووە.

٣٤. سەیری هەڵبەستەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بکە (لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولولکی بابان بوو... تاکو دەڵێ: دریغ بۆ ئەو دەمە، ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە – کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانی ئاسکان بوو).

### پەرەسەندنی شاری سلێمانی

دوای ئەوەی شـــار شـــوێنی خـــۆی گـــرت، جگە لەو بنەمـــالانەی لەگـــەڵ دروسـتکردنی سلێـمانیدا قەڵاچوالانیان بەجێ هێشت و بەرەو شـاری نوێ هاتن، لە شوێنەکانی تری وڵاتەوە لە کەرکووک و کۆیە و هەولێر و ڕەواندز و شـارەزوورەوە بگرە لەو دیوەوە، لە سنە و هـەمەدان و سـەقز و سـابڵاغ و زۆر شـوێنی ترەوە خـەڵکی بۆ دەهات، هاتنەکەش بە جارێک نەبوو، قـافڵـە دوای قـافڵـە کـاروان بە کـاروان دەهاتن. تاکـو شـارەکـەش وردە وردە ڕووی کردە گـەورەبوون و پـەرەسـەندن. عـەشـایـەر تێکەڵ بـە دانیـشـتـوانـی شـار بوون، ئەوانیش (هەندێکیـــان نەک هەمـــوویان) وازیان لە (ڕەوەند)یەتی هێناو دەستیـان دایە کشتوکاڵ یاخۆ کاسبی و بازرگانی ، بەڵام بەداخەوە نەیان دەتوانی ژیانێکی پڕئاسـایش بژین و بحـەوێنەوە، چونکە لووتژەننی ئێـران هەمـوو دەمێک بۆ کـاروباری وڵات کـە بۆ نەگبـەتی سنووری لـە گـەڵیـایەتی، سیاسـەتی والییەکانی بەغداش بەتایبـەتی و سیاسـەتی نالەباری دەوڵەتی عوسـمـانی بە شێوەیەکی گشتی و هەمـوو ڕۆژێک لەشکرناردنە سـەر وڵاتی بابان بە حـەق و بە ناحەق، جگە لە شـەڕی براکوژی بەینی بابانەکان لەسـەر شـــوێن و کـــورسـی، ئینجـــا تالانکردن و مـــاڵی یەکـتـــر وێرانکردن لەناو عـەشـایەردا، تا نەهامـەتی باری ئابووری و تەندروسـتی و نەبوونی ڕێگای هاتوچۆ و بڵاوبوونەوەی نەخـــۆشی و هـەندێک دەرد و ئەندێشـــەی تریش، ئەمانە هەموو کۆسپ بوون لە ڕێی ئاوابوونەوە و پەرەسەندنی شارەکەدا.

لەگـەڵ ئەمـانەشدا هەمـووی هێـشـتـا هـەر لە چاو خـۆیدا دەتوانین بڵـێین سلێمانی بە گوێرەی ئەو ڕۆژە باش پەرەی سەند. ئەوە بوو وەک وتمان دوای (٣٦) ســاڵ لـە دروســتکردنی واتا لە ســاڵی (١٨٢٠)دا کـە مــســتــەر (ریچ) ســەری لێ داوە، ژمـارەی بنیـاتەکـانی بە (٢١٤٤)، دادەنێت. خۆ ئەگـەر ئەو ژمـارەیە بەسـەر سـاڵەکـاندا دابەش بکرێت، هەر سـاڵی (٦٠) بنیـاتی بەر

دەکەوێت، واتە هەر مانگێک پێنج دانە، کە ئەمە ژمارەیەکی باش و لەجێیە بۆ ئەو ڕۆژە، کە وەک ئەمڕۆ کەرەسەی خانووبەرە وەها زۆر نەبووە، شتەکە بریتی بووە لە خشتی قوڕ و هەندێ جاریش خشتی سوور و قسڵ و گەچ و کاریتە و دەستەک و تەختە بۆ پەنجەرە، کە ئەمانەش زۆر زوو بە دەستەوە نەدەهاتن. بەم جۆرە شار پەرەی سەند تاکو ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە (دە هەزار) کەس. جا، ئایا لەگەڵ ئەو هەموو ناهەموارییانەی کە هەبوون، چۆن ئەم شارە وا پەرەی سەند؟

**هۆیەکانی پەرەسەندنی سلێمانی**

د. فوئاد حەمە خورشید دوو هۆی پیشان داوە ( ئاینی و بازرگانی)[٣٥] کە بەلای منەوە هۆیەکانی لەوە زیاترن. وا یەکە یەکەش باسیان دەکەین.

یەکەم: هۆی رامیاری و کارگێڕی.

هەر کە میری کاربەدەست قەڵاچوالانی بەجێ هێشت و هات لە سلێمانی دانیشت، بێگومان خەڵکەکەش زیاتر دوای دەکەون، چونکە جێبەجێکردنی کاروبار لە هەموو ڕوویەکەوە، گەڕاوەتەوە بۆ میر و دەزگای میر. جا پیاو بێت لە پەنا میردا دانیشێت و نزیکی بکەوێتەوە و ناسیاوی لەگەڵدا پەیدا بکات، بێگومان ئیش و کاری باشتر دەڕوات لەوەی لێی دوور بێت. هەروەها ئەگەر لە پاڵیابێت ڕەنگ هەیە (منصب)ێکی دەست کەوێ و بگاتە پلەیەکی بەرز لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا.

دووەم: شوێنی ئاینی.

سلێمانی دوای دروستبوونی، بووبە مەنزڵگا و مەڵبەندی دوو پیاوی ئاینی پیرۆز، کە هەریەکەش بوون بە رابەری ڕێڕەوێکی (طریقة) ئاینی، (قادری) و (نەقشبەندی).

---

٣٥. کاروانی ژمارە (٥٤) ساڵی ١٩٨٧.

شێخ مارفی نۆدێ لە قەڵاچوالانەوە[٣٦] هاتە سلێمانی بووبە مامۆستای مزگەوتی گەورە کە برایم پاشا دروستی کرد. بگرە بووبە یەکە پیاوی ئاینی لە سلێمانیدا و بووبە (مرجع) بۆ هەموو کاروبارێکی دین، جگە لەوانە هەمووی بووبە ڕابەری ڕێڕەوی قادری کە لە بنچینەدا شێخ عەولقادری گەیلانی دایمەزراند. ئیتر دەروێش هاتن بە دەنگیەوە و چوونە ژێر ئاڵای قادرییەوە، تاکو مزگەوتی گەورەش، جگە لە نوێژ و (جەماعەت) و (نوێژی هەینی)... بووبە مەرکەزێکی ئەم ڕێڕەوە کە لە هەموو شوێنێکەوە ڕوویان تێ دەکرد.

لەلایەکی ترەوە، مەولانا خالید کە ئەویش لە بنچینەدا جافی مکایەڵییە و خوێندنی لە سلێمانی تەواو کرد، دوای ئەوە کە پێگەیشت هەستا چوو بۆ (دەهلی) لە هندستان بۆ خزمەت (سوڵتان عەبدوللای دەهلەوی) و لە سەردەستی ئەوا ئیجازەی وەرگرت و گەڕایەوە، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕێڕەوی نەقشبەندی، نەک هەر لە کوردستاندا، بگرە لەهەموو لایەکەوە موریدی پەیدا کرد و ڕوویان تێ دەکرد. تاکو ناکۆکیش کەوتە بەینی ئەو و شێخ مارفی نۆدێوە، بە جۆرێک ئەم ناکۆکییە پەرەی سەند، ناچار مەولانا خالید نەک هەر سلێمانی، بەڵکو عێراقیشی بەجێ هێشت و ڕۆیشت تا لە (شام) گیرسایەوە، دوای بەینێک شێخ مارف عوزرخوایی بۆ دەهێنێتەوە[٣٧]. بەهۆی ئەم دوو پیاوە ئاینییە و وەچە و خەلیفەکانیانەوە شارەکەش ڕووی لە گەشانەوە و فرەوانی کرد.

سێیەم: شوێنی بازرگانی[٣٨].

سلێمانی لە چاو ئەوەدا کە شارێکی بچکۆڵە و نوێ بوو، جگە لەوەی کە

---

٣٦. شێخ مارف دوای کوشتنی سلێمان پاشای گەورە بەدەستی فەقێ برایم ناوێک ئیتر ئەویش قەڵاچوالانی بەجێ هێشتووە و لە دواییدا هاتووەتە سلێمانی.

٣٧. ئەم تێکچوون و ئاشتەوەبوونە، دوور و درێژ لە کتێبەکەی شێخ محەمەدی خاڵدا (الشیخ معروف النودهي البرزنجي)دا هەیە.

٣٨. سەیری د. فوئاد حەمە خورشید بکە لە کاروانی ژمارە (٥٤) ساڵی ١٩٨٧ و سەیری گەشتەکەی (ریچ) بکە.

مەڵبەندی حوکمڕای بابانەکان بوو، هەروەها بووبە جەمسەری بازرگانیەتی، ئەویش یەکەم بەهۆی شوێنەکەیەوە، دووەم بەهۆی چالاکی و لێهاتوویی دانیشتوانیەوە، کە زۆریان لە شوێنی خۆیاندا بازرگان بوون بە تایبەتی ئەوانەی لە قەڵاچوالان و لەو دیوەوە هاتبوون. ئەو شارانەش کە سلێمانی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەتی لەگەڵ دەکرن ئەمانە بوون.

١- بەغداد: ئەوساش هەر پایەتەخت بوو، بەوەدا کە جێنشینی (والی) و دەستە و دایەرەی بوو، کاروانی سلێمانی کە دەچوون بۆ بەغدا، فەردە تووتن هیزە ڕۆن و پێستە و پەنیر و کەتیرە و ترشی سماق و پیو و سابوون و ئاوریشیمان دەبرد لەو سەرەوە کە دەهاتنەوە پووشە خورما و قاوەی دەنک و قوماش و شتی هیندی و ئەوروپاییان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە.

٢- مووسڵ: لێرەوە مازوو و جەوت و شتی تر دەبرا، لەو سەریشەوە پێڵاو و خام و جامانەی سەرپێچ و قوماشی لۆکەی ڕەنگاوڕەنگ و شتی شام و دیاربەکریان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە.

٣- کەرکووک: ئاڵوگۆڕ لەگەڵ کەرکووکدا تەمی نەدەڕەوایەوە، کاروانی سلێمانی دووبەرە هەنگوین و هیزەڕۆن و لۆکە و میوە و برنج و مازوو ترشی سماق و مەڕو ماڵاتیان دەبرد، لەو سەرەوە پێڵاو و قوماشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە.

٤- هەمەدان و سنە: لەوێوە کاروان ڕۆن و هەنگوین و میوەی وشکەوەکراو و پۆڵای دەورویشتی قەزوێنیان دەهێنا.

٥- تەورێز: کاروانی سلێمانی مانگی جارێک یاخۆ کەمتر لەم سەرەوە خورما و (قاوەی دەنک)ی بەغدایان لەگەڵ خۆیان دەبرد و لەو سەرەوە ئاوریشم و قوماشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە، لە دواییدا ئاوریشمەکەیان دەبرد لە بەغدا ساغیان دەکردەوە.

٦- ئەرزورۆم: ساڵی قافڵەیەک دەکەوتە ڕێ خورما و قاوەی بەغدایان دەبرد و لەو سەرەوە هێستر و ئاسن و زەردیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە.

بە کورتی، نرخی بازرگانیەتی سلێمانی هەر ساڵێک دامەزراو و شەڕ و شۆڕی تێدا نەبوایە دەگەیشتە (٤٧٥) هەزار لیرە، ئەوەی زۆرتریش برەوی بەم ئاڵوگۆڕە دەدا، بەروبوومی کشتسازی و پیشەسازیی دەستکردی ناوەخۆ بوو، بەتایبەتی چەکی خۆیی، هێجگار تفەنگ، چونکە سلێمانی نزیکەی (١٥٠) چەخماخسازی هونەرمەندی تێدابوو، کە تفەنگی (مارتینی) و گوللەکانیان زۆر باش دروست دەکرد بەڵام (سەبەتانە)کەیان لە رووسیای قەیسەرییەوە و لە ئەرزورۆم و ناوچەی دەریای قەزوێنەوە دەهێنا.

چوارەم: ڕێگای هاتوچۆ:

ئەم شوێنەی ئێستای سلێمانی گەلێک لەبار بوو بۆ هاتوچۆ و شت گواستنەوە، وەک قەڵاچوالان چەپەک و لاڕێ نەبوو. بۆیە دەتوانین بڵێین کە سلێمانی بەم ڕێگایانەوە بەسترابووەوە.

١- سلێمانی _بازیان- چەمچەماڵ (بەناو هەمەوەندا لەم دواییەدا) - کەرکووک- بە چۆڵی غورفەدا بە کاروان بەرەو بەغدا.

٢- سلێمانی -بە (کەلی سەگرمەدا) بۆ دێی برایم خانچی -کفری- لەوێوە هەر بەچۆڵی غورفەدا بە کاروان بۆ بەغدا.

٣- سلێمانی -پێنجوین- سنە، لەوێوە بۆ ناو ئێران.

٤- سلێمانی - هەڵەبجە و هەورامان- پاوە - جوانڕۆ - کرماشان.

٥- سلێمانی - مەرگە - سەردەشت - بانە - سەقز.

٦- سلێمانی - هەڵەبجە - مەیدان - شیروان - خانەقین.

٧- سلێمانی - هەڵەبجە - زەهاو - جوانڕۆ.

## پەرەسەندنی سلێمانی دوای بابانەکان[٣٩]

بەو جۆرەی باسمان کرد، سلێمانی لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی دەهاتنە ڕێگای، بەڵام هەر ڕووەوپێشەوە شەقاوی دەناو ئاوڕی لە هەردوو نشێوی سەر ڕێگەکەی نەدەدایەوە، تەنها ئەو بەسەرهاتە گورچک بڕانە نەبێت کە نەیدەتوانی بەرامبەریان بوەستێ وەک ( رشانەوە گەورەکە)ی ساڵی١٨٣١ و هێرشەکانی ئێران بەتایبەتی ساڵی ١٨٤١ و ١٨٤٤[٤٠]. جا، هەروەک (جیمس فلکس جونز) دەڵێت:

سلێمانی هەر چەندە پایەتەخت (پاشالغ)[٤١]– بوو، بەڵام بریتی بوو لەچەند خانوویەکی کۆنی وێران ئەو وێرانییە لە بنچینەدا، بەهۆی ئەو گێرە و کێشانەوە بوو کە لەمەوپێش باس کران، بۆیە ژمارەی خانووەکانی لە ساڵی ١٨٤٤دا کەم بووەوە بۆ نیوەی ئەوەی کە ریچ لە ساڵی ١٨٢٠دا دیبووی.

دوای ئەوە بە چارەکە سەدەیەک، باری شارەکە بەرەو باشی ڕۆیشت، جموجووڵی تێ کەوتەوە و ئاوەدانی ڕووی تێ کردەوە. ساڵی ١٨٦٨ (لیک لاما) ژمارەی دانیشتوانی بە (٦٠٤٥) خێزان دادەنێت کە بەم جۆرە بوون

٦٠٠٠ خێزانی موسڵمان.

٣٠ خێزانی دیان – کلدانی.

١٥ خێزانی جوولەکە.

ئەمەش دوای ئەوەی بوو بە (سنجەق – لیوا) و چوار (قەزا)ش (بازیان و هەڵەبجە و شارەزوور و مەرگە)ی لەسەر بوو (ئەمەش سەردەمی نەمانی

---

٣٩. سەیری نووسینەکەی د. فؤاد حەمە خورشید بکە – کاروانی ژمارە (٥٤) ساڵی ٩٨٧ لاپەڕە (١٥٧ – ١٥٨).

٤٠. جیمس فلکس جونز لە یاداشتەکەی ساڵی ١٨٨٧یا باسی دەکات.

٤١. لام وایە مەبەستی پاشالغ = پاشایەتی بێت.

(دائرة المعارف الاسلامية). چاپی پاریس ١٩٣٤ لاپەڕە (٥٦٤).

بابانەکان و بەستنی یەکسەر بە حوکمی عوسمانییەوە بوو). لەڕووی بازرگانیشەوە تۆزێک بووژایەوە. ژمارەی دانیشتوانی هەر لەو ساڵەدا (١٨٦٨) گەیشتە (٣٠,٠٠٠) سی هەزار کەس.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٩٢دا وەک (مونسل)[٤٢] دەڵێت: ژمارەی خانووەکانی لە (٢٥٠٠) زیاتر بوو، بنیاتی گەورەی تێدا بوو، بەڵام بازاڕەکەی تەنگ و سەری بە لقی دار گیرابوو، بەناوبانگترین پیشەسازیش پێڵاو دروستکردن و شتی ناوماڵ و ئاسنگەری و دروستکردنی شیر و خەنجەر و ڕم و چەک و بەروبوومی کشتسازی بوو.

هەر لەوێدا دەڵێت کە ژمارەی دانیشتوانی پێش شەڕی گەورەی یەکەم گەیشتە (٤٠٠٠٠) چل هەزار کەس.

### دانە دواوەی سلێمانی لە سەفەربەردا

ئەم گەشانەوەیەی لەمەوپێش باسمان کرد زۆری نەکێشا و ئەوەندەی نەبرد شەڕی گەورەی یەکەم دەستی پێ کرد و دەوڵەتی عوسمانی تێوە گلا، جاڕی نەفیری گشتیدا و هەرچی گەنج یا پیاوێک کە دەستی تفەنگ بگرێ خرانە ژێر باری چەک و سەربازییەوە، تەنها منداڵ و پیر و سەقەتەکان مانەوە، لەبەر ئەوە کشتوکاڵ دواکەوت یاخۆ هەر نەما، باری ئابووری بەلای وێرانی و برسییەتیدا وەرگەڕا، ماڵ نەما دەستی زۆر و ئەشکەنجەی نەگاتێ، ماڵ و موڵک لە لایەن جەندرمەوە بەبێ حساب داگیر دەکرا، لەبرسا مردن گەیشتە ڕادەیەک کەس نەبوو لاشەی مردووی سەر شەقامەکان بشارێتەوە، خەڵک لەتاوا گۆشتی وڵاخ بگرە گۆشتی (ئاژاڵی تۆپیو)یان دەخوارد، جگە لەوە بارانیش بڕا و بەروبووم نەما، باج سەندن بە جۆرێک پەرەی سەند هەموو شتێکی گرتەوە[٤٣].

---

٤٢. لە کتێبەکەیدا (کوردستان) بەرگی (٣) ساڵی ١٩٠١ ل ٤٩ بە ئینگلیزی.

٤٣. مەگەر هەر مەلا حەمدوون بەو بێ چاوییە توانیبێتی بە پارچە شیعرە بەرزەکەی وێنەی ئەو ڕۆژگارە بگرێت، کە لە بەرگێکی تری ئەم کتێبەدا هەندێکی بڵاو کراوەتەوە.

له ئەنجامی ئەو ڕۆژگارە ناهەموارەی شەڕی گەورەی یەکەم یاخۆ وەک لای خۆمان پێی دەڵێن ( سەفەربەر – سەفەربەرلگ بە تورکی) ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە (٤٠٠٠٠) چل هەزار کەسەوە کە تۆزێک لەمەوپێش وتمان هاتە سەر تەنها (٩٠٠٠) نۆ هەزار کەس[٤٤].

بەم جۆرە ئەم شارە بەدەست ئاگری شەڕ و بردنی پیاوەکانی و کردنیان بە چاوگەی ئاگری ئەو شەڕە ناهەموارە، کە سلێمانی هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نەبوو، بەدەست برسییەتی و وێرانبوونەوە ماوەیەکی زۆر ناڵاندی، تا درەنگێک ئەوسا وردە وردە برینەکانی کەوتنەوە سارێژبوون، دوای چۆڵکردنی سلێمانیش لەلایەن عوسمانییەکانەوە و هاتنی ئینگلیز و دەستپێکردنی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود دژی ئینگلیز لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٢ – ١٩٢٣، تا ساڵی ١٩٢٥، ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە (١٠٠٠٠) دە هەزاری تێپەڕ نەکرد، واتا گەڕایەوە دواوە بۆ پێش سەد ساڵ (بۆ ساڵی ١٨٢٠) کە (ریچ) ژمارەی دانیشتوانی بە (دە هەزار کەس) خەمڵاندبوو.

بەڵام دوای ئەو ساڵە و لە سێبەری حوکمی (مەلیک)یدا سلێمانی تۆزە تۆزە دەستی کرد بە بووژانەوە و لەبیرەوە چوونی ساڵە سەختەکانی ژیانی، کە ئەوەش لە ساڵی (١٩٣٠)دا و لە ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولدا، داخێکی تر نرایەوە بە دڵی شارەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، سلێمانی بەهۆی لێهاتوویی و کۆششی ڕۆڵەکانیەوە، لە کاروانی پێشکەوتن دوا نەکەوت تاکو بوو بە ئەو شارە مەزنەی کە ئەمڕۆ دەیبینین.

---

٤٤. ماسون کینیز – لیڤربول ١٩١٩. (لە کاروانی ژمارە ٥٤ ساڵی ١٩٨٧) نووسینی د. فؤاد حەمە خورشید.

## سنووری شاری سلێمانی

## لە سەردەمی بابانەکاندا و شوێنە دێرینەکان

ئەوەی لەمەودوا باسی دەکەین لەسەر بناغەی بۆچوون و شیکردنەوە و وەدەستهێنانە و، پشت بەستن بە هەندێک سەرچاوەی مێژووییە. ئەو کەسانەی لەم جۆرە شتانەش دەدوێن، وەک دروستکردنی نەخشەی بەغدای کۆن لەلایەن مەنسوورەوە هەر وەها دەکەن، ئەگینا خۆ نەخشەی ئەو سەردەمەیان لەبەر دەستدا نەبووە تاکو لەسەر ئەوە هەر شتێک بیانەوێ بیدۆزنەوە[٤٥].

لەم باسەماندا پشت بە پارچە شیعرە بەرزەکەی (نالی) و پشت بە کتێبەکەی (فریزر) و (ریچ) و (میجەرسون) و هەندێک سەرچاوەی تر دەبەستین کە لە شوێنی خۆیدا دەستیان بۆ ڕادەکێشین.

شاعیری مەزن (نالی) وەک هەندێک سەرچاوە باس دەکەن گوایە لە ساڵی (١٨٣٠)دا سلێمانی بەنیازی حەج بەجێ دەهێڵێت، ڕوو دەکاتە وڵاتی حیجاز و دوای حەج گوایە لە ساڵی (١٨٣٤)دا دەچێتە شام و لەوێشەوە بۆ (ئاستانە – ئەستەمبوڵ) دەڕوات.

لەو غەریبایەتییە و دوور لە وڵات، ئاگری بەتینی نیشتمان لەدڵیدا کڵپە دەسێنێ، چامە بە سۆزە پڕ لە ئاگرەکەی بە نامەیەک بۆ سلێمانی دەنێرێت کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

---

٤٥. سەیری (دلیل خارطة بغداد) بکە. نووسینی د. مستەفا جەودا و د. ئەحمەد سووسە.

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

شاعیری مەزن و هونەرمەند (با) یاخۆ (شەماڵ) دەکات بە (تەتەر) یاخۆ (پۆستەچی) یاخۆ (بساط الریح)ی خۆی و داوای لێ دەکات کە بگاتە شارە نازدارەکەی کە سلێمانییە و هەواڵی ئەو شوێن و جێگایانەی بۆ بزانێ (کە دڵی بۆیان لێ دەدا)، ئایا ئەوانە وەک خۆیان ماون، یاخۆ وێران بوون و شوێنەواریشیان نەماوە. لەو چامە دوور و درێژەیدا، نالیی مەزن هەندێک شوێنمان لە سلێمانیدا بۆ دەستنیشان دەکات کە ئێمە دەتوانین لێرەدا بیانکەین بە سنووری ئەو سەردەمەی سلێمانی واتا دەمەدەمی کوژانەوەی چرای دەسەڵاتی میرەکانی بابان:

نالی دەفەرمووێ:

سەیرێ بکە لە بەرد و داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیشی خوار و ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە پردی (سەرشەقام)
پیر و فتادەتەن نەبووە داری (پیرمە سوور)
ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخە باس
یا بێ نەواو بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور
ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)
یاخۆ بووە بە تەفرەقە و شۆڕش و نشوور
سەیوان نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور
ئێستاش پڕە لە ئاهووی بەڕ کانی ئاسکان
یاخۆ بووە بە مەلعەبی گورگ و لوورە لوور
ئێستاش پڕە لە ئاهووی بەڕ کانی ئاسکان
داخۆ دەروونی سافە، گوڕڕەی ماوە (تانجەرۆ)

یاخـۆ ئەسـیـری خـاکـە بـەلێـڵی دەکـا عـوبوور
سـەیرێکی خـۆش لە چیـمـەنی ناو (خـانـەقـا) بکە
ئـایا رەبیـــعی ئـاهـووە، یـا چایـەری ســــتـــوور
توخـوا: فـەزای (دەشـتی فەقێـیان) ئەمـیـستـەکەش
مـەحشـەر مـیـسـالە، یا بووەتە چۆڵی سـەلم و توور.

ئەمانە هەندێک هەڵبژاردە بوون لە چامەکەی نالی، ئینجا، با لە پردەکەی سەرشەقامەوە دەست پێ بکەین، شەقامی (سەرشەقام) ئەوسا سنووری خوارووی (جنوبی سلێمانی) بوو لە کۆتایی سەردەمی بابانەکاندا. وا دیارە ئەو شەقامە لە سەرەتاوە تا دوایی، پێنج پردی گەورەی لەسەر بووە، دووانیان تا ساڵانی (١٩٣٠ - ١٩٣٣) مابوون، لە لافاوەکانی ئەو ساڵانەدا ئاو بردنی. پیرمە سوور (پیر منصور)یش[٤٦] لە خوار مەڵکەندییەوە دەستی پێ دەکرد تا نزیک مزگەوتەکەی (شێخەلی). قسن و شەخسەکە ئێستاش هەر ماوە و کەمتر خەڵک زیارەتی دەکەن. کەوابوو پیرمە سوور سنووری ژوورووی سلێمانی بووە تاکو دێی مەڵکەندی.

شێخە باس: یاخۆ (شێخ عەباس) ئەمیش هەر شەخسێک بوو لە خوارووی شاری سلێمانی نزیک بە ڕێی (قەرە تۆغان) بەرامبەر بە ماڵەکانی (وڵوبە). ئەم شوێنە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئاوەدان کراوەتەوە، جوولەکەی تێدا دادەنیشت و ناونرا گەڕەکی جوولەکەکان کە هەر گەڕەکی (شێخەباس)

٤٦. پیرمنصور و پیرەمەگروون (پیر عمر المقرون) و (پیر میکائیل) ئەمانە هەموو پیر یاخۆ (شێخی باطنی) بوون، بەڵام مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانیان لە وڵاتی کوردستاندا بە تەواوەتی دیار نییە. گۆڕی پیرمەسوور (لە گەڕەکی) پیرمەسوورە لە سلێمانی و هی پیرەمەگروون بە شاخی پیرەمەگروونەوەیە و پیرمیکائیلیش لە بەشی ڕۆهەڵاتی ژوورووی سلێمانی دایە نزیک پردە کۆنەکەی (هۆمەرە کوێر). بەم جۆرە شێخە باس و پیرمیکائیل و پیرمەسوور و مەولانا خالد چوار (قطب)یان پێ دەوتن.

دەگرێتەوە و جوولەکەکان لەکاتی خۆیدا (خومچی) بوون و لە قەلاچوالانەوە هاتوونە سلێمانی.

کانی با: کانی و سەراوێکی بچکۆلەیە لە ڕۆهەلاتی سلێمانی لەپشت گردی سەیوانەوەیە، بەو ڕێگەیەدا کە بۆ هەڵەبجە دەچوو، لە گردی سەیوان ئاوا دەبێت و بەسەر (زێڕینۆک)دا دەڕوانێ، شوێنەکەی وا بەسەر گردێکەوە، ئەم کانی بایە مەزار بووە و شوێن سەیرانی دانیشتوانی شاری سلێمانی بوو. گوایە شەخسەکە نەخۆشی (باداری) چاک کردووەتەوە.

سەیوان:گردێکی گەورەیە بەلای ڕۆهەلاتی سلێمانییەوە، لەپێش بنیاتنانی شاری سلێمانیدا، سەیوان باخ و رەز و دارستان بووە و درەختی (سێو)یشی تێدا بووە، هەروەها شوێن سەیرانی میرەکانی بابان بووە، کە چادر و دەواریان لێ هەڵداوە و هەرجارە چەند ڕۆژێکی لێ ماونەتەوە، ناوەکەشی لە چادر یاخۆ چەترەوە هاتووە هەندێکیش دەڵێن لەو داری (سێوان)ەوە هاتووە کە تێدا بووە. ئەم گردە دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی کرا بە گۆڕستان بۆ مردووەکانی شارەکە. تەرمی سلێمان پاشای بابان و گەلێکی تر لە بابانەکان و شێخ مارفی نۆدێ و گەلێک لە پیاوە گەورەکانی تری شارەکە و شەهیدەکان لەوێ شاردراونەتەوە، ئەمڕۆ بە تەواوەتی پڕ بۆتەوە و خانووش گەیشتووەتە بن گردەکە. (فریزەر) کە ئەویش گەشتیارێکە لە کاتی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای باباندا هاتووەتە سلێمانی و باسی گردی سەیوان دەکات دەڵێت ئەوساش هەر گۆڕستان بووە و مردووی تێدا شاردراوەتەوە.

هەروەها شێخ رەزای تاڵەبانیش باسی گردی سەیوان دەکات و دەڵێت:

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارالحوکمی (بابان) بوو
نەمەحکوومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەرقاپی سەرا صەفیان دەبەست شێخو مەلاوو زاهید
مەطافی کەعبە، بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بوو

کـانی ئاسکان: لەمــەوپێش تۆزێکی لێ دواین، بەڵام حــەزرەتی نالی کــە دەفـەرمـووێ (ئـاهووی بەڕ) مـەبەسـتی ئاسکی دەشـتی و وشکانـییـە کـە لە دەشــتــەوە هاتوون لـە وێ ئاویـان خــواردووەتـەوە و هەر بەو بۆنەیەشــەوە ناونراوە کـانـی ئاسکان. ئێـسـتـا گـەڕەکـێکی گـەورە و گـرینگی شـاری سلێمـانییـە و دەشتەکەی هەموو پڕ بووەتەوە بە خانووبـەرە و بگرە بە هەموو لایەکیدا پەرەی سەندووە.

شیوی ئاودار: شیـوێک بووە لە ڕۆئاوای شاری سلێمانی بەلای سەرووییەوە، لەپشــتی قـۆریە شکاوەوە بەلای سـەرچنارەوە. ئاوی ئەم شـیـوە لـە کـارێزە وشکەوە هاتووە لەبەردا و لەوەدوا وشکی کردووە.

وادیارە بە پێـچـەوانەوە پێـیـان وتووە شـیـوی ئاودار. ئێـسـتـا ئەو ناوە پڕبووەتەوە بە خانوو تا دەگاتە سەرچنار و بەولاتریشەوە، ئەمە لە سەردەمی (نالی)دا سنوورێکی دووری ژووروی ڕۆئاوای شاری سلێمانی بووە.

تانجەرۆ: ڕووبارێکە دەکەوێتە داوێنی (جنوب) شاری سلێمـانی، ئاوەکەی لە سەرچنار و قلیاسـان و چەق چەق و هەندێک جۆگەی تر پەیدا دەبێت، بەرەو شـارەزوور دەڕوات، دێی (خـاک و خـۆڵ)ی مـەڵبـەندی (نالی) دەکـەوتە سـەر ڕۆخی تانجەرۆ لە ناوچەی شـارەزووردا، لە دواییدا تـانجـەرۆ تێکەڵ بە ئاوی سـیروان دەبێت کە بەرەو خـوار دەبێتـەوە بۆ ڕووباری (دیالا) کە ئەویش لای خۆمان هەر سیروانی پێ دەڵێن کە لە دواییدا دەڕژێتە (دجلە)وە.

ناوی تانجـەرۆش، هەندێک دەڵێن لە (تانجی رەو)ەوە هـاتووە واتە تیـژڕەوە، هەندێکیش دەڵێن لە (تاج – روود)ەوە هـاتووە، واتا ئاوی میـریی یاخۆ تاج یا سوڵتـان، بەوەدا کە لە سـەردەمی عوسـمـانییەکاندا هەمـوو زەویزار و ئاوی میری بەناوی سوڵتانەوە تۆمار کراوە.

خانەقا: مەبەسی خانەقای مەولانایە لە سەرشـەقام، وادیارە شاعیری مەزن

(نالی) ڕۆژگارێکی لەم خانەقایەدا بەسەر بردووە، کاتی فەقێیەتی و ڕەنگ هەیە دوای مەلایەتیش بەینێک لەم شوێنەدا مابێتەوە ئەم خانەقایە ئێستا ناوەڕاستی شاری سلێمانییەو نوێژی (جمعە)ی تێدا دەکرێت.

دەشتی فەقێیان: دەشتێک بووە لەبەینی کارێزی دایکی پاشا (سەرکارێز) و (گردی سەیوان) بەلای (گردی حاجی ئەولا)وە لە ڕۆژهەلاتی سلێمانی. پردێکی دارینەی بچووک هەبووە لەسەر شیوەکەی سەر قەبران پێیدا پەڕیونەتەوە بۆ دەشتی فەقێیان، فەقێکان ئێوارانی هەینی و سێشەموان بەتایبەتی لە بەهاردا چوون لەوێ یارییان کردووە وەک: کەوشەک و قەلەمرداری و جغزێن و تۆپێن. دانیشتوانی شارەکەش دەچوون بۆ سەیر و ئەوەندەی خەڵک تێ دەڕژا، وەک نالی دەفەرمووێ دەبوو بەڕۆژی حەشر. ئێستا ئەم دەشتە هەر نەماوە و هەمووی بە خانوو پڕ بووەتەوە.

**هەندێک شوێنی کۆنی تری سلێمانی**

شەخسەکان:

پیرمیکائیل: دەکەوێتە بەشی ژووروی سلێمانی بەلای ڕۆژهەلاتدا، تا ئەم دواییەش شوێنی زیارەتی دانیشتوانی سلێمانی و خەڵکی دێهاتەکانی ئەو ناوە بوو. ئەم پیاوە (وەلی) بوو، مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەڕەگەز دەگەڕێتەوە سەر ئەم پیاوە[٤٧].

شێخ جافر: دوو شێخ (جعفر) هەبوون لە ناو شاری سلێمانیدا، یەکێکیان نزیک (فولکە یا خولکە)ی ئێستای نالی لەسەر شەقامی نالی ئەوی تریان لە گەڕەکی شێخان بوو، لە کانی ئاسکان.

---

٤٧. واتا هەردووکیان جافی مکایەڵی بوون. دەبێ پیرمیکائیل ناوەکەی لە ناوی خێڵەکەیەوە وەرگرتبێ / یاخۆ (پیری مکایەڵی) بووە و لە دواییدا بۆتە (پیرمیکائیل).

وەیس: لە شـوێنـی (ئوتێل ئاشتی)ی ئێستـا بەملاوە قسنێک هەبوو، دەیانوت ئەمـە جێ نزرگەی وەیسـی قـەرەنییـە، خـەڵک و بەتایبـەتی ئافرەت دەچوون بۆ زیارەتی و گۆرانییەکی فۆلکلۆریش لە بارەیەوە هەیە:

با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە

لە وەیس بپـرسـین خـەتای کـامـانە

شەخسە فەقیرە: لە نزیک کارێزی دارۆغا بوو، ئەم شـەخسە بـوو بە (ضرب المثل) بۆ مرۆی گیر و چرووک، ئەو کەسەی کە هیچ شتێک ناگرێتە ئەستۆی خۆی، گوایە شەخسـە فەقیرە بەزیندوویەتیش هیچی لە خەڵک وەرنەگرتووە، بەو بەشـە رازی بووە کـە خـوا داویەتێ هـەرچەنـدە هەندێکیش دەڵێن، بە زیندوویی گیر و چرووک بووە. شـەخسـە فـەقـیرەیەکی تریش هـەبووە لای قاوەخانەی سەرچیمەنەوە.

شـێخ ئەحـمـەدی هیندی: لە ناوچەی کارێزە وشک ژوور سلێمـانـی بوو، هەندێک دەڵێن ئەم پیاوە مـامۆستـای مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە[٤٨]، هەندێکیش دەڵێن دەروێش یاخۆ خەلیفەی بووە کە مـەولانا لە ساڵی ١٨٠٧دا چوو بۆ هـیندسـتـان بـۆ شاری (دهل) کـە لەسـەر دەسـتی شـێخ عـەبدوڵڵای دەهلەویدا (طریقە)تی نەقشبەندی وەربگرێت لەو سەرەوە لەگەڵ خۆی ئەم پیاوەی هێناوە، بۆیە بە شێخ ئەحمەدی هیندی ناوی دەرکردووە، چونکە لە هیندستانەوە هاتووە.

ئەسحابەسپی: لەناو گەراجی ئەسحابە سپیدایە کە دەکەوێتە سەرەتای شەقامی نالی. گەراجەکە و شوێنەکەی موڵکی حاجی سەعیداغا بوو، ئێستا

---

٤٨. مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت، ئەوەی مەولانا خالیدی هان دا بچێت بۆ هیندستان (میرزا عەبدوالکەریم) ناوێک بووە، شێخ ئەحمەدی هیندیش شێخی مەلا مەحموودی زەنگەنەی باپیری تاڵەبانییەکان بووە.

موڵکی شارەوانییە ئەم گەراجە ئێستا (ساڵی ١٩٩٠) بووە بە بازاڕی میوەی سەر عەرەبانە.

هۆمەر مەنگان (عومەرمەندان): لە خوارووی شاری سلێمانی لە گەڕەکی هۆمەرمەندانە، هەر بەم ناوەوە لە ناوچەی گەرمیان (پارێزگای تأمیم) گوندێ هەیە، جا ئایا هەردووکیان یەکن یاخۆ جیاوازن؟ ئەوەمان بۆ ڕوون نەبووتەوە.

قازی بەنێ: لە گەڕەکی خەباتی ئێستا بوو، ئافرەت دەچوونە سەر ئەم شەخسە بۆ سک پڕبوون و منداڵبوون و دەیانوت:

قازی بەنێ – هاتینە سەرت – مناڵمان بەرێ.

شێخ مستەفا: خوار بەنزینخانەکەی گەڕەکی (عەقاری) بە نیو کیلۆمەترێک بوو. ئەمەش ژنان دەچوونە سەری بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشی (باداری).

شێخ مستەفا یەکیش لەسەر شەقام نزیک مزگەوتی مەلا حوسەینی پیسکەندی هەبووە.

شێخ محێدین: بەرامبەر مزگەوتەکەی حاجی جەمالی حاجی فەرەج نزیک دێی (ئابلاخ)ی کۆنە، ئەمەش ناوبانگی بە شێخ محێدینی غەوسە دەرکردووە، گوایە بە بۆنەی هێزی زۆری خواناسینەکەیەوە لە (غەوس – شێخ عەبدولقادری گەیلانی) چووە. ئەمە جگە لە هەندێک شەخسی تر کە هەن بەڵام وەک ئەوانەی ناومان برد ناویان دەرنەکردووە.

**شوێنە کۆنەکانی تر**

– دێی وڵوبە، دێیەکی کۆنە دەکەوێتە خوارووی شاری سلێمانی و ئێستا بووە بە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی. بەبڕوای ئەمین زەکی بەگ، ناوی ئەو دێیە

زۆر گــرینگە و رەنگ هـەیە پێـــوەنـدیی بـە ناوی (لوولوو)وەوە هـەبێت کـــە باپیرانی کوردەکانی ناوچەی سلێمانی و هەندێک شوێنی ترن.

- بەکرەجۆ یاخۆ (بەکرەجۆگە) واتا جۆگەی بەکربەگ یاخۆ بەکرە سووری بابان رایکێشاوە و ئاوەکەی زیاتر لە سەرچنار ئینجا قلیاسان وەردەگرێت. ئێستا موڵکی میرییە و بەکرەجۆش لەپێشدا کێڵگەیەک بوو، لە سییەکانی ئەم سەدەیەوە تاکو پەنجاکان بریتی بوو لە چەند ماڵێکی فەرمانبەران کە میری دروستی کردبوون، دوای تەواوبوونی بەستی دووکان دانیشتوانی هەندێک لەو دێهاتانەیان تێدا دانا، کە زەوییەکانیان بوون بە ژێر ئاوەکەوە، دوای ئەوە وردە وردە گەورە بوو، ئێستا (مجمع سکنی) گەورەی تێدایە و بووە بە نیمچە شارێک، قوتابخانە و نەخۆشخانە و پۆلیسخانە و هەندێک دایەرەی تری میری تێدایە.

سـەرچنار: جـاران کـانی و ئاو و باخ و باخـات بووە و (مـسـتـەر ریچ) لە سـەردانەکـەیدا بۆ سلێـمـانی باسی کـردووە و (مـیـجـەرسـون)یش بە (سوورچینار) ناوی دەبات. مەولانا خالیدیش دەفەرمووێ (عاقبەت کەردەم دەواداغی فیراقی سەرچنار).

هەندێک سەرچاوەی مێژوویین دەڵێن گوایە لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوامیری باباندا سەرچنار لەشکرگا (معسکر) بووە، گوایە میری بابان لە فرەنساوە پسپۆڕی هێناوە بۆ ڕێکخستنی سوپاکەی و مەشق پێکردنیان و چەکی نوێی بۆ هێناون ئەمەش بووبە هۆیەک لە هۆیەکانی ڕووخاندنی میرنشینیی بابان، چونکە کە عوسمانییەکان بەمەیان زانی ترسان لە پەرەسەندنی بابانەکان و زوو دەستی خۆیان وەشان. سەرچنار خوا نەیبڕێ ئێستا شارێکی گەورە و ڕازاوەی جوان و ئاوەدانە و پڕە لە خانووی جوان و ڕێک جگە لەوەی بەبۆنەی دارودرەخت و ئاوە زۆرەکەیەوە بووبە هاوینەهەوارێکی شاری سلێمانی و خۆشی بریتییە لە دوو سەرچنار.

سەرچناری ئەو دیو واتا بەدیوی ئاوەکەدا ئەوەی کە کارگەی چیمەنتۆی تێدایە و هاوینە هەوارە. سەرچناری ئەم دیوەیش بەدیوی قلیاساندایە[٤٩]. ناوی سەرچناریش هەر لەو سوورە چنارانەوە هاتووە ئەوانەی کە لە گوێ ئاوەکە بوون هەر چەندە (مستر ریچ) بە (سوورجینا) ناوی دەبات.

سەرا: بەبڕوای ئێمە سەرای ئێستای سلێمانی (شوێنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس) لە سەردەمی دوامیری بابان ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشادا بنیات نراوە، چونکە تا سەردەمی مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا هیچ باسێکی ئەم سەرایە نییە (مەبەستمان لە قەلا و قشلەکە نییە کە لە دواییدا باسیان دەکەین)، چونکە (مستر ریچ) کە بەوردی باسی زۆر شتی ئەو سەردەمەی کردووە کە هاتۆتە سلێمانی و هەرسێ مانگەکەی هاوینی ساڵی ١٨٢٠ی تێدا بەسەر بردووە و هەموو کەل و قوژبنێکی سلێمانی بەوردی گەڕاوە بەڵام هیچ باسی ئەم سەرایەی نەکردووە.

بۆیە دەڵێین ئەحمەد پاشا دروستی کردووە، چونکە ئەم پیاوە مرۆیەکی دنیادیدە و حەزی بە پێشکەوتنی وڵاتەکەی کردووە و ویستوویەتی ڕێکی بخات و بەهێزی بکات، لامان وایە هەر تەنها ئەمە لە میرەکانی بابان کە دەرەوەشی دیوە، گوایە لەکاتی خۆیدا چووەتە فرەنسا ژنێکیشی لەوێ هێناوە کە ناوی (فرنتی) بووە و گردی (فەرەنتی) ئیمڕۆ بەناوی ئەوەوەیە چونکە کە مردووە گوایە لەوێ شاردراوەتەوە. ئەمە لە شوێنی خۆیدا بە درێژی باس دەکەین.

ئەحمەد پاشا ڕەنگ هەیە لە بەینی ساڵەکانی ١٨٣٨ و ١٨٤٢دا بەردی بناغەی سەرای سلێمانی دانابێت. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کەمێک دەستی پێدا هێنراوەتەوە تاکو لە سەردەمی حوکمی عێراقدا هەمووی لە

---

٤٩. ئەم ئەمدیوە و ئەودیوە بەرامبەر بەشاری سلێمانییە، سەرچناری (کۆن) ئەودیویەتی و سەرچناری دیوی قلیاسان ئەمدیویەتی و ئێستا گەڕەکی (پیرەمەگروون)ی پێ دەڵێن.

بەینی ساڵەکانی (١٩٢١ – ١٩٢٤) سەرلەنوێ بە بەرد و گەچ دروست کراوەتەوە، ئیتر لەوە بەدواوە هەمیشە هەر دەستی پێدا هاتووە، تاکو لە پەنجاکاندا (ادارەی محلی) بەشێکی تری هەر لە حەوشەی سەرادا و بە تەواوەتی لە شوێنی (نادی عسکری) کۆندا دروست کرد (موتەسەریف یاخۆ پارێزگار) خۆی و (ئیدارە محلی) و چەند دایەرەیەکی تر گواستیانەوە ئەوێ. لە ساڵەکانی حەفتاکاندا دوای ئەوەی خانووی نوێی (موتەسەریف – پارێزگار)ی سلێمانی لەسەر گردەکەی ڕێگەی سلێمانی و کەرکووک تەواو بوو، خانووە کۆنەکەی (محافظ) بەرامبەر بە باخچەی گشتی کرا بە شوێنی دانیشتنی (محافظ)، دوای ئەوەی (سەرۆکایەتی دانشگا – رئاسەتی جامعەی سلێمانی چۆڵی کرد ئێستاش کە (ساڵی ١٩٩٠)یە بەشێکی تێک دراوە و سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و تاکو شوێنێکی وای لێ دەرچێت کە شایانی دانیشتنی (محافظ) بێت کە لێپرسراوی یەکەم و نوێنەری هەموو وەزارەتەکانە لە شارەکەدا.

– بەندیخانەی بابانەکان: بەندیخانە لەگەڵ گەرماو و ئاودەست لە بیناکانی (سلێمانی ئەولاغا)دا بووە، حەوزێکی گەورە لە حەوشی بەندیخانەکەدا هەبووە، شوێنەکەی کەوتبووە پشت ئەم سەرایەی ئێستای سلێمانییەوە نزیک بە مزگەوتی (بن تەبەق)، کە لەم دواییەدا مزگەوتی مەلا فەتحوللاشیان پێ دەوت. دوای بابانەکان و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەشێک لە (قشڵەی کۆن – دەبۆ کۆنەکە) بووبە بەندیخانە، تاکو دوای ئەوانیش لە سەردەمی شێخ مەحموودا ساڵی ١٩١٩ کە ئینگلیزەکانی گرت، هەر لە دەبۆ کۆنەکە بەندی کردن، بەڵام لە سەردەمی حکوومەتی عێراقدا بەندیخانە چووە سەراوە، لەم دواییەشدا بەندیخانەی تایبەتی لە ژووروی سلێمانیدا دروست کرا و تاکو ئێستاش هەر ئەوێ بەندیخانەی سلێمانییە.

– لەشکرگا (معسکر): وەک لەمەوپێش باسمان کرد لە شوێنی دووکانەکانی

ئێستای شارەوانی لەسەر شەقامی مەولەوی بەرەو مزگەوتی گەورە، ئەو بەرزاییەی کە ئێستاش ماوە و لەکاتی خۆیدا (دەبۆ کۆنەکە)یان پێ دەوت، نزیک بە حەمامی قشڵەی کۆن تاکو لە سەردەمی ئینگلیزەکان و شێخ مەحموودیشدا مایەوە و هەتا ماوەیەک وەک (لەشکرگا) بەکار دەهێنرا، بەڵام ئێستا شوێنەواری نەماوە. ئەم قشڵەیە، بە دروستکردنی قەڵایەک دەستی پێکرد لەلایەن مەحموود پاشای مامی برایم پاشاوە، پێش دروستکردنی شاری سلێمانی بە سێ چوار ساڵ، واتە ساڵی (١٧٨١) کە هێشتا جەمسەری میرنشینی (قەڵاچوالان) بوو، کەوا بوو ئەم قەڵایە، وەک (مەخفەرێک) دروست کرا و بێگومان پاسەوانیشی تێدا دانراوە، لەم قەڵایانە لە ڕۆخی زێی کۆیە لەلایەن کوێرە پاشاشەوە (حەمە پاشای ڕەواندز) زۆر دروست کران و هەندێکیان ئێستاش جێماویان دیارە. لەم دواییەدا تۆپی ڕەمەزان لەم شوێنە بەرزەی دەبۆ کۆنەکە دانرابوو، لەوێوە ئاگر دەدرا بۆ ئەوەی گشت دانیشتوانی شارەکە گوێیان لە گرمەی بێت، لەئێواران کاتی ئیفتار و لە پارشێودا کە دەتەقێنرا.

# هۆیەکانی فەوتانی میرنشینی بابان

## سیاسەتی عوسمانییەکان

وەک لەمەوپێش وتمان برایم پاشای[50] بابان دوای ئەوەی شاری سلێمانی دروست کرد. ئیتر قەلاچوالانی هێجگاری بەجێ هێشت، خۆی و دەستە و دایەرە و پیاو ماقولان و دۆست و خزم و بازرگان و کاسب و .... هەموو بەدوایەوە، ساڵی (١٧٨٤) ئەم شارە نوێیە بووبە جەمسەری قەڵەمڕەوی حوکمی بابانەکان و برایم پاشا یەکەم کەس بوو، کە لە سلێمانیدا حوکمی کرد، حوکمێک کە بە شێوە (مصطلح)ی ئەمڕۆ (ئۆتۆنۆمی – یاخۆ حوکمی زاتی) پێ دەڵێن. بەلام ئەم حوکمی (خۆبەخۆ)یە هەندێک جار بەری ئەوەندە فرەوان دەبوو، لەوەی دەکرد کە ولاتی بابان حکوومەتێکی نیمچە سەربەخۆ، یاخۆ هەر سەربەخۆی تەواو بێت و کەس حەقی بەسەریەوە نەبێت، ئەوە بوو جارێکیان، قەڵەمڕەوی حوکمی بابان گەیشتە (خانەقین و قەسری شیرین و بەدرە و جەصان)، نەخێر سەردەمێک وای لێ دەهات (پاشای سلێمانی) والی بەغدای لادەداو[51] لەجێی یەکێکی تری ناوزەد دەکرد و ئەمەش لە ئاستانەوە مۆر دەکرا، یاخۆ داوا لە پاشای بابان دەکرا کە خۆی ببێ بەوالی[52].

---

٥٠. لە راستیدا ئەم و ئەوانی پێش و پاش خۆی، هەمووی بەناوەکەی خۆیانەوە و ناوی بنەماڵەکەیانەوە (بابان) بەتەواوەتی یاخۆ بە کورتەوە کراوی (بەبە) ناودەبران واتا برایم بەبە بەلام ئەم (پاشا)یە (عوسمانییەکان) پێیان دەبەخشین، دوای ئەوەی لە لایەن ئەوانەوە بە (حاکم) دادەنران هەروەها (لقب)ێکی تریشیان پێ دەبەخشین ئەویش ( میری میران) بوو. ئەوترا (میری میران ئەوڕەحمان بابان)...

٥١ و ٥٢. هەردوو رووداوەکە لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای باباندا بوو، کە لەمەودوا باسی دەکەین.

جـاری واش هـەبوو ئـەم ئۆتۆنۆمـیـیـە ئـەوەندە تەسک دەکـرایـەوە و دەهاتەوە یەک، وات دەزانی ولاتی بابان پارچەیەکی ژێر دەستەی والی بەغدایە.

بێگومـان ئـەم بارودۆخـە بەگـوێرەی لێـهـاتوویی و ژیریی پـاشـای بـاباندا لەپێش هـەمـوو شـتێک، ئینجـا بە گـوێرەی بەهێـزی و لاوازی والی بەغـدا و هەندێک شتی تر دەگۆڕا.

ئەوەی لەسـەر پاشـای سلێـمـانی پێـویست بوو، بەدەنگەوە چوونی والی بەغدا بوو لەکاتی شـەڕدا، سـوپا بنێرێ بۆ یارمـەتیـدانی کە داوای دەکرد، ساڵە و سـاڵیش شـتێک خـەرجی بۆ ئاسـتـانە بڕوات، ئەوەش هەندێک جار ئەوەنـدە قـورس دەبوو لە ووزەدا نـەبوو. هـەندێ سـاڵیش ڕەمـەکی بـوو. هەر چۆنێک بێت لە ڕووی رامیارییەوە سوڵتان دانی بە میرنشینە کوردییـەکانی بەشـی ژووروویی عـێـراقـدا دەنا و فـەرمـانڕەوایشی دەدایە دەست بنەمـاڵە حاکمەکان (ولاتی بابان لە ناوچەی شارەزوور و سلێمانی) و (ولاتی سۆران لە ناوچەی رەواندز و هەولێر) خۆ ئەگەر بەولاتریشەوە بڕۆین (ولاتی بادینان لە ئامێدی و دهۆک و زاخۆ....) و (ولاتی شەمدینان لە هەکاری و دیاربکر) و (ولاتی بەدرخـانییـەکان لە جزیرەی أبن العـمـر). ئەوانەی عێـراق لە ڕووی کـارگـێـڕی و (تنظیـمی)یەوە سـەر بە والی بـەغـدا بوون. ئەمـەش وەک ئەو (تنظیمات)ەی لەگشت ولاتە ژێر دەستەکانی عوسمانیدا بوون کە هەموو بەم جۆرە بوون:

والی ژوور هـەمـوو دەزگـاکە بوو، (کەخـیـا یاخـۆ کتـخـدا - کەت خـودا) یاریدەدەری والی بوو، واتا دوای ئەو لە پلـەی کارگێڕیدا دەهات کە دەبوو بە پێـشـەوای سـوپا و لێـپـرسـراوی ئاسـایشی هـەمـوو ولایەتیش، لەولاوە (دەفـتـەردار)-یش هەبوو، کـە لـە شـوێنی وەزیری دارایی ئەم ڕۆژانـە بوو. (قازی)ش لەباتی وەزیری داد، ئەو دووانە (دەفتـەردار و قازی) ساڵی جارێک سـەریان لە (ئاسـتـانـە - ئەسـتـەمـبـوڵ) دەدا، ڕاپۆرتێکیـان لە بـابەت باری ولاتەوە پێشکێشی (باب العالی) دەکرد.

دەمێنێتەوە سەر (شعب - میللەت) و ئایا ئەو چ دەسەڵاتێکی لە کارگێڕی وڵاتدا هەبوو؟ بێگومان ئەوسا بەتایبەتی لەسەرەتاوە، سوڵتانەکان هەموو دەسەڵاتیان لەدەست خۆیاندا کۆ کردبووەوە و (حوکمی مطلق)یان دەکرد، لەم دواییەدا (ئەنجوومەنی نوێنەران - مجلسی مبعوثان) دامەزرێنرا.

میللەت لە ولایەتەکاندا هەندێ جار لە والی ڕاست دەبوونەوە و سکاڵانامەی گشتییان بە مۆرکراوی دەنارد بۆ سوڵتان یاخۆ (صدری أعظم - سەرەک وەزیران)، زۆرجار بە قسەیان دەکرا و والی لە ئەنجامی ئەوەدا دەگۆڕرا.

لە دەرەوەی بەغداش هەر (أیالە) یاخۆ (سنجق)ێکیش (حاکم)ێکی لێپرسراوی لە ڕووی سوپایی و ئابووری و شتی ترەوە هەبوو. والی بەغدا نەیدەتوانی بەسەر پاشا نشینەکاندا بە تەواوەتی زاڵ بێت و کەمەندکێشیان بکات، لەبەر ئەوە والی هەمیشە لە شەڕ و فیتنەنانەوە و شەڕی براکوژی دەگەڕا و سیاسەتە نەنگەویستە بۆگەنەکە (ناکۆکی بخەرەوە و زاڵ بە - فرق تسد)ی بەکار دەهێنا و ئەم ڕێچکەیە هەموو والییەکانی پێدا دەڕۆیشت.

ئەمە لە کاتێکدا کە سنووری خۆرهەڵاتی وڵاتی بابان، یاخۆ سنووری عێراق لەگەڵ ئێراندا زیاتر لە هەزار کیلۆمەترە بوو، (شا)کانی ئێرانیش ئەگەر لە والییەکانی بەغدا و سوڵتانەکانی عوسمانی خراپتر نەبووبن، هەرگیز باشتر نەبوون، بەڵکو ڕەنگ هەیە ئەمان هەندێ جار لە چاو ئێرانییەکاندا و لەبەر هەندێ هۆی ئاینی و مەزهەبی گەلێک باشتر بووبن، هەر چەندە لەهەمان کاتدا پیاو وەختە بڵێ چاک و خراپیان بە دۆڵیانی ئاشداچن. ئێرانییەکانیش هەر ئەو سیاسەتەی عوسمانییەکانیان بەکار دەهێنا و دووبەرەکییان دەنایەوە و لەشکر و سوپایان دەهێنایە سەر وڵاتی بابان و شەڕیان هەڵدەگیرساند، هەر بۆ ئەوەی لووت بژەنن کاروباری بابانەکانەوە. کە هەرچی فرتوفێڵ و درۆ و دەلەسەش هەیە بەکاریان دەهێنا بۆ مەبەستی خۆیان.

ئەم باسانەمان دوور و درێژ هێنایەوە، بۆ ئەوەی خوێندەواری بەڕێز

ئاگادار بێت، بۆ لەمەودوا کە باسی فەرمانڕەواکانی بابان دەکەین و هەر ئەوەندە دەزانی والی یەکێکیان لادەبات و یەکێکی تر دەهێنێتە شوێنی بەبێ هۆ تەنها بۆ ئەوەی وڵاتەکە دامەزراوی بەخۆیەوە نەبینێ و ئەویش چنگیان لێ تیژ کات بە ئارەزووی خۆی، بۆیە هەمیشە چ والیەکانی بەغدا و چ کاربەدەستانی عوسمانی و چ ئێرانییەکان لەوە دەگەڕان ئاگری ناحەزیی و ڕق و کینە و ناکۆکی لە بەینی ڕۆڵەکانی ئەم بنەماڵەیەدا بگەشێننەوە. بەوە پاشا لە کار دوورەوەخراوەکەیان ناچار دەکرد سەربکات بە کۆشی شا یاخۆ شازادەی ئێراندا کە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی مافەکەی خۆی چنگ کەوێتەوە چونکە بە خۆڕایی و ناحەق لابراوە، ئەو هێزەی ئێران دەهات ئەو میرەی والی عوسمانی دانابوو، لای دەبرد، ئەمی دەخستەوە شوێن، ئینجا ئەمی دووەم کە لابرا، دەچوو لەشکری والی دەهێنا بۆ ئەوەی بەسەر براکەیدا یا ئامۆزاکەیدا سەرکەوێتەوە، هەر کەسەش لەناو خۆیاندا دەستە و دایەرەی خۆیان هەبوو، کە هانیان دەدان بۆ گرتنی ئەم ڕێڕەوە. بێگومان ئەوانەش هەر دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون لەم گێرمە و کێشەیەدا. بەم جۆرە وڵات دەکەوتە ژێر دەست و پێی ئەم ناحەزانەوە، لەبەر ئەوە حەوانەوە و ئاسایشی بە خۆیەوە نەدەدی، باری ئابووری و کشتوکاڵ تا دەهات تێک دەچوو، دانیشتوان بە تەواوەتی دەستیان نەدەچووە ئیش و کارەوە. خۆ ئەگەر یەکێکی دڵسۆز و پاک لە بنەماڵەکەدا بیویستایە بناغەی ئاسایش و بووژانەوەی وڵات دابنێ، هەر ئەوەندە کە دەستی دایە کارەکەی، ئیتر دەستی چەپەڵ چ لە ژێرەوە چ بە ئاشکرا دژی دەوەستان و ئەوەی دەیکرد دەیان ڕووخان.

دە لەگەڵ ئەم هەموو نالەباری و ناهەمواریی‌یەدا، لە بەینی ئەم دوو ئاگرەدا، ئەم بنەماڵەیە توانییان چ لەپێش سلێمانیدا و چ لەدوای دروستکردنی شارەکە، ماوەی چەند سەدەیەک ئەو حوکمەی بەدەستیانەوە بوو لە کوردستانی ئێران و عێراقدا بیپارێزن و نەیەڵن دەست بێگانە بکەوێ. ئەمە لە

کاتێکدا کە ئێمە هەمیشە دان بەوەدا دەنێین کە تاکوتەرایەک لە بابانەکان کورسی چاوی کوێر کردبوون، بۆ ئەوەی بیگەنێ هەندێک کردەوەیان دەکرد بۆنی تاوانباری و دەست خستنە دەستی دوژمنەوەی لێ دەهات. بێگومان ئەو مۆری ناپاکییەش کە لە ناوچەوان درا هەرگیز ناسڕێتەوە، یەکێک لەوانە (عەبدوڵلا پاشا) بوو کە دوای ڕووخاندنی میرنشینی بابان، دەستی لەگەڵ عوسمانییەکاندا تێکەڵاو کرد و بەزەلیلی قبوڵی (قائمقام)یەتی سلێمانی کرد لە شوێنی خزمەکانی. ئەوی تریان ئەو (حەسەن بەگ)ەیە کە (ریچ) باسی دەکات[٥٣] کە چۆن والی بەغدا (داود پاشا) لە خشتەی برد، رایکێشایە بەغدا لە دژی (مەحموود پاشا)ی برای، لەدواییدا هەر داود پاشا بۆ بەرژەوەندی خۆی بەبێ هیچ مەرجێک (مساومە)ی لەسەر کرد و بە زەلیلی دایەوە دەست مەحموود پاشای برای کە ئەگەر ئەو پیاوە برایەکی خراپ بوایە، دەبوایە گورج هەڵیواسیایە، بەڵام بەپێچەوانەی خواستی والییەوە، لێی خۆش بوو. ئینجا کاتی ئەوە هات بێینە سەر فەرمانڕەواکانی بابان لە سلێمانی، کە بە گوێرەی دەنکی تەزبێح پێویستە لە بنیاتنەری شارەکەوە دەست پێ بکەین.

### برایم پاشای بابان (١٧٨٣ - ١٨٠٠)[٥٤]

برایم پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشای بابانە.

سلێمان ئاغا کە ( متسلم بصرە)یان پێ دەوت، دوای ئەوەی بووبە والی بەغدا، بەناوی (سلێمان پاشای گەورە)وە و[٥٥] دوای ئەوەی مەحموود پاشای بابان لەبەر هەندێک هۆی رامیاری، وڵاتی بەجێ هێشت، کە ئەوسا

٥٣. سەیری لاپەڕە (٧٥ - ٩٢) لە گەشتەکەی ریچ بکە.

٥٤. ئەو ساڵانە مەبەست لە پێگەیشتن و حوکمی پچڕپچڕیەتی.

٥٥. ئەم پیاوە (مملوک - بەندە)ی محەمەد ئەفەنی ناوێک بوو کە ئەویش (متسلم ماردین) بوو، وردە وردە سلێمان پێگەیشت تاکو بووبە والی بەغدا (١٧٨٠ - ١٨٠٢)، لە سەردەمی ئەم والیەدا زۆر شتی گەورە چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە ڕووی دا ئەمە لەگەڵ (سلێمان پاشا أبی لیلە)دا، جیایە.

پایەتەخت (قەڵاچوالان) بوو، لە ساڵی ١٧٨٣ (١١٩٨ک) برایم پاشای لەشوێن مامی دانا و پایەی میری میرانی پێ بەخشی. جا لەبەر ئەوەی برایم پاشا پیاوێکی لێهاتوو و وریا و زیرەک بوو، تەمەنێکی لە بەغدا بردبووە سەر، بەغدای ئەو ڕۆژەش وەک ئێستا جەمسەری زانیاری و ڕۆشنبیری بوو، ئەویش ئەو دەمە تێکەڵاوی کاربەدەستان و ناودارەکانی بەغدا و باڵیۆزەکانی دەوڵەتان دەبوو. هەواڵی گەلێک شتی لێ وەردەگرتن و فێر دەبوو، لەوانە دەنگوباسی شارە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمەی لێ دەبیستن و خۆشی لە ئەنجامی ژیانیدا بەو جۆرە لە بەغدا، حەزی بە پێشکەوتن دەکرد، بۆیە لەبەر ئەو هۆیانەی لەمەوبەر هۆنیمانەوە، قەڵاچوالانی بەجێ هێشت و هات سلێمانی دروست کرد و هێجگاری گواستیەوە.

وەک لە (کاک حەمەبۆر)مان[٥٦] بیستووە، گوایە دوای ئەوەی ژمارەکاری و لێکدانەوەی ئەستێرە شوناسەکان بڕیار دراوە کە سەری خانووبەرە دروست کراون و تەواو بوون، بە گوێرەی نەریتی ئەو ڕۆژەی ساڵی کۆچ (ساڵی ١١٩٩) کە ڕۆژی هەینی بووە و بە لێکدانەوەی کاک حەمەبۆر دەکاتە ڕۆژی چوارەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٨٤، لەبەر پیرۆزی و ڕووناکبینی (تفاؤل) لەو ڕۆژەدا بە ئاهەنگێکی گەورە کە لە شوێنێکی تردا بەدرێژی باس کراوە، گواستوویانەتەوە ناو سلێمانی. لەو گواستنەوەیەدا برایم پاشا لەژێر دەواردا لە دەشت نانێکی باشی دەرخواردی خەڵکەکە داوە و خۆی (وتەیە)کی داوە کە بۆچی قەڵاچوالانی بەجێ هێشت و هاتە سلێمانی، دوای ئەوە ناوی خوایان لێ هێناوە خۆیان کردووە بە شاری تازەدا.

---

٥٦. کە ئەویش لە (کوێخا ڕەشان)، کوێخای دێی (سپیارە)ی بیستووە کە ئەو دەمەی دیویەتی لە چلەکاندا تەمەنی سەد ساڵ زیاتر بووە، ئەویش گوایە لە باپیری خۆی بیستووە. ئەمەش وتارێک بوو لە ئاهەنگی (تێپەڕ بوونی دوو سەد ساڵ بەسەر دروستکردنی شاری سلێمانیدا) خوێندبوویەوە.

ئینجا بابزانین برایم پاشا دوای سلێمانی لەگەڵ والی بەغدا و لەگەڵ ئێراندا بەینیان چۆن بووە؟

یەکەم: لە ساڵی ١٢٠١ک (١٧٨٦ز) حاجی سلێمان بەگی شاوی جارێکی تر دژی والی بەغدا هەستایەوە، ئەویش داوای یارمەتی بابانەکانی کرد لە سلێمانی، بەڵام بەوەدا کە عوسمان پاشای کوڕی مەحموود پاشا نزیکتر بوو لەبەغداوە، ئەو زوو فریای والی کەوت و برایم پاشا چونکە دوورتر بوو درەنگ هاتە دەست، لەبەر ئەم هۆیە و قسەی پیاو خراپان والی، برایم پاشای لابرد و عوسمان پاشای ئامۆزای خستە جێی[٥٧].

دووەم: والی بەغدا سلێمان پاشا بە رەقی و لووت بەرزی دژی (مستەفا ئاغای متسلمی بصرە) و (شێخ ثوینی شێخی منتفق) وە دژی (شێخ حموود ثامر) وەستابوو، عوسمان پاشا و حاجی سلێمان بەگی شاویش چوونە کۆڕی ئەوانەوە کە دژی والی بوون، شاوی زوو پەشیمان بووەوە و لە ساڵی ١٧٨٨دا سەری کرد بە کۆشی والیدا وە هەرچی نهێنی گەلەکۆمەکییەکە بوو، هەمووی پێ وت و ئەو نامانەی ئاڵوگۆڕ کرابوون لە بەینیاندا، هەموویانی دایە دەست والی ئەویش لە سلێمان بەگ خۆی بورد و بەڕوو پێدان و قسەی خۆش عوسمان پاشای کێش کردە بەغدا و لەژێرەوە رای سپارد قاوەی ژەهراوییان بۆ هێنا ئەویش خواردییەوە و مرد و ئێستا لە گۆڕستانی (امام اعظم) لە بەغدا نێژراوە ئەو دەمە (ئەورەحمان بەگ – برای عوسمان پاشا) جێگری برایەکەی بوو، بەڵام والی لە ساڵی ١٧٨٩دا ئەورەحمان بەگی بانگ کردە بەغدا هەندێک ناوچەی بۆ تەرخان کرد کە بەرهەمی بێنێ و لەسەری دانیشێ بۆ جاری دووەم میرنشینی بابانی دایەوە دەست برایم پاشا ئەمەش ساڵێکی نەبرد دیسانەوە والی برایم پاشای بەبێ هۆ لابردەوە بردیە بەغدا لەوێ هەندێ ناوچەی دایێ کە بەرهەمەکەی بخوات

---

٥٧. (تاریخ السلیمانیة) ل ٩٧ – ٩٨ لە (مختصر مطالع السعود)ەوە وەرگیراوە.

و لەساڵی ١٧٨٩دا ئەوڕەحمان بەگی ئامۆزای خستەوە جێگای، دوای ئەوەی رتبەی (میری میران)ی[٥٨] پێ بەخشی.

سێیەم: ئەوڕەحمان پاشا نزیکەی هەشت ساڵ حوکمی کرد تاکو لە ساڵی ١٢١٢ک (١٧٩٧ز) والی بانگی کردە بەغدا و برایم پاشای لە شوێن دانایەوە، برایم پاشا هەر مایەوە تا ئەم والیەش مرد و لە ساڵی ١٨٠٠دا عەلی پاشای زاوای هاتە شوێنی، کە ئەویش لەگەڵ هاتنیدا دەستی کرد بەلێدانی شێخەکانی عەرەب و یەزیدییەکان، برایم پاشای بە لەشکرێکەوە ناردە سەر ناوچەی یەزیدییەکان، لەو سەرەوە کە گەڕایەوە نزیک مووسڵ کوترپڕ نەخۆش کەوت و فرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و هەر لەوێ بەتەنشت مەرقەدی یونس پێغەمبەرەوە شاردرایەوە.

**ئەوڕەحمان پاشای بابان ( ١٧٨٩ - ١٨١٣ )**[٥٩]

ئەمیش کوڕی مەحموود پاشا کوڕی خالید پاشایە و دەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە. ئەم پیاوە لە ماوەی (٢٤) ساڵدا گەلێ جار هاتە سەر کار و لابرا لە ڕاستیشدا دەتوانین بڵێین ئەم میرە بەهێزترین و ئازاترین میری بابان بوو[٦٠]، مرۆیەکی وریا و دووربین و دوور لە کەللەشەقی و کەف و کوڵ و هەڵچوون، تاکو جارێکیان داوای لێ کرا کە ببێت بە والی بەغدا، بەڵام وەڵامەکەی ئەمە بوو کە (هەرچەندە بەوە دەبم بە وەزیرێکی گەورە، بەڵام دیمەنی شاخە بەفراوییەکانی وڵاتەکەم گەلێک لا شیرینتر و بەرزترە لە شوێنی مەلیک).[٦١]

ئینجا دەکەوینە باسی ئەم پیاوە گەورەیە و باسی ژمارەی لابردن و

---

٥٨. (تاريخ السليمانية) ل ١٠٢ - ١٠٣ لە (مختصر مطالع السعود)ەوە.

٥٩. ئەمیش هەر مەبەست لە ماوەی حوکمی پچڕپچڕیەتی.

٦٠. بێ ئەوەی لە ڕێزی ئەوانەی تر کەم بکەینەوە.

٦١. (تاريخ السليمانية) ل ١٣٣ لە کتێبەکەی (ریچ)ەوە.

هێنانەوەی و گەڕپێکردنی، بۆ ئەوەی بزانین والییەکانی بەغدا چ جۆرە سیاسەتێکیان دەگرتە بەر و چییان دەکرد.

وەک باسمان کرد بۆ یەکەم جار ئەوڕەحمان بەگ ساڵی ١٧٨٩ پلەی میری میرانی پێ بەخشرا، تاکو والی لە ساڵی ١٨٩٧دا بانگی کردە بەغدا و چوار ساڵ لەوێ هێشتیەوە، لەوێوە ناردیە (حلە) دەستبەسەر داینا، تا سلێمان پاشای والی مرد و عەلی پاشای خزمی هاتە جێی، ئەم عەلی پاشایە لە ساڵی ١٨٠٣دا ئەوڕەحمان پاشای هێنایەوە و بۆ ساڵی دوایی (١٨٠٤) لەسەر داوای والی، ئەوڕەحمان پاشا بە لەشکرەکەیەوە ڕووی کردە (بەسرە و زبێر) بۆ بەرهەڵستی (وەهابی)یەکان، هەر چەندە زۆر لە لەشکرەکەی لە گەرما و تینوێتیدا خنکان بەڵام بە سەرکەوتوویی یەکسەر بۆ سلێمانی گەڕایەوە بێ ئەوەی لابداتە لای والی و دەشیزانی والی ئەمە دەگرێتە دڵ، بۆیە ئەویش خۆی بۆ ئامادە کرد لە دەربەندی بازیاندا، هەر واش بوو، چەند ڕۆژێکی نەبرد سوپای عەلی پاشا هات و خالید بەگی برای برایم پاشا و ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا خۆی لەگەڵیاندا، لەوێدا شەڕێکی گەرم هەڵگیرسا، ئەوڕەحمان پاشا بۆ ئەوەی زیاتر خەڵک نەدا بە کوشت و وڵات وێران نەبێ بەرەو سلێمانی گەڕایەوە و لەوێوە بۆ (سنە) و میرنشینی بابان بەم جۆرە درایە دەست خالید پاشا کە پلەی میری میرانیشی پێ بەخشرا، بەڵام ئەم خالید پاشایە ساڵێکی تەواو نەکرد، ئێران بە خواهیشت و بە شەڕ و بە ناچارکردنی والی، ئەوڕەحمان پاشای خستەوە شوێنی خۆی، ئەمەش لە ساڵی ١٨٠٦دا بوو[٦٢] دوای ئەوە بە ساڵێک ئەم عەلی پاشایە لە ساڵی (١٨٠٧)دا کوژرا و سلێمان پاشای بچووک هاتە شوێنی، لەو کاتەدا ئەوڕەحمان پاشا نەچوو بۆ بەغدا بۆ پیرۆزبایی ئەم کابرایە، ئەویش ئەمەی گرتە دڵ، بەتایبەتی کە خالید پاشا لە کەرکووکەوە چوو بۆ پیرۆزبایی و

٦٢. (تاريخ السليمانية) ل ١١٥.

تکای لێ کرد کە بینێرێتەوە سلێمانی.

والی لە ساڵی ١٨٠٨دا لەشکرێکی ناردە سەر سلێمانی، ئەوسا ئەوڕەحمان پاشا لە دەربەندی بازیان بە لەشکرێکی دە هەزار کەسییەوە بەرەنگاری بوو والی کە زانی هیچی بۆ ناکرێ، ناچار ئەوڕەحمان پاشای لە ساڵی ١٨٠٨دا خستەوە شوێنی خۆی، دوای ئەوەی دیارییەکی باشیشی بۆ نارد، بەڵام بە هاتنی سوڵتان مەحموودی دووەم (١٨٠٨ – ١٨٣٩) و گوناهبارکردنی سلێمانی بچووک بە سەرکێشی، فەرمانی لابردنی درا و (حالت ئەفەنی) کە کاربەدەستێکی گەورەی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانی بوو[٦٣] نێررا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سوڵتان و لابردنی والی، سلێمانی بچووک گوێی نەدایە کەوتە شەڕەوە، حالت ئەفەنی داوای لە ئەوڕەحمان پاشا کرد کە فریای کەوێ، ئەویش بە لەشکرەوە هات، دوای شەڕێکی گەرم سلێمانی بچووک کوژرا و ئەوڕەحمان پاشا دەستی گرت بەسەر بەغدادا، ئەوسا حالت ئەفەنی ناچار کرد کە (عەبدوڵلائاغای خەزنەدار) کە دۆستی ئەوڕەحمان پاشا بوو دانێ بە والی. ئەوڕەحمان پاشا ئەم کابرایەی بەشتێکی ئەوتۆ نەدەزانی، چونکە خۆی داینا بە والی، بۆیە ئەمیش ئەمەی گرتە دڵ، لە پێش هەموو شتێکدا، سەرۆکی ئینکشاری)[٦٤] یەکان و کەتخودای لابرد کە لەوە پێش لەسەر قسەی ئەورەحمان پاشا دانرابوون، ئینجا لەشکرێکی ناردە سەر ئەوڕەحمان پاشا و لە ساڵی (١٨١٢)دا لە کفری بەرەنگارییەک بوون، ناچار ئەوڕەحمان پاشا کشایەوە بۆ کۆیە و جارێکی تر خالید پاشای ئامۆزای لەشوێنی دانرایەوە[٦٥].

---

٦٣. (دوحة الوزراء) شێخ رەسوولی کەرکووکلی ل٢٤٤ و(حكم المماليك في العراق) ل٧٤-٧٦.

٦٤. سەیری (حكم المماليك) علاء موسى كاظم نورس ل ٨٢ – ٨٤ و (تأريخ السليمانية)ی محەمەد ئەمین زەکی ل ١٢٤ – ١٢٥ بکە.

٦٥. (تأريخ السليمانية) ل ١٢٦ – ١٣٠.

بەڵام والی، بۆ ئەوەی شازادە محەمەد عەلی میرزا شای ئێران لووت نەژەنێتە کاروباری و وڵاتی بابان و کەرکووک و شوێنەکانی تری عێراقەوە، ئەوڕەحمان پاشا کە ڕووی تێ کردبوون، ئەویش بۆ ئەوەی وڵات نەکەوێتە ژێر پێی لەشکری ئێران و والی، بۆیە بە خۆشی داوای لە والی کرد کە بیگێڕێتەوە، ئەویش گورج بە قسەی کردەوە و گێڕایەوە شوێنی خۆی. بەڵام چونکە ئەوڕەحمان پاشا، ئەو والیەی هەر بە هیچ نەدەزانی و گوێی نەدەدایە، بۆیە ئەویش جارێکی تریش لە ساڵی (١٨١٢)دا لای بردەوە و خالید پاشای ئامۆزای لە شوێن دانایەوە.

ئەوڕەحمان پاشا لە ئەنجامی ئەمەدا جارێکی تر سوپای کۆکردەوە لە ساڵی ١٨١٢دا کە بدات بەسەر بەغدادا و لەگەڵ سوپای والی لە کفری پەلاماری یەکیان دا و هێزی بابانەکان لە سەرەتاوە پێشکەوت بەڵام لە دواییدا هێزی والی بەغدا خۆی گرتەوە و شوێنی قایم کرد، بەوە سوپای بابان شکاو ئەوڕەحمان پاشا ڕووی کردەوە ئێران، شازادەش ئەمەی لە خوا دەویست، هەر بۆ ئەوەی لووت بژەنێتە کاروباری کوردستانەوە بۆیە سوپایەکی بۆ ئامادە کرد، بەڵام دیسانەوە بۆ ئەوەی شەڕ نەبێتەوە، هەردوولا ڕێک کەوتن و ئەوڕەحمان پاشا دانرایەوە[٦٦]. بەم جۆرە ئەوڕەحمان پاشا مایەوە تا لە ساڵی ١٨١٣دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و لە مزگەوتی گەورە نێژرا و ئێستاش گۆڕەکەی کەوتووەتە ناو (صحن)ەکەوە.

کەوا بوو ئەورەحمان پاشا بەم جۆرەی لە خوارەوە نووسیومانە بۆ شەش جار لا براوە و هاتووەتەوە:

---

٦٦. (تأريخ السليمانية) ل ١٣١-١٣٢ ئەوەی شایانی باسە دەرسی لە مزگەوتی گەورەشدا شان بەشانی شێخ مارفی نۆدێ دەوتەوە.

| بۆ جاری | ماوە/ساڵ | ساڵ (ک) | ساڵ (ز) |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٨ | ١٢١٢-١٢٠٤ | ١٧٩٧-١٧٨٩ |
| دووەم | ٢ | ١٢٢٠-١٢١٨ | ١٨٠٥-١٨٠٣ |
| سێیەم | ٢ | ١٢٢٣-١٢٢١ | ١٨٠٨-١٨٠٦ |
| چوارەم | ٣ | ١٢٢٦-١٢٢٣ | ١٨١١-١٨٠٨ |
| پێنجەم | چەند مانگێک | ١٢٢٨-١٢٢٨ | ١٨١٢-١٨١٢ |
| شەشەم | ١ | ١٢٢٩-١٢٢٩ | ١٨١٣-١٨١٣ |

واتە ئەو ماوەیەی ئەوڕەحمان پاشا حوکمی کردووە شازدە ساڵ بووە، جا وەک هەندێک سەرچاوە باسی ئەم پیاوە دەکات و وەک خۆمان بۆمان ڕوون بووەتەوە، ئەم تێبینییانەمان لەسەریەتی:

یەکەم: کەم یا زۆر حەزی لە کورسی میرنشینی کردووە و لەسەر ئەوە چەندەها جار وڵاتەکەی کردووە بەژێر دەستوپێی لەشکری بێگانەوە، لەوە نەبوونی و گرانی و نەخۆشی کەوتووەتەوە. هەروەها لەگەڵ شێخەکانی (منتفق)دا ڕێک دەکەوت دژی فلان والی ، یاخۆ بەسەریاندا دەشکایەوە بە قسەی والییەکی تر.

دووەم: دەسەڵاتی بەرامبەر فرۆفێڵ و ساختەکاری والییەکانی بەغدا نەبوو، ئەوانەی کە خزم و ئامۆزایان لێ هەڵدەگێڕاوە هەر چەندی کرد نەیتوانی وڵاتەکەی لەژێر ئاڵای ئاسایشدا بحەوێنێتەوە و دامەزراو بێت و خەڵکەکە خەریکی کاسبی و کشتوکاڵ بن، زۆریش دەستی یارمەتی بۆ دانانی فلان والی درێژ دەکرد، هەر بۆ ئەوەی بێڵن خۆی و وڵاتەکەی بە ئاسوودەیی بژین، بێ سوود بوو، ئەوانە هەر کە بە مەبەستی خۆیان دەگەیشتن وەک دووپشک چزوویان لێ هەڵدەگێڕایەوە.

سێیەم: لووت ژەننە کاروباری کوردستان، لەلایەن ئێرانییەکانەوە و

ئەنجامی ئەمەش هەمیشە پێشێلکردنی وڵات و میللەت بوو، جگە لەوەی بە شێوەیەکی لاوەکی کارکردنە سەر کاروباری دەوڵەتی عوسمانیشی دەگرتەوە.

چوارەم: دەیویست سەربەستیی وڵاتەکەی بهێنێتە دی، بەوەی یەکسەر بە ئاستانەوە ببەسرێت و پێوەندی بە والی بەغداوە نەبێت، هەندێک دەڵێن چاویشی لە والیەتی بەغداوە بووە، هەندێکی کەش وەک (ریچ) کە دەڵێت کردوویانە بە والی بەغدا و خۆی قبووڵی نەکردووە.

دەیەکێکی وەک ئەمین زەکی بەگ لە باسی ئەم پیاوەدا ئەوەتا دەڵێ: (ئەم میرە لە هەموو میرەکانی تری بابان ئازاتر و تواناتر بووە... گشت مەرجێکی حوکمی تێدا بووە، بەڵام خیانەتی خزمەکانی و فرۆفێڵی والییەکانی بەغدا و پیسی شازادەکانی ئێران و ناگزووری شوێنی جوغرافیایی وڵات و ئەو شتانەی روویان دەدا، ئەمانە هەموویان بوون بە کۆسپ نەیان هێشت بە ئاواتی خۆی بگات، ئەگینا تا بڵێی ئەم پیاوە مرۆیەکی لە خواترس و زانا و ڕێزی پیاوی ئاینی دەگرت و زانست و زانایانی خۆش دەویست، گیانێکی نەتەوایەتی هێجگار بەرزی هەبوو، لە بەسەرهات و شەڕەکانیدا توانایەکی بێ وێنەی بووە، بەڵام بەدبەختی و (زۆریی چاو) لە شوێنەکەی نەیانهێشت بە ئامانج بگات)[٦٧].

حوسێن نازم بەگ لە بابەت ڕەوشتی بەرزی ئەم پیاوەوە دەڵێ: (مەلا محەمەد ئەمین ناوێک لە تاو قەرزاری دەست دەکا بە قسە پێ وتنی پاشا، بەڵام ئەو وەنەبێ لەمە ڕقی هەستابێت، بەڵکو زوو چووە قەرزەکانی ئەو پیاوەی داوەتەوە).

هەروەها باسی دەزگیرانەکەی حەماغای دەربەند فەقەرە دەکات کە ئەوڕەحمان پاشا داوای کردبوو و دابوویانێ، بەڵام کە حەماغا قەسیدە

---

٦٧. تأريخ السليمانية. محمدامين زكي.

بەناوبانگەکەی بۆ دەنێرێ و دەیخوێنێتەوە، (میرزام تەوارێ، میرزام تەوارێ – شیروانی بازێ، تەڕلان تەوارێ) گورج دەست لە کچە هەڵدەگرێ و بە هەموو جیازیەکەوە پێشکێشی حەماغای دەکاتەوە، دوای ئەوەی بۆی تەلاق دەدا[٦٨].

هەروەها (ریچ) بەرامبەر بەم پیاوە دەڵێت (سەردەمێک ئەوڕەحمان پاشا ویستی، چ باجێک دەکەوێتە سەر وڵاتەکەی، یەکسەر بیدا بە (ئاستانە) و پێوەندی بە والی بەغداوە نەمێنێ و تەنها فەرمان لە سوڵتان خۆی وەربگرێ، بەڵام بۆی نەچووە سەر)[٦٩].

هەروەها (ریچ) دەڵێت: (ئەوڕەحمان پاشا ئەوە نەبوو کە زۆر حەز بە سەپاندنی تەنها قسەی خۆی بکات... چونکە لە سەردەمی ئەودا بوو کە عەشرەتی جاف سەرفراز کرا لە کوردستاندا، کە خۆیان کاروباری عەشرەتەکە بەرن بەڕێوە)[٧٠].

ئەوەش شاعیری گەل (عەلی بەردەشانی)[٧١]، کە لە قەسیدەیەکی دوور و درێژدا ستایشی ئەوڕەحمان پاشا و بڕوای قایمی بە یەزدان و چاکە و ڕەوشتی بەرزی و ملکەچی لەڕاست ئەوانە لە خوار خۆیەوەن و ئازایەتی بێ وێنەی، کە هەموو لەو قەسیدانە دەردەکەون کە لە شەڕەکەی دەربەندی بازیاندا وتوونی:

پاشای بابان جیهانگیری　　ڕەنگ رۆستەمی زاڵی پیری
رانابوێرم بە فەقیری　　ناکەم خزمەتی وەزیری
نانی دەستێنم بە شیری

---

٦٨. (رحلة ریچ) ل ٦٨.

٦٩ و ٧٠. (رحلة ریچ) ل ٩٦.

٧١. خەڵکی بەردەشانی لای (بنگرد) بووە، شیعرەکانی زۆری خوێن بزوێن و شێوەی (داستان) و هەندێ جار رەخنەشی لە پاشا گرتووە.

بەشیر نەبێ قەت پێک نایە          سوێندم خواردووە بە وەڵڵایە
ناچمە سەفەری ئەحسایە          یاخی دەبم لە بەغدایە

هەروەها ئەوە دەردەخات کە پاشای بابان هەڵناخەڵەتێ و سەر بۆ کەس دانانەوێنێ دەڵێ[٧٢]:

دای دەگرت ئەوساڵ زستانێ          سوێندی خواردووە بە قورئانێ
دامەزرێنم خانەدانێ          خەیاڵە بچمە تارانێ
سوار چاکی دەدان لە سانێ

دوای ئەوە رەخنەش لە پاشا دەگرێ و پێی دەڵێت:

باقی دنیا کەس نەیبرد          ئەو ئەورەحمان پاشای کورد
بەخۆوە بە لەشکری خورد          پاشا بوو سەهووی دەکرد
هەتا بەغدایی نەبرد

جگە لەوانە مامۆستا عەلاء کازم نەورەس دەڵێت[٧٣]: (بابانەکان لە سەردەمی ئەورەحمان پاشادا گەیشتنە ئەو پەڕی پایە بڵندی...).

جا ئەگەر لووت ژەننی ئێرانییەکان و داواکاریی ناپەسەندی والییەکانی بەغدا نەبوونایە، بێگومان ئەم پیاوە لە خواترسە زانا ژیرە ئازایە وڵاتی دەخستە بارودۆخێکی دامەزراوی و ئاسوودەیی و ژیانێکی خۆشەوە.

---

٧٢. د. عیزەدین مستەفا رەسوول - گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات - زانکۆی بەغدا. ژمارە (١٦) ١٩٧٣ ل ٣٨. ئەم بەیتە کە بە (بەیتی ئەورەحمان پاشای بابان) بەناوبانگە زۆرە، نەمانتوانی لەو چەند نموونەیە زیاتر لێرەدا بنووسین کە مەبەست دەدەن بە دەستەوە.

٧٣. مامۆستایە لە زانکۆی بەغدا دانەری کتێبی (حكم المماليك في العراق)ە ل ٢١٥ - ٢١٦.

## مەحموود پاشای بابان (١٨١٣ - ١٨٣٤)[٧٤]

مەحموود پاشا کوڕە گەورەی ئەوڕەحمان پاشایە[٧٥] دوای باوکی و لە سەردەمی (سەعید پاشا کوڕی سلێمان پاشا)ی[٧٦] والیدا، بوو بە حاکمی وڵاتی بابان، بەڵام دوای ئەوەی سەعید پاشا لە والییەتی خرا و دوای ئەوەش کوژرا، داود پاشای بەناوبانگ (١٨١٦-١٨٣١) هاتە شوێنی ئەویش بەیارمەتی مەحموود پاشا چونکە داود پێش ئەوە هاتە سلێمانی و هاوین لای مەحموود پاشا مایەوە، هەتا هەموو شتێکی بۆ ڕێکخست، بەڵام ئەو کابرایە ئەمانەی لە بەرچاو نەبوو. جا با بزانین مەحموود پاشا چەند جار لابرا و، چەند جار هاتەوە و خۆی سەپاندەوە:

یەکەم جار: لە سەردەمی والی سەعید پاشادا و لەسەر قسە و تێچێنی کابرایەکی وەک (حمادي أبن عقلين) لابرا و عەبدوڵڵا پاشای مامی خرایە شوێنی، بەڵام کە داود پاشا هات، مەحموودی گەڕانەوە شوێنی خۆی.

دووەم جار: لەبەر ئەوەی مەحموود لە والی پشت ئەستوور نەبوو، نەیدەوێرا، بە تەواوەتی پێوەندی لەگەڵ ئێران ببڕێ تاکو لە گێچەڵ و شەڕفرۆشتنیشیان بە دوور بێت، لەسەر ئەوە داود پاشا، لای بردو (حەسەن بەگ)ی برای خستە شوێنی، بەڵام مەحموود هێزی شازادە محەمەد عەلی میرزای لە ئێرانەوە هێنا و هێزی والی بەغداش بە یارمەتی عەبدوڵڵا پاشای بابان هات لە کەرکووک بەرامبەر یەک وەستان لە ئەنجامدا، داود ناچار بوو مەحموودی دانایەوە.

---

٧٤. دیسانەوە ئەم ماوەیەی حوکمی ئەمیش بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بوو لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەمەوپێش پیشانمان دان.

٧٥. کە باسمان کرد.

٧٦. ئەم والییە، شێت و شەیدای (مملوک)ێک بوو کە (حمادي ابي عقلين)یان پێ دەوت، هەرچی ئیشوکاری دەوڵەت هەیە تەسلیمی ئەم کابرایەی کردبوو.

سێیەم جار: محەمەد عەلی میرزا قسەی بە عەبدوڵڵا پاشای بابان دابوو کە لەسەر تەختی سلێمانی دایبنێ، بۆیە هێزێکی دایە هێنای و لەولایشەوە داود هێزێکی ناردە دەربەند لە ئەیلوولی ١٨٢١دا و سوپای عەبدوڵڵا پاشاش لە شارەزوورەوە بەیارمەتی کەیخوسرەو بەگی جاف هاتن، لە (قەرەگول) سوپای هەردوولا دایان بە یەکدا، دوای ئەوەی سوپای بابان و کەتخودا نەخۆشییان تێ کەوت، بۆیە ئەمان شکان و مەحموود لابرا و عەبدوڵڵای پاشای مامی لە شوێنی دانرا، بەڵام ئەم جارە مەحموود بە یارمەتی داود پاشا و والی دیاربەکر هات لە کەلی (سەگرمە) لەگەڵ سوپای عەبدوڵڵا پاشا لە یەکیان دا وساڵی (١٨٢٢) مەحموود گەڕایەوە سەر تەختی پاشایی.

چوارەم جار: ئەم ڕۆژگارە زۆری نەبرد چونکە نەخۆشی ڕشانەوە بڵاو بووەوە، بە جۆرێک زۆری خەڵکەکەی لە ناو برد و ئەوانی سەری خۆیان دەرکرد، ڕایان کردە چیاکان، ئا لەم کاتە پڕ سەغڵەتی و ناهەموارەدا عەبدوڵڵا پاشای مامی (بەداخەوە) بە فرسەتی زانی، سوپای ئێرانی هێنایە سەر سلێمانی، مەحموودیش نەیدەتوانی بەرەنگارییان بکات، لەبەر ئەوە بە ناچاری ڕووی کردە کەرکووک و لەسەر تکای شازادە، داود پاشای والی، عەبدوڵڵا پاشای لە سلێمانی دانا، بەڵام مەحموود، عوسمانی برای ناردە لای عەبباس میرزای (میرزادە – ولی عهد) کە لە (تەورێز) بوو، ئەویش سوپای دایە و هاتن عەبدوڵڵا پاشایان دەرپەڕانەوە و مەحموودیان لە ساڵی ١٨٢٣ لە جێ دانایەوە.

پێنجەم جار: بێگومان ئەم هاتنەوەیەی مەحموود بە یارمەتی ئێران، شتێکی قورسە بەلای والییەوە و بۆی قووت ناچێ، بۆیە ئەم جارە داود پاشا بە تێچاندنی حەمە پاشای ڕەواندز (کوێرە پاشا) کە ئەویش سوپای گەیاندە (قەمچوغەی لای سووورداش) و مەحموودیش بە یارمەتی ئێران سوپای ڕەواندزی گێڕایە دواوە. لەم ساڵەدا کە (١٨٢٤) بوو، سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشا کە لە کرماشان مرد و هەروەها خالید پاشای کوڕی ئەوڕەحمان

پاشا، مەحموود لاشەی براکەی کە خالید بوو لە مزگەوتی گەورە شاردەوە، بەڵام داود هەر وازی نەهێنا، ئەم جارە محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشای (برازای) بەهێزێکەوە ناردە سەری. مەحموود توانای بەرگری و شەڕی نەمابوو، وڵاتەکەی وێران بووبوو. ناچار ڕووی کردە (قزڵجەی لای پێنجوین) و لەوێوە عوسمانی برای ناردەوە بۆ ئێران بۆ داوای یارمەتی، ئەوانیش زوو بەدەنگیەوە هاتن، ناچار محەمەدی کوڕی خالید پاشا سلێمانی بەجێ هێشت و لە ساڵی ١٨٢٥دا ڕووی کردە کەرکووک.

شەشەم جار: لە کاتێکدا کە مەحموود خەریکی دەرپەڕاندنی سوپای حەمە پاشای ڕەواندز بوو لە ناوچەی سووروداشدا، ئەم جارە سلێمان بەگی برای مەحموود پاشا، دەستی خۆی وەشاند و هەندێک لە سوپای کاکی هەڵگێڕایەوە و هات لەسەر کورسیەکەی براکەی دانیشت. کاکیشی ئەمجارەش پشتی بە ئێران بەستەوە و هێزێکی لە ئەردەڵانەوە هێنا و سلێمانی سەندەوە و سلێمانی برای کشایەوە بۆ (گڵەزەردە) ئەویش وازی لێ هێنا و دوای نەکەوت.

حەوتەم جار: سلێمان بەگ هەر وازی نەهێنا دیسانەوە لەژێرەوە کنەی لە سوپای کاکیدا کردەوە، تا ئەمجارە، بەهۆی ئەو هێزەوە مەحمووودی دەرپەڕاندەوە، مەحموودیش چووە بۆ ئێران، سوپای لەوێوە هێنا، سلێمانی پێ دەرپەڕانەوە. سلێمان چوو بۆ زەهاو لەوێوە داوای لە داود پاشای والی بەغدا کرد کە یارمەتی بدا، داود زوو پلەی (میری میران)ی پێ بەخشی و یارمەتی دا.

هەشتەمین جار: سوپای مەحموود و سوپای والی بەغدا لە (قەرەگول خوار عەربەت لەسەر چەمی تانجەرۆ) لە یەکیان دا، مەحموود شکاو ڕووی کردەوە ئێران. لەوێوە سوپای (عەباس میرزای جێنشین)ی هێناو لە ساڵی ١٨٣٠دا دەستی گرتەوە بەسەر سلێمانیدا و سلێمان پاشاش ڕووی کردە

زەنگاباد و لەوێوە سەری کردەوە بە کۆشی والی داود پاشادا.

نۆیەم جار: سوپای والی هات مەحمموودی دەرپەڕاندەوە ئەویش ڕووی کردەوە ئێران و سوپای (عەباس میرزا)ی هێناو لە ناڵپارێز لەگەڵ سوپای سلێمان پاشادا لە یەکیان دا و مەحموود بە پاشایی لە ساڵی (١٨٣١)دا گەڕایەوە سلێمانی.

دەیەم جار: سلێمان پاشا چوو بۆ کفری لەوێوە سوپای والی هێنا، مەحمموودی دەرپەڕاندەوە، ئەم جارە مەحموود هیچی بۆ نەکرا، بۆیە ڕووی کردە ئاستانە، بەم جۆرە ڕۆژگاریش خۆی دا لە (١٨٣٤).

بەو باسانەدا کە لەمەوبەر خستمانە پێش چاو[٧٧] ئەم شتانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

یەکەم: زیادکردنی دەستدرێژی و لووت ژەننی ئێرانییەکان لە کاروباری وڵاتی باباندا.

دووەم: سەوزبوونی تۆوی براکوژی ناو بابانەکان بە جۆرێک کە وێنەی نەبووبێت، ئەویش بەهۆی بێ دەسەڵاتی مەحموودەوە، یاخۆ ڕاستتر بەهۆی لێبوردن و هەست و بەزەییەوە بەرامبەر بە برا و خزم و کەسوکاری، کە ئەمەش لە سیاسەتدا هەندێ جار ئەنجامی پێچەوانە دەدا بە دەستەوە، دەسا هەرواش بوو کە دیمان.

سێیەم: ڕق هەستانی والی بەغدا بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ ناو کوردستان.

چوارەم: سەرهەڵدانی هێزی حەمە پاشا لە ڕەواندزدا، کە کاری دەکردە سەر ڕووداوی ناوچەکە، دوای ئەویش کاری هێزی پێگەیشتووی عەشیرەتی

---

٧٧. کە سەرچاوەکانی محەمەد ئەمین زەکی (تأريخ السليمانية و أنحائها) و (عبدالعزيز نوار) لە (تاريخ العراق) و شێخ محەمەدی خاڵ لە (الشيخ معروف النودهي البرزنجي) بوون.

جاف له هەندێک ڕووداودا.

بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی بارودۆخی ئەوسای سلێمانی و ڕەوشتی مەحموود پاشا، بێگومان سەرچاوەمان لە کتێبەکەی (ریچ)[78] بەهێزتر دەست ناکەوێ، کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لە سەردەمی پاشایەتی مەحموودا چووەتە سلێمانی و نزیکەی سێ مانگ لەوێ ماوەتەوە، هەر چییەکی بینیوە بە وردی نووسیویەتی، چونکە ئەو تێبینییانەی ئەو (سەرخاڵ - رؤوس النقاط) بوون، فریای ئەوە نەکەوتووە لە نووسینەوەیدا جارێکی تر کە بیکات بە کتێب دەستکاری و لایەنگیری تێدا بکات. دەڵێت:

- یاداشتی ڕۆژی ٨/مایس/١٨٢٠

پاشا پیاوێکی بچووکی کورتە باڵا بوو... لەبارەی وڵاتەکەیەوە قسەی بۆ ئەکردم و ئەو ژیانە کولەمەرگییەی دەرئەخست کە بەهۆی کەوتنە سەر سنووری دوو هێزی ناحەز بەیەکتر، تێدا دەژین، لایەکیان داوای باج و سەرانەت لێ دەکات، ئەوەی تر کە ئاغامانن زۆرمان لێ دەکەن، کە ئاوڕیان لێ نەدەینەوە. بێ ئەوەی خۆشیان بتوانن بمانپارێزن لە دەستدرێژییان..... بەڵام وام بۆ دەرکەوت کە لەبەر هەندێک هۆی ئاینی پاشا مەیلی زیاتر بەلای عوسمانییەکاندا بوو، لە کاتێکدا کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە حەزیان لە عوسمانییەکان نەدەکرد و بڕوایان پێیان نەبوو، چونکە سیاسەتێکی کوێرانەی پڕ فڕوفێڵ و کەڵلەشەقانەیان هەبوو، دەیانتوانی بە ڕوویەکی خۆش و ڕێزگرتنی کوردەکان کە حەزیان لە ئێرانییەکان نەبوو، پێوەندی

---

٧٨. کلودیوس جیمس ریچ بالیوز یاخۆ (مقیم)ی ئینگلیز بوو لە بەغدا، لەو ساڵانەدا، کە چووەتە سلێمانی بە میوانی، هەرچییەکی دیوە وەک خاڵی گەورە لای خۆی نووسیونی بۆ ئەوەی لە بیری نەچنەوە، لە دواییدا بیانکات بە بەرگێک یاخۆ چەند بەرگێک، بەڵام ئەو پیاوە مرۆیەکی خاوەن هەست بوو کە لە شیراز نەخۆشی ڕشانەوە بڵاو بووەوە، خۆی چونکە دەستی پزیشکی هەبوو چوو بۆ یارمەتی، کەچی خۆیشی تووش بوو مرد. ژنەکەی نەیهێشت ئەو یاداشتە بفەوتێ، چاپی کرد.

خۆیان لەگەڵ ئەم میللەتە ئازایەدا بەهێز بکەن و بیانهێننە پاڵ خۆیان... بە هەموو جۆر هەرلایە فێڵی لەوی تر دەکرد و بە هەمووشیان فێڵیان لە (ئاستانە) دەکرد.

- ڕۆژی ١٠ مایس ١٨٢٠

چوومە لای پاشا.... ژووری دیوانخانەکەیم لا جوان و خۆش بوو، بۆیە وتی (خوالێخۆشبوو باوکم دروستی کردووە و هێشتا پێویستیی بە دەست پیا هێنانەوە هەیە...) بەڵام ئایا کێ دێت ئەمە بکات لە کاتێکدا کە دڵنیا نییە لەوەی ئایا تێیدا دادەنیشێت یاخۆ دوای چەند ڕۆژێک ئێرانییەکان یاخۆ عوسمانییەکان دێن و دەدەن بەسەریدا.

١/حوزەیران/١٨٢٠

ڕۆستەمە فەندی هات بۆ سلێمانی، حەسەن بەگی پێ بوو، ئەو حەسەن بەگەی کە والی لە خشتەی بردبوو لە کاکی هەڵگێڕابووەوە، لە دواییدا بەبێ مەرج دایەوە دەستی... بەڵام حەسەن بەختی یار بوو کە براکەی نە ئێرانی و نە عوسمانی بوو... شاری سلێمانیش هەموو ئەوپەڕی ڕقیان بەرامبەر والی پێشان دەدا، کە بەو جۆرە ئەو پیاوەی ناردەوە... ئەم حەسەن بەگە دایکی جافە و خوشکی کەیخوسرەو بەگە، بەڵام عوسمان بەگ و سلێمان بەگ دایکیان بابانە...

٢/حوزەیران/ ١٨٢٠

... داود پاشای والی لای گەورە پیاوێکی کورد سوێندی خواردبوو بەم جۆرە (سوێند دەخۆم بەخوا و بەسەری یوسفی کوڕم، کەوا مەحموود پاشا وەک یوسف سەیر دەکەم، باوک چەند ڕۆڵەی خۆی خۆش ئەوێ، منیش ئەوەندە ئەوم خۆش ئەوێ، و هەرچییەکی بوێ بە هەموو دڵێکەوە بۆی جێبەجێ ئەکەم...) ئەمە لە کاتێکدا کە لەژێرەوە خەریکی هەڵگەڕاندنەوەی

حەسەن بەگی برای بوو لێی... ئەم ڕەوشتە هی گشت پیاوە گەورەکانی عوسمانییە.

١/تەمووز/ ١٨٢٠

کە مەحموود پاشا بڕیاری دا، ئیتر هەر لەگەڵ عوسمانییەکاندا بێت، خۆی و عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوسمان و سلێمانی برای هەموو لەسەر دەستی شێخ خالید[٧٩] سوێندی دڵسۆزییان بۆ مەحموود پاشا خوارد، هەمووش سوێندیان بە (شیر) و بە (قورئان و بەتەڵاق) خوارد، هەر کامێکیان، نامەیەکی لە ئێران یاخۆ لە والی عوسمانییەوە بۆ هات، لەماڵی شێخ خالید و لەبەر چاوی هەمووان بکرێتەوە. ئەوەندەی نەبرد عوسمان بەگ نامەیەکی لە شازادەی ئێرانەوە بۆ هات، کەوا پاشایەتی سلێمانی دەداتێ، گورج براکانی ئاگادار کرد. عەبدوڵڵا پاشاش نامەیەکی هەر لەو بابەتەی بۆ هات، بەڵام شاردییەوە، والی بەغدا بەو نامەیەی زانیبوو، بە هەڵەداوان لە بەغداوە یەکێکی نارد و پاشای ئاگادار کرد، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا، مامی بەند کرد و فڕێی دایە بەندیخانەوە[٨٠].

١٠/ تەمووز/ ١٨٢٠

لەگەڵ پاشادا قسەمان دەکرد، خیانەتی مامی زۆر کاری تێ کردبوو، بە جۆرە هەست و دڵسۆزی و پاکییەک ئەو کردەوەیەی مامی دەگێڕایەوە، بڕوا ناکەم هەرگیز ئەو جۆرە هەستەم لە ڕۆژهەڵاتدا دیبێت، دەترسم لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا نەیبینم.

---

٧٩. مەبەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە.

٨٠. عەبدوڵڵا پاشا وەک لەمەوپێش باسمان کرد کە بەداخەوە (خائن و ڕووڕەش) بوو، جگەلەوەی بەوە تەڵاقیشی کەوت، بەڵام ئەوەش هۆی بە رەحم و بێ زەبر و زەنگی مەحموود پاشا خۆی بوو، تووشی ئەم هەموو کەند و کۆسپانەی دەکرد.

١٤/تشرینی یەکەم/١٨٢٠

چوومە لای پاشا بۆ (سەرخۆشی و پرسە) بە بۆنەی مردنی ئەحمەدی کوڕییەوە بە ئاوڵە. ڕوانیم دڵی لەوەدا بوو شەق بەرێ لە تاو کوڕەکەی، بەڵام خۆشی دەخواردەوە و بە ئارام و غەم هەڵگر بوو، بە جۆرێک ئەم دیمەنە کاری تێ کردم، وام دەزانی کوڕی منە و مردووە، لە هیچ وڵاتێکدا پیاوێکی ئەوەندە بەڕێز و خاوەن هەستی ناسکم نەدیوە، پیاوێکم نەدیوە ئەوەندە ژن و منالّی خۆی خۆش بوێ...

٢٥/تشرینی یەکەم/١٨٢٠

پاشا هەموو پێوەندییەکی لەگەڵ عوسمان بەگی برایدا بڕی و هەموو دەسەڵات و موڵکەکانیشی لێ سەندنەوە... ئەمەش هەمووی بەهۆی فڕوفێڵ و لە خشتەبردنی عوسمانییەکانەوە بوو[٨١].

ئا بەم جۆرە ئەم بنەماڵە نەگبەتە بە قسەی ئەم و ئەو و کەڵەک و ساختەی دراوسێکانیانەوە، ماڵی خۆیان وێران دەکەن، ئەگەر ئەمانە یەک بن کەس نییە بتوانێ بە زۆر لووت بژەنێتە کاروباری کوردستانەوە. مەحموود پاشا لە ڕاستیدا پیاوێکی خۆشەویست بوو، من هەمیشە لە یادم دەبێت، ڕووی پاکی ئاوێنەیە بۆ دڵسۆزی و ساویلکەیی و بێ گەردیی دڵی. بڕوام نەدەکرد لە ڕۆهەڵاتدا پیاوێکی وەها ببینم، هەروەها دەترسم پیاو مرۆیەکی تری وا لە شوێنە بەرزەکانیشدا نەبینێ. پیاو هەستێکی ناسک لە ڕەوشتیدا دەبینێ، بۆیە وا دەردەکەوێ کە مرۆیەکی جوانپاک و دڵ ڕاکێشەرە. ئەم پیاوە هەموو گیانی هەستێکی پاکە.... وا بزانم یەکێکی تر کە ڕەوشتی وەک ئەو بەرز نەبوایە، گەلێک بۆ حوکمی کوردستان لەبارتر دەبوو، چونکە مەحموود پاشا ئەو پێشەوایە نییە کە لە وڵاتێکی وەهادا دەربەرێ. ئەو ڕەوشتەی ئەو هەربۆ

٨١. خۆش بروایی ئەم پیاوەی تووشی زۆر شتی نەنگ کرد.

ئەوە باشــە دانیــشێ ژیانێکی تایبــەتی بۆ خــۆی بەســەر بەرێت، بڕوای ئەوەندەی بە خـەڵکە، ئـەوەندە بە خۆ نییـە، یاخۆ خـۆی زۆر بە کـەم دادەنێت، هـەرچەندە لە مـەیدانی شـەڕدا ئازایە، بەڵام هێشـتا جورئەتی کـەم بوو، ئاین وای لێ کردبوو کە گوێ نەداتە خەتەر، هـەرچەندە خۆی نموونەی ڕاستێتی و شەرافەت بوو، بەڵام پێچ و پەنا و فڕوفێڵی نەدەزانی، خۆش بڕوایەکی تەواو بوو، زوو خراپە کردنیشی لە دژی خۆی لەبیر دەچووەوە....

لە کۆتایی گەشتەکەیدا ریچ دەڵێت[٨٢].

ئا بەم جۆرە و بـە داخێکی قووڵەوە کوردستـان بەجێ دەهێڵم، هـەرگیز لەو بڕوایەدا نـەبووم پیـاوی ئەئـاوا باش ببـینم کـە لـە هەمـوو ڕۆهـەڵاتدا وێنـەیان نیـیــە، هـاوڕێم تێـدا پەیدا کـرد، بـە هـەمــوو دڵســۆزییــەکــەوە و بـەو پەڕی ڕووخـۆشی و دڵفـراوانییـەوە لەگەڵمدا جـووڵانەوە، دەترسم ئەم ڕەوشـتـە لە شوێنێکی تر لەم گەشـتە سەختەمدا نەبینمـەوە، بۆیە ئەم ڕۆژگارەی لێرە ڕام بوارد نەخشـەکەی هەتا بمێنم لە دڵمدا دەمێنێ[٨٣].

**ئەنجام:**

مـەحمـوودێک ئەمـەندە ڕەوشتـی بەرز بێت و ئـەوەندە دڵسۆزی مـاڵ و منداڵ و کەسـوکاری خـۆی و ڕۆڵەکـانی مـیللەتـەکەی و وڵاتەکەی بێـت، چۆن ئەوەندە لەشکری بێگانە دەهێنێتـە سـەر وڵاتەکەی، بۆ سـەر برا و مـام و ئـامۆزای؟ بۆچـی ئەمــە دەکــات و چی پـاڵی پێـوە دەنێت؟ تۆ بـڵـێی ئەوەنـدە حــەزی لە کورسـی کردبێت، کە ئەمەی بۆ بکات؟

---

٨٢. لاپەڕە (٢٣١) (رحلة ريچ).

٨٣. تۆ بڵێی وەک هەندێک دەڵێن، ئەم پیاوە (استعماري) بووبێت کە ئەم قسانە دەکات یاخۆ ئیشی بە کورد بووبێت!! چونکە ئەمڕۆ ئەگەر بێگانەیەک ستایشی یەکێک بکات، دەڵێن ئەوە ئیشی پێیەتی و دەیەوێ بیکات بەکلکی خۆی. نووسەری کتێبی (داود پاشا والي بەغداد – دکتور عبدالعزیز ابو نوار) شەکرێکی لەم بابەتە شکاندووە.

ئێمە هەرگیز لەو بڕوایەدا نین، بۆیە دەڵێین: هەر چییەکی کردبێ لە ڕێی وڵاتدا کردوویەتی و بۆ حەسانەوەی میللەتەکە، ڕەنگ هەیە ئەوانەی ئێمەش وتمان، لە سەرچاوەکانیانەوە زیاد ڕۆیشتن (مبالغە)یان تێدا بێت و هێجگار بەو جۆرەش نەبووبێت کە دەڵێن، یاخۆ بە کێش و سەنگ و تەرازووی ئەو ڕۆژە، ئەوانەی کردوونی لە جێ بوون بە حەق و ڕاست و تەواوی زانیون، بەرامبەر بەو دوو ئاگرەی کە ئەو پیاوە و میللەتەکەی لە ناوەڕاستیاندا لە ئەشکەنجە و ئازاردا بوون.

**سلێمان پاشا ( ١٨٢٩-١٨٣٨ )**

سلێمان پاشا کوڕی ئەوڕەحمان پاشا و برای مەحموود پاشایە کە گەلێک جار لە حوکمی مەحموود پاشادا، ناوی هاتووە.

جا با بزانین ئەم چی کردووە و ڕۆژگارەکەی چۆن بووە؟

یەکەم: ساڵی ١٨٢٩ کە مەحموودی برای خەریکی بەرگریی بوو دژی حەمە پاشای ڕەواندز، سلێمان بەگی برای ئەمەی بە هەل زانی، بە یارمەتی هەندێ لەشکرەکەی کاکی سلێمانی داگیر کرد و چووە شوێن برا گەورەکەی. بەڵام مەحموود وازی نەهێنا، بەیارمەتی لەشکری ئێران، سلێمانی لابرد و خۆی هاتەوە سلێمانی.

دووەم: جارێکی تر سلێمان هەڵی بۆ هەڵکەوتەوە و هاتەوە سلێمانی داگیر کردەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد مەحموود پێی چۆڵ کردەوە، ئەمیش سەری خۆی هەڵگرت چوو بۆ زەهاو، لەوێوە بەیارمەتی داود پاشای والی هاتەوە، ئەوە بوو شەڕەکەی (قەرەگول)[٨٤] هەڵگیرسا، مەحموود سلێمانی بەجێ هێشتەوە و چوو عەشایەری ئاکۆ و مەرگە و پشدەری هێنا و لە (گردە گڕوێ)ی دامێن شاخی گوێژە بوو بە شەڕ، مەحموود پاشا دیسانەوە شکا وە ڕۆیشت بەڵام هەر لەم شەڕەدا عەبدوڵڵا بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف و

٨٤. ئەو مەسەلەی کە هەیە (دەعوا گەیشتە قەرەگول) لەم شەڕەوە پەیدا بووە.

مستەفا بەگی یونس بەگ کە یاریدەدەری سلێمان بوون کوژران، ئەمجارە مەحموود لەشکری عەبباس میرزای بە سەرکردەیی (قارەمان میرزا) هێناو لە ساڵی ١٨٣١دا سلێمانی داگیر کردەوە و سلێمان بەرەو زەنگاباد ڕۆیشت.

سێیەم: سلێمان جارێکی تر سوپای داود پاشای والی هێنایەوە دایەوە بەسەر سلێمانیدا لە کاتێکدا کە سلێمانی چۆڵ بووبوو، مەحموود بەرەو ئێران ڕۆیشت، عەبباس میرزا جارێکی تر سوپای خستە تەک و لە ناڵپارێز لەگەڵ سوپای سلێمانی برایا لە یەکیان دا، سوپای سلێمان شکا و مەحموود گەڕایەوە.

چوارەم: ئەمجارە سلێمان بەرەو (کفری - سةلاحیة) بووەوە لەوێوە یارمەتی داودی والی گەیشتێ و لە ساڵی ١٢٤٧ک کۆتایی (١٨٣١)دا شارەکەی بە مەحموود چۆڵ کردەوە ئەویش ڕووەو (ئاستانە) سەری خۆی هەڵگرت و ساڵی ١٨٣٥ گەیشتە ئەوێ. لەم کاتەدا داود لابرا لە بەغدا و کۆتایی بە حوکمی (ممالیک) هات. (علی رەزا پاشا) بوو بە والی بەغدا و ئینجا حەمە پاشای ڕەواندز پەلاماری سلێمان پاشای دا، بەڵام ئەویش بەیارمەتی هێزی والی بەغدا توانی بەرەنگاری بێت و لە قەمچوغە گەڕانیە دواوە و بە جۆرێک پێک هاتن کە ئەم بەری هێڵی ڕانیە - بیتوێن - خەلەکان - چناران تاکو زێی بچووک بۆ پاشای بابان بێت و هەر لایەش بۆیان هەبێ قەڵا و قولغ لە سنووری خۆیاندا دروست بکەن. سلێمان پاشان دوا ساڵەکانی حوکمی بە ئاسوودەیی بردە سەر، کەس نەبوو بەرامبەری بوەستێ، تاکو لە ساڵی (١٢٥٤ک / ١٨٣٨ز) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و لە گردی سەیوان لەناو گومەزێکدا شاردرایەوە.

**ڕەخنە لە سلێمان پاشا[٨٥]**

ڕەخنە لەم پیاوە، هەر ئەو ڕەخنەیەیە کە لە کاکی و لە باوکی و لە خزمەکانی دەگیرێت. بۆچی چووە لەشکری بێگانەی هێناوەتە سەر براکەی و سەر وڵاتەکەی لەبەر کورسی پاشایەتی؟ لە کاتێکدا کە ئێمە نازانین چ (دافع)ێکی تر پاڵی بەمانەوە ناوە، ئەم کردەوانە بکەن.

ئەوەتا مستەر ریچ بەم جۆرە باسی سلێمان پاشا لە یاداشتەکەیدا دەکات:

١/حوزەیران/١٨٢٠

(ئەمڕۆ لە مەیدان سلێمان بەگ بچووکترین برای پاشام دی، تەمەنی (٣٠) ساڵ بوو، بەڵام لەوە گەورەتر دیار بوو، لە هەردوو براکەی درێژتر بوو، بەڕێز، ڕوویەکی جوان و خۆش و ساکاری هەبوو.

١٤/تشرینی یەکەم/١٨٢٠

(ئەمڕۆ چووم بۆ سەرخۆشیکردن لە سلێمان بەگ[٨٦]، بینیم دڵتەنگییەکەی لە هی پاشا[٨٧] کەمتر نییە، بەڵام ئەم لەسەرخۆتر و بە پشووتر بوو،

بۆیە زۆرم لا بەرز بووەوە، لە راستیدا ئەمە هەرزەکارێک بوو شایانی هەموو ڕێزێک بوو بەڵام لەسەرخۆییەکەی لەگەڵ تەمەنیدا نەدەگونجا، زۆر بە پیاوە ئاینییەکان و دەرۆیشەکانەوە بەند بوو، بەڵام بەبێ زیاد ڕۆیشتن یاخۆ ڕەزیلی، دیمەنی لە ئەوڕەحمان پاشای باوکی زیاتر دەچوو تاکو جووت

---

٨٥. ئەوەی شایانی باسە ئەم سلێمان پاشایە باوکی مستەفا بەگە (کوڕی تریشی زۆر بووە). مستەفا بەگیش باوکی عەزمی بەگە، عەزمی باوکی عەبدولقادرە، ئەویش باوکی نووسەری ئەم کتێبەیە (واتا باپیرە گەورەیەتی).

٨٦. بە بۆنەی مردنی یەکێک لە کوڕەکانیەوە بە نەخوشی (رشانەوە).

٨٧. مەبەستی مەحموود پاشای برایەتی.

براکەی، کە لەوان کەڵەگەتتر و پڕتر بوو. دوو چاوی شینی جوانی پێوە بوو، کە دیمەنێکی جوانیان دابوو بە روخساری، هەرچەند دەمدی زیاتر دەچووە دڵمەوە).

ژنەکەی (ریچ)یش بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە لە (صالحەخان) ژنی سلێمان پاشای بیستووە، کاتێک کە ریچ و ژنەکەی ویستوویانە لە بەغداوە بەرەو کوردستان بڕۆن و صالحە خان وا دیارە ئەو کاتە نیشتەجێی بەغدا بووە، چووە بۆ رەوانەکردن و سەلام لێکردنی ژنەکەی ریچ کە ئەویش واتا ژنەکەی ریچ بەمجۆرەی دەگێڕێتەوە:

(لەباتی هانم[88] بدا بۆ بینینی چیاکانی وڵاتەکەی، باسی کشانەوەیەکی بۆ کردم هەر لەوەی دە هەزارەکەی دەکرد[89]. گوایە خۆی و مێردەکەی لە کۆیەوە کشاونەتەوە بەرەو کرماشان بە ناوچەی عەشرەتی بڵباسدا.... پاشای بەغدا، رەوەندەکانی ئەو ناوەی لێ هانداون کە بیانکوژن، ئەمانیش چل رۆژ زیاتر لە گەڵیاندا جەنگاون (بێگومان لەشکریان لەگەڵ بووە. ج.ب)، زۆر جار گوللە گیزەی دەهات بەملاو لاماندا منیش بە سواری وڵاخەکەم کە دەڕۆیشتم هەر لاشە بوو لەملاو لامەوە کەوتبوون، بەڵام بە قارەمانیەتی پیاوەکانمان و یارمەتی هەندێک برادەری دڵسۆزمان رزگارمان بوو).

ئینجا دەڵێت (خانم بە هەموو لەسەرخۆیی و خۆ هەڵنەکێشانەوە ئەم قسانەی دەکرد، کە ئەمە حەق نەبوو داوێنی ئافرەتێکی ئاوەها جوان و قەڵەم رێک و قەد باریک بگرێت).

بەبۆنەی کۆچکردنی سلێمان پاشاوە، مەلا خدری (نالی)یش کە لەو رۆژانەدا لە سلێمانی دەژیا ئەم قەسیدە بەرزەی وتووە:

---

٨٨. مەبەستی صالحەخانە.

٨٩. مەبەستی لە کشانەوەی زەنیفۆن پێشەوای سوپای یۆنانە کە بۆ یارمەتی کورشی شای ئێران هات دژی دارای برای کورش (واتا دژی ئەردەشیر). کشانەوەکە لە ساڵی ٤٠١ی پێش هاتنی عیسا بە کوردستاندا بووە.

تا فەلەک دەورەی نەدا، صەد کەوکەبێ ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەک، طەڵعەتێ پەیدا نەبوو[٩٠]
تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو[٩١]
تا چەمەن پیرا سەر، ئەصلی درەختی لانەدا
فەرعی تازە خورەم و بەرزو بوڵەند باڵا نەبوو[٩٢]
تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو[٩٣]
قیصصە بێ پەردە و کنایەت خۆشە، شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو[٩٤]

---

٩٠. واتاکەی: تا ئاسمان خولی خۆی تەواو نەکرد مانگی سلێمان پاشا ئاوا نەبوو، هەرچەندە ئەستێرەکانی دەوروپشتیشی هەر مانەوە و ئاوا نەبوون (مەبەست لە پاشازادەکانی تری بابانە) شان و شکۆی خۆری هەڵاتن – پیرۆزی ئاسمان کە ئەحمەد پاشای کوڕیەتی دەرنەکەوت.

٩١. تا ئاسمان لە خەفەتی مردنی سلێمان پاشا نەگریا و فرمێسکی خۆی بەسەر زەوی دا نەڕشت، تەمی هەناسە ساردی ولاتی بەبەی دانەگرت، چیمەنی سولەیمانی و دەوروپشتی بە گوڵی ئەحمەد پاشا نەڕازایەوە و خونچەی لێوی پادشاهی نوێ نەپشکووت.

٩٢. تا باخەوانی قەدەر ساقی درەختی، لای سەرەوەی نەبڕییەوە کە سلێمان پاشایە، لقی تازە کە ئەحمەد پاشایە تێراو نەبوو، باڵای بەرز نەبوو، هەڵنەچوو.

٩٣. سولەیمانەکان مەبەستی حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر و سلێمان پاشای بابانە. ئەحمەدی موختاریش مەبەستی لە پێغەمبەر (د.خ) و ئەحمەد پاشای بابانیشە. واتە تا سولەیمانەکان لەو دنیا نەبوون بە سەرۆک وەزیرانی تەختی پادشاهی، ئەحمەدی موختاری ئێمەش نەبوو بە شاهی تەخت ڕازێنەرەوە.

٩٤. با ئیتر قسەکردن بە کینایەت و پێچ و پەنا بەس بێ، قسە بە ئاشکرا خۆشە و مەسەلەی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشایە. سلێمان پاشای من کە دادپەروەرێک بوو هاوتای لە جیهاندا نەبوو، کۆچی دوایی کرد.

شاهی جەم جا (نالیا) (تاریخ جم) تاریخیە
دانەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو[٩٥]

باشە دوای ئەمانە هەموو، دەبێ بە چ جۆرێک ئێمە ئەم کردەوانەی ئەم پیاوە سەیر بکەین؟

لام وایە پێویستە بگەڕێینەوە سەر فەرموودەکەی ئەمین زەکی بەگ کە دەڵێت: «ئەو سیاسەتە دوو ڕووییەی کە ئێران و عوسمانییەکان بەرامبەر بە بابانەکان بەکاریان دەهێنا، لە (أخلاق - ڕەوشتەوە) بەدوور بوو، بەڵام ئەگەر ئەم کردەوانە لە ڕووی سیاسەتەوە ورد بکرێتەوە، ئوسا ئەم حوکمە نادەین، چونکە وشەی ڕاستگۆیی و خۆڕاگرتن و دڵسۆزی و وەفا لە قامووسی سیاسەتدا نەبووە و نییە. بۆیە ڕەخنەگرتن و گلەییکردن لە بابانەکان هەڵەیە، بەڵام چونکە سیاسەتی دووڕووانە زیان بە وڵات و بە میللەت لە ڕووی دەروونی و داراییەوە دەگەیەنێت بۆیە خاوەنەکانیان شایانی گلەیی و ڕەخنەن».

دوای ئەوە ئەمین زەکی بەگ زیاتر شتەکە ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێت (بە کورتی زۆر لە مێژووناسەکان ڕەخنە و گلەیی دەگرنە ئەم بنەماڵەیە، بەهۆی ئەم سیاسەتە دووڕوویییەیانەوە و چونکە ئەوان دەبوون بە هۆی

---

٩٥. جەم جا = جێنشینی جەمشید...
واتە: سلێمان پاشا کە پاشایەک بوو جێگەی جەمشیدی گرتبووەوە، مێژووی مردنی بە حەرفی ئەبجەد دەبێ بە ڕستەی (تأریخ جم) کە دەکاتە ١٢٥٤ک (١٨٣٨ز) بۆیە ئەم ڕستەیەش بووەتە تاریخی کۆچکردنی تا کەس نەڵێ لەم چەرخەدا پادشایەکی تری وەک ئەسکەندەر نەبووە، جێگەی جەمشید بگرێتەوە، ئەگەر سلێمان پاشا جێنشینی جەمشید نەبوایە تاریخی مردنی نەدەبوو بە (تاریخ جم). مەبەستی ئەوەیە کە سلێمان پاشا تەنانەت ساڵی مردنەکەشی، هەر وا دەگەیەنێ کە سەردەمی ئەو، سەردەمی جەمشید بووە (دیوانی نالی - چاپخانەی کۆڕی زانیای کورد. ١٩٧٦ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و فاتحی کوڕی).

هەڵگیرسانی شەڕ لە بەینی هەردوو حکومەتەکەدا، و لەسەر ئەوە خەڵک زۆر تانەیان لێ دەدەن بێ ئەوەی هۆی تەواوەتی ئەو کـردەوانە بزانن. بەڵام لای من ئەم ڕەخنە و گلەییانە لە شوێنی خۆیاندا نین، چونکە دەبێ گەلێک شتی تر لەم رووەوە ورد بکەینەوە. وەک بێ هێزی و لاوازی حکوومەتی بەغدا و هەڵسانی بە هەندێک کردەوە و دامەزراندنی مرۆ لە شوێنی نەشیاودا.... جگە لە دیاری و بەرتیل.... ئەگەر ئەمانە هەموو بە چاوێکی بێ لایەنگیرانەوە سەیر بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە حەق نییە ئێمە ڕەخنە لە سیاسەتی دووڕوویی بابانەکان بگرین، چونکە ئەگەر بە جۆرێکی تریش بجووڵانایەوە، هەر ڕزگاریان نەدەبوو سەر نەدەکەوتن[٩٦].

**ئەحمەد پاشای بابان [١٨٣٨ - (١٨٤٧ - ١٨٥٠)]**

ئەحمەد پاشا کوڕە گەورەی سلێمان پاشا بوو، ئەمە مرۆیەکی وریا و پیاو و ئازا بوو، بەڵام نەحتێک توند و بە زەبر بوو، دەستی بووەشانایە زیانی زۆری دەگەیاند، حەزی لە پێکهێنانی سوپایەکی ڕێکوپێک دەکرد کە بە نوێترین چەک، چەکداریان بکات، بۆیە لەشکرێکی تەواوی لێ پێکهێنان و لە (سەرچنار) لەشکرگای بۆ ڕێک خستن، لەسەر شێوەیەکی نوێ مەشقی پێ دەکردن و هێزێکی تۆپچیشی لێ ئامادە کردن[٩٧].

هەندێک سەرچاوەی مێژوو باسی چوونی ئەحمەد پاشا دەکات بۆ فرەنسا لە کاتێکدا کە میری بابان بووە.

ئەحمەد پاشا لەگەڵ ڕەسوول پاشای سورانی بە ژن و ژنخواستن لە یەک

٩٦. (تأریخ السلیمانیة) ل ١٤٩ - ١٥٠.

٩٧. دەڵێن ئەمیش لە فرەنساوە پسپۆری هێناوە بۆ ڕێکخستنی سوپا و بۆ دروستکردنی تۆپ و تۆپخانە، هەر وەکو حەمە پاشای ڕەواندز کە پسپۆری لە روسیای قەیسەرییەوە هێنا و لە دواییدا وەستا ڕەجەبی نارد بۆ روسیا لەوێ فێری پیشەکە بوو، هاتەوە دەستی کرد بە تۆپ دروستکردن. ئێستا دووسێ نموونە لەو تۆپانەی وەستا ڕەجەب کە ناوی خۆی لەسەر هەڵکەنراوە لە (متحف عسکری) لە بەغدا هەیە.

نزیک بوونەوە و نەیهێشت ئەو کۆنە قینەی پێش خۆیان سەر هەڵبداتەوە و چەکەرە بکات، بەو جۆرە بەژیری و دووربینی ناحەزییەکەی نەهێشت[٩٨].

حوسێن نازم بەگ دەڵێت (ئەحمەد پاشا پیاوێکی توند و تیژ و[٩٩] رق ئەستوور بوو، خەڵک لێی دەترسان، بۆیە کەس نەیدەوێرا لە سەردەمی ئەوا خراپە بکات یاخۆ کەس ماڵی کەس بخوات، تاکو هەندێک پیاو خراپ و چەتە کە لە ترسی ئەو ڕوویان کردووەتە هەورامان، ئەحمەد پاشا داوا لە هەورامییەکان دەکات کە بیانەدن بە دەستەوە... بێ سوود بوو ئەمیش لەشکری ناردە سەریان باخەکانیان وێران کردن، لە تاوا هەورامییەکان پەنایان برد بۆ ئێران، حکوومەتی ئێران گورج لەشکرێکی ناردە سەر سلێمانی، ئەحمەد پاشاش کە بەمەی زانی ئەمیش سوپایەکی بە پێشەوایەتی عەبدوڵلا بەگی برایدا نارد، هەردوو هێزەکە لە (مەریوان) دایان بە یەکدا، سوپای ئێران شکا و حکوومەتی ئێران لە ئاستانە شکاتیان لە ئەحمەد پاشا کرد. ئەوانیش لەوێوە فەرمانیان دا بە والی بەغدا محەمەد نەجیب پاشای گویزلکلی[١٠٠] کە لە ڕێی هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بێتەوە، ئەحمەد پاشا کە بەمەی زانی و بۆ ئەوەی شەڕ لە سلێمانی دوور خاتەوە، سوپاکەی خۆی بەرەو کۆیە برد[١٠١].

لە تاریخی سلێمانیدا دەڵێت: «حوسێن نازم بەگ بە درێژی ڕووداوی ئەم

٩٨. ئاورێکی پاشەوە – تاریخ حکام بابان ل ١٦٥، فاتمە خانی خوشکی ڕەسوول پاشا دەدرێ بە حوسێن بەگی ئامۆزای ئەحمەد پاشا.

٩٩. بەڵام لەسەر حەق و ناوی بە (عادل) دەرچووبوو چونکە دەیانوت لە سەردەمی ئەودا (گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە) کە ئەمە پەندێکی پێشینانە بۆ دادپەروەری بەکار دەهێنرێت. هەروەها لە سەردەمی ئەم پیاوەدا خەڵک حەزی بە خزمەتی سەربازی دەکرد. چونکە مووچە و بەراتی دەدا و لەشکرەکەشی ڕێکوپێک بوو. بۆیە زۆر کەس وتوویەتی: (فیست و فسکول لەسەر خۆم – عەسکەری ئەحمەد پاشام). واتە: جلوبەرگ لەسەر خۆم هەر بە مەرجێک بکرێم بە سەرباز لە لەشکری ئەحمەد پاشادا.

١٠٠. واتە عەینەک لەچاو.

١٠١. (تأريخ السليمانية) ل ١٥٩.

شەڕەی لە باپیری بیستووە، گوایە هێزی لەشکرەکەی ئەحمەد پاشا بریتی بووە لە پێنج فەوج جگەلە ژمارەیەکی باش لە ڕۆڵەی عەشایەر، جا ئەم هێزە هەر چەند لەچاو هێزی والی بەغدادا هیچ نەبووە، بەڵام ئەحمەد پاشا دڵنیابوو لە سەرکەوتن، هەرچەند نەجیب پاشا داوای ڕێکەوتنی لێ دەکرد قبووڵی نەدەکرد. بەڵام پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات پاشا فەرمانی دا مانگانەی سەربازەکان بدرێ، گوایە ئەحمەد بەگی خەزنەدار[١٠٢] بە پاشای وتووە (سەرباز وەک سەگ وانە، تاکو برسییان بێت، باشتر ڕاو دەکەن، ئێمەش پێویستە بیر لە دوارۆژمان بکەینەوە، جا ئەگەر ئەم جارە شکاین، بەم پارەیە دەتوانین خۆمان هەڵسێنینەوە، کەوابوو پێویستە دەست بە پارەکەمانەوە بگرین)، گوایە ئەم قسەیە بەناو لەشکرەکەدا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ئەوانیش لەناو خۆیاندا بڕیار دەدەن کە شەوی بەسەردا هات بۆی دەرچن و نیشانەی بڵاوە لێ کردنیشیان تەقەیەک بێت. ئەو شەوەش، ڕەشە بایەکی توند هەڵدەکات، لە پڕ تەقەیەکیش دێ، ئیتر سەربازەکان هەموو دەست دەدەنە چەک، دەچن لە پێش ڕۆیشتندا خەزنەدار دەکوژن و دەڕۆن. کاتێک ئەحمەد پاشا بەمە دەزانێت کە هەموو شتێک تەواو بووە، ئەویش سواری وڵاخەکەی دەبێت، ڕوو دەکاتە ئێران و لەوێوە بۆ ئاستانە»[١٠٣].

١٠٢. لە هەندێک سەرچاوەی تردا دەڵێن خەزنەدار یاخۆ پێشەوا (بریندار ئاغا) بووە. سەیری (تأریخ حكام بابان) نووسینی حوسێن حوزنی موکریانی بکە ل ١٦٦.

١٠٣. (تأريخ السليمانية) ل ١٥٩ - ١٦٠.

هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن، گوایە ئەو تەقەیە بە قەستی نەبووە، بەڵکو بە هۆی ڕەشەباوە، تفەنگەکە کەوتووە و گوللەکەی تەقیوە، لەشکرەکەش وا دەزانن سوپای نەجیب پاشا چووەتە سەریان لە پڕ و شەبەیخوونی کردوون، ئەوانیش لەناو خۆیاندا دەیکەن بەتەقە تا ڕۆژ دەبێتەوە. هەندێکیش دەڵێن، سوپای عوسمانی لە شکاندا بوو، پاشا دەستی کرد بە فڕوفێڵ لە ڕێی ئاین و مەلاکانەوە، گوایە هەر کەسێک چەک لە رووی سوپای سوڵتاندا هەڵبگرێ، ئەو سوڵتانەی کە (خەلیفە)ی موسڵمانانە تەڵاقی دەکەوێت و ژنەکەی لێ حەرام دەبێت، گوایە ئەم فەتوایە مەلا کوردەکان داویانە.

### شەڕ و بەرگرییەکەی مامە یارە

ئەم لەشکری ئەحمەد پاشایە لەلای ڕۆئاوای کۆیە نزیک بە گردی (ریزەتو) خێوەت هەڵدەدا. دوای بڵاوە لێکردنی لەشکر، ئیتر سوپای عوسمانی دێنە پێشەوە، بەڵام کوتوپڕ تۆپخانەی ئەحمەد پاشا دەست دەکات بە تۆپ تەقاندن، کە بەوە دەپەشۆکێن، سەیر دەکەن کەس نەماوە هەندێک تۆپچی نەبێت، دەورەیان دەدەن یەکێک لەوانە یارە ئەحمەدە سەرۆکیانە بەدیل دەیانگرن و دەیانبەنە لای نەجیب پاشای، سەرلەشکر کە لە مامە یارە دەپرسێت تو بۆچی بە تەنها بەرگریی دەکەیت و لەشکرەکەتان هەموو بڵاوەیان لێکرد، لە وەڵامدا دەڵێت:

«من فەرمانی شەڕ و تەقەم وەرگرتبوو.. دوای ئەوە فەرمانی شەڕ وەستانم وەرنەگرت».

نەجیب پاشا: بۆ ئەم ئازایەتییەت دەمەوێ شتێکت پێ ببەخشم چیت دەوێ داوا بکە.

مامە یارە: خوا پاشای خۆمم بۆ بهێڵێ هیچی ترم ناوێ.

نەجیب پاشا: پاشای خۆت نەما و ڕۆیشت.

مامە یارە: منیش دوای ئەو ژیانم ناوێ تاکو ماڵی دنیام بوێ. گوایە نەجیب پاشا، دوای ئەوە بەراتەکەی (کە دێی کانی درکەی سەگان بوو لە ناوچەی شارباژێڕ و بابانەکان پێیان بەخشیبوو) بۆی تازە دەکاتەوە[١٠٤].

مامە یارە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە سلێمانی لە گەڕەکی گوێژە دەژیا، ژیانێک لە شێوەی (سوارچاکی کۆن - فرسان)دا، بە کورتی پیاوێکی

١٠٤. سەیری (مامەیارە) بکە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت لەگەڵ دوو شانۆگەری یەکێکیان شانۆگەریی مامە یارەیە کە دوور و درێژ ئەم بەسەرهاتەی تێدایە، نووسینی جەمال بابان. چاپخانەی (دارالجاحظ) بەغدا ١٩٧٣ ل ٧٩ - ١١٨ هەروەها سەیری کۆواری ڕۆژی نوێ ژمارە (٩) ١٩٦٠ ل ٣٣ - ٣٦ بکە.

ساویلکە و سەیر بووە و شتی وای لێ دەگێڕنەوە کە هەموو لە کردەوەی سوارچاکە کۆنەکانی ڕۆئاوا دەکات. بەڵام بە هەموو جۆرێک پیاوێکی ڕاست و پاک و دڵسۆز و بە ئاین بووە، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گردی (گولان) نێژرا و ناوەکەی بووبە گردی (مامەیارە)[١٠٥].

دوای بڵاوەی لەشکر ئەحمەد پاشا لەگەڵ چەند سەرباز و ئەفسەرێکی دڵسۆزیدا کشانەوە، ئەوە بوو لە پاشدا خۆی و خزم و کەسوکار و دەستە و دایەرەی دوورخرانەوە بۆ ئاستانە.

ئیتر نەجیب پاشای والی و بە فەرمانی ئاستانە و لە ئەنجامی مۆرکردنی (معاهدەی أرضروم)[١٠٦] لە بەینی ئێران و حکوومەتی عوسمانیدا، بە هێجگاری (حاکمییەتی بەبە)ی نەهێشت.

ئەوە بوو عوسمانییەکان دەستیان گرت بەسەر سلێمانیدا و شەڕەکەی عەزیز بەگی بابان دژی داگیرکەران قەوما، باسی شەڕەکەش لە دوو توێی قەسیدە بەرزەکەی ئەوڕەحمان بەگی سالمدا هەر لەم کتێبەدا هەندێکی نووسراوە.

دوای ئەوە عوسمانییەکان عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشایان بە قائیمقام لە جێی میری بابان دانا، نەخێر بەوەوە نەوەستان دوای بەینێک ئەویشیان لابرد و پیاوی خۆیان دانا.

ئینجا ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵای برای و هەرچی بابان هەبوو، هەموویان

---

١٠٥. لە شوێنی تردا لە بەرگەکانی تری ئەم کتێبەدا ناوی ئەم گردە و شوێنی و کێی تری ئێستا پێوەیە، دوور و درێژ هاتووە. مامە یارە خۆشی ناوی (یار ئەحمەد)ە و کوڕی خدر بەگی هۆمەر ئاغایە و خەڵکی دێی وەندەرێنەی ناوچەی سرۆچکی سەر بە قەزای شاربازێڕە. هەندێکیش دەڵێن خەڵکی کانی درکە خۆیەتی. خزم و کەسوکاری (ئەحە گۆساڵە)یە کە پیاوێکی موو سووری بەڕێز و قسە خۆش بوو، ئێستا ئەویش بەرەی لە سلێمانیدا هەیە.

١٠٦. کە لە شوێنێکی تردا دوور و درێژ باسی کراوە.

گواستنەوە بۆ تورکیا، نەیانهێشت یەکێکیان لە سلێمانیدا[١٠٧] بمینێتەوە، نەوەک ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە پێکهێنانی میرنشینی سەرلەنوێ بکەنەوە و لە ساڵی ١٢٦٧ک (١٨٥٠ – ١٨٥١ز) (ئیسماعیل پاشا) ناوی عوسمانی بە قائیمقام لە سلێمان دانرا.

ئەحمەد پاشا لە پێشدا بە پلەی (بەگلەربەگی) لە یەمەن لە ساڵی ١٢٧٢ک (١٨٥٥ز) دامەزرا و تا ساڵی ١٨٢٠ک (١٨٦٣) لەوێ مایەوە، لە ساڵی دواتردا کرا بە موتەسەریفی (وان)، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٨٦٥دا کرا بە والی لە پلەی وەزیردا و نێررایەوە بۆ یەمەن و ساڵی ١٨٦٧ بووبە والی (أرضروم) و ساڵی ١٨٧٥ بوو بە والی (أطنە) و هەر لەو ساڵەدا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.

هەندێک دەڵێن هەر لە (أطنە) نێژراوە، هەندێکیش دەڵێن لەو ساڵەدا چووە بۆ سەردانی پاریس لەوێ وەفاتی کردووە و هەر لەوێ شاردراوەتەوە. ئێمە ئەمە بەڕاستتر دەزانین. دوای خۆی دوو کوڕی بەجێ هێشتووە یەکەم خەلیل خالد بەگ کە بووبە باڵیۆزی عوسمانی لە تاران ئەوەی تریان میر لیوا مستەفا عیزەت پاشا.

ئەحمەد پاشا بەینێکی زۆر لە ئەستەمبۆل مایەوە و دیوەخانی لێ ڕاکێشابوو، ئەوسا گەلێک لە پیاوە ناودارەکانی کورد کە لەوێ بوون

١٠٧. بۆیە لەم ڕۆژەدا بابان لە ئەستەمبۆڵ و ئەنقەرە و هەندێک شوێنی تر لە تورکیا زۆرن. هەندێکیان لەوێ گەیشتنە پلە و پایەی بەرز وەک (ئیسماعیل حەقی بابان) لە زەمانی سوڵتانەکان و لە سەردەمی (اتحاد و ترقی)دا بووبە (وەزیری مەعارف). هەروەها (جیهاد بابان) کوڕی حکمەت بەگ کوڕی مستەفا زهنی پاشا لە سەردەمی عەدنان مندرس دا (وەزیری ئیعلام) و لەم دواییەدا وەزیری مەعارف بوو. جگە لە پرۆفیسۆر و بازرگان و پێشەوای سوپایی... هەندێکیان لە بازرگانیدا بوون بە خاوەنی ملیۆنەها لیرە. عەزمی بەگ باپیری نووسەری ئەم کتێبە لە تورکیا هاتووەتە دنیاوە و کە گەورە بووە دوای تەمەنی (٣٠) ساڵی خۆشەویستی نیشتمانی کێشی کردووە و هاتووەتەوە سلێمانی.

ئامشۆیان دەکرد و ستایشی پیاوەتی و یاریدەدانی خەڵک و ڕووخۆشییان بە شیعر هۆنیوەتەوە، لەوانە مەلا خدری (نالی) کە لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ ئەحمەد پاشادا یەکیان گرتەوە، هەروەها شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە چوونێکیدا بۆ ئەستەمبوڵ چووتە دیواخانی ئەحمەد پاشا، لەبارەی ئەمە وە قەسیدەیەکی ڕەنگینی هەیە.

جگەلەوەی هەر لە سایە و سێبەری ئەحمەد پاشادا و بە هۆی ئەوەوە زۆر لە خەڵکی سلێمانی لە تورکیا پێگەیشتن و پلە و پایەی بەرزیان درایە[١٠٨].

## قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بابانەکان

دوای ئەم زانستە مێژووییەی پێشکێشمان کرد و پێش ئەوەی بێینە سەر هۆی نەمانی میرنشینی بابان، بە پێویستمان زانی، ئاوڕێک لە بارودۆخی جوگرافی و سنوور و تخووبی ئەوسای وڵاتی بابان بدەینەوە و بزانین تا کوێ گەیشتبوو.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ناوچەی شارەزوور و سلێمانی بە هەڵەبجە و شارباژێڕ و پێنجوێن و پشدەرەوە هەموو لە ناو قەڵەمڕەوی میرنشینی باباندا بوون، جگە لەوەی کە هەندێک جار بەرەو (زەنگاباد - مەندەلی - بەدرە - جەصان) دەکشا، هەروەها (ئاڵتوون کۆپری و هەولێر)یش هەر لە قەڵەمڕەویاندا بوو ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی (خانەپاشا)دا و هەندێک لە میرەکانی تردا زۆر شوێن لە کوردستانی ئێرانی دەکەوتە ژێر ئاڵایانەوە.

بەڵام تخووبی وڵاتی بابان لە بەغدا بە دواوە بەم جۆرە بوو[١٠٩] (داوودە - دەلۆ - زەنگنە - کوم مملحە، زنداباد، شێخان، نوورە، چەمچەماڵ، چیا

---

١٠٨. لە شوێنێکی تردا لەم کتێبەدا، باسی ئەوانەشمان کردووە، وەک حوسێن بەگی خەندان کە لەگەڵ ئەحمەد پاشادا چوو بۆ تورکیا، وە سەعید و شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا کە نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریش.

١٠٩. وەک لە گەشتنامەکەی (ریچ)دا، ل ١٩٤دا هاتووە.

سەوز، کێوە چماڵە و شوان، چبوق قەڵا، عەسکەر، قەلاسێوکە، گردخێر، بازیان، ناوچەی قەرەداغیش دەگەیشتە دەلۆو زەنگنە لە ژوور و لە ڕۆژئاواوە، بەڵام لە خوارەوە دەگەیشتە چەمی سیروان و لەوێوە دەهاتەوە دەربەندی بانی خێڵان (دەربەندی خانی ئەمڕۆ) بە گەورە قەڵا و وارماواوە و سەرچنار کە سلێمانیش دەگرێتەوە، سوورداش کە شاخی (غوردون)[١١٠]یشی تێدایە، مەرگە و پشدەر و گەڵالە و شینیک و[١١١] ماوەت و ئالان و سیوەیل و سەراو میراوە و (بالوخ کابیرون)[١١٢] و (شاربازێڕ و سرۆچک و گوڵعەنبەر[١١٣] و هەڵەبجە و شمێران[١١٤] و قزلجەو[١١٥] و قەرەحەسەن[١١٦] ئەمە جگە لە کۆیە و هەریر کە هەندێک جار دەکەوتنە ژێر دەستی ئەمانەوە.

---

١١٠. زۆر لە بێگانەکان پیرەمەگروون بە (غوردون)، هەندێ کەسیش لە زانایانی ئیسلام بە (الپیر یاخۆ الشیخ عمر المقرون) ناو دەبەن.

١١١. ڕەنگ هەیە مەبەسی لە شینکایەتی بێت.

١١٢. ڕاستییەکەی (بالخ)و (گاپیلۆن)ە لە ناوچەی شاربازێڕ.

١١٣. مەبەستی لە خورماڵە کە ناحیەیەکە سەر بە قەزای هەڵەبجەیە.

١١٤. چیا و ناوچەیەکە لە بەینی ناوچەکانی هەڵەبجە و خانەقیندا.

١١٥. ناوچەیەکە لە پێنجوێندا.

١١٦. ئەمڕۆ ناحیەکە لە پارێزگەی (تەئمیم) و سەر بە قەزای مەرکەزی کەرکووکە و مەرکەزەکەی لەیلانە.

**کردەوەی باش و رەنجی بە سوودی بابانەکان**

یەکەم: بنیاتنانی شاری سلێمانی لە لایەن برایم پاشای بابانەوە لە ساڵی ١١٩٩ک (١٧٨٤ز)، ئەمە دیارییەکی ئەوەندە بە نرخە کە برایم پاشا پێشکێشی نەتەوەکەی خۆی کردووە، کە هەرگیزاوهەرگیز مایەی شانازی و شادمانی بێت، ئەو سلێمانییەی ئەمڕۆ خوا پێمان ڕەوا ببینێ و بیپارێزێ و ئاگای لێ بێ، یەکێکە لە شارە گەورە پێشکەوتووە ڕازاوەکانی عێراقی خۆشەویست.

دووەم: دروستکردنی مزگەوت و خانەقا و دەزگای خوێندن لە سلێمانی و دەرەوەی. برایم پاشا مزگەوتی گەورەی دروست کرد، ئەو مزگەوتەی ئەمڕۆ مایەی شانازی هەموو مرۆیەکی ئاینی و پیاوێکی دڵسۆزە، چونکە وێنەی مزگەتێکی وا جوان و پاک و قەشەنگ لە وڵاتی موسڵمانانی تریشدا کەمە کە گەورەترین مزگەوتی ناوچەکەیە و نوێژی هەینی تێدا دەکرێت.

دروستکردنی خانەقای مەولانا خالید لە سەرشەقام لە لایەن مەحموود پاشای بابانەوە، کە ئەویش لە گەورەیی و جوانی و ڕازاوەییدا دوای مزگەوتی گەورە دێت و ئەویش نوێژی هەینی تێدا دەکرێت، هەروەها دروستکردنی مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین لە سابوونکەران، هەر لەلایەن برایم پاشای بابانەوە.

دروستکردنی مزگەوتی (شێخ ئەورەحمانی ئەبوبەکر – مزگەوتی بابەعەلی

قەرەداغی[117] و (مزگەوتی سەید حەسەن) لەلایەن ئەورەحمان پاشای بابانەوە.

جگە لە مزگەوت و شوێنی تر کە لە دەرەوەی سلێمانی دروستیان کردووە وەک ئەو دوو مزگەوتەی سلێمان پاشای گەورەی قەلاّچوالان لە کەرکووک دروستی کردن[118] و وەک مزگەوتەکانی قەلاّچوالان... و زۆری تر لە شار و دێهاتەکانی تری کوردستاندا.

سێیەم: خزمەتی زانستی و زانایان

هەر میرێکی بابان هاتبێ خزمەتی مامۆستا و پیاوی ئاینی و زانایانی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە. بۆیە بە هۆی ئەو خزمەت و هاندانەوە ئەو زانا گەورانە لە ناوچەی سلێمانیدا هەڵیان دا، بۆ وێنە: حاجی شێخ مارفی نۆدێ و موفتی زەهاوی و مەلا خدری نالی و مەلا عەبدوڵلای خەرپانی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی....... و دەیەهای تر.

هەروەها ژنەکانیشیان لە خزمەتی زانا و مەلا و فەقێ و مەدرەسەکان

١١٧. مزگەوتەکانی ئەوسا وردە وردە ناوی ئەو کەسانەیان بەسەردا دەبڕا کە مامۆستا و پێش نوێژ و دەرس بێژ بوون تێدا، وەک مزگەوتی گەورە بە ناوی کاک ئەحمەدی شێخەوە، خانەقای مەولانا بە ناوی مەولانا سەید حەسەنەوە، بەپێچەوانەی مزگەوتە تازەکانەوە کە ناوی خاوەنەکانیان لەسەر چەسپاوە وەک مزگەوتی عەبدوڵلا لوتفی و مزگەوتی عەلی کەمال و مزگەوتی حاجی جەمالی حاجی فەرەج.... هەتا دوایی.

١١٨. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەفەرمووێت: ئەوەی لە کەرکووک بەناوبانگە (مەدرەسەی دینی شاە غازییە) کە ئەحمەد پاشای بابان دروستی کردووە لە قەلاّ، لەناو مزگەوتی (اولو جامع) کە شاعیرێک لەبارەی ئەم پاشایەوە وتوویە: (شاە غازی احمدی لشکرشکن – أنگە تیفش قلب اعدا میبرید) هەروەها کتێبخانەی (مەدرەسەی فەرهاد) لە مزگەوتی مەیدانی ناو قەلاّ.

ئەوەی شایانی باسە ئەم ئەحمەد پاشایە، پێش بنیاتنانی سلێمانی، واتا لە قەلاّچوالان و لە کاتی شەڕی دوانزدە سوارەی مەریواندا پاشای بابان بووە و حوکمی کردووە، واتا ئەمیان ئەحمەد پاشای دوا میری بابان نییە.

هەرگیز دوانەکەوتوون وەک فاتمە خان کە حەمامێکی[119] دروست کرد بۆ مەلا و فەقێکان کە خۆیانی تێدا بشۆن هەروەها، دایکی ئەوڕەحمان پاشا کە لە ساڵی ١٢٢٨ک / ١٨١٣ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و (صالحە خانی ژنی سلێمان پاشا) کە ساڵی ١٢٤٠ک / ١٨٢٤ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و (حەلیمە خانی کچی ئەحمەد پاشا) و (عادلە خانی ژنی مەحموود پاشا) ئەمانە هەمیشە خەریکی خزمەتی مەدرەسەکان و مامۆستا و فەقێکان بوون و هەرگیز کەمتەرخەمییان لە (بەرات) لێ نەکردوون.

چوارەم: دامەزراندنی کتێبخانە.

بەتایبەتی کتێبخانەکەی قەڵاچوالان کە دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی گواستیانەوە بۆ مزگەوتی گەورە. لەسەر ئەم خاڵە زۆر ڕۆیشتووین، پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکات، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە ئەحمەد پاشای دوا میری بابان برایە ئاستانە و لەوێوە بە والییەتی ناردیان بۆ (یەمەن)، ئەم پیاوە لەو وڵاتە دوورەشەوە وازی نەهێنا، پەیتا پەیتا دەستنووس و کتێبی لەوێوە بۆ کتێبخانەکەی مزگەوتی گەورە و کتێبخانەکانی تری مزگەوتەکان دەنارد. تەنانەت کتێبی (مسالك ألابصار) لە باسی مێژوودا کە چواردە بەرگ بوو کە لە هیچ شوێنێکی تر دەست نەدەکەوت هەمووی بە تەواوەتی نارده سلێمانی.

پێنجەم: دەستگیرۆدەیی پیشەساز و هونەرمەندەکان: گەلێک چەخماخساز و پیشەسازی بەناوبانگ لە ناوچەی سلێمانیدا پێگەیشتن، وەک (حسکە)ی بەناوبانگ کە تفەنگی دروست دەکرد، جگە لە هاندانی (سواری و سوارچاکی و بەکارهێنانی چەک و زۆرخانە و وەرزش...).

شەشەم: ڕێزگرتنی شاعیر و ئەدیب و شاعیری میللی و پزیشکی خۆیی و

---

١٩٩. ئەو حەمامە تەنیشت سەرای ئێستا بوو، لە پەنجاکاندا (أستملاک) کرا و خرایە سەر سەرا.

گۆرانیبێژ و یاریدەدانیان، وەک مستەفا بەگی کوردی و ئەوڕەحمان بەگی سالم و شێخ رەزای تاڵەبانی[١٢٠] و مەلا خدری نالی و حاجی قادری کۆیی و شاعیری میللی (عەلی بەردەشانی) و حەکیم (کەرەم بەخش) کە پزیشکی تایبەتی سلێمان پاشای گەورە بوو، هەروەها گورانیبێژی وەک (فەقێ محەمەدی قووله)[١٢١].

دوا خاڵیش ئەوەیە کەوا میرەکانی بابان لەگەڵ ئەو هەموو گێرمەوکێشە و بیانوو پێگرتنە و سیاسەتە دووڕووییەی کە بەرەنگاریان دەبوون توانییان چەند سەدەیەک پارێزگاری میرنشینەکەیان (بە هەموو عەیبێکیانەوە) بکەن، کە ئەمە تەمەنێکی درێژ بوو لە چاو تەمەنی میرنشینەکانی تری کوردەواری ئەو ڕۆژەدا (میرنشینیی سۆران لە رەواندز و میرنشینیی بادینان لە ئامێدی) و (میرنشینیی بۆتان لە جزیرەی ئیبنولعومەر) و (میرنشینیی ئەردەڵان لە ئێران) کە ئەمانە هیچیان نە ئەو هێز و دەسەڵاتە و نە ئەو وڵاتە فراوانە و نە ئەو تەمەنە درێژەیان وەدەست هێنا.

### هۆیەکانی فەوتانی میرنشینیی بابان

هەر شتێک بووترێ لە بابەت هۆی نەمانی ئەم میرنشینەوە هەموو هۆی لاوەکی و لە پلەی دووەم و سێیەمدا دێن و پلەی گرینگ و یەکەم پەیمانەکەی (ئەرزورۆم) بوو.

### پەیمانی ئەرزورۆم

لووتژەننی ئێران لە کاروباری عێراقدا تازە نییە و کۆنە، بە قەدەر تەمەنی هەردوو دەوڵەتەکە چ ئێران و چ عوسمانی کە هەر یەکە هەوڵی داگیرکردنی

---

١٢٠. شیعرەکەی شێخ رەزا لەم ڕووەوە شایەتە.

١٢١. خەڵکی ناوچەی چەمچەماڵ و لە وتنی (قەتار و ئەڵلاوەیسی)دا وێنەی نەبوو. ساڵی ١٨٦٠ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

لایەکی دەدا لەسەر حیسابی ئەوی تر تا سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم کە لە ساڵی ١٦٣٨دا بەڵام بۆ ئەوەی ئیتر ئەو شتانەی بەینی هەردوو لادا ڕوو دەدا بە خۆشی چارەسەر بکرێت نەک بە شەڕ، پەیمانێک (لە ساڵی ١٦٣٩دا) گیرا بۆ ڕێککەوتن و دیاریکردنی سنووری هەردوولا، ناو دەبرا بە پەیمانی ئەرزورۆم یاخۆ پەیمانی (زەهاو). بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پەیمانە سنووری هەردوولای بە تەواوەتی دیاری نەکرد، هەرچەندە ئاسوودەیی بەینیان دوای ئەو پەیمانە نزیکەی (٩٣) ساڵی خایاند، تاکۆ (١٧٣٢) کە نادر شاه هاتە سەر تەختی ئێران، ئەو ساڵە ئەویش جاڕی شەڕی دا تاکو ئێران لە داگیرکەرانی ئەفغان و عوسمانییەکان ڕزگار بکات لەولاشەوە پەتروسی گەورەی قەیسەری ڕووسیش هەر پەلاماری دا، بەڵام نادر شاه وڵاتەکەی ڕزگار کرد، هەرچەندە لە هێرشەکەیدا بۆ سەر عێراق سەرنەکەوت، بەڵام بە جۆرە ڕێککەوتنێکی نزیک لە ئاینەوە پەیمانێکی لە ساڵی ١٧٤٦دا بەست.

بەوەش هەر ناکۆکی کۆتایی نەهات و لە ئەنجامدا دەوڵەتە گەورەکانی ئینگلتەرە و فەرەنسەش کەوتنە بەینەوە و لە دوای ئەوە پەیمانێکی تر لە ساڵی ١٨٢٣دا گیرا کە ئەمیش دیسانەوە هیچی بە هیچ نەکرد و گێرە و کێشەکە هەر وەک خۆی مایەوە. بۆیە هەر چوار دەوڵەتەکە ئەم جارە ڕێک کەوتن لەسەر پەیمانێکی نوێ لە بەینی ئێران و عوسمانییەکاندا بگیرێ، ئەو تەگەرانەی هەن چارەسەر بکرێن و باقیەکەشی هەڵگیرێ بۆ دوارۆژ.

ماددەیەکی ئەو پەیمانە ئەوە بوو کەوا (حکوومەتی ئێران پەیمان دەدا کە هەر نزمەزەمینێک دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای ناوچەی زەهاوەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەجێ بهێڵێت، بەرامبەر بە پەیمانی عوسمانییەکان کە زەمینەکانی ڕۆهەڵاتی ناوچەی زەهاو بۆ ئێران بەجێ بهێڵێت. هەردوولاش ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی لیژنە بۆ نەهێشتنی هەر ناکۆکییەک کە لە

نێـواندا ڕوو دەدات، ئەم پەیمانـە سـاڵی ١٨٤٧ مـۆر کـرا و ناو نـرا بە (دوا پەیمانی ئەرزورۆم)[١٢٢].

بەڵێ هـەرچەندە ناکۆکی بەینی هـەردوولا دوای ئەم پەیمانەش هـەر دەوامی کرد. بەڵام ئەم جارە، بە شەڕ و لەشکر و سـەرباز چارەسـەر نەدەکرا، بەڵکو لە ڕێی ئاڵوگۆڕی باڵیۆز و هاتوچۆ و یاداشتەوە کۆتایی پێ دەهات، کەوا بوو ئەو کوتەکانەی کە لەوە پێش بە دەستیانـەوە بوون، یاخۆ ئەو میـرنشـینانەی کە ڕۆژگار کردبوونی بە داردەسـتیـان وەک میـرنشـینیی بابان و سـۆران و بادینان... هیچ لایەکیان پێویستییان پێیان نەما و ئیتر کەوا بوو میرنشینی بابان بـۆ بمێنێ، لە کـاتێکدا کـە خـۆشی مـیـقـروبی نەمـانی لە ئـەندامـیـدا پەروەردە کـردبوو، بۆیە نـەمـا و ئەوانـی تریش وەک ئەو هـەمـوو سـەرەنگرێ بوون. هـەرچەنـدە هـەوڵدانی لەناوبردنی ئـەم میـرنشـینانەی کورد لـە پەیمانی ئەرزورۆم کۆنترە و بەلای کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم و جەنگی (چاڵدێران) و بەستنی پەیمان لەگەڵ ئێراندا دژی کورد.

### هۆیەکانی تر

لە گێڕانەوەی مێژووی کاربەدەستانی بابانەکاندا هەندێک شتمان بۆ ڕوون بووەوە کە دەتوانین بە کورتی لەم چەند خاڵانەدا بیانهۆنینەوە:

یەکـەم: هەڵکەوتنی شـوێنی وڵاتی بـەبە لـە ڕووی جـوغـرافـیـیـەوە، لە ناوچەیەکدا کە بۆ بەدبەختی کەوتووەتە سـەر سنووری ئێران، کـە ئەمـەش ڕێی لووتژەننە کاروباری کوردستانی لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە زۆر ئاسان کردبوو، بۆیە جگە لە لەشکر ناردن، هەمیشە پیاو خراپ و سیخوڕ و بەکرێگیراویان دەکرد بەم دیوا، بۆ زیان گەیاندن و سووتاندنی ماڵ و دار و درەخت و لەوەڕگا و ژەهرکردنە ئاوی خواردنەوە و دزی و چەتەگەری... و

١٢٢. لەم ڕووەوە سەیری علاء نورس (حكم المالك في العراق) و دکتور عەبدولعەزیز نوار (تاريخ العراق الحديث) بکە.

گەلێک شتی ناهەمواری تر کە زۆریان تا ئێستاش هەر بەردەوامن.

دووەم: ئەو سیاسەتە دووڕووەی کە والییەکان بەرامبەر بە بابانەکان بەکاریان دەهێنا، کە لە هەموو مانای پیاوەتی و ڕاستی و پاکییەوە بە دوور بوو، هەر ڕۆژە بە لایەکیاندا (دائەتاشی)، جگە لە بوونی دەست و پێوەندێکی پیسی بێ ئابڕووی بەرتیل خۆر و دوور لە تێگەیشتنی کاروباری سیاسەت و کارگێڕی، بێگومان ئەمانیش ئەم کردەوانەیان لە سوڵتانەکانیان و پیاوە گەورەکانیانەوە بۆ مابووەوە، بۆیە لە ئەنجامدا خۆشیان بە ئاگری ئەو کردەوە ناڕەوایانەی خۆیان سووتان.

سێیەم: ناپاکی و خۆ خۆشویستنی (هەندێک) لە میرەکانی بابان و چاوبڕینە کورسی و خۆ گەیاندنە حوکم، بێ ئەوەی بەرژەوەندی نیشتمان و ڕۆڵەکانی گەلەکەیان بهێننە پێش چاو، تاکو ئەو (هەندە) خۆیان بە نرخێکی هەرزان بەدەستەوە دا. بەوە گلەیی مێژوو و میللەتەکەیان هێنایە سەر خۆیان.

چوارەم: پێکهێنانی لەشکری بەهێز و ڕێکوپێک و مەشق پێکراو و پڕ چەککراو، بە چەکی نوێی ئەو سەردەمە و هێنانی پسپۆر لە فرەنساوە بۆ دامەزراندنی جبەخانە و تۆپخانە، کە ئەمانەش لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشا و دوای ئەویش ئەحمەد پاشای کوڕەزایا بوو کە دوا میری بابان بوو، ئەمە عوسمانییەکانی وریا کردەوە، لەوە سڵەمینەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێیان جیا ببنەوە و ئەوانیش دەرەقەتیان نەیەن.

ئینجا نابێ هەرگیز ئەو قسەیەی (لونگریک)[١٢٣] مان لە بیر بچێت کە

١٢٣. یەکێکە لە ئەفسەرە کۆنەکانی ئینگلیز کە لە عێراقدا مایەوە تا گەیشتە پلەی (مستشار) لە وەزارەتی داخلیەی عێراقدا لە سەردەمی مەلیکدا، گەلێک نووسینی مێژوویی لەسەر عێراق هەیە گرنگەکەیان (چوار سەدە لە مێژووی نوێی عێراق). وا دیارە ئەو قسانەی (لونگریک) بۆ سەردەمی پێش عوسمانییەکان و پێش سەفەوییەکانیشە کە کوردستان بەش بەش نەکرابوو.

دەڵێت: «ئەگەر میرەکانی بابان بەو جۆرە لەناو خۆیاندا تێک نەچوونایە و بە چەکی عوسمانییەکان و فارسەکان ڕۆڵەکانی کوردیان لەناو نەبردایە، میرنشینییەکەیان هەر دەما و پەرەشی دەسەند و بەهێزتریش دەبوو، ئەوسا تورک و ئێرانیش لێیان دەسڵەمینەوە، خۆ ئەگەر بهاتایە لەگەڵ (ئەردەڵانییەکان) یەکیان بگرتایە و میرنشینەکانی تری کوردیان لەگەڵدا بوونایە ئەوانەی کوردستانی گەورە کە سەربەخۆییەکی تەواویان هەبوو، لەم یەکگرتنە دەوڵەتێکی کوردییان پێک دەهێنا کە نەبە زەمین و نەبە ژمارە لە ئێران یاخۆ عوسمانییەکان کەمتر نەدەبوون، بەڵام تەماع و چاوبڕینە جێگا لەناو میرەکانی کوردا و شەڕی ئاینی بەینی سوننە و شیعە... ئەمانە گەورەترین هۆ بوون بۆ سەرنەگرتن و فەوتانی سەربەخۆیی کورد[١٢٤].

---

١٢٤. علي سيدو الگوراني (من عمان الى عمادية) لاپەڕە (٩٧) ئێمەش ئەم قسەیەی لونگریک دەڵێین: کەوا ڕاستییەک هەیە کە زۆر کەس یا دەرکی پێ ناکەن یا خۆیانی لێ لادەدەن، کە ئەویش شوێنی جوغرافی کوردە کە لە بەینی چەند دەوڵەتێکدا دابەش بووە، نە ئەو دەوڵەتانە لەناو خۆیاندا یەکن و نە بە گشتیانیش لەگەڵ کوردا یەکن زیاتریش لێدانی تەلی ڕەگەزپەرستی ئەمانە و کورد لە یەک دوور دەخاتەوە، بەپێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە کە شوێنی وایان هەیە زیاتر لە بیست نەتەوەی تێدایە، بەڵام هەموو وەک برا دەژین و کەس لەوی تر ناکەوێ.

## سلێمانی و کوژانەوەی چرای بابانەکان و شەڕەکەی عەزیز بەگ لە قەسیدەکەی سالم دا

ئەم سەردەمە و ئەم مێژووە بە ڕۆژە ڕەشەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت، ڕۆژێکە کە چرای حوکمی بابانەکان کوژایەوە و تاریکی و (زوڵمات) وڵاتی داگیر کرد، جڵەوی حوکم لە دەست ڕۆڵەکانی نیشتمان دەرچوو، کەوتە دەست بێگانەی عوسمانی. هەرچەندە عەزیز بەگی بابان ملی بۆ ئەم بارودۆخە نوێیە نەدا و بەرهەڵستییەکی شێرانەی کرد لەگەڵ نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکانی تری سلێمانیدا، بەڵام لە ئەنجامدا، ئەویش هیچی بۆ نەکرا و (شەهید) کرا، بەوە سلێمانی بە تەواوەتی کەوتە ژێر حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکانەوە.

ئەورەحمان بەگی ساحیبقران (سالم) بە قەسیدە هەرە بەناوبانگەکەی، ئەو کارەساتە و شەڕەکەی عەزیز بەگ و دۆست و دڵسۆزەکانی وڵات لە لایەک، چڵکاوخۆرەکانی عوسمانییەکان و نیشتمان فرۆشەکان لە لایەکی تر وەک موو و ماست لەیەک جیا دەکاتەوە، پەنجەیان بۆ رادەکێشێت، وەک شریتێکی سینەمای ڕوون و پاک پیشانی هەموو کەسێکی دەدا، هەندێک ناو بە ئاشکرا دەخانە ڕوو.... کە ئێمە ناتوانین لێرەدا پەردە لەسەر ڕوویان هەڵماڵین...

ئینجا فەرموون ئەمە چەند بەیتێکە نەک هەموو، لە قەسیدەکە بە هەندێک لێکدانەوەوە[١٢٥] کە لە شوێنی خۆیدا بەم (عنوان)ە، بڵاو کراوەتەوە «ذکر محاربەی بندگانی میری جلیل الشأن عزیز بگی بابان با طائفە رۆمیان»

١٢٥. ئەم قەسیدەیە و لێکدانەوە و مانای وشەکانمان لە بەرگی دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی مامۆستا رەفیق حیلمی ساڵی ٩٥٦ چاپخانەی الشباب و لە =

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستە ئەژنۆ کەف زەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت، تاری کرد صفحەی جیهان[126]
بەزمی صەیدی ئێمە، صەییادی فەلەک کارێکی کرد
ڕەنگە باڵای تیر قەددان بێتە تەرکیبی کەمان[127]
ضعفی طالع جازیبە وەک کارەبا، بۆ خوێن و دەم
سەیری چیهرەی بەختی من کەن بووبە ڕەنگی زەعفەران[128]
نەو بەهاری من خەزانە، وقتەکەی صوبحم تەمووز
پڕتەوی ماهە غەم و، چاکی دەروونم وەک کەتان[129]
تورکی قورصی خۆر کە طالع بوو، طلوعی کرد بە ڕەقص
کەوکەبەی ماهی مورادی ئەهلی بابان بوو نیهان[130]
دڵ لە میحنەت کەیلە تابی، سەیری ناو شارم نییە

---

=کۆواری ڕزگاری ژمارە (١٠ و ١١ و ١٢) زنجیرە لێکدانەوەیەکی (٤٣) بەیت لە لایەن مامۆستا محەمەد مستەفا کوردییەوە و لە کۆواری کاروانی ژمارە (٤٧) ساڵی ٩٨٦ کاکەی فەللاح قەسیدەکەی تێدا بڵاو کردووەتەوە و واتاکانیشی لێک داوەتەوە. بەڵام لە هەمووی زیاتر مامۆستا (حەمەبۆر) یارمەتی داوم نەک هەر لە لێکدانەوەی مانای قەسیدەکەدا، بەڵکو لە زۆر خاڵی تری تایبەت بەم کتێبەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

١٢٦. کەف زەنان = دەست کێشان بە دەستا لە ئەنجامی لێقەومانا. نەدامەت = لێرەدا واتای نەهاتی و نەگبەتییە. تار = ڕەش. تاریک.

١٢٧. قەد و باڵای وەک تیر ڕاست لە خەم و پەژارەدا وەک کەوان چەمایەوە.

١٢٨. جاذبە = ڕاکێش. دەم = خوێن بەڵام بۆ پێداگرتن. چیهرە = چارە. ڕوخسار.

١٢٩. نەوبەهارم پایزە، سەردەمی بەیانیانم وەک تەمووز گەرم و ئاگرینە. مانگی خەم و خەفەت گەش و پڕتەوە و دەروونیش وەک کەتان کون کونە بەدەست کارەساتی جەرگبڕەوە.

١٣٠. هەر کە خۆری ڕۆمەکان بە جووڵە و سەماکردنەوە دەرکەوت، مانگی ئاوات و ئامانجی بابانەکان شاردرایەوە.

عـــەینی چوام خـــوێنی تێ زاوە لـە داغی مــەردومـــان[١٣١]
ئـەهلـی بـابـان گـــریـە کـــەن بـۆ خـــانـەدانیی ئـاغـــەتـان
نیـمێ مـەحبـوس، نیـمێ مـەقتـول، نیـمـەیێ مـەنفی کـران[١٣٢]
کـەوڵ بە دۆش، با خـەرقـە پۆش بن، تاج و کـەشکۆڵ هـەڵگرن
ڕوو کـــەنە ئـەفـــلاکی پـەست و بچنە شــاری خـامـۆشـــان[١٣٣]
ئـاگـــری نـەگـــبـــەت لـە خـــەرمـــانـهـــایی طـالع کــەوتـەوە
شـەمـعی دەوڵـەت هـەر طـەرەف دەگـڕا هـەمـوو خـامـۆش کـران[١٣٤]
کێ دوعـای کـردبێ بە سـۆز ئـەمـسـاڵ لە کشـتی شـارەزوور
دابـبـــارێنێ لـە تـەنـخـــوای تـەرزە ڕۆمـی ئـاســـمـــان[١٣٥]
حـــەلـقـــە دەن یاران بـڵا ئـاشـــوفـــتـــە بـەخت و تیـــرە دڵ
ڕۆژگـــار دنیـــای لە ئـێـــمـــە کـــرد بـە زولفی دولبـــەران[١٣٦]
هـەوری بەدبـەختی کـە هاتە ڕووی فـەلەک وەک ڕەنگی قیـر
کــەوکــەبـەی مــاهـی مــرادی ئـەهلی بابان بوو نیــهــان[١٣٧]

١٣١. تابی = توانا و تاقەت. عەینی چاوم = هەر چاوە. مەردوم = مرۆ.
١٣٢. حاکمانی بابان نیوەیان گیران و نیوەیان کوژران و نیوەیان دەربەدەر کران.
١٣٣. کەوڵ بە دۆش = ڕەمزە بۆ دەروێشی. خەرقە پۆش = ڕەمزە بۆ سۆفییەتی. تاج = ئەو کـڵاوەیە دەروێش لە سـەری دەکـات. هەروەها کـاکـۆڵی دەروێش تاجی پێ دەڵێن. شاری خامۆشان = قەبرستان واتا بڕۆن بۆ مردن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئومێد بڕین.
١٣٤. ئاگری نەگبەت خەرمانەکانی گرتەوە و مۆمە داگیرساوەکانی هات و چارەنووس لە هەموو لایەکەوە کوژانەوە.
١٣٥. کێ دوعای سووتاندنی کشتوکاڵی شارەزووری کردووە. تەنخوا = سامان، دارایی.
١٣٦. بڵا = بادینانییە واتا دەسا، دەبا، با، بەڵێ. ئاشوفتە بەخت = شێواو. تیرە دڵ = دڵ تاریک. دنیامان لێ تاریک بوو وەک شەوە زەنگ.
١٣٧. هەوری ڕەشی وەک قیر کە هەوری نەهامەتییە مانگی ڕووناکی بابانەکانی شاردەوە.

شـارەزوور بەحـر و (سلێـمـانی) لەسـەر ئەو گـەمـیـە ڕەنگ
بۆ شـكسـتـی وەک نـەهـەنگ بـۆ فـیـتنەیـی ئاخـر زەمـان[١٣٨]
ڕاسـتـە گـەردوون چابوكـە بـۆ ڕەنگی بـەد ڕێتن وەلێ
نـاڕژێنێ ڕەنگی بـەم ڕەنگە بە مـوددەی سـەدقـران[١٣٩]
صـاعیـقە و بەرقی نەدامـەت، ظولّمـەتی دا شـەرق و غـەرب
بەردە بـارانە بـە مـەخـصـوصـی لەسـەر مـوڵكی بەبان[١٤٠]
چاوی عـیـبـرەت هەڵبـڕە ئەی دڵ، لە وەزعـی دەهـری دوون
سەیری كە سا تورک، فەلەک، چی كرد بە زومرەی كورد زبان[١٤١]
عـەرصـەیی مـەیدانی چەرخـە ئێـسـتـە جـەولانگاهی بووم
بـووبـە لانـەی زاغـی بـەدخـوو ئاشـیـانـەی بـاڵەبان[١٤٢]
بێ زوبـان كـووكـووزەنـان هـەر خـانـەدان تێ دەفكرم
عـەنكەبووت خـواجـە نشـینە جـفت جـوغـدە دیدەبان[١٤٣]
چارەسـەركـەن ئەهلی دەروێش، نانی مـونعـیـمـتـان بڕا
لوولـە بوو سـفـرە و نـەواڵە، ونكراو ظـەرف و خـوان[١٤٤]

---

١٣٨. گەمیە ڕەنگ = گەمیە ئاسا. نەهەنگ = حووت.

١٣٩. ڕیتن = ڕشتن. قران = قەرن، سەدە.

١٤٠. چەخماخە و برووسكەی ئاسایی دنیا ڕووناک دەكاتەوە، بەڵام هی نەگبەتی تاریكی دەكات.

١٤١. سەیر كە ڕۆژگاری ناهەموار چۆن پێچەوانە هاتەوە. فەلەک سەیركە توركەكان چییان بە كورد زوبان كرد.

١٤٢. بوم = كوننە پەپوو. زاغ = قەلەڕەشكە. ئاشیانە = هێلانە. باڵەبان = باڵدارێكی بە چنگە لە هۆزی باز و هەڵۆ.

١٤٣. كووكووزەنان = كووكووكەرە. خواجەنشینە = خواجەنشین، سەكۆی پێش ماڵ، باڵكۆن. جوغدە = سیسرک، دیدەبان = پاسەوان.

١٤٤. نەواڵە و ظەرف و خوان = سفرە و خوان = چاوی تێر و نان بدە.

ئەهلی سادات و مەلا و حاجی بڵا شین کەن بە سۆز
دەفتەری ئەهلی وەظاییف دیم عمموومەن حەک کران[١٤٥]
حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی (سلێمانی) درێغ
کەوتە دەستی دێوی دوون میهری (سلێمان) ئەلئەمان[١٤٦]
ئەسکەمل بێنن قەراریان دەن لە جێی ئاغالەران
مەجلیسی شوورا ئەمیستە خاصە بۆ ئەصنافەکان[١٤٧]
وا (کەریم ئاغا ...) تەدبیری هەستەی جاف ئەکا
(خاڵە هۆمەر) دارۆغەی شارە و مدیر (حاجی ئەحان)[١٤٨]
کەس نەچێتە پێشەوە (حاجی غەنی) تەدبیرییە
مەئمووری سەبتی نفووسە و شاغیلی باجی دووکان[١٤٩]
مەجلیسێ وا بێ موشەخخەص دووی گۆگرد عوودە بۆی
(دەروێش ئاغا) بوو لە جێی (مستۆ) هەموو شەو نەغمەخوان[١٥٠]
عەزل و نەصبی کرد بە تەدبیری (کەیا) مەنسووبی ڕۆم
قاوەچی (ئەولا)یی قاپی تیتو (سواران) یاڵەوان[١٥١]

---

١٤٥. بڵا = دەی. حەک کران = سڕرانەوە و کوژێنرانەوە.

١٤٦. سلێمانی (تەخت)ە و میری بابانیش حەزرەتی (سلێمان)ە و نگینەکەشی (ئەموستیلە)کەی کەوتووەتە دەست دێوی دوون کە ڕۆمییەکان (عوسمانییەکان)ن.

١٤٧. ئەسکەمل = کورسی، ئەمیستە = ئێستا، ئەصنافەکان = سنفەکان.

١٤٨. تەدبیری هەستە=تەگبیری وجوود، دارۆغە=پۆلیس. مدیری دارۆغا=بەڕێوەبەری پۆلیس.

١٤٩. حاجی غەنی تەدبیرییە = حاجی راوێژکەر و تەگبیرکەرە. ئەو فەرمانبەری نفووسە و لە هەمان کاتدا باج وەرگرە لە دووکاندارەکان.

١٥٠. دوود = دووکەڵ یاخۆ کاربۆنە ڕەشەکەی کە لە دوای سووتانی شتێک بەجێ دەمێنێ. مستۆ = مستەفا. نەغمەخوان = گۆرانیبێژ = نەغمەخوێند.

١٥١. عەزل و نەصب = لابردن لەسەر ئیش و دانانی یەکێکی تر. (کەیا) = کەهیا = کەهیە = فەرمانڕەوای سەردەمی عوسمانییەکان لە بەغدا دوای والی ئەو بوو. ڕۆمی = مەبەستی لە عوسمانییەکانە.

ئاڵ و گۆڕی مەنصەبی دوو شەخصی عالی جا کرا
(مەحموود ئاغای زل) حەکیم باشی، حەمامچی (بابەجان)[١٥٢]
حاجی میرزا کەوتە ناو شار و تەرازووی شاردەوە
مەسرەف ئاسا حاسبە بۆ خاسەجاتی مالوان[١٥٣]
کێ ئەکا تەقسیمی مەنصەب وا موقابیل ثانی شەخص
بۆ (عەزیز) سەربانە کۆم و (حاجی قادر) ئاشەوان[١٥٤]
میری خورماڵ و دەڵێن ئیمساڵ مەظەننە صاڵحە
باز بە (جەببار)یان سپارد باقڵ ئومووری دۆمەکان[١٥٥]
(ئاغا....) مەشوورەت جۆیە لەگەڵ سەرکاتبی
وا ئەزانم وەرگری حوکمی چیا سەوزە و شوان[١٥٦]
باڵەتی و ئەولا سوتەڵ هەردوو شەریکی قسمەتن
سەبتی (طوغرا) بوون بە حوکمی ماوەت و سەمتی قەشان[١٥٧]
وەک مەگەس ڕۆمی لەلایان فەرقی پاک و پیس نەبوو
لەقلەق و نێری ئەچن بۆ ظابطەی نەهری موان[١٥٨]

---

١٥٢. واتا بابا جانی حەکیم خرایە شوێن مەحموود ئاغای حەمامچی.

١٥٣. واتە سەنگ و تەرازوو نەما و دەست کرا بە فرۆفێڵ. خاسەجات = واریدات. مالوان = جۆگەیەکە.

١٥٤. ئەم عەزیزە لێرەدا کابرایەکی ئاشەوان بووە کردوویانە بە سەرداری کۆم (مەملەحە) لە شوێنی حاجی قادر کە خستوویاننەتە شوێنی یەکتر.

١٥٥. صالح و جەببار پیاوی عەبدۆڵڵا پاشای بابان بوون کە لەگەڵ تورکەکاندا بوو. واتا لە بابەت ئەو دووانە هاتنە سەرکار و بووبە ڕۆژی ئەوان.

١٥٦. مەشوورەت جۆ = مشاور. سەرکاتبی = سەرۆکی کاتبەکان = مودیری تەحریرات.

١٥٧. سەبتی طوغرا = فەرمانی شاهانە. سەمتی قەشان = ناوچەی قەشان لە ماوەت.

١٥٨. نێری = نیرەبزن = سابرێن. ضابطە = زەبتیە یاخۆ کۆکردنەوە.

بۆ گــەڕانـی دەوری شـــار ئەمـــشـــەو (مــولا یونس) ئەچێ
مـشـتـەکـەی گـورز و کـەمـەندی کـشـتـەک و دەرزی سنان[159]
حـامـیـد و وەسـتـا حـسـێن کـەل وا لە شـارا گـیـزمـە چین
هەردوو بۆ خــوێن دیـتنـی دزکــۆ بـەکــو تـوشـنـەن بەجـــان[160]
شـیـری قـەیچی، تیری دەرزی، خڕکی نێـو گـورز، زەرعی ڕم
نەخ کـەمــەند، ئەسـپـەر و تو جـەوشـەن، پەتی بەن پڕدران[161]
غــەڵبــە غــەڵبی هەر بکوژ هەڵســا لە دەشـــتی چوار باخ
قـــادری دەللاکـــە هەر شـــەو تاســـەحـــەرگـــە پاســـەبان[162]
کــەس نەڵێ ڕۆمی لە تەســخـیـری مــەمــالیک چابووکن
ســســتی بەخـــتی عــەشـــیـــرەت بوو بە چالاکی ئەوان[163]
وەرنە ڕۆســتــەم وەک ئەوان کــەی دێتـە دەس بۆ چابووکی
وا بە غـیــرەت، وا بە جـورئەت، وا یـەلی صـاحـیب سـنان[164]
وەقـتی حــەملە ڕۆژی مــەیدان مــوددەعی وا کــز ئەکــەن
دێتـە لـەغـزش پێ و ڕیکاب و ســست ئـەبێ دەســتی عنان[165]
شـێـری بێـشـەی مـوڵکی بابان مـەردی مـەیدان ظاهیـرە
گـەر کــەسێ بێنێـتــە خـاطر دەسـتـوبردی گـەرمــیــان[166]

١٥٩. مشتە و گورز و کەمەند = کەرەسەی کەوش دروستکردنن.
١٦٠. گیزمەچی = حەرەس. دەوریە.
١٦١. قـەیچی = مـقـەست. زەرعی ڕم = ذراع = گـەز . نەخ = کـشـتـەک. ئەوانی تریش شتومەکی کەوش دروونن.
١٦٢. چوار باغ = گەڕەکی چوارباخ. پاسەبان = پاسەوان.
١٦٣. واتا بەختی ڕەشی کوردی وای هێنا نەک ئازایەتی ڕۆمییە تورکەکان.
١٦٤. وەرنە = ئەگینا. یەل = پاڵەوان.
١٦٥. لەغزش = لەرزین. عنان = لغاوی وڵاخ.
١٦٦. ظاهیر= دیار، ئاشکرا. هەروەها یەکێک بووە لە شەڕکەرەکانی عەزیز بەگ. واتا ئەو شێرانەی بێشەی وڵاتی بابان بە دەستوبردی گەرموگوڕییاندا دیارن.

مەردی مەیدان هاتە جەولان باز لە دەنگی طەپڵی باز
حەیتە وەک شاهۆیی گێژ و کورد بە میسلی بالەبان[١٦٧]
مەرگی تورکانی جەفاجۆ سەد قەدەم پێش گوللە کەوت
تا پلەی ئەنگوشت بۆسی، ئەو گەیشتە سەر نیشان[١٦٨]
ئیختیراعی تورک لە دڵدا مەشق جۆی شێوەی شغال
یەکە تازی کورد لە دونبالی وەکو شێری ژیان[١٦٩]
خۆ لە بیمی تیغی جانوسای (عەزیز) ئەو ڕۆژە تورک
میسلی کەوباڕی هەڵۆ بین شەش جیهەت لێک دابڕان[١٧٠]
هەر کە شوعلەی ماهیچەی تیغی بورەهنەی بوو ظهوور
وەک قوڵنگی شەوچرابین تێکەڵاو بوون ڕۆمیان[١٧١]
گوللە طۆپ وەک طۆپی قایش بوو لە ئاقار غیرەتی
طەبعی جۆیای بەزمی شێلگ بوو لە جێی (سینەکەمان)[١٧٢]
قەهرناک و سەر بورەهنە ئاتەش ئەفشان حەملەوەر
جەنگ جۆ بوون یەک بە یەک هەرسو وەکو بەبری بەیان[١٧٣]

١٦٧. (باز)ی یەکەم بەواتا دیسانەوە و بازی دووەم مەبەستی لە (تەپڵ بازەکانە) واتا تەپڵ لێدەری شەڕ و سەروڵاخ.

١٦٨. لە ترسا مەرگی تورکەکان پێش گوللە کەوت، بەیتی دووەم مەبەستی پەلەپیتکەی تفەنگە کە ئەموست ماچ دەکات.

١٦٩. شغال = چەقەڵ. یەکەتازی = یەکە سوار چاک. دونباڵ = بە دوایدا.

١٧٠. بیم = ترس. جانوسا = گیان دەرهێنەر. عەزیز = عەزیز بەگی بابان بەیتی دووەم مەبەستی لە بارەکەوە چۆن کە هەڵۆ دەبینێ زەننەقی دەچێ.

١٧١. بریسک و هوری ئەو کەوانە ڕووناکەی لە داوەشاندنەوەی تیردا پەیدا دەبێ. تیغی بورەهنە = تیغی لە کێلان دەرهاتوو. قوڵنگی شەو چرابین = قوڵنگی بە شەوار کەوتوو.

١٧٢. گوللە تۆپ وەک تۆپی پێ بوو لە ڕاست ئازایەتییەکەی عەزیز بەگ. جۆیای = ئاشنای. شیلک = شیلکی تفەنگ. سینەکەمان = کەمانچە.

١٧٣. قەهرناک = داخ لە دڵ. بورەهنە = سەر ڕووت. ئاتەش فشان = ئاگرپژێن. حەملەوەر = هێرشبەر.

هەی خوا ڕۆ لەو دەمە چی کرد تەقەی تۆپ و تفەنگ
سەر زەمینی تاریک و دنیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسمان
ماهی طالع ڕێی محاق و ڕۆژی نەگبەت جلوەگەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان[١٧٤]
لاغری طلع شکاندی حەسرەتا بازووی قەوی
ئەختەری بورجی موظەفەر خۆی لە ئێمە کرد نیهان[١٧٥]
گەر چی پێستا پێش بە هەیبەت بوون و ئازا چوونە پێش
حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیظام وا بێ حەیان[١٧٦]
پێشی دەمیان ئۆغلەمەی طۆپ، پشتی سەر ئەو ئاگرە
گەییە چەرخی هەفتەمینی لەو حینەدا ئاهو فوغان[١٧٧]
گوێی فەلەک کەڕ بوو لەبەرناڵەی نەفیری ئەهلی شار
لا مەکانی گرت صەدای ناڵە و فوغان و ئەلئەمان[١٧٨]
موددەعی کوێر بێ، نیظام ئیفلچ، مەکان زێر و زەبەر
میری سووورداش و ئەمینەی پیاوی هەردوو ئەنگوان[١٧٩]

١٧٤. ماهی طالع = مانگی بەخت و هات. ڕێی محاق = مانگ گیران = جلوەگەر = گەش و پرشنگدار. بەرقی غەم = برووسکەی غەم.
١٧٥. لاغر = بارگیری لەڕ. بەیتی دووەم بە واتا: ئەستێرەی ئاسۆی سەرکەوتن خۆی لە ئێمە ون کرد.
١٧٦. هەرچەندە لە سەرەتاوە سامیان نواند و ئازایانە چوونە پێش بەداخەوە باز (واتا دیسانەوە)، نەیانزانی سوپای ڕۆمییەکان وا بێحەیان.
١٧٧. ئۆغلەمەی تۆپ = گرمە و تەقەی تۆپ. لەو حینەدا = لەو کاتەدا.
١٧٨. دنیا پڕ بوو. جێگە نەمایەوە کە دەنگی ئاهو فوغان و هاوار و ناڵەی دانیشتوانی شار بگرێتە خۆی.
١٧٩. ئەنگوان = ئەنگێوران = بەرکەوتن.

گەر عەشیرەت گریەکەن هەر یەک هەتا ئەمرن کەمە
کوشتنی میر بای موخالیف بوو بە شەمعی دوژمنان[١٨٠]
ڕۆژی قەتڵ ئەمڕۆیە، ئەلحەق (واحسێن)ی پێ ئەوێ
بۆ ئەدای تازیە سەراسەر نیلگوونە ئاسمان[١٨١]
یادگاری حاکمان و جانوشینی سیلسیلە
نامراد و نەورەس و مەقصەد نەبوو نەوجەوان[١٨٢]
سەد کە ڕۆژی گریە بوو، ئەمما ئەمن زۆر پێ کەنیم
(پوورە ماتان) ئەحمەدا ئاغای بردە شکلی دۆمەکان[١٨٣]
دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە
حەسرەتا یەکدڵ نەگەینە شیوەکەی (گردی گولان)[١٨٤]
مەیلی لانیان بوو وەکو گەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە
دەرنەچوون، چابوو بە حەملەی دێڵە کەهیا کەوڵ کران[١٨٥]

---

١٨٠. عەشیرەت تا بگریەن و شین بۆ عەزیز بەگ بکەن هێشتا کەمە چونکە کوشتنەکەی وەک ئەو (با) پێچەوانەیە بوو کە مۆمی دوژمنی کوژاندەوە.

١٨١. ئەم ڕۆژە ڕۆژی کەربەلایە و شینی حوسەینە. ئاسمانیش لە هاوبەشی پرسەدا ڕەنگی شین هەڵگەڕاوە.

١٨٢. مەبەستی عەزیز بەگە کە یادگاری بابانەکان و دوا زنجیرەی ئەوان بوو، بەڵام وەک خەلفێکی تازە هەڵچوو بە مەبەست نەگەیشت و فەوتا.

١٨٣. لەبەر ئەوەی لەشکری کورد یەک ڕەنگ نەبوون و هەر کەس لە دواییدا بۆ خۆی بوو. ئەحمەد ئاغا ناو شکا و پوورەماتان کە دەبێ دۆم بێ جلی خۆیانی لەبەر کردووە و شاردوویەتیەوە.

١٨٤. لەشکری ئەم ئەحمەد ئاغایە جارێکی تر خۆیان کۆکردەوە بەڵام دیسانەوە لەنیوەی ڕێ ساردبوونەوە و نەگەیشتنە گردی (گولان – گردەکەی مامەیارە) سەرلەنوێ بڵاوەیان لێ کردەوە.

١٨٥. سالم ئەم لەشکری ئەحمەد ئاغایەی بە نموونە هێناوەتەوە کەوا بەشێک بووە لە لەشکری بابانەکان، بەڵام چونکە یەکدڵ نەبوون نابەدڵ هاتوون هەر لەسەر ئەنجامی=

بەختی سووتێ، سا لە ڕێی حەق، حەق، حەقی لێ وەرگرێ
بە دنمەک گـــیـــری نمەک بێ، وەک ئەوان دایان بەمـــان[186]
بۆ مـــەداری نان عـــەشـــیـــرەت، قـــەت (مـــەدارێکی) نەبوو
ئاشـــەکـــەی طەبعی بە ئاوی کـــەیدی ڕۆمی هاتە دان[187]
شێری بێشەی مولّکی بابان بوو (عەزیز)، ئەمما درێغ
وەک گرێی داموسکی بێ ئەو قەومەکەی زۆر هەڵوەشان[188]
گەرچی میسرە شارەزوور، ئەمما خەرابە بێ عەزیز
ڕوو ئەدا لەم خەڵقە ئاخر حاڵەتی کەنعانیـیان[189]
دیدە نابینایە وەک یەعـــقـــووب لە هیـــجـــرانی عـــەزیز

---

= شەڕی ئەم بەشە لەشکرە دەڕوات دەڵێ: ئەم لەشکرە پەرشو بڵاوە هەر لەوە دەگەڕان کە خۆیان بدزنەوە، بۆیە وەک کەروێشک دەیانویست بچنە لانەوە و خۆیان مەڵاس کەن. بەڵام دوای ڕاو کە تووله و تانجی نەمان کەروێشک دێنە دەرەوە، دەسا ئەمانیش هاتنە دەرەوە بەڵام دەرنەچوون چونکە کەهیای نامەرد و ترسنۆک داینە پێش خۆی بەرەو مەیدانی جەنگ.

١٨٦. (حەق)ی یەکەم مەبەس لە خوایە. (حەق)ی دووەم واتا خوا حەقی لێ بکاتەوە. مەبەس لە عەبدوڵڵای پاشای بابانیی بەدنمەکە، کە بابانەکانی دا بەدەست عوسمانییەکانەوە.

١٨٧. مەداری یەکەم شوێن سووڕانەوەی هەر شتێکە بەدەوری خۆیدا. واتا لە ڕێگای نابێ ئەو عەشیرەتە یاخۆ لە ڕێی ئەو عوشرەتەدا ئاسمان هیچ ڕێگایەکی نەبوو. ئاشی سروشتیی ئاسمان بە ئاوی فێڵی ڕۆمییەکان (عوسمانییەکان) کەوتەگەڕ.

١٨٨. شێری بێشەی وڵاتی بابان عەزیز بەگ بوو، بەڵام حەیف و بەداخەوە قەومەکەی زوو هەڵوەشان و بڵاوەیان لێ کرد. داموسک = بەنی مووە کە گرێ ناخوا، گرێی داموسک = ئەو برینەیە کە ئەو سەرە و سەری کوناودەرە.

١٨٩. میسر و عەزیزی میسر کە یوسفی کەنعان شوێنی گرتەوە. بە شارەزوور و عەزیز بەگی بابان دەشوبهێنێ. کە یوسف نەما کەنعانییەکان خراپیان بەسەر هات. کە عەزیزی بابانیش نەما شارەزووریش هەر وای بەسەر هات.

تۆی خـــودا صــاحــیب مــەکــان و تۆی خــودایا لامــەکــان[١٩٠]
کـــەوکـــەبی بەخـــتـی لە چاهـادا بە پڕتـەو بێــتـــە دەر
شـــەعــشـــەعـــەی ئـەمـری مـنەووەر کــا زەمین و ئاســمــان[١٩١]
جــــەنگەڵی شـــــەهبــــازی بازی بـازیانی باز نـەوی
فش هەڵات (کـەهیـا) لەسـەر بەیضـەی تەمــەع وەک مـاکیـان[١٩٢]

**ئەنجامی ئەم قەسیدەیەی سالم**

جگە لەوەی ئەم قـەسـیدە بەرزە کـە سـالمی نیشـتـمانپـەروەر بە هـەمـوو پاکی و دڵسـۆزییـەکەوە هۆنـیـویەتەوە کـەوا سـەردەمـێکی دیاریکراومان لە مـێژووی سلێـمـانی پیـشــان دەدا. جگە لـەوە وەک مـامـۆسـتـا ڕەفـیق حـیلمـیش دەفـــەرمـــووێت[١٩٣] دوای ئـەنگێـورانی عـــەزیز بـەگی بـابان لـە ئـەنجــامـی بەرهەڵستییەکەی دژی عوسمانییەکان وا دیارە سالم خۆی لەو ڕۆژە ڕەشەدا

١٩٠. یوسف کوڕی حەزرەتی یەعقووب کە دوای عەزیزی میسر ئەو بووبە عەزیزی میسر. یەعـــقـــووب چۆن لە دوای ســـەرەونگوون کـردنی یوسف (عـــەزیز)ی کـوڕی لە لایەن براکـانیـەوە، کـوێرایی داهات، دانیـشـتـوانی سلێـمـانیش بۆ عەزیز بەگی بابان وایان بەسـەرهات. بەیتی دووەم دووعـای هەناسە ساردی و بێ چارەیی و تەسلیم بە (ئەمری واقع) بوونە.

١٩١. ئەستێرەی بەختی کورد لە قووڵاییدایە مەگەر بە پڕتەوی یەزدان بێتەدەر.
بەیتی دووەمـیش مەبەسـتی ئەوەیە مەگەر (شەعشەعە = تیشک و پڕتەوی خـوایی) ئەم قەومە ڕزگار بکات.

١٩٢. لە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا، لاپەڕە ٦٢ – ٦٨.

١٩٣. (جـەنگەڵی) و (شـەهباز یاخـۆ شـابازو) (بازی) سێ پیـاوی ئازای هەمـەوەند بوون سـەر بە عـەزیز بەگ. (بازیانی) مـەبەسـتی لە هەمـەوەندەکانە کە لەوساوە دانیشـتـووی ناوچەی بازیان و چەمچەماڵن. (بازی) دوایی واتا دیسانەوە.
فش هەڵات واتا کڕ کەوت لەسەر هێلکە. کەهیا (کەهیە) سەر لەشکری عوسمانییەکان. بەیضـەی تەمەع واتا ئومێد بەو لەشکرەی لەگەڵیدا بوون کەهیا دەیویست وەک مریشک لەسـەریان کڕکەوێ.

له سلێمانی بووه و کارەساته خۆیناوییه مێژوویینەکەی به چاوی خۆی دیوه.

هەروەهاش دیاره سالم زۆر مەفتوونی ئازایی و چابوک سواری عەزیز بەگ بووه، بۆیه دێته جۆش و خرۆش و گریه و ناڵه و فوغان، ئەم کارەساته خۆیناوییه وەک وێنەگرێکی هونەرمەند دەگێڕێتەوه و پیشانمان دەدا، نوشوستی بابانەکان و دەست بۆ برینی کۆمەڵایەتی میللەتەکەی ڕادەکێشێت، مێژووی تێکەڵاوبوونی عوسمانیی بێگانه زمان لەگەڵ قەومی کورد دەخاتەوه بیرمان. دوای ئەوه بادەداتەوه سەر ئەنجام و چارەنووسی (میری پاڵەوان) و به کڵپه و گڕی دەروونێکی بێ هیوا و ئاگرینەوه فرمێسکی خوێناوی به چاویدا دێته خوارەوه. ئینجا:

### سالم وەڵامی نالی دەداتەوه

نالی (١٧٩٧ – ١٨٥٥) که له غەریبایەتی دەبێت (له ئەستەمبوڵ یا شام یا حیجاز) نامه یاخۆ (چامه)یەکی دوور و درێژی پڕ خەم و خەفەت و ناسۆر دەنێرێ بۆ هەڤاڵەکانی له سلێمانی (مەرج نییه بۆ سالمی ناردبێ)، وەک لەمەوپێش باسمان کرد، وا دیاره ئەم نامەیه دوای کوژانەوەی چرای فەرمانڕەوایی بابانەکان بووه[١٩٤].

ورد ورد باسی بارودۆخ و هەواڵی هەموو کەل و قوژبنێکی سلێمانی دەپرسێت و له دوا بەیتدا دەڵێ:

ئایا مەجالی روخسەته لەم بەینه بێمەوه

یا مەسڵەحەت تەوەقوفه تا یەومی نەفخی سوور[١٩٥]

---

١٩٤. مامۆستا عەلادین سەجادی له (دوو چامەکەی نالی و سالم)دا چاپخانەی مەعاریف – بەغدا ساڵی ٩٧٣ دەڵێت ئەو نامەیه ساڵی ١٨٣٤ نێرراوه، بەڵام ئەمه لەگەڵ (وەقائع)ی ناوەڕۆکی نامەکەدا ناگونجێ، که هەموو شتێک وای دەردەخات که دوای ڕووخانی بابانەکان ناردوویەتی واتا دوای (١٨٤٧ – ١٨٥١).

١٩٥. واتا تا ڕۆژی حەشر.

سالم وەڵامی ئەم نامەیە دەداتەوە، ئیتر ناردوویەتی یان نا؟ ئەگەر بە نالی گەیشتبێ یا نەگەیشتبێ، ئەوە گرینگ نییە، هەرچەندە نالیش نەهاتەوە و هەر بە داخی سلێمانی و شارەزوورەوە لە غەریبایەتی سەری نایەوە. بەڵام گرینگ ناوەڕۆکی وەڵامەکەیە. سالم دوای ئەوەی بەشان و باهووی (با)دا هەڵدەدا... تکای لێ دەکات وەک تەتەر یاخۆ پۆستەچی بڕوات و نامەکەی بۆ بگەیەنێت و بیداتە دەست نالی کە بە بڕوای ئەو لەو کاتەدا لە وڵاتی شام بووە. لەو نامەیە یاخۆ لەو چامەیەدا، سالم هەرچی دەرد و ئێش و ئازارەکانیەتی بەدەست عوسمانییەکان (ڕۆمییەکان)ەوە دەری دەبڕێ. بە نالی دەڵێت: لەو ساوە ئەمارەتی بابان رووخا و بابانەکان دەربەدەر بوون، شاری سلێمانی و دانیشتوانی خۆشییان نەدیوە، ماتەم گشت لایەکی گرتووەتەوە، بە جۆرێک تاکو گیا و بەری داریش هەموو وشک بوون، پارچەی جگەریان لە تاو ئێش و ئازار و خەم بە جۆرێک سووتاوە، بووە بە کەباب، زوڵم و دەستدرێژی ئەوان لە دادی بەشەردا نەماوە.

ئینجا دەڵێت: ئەو گردی سەیوانەی تۆ هەواڵی دەپرسیت، ئێستا پڕە لە گۆڕی زۆر لێکراوان، کە لەویدا سەریان ناوەتەوە. ڕۆمییەکان دەر و ژووری خانەقای مەولانایان تەنیوە، هەموو سەرچاوەکانی سەرچنار لێلایی و کوێراییان داهاتووە، بەرگ و بەیداخی دارەکەی شێخە باس دڕاون و نەماون، قسنەکەی بەردی تێدا نەماوە و لق و پۆپی دارەکەیان هەموو شکاندووەتەوە. شیوی ئاودار وای لێ هاتووە لەوانەیە قەترەیەک ئاوی لێ نەیەت. عوسمانییەکان هەموو دزی نیوەشەون، دزێکی ئەوتۆ کە هەموو ماڵ وێران دەکەن. کانی ئاسکان پڕی بووە لە دەنگو ڕەنگی کەرو مانگا. دارەکەی پیری کۆنە ساڵ چەماوەتەوە و خەریکی خەزانە لە هەموو شوێنێک. حوجرەکەت و شتومەکەکانی بە تاڵی جاڵجاڵۆکە دەرەوە و ناوەوەی تەنراوە.

کەوا بوو، ئەی با، توو خوا، بە جەنابی نالی بڵێ دەخیلی بم بەم جۆرە قەت سەر نەکاتەوە بە سلێمانیدا، چونکە سلێمانی تا میراتگری خۆی بۆ

پەیدا نەبێتەوە بۆ ئەوەی عەدل و دادی بۆ بگێڕێتەوە نەکات سەری پێدا بکاتەوە. نەکا بە وێنەی سالمی بێکەس سەری تێدا بچێت، من لە تاو خەم و خەفەت، خوێنی خۆمم دۆڕاند، ئەو نەکات بێتەوە سەری خۆی پێوە بکات. ئەوەتا دەڵێت:

جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی شارەزا لە هەموو راهی پڕ خەتەر[١٩٦]
ئەی مروەحەی جەماڵی مەه ئاسای دڵبەران
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیم بەر[١٩٧]
میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێندە تەنگ بووە
دوودی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتەبەر[١٩٨]
بۆ مولکی شامە نامەی من سووی (نالی)یە
هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ولایەت ئەدا خەبەر[١٩٩]
پرسیویە زاهرا لە رەفیقانی یەک جیهەت
ئەحواڵی ئەهلی شەهرو رەفیقانی سەر بەسەر[٢٠٠]

---

١٩٦. جانم = گیانم. سروەکەت = (با) فێنکەکەت.
بادەکەی سەحەر = (با) فێنکەکەی بەیانییان.
پەیکی شارەزا = (با) شارەزاکەی ڕێگاوبان.
راهی پڕ خەتەر = ڕێگای ترسناک.

١٩٧. مروەحە = باوەشێن. مەه ئاسا = وەک مانگ. دڵبەران = ئازیزان. شانەزەن = شانەکەر. کاکۆڵ = قژ (گودلە). سیم بەر = زیو لەبەر. مەبەستی لە سپیەتی لەشە.

١٩٨. میحنەت = دەرد و خەفەت. دوودی هەناسەکەم = دووکەڵی هەناسەم. واتا دڵم ئەوەندە تەنگە دووکەڵی هەناسەی بەری بەیانم هەوری دایە بەر و ڕایماڵی.

١٩٩. نامەکەم پڕە لە هەواڵی ناسۆر بەرەو وڵاتی شام دەڕوات بۆ خزمەت نالی.

٢٠٠. نالی لە نامەکەیدا کە ناردوویەتی بۆ سلێمانی هەواڵی هاوڕێکان و دانیشتوانی شار یەکە یەکە دەپرسێت.

لەو ساوە حاكمی بەبە دەربەدەر كران

نەیدیوە كەس لە چێهرەی كەس جەوهەری هونەر[٢٠١]

تا بوو بە جای مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم

سووتا گیاه و تشنە و خوشكیدە بوو سەمەر[٢٠٢]

ناكەن هەوای هیچ كەبابێ زەلیلی شار

بوریانە بەس لە ناری غەما پارەی جگەر[٢٠٣]

جوز گاه گاه ناڵە لە ئەییامی ڕۆمیان

نەمدیوە وابێ لە عەدالەت بەنی بەشەر[٢٠٤]

سەیوان پڕە لە شەخسی ستەمدیدە خوار و ژوور

هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەكەم نەزەر[٢٠٥]

جێ توركەكانی ڕۆمە دەر و ژووری خانەقا

غافڵ هەموو لە جای موریدانی با خەبەر[٢٠٦]

---

٢٠١. چیهرە = چارە، ڕوو.

٢٠٢ تاكوو بوو بە شوێنی هەڵاتنی بەختی ڕۆم واتا عوسمانییەكان. گیا تینووە و سووتاوە بەری دار وشک بووە.

٢٠٣. دانیشتوانی شاری سلێمانی لە تاو زوڵم و زۆر جگەریان سووتاوە و بووە بە كەباب. هەر لەبەر ئەوەیشە كە ئارەزووی كەباب خواردن ناكەن.

٢٠٤. مەگەر جار جار ئاهو ناڵەیەک لە تاو زوڵمی ڕۆمییەكان دەرچێت. هەرگیز نەمدیوە مرۆی وەها بێ داد.

٢٠٥. گردی سەیوان خوار و ژوور دەڕوانم پڕیە لە گۆڕی زۆرلێكراوان.

٢٠٦. دەر و ژووری خانەقا (مەبەسی خانەقای مەولانایە) ئێستا جێگانشینی توركە ڕۆمییەكانە. ئاگایان لە موریدانی باخەبەر نییە.

تاکو لە دواییدا بە نالی دەڵێت:

تـوخـــوا بڵـێ بـە حـــەزرەتـی نـالـی دەخـــیلـی بم
بەم نـەوعــە قــەت نـەکـا بە ســولەیمانیـیـا گـوزەر[٢٠٧]
ئـەم مــــوڵکـە نـەزمی نـابـێ بـەبـێ عـــەدل و وارسـێ
بێ ئـەو بەقــەســدی ئەم تـەرەفــە با نـەکـا ســەفــەر[٢٠٨]
(سـالم) سـیـفـەت لە بێ کـەسـیـیـا با نەبێ هیـلاک
من کــردم ئەو نەکا لـە غـەمـا خـوێنی خــۆی هەدەر[٢٠٩]
(چامەکـە زۆرە، ئەو چەند بەیتـەمـان لێ هـەڵبـژارد).

٢٠٧. توخـوا ئـەی (با) بە حـەزرەتی نـالی ڕابگەیەنە هەرگیـز بەمــجـۆرە بە سلێـمـانیـدا ڕانەبووڕێ.

٢٠٨. ئەم مـوڵکی سلێمانییە هەرگیز ڕێکوپێک و پڕ داد نابێت، تا میـراتگرێکی خۆی بۆ نەڕەخسێتەوە ( کە بابانەکانن). تا ئەوساکەش با نالی بەم ناوەدا گوزەر نەکات.

٢٠٩. با نالیش وەک سـالمی بێکەس بە هیـلاک نەچێت. دەخیلی بم من ئەم خـەتایەم کـرد نەکا ئەو بە خۆڕایی خوێنی خۆی لە خەم و خەفەتا بە ڕشتن بدا.

## هەندێک لە کاربەدەستانی سلێمانی

لە لاپەڕەکانی لەمەوپێشدا ناوی میرەکانی بابانمان هێنا، ئەوانەی کە فەرمانڕەوا بوون لە سلێمانی، دوای ئەوان بە پێویستی دەزانین ناوی موتەسەریفەکانی عوسمانییەکان و حاکمەکانی سەردەمی ئینگلیز و شێخ مەحموود، تا دەگاتە سەر موتەسەریفەکانی حکوومەتی عێراق بهێنین هەر یەکە ناویان و مێژووی هاتنە سەرکاریان و ماوەی کارکردنیان لە بەرگەکانی تردا. لێرەشدا ئەوەندەی بتوانین ناوی کارگێڕەکانی سەردەمی بابانەکان پێشکێش دەکەین، چونکە ئەوەش کارێکی بە سوودە بەتایبەتی لە ڕووی مێژووەوە. لەم بوارەدا یەکەم کەس کە شایانی ناوهێنانە:

- مەحمموودی مەسرەف[٢١٠]: سەرۆکی وەزیران بووە[٢١١] لە سەردەمی عوسمان پاشا (١٧٨٦ - ١٧٨٨) و ئەوڕەحمان پاشا (١٧٨٩ - ١٨١٣) و مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا.

هەر لە کاتی ژیانی خۆیدا، کوڕە گەورەکەی کە عەزیز ئاغا بووە، ئامادەی کردووە تاکو دوای خۆی شوێنەکەی بگرێتەوە. ئەوەی شایانی باسە، ئەم پیاوە[٢١٢] ناوبانگی تاکو لە بەغدای ئەو دەمەدا هەبووە و ناسراوە. پیاوێکی

---

٢١٠. سەیری (رحلة ریچ) لاپەڕە (٥٠ و ٦٣ و ٦٤ و ٧١ و ٧٢ و ٨٠ و ٨١) بکە. دوور و درێژ باسی ئەم پیاوەی تێدایە.

٢١١. باپیرە گەورەی حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغایە.

٢١٢. مستر ریچ کە بەمەحموود ئاغای مەسرەف دەڵێت (سەرۆکی وەزیران) بووە، مەبەسی ئەوەیە یەکەم پیاوی هەڵکەوتووی میرنشینی بابان بووە. عومەر ئاغاش وا بۆمان دەرەکەوێ بەپلە و پایە دوای مەحموود ئاغایە، کەوا بوو ئەویش لە پایەی وەزیردا بووە.

نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و ژیر بووەو، حەوت کوڕی هەبووە. کوڕە گەورەکەی عەزیز ئاغا بووە.

- عەزیز ئاغای مەسرەف: کوڕی مەحموود ئاغای مەسرەفە و ئەمیش وەزیری دارایی یاخۆ وەک باوکی سەرەک وەزیرانی سەردەمی بابانەکان بووە. ئەمە ئەو عەزیز ئاغایەیە کە مزگەوتەکەی ناو بازاری بنیات ناوە کە مزگەوتی (شێخ محەمەدی ئاڵەکی)شی پێ دەڵێن.

عەزیز ئاغا لە سەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا (لە ١٨٣٨ بەدواوە) کاربەدەست بووە.

- عومەر ئاغا[٢١٣]: ئەوەندەی (مستەر ریچ) باسی رەوشتی بەرز و کارامەیی و ژیریی ئەم پیاوە دەکات، باسی کەسێکی تری لەو بابەتەی ئەوەندە نەکردووە، لە گەشتەکەیدا عومەر ئاغای بۆ دانراوە کە یاوەر واتا هاوشان (مرافق)ی بێت. ئەمیش پیاوێکی گەلێک لەپێش بووە لای بابانەکان بەتایبەتی لای مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا، لەوە دەکات ئەمیش لە پایەی وەزیردا بوو بێت. زۆر گەڕاین بۆ ئەوەی بزانین وەچەی ئەمڕۆی ئەم پیاوە کێیە، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتینە ئەنجامێکی ئەوتۆ[٢١٤]. کوڕە بچکۆلەکەی عومەراغا ناوی عەبدوڵڵا[٢١٥] بووە.

- محەمەد ئاغا: ئەمیش پیاوێکی ناودار و لێهاتووی سەردەمی مەحموود

---

٢١٣. عومەر ئاغاش وا بۆمان دەردەکەوێ بەپلە و پایە دوای مەحموود ئاغایە، کەوابوو ئەویش لە پایەی وەزیردا بووە. لەو رایەداین ئەم پیاوە باپیرە گەورەی (حاجی رەشیدی سەعیدی قادر ئاغا و میرزا غەفوور و میرزا عەبدوڵڵا و ئەو بنەماڵەیە بێت) سەیری (رحلة ریچ) بکە، لاپەڕە (٤٨، ٨٥، ٩٣، ١١٤، ١٤٢، ١٧٠، ١٩١، ٢١٤، ٢١٩).

٢١٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦. رەنگ هەیە باپیرە گەورەی حاجی رەشیدی سەعیدی قادر ئاغا و میرزا غەفوور و میرزا عەبدوڵڵا بێت.

٢١٥. سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٦.

پاشای بابانە. (مستەر ریچ) بەجۆرێک باسی ئەکات کە ئەمیش یەکێک بووە لە کاربەدەستە پایە بەرزەکانی دەزگای بابانەکان. جگە لەوە وا دیارە زەوی و دێهاتی زۆریشی هەبووە.

- هەمزاغای مەسرەف: پیاوماقوولێکی دەوری خۆی بووە لە زەمانی حوکمڕانی پاشای باباندا، تەنانەت کاروباری سەرەک وەزیران و وەزیری مالیەی بینیوە، بۆیە پێیان ووتوە (مەسرەف)[٢١٦].

ئەوەی شایانی باسە، حەمزاغا لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا، ئەو پلە و پایەیەی بووە و لام وایە (مەسرەف)ەکە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزیری مالیە، دوور نییە هەندێک مێژووناس لەگەڵ مەحموود ئاغای مەسرەف کە سەرەک وەزیران و عەزیز ئاغای کوڕی کە ئەویش هەروا سەرەک وەزیران بووە، تێکەڵاوی بکەن، لە کاتێکدا کە هەمزاغا پێوەندیی بە مەحموود ئاغای مەسرەفەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەو پەندی پێشینانەوە هەیە کە ئەڵێت (هەرچی ریشی سوور بێت هەمزاغا نییە)، چونکە هەمزاغا، خۆی پیاوێکی موو سوور بووە[٢١٧] جگە لەوەی گەلێک لێهاتوو بووە.

- حوسێن بەگ- حوسێن پاشا

(کەت خودا- کتخدا)ی[٢١٨] سەردەمی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بوو. کە عوسمانییەکان ئەحمەد پاشایان دوور خستەوە لە سلێمانی و بردیان بۆ

٢١٦. پیرەمێردی نەمر. محمد رەسول هاوار ل ١٢.

٢١٧. هەمزاغا باپیری شاعیری مەزن و فەیلەسووفی مەزنی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێردە، (توفیق) کوڕی مەحموود ئاغایە، ئەویش کوڕی هەمزاغایە. حاجی تۆفیقیش باوکی رەحمە خانە کە ئەویش دایکی فائق هوشیار و ئەحمەد زرنگ کوڕانی مستەفا ئەفەندین.

٢١٨. کتخدا (منصب)ێکی سەردەمی عوسمانییەکانە، بەرامبەر بە سەرۆک وەزیران، یاخۆ وەزیری لە پێش (الوزیر الاول- الوزیر الاقدم) دادەنرێت. هەرئەمەشە بووە بە (کوێخا)ی ئەمڕۆ.

(ئاستانە) و چرای حوکمی بابان کوژایەوە، حوسێن بەگ یەکەم کەس بوو لەگەڵیدا چوو بۆ تورکیا، ئەو کاتە سەعیدی کوڕی هەرزەکار بوو ئەویش دوایان کەوت، هەرچەندە باوکی ویستی بیگێڕێتە دواوە، چونکە ڕێگا و شوێنی ئەوان هات و نەهات بوو، بێ سوود بوو. ئەوە بوو لە دواییدا ئەو (سەعید پاشای خەندان)ەی لێ دەرچوو کە بوو بە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی (شوری الدولة) واتا (مەجلسي ئەعیان). سەعید پاشاش باوکی شەریف پاشای نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی پاریسدا.

– سلێمان یومنی: خەڵکی شارەزوورە، لە ساڵی ١٢١٧ک (١٨٠٢ز) هاتووەتە جیهانەوە، فەرمانبەرێکی سەردەمی بابانەکان بووە لە دواییدا لەگەڵ ئەحمەد پاشادا چووە بۆ (ئاستانە) و لەوێ ماوەتەوە تا دوا ڕۆژی ژیانی. ئەم پیاوە ئەدیب و شاعیرێکی ڕۆشنبیر و بە توانا بووە[٢١٩].

– مەلا عەبدوڵڵای ڕەش: جگە لەوەی کە ئەوڕەحمان پاشای بابان کردی بە مامۆستای مزگەوتەکەی خۆی (مزگەوتی سەید حەسەنی ئێستا)

کردیشی بە موفتی سلێمانی. چونکە پیاوێکی توانا و شارەزا بوو لە زانستی زمان و ئاینی ئیسلامیدا[٢٢٠].

---

٢١٩. سەیری (تاريخ السليمانية وانحائها) بکە. ل٢٥٧ .

٢٢٠. سەیری سەرچاوەی پێشوو بکە. ل٢٧١. ڕۆژێک مەلا عەبدوڵڵا لە مزگەوتی سەید حەسەن دەرس بە قوتابیان دەڵێت، موفتی زەهاوی (محەمەد فەیزی باوکی جەمیل صدقی زەهاوی) کە هەر لە سلێمانی لەدایک بووە و گەورە بووە، ئەوسا فەقێ دەبێ، دەچێتە مزگەوتی سەید حەسەن گوێ لە مەلا عەبدوڵڵا دەگرێ، هەڵەیەکی بچووکی بەرگوێ دەکەوێ، سەرنجی مەلای بۆ ڕادەکێشێت ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بۆچی تۆش خوێندەواری؟ لە دواییدا ئەو موفتییە گەورەیەی لێ پەیدا بوو کە بوو بە موفتی بەغدا.

- شێخ مەحموودی گڵەزەردەیی: ساڵی ١٢٠٠ک (١٧٨٥ز) لە سلێمانی هاتووەتە جیهانەوە. لەسەر دەستی حاجی شێخ مارفی نۆدێ و هەندێ مامۆستایانی تردا خوێندنی تەواو کردووە. لە سەردەمی بابانەکاندا کرا بە (نەقیب)ی سلێمانی کە سلێمان پاشا بوو بە میر، شێخ مەحموود چوو بۆ (ئاستانە) و کە مەحموود پاشا بوو بە فەرمانڕەوا، شێخ مەحموودی نارد بۆ (تاران). ئەم پیاوە زانایەکی گەورە بووە لە بەرهەمی خۆی دەستخەتی گەلێک هەیە، کە هێشتا چاپ نەکراون، ساڵی ١٢٧٥ک (١٨٥٨ز) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە[٢٢١].

- مەلا ئەوڕەحمانی نۆدشە: لە سەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا موفتیی سلێمانی بووە و لە ساڵی ١٢٦٦ک (١٨٤٩ز) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە، دوای ئەویش مەلا ئەحمەدی کوڕی بووەتە موفتی سلێمانی.

- قازی عەبدول سەمەد: لە ساڵی ١٢٠١ک (١٧٨٦- ١٧٨٧ز) لە سلێمانی قازی بووە. هەروەها شێخ ئەحمەد فائیزی بەرزنجەییش بە مودەڕیسی و قازییەتی بەینێک لە سلێمانی ماوەتەوە.

ئەو ساڵانە، ئەو ماوەیە کە برایم پاشای بابان (بنیاتنەری شاری سلێمانی) و عوسمان پاشا کوڕی مەحموود پاشای بابان میری سلێمانی بوون.

- سەید عەلی بەرزنجی: لە سلێمانی لە ساڵی ١٢٤٤ک (١٨٢٨ز) قازی بووە. لەو کاتەدا کە سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا میری بابان بووە[٢٢٢].

---

٢٢١. (تأريخ السليمانية) ل٢٨٦، شێخ مەحموود کوڕی شێخ مارف کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردە کوڕی شێخ موحەممەدی نۆدێییە.

٢٢٢. ئەو سلێمان پاشایەی لە گومەزەکەی گردی سەیوان نێژراوە.

## پلەی زانستی و رۆشنبیریی ئەوسا لە سلێمانی و ناوچەکەیدا

### پلەی زانست و رۆشنبیریی لە سلێمانی خۆیدا

پێشەکی: کورد بەشێوەیەکی گشتی و دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی میللەتێکی وریا و زیرەک و بەکارن[٢٢٣]. لە دروستکردنی شاری سلێمانییەوە و لە سەردەمی بابانەکاندا لە حوجرەی فەقێ و مزگەوتەوە دەستیان پێ کرد و هاتن لەگەڵیدا تا سەردەمی عوسمانییەکان[٢٢٤] کە قوتابخانە لە سلێمانیدا کرایەوە و دوای ئەوانیش لە سەردەمی ئینگلیزەکان و شێخ مەحموودا، تا کاتی حکومەتی نیشتمانی. قوتابی سلێمانی و خەڵکی ناوچەی سلێمانی، لە زۆر گۆشەوە هەر پێشڕەو بوون، بەتایبەتی لە رووی رۆشنبیرییەوە.

یەکێکی وەک شێخ ئەحمەد فایزی بەرزنجی کە (١٨) کتێبی دانا، یەکێک لەوانە (کنز اللسن) بوو کە بە شەش زمانە و دوانزە هونەری تێدایە[٢٢٥]

٢٢٣. یەکەم شایەدمان لەم رووەوە (ریچ)ە. سەیری گەشتەکەی ریچ بکە لە عیراقدا ساڵی ١٨٢٠ .

٢٢٤. ئەو قوتابییانەی خەڵکی سلێمانی کە لە قوتابخانەکانی ئاستانەدا پێگەیشتن هەموو بە پلەی بەرز و گرینگ گەیشتن، بۆ وێنە سەعید پاشای خەندان و شەریف پاشای کوڕی و حاجی مستەفا پاشای یامولکی و حوسەینە ئەفەندی باباجان و..... زۆری تر.

٢٢٥. شێخ ئەحمەد فایز لە نەوەی شێخ حەسەنی گلەزەردەیە و خوشکەزای حاجی کاک ئەحمەدی شێخە، بۆیە بە (شێخ ئەحمەدی خوارزا)ش ناوی دەرکردووە. باپیری شێخ عەلی (باوکی شێخ طالب) و شێخ تەیب و شێخ مەجید و کوڕانی شێخ عارفە. ساڵی ١٨٤٢ هاتووەتە دنیا... ناوی کتێبی هەژدەیەمی بەمجۆرەیە (کنز اللسن المکنوز فیه ستة السن و أثنا عشر فنا). قام بتصحیحه وضبطه والتعلیق علیه وکتابة المقدمة الشیخ محمد الخال سنة ١٩٨٠ (من مطبوعات المجمع العلمي العراقي- الهیئة الکردیة).

بەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و فەرەنسی و رووسی و کوردی. کاتێک لە مووسڵ قازی بووە، ئەم گەنجینە بەنرخەی لە ساڵی ١٨٩٨دا نووسیوەتەوە. پیاوێکی ئاینی وەها سەدەیەک لەمەوبەر شەش زمان بزانێ کە دووانیان رۆژاوایین، وایان بزانێ کتێبیان پێ دابنێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پیاوە چەند حەزی لە خوێندن کردووە.

پێش ئەو پیاوە و دوای ئەویش، نەک سەدەها بەڵکو هەزارەها رۆشنبیر و خوێندەوار پەیدا بوون، بەجۆرێک ئەمڕۆ لە خوا بەزیادبێ. ئەوەندە خوێندەوار و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرامان هەیە لە ژمارە نایەن کە زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات و ئەوانی کەیشمان لە وڵاتدا چاکیان لێ هەڵکردووە و خەریکی خزمەتن.

بەلای ئێمەوە ئەو نووسینەی مامۆستا مەحموود ئەحمەد محەمەد لە کۆواری رۆشنبیری نوێدا[٢٢٦] بڵاوی کردەوە، وەک ئاوێنەیەکی باڵا نوما، رادەی رۆشنبیری و زانستیی ئەو ماوەیە لە تەمەنی شاری سلێمانی لە رۆژی دروستکردنیەوە تا کوژانەوەی چرای فەرمانڕەوایی بابانەکان، زۆر بە روونی و ئاشکرا پیشان دەدا. بێگومان، زانستگا یاخۆ دانشگا و مەڵبەندی زانین و زانیاری ئەو سەردەمە، واتا (جامعە و کلیە)ی ئەو کاتە،

مزگەوت و قوتابخانە، یاخۆ (مەدرەسە)ی مزگەوتەکان و ژووری فەقێ و مەلاکان بوون. بڕوانامەی (بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆراە) (اجازە) پێدانی فەقێ بووە کە خوێندنی تەواو کردووە لەسەر دەستی مامۆستاکانیاندا، مامۆستاکانیش هەبوون لە رادەی (بەکالۆریۆس) دا بوون، هەبوون لە رادەی (ماستەر و دکتۆراە) وەک لەمەودوا بۆمان دەردەکەوێت. ئەو باسانە یاخۆ ئەو دەرسانەی کە دەخوێنران بەشێوەیەکی گشتی، ئاینی و زمانی عەرەبی و (فقە) و (منطق) و (صرف و نحو) و

٢٢٦. رۆشنبیری نوێ. ژمارە (١٠٣) تەمووزی ساڵی ١٩٨٤ ل١٠١-١١٢ .

(ریاضیات) و... زۆر زانستی تر بوون.

ئەمەش نووسینەکەی مامۆستا مەحمووده بە کورتکراوەیی و تۆزێک دەستکارییەوە پێشکێشی دەکەین:

**زانست و رۆشنبیری لە سەردەمی بابانەکاندا**

مامۆستا مەحموود دەڵێت: (ئێمە لەم باسەماندا کە دەمانەوێ شێوە و شێوازی رۆشنبیری و چۆنیەتی خوێندن و مەڵبەندەکانی، لە سەردەمی میرەکانی باباندا روون بکەینەوە بەگوێرەی دەرامەت و توانا، پێویستە دەست بۆ ئەوە راکێشین کە لێکۆڵینەوەی ئەم رووە کارێکی هێجگار گران و ناهەموارە، چونکە مێژوونووسان لەم بارەیەوە شتێکی وایان بۆ تۆمار نەکردووین کە پێداویستیمان دابین بکا. نووسەری بێ کەرەسە و مەعلوماتیش زۆر جار پێنووسەکەی لە هەرەکەت دەکەوێ، یاخود نووسینەکەی بێ پیتوبەرەکەت دەبێ و قۆرت و پێچی تێدا بەدی دەکرێن. کاری ئاواش بە ناتەواو دەژمێررێ.

کاتێ ئێمە سەیری ئەو کتێبانە دەکەین کە مێژووی سەردەم و قەڵەمڕەوی میرەکانی بابانی تێدا تۆمار کراوە، دەبینین جار جار بە دوور و درێژی باسی ئابووری و رامیاری و ئاینی چەند لایەنێکی تریشمان بۆ روون دەکەنەوە بەڵام باس و خواسی ئەو هەموو مەداریس و فێرگە و کتێبخانە و چۆنیەتی رۆشنبیری و خوێندنی ئەو سەردەمە و ژینامە و بایۆگرافی ئەو مرۆڤانەی لەم بارەوە خزمەتیان کردووە، لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهاتووە... بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە میرەکانی بابان وەکو هەموو کوردەکانی دی هەر لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو شەڕ و ئاژاوەیەی لە قەڵەمڕەوەکەیاندا بووە، زۆر هەوڵیان داوە پێویستییەکانی بڵاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیری دابین بکەن. هەمیشە رێزیان لە زانا و مەلاکانی قەڵەمڕەوی خۆیان گرتووە و فێرگە و مزگەوت و مەدرەسەیان بۆ کردوونە و

مووچە و بەروبوومیان بۆ خۆیان و قوتابیشیان بڕیوەتەوە، پێداویستی ژیانیان بۆ دابین کردوون، بۆ چەسپاندنی زانست و رۆشنبیری لە زۆر لەو فێرگەیانەدا کتێبخانەیان بۆ کردوونەوە و وەقفیان کردوون لەسەر ئەو خوێندنگایانە چین بەچین و جیل لە دوای جیل ئەم رەوشتە بەرچاو گیراوە و پەیڕەوی کراوە، رۆژ بە رۆژیش پەرەی پێ دراوە. بۆیە هەر لە قەڵەمڕەوی باباندا لە ماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی تەسک و ترووسکدا چەند مەلای زانا و رۆشنبیری وەک (مەلا حەیدەری موکەبەیی) و (مەلا موساکانی ماوەت و ئالان) و (مەلا محەمەدی ئیبن الحاج هەزار مێردی) و (مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی) و (شێخ حەسەنی گڵە زەردەیی) و (شێخ مارفی نۆدێ) و (شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی) و (موفتی زەهاوی) و (مەلا خدری نالی) و سەدان زانا و رۆشنبیر و ئەدەب دۆست و دانەر و بیرتیژ... کە بە ئاسمانی ئەدەبەوە وەکو ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشێنەوە سەریان هەڵداوە و لە حوجرە شڕۆکە و کۆنەلاندا، لەبەر رووناکی قوتیلە و چرای بێ شەوق و دووکەڵاویدا خەریکی بیرکردنەوەی فەلسەفی و لێکۆڵینەوەی ئاسمان و شوناسی و ریازیات و نەحو و سەرف و چەندەها زانستی جۆرەوجۆری تر بوون.

جا بەگوێرەی هەندێک رستە و وتەی مێژوویی کە لە کۆتایی بڕێ کتێبی دەستنووسدا تۆمار کراون. جێگای متمانەشن لەگەڵ هێندێ قسە و باسی سەر زمانیش یارمەتیمان دەدەن وا دەردەکەوێ کە یەکەم فێرگەیەک میرە بابانییەکان بنیاتیان نابێ فێرگەی شارە بچکۆلەکەی (مەرگە) بووە. چونکە لە سەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانیدا ئەم (مەرگە)یە، یەکەم مەڵبەندی میرنشینەکە بووە. لێرەوە دامەزراوە، ئەم فەقێ ئەحمەدە بۆ خۆشی هەر پەروەردەی فێرگە و مەدرەسەی دینی بووە، مرۆڤێکی رووناکبیر و تێگەیشتوو بووە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگی داوە بە بڵاوبوونەوەی خوێندن و رۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیدا. کاتێکیش کە فەقێ ئەحمەد لە دەوروبەری ساڵی (١٠٧٠ک) کۆچی دوایی کرد بابا سلێمان بووەتە جێنشین و

کاربەدەست و دەزگای میرنشینییەکەی گواستووەتەوە بۆ گوندی دارەشمانە. لە هەمان کاتیشدا لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی و سوپایی و رامیاری لقێکی میرنشینەکە هات بۆ ماوەت[227] ئەم فێرگەی مەرگەیە هەر بە ئاوەدانی مایەوە تا سالّی (١٠٨٩ک/ ١٦٧٨ز) ئیبراهیمی کوڕی مەولانا ئەحمەدی ئالانی، (کە زانایەکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە) لەو خوێندنگایەدا خەریکی خوێندن و زانست و لێکۆڵینەوە بووە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوتەمەنەکانی چاخی خۆیدا. بەڵکو ئەم مەدرەسەیە هەر بەردەوام بووە تا ناوەڕاستی ئەم چەرخەش، ئەوەتا لە سالّی ١١٩٥ی کۆچیدا (١٧٨٠-١٧٨١ز) مەلا عومەرێک لەوێ مودەریس بووە، کە عالمێکی بەناوبانگ بووە، تەنانەت مەدرەسەکەش پێی وتراوە مەدرەسەی (مەلا عومەر) و کۆمەڵێک فەقێی هەبووە. لە

دەوروبەری سالآنی (١٠٧٠-١٠٧٥ک/ ١٦٥٩-١٦٤٤ز) دا کە ماوەت بە یەکجاری بووەتە مەڵبەندی میرنشینی بابان، ئەم شارە خوێندنگایەکی تێدا بووە، دەورێکی گرینگی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و زانستدا، بەگوێرەی برێک رستە و وشەی مێژوویی کە لە کۆتایی کتێبە دەستنووسەکاندا بەدی دەکرێ ئەم خوێندنگایە زۆر ئاوەدان بووە، مەلا موسای ماوەتی کە نازناوی (علامة الزمان) بووە، مودەڕیسی ئەم مەدرەسەیە بووە هەتا سالّی (١٠٩٤ک/٦٨٢-١٦٨٣) بەلّام لەوەدوا، رووناکاییەکی مێژوویی لەبارەی ئەم مەدرەسەیەوە دەست ناکەوێ. هەر لەو سەردەمەدا لە دێی (مەروێ) لە هەرێمی ئالان و نزیک ماوەت فێرگەیەکی فرەمەزن و ئاوەدانی لێ هەبووە، کۆمەڵێک مودەریسی یەک بەدوای یەکدا تێدا بوون

٢٢٧. لە سەرەتای ئەم بەرگەدا مەڵبەندەکانی میرنشینیی بابانمان دوور و درێژ باس کردووە. رەنگ هەیە هەندێک فەرق و جیاوازی لە ساڵەکاندا هەبێت. بێگومان ئەوانەش بەهۆی ئاماژەی هەر سەرچاوەیەکە بۆ مێژوویەک. ئەم جیاوازییەش نەک هەر لەلای ئێمە بەڵکو لە ناو میللەتانی تری رۆهەلّات و رۆئاواشدا بەدی دەکرێت.

وەک (مەلا موسای ئالانی) و (مەولانا ئەحمەدی ئالانی) و (مەلا برایمی کوڕی مەولانا ئەحمەد). مەدرەسەی (بێتووش) و (گەناو)یش لەگەڵ مەدرەسەی (بەلاتا) وەکو دەڵێن شوێنی فێربوون و زانستی ئەو ڕۆژگارە بوون. لەهەمان کاتدا خوێندنگاکانی گوندی (کەنارو) و (ڕەشەکانی) و (شابادین) و (بالخ) و (موکەبە) و (گەلاڵەی شینکایەتی) و (سەرگەڵو) و (قزلەر) و (زیویە) و (تەڕەمار) و (قەرەداغ) و (تەکیە) و (خاوێ) و (بیارە) و (تەوێڵە) و (جێشانە) و دەیەها گوند و ئاوایی تریش لە برەودا بوون، هەر وەکو چۆن (مەدرەسەی خورماڵ) و (بەرزنجە)ش دوو مەڵبەندی ڕۆشنبیریی ئەو ڕۆژگارە بوون، هەمیشە جمەیان هاتووە لەمەلا و فەقێ.

لە قەلاچوالانیش لە ساڵی (١٠٨٠ک/ ١٦٦٩ز) دەسەلاتی میری بابان زیاتر پەرەی سەند و شێوەی سەربەخۆیی وەرگرت، لە سەردەمی سلێمانی بەبەدا باری ڕۆشنبیری و زانست زۆر لە گەشە و پێشکەوتندا بوو، هەر لە ڕۆژگاری ئەمدا قوتابخانەکانی قەلاچوالان، سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردەوە، بۆ هەر یەکێک لە مەدرەسەکانی مەلا و مودەریسی بۆ داناون، کتێبخانە بەنرخەکەشی بەرەو پێشکەوتن چووە و بە کتێبی نایاب و بە قیمەت دەوڵەمەند کراوە. دوای ئەو میرەش تەیموور خانی برای کە پیاوێکی هێدی و لەسەرخۆ بوو لە ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا بەهێمنی ئیش و کاری بردووە بەڕێوە. دوای ئەویش بەکر بەگ واتا بەکرە سوور هات کە ماوەی حوکمی ئەو یەکێکە لە ماوە هەرە خۆشەکانی مێژووی بابان. هەر لەم ڕۆژگارەدا لە قەلاچوالان چەند مودەریسێکی بەناوبانگ هەبوون لەمانە (مەلا موحەمەدی غەزایی) و (مەلا جامی چۆڕی) و (شێخ محەمەد وەسیمی گەورە) کە (شێخ حەسەنی گلەزەردە) یەکێکە لە قوتابیانی.

لە سەردەمی خانە پاشای کوڕی تەیموور خانی بابانیشدا هەرچەندە باری وڵات زۆر تەواو نەبوو لەبەر شەڕ پێ فرۆشتن بەلام باری ڕۆشنبیری هەر لەبرەودا بووە.

هەر بەمجۆرە مامۆستا مەلا مەحموود دەڵێت:

بە ڕاستی چەرخی زێڕین و پێشکەوتوو بۆ ڕۆشنبیر و زانست سەردەمی سلێمان پاشای گەورە بوو کە بە (سلێمان پاشای مقتول) بەناوبانگە کە لە دەوروبەری ساڵی (١١٦٤ک/ ١٧٠٥-١٧٥١ز) بووەتە فەرمانڕەوای بابان. لە سەردەمی ئەمدا قەڵەمڕەوی بابان زۆر پەرەی سەندووە، لە ڕێگای زانست و خزمەتی زانایاندا زۆر هەوڵی داوە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێ لەو وەسیقە وەقفییەی کە لای عەزمی بەگی بابان دیویە و مۆری سلێمان پاشای (مقتول)ی پێوە بووە، ساڵی ١١٧٤ک نووسرابووەوە، کە تیایدا، بەشێک لەو ملک و ماڵ و سامانەی تێدا تۆمار کراوە کە پاشا وەقفی کردبوو بۆ فێرگە و پێداویستی فەقێ و زانایانی ئەو سەردەمە کە تەرجەمەی وەسیقەکە بەمجۆرەیە (ئەوا هەموو زەوی و زار و باغ و بێستان، ئاسیاو و کاروان سەرا و جۆگا و دوکان، ئەوانە کە کڕیومن یان ئاوەدانم کردوونەوە یان پێکم هێناون لە شارەزوور و دەوروبەری، لە کۆیسنجاق و ئەملا و لای، لە هەولێر و قەرەداغ و کەرکووک و هێندێ شوێنی مەریوان و دێهاتی. ئەمانە هەمووم وەقف کردن لەسەر خوێندنگاکانی قەڵاچوالان و مامۆستا و قوتابیەکانی، مزگەوت و، ئەو هەتیوانەی دەرس دەخوێنن لە قەڵاچوالان... ئەو زانا و ڕۆشنبیرانەی خەریکی وەرگێڕانی علوم و زانستن، هەروەها بەشێکی ئەم وەقفە بۆ خوێندنگای خورماڵ و مامۆستا و قوتابیانی، بۆ خوێندنگای شاری کۆیە و مامۆستا و قوتابیانی، بۆ مەدرەسەی هەولێر و مامۆستایانی، بۆ ئەو دوو مەدرەسەیەی لە کەرکووک دروستم کردوون.

ئنجا مامۆستای خاڵ دەفەرمووێ، ئەم وەسیقەیە کە بە عەرەبی نووسراوە، مۆر و ئیمزای زۆر لە زانایانی بەناوبانگی قەڵەمڕەوی بابانی ئەو ڕۆژگارەی لەسەرە وەک (شێخ محەمەدی وەسیمی گەورە. مەلا ئیسماعیل، مەلا حوسێن بیارەیی. مەلا عەبدولقادر و شێخ عەلی و شێخ عەبدوللەتیف کە ئەمانە هەموو مەلا و مامۆستا و مودەریسی فێرگاکانی قەڵاچوالان بوون.

هەروەها مەلا محەمەدی ئیبن ئەلحاج و مەلا جەلالی خورماڵی و قازی عەبدولکەریمی تەرەماری و مەلا محەمەدی گلولانی و مەلا حەسەنی قازی سورداش و مەلا محەمەدی مەلا یەعقوب و مەلا محەمەدی شلێری و مەلا ئەحمەدی مودەریسی هەرمن و شێخ ئەحمەدی عەودالانی و شێخ عەبدولسەلام و شێخ عەبدولسەمیع تەختی و عەبدولکەریمی سەقزی و عەبدولقادری هەولێری و مەلا حوسەینی رەشەکانی و مەلا... کە هەموو مودەریس و زانا و رۆشنبیری قەڵەمڕەوی بابان بوون.

ئەم وەسیقەیە چەند لایەنێکی زانست و ئەدەب و سەقافەتی ئەو ڕۆژگارە پڕ شانازییەمان بۆ روون دەکاتەوە و پەنجە دەخاتە سەر چەند شوێنێک کە لەو رۆژگارەدا مەڵبەندی زانین و خوێندن بوون، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەرئەخا کە ئەم میرە مەزنە تا چ رادەیەک هەوڵی پێشخستنی علیم و زانستی داوە و چەند بۆ دابینکردنی پێداویستی خوێندنگاکانی و مامۆستا و قوتابییانی قەڵەمڕەوەکەی تێکۆشاوە. بەڵام دوای کوشتنی ئەم میرە لەلایەن قوتابییەکی ئاینییەوە کە فەقێ برایمی ناو بوو، ئیتر پشێوی سەرلەنوێ رووی کردەوە وڵات، بەڵام خوێندن و رۆشنبیری هەر بەرەو پێشەوە چوون تاکو دروستکردنی شاری سلێمانی لەلایەن برایم پاشاوە).

### خوێندنگا و کتێبخانەکانی ناوچەی بابان دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی

دوای ئەوە مامۆستا مەحموود ئەحمەد دێتە سەر باسی باری رۆشنبیری و خوێندەواری لە شاری سلێمانیدا دوای بنیاتنانی و دەڵێ: هەر وەسیقەیەک یا عەهد و پەیمانێک کە لە بەینی دووکەسدا یا زیاتر نووسراوە، زیاد لە بیست سی مەلای مودەریسی ناوچەیەکی تەسک ئیمزایان کردووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر لەو دێهاتانە فێرگەیان تێدا بووە ئەگینا هیچ واتایەک نییە بۆ کابرا کە مۆرێکی خڕ یان چوارگۆشەیی بە وەسیقەدا ناوە مودەریسێکی زەقی لێ هەڵکەندراوە. دوای ئەوە نموونەی ئەو خوێندنگایانە

پیشان دەدا کە بابانەکان دروستیان کردووە یاخۆ پاڵپشتی بوون. نموونەی ئەو خوێندنگایانەش ئەمانەن:

١- خوێندنگای مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالان

ئەم خوێندنگایە هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی بابانەکانەوە دەستی پێ کردووە کاتێک کە جەمسەری میرنشینەکەیان هێناوەتە قەڵاچوالان، ئیتر بە تەواوەتی فراوانیان کردووە و زانای گەورە و بەناوبانگ تێدا دەرسیان وتووەتەوە وەک مەلا برایمی بەرزنجەیی و مەلا محەمەد وەسیمی گەورە و مەلا جامی چۆڕی و مەلا محەمەدی غەزایی بەڵکو هەریەکێک لەمانە لە ڕۆژگاری خۆیدا سەرۆکی کۆمەڵێک مودەریس بووە. لە ئاخری و ئۆخری سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا ئەم ئەرکە خراوەتە سەر شانی شێخ مارفی نۆدێ. ئەم خوێندنگایە لەگەڵ گواستنەوەی قەڵاچوالاندا گوێزرایەوە بۆ مزگەوتی گەورەی ئێستا لە سلێمانی.

کتێبخانە بەناوبانگەکەی بابانیش هەر لەوێ جێی بۆ دیاری کرا. یەکەم مامۆستا کە لەم مەدرەسەیەدا لە سلێمانی دەرسی وتووەتەوە زانای بەناوبانگ شێخ مارفی نۆدێ بووە کە بوو بە سەرۆکی مامۆستاکانیش و ئەمینداریەتی کتێبخانەکەشی پێ سپێرراوە. تا ئەم زاتە بوو، قوتابخانەکە و نامەخانەکە هەردووکیان لە گەشانەوەدا بوون، چونکە میرەکانی بابان بە هەموو هێز و توانایانەوە چاودێری خوێندنگاکە و کتێبخانەکەیان دەکرد، لە هەر شوێنێک بیانبیستایە کە کتێبێکی نایاب هەیە ئەوان چەرچی و پیاوی خۆیان بۆ دەنارد، ئەوانە دەگەیشتنە بەغدا و مووسڵ و وان و ئەستەمبوڵ و مەککە و مەدینە و قاهیرە و دیاربەکر و یەمەن... سەدەها زەرکەفتی نایاب و بێ وێنەیان ڕاگوێز کردووە و خستوویانەتە پاڵ کتێبخانەکانیانەوە، بەتایبەتی ئەوەی مزگەوتی گەورە لە ناوانی ساڵەکانی (١٢٠٠-١٢٣٧ک/ ١٧٨٥-١٨٢٢ز)دا بەجۆرێک پەرەی سەند و گەشەدار بوو، کە ژمارەی

قوتابییه پله بەرزەکانی خوێندن تێدا گەیشتنه (٧٠) حەفتا قوتابی یا زیاتر، ئەوە جگە له قوتابی سەرەتایی. باشترین بەڵگە بۆ ئەم راستییە نامەکەی شێخ مارفی نۆدێ خۆیەتی کە بۆ والی بەغدای نووسیوە[٢٢٨] بەبۆنەی داگیرکردنی خاکی کوردستان و هەرێمی سلێمانی لەلایەن ئێرانییەکانەوە و وێرانکردنی... کە ئەمە هەندێک رستەیەتی: "لەو کاتەوە پاشای عەجەم دەستی گرتووە بەسەر ئەم وڵاتەدا، کاروباری دنیایی و ئاینی تێکچووە هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە دانیشتووانی لادێ دەربەدەر کراون، دێهات هەموو وێران کراون لەجیاتی فێرگەکان کە لەوەپێش پڕ بوون لە مەلا و فەقێ ئەمڕۆ هەموویان چۆڵ و وێرانن... لە خوێندنگای ئێمەدا (٧٠) قوتابی زیاتر هەبوو لەوانەی لە پلەی بەرزی خوێندندا بوون بەڵام ئەمڕۆ لە مەدرەسەکەماندا کەمتر لە (١٠) دە قوتابی هەیە...".

بەهەرحاڵ ئەم خوێندنگایە لە ژیانی شێخ مارفدا هەر هەوڵی گەشەپێدانی و نەشونمای دراوە، بەڵام بەداخەوە دوای وەفاتی شێخ لە ساڵی (١٢٥٤ک/ ١٨٣٧ز)دا لەلایەکەوە و رووخاندنی میرنشینەکەی بابان لە ساڵی (١٢٦٧ک/ ١٨٥١ز) لەلایەکی ترەوە، ئیتر ئەم خوێندنگایە تەفر و توونا بووە زۆر لە کتێب و دەستنووسەکانی پەرت و بڵاو بوونەوە، هەرچەندە کاک ئەحمەدی شێخ توانی دوای ماوەیەک ئەم مەدرەسەیە رێکوپێک بکاتەوە و کتێبخانەکەش بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بەڵام دوای کۆچی ئەویش لە ساڵی (١٣٠٥ک ١٨٨٨ز) دووبارە ئەم خوێندنگا و کتێبخانەیە وێرانی و چۆڵی رووی تێ کردنەوە. ئەم جارەش زۆر لە کتێبە دەستخەتەکانی بران. دوای کاک ئەحمەد مەلا ئەوڕەحمانی پێنجوینی بووەتە مودەریسی ئەم قوتابخانەیە، ئەمیش هەوڵی داوە بەرەو پێشی بەرێ، بەڵام دوای ماوەیەک بەجێی هێشتووە و چووەتەوە بۆ پێنجوین. ئیتر ئەم جارە دەستی ناپاک بۆ کتێبخانەکە درێژ

٢٢٨. لە کتێبەکەی شێخ محەمەدی خاڵ (الشيخ معروف النودهي البرزنجي) وەرگرتووە.

کرایەوە،. لەلایەکی تریشەوە نەوە و خزمەکانی کاک ئەحمەدی شێخ ئەم کتێبخانەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد، هەر کتێبێک بەرگ و دیمەنی جوان بوو بردیانەوە بۆ خۆیان بۆ ئەوەی بیانپارێزن لە دزی و دەستدرێژی، لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆ هەڵنانەوە و رازاندنەوەی ماڵەکانیان بەم کتێبانە. کۆمەڵێکیش لەم کتێبانە هەر لە مزگەوتی گەورە مانەوە. دوای حوکمی شێخ مەحموودی نەمریش کە ئینگلیز هاتنە سلێمانی و شێخ شاری بەجێ هێشت، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ شێخدا ڕۆیشتن ماڵەکانیان تالان کران و کەلوپەل و کتێبەکانیان کە هەڵیان گرتبوو هێنرانە دەرێ و لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورە خڕ کرانەوە و ئاگریان تێ بەردرا. ئەو کتێبانەی لە مزگەوتی گەورەش مابوونەوە فرێ درابوونە حوجرەیەکی وێرانەوەو، بێ خزمەت مانەوە تا خوا شێخ محەمەدی خاڵی بۆ رەخساندن رزگاری کردن و لە دواییدا (ئێستا) گەیشتوونەتە کتێبخانەکەی ئەوقاف[٢٢٩]. ئینجا مامۆستا مەحموود باسی خوێندنگای مزگەوتەکانی تر دەکات: دەفەرموێ:

٢- خوێندنگای مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا

خوێندنگای ئەوڕەحمان پاشا، لە دواییدا پێی گوتراوە مەدرەسەی (شێخ ئەبوبەکر) دوای ئەویش بە مەدرەسەی مزگەوتی بابا عەلی ناسراوە. ئەم فێرگەیە لە گەڕەکی گۆیژە ئەوڕەحمان پاشای بابان دروستی کردووە. بۆ ماوەیەکی زۆر مەڵبەندێکی رۆشنبیری و زانستی پێشکەوتوو بووە. یەکەم مامۆستا دەرسی تێدا گوتووەتەوە، زانای بەناوبانگی چاخی خۆی (عەبدولکەریمی بەرزنجی) بووە. لەم مەدرەسەیەدا چەندەها عالم و رۆشنبیر و شاعیر و ئەدەب دۆست پێ گەیشتوون وەک مەولانا برایمی بیارەیی کە

٢٢٩. لە راستیدا لەم کاتەشدا مامۆستا مەلا مەحموود محەمەد ئەحمەد کە بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئەوقافە فریا کەوت و زۆری لێ رزگار کردن و کتێبێکی چاپکراوی چەند بەرگەی لەم بابەتەوە داناوە وەک هەر لەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردووە.

زانایەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بووە، هەروەها شێخ عەلی بەرزنجەیی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و چەندەها زانای تریش. دوای یەکەم مامۆستا، مەولانا خالید بووەتە مودەریسی، لە هەموو لایەکەوە فەقێی زیرەک و تێگەیشتووی لێ کۆ بووەتەوە. دوای ئەمیش موفتی زەهاوی (محەمەد فەیزی) بووەتە مودەریس، دوای ئەویش شێخ ئەورەحمانی کوڕی شێخ ئەبو بەکر (کە لەم دواییەدا مزگەوتەکەی بە ناوەوە ناونرا) دوای ئەم زانایە، مامۆستا پایە بەرز و قسە خۆش شێخ بابە عەلی قەرەداغی بووەتە مودەریسی ئەم خوێندنگایە، هەمیشە کۆمەڵێکی فەقێ و زانا و رۆشنبیری تێدا بووە، لەمانە مامۆستا (شێخ رەسوڵی بیدن)ی و (شێخ عەبدولکەریمی خانەشۆر)ی و (شێخ رەسوڵی تەکیە)یی، ئەمانە هەموو قوتابی و لە دەرچووانی ئەم خوێندنگایە بوون.

٣- خوێندنگای خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی

ئەم خوێندنگایە (مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا لە دەوروبەری ساڵی ١٢٣٣ک/ ١٨١٧ز) بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی دروست کرد، زۆریشی مڵک و ماڵ و دێهاتی لەسەر وەقف کرد تاکو پێداویستی مامۆستاکان و قوتابیەکانی پێ دابین بکرێ، ئەم فێرگەیە بەجۆرێک فراوان بوو، پەرەی سەند، لەو رۆژگارەدا بە یەکێک لە مەڵبەندە گرنگەکانی رۆشنبیری و خودا ناسی جیهانی ئەو سەردەمە دانراوە. لە هەموو لایەکەوە خەڵک رووی تێ کردووە، تەنانەت لە مەککە و مەدینە و قودس و شام و حەلەب و شەمدینان و ماردین و عینتاب و ئورفە و دیاربەکر و وڵاتی رۆم و هیند و ئەفغان و داغستان و (ماوراء النهر) و میسر و عومان و شارەکانی عیراق بە کورد و عەرەبییەوە، لە وڵاتی رۆژئاواشەوە خەڵک دەستە دەستە و پۆل پۆل بە مەلا و رۆشنبیریەوە بە خوێندەوار و غەیری ئەوانەوە روویان لەم مەڵبەندە کردووە، دوای مەولانا خالید، شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بووەتە مودەریسی ئەم فێرگەیە. ئیتر ئەم شوێنە هەروا بە

ئاوەدانی ماوەتەوە، رۆژ بە رۆژ لە برەو و نەشونمادا بووە، هەمیشە جمۆجۆڵی فەقێ و خوێندەوارانی تێدا بەدی کراوە، تەنانەت ژووری تایبەتیشی تێدا بووە بۆ برێک زانایانی لێهاتووی وەکو نالی، تا ئەستێرەی گەشی بابان درەوشاوەتەوە ئەم فێرگەیەش هەر ئاوا و ئاوەدان بووە. ئەوەتا نالی لە نامە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو خانەقا بکە ئایا رەبیعی ئاهووە یا چایری ستوور؟

مەبەسی لەوەیە ئایا خانەقا وەکو پێشوو جێگەی مەلا و خوێندەوار و رۆشنبیر و خواناسی راستییە؟ یان پڕ بووە لە کەسانی نەفام و تێنەگەیشتوو لە راستی بە دوور؟

٤- خوێندنگای مزگەوتی سەید حەسەن

ئەم خوێندنگایە و مزگەوتەکەش ئەورەحمان پاشای بابان (١٧٨٩-١٨١٣) دروستی کردووە. ماوەیەکیش هەردووک بە ناوی خۆیەوە بوون، یەکەم کەسیش هەر خۆی بووە کە دەرسی تێدا وتووەتەوە. بۆ دابینکردنی خەرجی و پێداویستی ئەم فێرگەیە، زەوی و زاری (کانی مسلم) و (کانی دۆمان)ی لەسەر وەقف کردووە، هەروەها چل دووکانیشی لەناو جەرگەی بازاڕی سولەیمانیدا لەسەر تاپۆ کردووە، چوار خانووشی لە پەنا ئەم مەدرەسەیەدا بنیات ناوە بۆ مودەریس و مەلا و مجەور و بانگبێژ، مەدرەسەکەش شەش (غورفە) بووە، چوار ژووریان بۆ فەقێ و قوتابییەکانی تەرخان کرابوون. دوایش دەرس وتنەوەی ئێرە خراوەتە ئەستۆی زانای بەناوبانگ (مەلا عەبدوڵڵای رەش)، کە یەکێک بووە لە زانا و قسە رۆیشتووەکانی ئەو رۆژگارە و میرەکانی بابان گوێڕایەڵی بوون و بێ قسەییان نەکردووە. لە سەردەمی ئەمدا، ئەم فێرگەیە دەیەها قوتابی تیدا خڕبووەتەوە هەر یەکەیان چرایەکی رۆشنبیری گەشەدار بووە.

مەلا خدری نالی یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەم مەدرەسەیە. شایانی

باسـه، کاتێ بینای ئەم مـەدرەسـەیە رووخـێنرا، لە کون و کـەلێنەکانیدا چەند پارچە شـیعری نالـی دۆزراوەتەوە کە هـەمـوو بە خـەتی خـۆی بوون. دوای مەلا عەبدوڵلا، شێخ مسـتەفای موفتی کوڕی شێخ عـەلی بابا رەسوڵی بەرزنجەیی بووەتە مـودەڕیس، دوای ئەویش حـاجـی سـەید حـەسـەن، دوای ئەمـیش شـێخ ئەحـمەدی بـەرزنجەیی و ئەمجـا مـەلا مسـتـەفای کوردی و دوایش مـامـۆسـتـا مەلا محەمەدی کوڕی، بۆ ماوەی دوانزە ساڵ دەرسبێژی ئەم فێرگەیە بووە.

٥- خوێندنگای مزگەوتی موفتی لە سولەیمانی.

ئەم خـوێندنگایە مـەڵبەندێکی دیکەی رۆشنبیری سـولەیمانی رۆژگـاری بابان بووە، بەڵکو نیمچە زانکۆیەکی گەشـەدار و پڕ قوتابی و زانا بـووە، هەمیشە لە مـەلا و فـەقێ و رۆشنبـیـر و شـاعـیـر و ئـەدەب دۆسـت جـمـمـەی هاتووە، بەتایبـەتی کە خـانەوادەیەکی وەکو بنەماڵەی موفتی لە سلێمانی بۆ مـاوەی چەند ،سـەدەیەک پشـتـاوپشت نەیان هێشتووە مەشخـەڵی چرای ئەم مەڵبەندە کز ببێت، چونکە هـەر لە مەلا محـەمەدی پیر حەسـەنییەوە کە باپیرە گەورەی ئەم بنەمـاڵەیە، ئەم چـرای زانسـتییـە رووناکی بە زۆر شـوێنـی هـەرێمی بابان داوە. دوای ئەویش کوڕەکەی مەلا ئەحمەدی پیر حەسـەنی لە میشەوە بۆ مەلا مـەحمـوودی کوڕی، ئەمجـار مـەلا ئەحمـەدی دووهـەم، کـە بە مـوفتی چاو مـار ناسراوە، ئەمـانە هـەر یەکێکیان لە راسـتی خۆیانەوە ئەم چرای زانیـارییەیان زیاتر خـۆش کـردووە، بەتایبـەتی لە سـەردەمی ئەم مـوفـتی چاو مـارەدا، مـەدرەسـەکـە بە تـەواوەتی گـەشـەی کـردووە، دەیەها قـوتابی وەکـو مـەلا ئەوڕەحمـانی پێنجوێنی و مـەلا محەمـەدی زەهاوی (مفتی گەورە کە ناوبانگە بە محەمەد فەیزی) تێدا خڕ بوونەتەوە.

دوای وەفـاتـی شـێخ مـارفی نۆدێ سـاڵی (١٢٤٥ک/ ١٨٢٩)، ئـەم مـەلا ئەحـمەدی چاو مارە کراوەتە سـەرۆکی مودەڕیسـەکانی بابان و لێپرسـراوی کاروباریان. بەم کارە ئەوەندەی تر ئەم خوێندنگایە بایەخی پێ دراوە.

دوای وەفاتی چاومار ساڵی (١٢٨٨ک/ ١٨٧١ز)، ئەم ئەرکانە خراونەتە ئەستۆی مەلا محەمەد ئەمینی کوڕی کە ئەمیش چی پێویست بووە پێکی هێناوە تا لە ساڵی (١٣١٥ک/ ١٨٩٧ز) لە دنیا دەرچووە، ئەمجار مەلا عەبدولعەزیزی موفتی ئەم کارە لە ئەستۆ دەگری، لەبەر ئەوەی مەلا عەزیز زانایەکی پایەبەرز و ئەدیبێکی پڕ سۆز و پیاوێکی خۆشەویست بووە، بۆیە لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە چەند پایە و پلەیەکی بڵندی شایانی خۆی دراوەتێ، وەکو وەکیلی دایەرەی مەشیخەتی ئیسلامی و ئەندامی کۆڕی زانیاری دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی مەعاریف لە سولەیمانی. ساڵی (١٩٤٧) مەلا مەحموودی بێخود ئەم کارەی لە ئەستۆ گرتووە و بە مردنی بێخود لە ساڵی (١٣٧٥ک/ ١٩٥٥ز) زانا و عالمی قوتابخانەی ئەم بنەماڵەیە کۆتاییان پێ هاتووە و چرای ئەم خوێندنگایە کوژاوەتەوە.

ئەم بنەماڵە دێرینە، هەر لە کۆنەوە بە کۆششی بەردەوامی زاناکانیان ئەو پلە و ڕێزەی کە میرەکانی بابان و پیاو ماقووڵانی کوردستان و لە دواییدا سوڵتانەکانی عوسمانی لێیان ناون، توانیویانە کتێبخانەیەکی قەشەنگ و ڕێکوپێک بۆ ئەم مەدرەسەیە پێکەوە بنێن، کە بووەتە دووەم کتێبخانەی سلێمانی، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم کتێبخانەیە پێش خراوە و دەوڵەمەند کراوە تا لە کۆتاییدا کتێبە دەستنووسەکانی گەیشتوونەتە هەزاران کتێبی بەنرخ و بەها، تا ئینگلیز دەستی بەسەر ئەم وڵاتەدا گرت و دانیشتووانی سلێمانی لێی راپەڕین و ئینگلیز دەستی کرد بە بۆمباردومانی سلێمانی، یەکێک لە بۆمباکان ئەدا بە کتێبخانەکەدا هەمووی ئەسووتێنێ. بەداخەوە هیچ شتێکی وای ئەو کتێبانە رزگاریان نەبوو.

٦- خوێندنگای مەڵکەندی:

ئەم مەدرەسەیە زۆر پێش دروستکردنی شاری سلێمانی هەبووە، چونکە لەو

کاتەدا کە سلێمانی بنیاتنراوە، مەولانا برایم دەرسبێژی بووە، لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابانیشدا (١٨٣٩-١٨٤٧ و ١٨٥٠) (مەلا ئەورەحمان نۆتشە) و دوای ئەویش مەلا ئەحمەدی کوڕی مودەڕیس بوون، ئەم دووانە یەک لەدوای یەک موفتی سولەیمانیش بوون، قوتابخانەکەش هەردەم پڕ بووە لە قوتابی و زانای رۆشنبیر و ئەدەب دۆست وەک (سەید ئەحمەد فائیزی بەرزنجەیی). شایانی باسە ئەم مزگەوتە، مزگەوتی مەڵکەندی ئێستا نییە.

٧- خوێندنگای حاجی ئەحان

ئەم حاجی ئەحمەدە یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی قەڵاچوالان، هەر لەگەڵ گواستنەوەی شارەکە، ئەویش هاتووەتە سلێمانی و ئەم مزگەوتەی دروست کردووە، خوێندنگایەکیشی لەگەڵدا دروست کردووە، ملک و ماڵێکی زۆریشی لەسەر وەقف کردووە، لە مامۆستا و دەرسبێژەکانی تەنها شێخ رەسوڵی پڵاوخور ناسراوە.

٨- خوێندنگای حاجی شێخ ئەمینی خاڵ

ئەم خوێندنگایەش لەگەڵ مزگەوتەکەدا هەر بابانەکان دروستیان کردووە، تەنانەت دوو کۆڵەکەی مزگەوتی قەڵاچوالانیشیان بۆ هێناوە. یەکەم مامۆستا کە دەرسی تێدا گوتووەتەوە، شێخ ئیسماعیل بووە کە باپیری حاجی شێخ ئەمینی خاڵە، هەر لەوەچەی شێخ ئیسماعیل تا دەگاتە سەر شێخ محەمەدی خاڵ، ئەمانە هەموو یەکە یەکە دەرسیان تێدا وتووەتەوە. جگە لەم خوێندنگایانەی شاری سلێمانی و قەڵاچوالان هەروەها خوێندنگای بەرز و ناودار لە گوندی (گەناو) لە هەرێمی پشدەر و لە (خورماڵ- گوڵ عەنبەر) و هەندێک شوێنی تر هەبوون، کە ئەوانیش مامۆستا و زانای بەناوبانگ دەرسیان تێدا گووتونەتەوە[٢٣٠].

٢٣٠. تا ئێرە لە نووسینەکەی مامۆستا مەحمود ئەحمەدم وەرگرتووە کە لە کۆواری رۆشنبیری نوێدا بڵاوی کرووەتەوە. کە لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد.

## حوجرەکان

ئەمە جگە لە دەیەها حوجرە کە لە مزگەوتەکان و لە مالآن و شوێنی تایبەتیدا هەبوون. مامۆستا بە پارەیەکی کەم کە لە کەسوکاری هەر قوتابییەکی وەردەگرت، ئەرکی فێرکردنی سەرەتایی و پێ خوێندنی ئەو قوتابییەی دەگرتە ئەستۆ، حوجرەکە بریتی بوو لە تەنها ژوورێک، بە گوێرەی توانای مەلاکە دەگۆڕرا، هەبوو گەورە و لە سەرەوە سەکۆیەکی هەبوو، مەلا و خەلفە لێی دادەنیشتن و لە خواریشەوە قوتابی، قوتابییەکانیش بەشبەش دەکران، هەشبوو ژوورێکی مامناوەندی یاخۆ بچووک کە ئەمانە قوتابییان کەم بوو.

جۆری دەرس وتنەوە لەم حوجرانەدا زۆری فەرق هەبوو لەگەڵ هی ئەم رۆژانەدا. بەزۆری (یەکەیەکە) دەرس بە قوتابی دەوترا، لە پێشەوە پیتەکان (أ. ب. ت.... هتد) و قورئان خوێندن و لەبەرکردنیان فێر دەکرا. زانستی ژمارەی کەمتر تێدا بوو، بەڵام هەندێ حوجرەی کۆن هەبوون، وەک حوجرەی مەلا عەزیزی زلّزلّەیی و حوجرەی خواجە ئەفەنی و چەند حوجرەیەکی تر، کە ئەمانە لە رادەیەکی بەرزترا بوون. لە حوجرەی مەلای زلّزلّەییدا پیاوی وەک خواجە ئەفەنی و ئەمین زەکی بەگ خوێندوویەتی. ئەمین زەکی بەگ لە نووسینەکانیدا زۆر جار ئاماژە بۆ ئەم حوجرەیە و مامۆستاکەی بەرێز و بەرز پێدا ڕوانینەوە دەکات.

لەم حوجرانەدا وا دەردەکەوێ حوجرەی خواجە ئەفەنی لە هەموویان زیاتر پەرەی سەندووە، بۆیە ئێمەش وەک نموونەیەک لێی دەدوێین هەرچەندە ئەمە هی سەردەمی دوای بابانەکانە.

- حوجرەی خواجە ئەفەنی[٢٣١]

لە ساڵی (١٨٦٠)ەوە کراوەتەوە و شوێنەکەی هەر لە ماڵەکەی خۆیاندا بووە، کە خوار مزگەوتی گەورە بووە.

لە پۆلی یەکەمدا: قورئانی پیرۆز و قسەکانی پێغەمبەر (د) و فێرکردنی نووسین و خۆشنووسی تێدا وتراوەتەوە.

پۆلی دووەم تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوەی کتێب وەک نووسینەکانی حافزی شیرازی و شێخی سەعدی و بۆ نووسینەوەی بە زمانی فارسی و عەرەبی و بۆ فێرکردنی خوێندنەوە بە زمانی تورکی و (کوردی لە ڕێی فەرهەنگی ئەحمەدییەوە) کە فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردییە، شێخ مارفی نۆدێ دایناوە و بە ناوی حاجی کاک ئەحمەدی کوڕیەوە ناوی ناوە (أحمدی). تا دە ساڵ حوجرەکە بەمجۆرە ڕۆیشت، کە مامۆستا سەیری کرد تا بێت قوتابی ڕووی تێ دەکات و پەرە دەسێنێ، ئەویش وانەکانی زیاد کرد:

لە پۆلی سێیەمدا خوێندنی فارسی زیاد کرد و گۆڕینی بۆ زمانی تورکیشی خستە پاڵ، لەگەڵ خوێندنی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ڕاپەڕینی ئەوروپا بە زمانی تورکی، دیسانەوە خوێندنەوەی ئەحمەدی بۆ بەهێزبوونی زمانی کوردی.

لە پۆلی چوارەمدا کە دواییەکەیەتی: بەرنامەکانی پۆلەکانی پێشووی

---

٢٣١. ناوی عەزیزە و کوڕی عوسمان ئاغای ڕەسوڵ ئاغای گەلاڵیە و لە نەوەی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانییە. ساڵی ١٨٤١ لە سلێمانی هاتووەتە جیهانەوە تەحسین پاشای والی تورک کە قوتابخانەکەی بەو جۆرە ڕێکوپێک و پێشکەوتوو دەبینێ زۆری پێ خۆش دەبێت، جگە لە یارمەتیدانی، خۆشی بە ڕەسمی بە مامۆستا دادەمەزرێنێت و ناوی دەنێ (خواجە ئەفەندی) واتا مامۆستای بەڕێز و ئیتر ئەم نازناوەی هەڵدەگرێ و لە خۆی و کوڕ و بنەماڵەی نابێتەوە.

دووباره کراونەتەوە بەشێوەیەکی فرەوانتر، جگە لەوەی کە ئەمە وای لێ کرد کە هەفتەی دووجار فەرەنسیش بە قوتابیانی ئەم پۆلە بخوێنرێ[٢٣٢].

ئەم حوجرەیە تا ساڵی ١٨٩٠ی خایاند. جگە لە کوڕ، لە دواییدا کچیشی هێنایە حوجرەکەوە. جا بۆ ئەوەی چاوی خەڵک بکاتەوە، لەپێش هەموو کەسێکدا (حەپسەی) کچی کردە قوتابی حوجرەکەی.

لەم حوجرەیەدا گەورە پیاوانی کورد وەک سەعید پاشای خەندان و شێخ مەحموودی حەفید و حاجی مستەفا پاشای یامولکی و دەیەها پیاوی تر خوێندوویانە.

جگە لەو حوجرانەی کە پیاوی خوێندەوار (مەلا) کردوویانەتەوە، گەلێک حوجرەش هەبوون کە ژن دایاناوە و خۆیان مامۆستا بوون وەک حوجرەی (مەلا فاتم) لە دەرگەزێن بەرامبەر مزگەوتی حاجی مەلا رەسووڵ و حوجرەی (تاجیە خان) و حوجرەی (مەلا ئامینە) لە سەرشەقام و حوجرەی (مەلا رەعنا) نزیک بە مزگەوتی سەلام، کە ئەمانە هەموو کوڕ و کچ پێکەوە دەرسیان تێدا دەخوێند.

خەلفە مافی (فەلاقە) کردنی قوتابیشی هەبوو، پێش هاتنی مامۆستا، بەڵام کە مەلا خۆی ئامادە بوایە، پێویست بوو بە قسە و فەرمانی ئەو فەلاقەی قوتابی بکردایە، نەک لە خۆیەوە.

فەلاقەش دار تەختەیەک بوو قایشێکی بە شلی بەمسەرە و سەرەکەیەوە بوو، هەر قوتابییەک وانەکەی لەبەر نەکردایە، یا بە پێچەوانەی رێڕەوی حوجرەوە بجووڵایەوە. پاڵ دەخرا، قاچێک یا هەردووکی لەلایەن خەلفەوە دەخرایە ئەو فەلاقەیەوە و بادەدرا بۆ ئەوەی توند بێت، ئەوسا مامۆستاش بە شووڵێک بەردەبووە بنی پێی ئەو قوتابییە، بەمجۆرە سزای لەشی قوتابی

---

٢٣٢. ئەوەی شایانی باسە، ئەو باسانەی لە سەرەوە نووسیومانن، لە رێی مامۆستای بەڕێز ئەحمەد ئەفەنی کوڕی خواجە ئەفەنییەوە دەستمان کەوتوون.

دەدرا، بەڵام سزا دەروونییەکەی لە هەمووی ناخۆشتر بوو، کە قوتابییەکانی تر هەموو وەک دوژمنیان لێ دەهات و دەستیان دەکرد بە چەپڵە لێدان و پێکەنین، خۆ ئەگەر ڕێیان بدرایە ئەوانیش کوڵە وژێکیان لە فەلاقەکراوی بەستەزمانەوە ئەژەند، بێئەوەی ئەوە لێک بدەنەوە کە رەنگ هەیە دوای تۆزێکی تر خۆی بەو تەڵەیەوە بێت. جگە لە فەلاقە لێدان، بە دار یا قایش لێدان، بە چەپۆک و شەپازللەش هەبوو.

دوا قسەمان لە بابەت حوجرەوە و مامەڵەی مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانیدا ئەمەیە باسی خۆمتان[٢٣٣] بە کورتی بۆ بکەم کە لە حوجرەی (حاجی مەلا) ناوێک بووم راست بە تەنیشت مزگەوتی سەی حەسەنەوە کە ئێستا شوێنەواری نەماوە و کتێبخانەی ئەوقاف لە شوێنەکەیەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣ .

مامۆستا پیاوێکی پیری ریش سپی عەینەک لە چاو، بەڵام هێمن و لەسەرخۆ بوو خەلفە (خەلیفە)ی هەبوو لەوانەی هەڵدەبژارد کە بە تەمەن لە هەمووان گەورەتر و ژیرتر بووایە، ئەویش وەک بیرم بێ (عەونی) ناو بوو کوڕی قادر ئاغای عەتتار بوو. خەلفە زیاتر کاروباری کارگەریی و دابینکردنی قوتابی و چاودێریکردنی چوونە حوجرەی قوتابیان رۆژ بە رۆژ و دوانەکەوتنیان و رێکوپێکی و ئاسایشی حوجرەکەی دەدرایە، نەک دەرز وتنەوە کە ئەوە تەنها هەر مامۆستا خۆی بەو ئەرکە هەڵدەستا.

مامۆستا یەکە یەکە دەرسی پێ دەوتین، کە ئەویش بریتی بوو لە قورئانی پیرۆز بەڵام بە (حینجە).

بۆ نموونە وشەی (أعوز)وی بەمجۆرە پێ ڕەوان دەکردین:

ئەلیف سەر ئا، عەین واو عوو، زوو بە زوو (أعوزو). بەو جۆرە دەوترایەوە

---

٢٣٣. واتا نووسەری ئەم کتێبە. بۆیە باسی حوجرەشمان کردووە تاکو زنجیرەی خوێندنگاکان نەپچڕێت.

بۆ ئەوەی پیتەکان لە مێشکی قوتابیاندا زیاتر بەهۆی ئەو شت زیادکردنەوە جێگیر یاخۆ چەسپ بن. مامۆستا ئەلفوبێشی فێری قوتابی دەکرد. خۆ ئەگەر یەکێک لە (الحمد)ەوە بگەیشتایە (اذا جاء نصر الله والفتح...) ئەوە دەیانوت گەیشتووەتە (مریشکە رەشە) و دەبوایە مریشکێکی بەدیاری بۆ مامۆستا ببردایە؛ واتا هەنگاوێکی باشی لە خوێندندا ناوە.

حوجرەکەمان دەتوت کوورەی هەنگە. نزیکەی پەنجا منداڵێکی لە پێنج ساڵەوە تا یانزە ساڵ تێدا بوو، جاری وا هەبوو کە ئەگەر منداڵەکە لێدانی بخواردایە یان مەلا داوای شتێکی زیادی بکردایە، ئیتر دایکی ئەو منداڵە بە بۆڵە و بۆڵ شاتە شات دەهاتە سەر مەلا، ناچار دەرس و دەور هەمووی ئەوەستا تا ئەم حەنە حەپەشێیە تەواو دەبوو، لە راستیشدا مەلاکەمان پیاوێکی بەستەزمان و کەم تەماع بوو زۆر خوازەلۆک نەبوو، بەڵام جار جار مەلاژن پێی لێ دەکردە کەوش و ناچاری هەندێ ئیشی بێجێی دەکرد و بەوجۆرە شیرازەی حوجرەش تێک دەچوو.

من و خوشکەکەم کە لە خۆم گەورە تر بوو بە هەردووکمان مانگ چارەکە دینارێکمان دەدا، کە ئەمە لە چاو کرێی قوتابیانی تردا زۆر بوو.

من ماوەی سێ مانگ لە حوجرە خوێندم دوای ئەوە خرامە قوتابخانەی فەیسەڵییە لە سلێمانی. بەو سێ مانگە چاوم کرایەوە و شتێکی سەرەتایی فێر بووم.

# سلێمانی.. شارە گەشاوەکەم

بەرگی دووەم

## ١

## بەشی مێژوویی.. سلێمانی دوای بابانەکان

## حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانی[١]

## ١٨٥٠ - ١٩١٧

سیمای ئەم ماوەی فەرمانڕەواییەی ڕاستەوخۆی عوسمانی بە موتەسەریفەکان و کارگێڕ و مووچەخۆر و ئەفسەر و سەرباز و زەفتییەکانیان لەم چەند خاڵانەدا دەکەوێتە بەرچاو کە باسیان دەکەین و کە دەبن بە تیشکی ڕۆشنکەرەوەی ئەو ڕۆژانە کە لە هەندێک سەرچاوەدا. نەک هەر بۆ ناوچەی سلێمانی و بەس، بگرە بۆ گشت وڵاتە ژێر دەستەکانی

١. بە پێویستم زانی شتێکی زۆر کورت لەبارەی دەوڵەتی عوسمانی بنووسم چونکە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ میللەتەکە و وڵاتەکەی ئێمەدا بووە.
دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتاوە میرنشینییەکی بچووک بوو لە بەشی ژووروویی ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکدا، بەڵام بەدرێ و هاروهاجیی خۆیان ئەنادۆڵ و لە دواییدا قوستەنتەنیەیان لە چنگی ڕۆمە بیزەنتییەکان ڕزگار کرد و کردیاننە دەرەوە و خۆیان دەستیان بەسەردا گرت و (عوسمان) کە دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە بوو ناوی بەسەر دەوڵەتەکەشدا نا (عوسمانی) و ساڵی ١٤٥٣ز قوستەنتەنیە بوو بە پایتەختیان. ئەوسا سەفەوییەکان لە ئێراندا حکومیان دەکرد. ئەم دوو دەوڵەتە لە سەرەتاوە ناحەزی یەکتر بوون لەسەر یەک نەبوونی مەزەب. عوسمانییەکان خۆیان کرد بە خاوەنی مەزهەبی (سنە) سوڵتانەکانی خۆیان کرد بە خەلیفەی ئیسلام، ئێرانییەکانیش لەسەر مەزهەبی (شیعە) ئیتر لەسەر ئەمەو چاولەدوویی بۆ داگیرکردنی شوێن هەمیشە بەیەکیاندا دەدا. شا ئیسماعیلی سەفەوی عێراقی داگیر کردبوو، بەڵام سوڵتان سەلیمی عوسمانی لە شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ شکاندی و هەتا کوردستانی عێراقیش هات دوای چەند شەڕێکی تر لە بەینی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانیدا و بەتایبەتی لە سەردەمی سلێمان قانوونیدا هاتە عێراق و لە ساڵی ١٥٣٤دا هاتە بەغدا و دوای=

عـوسـمـانـی بە (ڕۆژانی ڕەش) دادەنرێن. بەڵام ئێـمـە لێـرەدا هـەر لە وڵاتی سلێمانی دەدوێین، باسی ئەو خاڵانە دەکەین کە تایبەتن بە خۆمانەوە، باسی ئەو شتانە دەکەین کە لای خۆمان ڕوویان دەدا و پەیدا دەبوون[٢]:

= ئەوەش عـوسـمـانـیـیـەکان بـەرەوخـوار بـوونەوە بەرەو بەسـرە و احـسـاء. کـە بەشی ژووروی عێراقیان کەوتە ژێر دەست، هاتن دانیان نا بەو میرنشـینانەی کە هـەبوون، وەک میرنشینی بابان و میرنشینی سۆران و بادینان و شەمزینان لە جزیرە. حوکمیان بەو جـۆرە دەوامی کـرد کـە باسـمـان کـرد تا سـاڵی ١٩٠٨ سـەردەمی سـوڵتـان عەبدولحەمید کە دەنگدانەوەی شـۆڕشی فرەنسا و مـەسـەلەی قەومییەت و زوڵم و زۆری سوڵتانەکان و دەستەودایـەرەیان، ئەمانە هـەموو بوون بەهۆی هەڵسانی پارتی (اتحاد و ترقی) و هەڵگێڕانەوەیەکی دەستـووری بەرپا بکەن لە وڵاتی عوسمانیدا. لەوەو پێش بە دوو ساڵیش مـەشرووتییەت لە ئێران لە سـاڵی ١٩٠٦دا هاتبووە ناوناوان. کە (اتحاد و ترقی) لە سـەردەمی عـەبدولحەمیددا هـاتن زوو ڕووی ڕەگەزپەرستیی خۆیان دەرخست، بۆیە ئەوانەی دژیان بوون لە نیسانی ١٩٠٩دا کودەتایان بەرپا کرد، بەڵام لە نیهایەتی ئەو سـاڵەدا هـاتنەوە سـەر حوکم و لـەسـەر هـەمان سیـاسـەتی تۆرانیـەتی ڕەگەزایەتی پێشوویان دەڕۆیشـتن، بۆیە زۆر کەسیان لێ تەکییەوە و هەندێک.. پارتی تر دژیان پێک هات وەکو پارتی (حریە و ائتلاف) و (اهالی)... تا لە دواییدا شەڕی گەورەی یەکەمی بەسـەر داهات کە هـەموو جیـهانی گرتەوە، لە ئەنجامی ئەو شـەڕەدا دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوسا هـەر (سـەڵتەنەت) بوو، سوڵتان (وحید الدین) لـەسـەر تەخت بوو، هاوپەیمانی ئەڵمان بوو، کە ئەڵەمان شکا، هێزی سوێندخۆرەکان هاتنە ئەستەمبوڵەوە و داگیریان کرد، بەمە سـەربەخۆیی و کـەرامەتی دەوڵەتێکی گەورەی وەک عـوسمـانی کە سـاڵەهای سـاڵ بوو ئـەو حـوکمی بەشـێکی زۆر لە ئاسیـا و وڵاتی عـەرەب و بەشـێک لە ئەوروپای دەکرد، ئێستا وا زەلیل بێت، لەناو ئەم گەرداو و گێژەڵووکە و لە سـووڕدانی ئەم چەرخ و فـەلەکەدا، پیـاوێکی تورک هـەمـوو ئەرکێکی خستـە ئەستـۆی خـۆی و دەستی پێ کرد ئەمما چۆن دەستـپێکردنێک، بێ تەم ڕەوانەوە و بێ ترس و بێ هـەست بەمـاندووبوون و خـەتەر، تا تورکیـای تازەی دروست کـرد و هـەمـوو هێزە بێگانەکانی کردە دەرەوە، ئەو پیاوە مستەفا کەمال بوو، کە بەداخەوە، ئەوەندەی بۆ نەتەوەکەی خۆی هـەوڵی دا و باش بوو، چوار ئەوەنـدە بۆ خـەڵکی تر بەپێـچـەوانەوە بوو هێـجگار بەرامـبـەر نـەتەوە کـەمـە نیشتەجێکانی وڵاتی عوسمانی کە لە پێش هەموویانەوە، نەتەوەی کورد بوو.

٢. وەک لە شـوێنێکی تری ئەم کتێبـەدا دوور و درێژ باسی سـاڵی هاتن و مـاوەی حـوکمی هـەر یەکێکیانمان کردووە.

**یەکەم: کاربەدەستانی ناپاک و بەرتیل خۆری عوسمانی**

دوای دوور خستنەوەی بابانەکان عەبدوڵڵا پاشای کوڕی سلێمان پاشا بە قایمقام و لە دواییدا بە موتەسەڕیف لە شوێنی ئەحمەد پاشای برای دانرا، زۆری پێ نەچوو عوسمانییەکان ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینی، لایان برد و ئیسماعیل پاشایەکی تورکیان هێنا و لە شوێنیان دانا، دوای ئەو ئیتر هەرچییەکیان هێنا هەموو لە دوو ساڵ زیاتر نەماوەتەوە، بەڵکو زۆربەی زۆریان کە ئەو ڕۆژە بە پاپۆڕ و وڵاخ کە یەکی مانگ و دوو مانگیان پێ دەچوو تا دەگەیشتن، خۆ ئەگەر لە ماوەی مانەوەیدا پشوویەکی بدایە و یاخۆ بۆ کارێکی پەلە و پێویست (أجازە)یەکی وەربگرتایە، ئەوە سێ چوار مانگی بە ڕۆیشتن و مانەوە و گەڕانەوەوە پێ دەچوو، جا ئایا ئەوە لەم ماوە کەمەدا چی لە وڵاتەکە تێ دەگەیشت و چی بۆ ڕوون دەبووەوە؟ خۆ ئەگەر لەوانە یەکێکی خێرخوای تێدا بووبێت ویستبێتی، لە ڕێی خوادا خزمەتێک بکات، نە کاتی بووە و نە پارەی بەدەستەوە بووە، چونکە دەبوایە ئەمان پارەیان بدایە، نەک پارە لە (ئاستانە) وەربگرن، ئەمان دیارییان ببردایە و بەرتیلیان بدایە، چونکە فەرمانڕەوایی ئەو سەردەمە وەک (التزام)ی[3] چەند ساڵێک لەمەوبەر وابوو، دەبوو هەر کەسە سەری خۆی بقەبڵاندایە ئەوسا سەرفراز دەبوو لە کردەوەیدا.

هەندێک لەم کردەوانە لە قسەکانی مێجەر سۆندا دەردەکەوێ کە پێش ئەوەی ببێ بە حاکمی سیاسی، بە خۆگۆڕین بە ناوی غولام حوسەینی شیرازییەوە هاتووەتە سلێمانی دەڵێت (سوڵتان ئەو کەسانەی دەدایە پاڵ خۆی کە بە دەست و مەچەکی بەهێزەوە و لە ڕێی دزی و چەتەگەرییەوە

٣. (التزام) زیاتر لە شێوەی (استئجار)ی شوێنێکدایە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، شوێنێکی بە بەروبووم، ئیتر ئەو کەسە چی دەکرد و چەندی دەسەند، جڵەوی بۆ شل دەکرا. سەردەمێک (رەسمی استهلاک)ی هەندێک شوێنی ناو شار، میری دەیدا بە (التزام) کە چاپوکوپ لەوە دابوو.

پارەیان زیاتر دەدایە، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سوڵتاندا بەرژەوەندییەک یەکی دەخستن بۆیە باری سلێمانی زۆر خراپ بوو ... بازرگانەکان دەبوایە دوو یاخۆ سێ ئەوەندەی جاران باجیان بدایە، ئەویش ئەگەر هەمەوەند ماڵەکەیانی نەبردایە، سەرەڕای فەرمانبەرانی ڕێژی و ناو شار... کە ماڵیان وێران دەکردن. دوای ئەوە مێجەر سۆن باسی هەڵسوکەوتی پۆلیس و قۆمیسەری عوسمانی و گەڕ و گێچەڵیان دەکات، کە چەند بەدڕی قسە و مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەن و بە توندوتیژی لە گەڵیان دەجووڵێنەوە و گێچەڵیان پێ دەکەن زیاتر بۆ ئەوەی بەرتیلیان پێ بدەن و پارەیان لێ بکێشنەوە[٤]. ئیتر بە کورتی شیرازەی حوکم بە تەواوەتی تێک چووبوو ئەوەی پێی دەوترا حەق و داد لە هیچ فەرهەنگێکدا، ناوی نەمابوو، کوتەک و بەندیخانە و ڕاووڕووت دروشمی ئەو ڕۆژانە بوون.

**دووەم: پێشکەوتن و بەهێزبوونی بنەماڵەی (شێخان - بەتایبەتی بەرەی حاجی شێخ مارفی نۆدێ و حاجی کاک ئەحمەدی کوڕی) و عەشایەری هەمەوەند و جاف**

١- بنەماڵەی شێخان:

وەک لە هەندێک شوێنی تری ئەم کتێبەدا وتوومانە، ئەم بنەماڵەیە لە زووەوە نەک هەر لە کوردستاندا بگرە لە دەرەوەش ناسراون، بەوەدا کە بەڕەگەز و بنەچە دەچنەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجە کوڕی سەید باباعەلی هەمەدانی.

سەید باباعەلی سێ کوڕی هەبوو، هەر لە کاتی ژیانی خۆیدا ئەوانە هاتنە بەرزنجە، شێخ محەمەدی نووربەخشی کە ئەو نەمایەوە ڕووی کردە (هەڕات) لە ئەفغانستان و لەوێ مایەوە و بەرەی زۆرە لەوێ. شێخ مووسا و شێخ

٤. سۆن (میرزا غلام حسین شیرازی - رحلة منتكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان) جزمی یەکەم ل ٢٤٢-٤٢٥ و جزمی دووەم ل ٤-٥٤.

عیسا هەردووکیان لە بەرزنجە لە ساڵی ٧٦٠ک (١٣٥٩ز) جێگیر بوون. شێخ مووسا منداڵی نەبوو، دوازدە کوڕی هەبوو. ئەم شێخانەی کوردستان هەموو لە نەوەی ئەو شێخ عیسایەن و بۆیە پێیان دەڵێن (ساداتی بەرزنجە) چونکە لە بەرزنجەوە بڵاوەیان لێ کرد، بەڵام ئەو بنەماڵەیە ئەمڕۆ و بگرە لە زووەوە بە بنەماڵەی (شێخان - یاخۆ شێخەکان) ناویان دەرکردووە و بە زۆریان دەوترێ (شێخ) و بە هەندێکیشیان (سەید).

لە ڕاستیدا پیاوی گەورە گەورە و ناسراو لەم بنەماڵەیەدا هەڵکەوتوون گەورە لە ڕووی ئاینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، گەورە لە ڕووی نەتەوایەتی و رامیارییەوە... کە لە زۆر لاپەڕەی تری ئەم کتێبەدا باس کراون بەڵام ئەوانەی ئێمە لێرەدا مەبەستمان زیاتر شێخ مارفی نۆدێ و حاجی کاک ئەحمەدی کوڕیەتی. باسی شێخ مارفمان لە سەردەمی بابانەکاندا کرد کە چ دەورێکی ئاینی گەورەی دەبینی چ لە قەڵاچوالان و چ لە سلێمانی (دوای دروستکردنی) کە، دامەزرێنەری تەریقەتی قادری[٥] بوو لە کوردستاندا، بەرامبەر بە مەولانا خالیدی نەقشبەندی[٦]، کە ئەویش دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی بوو هەر لە کوردستاندا جگە لەوە شێخ مارف (مرجع)ێکی ئاینی بوو لە شەرع و لێکدانەوەی کتێبە ئاینییەکاندا و پێش نوێژ و خەتیبی مزگەوتی گەورەش بوو.

---

٥. نیسبەت بە شێخ عەبدولقادری گەیلانی، کە ئەو دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە بوو (٤٧٠ک/١٠٧٧ز - ٥٦١ک/١١١٦ز).

٦. مەولانە خالیدیش ئەم تەریقەتەی لە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی وەرگرت لە هندستان. بەڵام دامەزرێنەری ڕێگەی نەقشبەندی لە بنچینەدا شێخ محەمەدی نەقشبەندییە کوڕی (محەمەد بەهائەدینی بوخاری) (٧١٧ک/١٣١٧-٩١/١٣٨٨ز). بوخارا شارێکە ئەمڕۆ لە کۆماری (ئۆزبەکستان) کە پایەتەختەکەی شاری (تاشقەند)ە، لە زووەوە شارەکانی تەشقەند و سەمەرقەند و بوخارا لەناو کوردەواریدا بەناوبانگن بەهۆی ئەو شوێنە ئاینییە بەرزە و بەهۆی ئەو پیاوە ئاینییە گەورانەی کە لەو ناوانەدا هەڵکەوتوون.

دواییی کۆچی شێخ مارف کە (ناوی خۆی لە بنچینەدا محەمەد)ە و (کە خاوەنی دانانی پەنجا کتێب زیاترە) لە ساڵی ١٢٥٤ک ١٨٣٨ز، حاجی کاک ئەحمەدی کوڕی (١٢٠٧ک/١٧٩٢ز - ١٣٠٥ک/١٨٨٧ز) جێگەی گرتەوە.

کاک ئەحمەد نەک ناوی هەر لە ناوچەی سلێمانی و عێراقدا، بگرە لە هندستانیش دەنگی دایەوە، پیاوێکی ئاینی پیرۆز، یاریدەدەری هەژار و پەککەوتە، خزمەتکاری ئاین و مرۆڤایەتی، نووسەر و دانەری سەد و بیست نامە زیاتر لە (تفسیر، حدیث، فقە) بە زمانی فارسی کە زۆریان چاپ کراون.

دەنگوباسی حاجی کاک ئەحمەد کە بەمجۆرە بڵاو بووەوە سوڵتان عەبدولحەمید حەزی بەبینینی کرد، بەڵام نەیتوانی بۆ (ئاستانە) بچێت، لە شەڕی بەینی ڕووس و عوسمانیدا (١٢٩٢ک/١٨٧٥ز -١٢٩٣ک/١٨٧٦ز)، کاک ئەحمەد، لە ژێر ئاڵای شێخ سەعیدی کوڕەزایدا هێزێکی باشی لە دەروێشەکانی کۆکردەوە و ناردی بۆ غەزا.

لەم هەڵوێستەی کاک ئەحمەدەوە و لە گەلێک کردەوەی بەرزی تری خۆی و باوکی و بنەماڵەکەی، لەلای سوڵتانەکانی عوسمانی زیاتر ناویان دەرکرد و زۆرتر پێشکەوتن. دوای حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ سەعیدی کوڕەزای شوێنی گرتەوە.

مامۆستا عەلی سەیدۆ گۆرانی ئەڵێت: شێخ سەعید لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا لە ساڵی ١٨٧٦دا و لە ساڵەکانی دواترا دەستی کرد بە دێهات و زەوی کڕین لە نزیک شاری سلێمانی و دڵی خەڵکی ڕاکێشا کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هات، شێخ سەعید ناوی دەرکردبوو جگە لەوەی دەوڵەمەندیش بووبوو، چوو بۆ زیارەتی خەلیفە لە ئاستانە، کە گەڕایەوە زیاتر خەرج و باجی لە دانیشتوانی شارەکە و بەتایبەتی لە بازرگانەکان دەسەند، لەبەر ئەوە ئەوانیش پەنایان بردە بەر هەمەوەند کە

ئەوانیش هاتن لە ساڵی ١٨٨١دا سلێمانییان گرت و دەستی شێخانی بەرزنجەیان کێشایە دواوە، شێخ سەعید لە ئەنجامی ئەمەدا هات ژنێکی لێ خواستن[٧].

کە مامۆستا ڕەفیق حیلمیش ئەڵێت[٨]: (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، خۆی داوای شێخ سەعید و هەندێک لە خزم و دەستە و دایەرەی کرد کە بچن بۆ ئاستانە، لە چوونەکەیدا (شێخ مەحموود)ی کوڕیشی لەگەڵ خۆی بردبوو، لەوێ هەریەکە پێش گەڕانەوەیان لە دەستە و دایەرەی شێخ سەعیدی بە مووچە و بەرات گەیاندبوو، جگە لەمەش (شفرە)ی موخابەراتی (سری)دابوو بە شێخ سەعید کە لە کاتی تەنگانە و پێویستدا بتوانێ بە (تەلگراف) موخابەرەی لەگەڵ بکات... لە ئەنجامی ئەم رعایەت و نەوازشەدا، هەر موتەسەڕیف یا سەرلەشکرێک بنێررایە سلێمانی لە قار و غەزەبی شێخ سەعید خۆیان دەپاراست و دەکەوتنە ژێر نفوذیەوە).

ساڵی ١٩٠٨ کە شۆڕش هەڵگیرسا و عەبدولحەمید لابرا کۆمەڵەی (یەکیەتی و سەرکەوتن) هاتنە سەر ئیش، بۆ قایمکردنی شوێنی خۆیان لە هەموو لایەکی وڵاتی عوسمانیدا دوای ئەوانە دەکەوتن کە سەر بە عەبدولحەمید بوون.

دوای ئەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەسەری دەڕوات کەوا (لقی اتحاد و ترقی سلێمانیش) کە بەتایبەتی لە ناحەزانی خانەوادەی شێخ سەعید، واتە لە تجارەکان و هەندێ لەو زابتانە هاتبووە ناو کە تازە لە مەکتەبی حەربیە

---

٧. لە کتێبی (من عمان الی العمادیة) لاپەڕە ٩٧-٩٩. وا دیارە مامۆستا سەیدۆ ئەم قسانەی لە کتێبەکەی مێجەر سۆن یاخۆ ڕاپۆرتی مێجەر سۆن وەرگرتبێ کە لە کاتی خۆیدا لە دژی بنەماڵەی شێخانی نووسیوە، هەر لەم کتێبەدا و لەمەولا هەڵوێستی مێجەر سۆنمان بەرامبەر بە شێخان و بەتایبەتی بەرامبەر بە شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید بۆ ڕوون ئەبێتەوە.

٨. یاداشت بەرگی یەکەم، جزمی یەکەم، لاپەڕە (٣٥-٤٤).

دەرچووبوون و مەیلی ئازادی و بەربەرەکانی خاوەن نفوذەکانیان دەکرد لەبەر ئەمە لەگەڵ بەرەی شێخان کەوتنە دوژمنایەتی و دەستیان کرد بەهاندانی حکوومەت لە ئاستیاندا زۆری پێ نەچوو بیانوویان بۆ دۆزینەوە و شێخ سەعیدی حەفید و هەندێ کەسوکار و دەستە و دائیرەی لەگەڵ شێخ مەحمودی کوڕیشیدا ڕەوانەی مووسڵ کران. لە مووسڵ تا بەینێک بە ئاسوودەیی ڕایانبوارد، هەر بەتەمای ئەوەی دەور بگۆڕرێت و بگەڕێنەوە سلێمانی، نەیاندەزانی کە بەختی شووم ڕۆژی ڕەشتری بۆ ئامادە کردوون... کاربەدەستانی (إتحاد و ترقی) لە مووسڵ بۆ هەلێک دەگەڕان کە بیکەن بە بیانوو بۆ لەناوبردنی شێخ سەعید، بۆیە لەسەرەتای هاتنیانەوە بۆ مووسڵ ئەکۆشان دڵی خەڵکی مووسڵیان لێ کرمێ بکەن، وەکو دەڵێن گەلێک شتی درۆی نارەواشیان بۆ هەڵدەبەستن شوومی سیاچارەیی خۆشیان ڕۆژی نەگبەتی لێ نزیک دەخستنەوە، پێ نەچوو لەبارەی ئەم غەریب و لێقەوماوانە لە شاری مووسڵدا فیتنەیەکی گەورە هەڵگیرسا..

### فیتنەی مووسڵ، کوشتنی شێخ سەعید[9]

ساڵی ١٩٠٨دووەم ڕۆژی جەژنی قوربانی (١٣٢٦ک) شێخ مەحموود شێخ ئەحمەدی برای[10] و (بەها ئەفەندی) هاوڕێیان لە ماڵی (مستەفا بەگی قایمقامی عەسکەری) میوان دەبن، ئەو ماڵەش بەسەر مەیدانی (باب الطوب)دا دەیڕوانی لە مووسڵ، کە لە جەژندا ناوچەی یاری و کۆبوونەوە بوو، دوای ئەوەی ئەمان لە ماڵی مستەفا بەگ دێنە دەرەوە و بەو مەیدانەدا تێ دەپەڕن گوایە (بەها فەنی) سەرخۆش دەبێت و توانج دەگرێتە ئافرەتێک

٩. عبدالمنعم الغلامي (الضحایاالثلاث: الشیخ سعید البرزنجي، الشیخ عبدالسلام البارزاني، الشیخ ضاري الزوبعي). الناشر حمادي الناهي ١٩٥٥ مطبعة الهدف الموصل لاپەڕە ١-٢٦ و یاداشت ڕەفیق حیلمی لاپەڕە ٣٩-٤٨.

١٠. باوکی شێخ جەلال و باپیری باباتایەر و براکانی.

لەو ناوەدا. ئافرەت دەست دەکات بە هاوار و قیژە، هەندێک لە خەڵکی مووسڵ کە لەو ناوەدا دەبن لە سەری دێنە جواب لەگەڵ بەها فەنی لێیان دەبێتە مشتومڕ دەیانەوێ بیکوژن. شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی شەڕ دێت بەپیریانەوە، کار دەگاتە خەنجەر و دەمانچە، چەند کەسێک بریندار دەبن، خەڵکی مووسڵ زیاتر دەوروژێن، عەشامەتێکی زۆر لەدەوری شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی کۆدەبنەوە و تەنگاویان دەکەن، لەم کاتەدا هەندێک جەندرمەی کورد کە لەو ناوەدا دەبن فریایان دەکەون، دەوریەی هێسترسواریش کە زۆریان کورد دەبن دێن بەسەرا شەڕ پەرە دەسێنێ لە هەردوولا گەلێک کەس دەکوژرێت و بریندار دەبێت. ئەوسا لە جەندرمە دەدەن، ئیتر جەندرمەکان پەنا دەبەنە بەر (سەرا). بۆ سبەینێ ئەهالی هەر دەست هەڵناگرن و بە تفەنگەوە ڕوو دەکەنە سەرا و داوای جەندرمەکان دەکەن، والی (فەریق زەکی پاشای حەڵەبی و ئەندامی إتحاد و تەرەقی) جەندرمە نادا بەدەستەوە، ئینجا خەڵکەکە داوای شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی دەکەن، والی لەجیاتی ئەوەی ئاو بکات بە ئاگردا، بەنزینی پێدا دەکات و پێیان دەڵێت: لێرە نین، خۆتان بچن بیاندۆزنەوە، ئینجا عەشاماتەکە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی شێخ سەعید و[11] دەوری دەدەن، والی جارێکی تریش ئاگرەکە خۆش دەکات، بەوەی کە سێ کەس لە ناوارەکانی مووسڵ دەنێرێت بە شوێن شێخ سەعیددا و بەناوی پاراستنی لە (دەرەک) داوای دەکاتە لای خۆی. شێخ سەعید بڕوا بەوانە دەکات و لەگەڵیاندا ڕوو دەکاتە سەرای حکوومەت. بەناوی پارێزگاریشەوە دەستەیەک عەسکەریشیان لەگەڵدا دەبێت، کە دەگەنە بەر دەرگەی سەرا بە ئەمری (تابوور ئاغاسی) دەرگەی سەرا دادەخرێت و

---

١١. کە لە خانووی (محەمەد پاشای سابوونچی)دا دەبن، لە شەقامی سەرا و بەرامبەر بە قوتابخانەی ئەعدادی کۆن (لە دواییدا ثانەوی شەرقیە) و پیاوەکانی شێخ سەعیدیش لە (خان)ێکی نزیک خانووەکەی شێخ سەعیددا دەبن کە ئەویش هەر موڵکی سابوونچی دەبێت.

شێخ سەعید لە دەرەوە دەمێنێتەوە لەم کاتەدا یەکێک لەناو عەشاماتەکەدا، بەردێکی گەورە دەکێشێت بە سەری شێخ سەعیددا هەر لەوێدا مێشکی دەپژێنێ و دەیکوژێت هەروەها ئەو پیاوەی لە گەڵیدا بووە و قورئانی هەڵگرتووە، ئەویش بەخەنجەر دادەپاچن، ئینجا با دەدەنەوە سەر ماڵی (شێخ سەعید)، ئەوانەی لەوێ دەبن ئازایانە بەرەنگاریی ئەم دڕندانە دەکەن بەڵام (شێخ ئەحمەد)یش دەکوژرێت، دوای ئەو، دەچنە سەر ئەو خانەی پیاوەکانی شێخ سەعیدی تێدایە، لەوانیش چییان بەردەست دەکەوێت دەیانکوژن، بەها فەنی[١٢] مایەفیتنەش خۆی دەشارێتەوە و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت.

گوایە شێخ مەحموود بە قسەی (الغلامي) لە پێش هەراکەی ماڵەوەدا چووەتە ماڵی خدر هەمەوەند یاخۆ مەحموودی خدر هەمەوەند کە لەودەمەدا (بینباشی جەندرمە بووە لە مووسڵ)، لە دواییدا لەوێوە دەچێتە ماڵی (حاجی محەمەدی چەلەبی جادر) و ئەوان لەوێوە دەیگەیەننە سەرای حکوومەت، واتا ئەو خۆی ڕزگار دەکات.

ئەم کارەساتە گەورەیە لە هەموو عێراق و گشت وڵاتی عوسمانیدا دەنگی دایەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و کوردستاندا. هەمەوەند هەستان خەریک بوون شۆڕشێک بەرپا بکەن، حکوومەتی مووسڵ دەیویست شێخ مەحموود و هاوەڵەکانی بە بارمتە گل بدەنەوە، بەڵام عەشایەر وای پیشان دا ئەگەر بەریان نەدەن بۆ تۆڵە هەڵدەکوتنە سەر شاری مووسڵ، ئیتر

١٢. ئەم بەها ئەفەندییە کوڕی عەبدوڵڵا فەنی حاجی برایم ئەفەندی خەلقی کفری، لەو کاتەدا لە مووسڵ باشکاتبی (ڕێژی انحصار) دەبێت. لە دواییدا باوکی ئەم بەها فەنییە لە کفری کوژرایەوە و کوشتنەکەشیان دەدایە پاڵ شێخەکان کەوا تۆڵەی شەهیدەکانی مووسڵ بووە.

(تابور ئاغاسی) واتا (آمر فوجي جەندرمە) کە دەکاتە مدیری پۆلیسی ئەمڕۆ، ئەو ڕۆژە تۆفیق بەگ بووە.

حکوومـەت لە ترسـا بەری دان و ناردنیـەوە بۆ سلێمـانی بەڵام بەچ جـۆرێک ئەوانە پێشـوازی کران، دەردی مـامۆسـتا ڕەفـیق حـیلمی دەڵێت: کـارەسـاتی کەربەلا تازە بووەوە هـەر لە کەرکووکەوە بە ئاوازی (ألّله أکبر) و گرمەی تەپڵ و دەف و هـاڕەی گریان و شیوەن و بەیاخ هـەڵکردن برانەوە سلێمانی.

لەم کـاتـەدا والی کـۆن لابرا و (ڕەشـیـد پاشـا) کرا بە والی مـووسـڵ. لەوێ تەنیا ڕۆژێک مایەوە خـۆی گەیاندە کەرکووک، دڵی شـێخ مـەحموودی دایەوە و بە هێـزێکی گـەورەوە لەگـەڵ خـۆیدا بردیەوە بۆ سلێـمـانی. دوای ئەوە ڕەشـیـد پاشـا گـەلێکی لە ئەهالی مـووسـڵ کـردە بەندیخـانەوە، لەوانە ڕەشـید ئەفـەندی عـومـەری و شـێخ برایمی ڕۆمی و عـەلی ئەفـەندی ئیـمـام، ئەوانە ئەو سـیـانە بوون کـە چوون شێخ سـەعیـدیان برد بۆ سـەرا، هـەروەهـا مستەفـا شـەریفـە و مـەحـمـوود عـەزاوی (باوکـی جـانکیـر) و یەحـیـا کـوری ئـەیوب الحـاویش و (نینش)ی دەڵال و شـەمسـی برای و زۆری تر. نزیکەی (١٣٠) کەس لە پیاوان و سێزدە ژن کرانە ژوورەوە، مـحـاکەمـە سـاڵ و نیوێکی خـایاند، (١٣) کـەس حوکمی خنکاندنی درا و (٥٠) کـەس بە سێ سـاڵ بەندیەتی. ئەم بڕیارانە کە چوونە ئـاسـتـانە بـۆ ئیـمـزا، هـەمـوویـان هـەڵوەشـاندنەوە تەنیـا ئـەوەی (بابی جانکیر) نەبێ کە هـەر لە بەندیخانە مایەوە.

بێگومـان هـەر لەلایەن ئـەندامـانی (إتحـاد و تەرەقـی)یەوە ئەم حـوکـمـانە هـەڵوەشـانەوە و تاوانبـارەکان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون.

### شێخ مەحموود و شەڕی شوعەیبە[١٣]

دەمـێک بوو ئینگلیـز چاوی بڕیبـووە سـامـان و شـوێنی هـەڵکەوتووی عێراق لە ناوەندی ڕۆهـەڵاتی نزیک و ناوەڕاسـتدا. بۆیە تەنیا ڕۆژێک بـەسـەر بەرپابوونی

١٣. بەکورتەوەکـراوی و دەسـتکارییـەکی زۆر کـەمـەوە لە نووسـینەکـەی د.کـەمـال مـەزهـەر وەرگـیـراوە کـە لە کـۆواری (ڕۆشنبـیـری نوێ) ژمـارە (١٢٥) سـاڵی ١٩٩٠ ل ٣٦-٤٠ بڵاوی کردووەتەوە.

شەڕ لەنێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانیدا تێپەڕی کاتێک هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز لە ڕۆژی شەشی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ بەسرەیان داگیر کرد. ئەوسا دەوڵەتی عوسمانی حوکمی ئەو وڵاتەیان دەکرد، لەبەر زوڵم و زۆریش نە خەڵک بڕوای پێ دەکردن، نە ئەوانیش دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان مابوو، بۆیە لە تاوا پەنایان بردە بەر بزواندنی هەستی ئاینی... سەرەتای شەڕ هەزاران عێراقی بەدەم ئەم بانگەوازەوە چوون، کوردی ساکار و دڵپاکیش گورج بڕوایان بەم تەڵەکەیە کرد و گەلێکیان بە نانەسکی و چەک و تفاقی خۆیانەوە بەرەو باشووری عێراق ملیان نا، بە گوێرەی سەرچاوەکان نزیکەی سێ هەزار کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود لە شەڕی شوعەیبەدا بەشدار بوون، ئەم شەڕی شوعەیبەیەش یەکەم بەرەنگاربوونی کوردە دژی ئینگلیز، هەروەها سیمای یەکەم خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەبی تێدا بەدی دەکرێ دژی دوژمنی تازە.

هاتنی ئەو سێ هەزار کوردە بە جلوبەرگی نەتەوەیی و خەنجەر و تفەنگی خۆیانەوە لە ڕێی بەغداوە بۆ ناسریە سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشاوە و لە هەموو شوێنێک پێشوازی کراون، بۆیە لەو ڕۆژانەدا (هۆسە)یەکی عەرەبەکان سەری هەڵدا کە دەیانوت (ثلثي الجنة لهادينا و ثلثها لكاك احمد و اولاده) یاخود (ثلثين الجنة لهادينا وثلثه للشيخ محمود و اكراده)[١٤] بە ناوی غەزاوە ڕەفعەتی ئیسماعیل بەگی داودە و نامیقی عەلی ئاغای ئامۆزای و سەید ئەحمەدی خانەقاش لەو ناودارانەی کوردن کە بە خۆیان و

١٤. واتا (دوو بەشی بەهەشت بۆ هادی خۆمان و بەشێکی بۆ کاک ئەحمەدی شێخ و نەوەی) یاخۆ (دوو بەشی بۆ هادی خۆمان و بەشێکی بۆ شێخ مەحموود و کوردەکانی). مەبەست لە (هادی) (سید هادی مگوطر)ە کە یەکێک بوو لە گەورە پیاوانی شاری (شامیە) و دەوڵەمەند بوو، زۆری سامانەکەی لە ڕێی ئەم شۆڕشە و لە دواییدا لە شۆڕشی بیستدا خەرج کرد. جا بەو هۆسەیە بەهەشتیان قۆرغ کردووە، دوو بەشی بۆ ئەوان و بەشێکی بۆ کوردەکان و پێشەوایان.

پیاوەکانیانەوە دژی ئینگلیز لە شەڕی شوعەیبەدا بەشدار بوون بەڵام بەشی زۆری ئەو سێ هەزار کوردەی چوونە شەڕی شوعەیبە[15] دژی ئینگلیز بریتی بوون لە لایەنگرانی شێخ مەحموود و کوڕگەلی داودە و دەلۆ و زەنگەنە و هەمەوەند و جافی دەوروبەری کەلار.

هێرشی لەشکری عوسمانی و چەکدارانی کورد و عەرەب بۆ سەر لەشکرگای شوعەیبە ڕۆژی دوازدەی نیسانی ساڵی ١٩١٥ لە سێ لاوە دەستی پێ کرد، بەڵام بە داخەوە، ئەو هەموو هێزە بەجۆرێک شکان (سلێمان عەسکەری) فەرماندەیان کە پیاوێکی ئازا و لێهاتوو بوو لەتاوا خۆی کوشت. زیانی لەشکری ئینگلیز (١٢٥٧) کوژراو و بریندارِیان هەبوو هەرچەندە زیانی ئەم لا بە تەواوەتی نەزانراوە، بەڵام بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە خۆی لە شەش هەزار کوژراو و بریندار داوە، لەم شەڕەدا نامیقی عەلی ئاغای داودە و ڕەشید پاشای[16] خەڵکی سلێمانی کۆنە موتەسەڕیفی مونتەفیک و چەند پیاوێکی ناوداری تری کورد کوژراون.

٢- بەهێزبوونی هەمەوەند[17] :

هەر لەم ماوەیەدا ئیلی هەمەوەند[18] لە ناوچەی بازیان و چەمچەماڵدا

١٥. شوعەیبە دێیەکە کەوتووەتە باکوری ڕۆئاوای شاری بەسرە، شوێنەکەی گرینگ بوو، هەرچی ڕێگەی بەسرە بوو بەوێدا تێدەپەڕی، بۆیە ئینگلیز کردبوویان بە لەشکرگا.

١٦. باوکی شەفیق بەگ و حەمدی بەگە.

١٧. نووسەری ئەم کتێبە لە بابەت لێکۆڵینەوەی مێژوویییەوە نووسینێکی لەسەر هەمەوەند لە گۆواری ڕۆشنبیری نوێدا، ژمارە (١١٤) حوزەیرانی ١٩٨٧ لاپەڕە (١١٠-١٢٢)دا بڵاوکردەوە بە ناوی (ئاورێک لە مێژووی هەمەوەند) بۆ خوێندنەوە ڕەنگ هەیە بەسوود بێ.

١٨. ناوی هەمەوەند لە (حەمە وەند)ەوە هاتووە کە ئەمیش تیرەیەکی سەرەکی بووە لە عەشیرەتەکە لەناو تیرەکانی ترا (ڕەمەوەند - لە ڕەمەزانەوە) و (ڕەشەوەند - لە ڕەشیدەوە) و (سەفرەوەند - لە سەفەر - صفرەوە) بەڵام ناوی ئیلەکە حەمەوەندەکان بردیان بۆ خۆیان، بێگومان پیتی (ح) لە کوردییا قورسە و زۆرجار وەردەگەڕێ بە (ھ) و بووە بە هەمەوەند.

دەژیان، لە ئازایەتی و چاپوک سواریدا وێنەیان کەم بوو، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا پەت پەتی زۆریان پێ کردوون، بەڵام هەرگیز لە نەتەوەکەی خۆیان هەڵنەگەڕاونەتەوە، شەریف هەمەوەند نەک هەر دڵسۆزی بابانەکان بووە، بگرە خۆی بە کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان زانیوە و دوای مردنی ئەوڕەحمان پاشا داوای جێگەکەی کردووە. هەروەها کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و سابیر بەگی کوڕی بە خۆیان و لەشکرەکەیانەوە، شان بەشانی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩دا لە شەڕی دەربەندا جەنگاون هەروەها (جوکل)یان هەبووە کە پیاوێکی ئێجگار ئازا بووە. جگە لەوەی شاعیریان هەبووە وەک (فەقێ قادری هەمەوەند) کە بوو بە قایمقامی چەمچەماڵ و فەقێ ئامینەی کچی کە ئەویش شیعری وتووە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا دەرکەوتنی هەمەوەند لە سەردەمی عوسمانییەکاندا.

مێجەر سۆن کە لە سەردەمی عوسمانیدا بە خۆگۆڕین بە ناوی غولام حوسەینی شیرازییەوە دێتە کەرکوک و لەوێوە بە کاروان بەناو هەمەوەندا بەرەو سلێمانی دەڕوات. گەلێک باسی ئازایەتی و چاوقایمی و سوارچاکیی هەمەوەند دەکات.بەڵام لە هەمووی زیاتر ئەمین زەکی بەگ دوور و درێژ باسیان دەکات ئەمەی لەمەودوا دەینووسین لە کتێبەکەی[19] ئەومان وەرگرتووە. هەمەوەند یارمەتی عەزیز بەگی بابانیان دا دژی عوسمانییەکان، دوای ئەوەش هەر جار جار هەرایەکیان دەنایەوە، تا لە دواییدا بەرەو (زەهاو)یان کردنەوە، دوای حەوت ساڵێک دەستیان پێ کردەوە تاکو دەستیان دەگەیاندە شاخی (حەمرین)یش، لەم ماوەیەدا ناچار لە ساڵی ١٨٦٢دا ڕێگەیان دان بێنەوە ناوچەی بازیان، بەڕەحەتی دانەنیشتن لەبەر ئەوە جارێکی تر بەرەو زەهاویان کردنەوە، دوو ساڵ مانەوە، ناچار والی بەغدا بە یارمەتی مەحەمەد بەگی

١٩. (السليمانية و انحائها) ل ١٨٧-١٩٧.

باجەڵان ڕێی دان بچنەوە ناوچەی بازیان، تا سەردەمی (مەدحەت پاشای والیی بەغدا) دیسانەوە هەستانەوە، ئەویش هێزێکی زۆری کردە سەریان هەموویان شکاندن، دوای ئەو (ڕەئووف پاشا) لە گەڵیان ڕێک کەوت و تا ساڵی ١٨٧٥ بەڕەحەتی دانیشتن، لەو ساڵەدا شەڕی ڕووس و عوسمانی هەڵگیرسا، ئەمانیش بە ناوی غەزاوە بەشداری شەڕیان کرد دژی ڕووسەکان، هەرچی چەکێکی کۆنیان هەبوو، هەموویان بە چەکی نوێ گۆڕییەوە و خۆیان بەهێز کردەوە، ساڵی ١٨٧٨ عەشیرەتی زەنگەنە یەکێک لە سەرۆکەکانی هەمەوەندیان کوشت، ئەمانیش چوونە سەریان، هەرچی هێزی عەشایەری زەنگەنە و زەند و پاڵانی و تاڵەبان و باجەڵان هەیە لەگەڵ سوپای میریدا، گەلەکۆمەکییان لێ کردن، هیچیان پێ نەکردن، بەڵکو ئەمان عەشایەر و سوپایان شکاند، ئینجا هێزێکی گەورەتر لە بەغداوە هات بەسەرۆکایەتی (ئەدهەم پاشا) لە (کەرکووک تەپە)، زۆر بە توندی دایان بەیەکدا، هەمەوەند ئەو هێزەشی شکاند و (ئەدهەم پاشا)شی ئەسیر کرد، دوای ئەوە زۆر بەشێنەیی کشانەوە بەرەو زەهاو، ئینجا لەوێوە کەوتنەوە ناڕەحەتی لە لایەکەوە لە خەتی (مەدائن)ەوە بەرەو کرماشان دەستیان لە ئێران دەوەشان، لەم لاشەوە لە عوسمانییەکان. بۆیە هەردوو حکوومەتی عوسمانی و ئێران ڕێکەوتن لە دژیان، هێزی ئێران عەشایەری زەنگەنە و گۆران و کەڵوڕ و سنجاوی و ئەحمەد وەندی و بوهتوی، جگە لە هێزی سوپایی کە پازدە هەزار کەس دەبوون، عوسمانیش هێزێکی گەورەی لە (دۆڵی سیروان) پێک هێنا، هەمەوەندەکانیش ژن و منداڵ و شتی قورسیان زوو دەرباز کرد، ئینجا لە دەشتی باجەڵاندا، زیرەیان لە ئێران هەڵسان، هەڵیان بڕین تا (مایدەشت)، چەند هەزار هەر هێستر و چەک و جبەخانەیەکی بێشوماریان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە و هاتن لە ناوچەی (قورەتو) و (قەسری شیرین) دانیشتن، لەولاشەوە حکوومەتی بەغدا، ئەو هێزەی ناردبوویە سەریان کێشایەوە و بەرەو خوارووی عێراقی نارد بۆ سەر (مونتەفیک).

هەروەها لە دوایدا لەگەڵ عەشیرەتی جافیشدا لە ناوچەی (گڵ)دا بوو بە هەرایان لەسەر ئەوەی کە هەمەوەند، لقی شاتری لە عەشرەتی جافیان گرتە پاڵ خۆیان کە (عەزیزی شاویس) سەرۆکیان بوو بە کوشتنی حەمە پاشای جاف تاوانبار کرابوون. لەم ماوەیەدا (سێبەری سوڵتان) کە والی ئەسفەهان بوو، (جوامێر)ی سەرۆکی هەمەوەندی کرد بە حاکمی (زەهاو) و لە قەسری شیرین قەڵایەکی دروست کرد بەناوی خۆیەوە و هێزی هەمەوەندەکانی تریشی خستە ژێر باڵی خۆیەوە بەڵام دوای (سێبەری سوڵتان) و لەسەر تێچاندنی ناحەز لای حکوومەتی ئێران دژی جوامێر، بۆیە جارێکی تر هەستایەوە و دەستی وەشان، هەر لەسەر ئەمە هەردوو حکوومەتی ئێران و عوسمانی لە دژیان یەکیان گرتەوە و هێزیان بۆ ئامادە کردنەوە، (حسام الملک) پێشەوای سوپای ئێران دڵخۆش جوامێری دایەوە کە بچێتە لای بۆ ئەوەی (صلح) بکەن، بەڵام لەولاوە پیاوی بۆ ئامادە کردبوو ئەویش بڕوای بەو پەیمانە درۆیە کردبوو، کە چوو نزیک قەسری شیرین یەکسەر لە ساڵی ١٨٨٦دا کوشتیان لەم لاشەوە والی بەغدا حەمە پاشای داغستانی هەوڵی دا لێبووردنیان بۆ وەرگرێ، دوای ئەوەی هەندێکیان لێ ئاوارە کردن بۆ (تەڕابلوسی شام)[٢٠] و هەندێکی تریان بۆ(ئەتەنە) لە تورکیا، بەڵام حەمە پاشا هەندێکی هەر لە زەهاو لێ هێشتنەوە بۆ پاراستنی خێزانەکانیان.

ئەوانەی دوور خرابوونەوە بۆ (تەڕابلوس) هەموو ڕایانکرد و هاتنەوە و بەیارمەتی عەشرەتی (شوان) گەیشتنەوە ناوچەی بازیان، خەبەریان لەوانەی (زەهاو)یش گێڕایەوە، کە ئەوانیش بگەڕێنەوە بازیان، ئینجا ئەوانەی (ئەتەنە) لە پێشدا پیاوە چەکدارەکانیان بەجۆرێک بۆی دەرچوون و خۆیان گەیاندەوە ناوچەی بازیان، کە تا ئەم دواییەش لە زۆربەی ماڵاندا ئەو ئازایەتی و شەڕ و فیداکارییەی ئەوانە کردوویانە بە حەکایەتی پاڵەوانان دائەنراو لە گوێ ئاگردان ئەگێڕرایەوە. کە هەموو یەکیان گرتەوە ئەوسا

٢٠. وا دەزانم (تەڕابلوسی غەربە لە ئەفریقا) نەک تەڕابلوسی شام.

هەڕەشەیان لە حکوومەتی عوسمانی کرد کەوا ئەگەر خێزانەکانیان لە (ئەتەنە)وە نەهێننەوە بە ساغ و سەلامەتی هەموو ولایەتی هەڵ مووسڵ دەگێڕنەوە. عوسمانییەکان ناچار خێزانەکانیان بە سەلامەتی بۆ هێنانەوە.

ئیتر هەمەوەند دوای ئەوە بەرەحەتی دانیشتن تا ساڵی ١٩٠٨ کە شێخ سەعید لە مووسڵ شەهید کرا. ئەوسا ئەوانیش هەستانەوە و دەستیان پێ کردەوە.

لە هاوینی ١٩٠٩دا هێزێکی (٣٥٠٠) نەفەری لە چەمچەماڵ کۆکرابووەوە بۆ لێدانی هەمەوەند، بەڵام ئەو هێزە چاوەڕێی چەک و جبەخانەی دەکرد، کە بەهۆی فەوجێکی (٢٥٠) کەسییەوە کە نزیکەی سەد تفەنگی ماوزەریان پێ بوو کەوتنە ڕێ، هەمەوەند (١٧٠) کەسێک بوون کە کەوتنە لێدانیان لە ماوەی جگەرە کێشانێکدا داماڵاغاسیان کردن هەرچییەکیان پێ بوو لێیان سەندن و خۆشیانیان ئەسیر کرد، ئینجا بەو چەک و جبەخانەیەوە چوونە سەر ئەوانەی چەمچەماڵ دوای ئەوەی کە هێزی سوپاکەی چەمچەماڵ لەو ماوەیەدا گەیشتە هەشت هەزار کەس، لەوانیشیان دا و پەرێشانیان کردن، بەڵام پێش ئەوەی کەسوکاریان و شتومەکیان دەرباز کردبوو بەرەو زەهاو ئەمەش لە ئابی ساڵی ١٩٠٩دا بوو ساڵی ١٩١٠ کە ناظم پاشا بوو بە والی بەغدا، ڕێی دان و هاتنەوە ناوچەی بازیان، بەڵام باج و سەرانەیان هەر نەدەدا. ئەمە مێژووی عەشیرەتی هەمەوەند بوو لە ماوەی حوکمی عوسمانییەکاندا لە ناوچەی سلێمانیدا.

٣- زیادبوونی دەسەڵاتی بەگزادەی جاف

بەگزادەی[٢١] جاف هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە بنەماڵەیەکی خاوەن ناونیشان و خانەوادەیەکی بە دەسەڵات بوون چ لە کوردستانی عێراق و چ

---

٢١. بە کورتی لە (تاریخ السليمانية و انحائها)ی ئەمین زەکی بەگ وەرگیراوە کە ئەویش لە کەریم بەگی بیستووە ل ١٧٨-١٨٤.

لە ئێراندا و هەر ئەوان پێشەوا و گەورە و دەمڕاستی عەشیرەتی جاف بوون بە هەموو لق و پۆپیەوە.

جافی مرادی لە سەردەمی سوڵتان مرادی چوارەمەوە لە ساڵی ١١٤٥ک/١٧٣٢ز هاتنە وڵاتی بابانەوە. ظاهر بەگ و طاهر بەگ کوڕانی یار ئەحمەد بەگی کوڕی سەیفوڵڵا بەگی کوڕی سەید ئەحمەد بەگ سەرۆکیان بوون. ظاهر بەگ هەزارماڵێکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە لە ناوچەی (بانی خێڵان و دزیایش)دا نیشتەجێ بوو تا لە ساڵی ١١٦٥ک وەفاتی کرد، دوای خۆی کوڕەکانی سلێمان بەگ و قادر بەگ لە شوێنی مانەوە کە لە سەردەمی ئەواندا نزیکەی پازدە هەزار ماڵێ لە جاف لە جوانڕۆوە هاتن بەم دیوا بۆ شارەزوور. دوای ئەوان سەرۆکایەتی بۆ قادر بەگ و کەیخسرەو بەگ مایەوە کە کوڕانی سلێمان بەگ بوون، کەیخسرەو بەگ ناوی زۆرجار لە گەشتەکەی (مستر ریچ)دا دووپات بووەتەوە لە کاتی فەرمانڕەوایی مەحموود پاشای باباندا.

دوای کەیخسرەو بەگ و لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا حەمە پاشا هەڵی دا ئەمەش لە ساڵی ١٢٤٨ک/١٨٣٢ز هەرچەندە حەمە پاشا زۆر لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا ڕێک نەبوون بەوەدا کە ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگی جاف کە خاڵی ئەحمەد پاشا بوو، نیاز وابوو ببێ بە سەرۆکی عەشرەت، لەسەر ئەمە حەمە پاشا لە وڵاتی بابان دوور کەوتەوە و ڕووەو بەغدا بۆ لای والی، کە ئەویش زۆر ڕووی دایێ و عەشرەتەکەی لە ناوچەی قزرابات نیشتەجێ کرد، لەم ماوەیەدا حەمە پاشا جاربەجار ساردی لەگەڵ والییەکانی بەغدا پەیدا دەکرد و ئاشت دەبوونەوە بەڵام لە دواییدا حەمە پاشا ڕووی کردە ئێران و لەوێوە بۆ تاران کە شای ئێران لەوێ ناوچەکانی (جوانڕۆ و قەسری شیرین، زەهاو و هۆرێن شێخان)ی پێ بەخشی، بەڵام مەحموود پاشای کوڕی کە ئەویش تەواو پێگەیشتبوو ئەو لە بەغدا مایەوە و خەریکی موڵک پێکەوەنان بوو لە ناوچەی کفری و خانەقین.

لەم کاتەدا تەحسین پاشای والی بەغدا دوای ئەوەی فەرمانی قائیمقامیەتی هەڵەبجە و سەرۆکایەتی خێڵی جافی بۆ حەمە پاشا دەرکرد ئیتر ئەویش لەودیوەوە گەڕایەوە و مایەوە تا ساڵی ١٢٩٩ک کە لە ناوچەی (ابراهیم سەمین) بوو لای کفری چەند کەسێک لە خێڵی کەرەم وەیسی شاتری لەناکاودا هێرشیان بردە سەری و کوشتیان (لە تۆڵەی بەندکردنی چەند کەسێکیان و مردنیان) لە بەندیخانەی حەمە پاشا، دوای حەمە پاشا، مەحموود پاشا جێی گرتەوە لە سەرۆکایەتی جاف و قایمقامیەتی هەڵەبجەدا و هەر لەلایەن عوسمانییەکانەوە پایەی میری میرانی لە ساڵی ١٣٠٢ک ١٨٨٤ز پێ بەخشرا. دوای چەند ساڵێک و لە سەردەمی والیەتی (نامق بەگ)دا کە لەگەڵ وەسمان پاشا برایا زیاتر ڕێک بوو هەر لەسەر داوای ئەو والییە مەحموود پاشا گوێزرایەوە بۆ (ئورفە) لە تورکیا بە موتەسەریفی. مەحموود پاشا دوای مانەوەی دوو ساڵ لە تورکیا بەدزیەوە ڕایکرد لە ڕێگەی ڕووسیا و ئێرانەوە هاتەوە دوای ئەوە چەند جارێکی تر لەگەڵ عوسمانی زیز بوونەوە و ڕێک کەوتنەوە و چەند ناوچەیەکی تری لە کفری و هەڵەبجە پێ بەخشرا و دەستی بە تەواوەتی کێشایەوە بەسەر عەشرەت و ناوچەکەدا تا لە ساڵی ١٣٣٩/١٩٢٠ز لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا دوای مەحموود پاشا وەسمان پاشا برای جێگەی گرتەوە و بەو جۆرە مایەوە تا دوارۆژی ژیانی. حەمە پاشا و کوڕەکانی مەحموود پاشا و وەسمان پاشا بۆ ئاوەدانی ناوچەکەیان درێغییان نەکرد، حەمە پاشا قەڵای شێروانەی دروست کرد. مەحموود پاشاش گەلێک مزگەوت و شوێنی خواپەرستی دروست کرد و موڵکی زۆری لەسەر وەقف کرد. وەسمان پاشاش پیاوێکی خاوەن دیوەخان و دەست بڵاو بوو، ژنەکەی کە عادلە خان لە بنەماڵەی ساحێبقڕانەکانی سنە بوو ناوی بە خانمی وەسمان پاشا دەرکردبوو دایکی طاهر بەگی شاعیر و ئەحمەد موختاری شاعیر بوو ژنێکی سیاسەتمەدار و ژیر و بە دەسەڵات بوو.

دوای وەفاتی عوسمان پاشا، کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشا بەسەرۆکی خێڵی جاف دانرا کە ئەویش پیاوێکی ژیر و لێهاتوو پیاوێکی خاوەن دەسەلات و دیوەخان بوو تا لە ساڵی ١٩٢٥دا سەرۆکایەتی عەشرەت (الغا) کرا. دوای وەسمان پاشاش مەجید بەگی کوڕی کە باوکی حامید بەگە لە هەڵەبجە بە پایەی بەرز گەیشتن. ئەوەی شایەنی باسە کە مەحموود پاشا هەوڵی دروستکردنی دەسەلاتدارییەکی نەتەوایەتیدا بەلام بەداخەوە کۆششەکەی سەری نەگرت.

**سێیەم: دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی هەندێک پیاوی لێهاتوو:**

لەم ماوەیەدا هەندێک کەسی خەڵکی شاری سلێمانی دەرکەوتن و سەریان هەڵدا، هەر یەکە بەجۆرێک و هەر جارە بەشێوەیەک خزمەتی ولاتەکەی خۆیان دەکرد. ئەمانەش زۆریان هەر بە منداڵی یا بە گەنجیەتی لە سلێمانی چوونە دەرەوە بەرەو ولاتی عوسمانی (بەتایبەتی بەرەو ئاستانە – ئەستەمبۆڵ) لەوێ دوای خوێندن و[22] چاو کردنەوەیان، زۆربەیان پلەو پایەی بەرزی دەوڵەتی عوسمانییان پڕ کردەوە. لە دوایشدا کە گەڕانەوە عێراق، بە پایەی بەرز گەیشتن.

ئەوانەش دوو جۆر بوون: هەندێکیان شاعیر بوون بە شیعری بەرز و پڕ مانا، بە بەیتی شۆڕشگێڕانە و ئاگرین، بە قەسیدەی ڕاز دەربڕینی دووری و یادی نیشتمان، دەورێکی گەورەیان دیاری کرد.

ئەوانی تریان بەزۆری ئەفسەر بوون، کە لە سلێمانییەوە بەرەو ئاستانە

٢٢. تاکو ئێستاش ئەو کوردانەی دەچنە دەرەوەی ولات، بەتایبەتی بەرەو ڕۆئاوا، هەموو خوێندنی بەرز تەواو دەکەن و دوای ئەوەش کە لەوێ دەمێننەوە دەست بدەنە هەر ئیشێک رووسووری بۆ خۆیان و ولاتەکەیان دابین دەکەن، یاخۆ ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە، هەموو خزمەتی وای نیشتمان دەکەن کە هەمیشە باس بکرێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕۆڵانە ئەگەر ڕێگەیان هەبێ و ماوەیان ببێ، توانای هەموو جۆرە ئیشێکیان هەیە و تیایدا سەرکەوتوون.

دەڕۆیشتن، قوتابخانەی حەربیەیان دەستنیشان دەکرد، ئەمەش لەبەر گەلێک هۆ بوو، لەبەر ئەوەی زوو تەواویان دەکرد و دادەمەزران و مانگانەیان وەردەگرت، جگە لەوەی خەرجییان لەسەر میری بوو، لەبەر ئەوەی زەبت و ڕەبتی تێدا بوو جگە لە فەرماندان بەسەر عەسکەرا، جلی جوان و قلیچ و ئەستێرەی جوانی سەرشان و قەمە و دەمانچەی هەڵواسراو بەم لاولادا... ئینجا لە هەمووی گرینگتر کورتترین ڕێگە بوو بۆ پێگەیشتن بۆ ئەو کەسانەی توانایان هەبوو.

ئەمانەی کەوا لەمەودوا باسیان دەکەین نموونەن بۆ ئەو ئەو ڕۆڵانەی وڵاتی سلێمانی کە لەو ماوەیەدا پێگەیشتن. لە شاعیرە بەناوبانگەکان (ئەوڕەحمان بەگی سالم ١٢٢٠ک/١٨٠٥ز) و (مەلا خدری نالی ١٧٩٧- ١٨٥٦) و (حاجی تۆفیق پیرەمێرد ١٨٦٧- ١٩٥٠) و (ئەمین فەیزی بەگ ١٩٢٢) و (ئەمین یومنی ١٢٦١ک/١٨٤٥- ١٣٣٩ک/١٩٢٠) و (مەلا ئەحمەدی صائب ١٢٧٠ک/١٨٥٣- ١٣٢٨ک/١٩١٠) و (محەمەد فەیزی زەهاوی ١٢٠٧ک/١٧٩٢- ١٣٠٨ک/١٨٩٠) و (مەلا حەمدوون ١٩١٩)[٢٣] و (مەحوی ١٨٣٠- ١٩٠٦) و (مستەفا بەگی کوردی ١٢٢٧ک/١٨١٢- ١٢٦٧ک/١٨٥٠) و (سلێمان یومنی ١٢١٧ز/١٨٠٢)[٢٤] و (سەید ئەحمەدی نەقیب ١٢٨٠ک/١٨٦٣- ١٣٢٨ک/١٩١٠).

لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی تریش کە لە پلە و پایەی عوسمانیدا بەرز بوونەوە و کە لێرەدا زۆر بەکورتی بۆ نموونە چەند کەسێکیان باس دەکەین:

١- سەعید پاشای خەندان کوڕی حسێن بەگ کە گەیشتە پلەی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی (شوورای دەوڵەت) و لەو پایەدا مایەوە تا لە ساڵی ١٣٢٤ی ڕۆمیدا کۆچی کرد. بە هیمەت و

---

٢٣. مێژووی کۆچیەتی .

٢٤. مێژووی هاتنیەتی.

کۆششی ئەم پیاوە بوو، کە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی لە ساڵی ١٣٠٩ی ڕۆمیدا کردەوە کە ژمارەی قوتابییەکانی (١٠٦) و ژمارەی مامۆستاکانی (١٣) بوون و قوتابخانەی سەرەتایی کە لە ساڵی ١٣١٦ی ڕۆمیدا کرایەوە هەر بە هیمەتی ئەو بوو.

٢- شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان: گەیشتە پلەی باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە (ستۆکهۆڵم) بەڵام دوای (مەشرووتیەت) وازی هێنا و چوو لە پاریس دانیشت. دوای کۆتایی شەڕی گەورەی یەکەم نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی (صلح) کە لە ساڵی ١٩١٨دا لە پاریس گیرا.

٣- ئیسماعیل حەقی بابان کوڕی مستەفا زهنی پاشا، لەپێشدا بەقسەی (آتحاد و ترقی) هەڵخەڵەتاو ئیشی لەگەڵ کردن، لەدواییدا کە تێیان گەیشت وازی لێ هێنان و گەیشتە پایەی وەزیری مەعارفی عوسمانی و مامۆستا بوو لە زانکۆ. گەلێک نووسینی هەیە وەک (ژیانی سیاسی بسمارک) و (مەسەلەی دریفوس) کە لەگەڵ عەلی ڕەشاد بەگ پێکەوە نووسییان. خۆشی بەتەنیا (حقوقی أساسی) و (رسائلی عیراق)ی بە زمانی تورکی هەیە. ساڵی ١٣٢٩ ڕۆمی کۆچی دوایی کردووە.

٤- خەلیل خالید بەگی بابان کوڕە گەورەی ئەحمەد پاشا دوا میری بابانە ساڵی ١٢٥٦ک/١٨٤٠ لە سلێمانی هاتووەتە جیهانەوە و لەگەڵ باوکیدا دوور خرانەوە بۆ (ئاستانە). قوتابخانەی حەربیەی تەواو کرد و گەیشتە پلەی (باڵیۆز- سفیر) و لە کاتی خۆیدا مامۆستای سوڵتان ڕەشاد بووە و دەرسی پێ وتووە. بوو بە باڵیۆز لە (بەلغراد) و لە (تاران) و بوو بە (سفیری فوق العادە) دوای ئەوە بوو بە والی (بەیروت و لە ساڵی ١٣١٧ک ١٨٩٩ز بە دڵ وەستان کۆچی کرد.

هەمیشە نیشتمان و وڵاتی لە یاد بووە و ئاواتی بۆ خواستووە، لەگەڵ

حاجی قادری کۆیی و موفتی زەهاوی پێوەندی هەبووە.

(وسام)ی مەجیدی عوسمانی و (شێرو خورشید)ی فارسی دراوەتێ.

٥- ئەمین زەکی بەگ: کە بە (باوکی مێژووی کورد و زیندووکەرەوەی ئەم مێژووە دادەنرێت). ئەمین زەکی زۆر بەرزتر و زیاترە لەوەی ئێمە لێرەدا بەچەند دێرێک ناوی بەرین. چونکە ئەو نەک هەر دیار و ناسراوە، بگرە وەک ڕۆژ ڕووناکە، جگە لەوەی چەند جار وەزیر بووە لە حکوومەتی عێراقدا و چەند جار نوێنەر (نائب) و لە دواییدا ئەندامی ئەنجوومەنی (أعیان) بوو. بڕوا ناکەم یەکێکی تری وەک ئەمین زەکی بەگ لە مێژووی کورد شارەزا بووبێت و وا بەدەسەڵات بووبێت.

٦- تۆفیق وەهبی: ئەمیش یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی کورد کە بە توانا و ڕەنجی شانی خۆی لە ڕووی سوپایی و ڕامیاری ئینجا لە ڕووی ئەدەب و زمانەوانی و مێژوو نووسینەوە پێگەیشت. ئەمیش ئەو پیاوەیە کە هیچ پێویستی بە ئێمە نییە کە بە میللەتەکەی بناسێنین چونکە ئەگەر ئەویش وەک ڕۆژ ڕووناک نەبێت وەک مانگ بە ئاسمانی کوردەواری و لە ناوچەی پیرەمەگروونداا هەر دەدرەوشێتەوە و دەبریسکێتەوە.

ئەویش چەند جار بوو بە وەزیر لە حکوومەتی عێراقدا و بوو بە نوێنەر لە پەرلەماندا. گۆڕی پیرۆزی وا بەقەد شاخی سەرکێشی پیرەمەگروونەوە کە دوای (پیر عومەری گورون) تۆفیق وەهبی ئەو ناوەی ئاوەدان کردووەتەوە.

## چوارەم: سەفەربەر و گرانی و قات و قڕ

شەڕی گەورەی یەکەمی گێتی کە هەڵگیرسا، دەوڵەتی عوسمانیش خۆی دایە پاڵ ئەڵمانیا و بەوە خۆی تێوەگلاند. سلێمانیش بەشێک بوو لە وڵاتی عوسمانیی گەورە و فراوان، پریشکی شەڕ، ئەم شارە بێ دەرەتانەشی گرتەوە. ئیتر مەگەر هەر مامۆستا ڕەفیق حیلمی بتوانێ وەسفی ئەو ڕۆژانە و ئەو قات و قڕییە بکات کە بەناوی (أعاشە)ی لەشکرەوە، هەرچی

خواردەمەنی و ئازووقەی فەقیر و هەژار هەبوو، بەتایبەتی هی دێهاتی و لادێییەکان هەر ڕۆژە بە ناوێکەوە زەوت و تالان دەکرا، بەشی زۆری ئەمانە دەدزرا و لە ناو کاربەدەست و گەورە و بێ مروەت و ناپاکەکاندا بەش دەکراو بەشێکی زۆر کەمی دەگەیشتە عەمارەکانی میری کە دەدرا بە عەسکەر، دیارە ئەمەش کەڵکێکی ئەوتۆی نە دەگرت چ ئەهالی و چ سەربازەکانی لەشکر ڕۆژ بە ڕۆژ دەکەوتنە حاڵێکی خراپترەوە و برسیتر و ڕووت و قووتتر دەبوون. ڤینی تەبیعەتیش بوو بە سەربار، لەم ساڵانەدا کە بەهۆی شەڕەوە چاندنی تۆوی دەغڵودان و کاروباری فەلاحەت و جووتیاری بە دەست پڕوپیرێژن و پیرەمێردە بێ هێزەکانەوە مابوو، بارانیش چووبووە بەست و دڵی ڕەقی تەبیعەتیش نە دەهاتە جۆش و وا بەبیرا دەهات ئەم کەونە دڵۆپێک ئاوی تێدا نەبێت[٢٥].

ئینجا مامۆستا ڕەفیق دەڵێت: بەم ڕەنگە بێ ڕەحمی و بەزەیی پیانەهاتنەوەی تەبیعەت بە فەقیر و هەژاران لەلایەک، ناپاکی و زەبروزەنگی کاربەدەستە خوانەناسەکان لەلایەکی ترەوە، قات و قڕێکی بێ داد و ماڵ وێرانکەر، بە جۆرێک هوقەیەک ئاردی تێکەڵ و پڕ خاک و خۆڵ چووە (لیرە)یەک، بۆ خواردن: ئاردە برنج، مێوژی ڕەش، (توو)ی وشک دەست نەدەکەوت، ئینجا ئاردی (بەڕوو) و (پەموانە) بوو بە خواردنی دەوری هەرە نەگبەتی و لێقەوماوی فەقیر و هەژاری لیوای سلێمانی، دیارە ئەم حاڵەش بوو بە هۆی داهاتنی گەلێ جۆرە نەخۆشی، دەرمانیش دەست نەدەکەوت... نەخۆشەکانیش زۆربەیان هیچ جۆرە دەردێکیان نەبوو، لە ڕووی خواردنی خراپ و نەرمەی تۆپیوی هەندێک باڵندە و ئاژەڵ و ئاردی بەڕوو پەموانە، پێش مردنیان ڕەق و وشک دەبوونەوە، ئینجا لەشیان دەئاوسا... نەک نێرینە، بگرە ژنە کەساسەکان و کچە جوانکیلەکانیش کە ڕووت و قووت مابوونەوە و

---

٢٥. یاداشت. بەرگی یەکەم ل ٢٩-٣٠.

لەشیان بەدەرەوە بوو، بەتەنگ شەرمەوە نەمابوون، ئینجا زستانێکی سەختی بەسەردا هات... ئیتر ڕۆژ نەبوو شارێکی وەک سلێمانی لەبرسا دە کەسی کەمتر لێ بمرێت، تاکو شاردنەوەی لاشەی مردوو لە توانای (بلدیە)دا نەما، لاشەکانیان دەئاوسا و بۆنیان دەکرد... کە ئەمانە کزەیان لە جەرگ دەهێنا و دڵیان هەڵدەقرچاند... ئیتر ئەوانەی کە دەوڵەمەند نەبوون یاخۆ هۆی ژیانیان بەدەستەوە نەبوو، یا لەوانە نەبوون کە بێنە بازاڕی بێ شەرمی و کاسبی بە لەشیانەوە بکەن وردە وردە بە وێنەیەکی وا جگەربڕ توانەوە و بەناخی عەردا چوونە خوارەوە کە هەرگیزاو هەرگیز لەبیر نەچێتەوە[٢٦].

**شەڕی گەورە لە هەڵبەستی شاعیرەکاندا:**

زۆر لە شاعیرەکانمان کە خۆیان لە ئاگری شەڕەکەدا ژیاون و چاوگ بوون بۆ خۆشکردن و پەرەسەندنی شەڕ، کوشتن و بڕین و ئەنجنکردنی مرۆڤ قات و قڕی و لەبرسا مردن و زوڵم و زۆر... ئەمانەیان هەموو وەک شریتی سینەما هۆنیوەتەوە و خستوویانەتە پێش چاو، وائێمە لێرەدا دوو سێ نموونە لەو هەڵبەستانە دەنووسینەوە لەپێش هەموویاندا، هەڵبەستەکەی مەلا حەمدوون کە خۆی پیاوێکی نابینا بوو بەڵام بگرە و بەردە و کارەساتی شەڕ وا کاری لێ کردبوو، وەک یەکێکی چاو ساغ، باسی شتی وا وردی شەڕ دەکات، بە چاوساغیش بەو جۆرە وەسف ناکرێت. جا گوێ بگرن لەم چەند بڕگە شیعرەی مەلا حەمدوون[٢٧]:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە

هەر کەس بە جەخارێ جگەری قیمە کراوە

---

٢٦. یاداشت ل ٣٠–٣٣.

٢٧. سەیری بەرگی یازدەهەمی کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد ل٣٠–٦٠ بکە (مەلا حەمدون لە بێ چاوێکی هەژارەوە بۆ بلیمەتێکی بەهرەدار) نووسینی جەمال بابان.

دونیـــا پڕی ئاشـــووبە خـــەلایق بەعـــومـــوومی

ئاســایشی لێ مـەنعـە ئەڵێی جـونبـوشی ئاوە

وەک تەرزە ئەبارێ بە هەمـوو دەم ئەسەف و غـەم

هەوری غــەزەب و قــەهری خــوا توندو بە تاوە

ئەم وەزعـە کە ناوی ئەبەن ئـەمڕۆ بە سـەفـەربەر

فـەرمـانی بـە خـوێن ڕشـتنی ئەم عـالەمـە داوە

گـیـرۆدەیە ئەم عـالەمـە هەر کـەس بە سـیـاقێ

کـەوتوونـە کـەشـاکـەش بە قـومـانـدەی ئومـەراوە

ژەندرمــە ئەســووڕێتــەوە وەک واشــەیی برسی

بۆ لاشــەیی مــیللەت بـە فـڕوفـێـلـی غــەزاوە[٢٨]

فــەوتاوە لـەبەر ســوخــرە کــەر و قــاتر و یابوو

حوشـتر سـەقـەت و شـەل بووە گـا پشتی شکاوە

کــەر شــەوقی زەڕینی نیــیــە حــەتا لە بەهارا

ترسی هەیە نەک بیــخــەنە ژێر باری قــەزاوە

ڕووسی غەم و ئینگلیزی خەفەت هەردوو بەجارێ

هاتوونەتە ســەر مــأمنی عـوشـرەت بە ســوپاوە

ئەم ظالمی ســەفـاکی (ســەفـەر بـەرلگ)ە ئەمـڕۆ

نامــــەی فــــەرەحی داوە بەدەم باری صــــەباوە

عــاجــز بووە قــابض لە قــەبضکردنی ئەرواح

مـەودایی دەمی تیـغی ئـەجـەل نەخـشی سـواوە

٢٨. سەرۆکی جەندرمەی عوسمانی دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکە مەلا حەمدون بەگیر دەهێنێت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ئێوە شوکری خوا بکەن کە نەم وتووە وەک سەگی برسی.

دەشت و جەبەڵ و شیو و جزیرە و هەموو دنیا
گولگون بووە ڕەنگینە بە خوێنی شوهەداوە
تەییارە بە ئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە تەحەڕوک
عالەم لە نەظەریا بە مەسەل پۆڕی خوراوە
پاپۆڕ و سەفینە و بەلەم و کەشتی و قایخ
ئامادەیی حەربن بە هەموو موصلیحی ئاوە
پڕ گەردی غەم و دەردە سەعاتی دڵی عالەم
ڕەققاص و جەڕ و زەمبەلەک و چەرخی شکاوە
بەرقی غەضەبی دانەو و نارنجەکی بۆمبا
ئاگر ئەپڕژێنێ لە زەمیندا و لە سەماوە[٢٩]
شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلیج و ڕم و سوننی
لەمعەی قەسەتۆرەش بەدەلی عەکسی هەتاوە
عالەم لە شریخە و شەڕەڕی دومدومی بومبا
حەیران و سەراسیمەو و عەقلی خەرەفاوە
لەو ڕۆژەوە دنیا هەیە تا ئێستەکە بێشک
مەغلوبەیی بەم غایەتە نەبووە و نەکراوە
تا حوکمی تەماشایی تەصەوور لە هەموو لا
هەر لاشەیی جنراوە، سەر و دەستی شکاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووبی موسیبەت
مێشوولە مەجالی نییە بفڕێ لە هەواوە

٢٩. بەوردی سەیری ئەم بێ چاوەکەن چۆن وەسفی لەمعەی قەسەتۆرە (سوننی) دەکات، سوننی وەک کێردێکی گەورە، دەکرا بەسەر تفەنگەوە بۆ شەڕی دەستە و یەخە.

ئەم دینە لە پێشدا وەکو سەرچەشمەیی زەمزەم

بێ غەش بوو ئەمێستاکە ئەڵێی عەینی قوڕاوە

یارەببی لەبەر حورمەت و ئیکرامی موحەمەد

ڕەحمێ بکە بەم باقی ئیسلامە کە ماوە

حەمدی دڵی یەخسیری فەڕەنگی غەمە ئەمڕۆ

بەربوونی بە فەتحی فەرەجی بەصرەو و فاوە[٣٠].

دوای مەلا حەمدوون گوێ لەم چەند بەیتەی (حاجی میرزا عەبدوللای کۆیی. خادیم) بگرن کە خۆی لە سەفەربەردا سەرباز بووە، قەسیدەکە نزیکەی (٢٢٧) بەیتە، باسی شەڕ و باسی عوسمانییەکان لە خاکی کوردستاندا ئینجا زوڵم و زۆری سەرباز و جەندرمە، بەرتیل خواردنیان ڕووتاندنەوەی خەڵکی، شەڕی عوسمانی لەگەڵ ئینگلیز و ڕووس، نزیککەوتنەوەی ڕووس لە کوردستان لە دواییدا گەڕانەوەیان بە بۆنەی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧وە، دوای ئەوە هاتنی ئینگلیز...[٣١] و ئێمە لێرەدا چەند بەیتێکی لێ هەڵدەبژێرین:

سەفەربەلگ کرا ئیعلان لە عالەم

سەقەر بوو بۆ عەزابی جوملە عالەم

عەساکیر بێ لباس و نان لە سەنگەر

لە شەڕدا بوون بە تۆپ و تفەنگ و خەنجەر

کەر و ئینسان و ئێسترە پیرە و بارگیر

ئەیان گرتن لە بازاڕا بە ڕەشبگیر

---

٣٠. تاکە تاکەیەک بەیتی لێ دەرهاتووە.

٣١. دیوانی خادیم – بەرگی دووەم، چاپخانەی دار الحرية ل ٥٤-٧٤.

جــەنابی کــاکــە جــەندرمـــەش لـە لایێ
لـە شـــار و دێیـــەکـــان ببـــووە بەڵایێ

لە بۆ ئینسـان وەکـو گـورگ و بـەراز بوون
لە بۆ مریشکان چەقـەڵ بوون حیلەباز بوون

هـەمــوو ڕۆژێ شــەهـیـدی ئـەم غــەزایـە
بـە (تـەل) ئـەدرا خـــەبـەر هـەرچەنـد بـوایـە

لە هـەر مــاڵێ قــیـامــەت هاتـە مــەیدان
لە دەنگی شــیــوەن و گــریمان فــوغــان

گـــــرانـی هـاتـە ڕوو ڕووی تـێ دەکــــــردن
ئەوەی مــابوو هـەمــوو یـەک یەک دەمــردن

لە هـەر شـیـوێ پردێ لاشــەی بەشــەر بوو
پڕی ئـیــســقـانـی دەســتـوپێ و ســەر بوو

رقـی گـــەورەم لـە شـــێخ و هـەم مـــەلایـە
ئەیانگوت ئەی مــوســڵــمــانان غــەزایە

زەمین ئـەیگوت بـە گـوێچکەی ئاســمــانان
قــیــامــەتتــان نەدیوە وەرنە ســـەیران.

دوای خـادیمیش شـیـعرێکی (عـارف صـائب) هـەیـە کە ئەویش هـەر سـەرباز بووە لەو شـەڕەدا، یاخۆ لە چمکێکیدا بـەشدار بـووە، ئەمـەش چەند بەیتێکی هەڵبژاردەیە لەو پارچە شیعرەی صائب:

کـــەوتمە نـاو تاقــمــێ جــەندرمـــە خـــوا مـــەرگ
دوچاری هـەزار دەردی ســەری و قـەهرو ســزا خـۆم

ڕۆژێک خـەبەری حـەرب و دەمێک مژدەیی سـوڵحـە

ئوفـتـادە لەناو دەغـدەغی خـەوف و رەجـا خــۆم

بـرسـی و ڕەش و ڕووت، چڵکن و بێ پارەو و تووتـن

حـەسـرەتکەشی دوو قـوم جگەرەو پیاڵەیە چا خـۆم

کــافــر بـەزەیی دێتـــەوە بـەم حـــاڵە پـەشـــێـــوە

وا دەربـەدەرو قــوڕبـەســـەرو تووشی ســـزا خـــۆم

بێ شــوبهـە لەبـەر دەرد و غـەم و قـەهـر و مـەرارەت

مەحجوب و سەر ئەفگەندەیی جەمعی شوهەدا خۆم

(عـارف) ئەســەری مــەرحــەمــەت و لوتفی خـودایە

بۆ مــەنفـەعـەتی دین و وەتـەن جـان بەفـیـدا خـۆم.

## کارگێڕەکانی ئەم دواییەی سەردەمی عوسمانییەکان

کۆنترین ناو کە لەم ڕووەوە دەستمان کەوتبێ ئەمانەن کە لە ساڵی ١٣٠٧ک (١٨٨٩ز) سەرۆکی کارگێڕی بوون، ئەوسا سلێمانی (لیوا)یەک بووە سەر بە (ولایەتی مووسڵ).

| | |
|---|---|
| موتەسەڕیف و پێشەوا (قائد) | میر لیوا راسم پاشا |
| قازی | یوسف سنان ئەفەندی |
| (مدیر تحریر) | ساڵح سالم ئەفەندی |
| (محاسب) | ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی |
| (مدیری برق) | مجرم ئەفەندی |
| قایمقامی (گوڵعەنبەر- هەڵەبجە) | وەسمان پاشا[٣٢] |
| قایمقامی (بازیان- چەمچەماڵ) | ئیبراهیم بەگ |
| قایمقامی (شارباژێڕ- شهر بازار) | عەبدوللا ئەفەندی |
| قایمقامی (معمورة الحمید- پشدەر) | مەحموود پاشا |

٣٢. وەسمان پاشای کوڕی حەمە پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی جاف و مێردی (خانم - عادلە خان)ە.

## سلێمانی لە ساڵنامەی عوسمانیدا

ساڵی ١٩٠٧

دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی خۆیدا ساڵنامەی بۆ وڵاتەکانی سەر بە خۆی دەردەکرد، کە ئەو ساڵنامەیە (واتە ساڵ بەساڵ ) چی ڕووی بدایە هەمووی تێدا تۆمار دەکرا، جگە لە تۆمارکردنی هەموو شتێکی گرینگ کە پێوەندی بەو ولایەتەوە بوایە...

بۆ ولایەتی مووسڵ، دەوڵەتی عوسمانی[٣٣] چوار ساڵنامەی دەرکردووە لە ساڵەکانی (١٣٠٨- ١٣١٠- ١٣١٢- ١٣١٥) ساڵنامەی ساڵی (١٩٠٧ز) بریتییە لە (٣٢٥) لاپەڕەی فولسکاب. لەو سەردەمە ولایەتی مووسڵ بریتی بووە لە چوار (سنجەق)، (مووسڵ، کەرکووک، سلێمانی،...) ئێمە لێرەدا تەنیا سنجەقی سلێمانیمان مەبەستە، کە ئەویش بریتی بووە لە چوار قەزا، ئەوانەش (گوڵعەنبەر، بازیان، شەهربازاڕ و معمورة الحمید).

لەبارەی سلێمانی، لەو ساڵنامەدا لە لاپەڕەکانی (٣٢٥- ٣٣٥)دا بەمجۆرە باسی دەکات:

متصرف: تۆفیق پاشا. محاسبەچی: سلیم سری افندی

نائب: سید ابوبکر افندی. مدیری تحریرات: نورالدین بک

مفتی: عزیز افندی

مجلس ادارەی لوا

اعضاء طبیعی[٣٤] اعضای منتخب[٣٥]

---

٣٣. ئەم باسەم بەهۆی مامۆستا مستەفای سەید ئەحمەد (نەریمان)ەوە دەستکەوت، کە هەر ئەویش لە تورکییەوە بۆی وەرگێڕاومەتە سەر کوردی.

٣٤. اعضای طبیعی مەبەستی لە (عنوان الوظیفە)یە کە هەر کەسێک لەو شوێنەدا بێت ئەوە ئەندامە.

٣٥. اعضای منتخب: ئەوانە کە بە هەڵبژاردن هاتوون.

نائب افندی		فتاح بک
مفتی افندی		احمد افندی
محاسبەچی افندی		عبدالفتاح چلبی
مدیری تحریرات افندی		حاجی سعید اغا
کاتبی ادارە: عزەت افندی

قەڵەمی تحریرات

مدیری تحریرات: نورالدین بک
مسود[36]: عبدالله افندی
مبیض: مصطفی افندی
مبیض: محمد افندی
مبیض: محمد غریب افندی
مبیض: سعید افندی

دائرەی اوراق[37]

مدیر: صالح افندی. تلغراف مقیدی: مصطفی افندی

دائرەی محاسبە

محاسبەچی- سلیم سری افندی
باشکاتب: معروف بک. واردات کاتبی رفیق ئانی: فارس افندی

---

٣٦. مسود: مەبەستی لەو کاتبەیە کە (مسودە)ی تحریرات دەنووسی کە ئەوانی تر سەرلەنوێ (تبیض)ی دەکەن، چونکە ئەوسا (طابعة) نەبووە.

٣٧. زۆری (عنوانی وظیفە)کان هەر بەتورکیە داڕێژراوەکە دەنووسینەوە بۆ ئەوەی لە (ترجمە)دا نەگۆڕرێت. چونکە خۆی بە عەرەبییە و (ی یاخۆ سی)یەکی بەدواوەیە و خوێندەوار تێی نەگات.

مصرف كاتبی: امين افندی. مصارف كاتبی رفيقی: نجيب افندی
مركز كاتبی: سعيد افندی. مركز كاتبی رفيقی: عزت افندی
واردات كاتبی: رفيق اولی محمد بک. اوراق رفيقی: حسين افندی
اوراق ماموری: شكيب افندی. صندوق امينی: عبدالمجيد افندی
اوراق رفيقی: محمد امين بک

تحصيلدار عدد (٥)

هيئتی عدليه

دائيرەی حقوق

رئيس: نائب سيد ابوبكر فكری افندی
اعضا: يحيی بک. اعضا ملازمی: جميل بک
اعضا: حاجی ابراهيم اغا. ضبط كاتبی: محمد بک
مباشر: صالح آغا

جزا دائرەسی

رئيس: منحل (شاغر). مدعی عمومی معاونی: شعبان زهدی افندی
اعضا: مصطفی بک. باشكاتب: درويش افندی
اعضا: شلومو افندی. ضبط كاتبی: شيخ محمد افندی
اعضا: ملازمی حسين افندی. ضبط كاتبی: مصطفی افندی
كاتبی ضبط: محمد بک
مقاولات محرری و محكمه باشكاتبی: درويش افندی، رفيقی شيخ محمد افندی
مستنطق[٣٨]: توفيق افندی. اجرا ماموری: نجيب افندی

٣٨. بە واتای پارێزەر -محامی: دێت هەروەها بە واتای (محقق)يش دێت.

دائرةي بلدية

رئيس عبدالغفور آغا[٣٩]. باشكاتب: امين افندى

ماموريني منفعة

دائرەی گومرگ (رژی[٤٠] ادارەسی)

مدير: جمعه جميل افندى

باشكاتب: محى الدين افندى. كاتب ثانى: سعيد افندى

قنطارچى: توفيق افندى

لوايه ملحق نواحى: ئەو ناحيانەی سەر بە ليوا (ياخۆ قەزای مەركەزن) ئەمانەن:

ناحيەی قرەداغ (قرەطاغ ناحيەسى)

مدير: محمد مظهر افندى. كاتب: احمد افندى

ناحيەی سەرچناری ڕۆژاوا (سرچنار غرب ناحيەسى[٤١])

مدير: عبدالقادر افندى. كاتب منحل[٤٢] (شاغر)

ناحيەی سەرچناری ڕۆژهەڵات (سرچنار شرق ناحيەسى[٤٣])

مدير: توفيق آغا. كاتب: رشيد افندى

---

٣٩. باوكی ئەحمەد ئاغا و کەمال ئاغا و باپیری هیوایە.

٤٠. کمرک.

٤١. مەبەستی لە ناحیەی ئێلی غەووارەیە. هەر لەوێدا دەڵێ ئیلی غەوارە بەشێکە لە تیرەی سمایل عوزەیری هۆزی جاف، ئەم ناحیەیە لەگەڵ ئێڵی غەووارەدا کۆچ و باری دەکرد واتا ناحیەیەکی (سیار) بووە.

٤٢. شاغر.

٤٣. ڕەنگ هەیە ئەمەیان ناحیەی (عەربەت)ی ئێستا بێت چونکە دەکەوێتە شەرقی سلیمانی ئەوی تر ناحیەی سەرچناری ئێستایە کە دەکەوێتە غەربی سلێمانی.

قەزای گوڵعەنبەر (مەبەستی هەڵەبجەیە)

قایمقام عثمان پاشا میر میران (مەبەستی وەسمان پاشای جافە)

نائب: احمد صائب افندی (مەبەستی مەلا ئەحمەدی صائبە باوکی جلال و جمیل صائب) مدیری مال: محمد شریف افندی

کاتبی تحریر: محمد سعید افندی

دایەرەی نفوس

مأمور: خالص افندی، کاتب: عبدالرحمن افندی

محکمەی بداءە

باشکاب سلێمان بک[٤٤]

مستنطق معاونی: رشید افندی، کاتبی دووەم: عبدالکریم افندی

مأمورانی تری قەزا

مدیری تەلغوراف: امین افندی، کاتبی طاپۆ: سلیمان بک[٤٥]

ئەو ناحیانەی سەر بەم قەزایەن

ناحیەی قزلجە (مەبەستی پێنجوینە)

مدیر: صدیق افندی، کاتب: محمد علی افندی

ناحیەی سرۆچک (مەبەستی بەرزنجەیە)

مدیر– منحل، کاتب: سعید افندی

---

٤٤ و ٤٥. ئەم دوو سلێمان بەگە لە هەڵەبجە بوون، ئەوساش (سلێمان بەگی کاتب فارسی) باوکی عەبدوڵڵا بەگی گۆرانیش هەر لە هەڵەبجە فەرمانبەر بووە، لام وایە یەکەمیان ئەوە.

قەزای بازیان (مەبەستی چەمچەماڵە)

وەکیلی قایمقام: عبدلله افندی

نائب: ابراهیم افندی، مدیری مال: حکیم افندی

مفتی: منحل، کاتبی تحریر: مجید افندی

مجلس ادارەی قەزا

| اعضای طبیعی | اعضاء منتخب |
| --- | --- |
| نائب افندی | سعید اغا |
| مفتی افندی | خورشید اغا |
| مدیری مال | نریمان اغا |
| کاتبی تحریر | |

هیئەتی عدلیە

رەئیس: نائب ابراهیم افندی

باشکاتب: درویش افندی، اعضاء: سید محمود افندی

معاونی مستنطق: درویش افندی، اعضاء: امین اغا

مامورانی تری قەزا

مدیری تلغراف: فتحی افندی، کاتبی طاپۆ: رشید افندی

اموری نفوس: عارف بک، امینی صندوق: تۆفیق بک

کاتبی نفوس: درویش افندی، تحصیلدار: نوری بک

ناحیەکانی سەر بە قەزای بازیان

ناحیەی قلعە سیوکە (قەڵا سیوکە)

مدیر: سعید اغا. کاتب: سید محمد افندی

ناحیەی سەنگاو

مدیر سید عبدالقادر افندی. کاتب: معروف بک

قەزای معمورة الحمید (پشدەر)

وەکیلی قایمقام: حسن افندی

نائب: مصطفی افندی. وکیلی مدیری مال: توفیق افندی

مفتی: منحل. کاتبی تحریر: سعید افندی

مجلسی ادارە قەزا

اعضای طبیعی

| | |
|---|---|
| نائب افندی | ئاغای بایز |
| مفتی افندی | مامند اغا |
| مدیر مال افندی | شیخ امین افندی (رەنگ هەیە مەبەستی شیخ ئەمینی سندۆڵان) بێت |
| کاتب تحریر افندی | محمد اغا |

دائیرە عدلیە

رئیس نائب مصطفی شوقی افندی

باشکاتب: حسین ناظم افندی (حسین ناظمی نووسەر و رۆژنامەچی)

مستنطق: فائق بک

اعضاء: امین افندی

اعضاء: اسعد افندی

کاتبی دووەم: طاهر افندی

مأمورانی تری قەزا

مأموری نفوس: حاجی محمد افندی، مدیری تلغراف: مصطفی افندی

کاتبی نفوس: صالح بک، أمین صندوق: عبدالله افندی

کاتبی طاپۆ: اسماعیل افندی/ تحصیلدار: مجید افندی

ناحیەی مرگە

وکیلی مدیر: رسول اغا، وکیلی نائب: ملا علی افندی

کاتب:محمد بک

قەزای شهربازار

قایمقام: منحل، نائب: علی افندی، کاتبی تحریر: کانبی عزیز افندی

مدیری مال: علی افندی، کاتبی وێرگو: علی مردان

مجلس ادارەی قەزا

اعضای طبیعی

| | |
|---|---|
| نائب افندی | کوێخا امین |
| مدیری مال افندی | عبدلله اغا |
| کاتبی تحریر افندی | عبدالقادر اغا |

دائرەی نفوس

مأمور: عارف افندی، کاتب: محمود افندی

دائرەی استنطاق

معاونی مستنطق: محمد افندی. مباشر عدد ٢

ناحیەی ماوەت

مدیر: فتح الله بک. کاتب: توفیق افندی

## هەندێک (معلومات)ی تر
## لەبارەی سەنجاغی سلێمانی و قەزا و ناحیەکانی[٤٦]

سنووری سلێمانی لە شیمالەوە (سەردەشتی) ئێرانە و لای ڕۆهەڵاتەوە بانە و مەریوانی ئێرانە، لە خوارەوە لیوای کەرکووک و لە ڕۆژئاواشەوە قەزای صلاحیەیە.

قەزای مەرکەزی سلێمانی بە زنجیرە کێوەکانی دارمازەڵە و گوێژە و ژاژیلە دەورە دراوە. سلێمانی خۆی لە دامێنی چیای گوێژەیە، ئەو زنجیرە چیایانە بەشێکن لە درێژە چیاکانی ئەنەدۆڵ و ئەرزوڕۆم و کوردستان، لە ڕۆهەڵاتی سلێمانییەوە، پانتایی شارەزوور هەیە، لە دوای چیاکانەوە هەندێ جۆگە ئاو دەشتی شارەزوور و سلێمانی ئاو دەدەن و باغ و باغاتی ئەوتۆی تێدایە کە وڵاتی سلێمانییان کردووەتە (بەهەشتی ئیرەم) لە سلێمانی و دەوروپشتی میوە و سەوزەی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی هۆی گواستنەوەی باشی تێدا نییە، بۆیە ناردنی بۆ دەرەوەی شار زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوە زۆربەیان بێ کەڵک دەمێنن، بەڵام تووتن بە شێوەیەکی زۆر بۆ دەرەوەی وڵاتی سلێمانی دەنێررێت و دایەرەی ڕێژی (گمرگ) ساڵی نزیکەی شەست هەزار لیرەی لە تووتن دەست دەکەوێت، جگە لە تووتن لە سلێمانییەوە، مازوو و کەتیرە، سەختیان و خوری ڕەوانەی دەرەوەی عێراق دەکرێت. جگە لەمانە مەڕومالاتێکی فرە لەم لیوایەدا بەخێو دەکرێ وەک: مەڕ و بزن و مەرەز، لەم ئاژەڵانە قاڵی و کلیم دروست دەکرێت و هەندێکی بۆ دەرەوە دەنێررێت.

---

٤٦. هەر بە گوێرەی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٣٢٥ک (١٩٠٧ز).

ئاو و هەوای سلێمانی زۆر خۆشە، نە گەرمە و نە ساردە، لە شاری سلێمانیدا (٢٥ قاوەخانە) و (١٥چایخانە) و (٦ فرن) و (١١فرنی تەنوور) و (٢٩٨٢خانوو) و (٤٤ مزگەوت) و قوتابخانەیەکی (ڕوشدییەی مولکی) و (یەکێکی ڕوشدییەی عەسکەری) و (١٣خان) و (١١٥٥دووکان) و (یەک خەستەخانە) و (٢ کەنیسە) و (١٠ دەبەخانە) و (٣٤ ئاش) و (سەرایەکی حکوومەت) و (یەک قشلە) و (یەک دەبۆی ڕەدیف) و (١٠حەمام) و (نزیکەی ٨٧٠٣ موسڵمان) و (٢٦٠ ناموسڵمان) هەیە.

لە سلێمانییەوە بۆ ئێران دەرگەی بازرگانی کراوەتەوە و ناو بازاڕی شار پڕە لە شتومەکی ئێران. مەرقەدی پاکی (کاک ئەحمەد)ی شێخ و مەرقەدی (شێخ مەعرووف ئەفەندی) باوکیشی هەیە و زیارەتگاهی ئەو خەڵکەن. مەرکەزی قەرەداغ (زەرد ئاباد) (زەردی ئاوا)ی پێ وتراوە. تا ساڵی ١٢٩٦ (١٨٧٨ز) ئەم ناحیەیە مەرکەزی قەزا بوو، بەهۆی گرانییەوە، دانیشتوانی کۆچیان کردووە و ئاواییەکەیان چۆڵ کردووە. زیاتر لێرە توتن دەچێنرێت و ڕەوانەی بەغدا دەکرێت.

قەزای گوڵعەنبەر مەرکەزەکەی شاری هەڵەبجەیە، گوڵعەنبەر[٤٧] خۆی دەکەوێتە دووری سێ سەعات لە هەڵەبجەوە کە لەوێ ئاوێکی گەرم[٤٨] هەیە وەک ئاوەکەی (حمام العلیل) وایە.

زۆربەی دانیشتوانی شار جافن و هۆزی جاف دەبن بە چەند تیرەیەکەوە. هەر تیرەیەکیش گەورەی خۆی هەیە کوێخایان پێ دەڵێن هەرچەندە بەشێک لەم هۆزە جێنشین بوون بەڵام هێشتا زۆربەیان لە کۆچ و ڕەو و ماڵات و مەڕ بەخێوکردندان.

---

٤٧. گوڵ عەنبەر مەبەست لە خورماڵە. خورماڵ کە (خۆڵمار)ە بووە بە (گوڵمار- گوڵ ئەمار- گوڵ ئەمەر- گوڵ عەنبەر). سەیری کتێبی (اصول اسماء المدن و المواقع العراقیة - الجزء الاول) ل ١٠٤-١٠٦ نووسینی جەمال بابان بکە.

٤٨. مەبەستی (گەڕاو)ەکەی خورماڵە کە ئاوێکی (مەعدەنی)یە.

مـەرکـەزی نـاحیـەی قـزڵجـە (پێنجـوین)ە، کـە چوارسـەد خـانـوو دەبێت و بازاڕێک و حـەمـامـێک و دوو چایخـانـە و دوو خـان و پێنـج شـەش مـزگـەوتی تێدایە.

ناحیەی سرۆچک بە قەد قزڵجە نابێت بەڵام سی – چل گوندی تێدایە کە دانیشتوانەکانیان خەریکی کشتوکاڵن.

مـەرکـەزی قـەزای بازیان (چەمـچـەمـاڵ)ە، لەسـەر ڕێگەی سلێـمـانی کـەرکـووکـە، لەناو شـاردا گـردێک هـەیـە قـشـڵـەیـەکی گـەورەی سـوپایی و مەحکەمـەی لەسـەر دروست کـراوە. تەلغرافخـانە و دوو سێ قاوەخـانە و سەد و پەنجـا خـانـووی تێـدایە. زۆربەی دانیـشـتـوانی قـەزای بازیان لـە هـۆزی (هەمـەوەند)ن، ئێـسـتـا نزیکەی سـەد و پەنجـا ئـاواییـیـەک دەبن خـەریکی کشتوکاڵن[٤٩]. ئەمانە هـۆزێکی ئازا و شەڕەنگێز و بەرگەی زەحمەت دەگرن.

– معمورة الحمید

– دە سـاڵ لەمـەوبـەر (پێش ١٣٢٥ک ١٩٠٧ز) واتا لە ١٨٩٧دا ئـەم قـەزایە ناونراوە (معمورة الحمید)[٥٠] و مـەرکەزەکـەی (قەلعـەدیزە)یە، زۆربـەی هـۆزی ئەم قەزایە (نورالدین)ین کە بە نەبەزی و جوانمەردی ناوبانگییان دەرکردووە قەڵعەدیزە ئەوەندە ئاوەدان نییە و شارێکی بچووکە. ئەم قـەزایە دوو ناحیەی هـەیە (پشدەر) و (مەرگە).

قەزای شەهربازاڕ مەرکەزەکەی (سیتەک)ی پێ دەڵێن. دایەرەی حکوومەت و تەلغرافخـانەیەکی تێدایە. قەزاکە میوەهـاتی زۆری تێدایە. ئەم قەزایە تەنیا ناحیەی (ماوەت)ی هـەیە.

---

٤٩. سـەیری (ئاوڕێک لە مـێـژووی هـەمـەوەند) بکە. نووسـینی جـەمـال بابان. گـۆڤـاری ڕۆشنبیری ل ١١٠–١٢٢ ژمارە ١١٤/٩٨٧.

٥٠. بەناوی سوڵتان عەبدولحـەمیدی عوسمـانییـەوە کە ئاوای کردووەتەوە واتـا کردوویەتی بە قەزا.

## سلێمانی له کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا

لەمەوپێش بارودۆخی سلێمانیمان دوور و درێژ خستە پێش چاو لە سەردەمی بابانەکاندا، واتا (٣٦) ساڵ دوای بنیاتنانی شارەکە، دوای ئەوە بارودۆخی شارەکەمان لە کۆتاییی دەسەڵاتی بابانەکان و دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان خستە پێش چاو لەبەر ڕۆشنایی شیعرە بەرزەکەی ئەوڕەحمان بەگی (سالم)ەوە. لێرەدا نووسینێکی[٥١] بە نرخمان دەست کەوت کە لە ساڵی ١٩١٣دا (ئیبراهیم حیلمی) ناوێک نووسیویەتی کە وادیارە، ئەم پیاوە دڵسۆزە بەڕێزە خۆی خەڵکی سلێمانییە کەوا لە سەرەتای باسەکەدا دەڵێت:

(بەئەلهاو تاسووقەوە حەزم دەکرد لە شوێنەوارەکان و باری ژیان و گوزەرانی وڵاتەکەم بکۆڵمەوە، تا بزانم لە ڕۆژگاری ڕابردوودا لە ڕووی بەرزی و پێشکەوتن و ئاوەدانییەوە گەیشتبووە کوێ... بۆیە وام بەچاک زانی لێرەدا هەموو ئەوەی لەبارەی لیوای سلێمانی دەزانم بینووسم، کە پێشان شوێن هەواری نەتەوە گەورەکان و مەڵبەندی ئەو نەتەوانە بووە کە دیواری زانستییان هەڵچنیوە و پلە و پایەی ئەدەبیاتیان بەرز کردووەتەوە... بەڵکو ئەمەوێ لە پاڵ ئەوەشدا لەو کانزا و کانە خەڵووزە سروشتییانەی بکۆڵمەوە کە ئەگەر بێتو هەوڵ بدرێت لە ژێر زەوی دەربهێنرێن، ئەوە بۆ ئەو میللەتە کە

---

٥١. ئەم وتارە نووسەری هێژا و توانا کاک ئازاد عەبدولواحید لە کۆواری (لغة العرب)، جزمی چوارەم، ساڵی سێیەم، تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٣دا وەری گێڕاوەتە سەر کوردی و لە کۆواری (ڕۆشنبیری نوێ)دا، ژمارە (١١٦) ساڵی ١٩٨٨دا بڵاوی کردووەتەوە و بە پەراوێز ڕوونی کردووەتەوە.

خاکەکەی دەوڵەمەندترین خاکی خودایە و بەدەست هەژاری و نەدارییەوە دەناڵێنێ، دەبێتە مایەی دەستکەوت و سەرمایە و فەرێکی زۆر و زەبەند و ئاسوودەیی و بەختیاری دەهێنێ. ئەوانەی جڵەوی حوکمڕانییان بەدەستە بابزانن ئەم وڵاتە لە هیچ شتێکی کەم نییە تەنیا دەستپێشکەری و ئیشکردن و خۆڕاگرتن نەبێ...

ئێمەش لێرەدا بە کورتی و کەمێک دەستکارییەوە ئەم وتارە دەخەینە ڕوو، چونکە وەک ئاوێنەیەکی باڵانما کار و بارودۆخی ئەو سەردەمە دەخاتە پێش چاو.

سنوور و بەشە کارگێڕییەکانی:

سلێمانی سەر بە ویلایەتی مووسڵە، ئەکەوێتە بەینی وڵاتی ئێران و سنجەقی شارەزوور و کەرکووکەوە بەسەر (پێنج قەزا و یازدە ناحیە) و (٣٥٣) دێ دابەش کراوە.

قەزاکان: ١- سلێمانی (جەمسەری قەزا) ٢- بازیان ٣- گوڵ ئەنبار (گوڵ عەنبەر- هەڵەبجە) ٤- شەهربازار ٥- مەرغا یاخۆ (معمورة الحمید) مەبەستی مەرگە یاخۆ پشدەر.

ناحیەکان: سەرئاشیزی ڕۆژهەڵات، سەرئاشیزی ڕۆژئاوا (نەزانراوە کوێن)، قەرەتاغ (قەرەداغ)، بڵغ وادا (نەزانراوە)، سنکاس (سەنگاو) کلک سێوکا (قەڵا سێوکە)، قزڵجا (قزڵجەی لای پێنجوین)، سرۆچیک (سرۆچک - بەرزنجە)، موات (ماوەت)، پشتەر (پشدەر)، سورتاش (سورداش). دێیەکان بەگوێرەی قەزاکان: (١٠٤) و (٥٤) و (٩٥) و (٤٠) و (٦٠)ن.

ژمارەی دانیشتوان:

ژمارەی دانیشتوانی لیوای سلێمانی دەگاتە (٥١,٦٠٠) کەس. ئەمانە (٤٨٦٠٠) موسڵمان و (٩٠٠) دیان و (٢١٠٠) جوولەکەن.

قەزای سلێمانی و گوزەرانی: مەڵبەندی ئەو قەزایە (٤) ناحیە و (١٠٤)

دێیە، شارۆچکەکەی سلێمانی مەڵبەندی موتەسەڕیفە، جگە لەو موفتی و قازی و جابی و محاسب و کارگێڕێکی پۆستە و برووسکە هەیە هەروەها فەرمانبەرێکی بۆ قەرز و قۆڵەی گشتی[٥٢]، بەڕێوەبەرێ بۆ سەرپەرشتی تووتن، فەرمانبەرانی باجگرتن، پزیشکێکی قورنتێنە، هەروەها دوو دادگەی تێدایە یەکەمیان مەدەنی، دووەم جینائی، یاریدەدەری داواکاری گشتی (نائب مدعی عام) یارمەتی هەردوو سەرۆکەکان دەدا لەگەڵ یەکێکی دیکە پرسیار دەکات، دەزگای شارەوانیش شار بەڕێوە دەبات و لەسەر پەیڕەوی هەموو ویلایەت و لیواکانی دی ئەندامەکانی لە دانیشتوانی شار پێک هاتوون کە بە هەڵبژاردنن. حامیەی سلێمانی لە تابووری یەکەم و دووەم (فوج) و ئالای (فەیلەق) و جەندرمەکان دوو بلۆکن (سریە) یەکێکیان پیادە و ئەوی تریان سوارە. هەردووکیشیان بریتین لە (١٦) ئەفسەر و (٥٠) سوارە و (٨٠) پیادە.

ژمارەی شاری سلێمانی خۆی (٢٦) هەزار کەسە لەوانە (٢٤,٨٢٥) یان موسڵمانانی کورد و (١٧٥)یان دیانی کلدانی و (١٠٠٠) جوولەکەن.

بازرگانی و ئاوەدانییەکەی: سلێمانی لە جێی عەمبارێکی بازرگانییە لە نێوان تورکیا و ئێران. لەو بەرهەمانەی ڕەوانەی دەرەوەی دەکات بەزۆری تووتنە ئینجا هەرمێ لە ئێرانیشەوە کەلوپەلی بۆ دێ. شارەکە نزیکەی پێنج هەزار ماڵە، زیاتر لە (٥٠٠) دووکان و (٧) گەرماو و چەند جێگەیەکی بۆ پێستە خۆشکردن[٥٣] تێدایە...

زیاتر لە (٢٠) قوتابخانەی سەرەتایی و دوو قوتابخانەی ئامادەییش یەکێکیان مولکی و ئەوی تر سەربازییە (٤٠) مزگەوت و کەنشتەیەکی بچووکی تێدایە بۆ جوولەکە و کڵێسایەک بۆ دیان، هەروەها سەرایەکی

---

٥٢. ئەبێ (کاتبی عدل) بێت.

٥٣. مەبەستی لە دەباغخانەیە.

گەورە و پتەو، جگە لە سەربازگەیەک کە سەرباز و ئەفسەرەکانی تێدا دەژین. خانووەکان وەکو ماڵی زۆربەی گوندەکان لە قوڕ دروست کراون، شوێنەکەی جوان و دڵگیرە، ئاوی خوڕی پێدا دەڕوات، بۆیە لە تەنیشت هەر ماڵێکەوە باخچەیەکی بچووک دەبینی، دار و درەختی بەرداری تێدا ڕواوە، لە ناوەڕاستەکەشی حەوزێک هەیە، ئاوەکەی هەموو شەوێک تازە دەبێتەوە و ئاوەکانیان کارێزاوە.

زمان و پیشە: زمانی کوردییە، بەڵام عەرەبیش دەزانن و زۆریان شارەزایی تەواویان تێدا هەیە، زانایانی بەناوبانگ و نووسەران و شاعیران و مەلای زۆری تێدا هەڵکەوتووە. لەوانەش زۆریان لە خزمەتی حکوومەتدا پێشکەوتوون، هەندێکیشیان بەهرەی نووسین و ڕەوانبێژی و زمان و پاراوی زمانیان بەدەست هێناوە، بە چەند زمانێکی وەکو فەرەنسایی و فارسی و تورکی قسە دەکەن. بەڵام لە پاش زمانی تورکی زمانی عەرەبی دێت.

خاوەن پیشەکان تەمەڵ و سستن، ئەوانەی لە بواری جۆلایی و پێستە خۆشکردن و زەڕەنگەریدا ئیش دەکەن باشن. لێرەش وەک شارەزوور و کەرکووک ئارەزووی دروستکردنی تفەنگ دەکەن.

بەروبووم و دەستکەوتی: هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە حەزیان لە کشتوکاڵ و فەلاحەت و بەخێوکردن و ڕاگرتنی مەڕوماڵات و باخە. ڕەزەکانیان نیشانەی ڕەنج و جموجۆڵ و ئیشکردنیانە. هەرچەندە کشتوکاڵیان هەر لەسەر شێوەی کۆنە، خۆ ئەگەر ئامێر و کەرەستەی کشتوکاڵی تازەیان ببوایە لە پاڵ زانین و شارەزایی ئەو ڕێگەیانەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێن، ئەوە دەبووە دەوڵەمەندترین زەویوزاری دەوڵەتی عوسمانی. لەگەڵ ئەوەشدا بەروبوومە بەناوبانگەکانیان کە مایەی شانازین گەنم و جۆ، برنج، توتن، کە ئەوەی لێ دەنێرنە دەرێ بایی نزیکەی بیست هەزار لیرەیە، لەڕێی کەرکووک و هەولێرەوە نیوەی لێ دەنێرنە بەغدا، بەروبوومی شاخیش ترێ و

هەنار و هەنجیر و بستەیە، شارەزایان خەمڵی ئەو بستەیە بە دوو هەزار لیرە دەکەن کە هەر ساڵە دەنێردرێتە دەرێ[٥٤]. جگە لەوە گوێزی توێکڵ تەنک هەیە، بەڵام گرینگترین بەروبوومی نێردراو بۆ دەرەوە هەنگوینە کە لە جیهاندا وێنەی نییە.

لافاو: لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەسەر شاخەکانەوە بەفراو دێتە خوار، خانووبەرە دەڕووخێنێ و شینایی لەناو دەبات لەبەر ئەوەی میری شتێکی ئەوتۆی نەکردووە کە دانیشتوانی شارەکە لە کارەساتی لافاو بپارێزێت، بۆیە ناو بەناو لێیان دەقەومێ، لەوانەش لافاوی ساڵی (١٣٢٧ک/١٩٠٩ز) کە زیاتر لە هەشتا ماڵی کاول کرد، چەند دێ و ڕەز و باخی تێکدا.

بیروباوەڕ و ئاین: دانیشتوانی سلێمانی موسڵمانن، زۆر بەتوندی بە تەریقەتی نەقشبەندی (تەریقەتی شێخ خالد)[٥٥] هەروەها تەریقەتی قادری (کە بۆ شێخ عەبدلقادری جیلی)[٥٦] دەگەڕێتەوە بەستراونەتەوە، ئەم تەریقەتەیان لە کاک ئەحمەدی شێخ وەرگرتووە[٥٧]، هەر تەریقەتەش یاسا و داوونەریتی خۆی هەیە و سەرکردەکانیان سەرەوکاری تەکیە و خانەقاکان دەگرنە ئەستۆ.

(دیان) کەمن، ئەوانەی کە هەن قەشەیەکیان هەیە سەر بە مەترانی سنەیە و شتێکی وەهای بەدەست نییە.

مێژووی سلێمانی: لە زەمانی زوودا خاکی سلێمانی سەر بە مەملەکەتی ئاشوور بوو، کەچی ئەمڕۆ کە ئەو پایەیەی نییە باس بکرێت. ئەوەش لەبەر

---

٥٤. دوور نییە، ئەوسا وا بووبێت، بەڵام لەم دواییەدا بستە کەم بوو یاخۆ نەبوو.

٥٥. مەبەستی مەولانا خالیدە.

٥٦. مەبەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە.

٥٧. بەڵکو لە باوکییەوە کە حاجی شێخ مارفی نۆدێیە، وەرگیراوە.

ئەوەیە دەردو بەڵای زۆری بەسەردا هاتووە، سلێمانی خۆشی ئەوەندە کۆن نییە.

دوای ئەوە وتارەکەی ئیبراهیم حیلمی باسی قەزای بازیان (مەبەستی چەمچەماڵی ئەمڕۆیە) و قەزای گوڵ ئەنبار (خورماڵ – هەڵەبجە) و قەزای مەرغە (مەرگە – پشدەر) دەکات، باسی ژمارەی دانیشتوان و ئەو عەشایەرانەی تیایاندا نیشتەجێن و ئەو ناحیانەی کە لەو قەزایەدا هەن و ژمارەی گوندەکانیان دەکات.

## ٢
## سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکاندا

### کورتە باسێکی شێخ

شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی حاجی شێخ مارفی نۆدێ کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی سەید محەمەدی کبریتە سوور کە پشتاوپشت دەچێتەوە سەر سەید عیسای بەرزنجە کوڕی سەید بابا عەلی هەمەدانی.

شێخ مەحموود لە ساڵی ١٣٠٢ک (١٨٨٤ز)[1] لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. لە خانەوادەیەکی زانستی و ئاینیی ناودار چاوی کردووەتەوە و خوێندوویەتی، لە حوجرە و لای مەلا فارسی و عەرەبی و خوێندنی تری تەواو کردووە، هەر بە منداڵی لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکیا لەسەر بانگهێشتنی سوڵتان عەبدولحەمید چووە بۆ (ئاستانە) بەینێک لەوێ بەمیوانی لە کۆشکی سوڵتاندا ماوەتەوە، ژیانی ئەوێی بە چاوی خۆی دیوە کە گەڕاوەتەوە، توانا و بلیمەتی وردە وردە دەرکەوتووە و بە هۆی ئازایەتی و خۆگرتنیەوە ناوی بڵاوبووەتەوە و وەک مامۆستا ئەحمەد تەقی دەڵێت (دوور نییە کە هەر لەو

---

١. زۆر سەرچاوە هاتنە دنیای شێخ بە ساڵی ١٢٩٨ک (١٨٨١ز) لەقەڵەم دەدەن. بەڵام لە زمان شێخ خۆیەوە لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ نووری ثابت خاوەنی ڕۆژنامەی (حبزبوز) کە لە ژمارەیەکی ئەو ڕۆژنامەیەدا کە لە ڕۆژی ١٦ی ئاداری ١٩٣٧دا بڵاو کراوەتەوە وتوویەتی کە ساڵی (١٨٨٤) هاتووەتە دنیاوە. ئێمە ئەمە بەڕاستترین سەرچاوە دادەنێین چونکە لە زمان خۆیەوەیەتی. سەیری کاروانی ژمارە ٢٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٤ لاپەڕە ١١٩–١٢٨بکە کە بە قەڵەمی (کەمال ڕەئووف محەمەد)ە.

کاتەوە و پاش بینینی ژیانی شاهانەی سوڵتان بیری پاشایەتی و دەسەڵاتداری کەوتبێتە مێشکییەوە)[٢]، تاکو لە رووی رامیاریشەوە بەهۆی شوێنی بەرزی ئاینی بنەماڵەکەیانەوە و توانا و دانایی خۆیەوە، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە ناوچەی کوردستاندا پەیدا کردووە کە لەو کاتەدا بێ وێنە بووە.

ناوچەی سلێمانی لەو سەردەمەدا وڵاتێکی سەر بە عوسمانییەکان بووە، هەر کە شەڕی گەورەی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) روویدا، ئەم شەڕە داوێنی عێراقیشی گرتەوە، ئینگلیزەکان لە بەسرەوە پێداهاتن بەرەبەرە تا بەغدا و لەوێوە بۆ کەرکووک، بەڵام شێخ مەحموود کە لەو کاتەدا بە دەسەڵاتترین پیاوی سلێمانی بووە، بە لەشکرێکی کوردەوە بەرەو روویان کشا، بە مەبەستێکی ئاینی و بەناوی غەزاوە، تاکو هەر لەو کاتەدا هەڵی کوتایە سەر لەشکری رووسیش لە ناوچەی پێنجویندا و کردنی بەودیوا، وە تورکە عوسمانییەکان تاکو لەم کاتەشدا لە کوتانەوەی سەر و گوێلاکی عەشایەرەکانی کوردی ئەو ناوە نەکەوتن و چەند دێهاتێکیان تاڵان کرد، ئەمە شێخ مەحموودی زویر کرد بۆیە لەکاتی گەیشتنی لەشکرەکەی (جەنەراڵ مارشاڵ)ی ئینگلیزدا بۆ کەرکووک، نامەیەکی بۆ (ویلسون)ی (حاکمی گشتی عێراق ساڵی ١٩١٨) نارد، داوای کرد کە بەیارمەتی ئینگلیز حوکمێکی خۆیی لە سلێمانی بەیارمەتی ئەوان دامەزرێنێ[٣].

عوسمانییەکان بەمەیان زانی، شێخ مەحموودیان گرت و لە کەرکووک (پاش کشانەوەی سوپای ئینگلیز) بە ناوی خیانەتەوە لە مەحکەمەدا بڕیاری خنکاندنیان دا، بەڵام لە ترسی کوردەکان زاتیان نەکرد بیخنکێنن بەڵکو بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیدا کەڵکی لێ وەربگرن بەریان دا و بەخەڵات و پارەیەکی زۆرەوە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا گەڕاندیانەوە

٢. یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی – ئامادەکردنی جەلال تەقی چاپخانەی (سلمان الاعظمي) بەغدا ١٩٧٠ل١٦-١٧.

٣. ئەحمەد تەقی (یاداشت) ل٢٠-٢١.

سلێمانی و کردیان بە قائدی مەدەنی ناوچە[٤]، بگرە دوای ئەوە و بۆ هەڕەشە لە ئینگلیز زیاتر دڵنەواییان کرد و لەقەبی (نقیب)یشیان دایە و لەوساوە بوو بە شێخ مەحموودی نەقیب[٥]. هەر لەو کاتەشدا کە بەیانی شەڕ وەستان بڵاوکرایەوە، (ئیحسان پاشا)ی سەرۆکی لەشکری (ئۆردووی شەشەم) لە عێراق بە ناچاری فەرمانی دا بە موتەسەریفی سلێمانی کە ئیدارەی ناوچەکە بداتە دەست شێخ مەحموود خۆی دەرباز بکات. بەمجۆرە شێخ بەناوی حکوومەتی عوسمانییەوە بوو بە موتەسەڕیف و حوکمی گرتە دەست[٦]. شێخ مەحموود ویستی هەل لە کات وەربگرێ، کە بوو بە متصرفی سلێمانی دووبارە نامەیەکی نارد بۆ ئینگلیزەکان و ئەم جارە داوای لێ کردن کە بەپێی چەند مەرجێک بێنە سلێمانییەوە[٧].

ئینگلیزەکان پێیان خۆش بوو وا بەئاسانی و بێ شەڕ بێنە شاری سلێمانییەوە، (ویلسن) بەناوی خۆیەوە (مێجەر نوئێل)ی ناردە سلێمانی کە ئەفسەرێکی شارەزای کوردستان بوو کوردی و فارسی دەزانی.

هەر لە کۆبوونەوەیەکدا لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا (نوئێل) بانگی دانانی شێخ مەحموودی بە (حوکمداری کوردستان) دا[٨].

مامۆستا ئەحمەد تەقی دەڵێت: شێخ مەحموود هەرگیز هەلی وای دەست نەکەوتبوو، لەوانە بوو ئەم کارە ببێ بە بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو، بەتایبەتی کە نوئێل کەوتبووە پڕوپاگەندە لە

---

٤. سەرچاوەی پێشوو.

٥. سەرچاوەی پێشوو.

٦. سەرچاوەی پێشوو ل٢١-٢٢.

٧. سەرچاوەی پێشوو. بەبڕوای مامۆستا ئەحمەد تەقی ئەم داواکردنەی شێخ زۆر پەلەی تێدا بووە و وای لە ئینگلیزەکان کردووە کە بە چاوێکی ترەوە سەیری بکەن و کەمتر بایەخی پێ بدەن ... هەر ئەو لاپەڕەیە سەیر بکە.

٨. سەرچاوەی پێشوو ل٢٣.

شارەکانی تری کوردستانی عێراقدا، بۆ ئەوەی بیانخاتە سەر کوردستانی تازە پێگەیشتوو، بێگومان ئینگلیزیش ئەمەی لەبەر چاوی کاڵی کورد نەدەکرد، بەڵکو دەیویست بەهۆی شێخ مەحموودەوە، دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ و هەر چۆنێک بوایە دەتوانرا کەڵکی لێ وەربگیرایە[9].

مێجەر نوئێل (مستشاری ملکی) و مێجەر دانلیس (مستشاری عسکری) بوو، مانگانەی حوکمداریش پانزە هەزار ڕوپیە بوو بەمجۆرە سلێمانی بوو بە پایەتەخت، وڵاتانی پشدەر و خۆشناو و جاف لەمە زیاتر دڵ قایم بوون[10].

نوئێل بێ ئەندازە حورمەتی حوکمداری دەگرت، لەلایەکی تریشەوە خەریکی چارەسەرکردنی گرانی و برسییەتی بوو. پەیتا پەیتا لە عەمارەکانی بەغدا و کەرکووک شەکر و چا و ئاردی دەگەیاندە سلێمانی و بەخۆڕایی بەسەر فەقیر و هەژار و مأمورەکاندا دابەشی دەکرد چونکە ئەم شتانە لەو کاتەدا قات بوون، بەمجۆرە ئەوانە کەمێک بووژانەوە.. جگە لە لیرەی زۆری ئاڵتوونیشی ڕژانە شارەکەوە و بەبێ دەست لەرزین بەسەر سەرۆک عەشیرەتەکان و دەستە و دایەرەی حوکمدارا بڵاوی دەکردەوە[11].

---

٩. سەرچاوەی پێشوو ل٢٣-٢٤. هەر لێرەدا ئەحمەد تەقی دەفەرموێ: بەڵام بە داخەوە بۆ نەگبەتیی، ئەم قارەمانە نەبەزە لە باتی ئەوەی لەم هەلە کەڵک وەرگرێ، کەوتە ڕێکخستنی یاری و ڕمبازین و ... وازی لە فەرمانڕەواییی ڕاستەقینە هێنا، ئەو وای دەزانی کە ئیتر هەموو شتێک تەواو و کوردستانێکی سەربەخۆ پێک هات... زۆربەی ئینتیهازی و پوولەکییەکانی لە دەور کۆ بووبووەوە و کەوتنە کنەکردن لە بناغەی فەرمانڕەواییەکەیدا... هەر ئەو لاپەڕەیە.

١٠. عەلائەدین سەجادی شۆڕشەکانی کورد چاپخانەی مەعاریف بەغدا ١٩٥٩ل٨٢.

١١. ڕەفیق حیلمی (یاداشت) بەرگی یەکەم ل٦٣-٦٤ بە بۆنەی ناوهێنانی (مێجەر نوئێل)ەوە، نووسەران و مامۆستایان ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی، جگە لە دانیشتوانی سلێمانی، ستایشی ئەم پیاوە دەکەن و باسی خزمەتی دەکەن، جا ئیتر ئەو خزمەتانەی لەبەر هەر هۆیەک بوویێت، بە پێچەوانەی (سۆن)ەوە کە لە هەموو کاروبارێکدا دژی شێخ بووە.

ئەم مـێـجـەر نوئێلە هەر چۆنێک بێ ئەگـەر بە سـەرزارەکـیش بێ وای دەردەخست کە دۆستی کوردە، زۆر ڕێزی شێخ مەحمـوودی دەگرت و بەبێ پرسی ئەو هیچی نەدەکرد، هەر ئەویش بوو کە یاداشـتێکیدا بە ویلسن تیایدا وتی:

(ماوەی چوار سەد ساڵە کورد گیرۆدەی دەستی تورکە و هەموو هەوڵێک دراوە کە وەکو گەلێک نەهێڵرێ و بتوێنرێتەوە)[١٢،١٣].

نوئێل زۆر هەوڵی دەدا لە ئینگلیزەکان بگەیەنێ کە چاک وایە هیچ بیانوو بە شێخ مەحمـوود نەگرن و هەوڵێکی ڕاستەقینە بدەن بۆ یەکگرتنی هەموو کوردستان، بەڵام ئینگلیز ئەم ڕایەی پەسەند نەدەکرد، کە نوئێل زانی هیچی پێ ناکرێ، داوای مەرەخەسکردنی خۆی کرد، (ویڵسن) کە حاکمی گشتی عێراق بوو، لای برد و، مێجەر سۆنی لە شوێنی ئەو دانا.

## ڕاپۆرتی (نوئێل) بەرامبەر بە شێخ مەحمـوود[١٤]

«ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، شێخ مەحمـوود لەم ناوچەیەدا دەڕوات و بەتایبەتی ئێستا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر، بۆیە دەڵێین ئەگەر هاریکاری تەواوەتی و یارمەتی شێخ نەبوایە، ئێمە دەبوایە هێزێکی گەورەمان بهێنایە،

---

١٢. ئەحمەد تەقی (یاداشت) ل٢٤.

١٣. ئەحمەد تەقی (یاداشت) ل٢٤. واتا (سۆن) بووبە (موستەشار) یاخۆ حاکمی سیاسی و (نوئێل)یش لەلایەن بەریتانیاوە نێررایە کوردستانی تورکیا.

١٤. ئەم مێجەر (نوئێل)ە، لەمێژووی فەرمانڕەوایی ئینگلیزەکاندا لە سلێمانیدا و لە ساڵی ١٩١٨ بە دواوە لە حـوکـمی شـێخ مـەحـمـووددا، لە لایەن زۆر کـەسـەوە بە دۆست و خێرخوای کورد ناسراوە. ئەم ڕاپۆرتە لە وەسیقەکانی بەریتانیا لە لایەن د.ئەحمەد عوسمانەوە دەرهێنراوە و لە گۆواری کاروانی ژمارە (٤٨) ساڵی ١٩٨٦ ل١٣٩-١٤٤ بڵاو کراوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتری ڕوون کەینەوە دەڵێین ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژی هەشتی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩١٨دا نووسـراوە و لە لایەن(بیل)ەوە پێـشکێـشی کاربەدەستانی ئەوسای بەریتانیا کراوە.

کە ئەمەش حکوومەتی بەریتانیا دژیەتی و پێی قایل نابێت. بە گوێرەی قسەی ئینگلیز و فەرەنسەش لە هەشتی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا بەرامبەر بە میللەتانی رۆهەڵاتی عوسمانی، ئێمە ئامانجمان دروستکردنی کوردستانی ئازادە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا، بەڵام ئەمەش ناچێتە قالبێکی کاریگەرەوە تاکو نەبێ بە بەشێک لە کارگێڕیی گشتیماندا لە میسۆپۆتامیا (دۆڵیانی رافیدەین)، ئەمەش بەلای زۆر لە نەتەوە پەرستە خوێن گەرمەکانەوە دانی پێدا نانرێت، بەڵام هەندێک لە رۆشنبیرەکانی کۆمەڵ لە دووربینەکان[15] هەر ئەوانەن کە بەو چاوە سەیر دەکەن کە بەستنەوە بە بەغداوە، ئەنجامی پێشکەوتنی کاریگەری بەرەو پێشەوە دەدات، کە هەر ئەمەشە بناغەیەکی بەهێز بۆ حوکمێکی خود موختاریی راستەقینە و (بریاری پاشەرۆژ- تقریری مصیر- دادەمەزرێنێت). ئەمەی دەیلێین واتا خستنە پاڵ بەغدا شتێکە کە عەقڵ زیاتر قبووڵی دەکات جگە لە هەڵکەوتی جوگرافی... بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ رێگەی پەرەسەندنی وڵات لەسەر بناغە و هێڵی نەتەوایەتی بگرێت. کارگێران بە گوێرەی توانا لە کوردەکان هێزی (لیوی)ش هەر کورد و لەژێر فەرمانی ئەفسەرانی کورددابن. زمانی کوردی زمانی رەسمیی میری بێت، هەرچی یاسا هەیە بەجۆرێک بگۆررێن کە لەگەڵ داوونەریتی ناوچەکەدا یەک کەون، باج بەجۆرێک بسەپێ کە پێویستی خەڵک جێبەجێ بکات. لەبابەت عەشایەریشەوە، پێویستە خوورەوشت و هەڵسان و دانیشتنیان بەچاوی رێزەوە سەیر بکرێت و سەرۆکەکانیان وەک پێشوو کارگێریی عەشرەتەکانیان بن. لەرووی خەرجی و داراییشەوە، دەبێ ناوچەکە بودجەی تایبەتی هەبێت و ئەو باجەی لە خەڵک دەسێنرێت بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە خەرج بکرێت لە هەمان کاتدا بەشداریی کارگێریی گەورەتری بەغداش

---

١٥. هەردوو جۆرەکە، مەبەستی لەوانەی ناو سلێمانی و دەوری شێخ مەحموودن.

بکات... ئەمە جگە لەوەی درانە پاڵ میسۆپۆتامیا دەستکەوتی گرینگتر لەرووی زانین و ڕێگەوبان و هاتوچۆ و کشتوکاڵەوە مسۆگەر دەکات کە ئەمانە هەموویان لە بەغداوە وەدەست دێن... لەمانەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێوانەیەکی زۆر فراوان هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەوە لە حوکمی خود موختاری گیراوەتە ئەستۆ، ئەم حوکمەش بەگوێرەی پێشکەوتنی زانیاری و ڕادەی توانای ڕۆڵەکانی گەل بۆ حوکمی خۆیان بەدەستی خۆیان پەرە دەسێنێ.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستمان بەرامبەر بە شێخ مەحموود دەستنیشان بکەین... هەروەک وتمان، ئێمە بەتەواوەتی دانمان بە شێخ مەحموود دانا جگە لەوەی لەلایەن میللەت و عەشایەریشەوە دانی پێ دانراوە، هەروەها ئەو نووسراوێکی ئیمزاکراوی لەلایەن (حاکمی مەدەنی)یەوە پێ هەیە... بەڵام نامانەوێ حوکمی ئەو بەزۆر بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنین کەوا لێی دوودڵن... ئەو خۆشی هەندێک جار بەترسەوە دەڕوانێتە ئەرکی فەرمانڕەوایی و زۆرجار وتەی (سەعدی)ی شاعیر دووپات دەکاتەوە کەوا (پیاوی حەکیم نەبێ لەسەر تەختی کارگێڕی دامەنێ، هەرچەندە ئەمە پیشەیەکی لە جێ نییە بۆ پیاوی ژیر).

شێخ مەحموود (خوو)ی، بەرەو فراوانی و گەورەییە، کێ دواجار قسەی لەتەکا بکات، ئەو کەسە زیاتر کاری تێ دەکات. بەداخیشەوە بە کۆمەڵێک لە خۆپەرست دەوری تەنراوە، کە مێشکی بە شتی گەورە و پووچ دەئاخنن، ئەمەش پاڵی پێوەنا، کە ناوی خۆی بنێ حاکمی (هەموو کوردستان)... لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی (شێخ مەحموود کانێکی ڕامیاری بەنرخە، چونکە بەرامبەر بەهەر یەکێک کە حەزی لێ ناکات، چوار کەس هەن خۆشیان دەوێت. ئەم ژمارەی دژ وەستانەی زۆر بەکەم دادەنرێت لە وڵاتێکدا کە هێشتا پێوەندی بنەماڵە و ناوەخۆ دەورێکی گەورە دیاری دەکەن). تا ئێستا عەشرەتەکانی جاف و سەرۆکەکانیان، هەمەوەند، بەشێک لە زەنگەنە، شێخ بزەینی، پشدەر بەشێک لە دەلۆ، وەیسی و داودە، هەورامییەکان، زۆر لە

سەرۆکەکانی ئەودیو، هەموو هاتوون و پێخۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر بە دانانی دەربڕیوە جا ئایا ئەوانە چەندیان ڕاست دەکەن ئەمە دیار نییە، ڕەنگ هەیە پشتگرتنی شێخ لە لایەن ئێمەشەوە کاری لەوان کردبێت، هەرچەندە من لە گەلێک کۆبوونەوەدا، دەرم بڕیوە کەوا ئێمە کەس بەزۆر ناخەینە ژێر ئالای هەڵبژێردراومان کە شێخ مەحموودە.

ئەو ڕاستییەی کە دیار و ڕوونە ئەوەیە کەوا شێخ مەحموود ئەمڕۆ دەسەلاتێکە لەم ولاتەدا، ئەمە دەبێ دانی پێدا بنرێت و بکرێت بە کۆڵەکەیەک کە هەرچی عەشایەری شاخەکانی ژووروو ئەودیو سنوور هەن، گرێی بەختی خۆیان لەگەڵ هی ئێمەدا گرێ بدەن، بەمجۆرە دانانی شێخ مەحموود ناودەرکردنێکی لەجێیە بۆ ئێمە.

ئینجا ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە، ئایا لە بەرژەوەندی کوردستان و ئێمەیە، کە دەسەلات و دەست ڕۆیشتنی شێخ مەحموود زیاد کەین؟ زۆر دەڵێن ئا و زۆریش دەڵێن نەء، بەلام من خۆم بڕوام وایە، ئەگەر یەکێکی تری وەک شێخ مەحموود بەو شەعبیەتەی کە ئەم هەیەتی و بەو دەسەلاتەی کە پەیدای کردووە، ئەوە بێ سوود نییە بۆ ئێمە و تاوەکو بۆ شێخ مەحموودیش، بەلام من لەو بڕوایەدام کە هەرگیز نابێ ئێمە هەوڵی (دروستکردن)ی پیاوی وا بدەین، بەڵێ ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە خۆیان سەریان هەڵدا چ لە ڕووی خۆشەویستی میللەتەوە و چ لە بابەت کەسایەتی ئەو جۆرە پیاوانە خۆیانەوە، ئەوا ئێمەش قبووڵمانە، بەلام لەم ڕۆژانەدا هەرچی جەماوەری لادێ هەیە، هەموو چوونەتە ژێر ئالای شێخ مەحموودەوە، جا کەوابوو، پێویستە ئێمە سیاسەتەکەمان ئەوە بێت کە چەند بتوانین سوود لە دەسەلات و شوێنی وەرگرین، پێویستە ئەوەشتان پێ بڵێم، کە ڕاوێژکەرەکانیشیان لە کاروباری عەشایەریدا هەر دەبێ لەوانەبن کە شێخ مەحموود حەزیان پێ دەکات، واتا ئێمە دەبێ ڕواڵەتی حکومەتی شێخ مەحموود بپارێزین، بەلام لە مەیدانی ئیشکردندا نابێ ئەویش دەست بخاتە

کاروباری ئەو ئەفسەرانەوە کە کاروباری عەشایەر لە ناوچەی خۆیاندا بەڕێوە دەبەن.

مەبەستی ڕاستەوخۆی ئەمڕۆمان ئەوەیە، کە هەموو سەرەک عەشیرەتەکان و بازرگان و پیاوە ئاینییەکان و گشت ئەوانەی خاوەن دەنگن بەرەو هەڵبژاردنی یەکگرتن بەرین لەگەڵ میسۆپۆتامیا، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ هەموو هەست و نەستمان بخەینە ژێر ئەم مەبەستەوە».

ئەمە بوو ڕاپۆرتەکەی مێجەر نوئێل دەرحەق بە شێخ مەحموود و کورد. ئەم ڕاپۆرتە وا دەگەیەنێت، کە هەر لەسەرەتاوە ئینگلیزەکان دیارە هەر بیریان لە حوکمی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) کردووەتەوە بۆ کورد ئەویش لەپاڵ حکوومەتی عێراقدا کە لە پاشەڕۆژدا دای دەمەزرێنن، ئیتر هەرچی قسە و باسێکی تر هەبێت، لەبابەت حکوومەتی سەربەخۆی کوردستانەوە، هیچیان جێی بڕوانین، چونکە ئەم قسانەی کە نوئێل لە ڕاپۆرتەکەیدا دەریان دەخات، لە ئۆتۆنۆمی زیاتر نەڕۆیشتووە نوئێلیش بەلای کەمەوە یەکێک نەبووە لەو ئینگلیزانەی دژی کوردن.

کەوابوو با ئەم شتە ڕوون بێتەوە بەتایبەتی لای ئەوانەی کە بڕوای زیاتریان بە ئینگلیز و بەقسەکانی بووە، بەڵێ ڕەنگ هەیە ئەگەر بەرژەوەندی بەریتانیا ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرەو ئەم ئاسۆیە بچوایە، ئەوسا قسە بهاتایەتە سەر شتێکی زیاتر بەڵام دوای ئەوەی ئینگلیز بە مەرامی خۆی گەیشت لەگەڵ تورکەکان و دوای دامەزراندنی حکوومەتی عێراق، دوای ئەوە لە هەموو قسە و پەیمانەکانی پێشووی پاشگەز بووەوە. ئەوساکە (ویلسن) وەک وتمان حاکمی گشتی عێراق بوو ناکۆکی کەوتە بەینی (ویلسن) و شێخەوە. چونکە ویلسن هەر لە سەرەتاوە بە چاوێکی دۆستانە سەیری شێخی نەدەکرد و دەیویست کۆتایی بە حوکمی بدا (یاداشت ڕەفیق حیلمی ل ٧٠).

مێجەر سۆن لە یەکەم ڕۆژی هاتنیەوە کەوتە پیلاندانان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود و لەناوبردنی فەرمانڕەواییەکەی، هەر کەسەش لە ئاستی خۆیەوە بەبێ ئەوەی پێ بزانێ لەمەدا بەشداری دەکرد. ئەوانەی لە شێخ نزیک دەبوونەوە و پایەیەکی باشیان هەبوو، زۆربەیان خۆپەرست و پووڵەکی بوون و ناحەزی یەکتر بوون، شێخ خۆی لە سیاسەتدا تازە بوو، ئازاییەکەشی ئەوەندەی تر هەڵەی پێ دەکرد، نوئێل هەموو هەوڵێکی دا کە (ویلسن) لە شێخ نەتۆرێ، بۆیە کە مێجەر سۆن هات، ئیتر گلۆڵەی شێخ بەرەو لێژی ڕۆیشت[١٦].

شێخ مەحمووديش کە ئەم ساردییەی بۆ دەرکەوت، ناچار ئەویش کەوتە خۆی، لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکاندا کەوتە قسەکردن و بزانێ کامیان لەگەڵیان و کامیان لەگەڵیا نین، بۆیە لە مایسی ١٩١٩دا خەبەری بۆ (مەحموود خانی دزلی) نارد کە بەناوی زیارەتی مەرقەدی کاک ئەحمەدەوە بە لەشکرێکەوە بێتە ناو شار، ئەویش بە (٣٠٠) سوارەوە هاتە سلێمانی، هەر چەندە مێجەر سۆن هاواری کرد بێ سوود بوو، لەتاوا ئەو پێش دوو ڕۆژ بەرەو کەرکووک ڕۆیشت، شێخیش ئینگلیزەکانی تر چی مابوونەوە هەموویانی گرت و لە دەبۆ کۆنەکە بەندی کردن، لەولاشەوە هەڵەبجەش لەلایەن هەورامییەکانەوە گیرا[١٧].

ئینگلیزەکان بەم کارە هێجگار سەغڵەت بوون، (ویلسن) بە فڕۆکە بەیاننامەیەکی بەسەر شاردا بڵاوکردەوە، داوای لە شێخ مەحموود کردبوو کە بۆ گفتوگۆکردن بچێتە بەغدا، شێخیش چەند مەرجێکی بۆ ئەم چوونە

---

١٦. ئەحمەد تەقی (یاداشت)، ل ٢٤ – ٢٥.

١٧. سەیری ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی (یاداشت)ەکانیان و شۆڕشەکانی کورد – عەلائەدین سەجادی بکە ئەمانەش لە ڕۆژی ٢٣ مایسی ساڵی ١٩١٩دا ڕوویان دا.

دانا، (ویلسن) پێی ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوە فەرمانی دا لەشکرێکی گەورە لە کەرکووک پێک هات، بەرەو سلێمانی نێررا، لەشکری شێخ مەحموودیش لە تاسڵووجە بەرەنگاریان بوون لەشکری ئینگلیز شکا و بەمە ئەوەندەی تر ناویان زڕا، ویستیان بەهەر نرخێک بێ حەیای خۆیان بکڕنەوە، بۆیە فەرمان درا فیرقەیەک هێزی ئینگلیز لە مووسڵەوە هاتن، لەم بەینەشدا لەشکری شێخ گەیشتە دەربەندی بازیان و شێخ قادری براشی بەخۆی و (٥٠٠) سوارەوە نارده چەمچەماڵ. شێخ و لەشکرەکەی لەوە دڵنیا بوون کە سەر ئەکەون، بەڵام (گوایە) بە (ڕابەر)ی (موشیری حەمەی سلێمان) کە یەکێک بوو لە سەرۆکە بەگزادەکانی هەمەوەند، کە ساردی و ناکۆکی لەگەڵ شێخ مەحموودda هەبوو، بەشێک لە لەشکرەکەی ئینگلیزی بەیانییەک پێش هەتاوکەوتن و لە ڕێگەیەکەوە بەبیری کەسا نەهاتبێ لە کاتێکدا کە شێخ مەحموود لەبەر دەمی دەربەندەوە بەتەما بوو هەڵمەت بەرن لە پشتەوە دەورەیان دا، ئینجا لەشکرەکەی بەردەمی دەربەند لەم دیوەوە و بە (تۆپ) و (شەست تیر) تاوی دایە سەر دەربەند و بەمجۆرە شێخ و لەشکرەکەی کەوتنە بەینی دوو ئاگرەوە، لەشکری هەمە (تیرە و چەشنە)ی ئینگلیز بە (گورگە و سیک) و (مەغوولی بورما)وە بە شیر وەشاندن ناویان دەرکردبوو، لەشکری شێخیش قارەمانانە و ئازایانە شەڕیان کرد بەڵام ئاگری تۆپە گەورەکانی ئینگلیز زۆر بەتین بوو، جگە لەوەی شەڕی دەستە و یەخەش دەستی پێ کرد[١٨].

١٨. ڕەفیق حیلمی (یاداشت) ل ١٢٤-١٢٧. لەم شەڕەدا (حاجی سەید حەسەن) مامی شێخ مەحموود و تایەری فەرخە مدیری پۆلیسی شێخ مەحموود، لەناو کوژراوەکاندا بوون. مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێت: لەم کاتەدا لە خاکی کوردستانا کارەساتی (کەربەلا) تازە دەکرایەوە.

لەشکری کورد (٤٨) کوژراو و ژمارەیەکی زۆر بریندار و (دیل)یش (١٢٠) کەس بوون.

د. کمال مظفر لەم دواییەدا لە کۆواری (ڕەنگین ژمارە ١٠٢سالی ١٩٩٧)دا وتارێکی بڵاو کردەوە ئەو گوناهەی تا ئێستا و بەمجۆرە درابووە پاڵ موشیری حەمەی سلێمان=

شێخیش دوای برینداربوونی کشایەوە ژێر بەردێک[١٩] لەوێدا لێی کەوت، ئینگلیزەکان دیسان گوایە بەهۆی مشیری هەمەوەندەوە ناسییانەوە. گرتیان و خستیانە (سەیارە) و لەژێر پارێزگاری هێزێکی گەورەدا ناردیانە بەغدا[٢٠]. ئەمەش کەوتە رۆژی ١٩١٩/٦/٩.

ئیتر دوای ئەوە هێزەکە بەرەو سلێمانی کەوتە رێ ئینگلیزە گیراوەکانیان لە بەندیخانە دەرهێنا دوای ئەوەی دوو مانگ و نیوی تێدا مانەوە[٢١].

شێخ مەحموود و شێخ محەمەد غەریبی زاوای لە بەغدا دوای مانگ و نیوێک لەم شەرە، دران بە مەحکەمەیەکی عورفی سوپایی لە بەغدا کە ئەندامەکانی هەموو ئینگلیز بوون، دوای موحاکەمەیەکی رواڵەتی و پەلە و بانگکردنی شایەت[٢٢] لە سلێمانییەوە، لە رۆژی (٢٥)ی تەمموزی ١٩١٩دا

= ئەشواتەوە و ئەو بیانووە بەچەند بەڵگەیەک رەت دەداتەوە و دەڵێن ئینگلیز هیچ پێویستییان بە رێگە پێشاندانی موشیر نەبووە چونکە ئینگلیزەکان خۆیان سەدان نەخشەی وردی کوردستانیان لەبەر دەستا بووە، شوێن نەمابوو نەخشەی نەکێشن و زۆر شتی تر بەڕاستی بەڵگەکانی کاک کەمال ئەوەندە پڕمانا و بەهێزن بڕوای زۆر کەس رادەکێشن کە من خۆشم یەکێکم لەوانە منیش دەڵێم ئاخۆ شێخ قادری برای شێخ مەحموود لەوە پێشتر ناردبوویە چەمچەماڵ نەدەبوو ئاگاداری ئەم جموجۆڵەی مشیری حەمەی سلێمان بووایە. کاک محەمەد نەجم الدین نەقشبەندی و دکتۆر فوئاد حەمە خورشیدیش هەر لەسەر ئەم رایەن.

١٩. ئەمەیە بەردە قارەمان کە تاکو ئەمرۆش هەر نیشانەی خەباتی گەلی کوردە لە دەربەندی بازیاندا، ئەو دەربەندەی لە پێش هاتنی عیساوە هەر قاپی ناوچەی کوردستان بووە و بە خوێنی شەهیدانی کورد گەچە سپییەکە ئاڵ بووە. ئەمەیە (بابیت) بە زمانی ئاشوورییەکان، ئەمەیە (دەمێرە قاپو) بە زمانی عوسمانییەکان کە واتای قاپیی ئاسن دەگرێتەوە کە وەختی خۆی قاپییەکی وەهای تێدا بووە، ئەمەیە دەربەندی بازیان.

٢٠. رەفیق حیلمی (یاداشت) ل ١٢٦-١٢٧ بەرگی -٢.

٢١. سەرچاوەی پێشوو.

٢٢. ناوی شایەتەکان لە (یاداشت)ی رەفیق حیلمی ل ١٦٧دا هەیە، هەروەها لە (چیم دی) مامۆستا ئەحمەد خواجەش. ل ٥٣-٥٤ لە بەرگی یەکەم. بەشی یەکەم.

هەردووکیان حوکمی خنکاندنیان درا، بەڵام لەبەر هەندێک هۆی سیاسی و لە ترسی جووڵانەوە و هەیەجانی کورد و بە تەمای ئەوەی لە پاشەڕۆژدا سوود لە شێخ وەربگرن، هاتن حوکمەکەیان گۆڕی بە دە ساڵ بەندکردن و ناردیانن بۆ (دوورگەی ئەندامان) لە هندستان[٢٣].

ئەمە بوو دەوری یەکەم لە شۆڕش و لە حوکمی شێخ مەحموود کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨وە دەستی پێ کرد و لە ڕۆژی ١٩١٩/٦/٩دا کە شێخ لە دەربەندی بازیان بە دیل گیرا، کۆتایی هات و تەنیا حەوت مانگ یاخۆ کەمتریشی خایاند. لێرەدا ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکەیدا زۆر جوانی فەرمووە کە دەڵێت: (مێجەر نوئێل، مەئموری پێکهێنانی حوکمی شێخ مەحموود و مێجەر سۆن مەئموری تێکدانی بوو).

دوای ئەوەش ڕایەکی بەنرخی تری دەربڕیوە کە گوایە (زۆر کەس دەڵێن کە شێخ مەحموود دەیتوانی پارێزگاری حوکمەکەی بکات، ئەگەر بەقسەی ئینگلیزی بکردایە. باشە بە قسەشی بکردایە، حاڵی کورد لەمە چاکتر نەدەبوو. ئەگینا ئەگەر بیانووی ئینگلیز ئەوە بوو کە شێخ مەحموود بەرەنگاری دەکردن، بۆچی پاش نەفیکردنی پێشەوا یەکێکی تریان بە ناوی حوکمداری سلێمانییەوە لە جێگە دانەناو یەکسەر فەرمانڕەواییەکەیان تێکداو حوکم کرا بەحوکمی ئینگلیز، ئاخۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لێرەدا

٢٣. باسی دوور و درێژی ئەم محاکەمەیە لە کتێبی (هەندێک دادوەریی بەناوبانگ) یاخۆ (محاکماتی مەزن لە مێژوودا) نووسینی جەمال بابان چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق. بەغدا – ١٩٨١ ل ١٠٧–١٢٠ هەیە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکەیدا دەڵێت: لەکاتێکدا کە شێخ مەحموود و شێخ حەمە غەریبی زاوای لە بەندیخانە یاخۆ نەخۆشخانەی بەغدا چاوەڕێی محاکەمە بوون، زابتە کوردە بە دیل گیراوەکانی وەک (قادر ئەفەندی قەرەداغی) و (عیزەت تۆپچی) و (قالەی ئایشە خان) و (ڕەشید جەودەت) و (ڕەشیدی غەفوور) و (ئەدهەم ئەفەنی) و (عەلی پاودی ساڵح) و گەلێکی تر لە بەندیخانەی بەغدا، فێری (خشتی کاڵ) بڕین دەکران. بەرگی یەکەم – بەشی دووەم. ل ١٦٤.

شێخ مەحموود هەر بیانوویەک بوو بۆ ئینگلیزەکان و هیچی تر؟... ئەی چۆن لەوە پاش یەکێکیان لە دەرەوە هێنا و کردیان بە مەلیکی عێراق، بەو جۆرەش دەیانتوانی پیاوێکی تر بکەن بە حاکمی کوردستان ئەگەر لە شێخ مەحموود ڕازی نەبوون هەر هیچ نەبوایە مێجەر سۆن خۆی دەیتوانی بەناوی نوێنەری حوکمداری کوردستانەوە فەرمان بگرێتە دەست هەتا گەلاڵەی پیاوێکی تەواوی خۆیان دەکرد، بەڵام دیارە کە هەرگیز ئینگلیز ئەمەی نەویستووە و هەر لە ئەساسەوە نیازی نەبووە کوردستانێکی سەربەخۆ بهێنێتە کایەوە ئەگینا بۆچی بە بیانووی بزووتنەوەیەکی شێخ مەحموودەوە ئەم کوردستانەشی تێکدا[٢٤]؟ ئەوەی زیاتر شایەنی باس بێت لەم دەوری یەکەمەی حوکمداریەتی شێخ مەحموودا ،ئەو یاداشتە بوو کۆنگرەی (ڤەرسای) لەلایەن داواکردنی حقوقی کوردەوە نێررا . مەزبەتەیەک ڕێک خرا و ئەمانیش واتە کوردی عێراق (سلێمانی و ناوچەی سۆران) شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشایان[٢٥] کرد بەنوێنەری خۆیان بۆ داواکردنی مافی کورد لە کۆڕی ئاشتی و کۆنگرەی ئاشتیدا[٢٦] لە پاریس، مەزبەتەیەک لە

٢٤. ئەحمەد تەقی (یاداشت) ل ٤٠-٤١.

مامۆستا ڕەفیق حیلمیش هەر لەسەر ئەم ڕایەیە، سەیری یاداشت بەرگی دووەم، بەشی یەکەم ل ٤١-٤٢ بکە.

٢٥. شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای خەندانە لە ئاستانە خوێندی و گەیشتە پایەی بەرز و بوو بە باڵیۆزی عوسمانی لە (ستۆکهۆلم)، دوای (مەشرووتیە) وازی هێنا و چوو لە پاریس دانیشت، جوانیی ڕەوشت و کردەوە و جوانیی خۆی، وای لە ئەمیرە ئامینەی کچی خدێوی تۆفیق کرد کە بۆی شێت بێ و دوای کەوێ بۆ پاریس و لەوێ خۆی لێ مارە بکات.

٢٦. کۆنگرەی ئاشتی، ئەوەبوو دوای بڕانەوەی شەڕی گەورەی یەکەم لە بەینی دەوڵەتە سەرکەوتووەکاندا ساڵی ١٩١٨دا لە پاریس گیرا بۆ باسکردنی دامەزراوی گێتی و سەر هەڵنەدانەوەی شەڕ و باسی دوارۆژی ئەو میللەتانەی لەوەو پێش لە ژێر حوکمی عوسمانیدا بوون.

لایەن پیاوماقووڵان و سەرۆکی عەشرەتەکانەوە ڕێک خرا ئیمزا کراو درایە دەست سەید ئەحمەدی بەرزنجی و[٢٧] ڕەشید کابان کە بیبەن بۆ پاریس و بیدەنە دەست شەریف پاشا و لەم بابەتەوە قسەی لەگەڵ بکەن، ئەوان لە ڕێی حەڵەبەوە ویستیان بگەنە پاریس. هەر گەیشتنە (حەڵەب) ئیتر ڕێیان نەدرا بڕۆن، ناچار بە مەزبەتەکەوە گەڕانەوە سلێمانی. ئەوەی کۆنگرەی (ئاشتی) و پەیمانی (سیڤەر)[٢٨]یش بڕیاری بۆ کورد دا هیچی نەهاتە دی و هەمووی بڵقی سەرئاو بوو لە ئاتەشخانەی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکاندا، کاغەز و پەیمان، هەموو سووتان و بوون بە قەرەبرووت. بۆ لەمەودوا فڕوفێڵی ئینگلیز لەم ڕووەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

---

٢٧. سەید ئەحمەد (مرخص=مخول) بوو کە ئەم مەزبەتەیە بگەیەنێتە شوێنی خۆی و نوێنەر بێت لەگەڵ ڕەشید کاباندا.

٢٨. ئەوەی دەیەوێت زیاتر لە بڕیارەکانی پەیمانی (سیڤەر) بگات، ئەو بەندانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە، (بەندی٦٢و ٦٣و ٦٤) بە وەرگێڕراوی بۆ کوردی، سەیری شۆڕشەکانی کورد- عەلادین سەجادی بکات. ل ٩٠-٩٢.

## ٣

# سلێمانی لە سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز (مێجەر سۆن)دا

## حوزەیرانی ١٩١٩-١٩٢١

بێگومان تا ئێرە خوێنەری ئازیز کەم یاخۆ زۆر ڕەوشت و سروشتی مێجەر سۆنی بۆ ڕوون بووەوە و لە نیازی دڵ و دەروونی شتێک هەر تێگەیشت. خۆ مێجەر سۆنیش ئەوەی کە دەیکرد و دەیوت تەنیا کردەوە و (ڕا)ی خۆی نەبوو، بەڵکو ئەویش بە (أمر و أیعاز)ی (حاکمی گشتیی عێراق) و لەوێش بەرەوژوورتر وەزیری (مستعمرات) و گەلێک شوێن و لای تر، دەڕۆیشت بەڕێوە. سۆن لە ئەنجامی ئەوەدا کە دانووویان لەگەڵ شێخ مەحموددا نەدەکولا و بیر و ئاوات و ئامانجی شێخ شتێک بوو، ئازایەتی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەکەی بچێتە پاڵ، ئەمانە بە کابرایەکی کەللەشەقی وەک سۆن هەزم نەدەکرا، ئێجگار کە ئەوەندەش شێخ گوێی لێ نەدەگرت و گرینگیی پێ نەدەدا. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە، ئاگر خۆشکەرەکانی ناوخۆمان لە سوود گەڕێن و هەلپەرستەکان[1] کە دەچوونە بن کلێشەی هەردوو لاوە و لە یەکیان تیژ دەکردن ئیتر ئەوەبوو ئیشەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باسمان کرد و کاروباری سلێمانی یەکسەر کەوتە ژێر دەست سۆن[2] خۆیەوە.

---

١. مەگەر هەر مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەو کوردییە بەهێزە پڕ مانایەی توانیبێتی لە یاداشتەکەیدا وەسفی ئەوانە بە وردی بکات و کردەوەکانیان بخاتە ڕوو.

٢. مێجەر سۆن ئەوەندەی لە بنەچەی زانرابێت، کابرایەک بووە لە ساڵی (١٩٠١)دا بە (محاسب) لە (بانقی شاهنشاهی) دامەزراوە لە (شیراز) بووە بە ئیسلام و لە (کرماشان) بووە بە بەڕێوەبەری بانق و هەر لەوێ لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە، =

ئینجا هەروەک مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکەی و وەک دانیشتوانی ئەو سەردەمەی سلێمانی باسیان دەکرد ئەم کابرایە هەر چەند ئەو کردەوانەی بەرامبەر بە پێشەوای کورد شێخ مەحموود بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک ئیشی کردووە کە بۆ ئەوسا و ئەو زرووفەی شارەکەی تێ کەوتبوو، بە یارمەتی و دەستگرۆیی دادەنرێت، سا لەبەر چ مەبەستێک و بۆچی ئەوانەی کردووە، ئەوە لەلایەک بەڵام وەک ڕاستییەک و ڕووداوێک لە شارەکەدا ئەوسا باس دەکرا.

مێجەر سۆن خۆی لە خانووی (ئەمین ئەفەندی مەلا قادر)دا بوو کە لەم دواییەدا بوو بە خانووی (میرزا فەتاحی شەریف) و دوایی تریش مۆڵکی تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا بوو. قوتابخانەی (فیصلیە)ی کۆن کە ئەمڕۆ (بازاڕی عەسرییە) دایەرەی سیاسی و شوێنی دانیشتن و ئیشوکار بەڕێوەبردنی بوو. سەرای ئێستاش، ئەو ڕۆژە دادگە و تاپۆ و پۆلیسخانە و بەندیخانە بوو.

سۆن نزیکەی دوو ساڵێک بە حاکمی سیاسی مایەوە کە هەر خۆی حساب

---

=ئینجا لە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی فارسیدا ئیشی کردووە، لە ١٩١٤دا لە (چیا سرح) لە خانەقین بووە و لە شەڕی گەورەدا بە ئەسیری نێرراوەتە میسر و لەوێوە لە ساڵی ١٩١٦دا هێنراوەتە بەسرە، لە ١٩١٦دا بووە بە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی (دزفول) و لە ١٩١٧دا أستخباراتی هێزی سوپایی ئینگلیزدا ئیشی پێ سپێردراوە لە دواییدا بە حاکمی سیاسیی لە (مەندەلی) و لەوێوە گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی.

لە بەینی ساڵەکانی ١٩٠٧-١٩٠٩ بە خۆ گۆڕین (متنکر) گەڕانێکی دوور و درێژی کردووە بەناوی (غولام حوسەین شیرازی)یەوە کە گوایە بازرگانە هاتووەتە سلێمانی و لە خانی غەفوور ئاغا ماوەتەوە، لەوێوە چووە بۆ هەڵەبجە و لەگەڵ خانمی وەسمان پاشادا ناسیاوی پەیدا کردووە لەوێوە چووەتە بیارە و گەڕاوەتەوە سلێمانی.

ئەو گەشتەی لە دوو بەرگدا لە لایەن مامۆستا فوئاد جەمیلەوە کراوە بە عەرەبی بە ناوی (رحلة منتكرالي بلاد مابين النهرين و كوردستان) ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١ چاپ کراوە.

بوو، لەو ماوەیەدا هەندێک ئیشی کرد کە ئەمانە گرینگەکانیانن[٣]:

یەکەم: ئەوسا دوای بڕانەوەی شەڕی گەورەی یەکەم (سەفەربەر) و کشانەوەی عوسمانییە چاو چنۆکەکان، کاتی قاتوقڕو خەڵک برسی بوو، سۆن دەستی کرد بە هێنانی مووچە و دانەوێڵە و خواردەمەنی تر وەک گەنم و جۆ و شەکر و چاو و خورما دابەشی دەکردن بەسەر خەڵکەکەدا، بۆ هەژار بە خۆڕایی و بۆ دەوڵەمەند بە پارە، هەر لە هەمان کاتدا پارە و پوولێکی باشیشی بڵاو کردەوە لە وڵاتدا، تاکو بناغەی ئابووری تۆزێک هەڵسێنێتەوە و هێزی شت کڕینی خەڵک بەرزکاتەوە، جگە لەوەی باجی ڕێژیشی لەسەر ئەو بازرگانانە هەڵگرت کە لەم لاولاوە ماڵیان دەهێنا.

دووەم: هەر بەو پارەیەی دەیویست بڵاوی بکاتەوە ڕێگەی ئۆتۆمۆبێلی بەم لاولادا ڕاکێشا، وەک (ڕێگەی سلێمانی و قەرەداغ لەگەڵ دروستکردنی پردەکەی سەرچەمی تانجەڕۆ)، (ڕێگەی سلێمانی – سوورداش)، (سلێمانی – چوارتا – نۆدێ)، (سلێمانی – هەڵەبجە..).. ئەم ڕێگایانە بەو جۆرەی ئەو ڕۆژە و بەو کەرەستانەی ئەوسا هەبوون کراون کە بێگومان زۆریان بەینە لەگەڵ هی ئەمڕۆ. بەم بۆنەیەوە بێ ئیشی کەم کردەوە یاخۆ نەیهێشت. هەر لەسەر ئەو پارانەی خەرجی کرد لە دواییدا ئینگلیزەکان خۆیان سۆنیان پیاو خراپ کرد و بە گوناهباریان دانا بەوەی کە (گوایە) دەیەوێ سەربەخۆیی بۆ کوردستان بسێنێ و خۆی ببێ بە حاکمی وڵاتی سلێمانی.

سێیەم: دز و درۆزن و پیاو خراپی چاو ترسێن کرد و کەمی کردنەوە، چ لە سلێمانی چ لە دەرەوەیدا. هەر بۆ ئاسایش شەو چوونە دەرەوەی درەنگی یاساغ کردبوو، ئەوی پێش ئەو کاتەش بچوایە دەرەوە دەبوایە چرای دەستی هەڵگرتایە، جاڕیشی دابوو، کە هەموو کەس شەو لە خۆیان ئەمین بن و

٣. ئەم خاڵانە لە بابەت مێجەر سۆنەوە، پوختەی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ەوە وەرمان گرتوون لە ژمارە یەکەوە تاکو (١١٨) کە لەسەردەمی خۆیی و دوای ئەویش دەردەچوو جگە لەوانەی لە دەمی خەڵکم بیستوون.

دەتوانن دەرگەش قفڵ نەدەن، بۆ هێنانە دیی ئەم مەبەستە خۆی دەگۆڕی و بە (مەخفیەتی) بەناو شارا دەگەڕا.

چوارەم: زوڵم و زۆر و ماڵی ئەم و ئەو خواردنی کەم کردەوە و دەستی زۆردارانی کێشایەوە، یاخۆ بەستەوە. هەر لەم ڕووەوە یاسای سزا (قانوونی عقوبات) و[4] (اصولی محاکمات) و (قانوونی مەدەنی) و باقی یاساکانی تری دەوڵەتی عوسمانی هێنایە کایەوە و ئیشی پێ دەکردن، جگە لەوەی کێشەی زەویوزار هەر بە (شرع) دوایی پێ دەهێنا.

پێنجەم: قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت)ی کردەوە، خۆی جار جار دەرسی کوردی تێدا دەوتەوە، مامۆستا ڕەشید کابان بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بوو. هەروەها قوتابخانەیەکی تریشی کردەوە لە دەرگەزێن لە خانووەکەی (حاجی ئەحمەدی جادر) کە مامۆستا (سەعید زەکی) بەڕێوەبەری بوو قوتابخانەی (أولیە) یان پێ دەوت.

شەشەم: ڕۆژنامەی پێشکەوتنی دەرکرد و تا (١١٨) ژمارەی لێ بڵاو بووەوە، مەرجیشی کرد هەر کەس وتاری باش و بەسوود و بە کوردی پەتی بنووسێت (پەنجا ڕوپێ) بەخشیشی دەدرێتێ، سێ کەس ئەم بەخشیشەیان وەرگرت.

(١) شێخ نووری شێخ صاڵح کە لە جووتیاریی دوابوو بە سەرنامەی (جووت و گا شتێکی باشە) پەنجا ڕوپیەی وەرگرت.

(٢) جەمیل صائب بەسەر نامەی (ڕۆژەوە بوونێک) کە لە قۆپی قەرەداغ بە سەیران شەو ماونەتەوە و پیاو خراپ نزیکیان نەکەوتوونەوە. ئەو (٢٥) ڕوپیەی وەرگرت.

(٣) مستەفا صائب بە سەرنامەی (بۆ چرۆکێ). ئەو (٣٥) ڕوپیەی وەرگرت.

---

٤. بۆ نەهێشتنی تاوان و بەدوای (محرمات)دا گەڕان (٣٠٠) ڕوپیە بەخشیشی تەرخان کردبوو بۆ ئەوانەی خەبەر دەدەن. سەیری پێشکەوتنی ژمارە (٤٥) ساڵی یەک ڕۆژی (٣مارت ١٩٢١) بکە.

سۆن ناردبووی چاپخانەیەکی بچووکیشی هێنابوو کە ڕۆژنامەکەی پێ لە چاپ دەدا و لە دواییدا بوو بە موڵکی شارەوانی.

جگە لەوانە هەر سکاڵا (ئەرزوحاڵ - عریضـە)یەک وەک پێشـوو بە تورکی یاخـۆ فـارسی بۆ حـاکـمی سـیـاسی بنووسـرایـە، سـۆن وەری نەدەگـرت و خەڵکەکەی ناچار دەکرد بە کوردی بنووسن[٥].

حەوتەم: پارەی بە قـەرز بە تۆوچێن (زراع) و جووتیار (فلاح) بەبێ بـارمتە و بێ قـازانج دەدا، بەتـایبـەتی بەو کـەسـانـەی زەویوزاریان هەبوو، تـەنیـا بە گـوێرەی مـۆرکـردنی کـوێخـا، دانەوەی ئەم پارەیەش وردە وردە و هـەر جـارە شـتـێکی. هـەروەهـا دەینارد حـسـابیـان لەگـەڵ دەکرا و حـەقـیـان چـەند بوو وەریاندەگرت.

هەشـتەم: بۆ پاراسـتنی پاک و تەمـیزیی نـاوشار، زۆر هـەوڵی دەدا، یەکێک لەو فـــەرمـــانانـەی لەم ڕووەوە دەری کـــردبوو شـــتـــێکی ســـەیر بـوو بەلای دانیشتوانی شارەکەوە.

ئەو لادێییانەی دانەوێڵە و میوە و سەوزەیان دەهێنا، یاخۆ (دار و خەڵووز) و[٦] بە وڵاخـەکـانیـانەوە دەهاتـنە ناو شـارەوە دەبوایە لە دواوە (پـاش وانکە)[٧] یان لەژێر کلکی وڵاخەکـانیـاندا قـایم کردایە بۆ ئەوەی ئەگـەر (تەرس)[٨] یان

---

٥. لەم بابـەتەوە (قـەرەداغـی، مـصـطفی) لەبابەت خـوێندن و نووسین بە زمـانی کـوردی لە ژمـارە (١٠سـاڵ یـەک ڕۆژی یەکی تەممـوزی ١٩٢٠) سـتـایشـی (حکوومـەتی فـەخـیـمـەی بەریتانیا)ی کردووە لە (ڕۆژنامەی پێشکەوتن)دا.

٦. بەرەی ئەمـڕۆ ڕەنگ هەیە نـەزانن مـەبـەست لە دار و خـەڵووز چییـە چونکە نـەیان دیوە. ئەوسـا دار دەبڕایەوەو دەکرا بە بار، یاخـۆ دەسووتێنرا و دەکرا بە خـەڵووز و دەخرایە ناو خـەرار یا گـونیـەوە دەهێنرایە ناو شـار، ئەو دار و خـەڵووزە بـۆ خـۆ گـەرمکردنەوە و چێشت لێنان و چا لێنان و ئاو گەرمکردن بەکار دەهێنران.

٧. لەسـەر وەزنی (بەروانکە) کە بۆ پێشـەوەیە، پاش وانکە بۆ دواوە.

٨. تەرس: پیسایی وڵاخ.

کرد نەکەونە سەر شەقامەکە و ناو شار پیس نەکەنەوە.

جگە لەوە کاروباری ڕێکخستنی ناوشار و پاک و تەمیزیی بە شارەوانی سپاردبوو، خۆشی سەرەوکاری دەکردن.

نۆیەم: دەورەیەکی کردەوە بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان لە حەڤدە سالان کەمتر نەبێت، بۆ فێربوونی ئیشی ئۆتۆمۆبێل بە شاگردی[9] و کە تەواویان کرد مانگانەکەیان لە (٥٠) ڕوپیە کەمتر نەبێت. ئەم دەورەیە تاقمێ ئۆتۆمۆبێلچی باش و شارەزای لە سلێمانیدا پێ گەیاند وەک (مەلا)ی ئۆتۆمۆبێلچی و (عەبدوڵلا)ی برای و (عەبدە) و لام وایە هەندێکیش لە (دیان) و (ئەرمەنی)یەکان کە هەموو بوون بە وەستاباشی سەرەتاکەیان لێرەوە دەستی پێ کردبێ.

دەیەم: ئەنجوومەنی شاری دانا، کە پێیان دەوت (مجلسی شار) ئەمە ئەنجوومەنێکی (ڕاوێژکار - استشاری) زیاتر بوو لەوەی کارگوزار بێت، بەلام بەهەڵبژاردن[10] هەروەها دانانی (سەرۆکی شارەوانی)ش هەر بە هەڵبژاردن بوو. یەکێک لەم ئەنجوومەنانە، ئەندامەکانی بریتی بوون لە (حەماغای ئەورەحمان ئاغا و عەبدول فەتاح چەلەبی و جەمال عیرفان و حاجی برایم ئاغا)، ئەمانە ئەندامانی هەڵبژێردراوی شار بوون، ئەحمەد موختاری قازی و سەدیق مەزهەری سەرەکی مەحکەمە و صالح پاشا و (کاپتان هوڵت)ی معاونی حاکمی سیاسیی ئەندامانی تەبیعی شار بوون. جگە لەمانە ئەمین ئاغای ڕەشید ئاغای هەمەوەند (بەناوی چەمچەماڵەوە)، حەمە صالح بەگی حەمە عەلی بەگ (بەناوی شارباژێڕەوە)، حامید بەگی

---

٩. پێشکەوتن ژمارە (١) ڕۆژی نیسان ١٩٣٠.

١٠. بۆ نموونە سەیری ژمارە (٣٧) ساڵی یەک ڕۆژی شەشی (جنوری) ساڵی (٩٢١ و ژمارە (٤٣) ساڵی یەک ڕۆژی (١٧) شوبات ١٩٢١ هەروەها سەیری بەرگی دووەمی بەشی یەک یاداشت) ل ٢٠-٢٣ی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و ژمارە (١٥)ی ساڵی دووەمی گۆڤاری دیاری کوردستان بکە.

مـەجـیـد بەگی جـاف (بەنـاوی هەڵەبجــەوە) و هەمـزاغـای ئەولاغـا (بەنـاوی ڕانیە)وە، ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەم ئەنجوومەنە بوون.

جارێکی تر لە ئەندامـەکان (تۆفـیق وەهبی) و (مـیرزا فـەرەج) و (حـاجی برایم ئاغا)ی تێدا بوو.

لە هەڵبـژاردنی سـەرۆکی شـارەوانیـشـدا (سـەر کاتب) مـەحـموود ئەفەندی دەرچوو[11].

ئەمـە جگە لە هەڵبـژاردنی ئەنجـوومەنی قـەزاکـان وەک ئەنجـوومەنی قـەزای هەڵەبجە کە لە ئەنجـامی هەڵبژاردندا (عەلی بەگی مەحموود پاشا) و (کەریم بەگی فـەتاح بەگ) و (ئەحـمـەد بـەگی وەسـمـان پاشـا - ئەحـمـەد مـوخـتـاری شـاعیـر) و (ئەفراسـیـاب بەگی ڕۆسـتـەم بەگ - سـەرۆکی هەورامی) و (قـادر بەگی جەعفەر سـوڵتان - سەرۆکی هەورامـی) و (حامیـد بەگی مەجید بەگی جاف) دەرچوون[12].

جگە لەمـانە هانی دانیـشـتـوانی شـارەکەی دا بـۆ دەست پیا هـێنانەوەی خانەقای مـەولانا خـالید بـە کۆکردنەوەی پارە[13] هـەروەهـا گرەوی هەڵپەڕینی کـوردی پەتی و نیـشـان شکاندن و وڵاخ تاودانی دادەمـەزراند و لە شـێـوەی (رایسـز)دا چ وڵاخـێک پێش بکەوتایە خـاوەنـەکـەی بەخـشـیـشـی دەدرایە[14] ئینجا فـەرمانی دەرکـرد کـە دەبێ ناوی شار بـە (سلێمـانی) بنووسرێت نەک (سلێمانیە)[15].

---

١١. مـەبەست لە مـەحمـوود ئەفـەندی قـادر ئاغایە کە دوو جـار بوو بە سـەرۆکی شـارەوانی وەک لە شوێنی خۆیدا پیشان دراوە.

١٢. سـەیری پێشکەوتنی ژمارە (٦٢ ساڵ ٢ ڕۆژی ١ی تەمموز ٩٢١) بکە.

١٣. سـەیری پێـشـکەوتنی ژمـارە یەکی سـاڵی یەک ڕۆژی ٢٩ نیـسـان ٩٢٠ بکە. بۆیە خـۆی لەسـەر حسابی حکوومەت نەیکرد کەوا (غەیرە دینە) و قسە نەهێنێتەوە سەر خۆی.

١٤. پێشکەوتن ژمارە (١٠) ساڵی یەک ڕۆژی یەکی تەمموز ١٩٢٠.

١٥. پێشکەوتن ژمارە (١٢) ساڵی یەک ڕۆژی ١٥ی تەمووز ١٩٢٠.

له لایەکی ترەوە فەرمانی دا بەوانەی ئیشی حەکیمی یاخۆ (مامان)ی دەکەن، پێویستە (اجازە) لە گەورەی حەکیمانی شار وەربگرن و دوای تاقیکردنەوە ئینجا ئەو ئیشانە بکەن، ئەگەر یەکێک دژی ئەو فەرمانەی بکردایە هەزار ڕوپیە جەزا یاخۆ شەش مانگ بەند دەکرا. شتێکی ئەوتۆ ببوایە لە بابەت (شەرع)ەوە، لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، لە شێوەی پرسیاردا بڵاوی دەکردەوە، ئەوسا (دەزگا یاخۆ دادگەی شەرعی) هەر ڕۆژنامەدا وەڵامیان دەدایەوە، ئەوسا ئیشی پێ دەکرد[١٦].

هەندێک شتی تری لەم بابەتانە لە پێشکەوتندا هەن، بەڵام ئەوەی کە بە پێویستی دەزانین کە هەواڵەکە هەروەک خۆی کە لە ڕۆژنامەکەدایە بڵاو بکەینەوە، سەیرانەکەی گەڕەکی دەرگەزێنەو[١٧] بریتی بووە لە سەیران و خۆ نواندن و شانۆ کە گشتیان تێکەڵاو کردبوون و شتێکی سەیریان لێ هێنابووە کایەوە:

---

١٦. بۆ نموونە سەیری ژمارە (٢٦ ساڵی یەک ڕۆژی ٢١ تشرینی یەکەم ١٩٢١) پێشکەوتن بکە.

١٧. منداڵ بووم هەرچەندە دایک و باوکم باسی ئەو سەیرانەیان بۆ دەگێڕامەوە حەزم دەکرد یەکێک بوومایە لەو منداڵانەی کە لە قەراغ شەقامەکان دەوەستن و چەپڵە لێ دەدەن، بەڵام کە لەم دواییەدا شتەکەم خوێندەوە سەیرم کرد ئەوە نەبووە کەوا ناوی دەرکردووە، بەڵام چونکە لەو ڕۆژانەدا شتی وەها نەبووە، بۆیە دەنگی داوەتەوە. ئینجا دەڵێم: «ئاخۆ مێجەر سۆن کە ئەمەی کردووە، تۆ بڵێی بۆ تاقیکردنەوەی میللەتەکە نەبووبێت، هێجگار بەشی کاسب و ناو بازاڕ کە ئاخۆ ئەگەر شتێکیان بەدەست بێت چی دەکەن و چۆنی بەڕێوە دەبەن؟» سەیری پێشکەوتنی ژمارە (١٠٤ساڵی ٣ ڕۆژی ٢٠ی نیسان ١٩٢٢) بکە. هەروەک خۆی نووسیومانەتەوە تەنیا لە ئیملاکەدا شێوەی تازەمان گرتووە.

## سەیرانەکەی گەڕەکی دەرگەزێن

ڕۆژی یەکشەمە لە تەرەف گەڕەکی دەرگەزێنەوە، سەیرانێک ڕێک خرابوو، ئوسوڵی قەدیم بوو ئینتیزامی سەیرانەکە تەتبیق کرا، پادشا و چەند نازرێک و شەهبەندەرێک دانرابوو.لە مەعیەت پادشاهدا سوارە و پیادە چەند تاقمێک و لە مەعیەت شابەندەریشدا چەند فەرراش و فەرراش باشییەک بە جلی ڕەسمییەوە تەرتیب درابوو پادشا غەیری (٥٠) نەفەر عەسکەری پیادە و (١٠) نەفەر سوارە (٤) نەفەریش حەربەدار کە بە جلێکی سووری وەک خوێنەوە دایم لە ژوور سەریەوە دەوەستان لە مەعیەتیا بوون.

پادشا سەعیدی دەوڵەت بوو

سەدری ئەعزەم ڕەشیدی حاجی فەتاح

نازری حەربییە حەمە نەجیب حاجی مەحموود

نازری[18] خارجیە فەرەجی حەمە سمایل.

نازری مالیە ئەحمەدی دایەنەکە بوو

شەهبەندەریش ئەوڕەحمانی خامە بوو

بۆ تەزیینی ئەم ئالایەش چەند بەیداخێک و تەپڵێکی ئەفلاتوونی و دوو بزن و حوشترێک و دوو ئینسان کڵاودارایش پێک هێنرابوو ئالا لە گەڕەکی دەرگەزێنەوە بەم تەرتیبە بە دەهۆڵ و زورناوە ڕوویان کردە دەشت و لە جادەی هەڵەبجەوە هاتنەوە ناو شار.

سرەی هەوەڵ: سوارەی مەعیەت

دوای ئەوان: پیادە

دوای ئەوان: حەربەداران

دوای ئەوان: پادشا (بەسواری و جلی ڕەسمییەوە)

---

١٨. ناظر = وەزیر

دوای ئەوان: فەڕاشانی ئێرانی

دوای ئەوان: شەهبەندەر[١٩] بەسواری و جلی ڕەسمییەوە.

دوای ئەوان: بزن، حوشتر، انسان دارایی، بارگە و تفاق و سائرە.

بە جادەدا هاتنە دەشتی سەرا، لەوێدا هەر بەو تەرتیبە سەفیان بەست و فۆتۆغرافیان دەرهێنا[٢٠]. پاش ئەوەش بە هەموو بازاڕدا و لەوێوە ڕۆیشتن بۆ ئاشی بیەکانی قرگە[٢١].

لەناو بازاڕ و کۆڵاندا فەڕاشانی شابەندەر گیروگازیان[٢٢] بە گەلێک کەس خستبوو حوکم و زەبرێکی باشیان دەنواند، لە جێی سەیرانەکە حەوت چادری گەورە و دەوارێک هەڵدرابوو. ئەهالی، ئەشراف مەئموورانیش بۆ ئەو ڕۆژە و بۆ ڕۆژی دوایی دەعوەت کران.

وەزعیەت و ڕابواردنی دەشتیش بە خۆشی بەسەر چوو، پادشا حوکمی ئەدا و نازرەکانی پەسەندیان دەکرد و پۆلیس بەجێی دەهێنا، شەش پۆلیسی ڕەسمی حکوومەت درابووە مەعیەت پاشاوە. شابەندەریش زەبر و زەنگی خۆی بە هەموو کەس دەنواند، شاربەدەرکردن و جەریمە و فەلاقە و لە کۆتدان لای شابەندەر زیاتر[٢٣] بوو، (مع ما فیە) لە هەموو کەسێکدا

١٩. شەهبەندەر= باڵیۆز = سەفیر بەڵام ڕەنگ هەیە لەم سەیرانەدا مەعنایەکی تری هەبووبێت.

٢٠. مەبەستی ئەوەیە (وێنەی فۆتۆغرافییان) وەرگیرا. ئاخۆ ئەو وێنەیە لای کێ هەبێ خۆزگە دەستمان دەکەوت.

٢١. دێیەکە لە بەشی ڕۆهەڵاتی ژوورووی سلێمانی.

٢٢. مەبەستی گیر و گازە.

٢٣. وا دیارە میللەتی دواکەوتوو لە زەبروزەنگ زیاتر هیچ نازانێ لە حوکمدا، ڕەنگ هەیە مێجەر سۆنیش ویستبێتی ئەمەی بۆ دەرکەوێ باشە پاشا بۆچی فەرمانی شتی تری نەداوە، دوور لە زەبر نواندن، بۆچی ئەو سەیرانەیان بە قسەی خۆش و یاری خۆیی ڕانەبواردووە کە لە بەردەمی پاشادا بکرێ و ئەویش بەخشیش بدا بە قسە خۆشەکان و یەکەمەکانی یارییەکان...؟

نەشئەیەک هەبوو، هیچ کەس بە غەرەز لەگەڵ کەسدا نەدەجووڵایەوە، ڕۆژی سێشەمە لە سەعات حەوتەوە ئالا ڕێکەوت و هاتەوە بۆ شار.

## ڕەخنە لە حوکمی سۆن

هەرچۆنێک کردەوەکانی پێشووی سۆن لێک بدرێتەوە و بە تەرازووی سیاسەت بکێشرێ، ناگاتە ئەوەی کە شەفاعەت بۆ ئەم کابرایە بکات کەوا بوو بە کۆسپێکی گەورە لە ڕێی ئاوات و ئامانجی پاشەڕۆژی دانیشتوانی شارەکەدا، بێگومان ئەو ڕێگەیەی سۆن لەم ڕووەوە گرتبووی ڕەنگ کێشی تەنیا هەر خۆی نەبوو، بگرە خۆی و حکوومەتەکەی بوون کە ئەمە جارێکی تریش دەگەڕێینەوە سەری.

سۆن بەرامبەر بەو خاڵانەی پێشوو کە باسمان کردن ئەم کردەوە نالەبارانەشی هەبوو کە دەبن بە سەرزەنشت بۆ خۆیی و ڕۆژگارەکەی:

یەکەم: سۆن پیاوێکی بەفیز و لەخۆباییی بوو، جگە لەوەی کە زۆر توندوتیژ بوو لە تۆڵە و سزادا، کە زۆربەی ئەمانە لە شوێنی خۆیا نەبوون. واتا هەر بە عەقلیەتی ئیستعماری دەجووڵایەوە و کوردی گەلێک لە خوار خۆیانەوە سەیر دەکرد، بێگومان لەسەر ئەم بڕوایە بووە کە (میللەتی جاهل دەبێ بە شەق لە گەڵیا بجووڵێیتەوە ئەگینا نایەتە سەر ڕێی ڕاست)[٢٤]. جا ئاخۆ کوردی لە

٢٤. دەڵێن بەهەر شوێنێکدا تێپەڕ بوایە، دەبوایە خەڵکەکە لەبەری هەستن و دەست بە سینگەوە بگرن. هەرچەند بە بەر دووکانەکانی ئەوسای تەنیشت سەرادا دەڕۆیشت، خوا لێخۆشبوو مەلا عەلی مەڵکەندی کە دوکانی مۆر هەڵکەندنی هەبوو لەوێدا، لەبەری هەڵنەستاوە، بەو بڕوایەی کە بێگانەیە و لەسەر ئاینی ئەو نییە، لەسەر ئەوە سۆن دەنێرێ بە دوایا، کە لێی دەپرسێت بۆ چ هەر تەنیا تۆ لەبەرم هەڵناستی؟ وەڵامی دەداتەوە چونکە بێگانە و لەسەر ئاینی من نیت، بۆ سبەینێ سۆن توورەگەیەک ڕوپیەی بۆ دەنێرێ، بە ناوی خەڵاتی ڕاستگۆییەکەیەوە، مەلا عەلی قبوڵی ناکات و بۆی دەنێرێتەوە ئینجا سۆن دەنێرێتەوە بە دوایدا و ئافەریمی دەکات و دەڵێت: ئەگەر پارەکەت وەربگرتایە ئازارم دەدایت، چونکە ئەوە وای دەگەیاند، کە پارە وەرگرتن لە =

لیستەی ئەو میللەتانەدا داناوە یان نا؟ ئەوە خۆی دەیزانێ، بەڵام کردەوەی جوان و پەسەندی دوو پیاوی وەک مەلا عەلی مەڵکەندی و شەریف ئەفەندی موختار، ئەم ڕایەیان بە درۆ خستەوە کەوا نە بەزۆر و نە بە پارە و نە بە ئافرەتی ڕووت ئەوان ناخەڵەتێن و لە ئاین و ڕێی خۆیان لا نادەن.

دووەم: دەستەو دایەرەیەکی هیچ و پووچی لە دەزگاکەی خۆیدا کۆکردبوەوە کە بریتی بوون لە چەند بۆرە زەلامێکی هەرچی و پەرچی و بێ ویژدان. هەر بۆ دڵ ڕاگرتنی ساحێب هەموو شتێکیان دەکرد و فوویان لە دۆ نەدەکرد، جگە لەوەی شوێن و ئیشەکە و دەسەڵاتی خۆیان بۆ دەستکەوتی تایبەتی و جێبەجێکردنی کاروباری خۆیان بەکار دەهێنا[٢٥].

---

= (بێگانە ئاین) گوناە نییە، بەڵام لەبەر هەستانیان گوناهە.

جارێکیش بە ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە دەگاتە بەر گومرگە سووتاو، سەگێک دێتە سەر ڕێگەکەی، ئەویش شەریف ئەفەندی موختاری لەگەڵ دەبێت کە ئەوسا زەفتییەی مەعیەت بووە، دەڵێ شەریف ئەو سەگە بکوژە، ئەویش دەڵێ (ساحێب گوناهە)، دەڵێ پێت دەڵێم بیکوژە، سوودێکی نابێ. هەر لەوێدا تفەنگەکە لە شەریف ئەفەندی وەردەگرێتەوە و دەری دەکات، بەڵام داوای لێ دەکات ئێوارە بچێتە ماڵەوە بۆ لای. کە ئێوارە شەریف ئەفەندی دەچێت و خەبەر بە سۆن دەدەن. دەڵێ پێی بڵێن بێتە ژوورەوە، کە دەچێتە ژوورەوە سەیر دەکات ژنەکەی سۆن بە ڕووتی لە بەردەم سۆندا وەستاوە، شەریف چاوی دادەخات و گورج دەگەڕێتە دواوە، هەرچەند سۆن بانگی دەکاتەوە ناچێتەوە ژوورەوە، دوای ئەوە سۆن ئافەریمی دەکات و پێی دەڵێ ئەگەر بهاتیتایە ژوورەوە سزام زۆر دەدایت چونکە ئەوسا وای دەگەیاند، کە سەگ کوشتن گوناهە، بەڵام (نەزەری حەرام) گوناە نییە.

٢٥. وەک عەزیز خانی فەیلی. کاربەدەستەکانی دارایی و ڕێژیش هەموو هندۆک بوون وەک مودیری خەزێنە کە ناوی (جاە شکر – لەجێی شەکر) بەڵام خەڵکەکە (جاشە کەر)یان پێ دەوت. ڕاوێژکەریش ئاخونێکی خوزستانی بوو کە ناوی (آقای مجد عبدالحسن) بوو. حەمە ئاغا (حەمە درێژی کۆنە پیاوی ماڵی حاجی حەسەن ئەفەندی)ش پیاوی دەمڕاستی بوو کە لەوە پێش (واتە کاتی خۆ گۆڕینەکەی بە غولام حوسێنی شیرازی) پێکەوە کۆنە هاوڕێی چەرچییەتی و بازرگانی بوون.

سێیەم: (عموم خانە)یەکی لە شاری سلێمانیدا کردەوە، کە ئەمە شتێکی زۆر ناشیرین و ناپەسەند بوو بەلای دانیشتوانی شارەکەوە کە ئێستاش ئەو کەسانەی ماون ئەوەیان هەر لە دڵ دەرناچێت، پاکانەی ئەم کارەیشی بە چەند هۆیەکی بێ سەروشوێن بۆ خەڵکەکە دەهۆنییەوە کە هیچیان لە جێی خۆیدا نەبوون، چۆن لە شوێنێکی بە ئاین و خاوەن بیر و بڕوای بەرز ئەم کارە هەزم دەکرێت، لە سلێمانیدا کە دانیشتوانی هەموو لە ڕووی ئاینییەوە بەو پەڕی پاکی و خاوێنی هەڵسوکەوت دەکەن و لە زۆر کەسی تر دینیان بە هێزترە و لە هەمان کاتدا هەر لەسەر نەریتی کۆن دەڕۆن.

جگە لەمەش بەئاشکرا ڕێگەی کردنەوەی دوو لقی تری ئەم شوێنەی دا، یەکێکیان لە گەڕەکی سابوونکەران، ئەوی تریان لە گەڕەکی کانێسکان.

سۆن خۆی ئەو شوێنانەی ناو نابوو (شوێنی بێ ڕووەکان) کە سەرجەم هەر سێ لا نزیکەی (٤٠-٥٠) ئافرەتی بێ ئابڕووی تێدا بوو[٢٦] هەروەها سۆن بە ئاشکرا ڕێگەی (شەراب) دەرهێنانی دا کە ئەمەش دیسانەوە بۆ ئەو ڕۆژەی سلێمانی شتێکی لەجێ نەبوو، هەرچەندە دەرهێنانەکەی خستبووە ژێر چاودێری حکوومەت و بە (إجازە)ی ڕەسمی ڕێی دەرهێنانی دەدرا[٢٧]، جا ئەگەر ئەم کارە ناپەسەندانەی (سۆن)مان، دایە پاڵ گوناهە هەرە گەورەکەی کە دژ بە ئاوات و ئامانجی میللەتەکە بوو، ئەوە کارە باشەکانی دەسڕێتەوە، ئەو کردەوەیەی کە تا ئێستا و تا ئەمڕۆش هەموو بەدەستییەوە دەناڵێنن. بەڵێ سووچ و کەمتەرخەمی و هەڵەی خۆشمان ئێجگار زۆرن لەم

---

٢٦. ئینجا نازانم ئەم ئافرەتانە لە ژێر چاودێری پزیشک و (فحص)دا بوون یان نا؟ ئەگەر وا نەبێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ خستنەوەی نەخۆشیی سووزەنەک و فەرەنگی ئەم شوێنانە دامەزرابن.

٢٧. لە (پێشکەوتن)ی ژمارە (٧٤) ساڵی دوو ڕۆژی ٢٢ ئەیلول ١٩٢١دا (أعلان)ێکی تێدایە، کە هەر کەسێک (شەڕاب) بەبێ (رخصەت) دەربهێنێ دەعوای لەسەر تۆمار دەکرێت و دەدرێ بە دادگە بۆ سزا.

ڕووەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە نارەوایەی سۆن و لە ژوور ئەویشەوە ئیستعماری ئینگلیزی نەک هەر لە بیر کورد بگرە لە بیر هیچ عێراقییەک و گەلانی ژێر دەستی ئەوسای ئینگلیز ناچێتەوە.

## کاربەدەستانی سەردەمی ئینگلیزەکان[٢٨]

– مێجەر سۆن دوای ئەو گوڵدسمث: حاکمی سیاسی

– ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا قائمقامی هەڵەبجە

– ڕەزا بەگی ئیسماعیل بەگ قائیمقامی شاربازێڕ، لە دواییدا گوێزرایەوە کرا بە حاکمی قضاء. ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا بوو بە قائیمقامی شاربازێڕ، دوای ئەوەش ئەوڕەحمان ئاغا گوێزرایەوە کرا بە سەرۆکی شارەوانی، لە دواییدا مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا لە (سەر کاتب)یەوە بە هەڵبژاردن بوو بە سەرۆکی شارەوانی[٢٩].

– حاکمی قەڵادزە و پشدەر: بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا.

– ڕەئیسی پۆلیسی سلێمانی: براد فۆرد.

– معاونی حاکمی سیاسی: کاپتان هۆڵت.

– حاکمی سیاسیی چەمچەماڵ: کاپتان هۆڵت (دوای گواستنەوەی لە سلێمانییەوە).

– معاونی حاکمی سیاسی: کاپتان رایت.

– مفتشی مالیە: کاپتان رایت.

– قازی: ئەحمەد موختار.

– حاکمی منفردی سلێمانی: صدیق مظفر.

---

٢٨. وەک لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)مان وەرگرتووە.

٢٩. هەندێک ناو چەند جارێک دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە بە گوێرەی ئەو ئەرکانەی بە خاوەنەکانیان سپێردراوە.

- مدیری طاپۆ: فائق بەگ (فائق بەگی عەلی بەگ).
- ناظری مەحکەمە: محەمەد نەجیب (نەجیب ئەفەنی).
- مدیری پۆلیس: حاجی ئاغای حەسەن ئاغا، لە دواییدا کرا بە مودیری ناحیەی قەرەداغ، عەونی ئەفەندی حاجی گورون چووە جێگەی، دوای بەینێک عەونی ئەفەندیش کرا بە مودیری ناحیەی سەرچنار.
- مودیری ناحیەی تانجەرۆ (عەربەت): محەمەد فوئاد بەگ (حەمە بەگی قادر پاشا).
- مودیری ناحیەی مەرگە: حوسێن ناظم، چووە جێگەی جەمال بەگ، دوای گواستنەوەی جەمال بەگ بۆ سەرچنار.
- مودیری ناحیەی سەرچنار: عەونی ئەفەندی گوێزرایەوە بۆ دائیرەی حاکمی قەزا کە لەوێ ئیش ببینێ.
- مودیری ناحیەی قەرەداغ: حاجی ئاغا و لە دواییدا بوو بە مودیری ناحیەی تانجەرۆ.
- مودیری ناحیەی سووورداش: ئەحمەد ئەفەندی گوێزرایەوە بۆ قەرەداغ و محەمەد فوئاد بەگ چووە شوێنی، دوای ئەوە ئەویش گوێزرایەوە بۆ ناحیەی سرۆچک.
- مودیری ناحیەی سەنگاو: ئیسماعیل حەقی لە مودیری سووورداشەوە کرا بە مودیری سەنگاو.
- مەئموری أجراء: ئیبراهیم؟
- مەئموری پێشووی ماوەت: فەخری بەگ (فخری بەگ واصف بەگ) مودیری أیتام ئەحمەد؟
- چاوەشی بەلەدییە: کەریم بەگ (دەرکراوە و سزاش دراوە لەسەر بەرتیل وەرگرتن).

- موديرى مەكتەب: ڕەشيد زەكى (ڕەشيد كابان).
- معلمى مەكتەبى سەعادەت: سەعيد صدقى (سەعيد كابان).
- موديرى مەكتەبى نموونەى عرفان: سەعيد زەكى.
- معلمى مەكتەبى سەعادەت: زيوەر ئەفەندى.

خشتەيەک لە لاپەڕە «٨٨»دا هەيە ئەمە ناونيشانەكەيەتى

ژمارەى دانيشتوانى ناحيە و قەزاكانى سلێمانى لەسەردەمى ئينگليزەكاندا: وەک لە ڕۆژنامەى پێشكەوتندا بڵاو كراوەتەوە[٣٠]

| ناوى جێگا | پياو | ژن | كچ | كوڕ | هەمووى | ژمارەى خنوو | ژمارەى دێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرچنار | ١١٥٩ | ١١١٨ | ٤٤٦ | ٤٤٣ | ٣١٦٦ | ٨٠٨ | ٤٨ |
| تانجەرۆ | ٩٥٧ | ١٠٠٢ | ٤٧٢ | ٦٠٩ | ٣٠٤٠ | ٨٧٤ | ٦٠ |
| قرەداغ | ١١٧٩ | ١١٨٤ | ٤٥٠ | ٥٧٠ | ٣٣٨٣ | ٩٤٢ | ٤٥ |
| سورداش | ١٢٦٨ | ١٠٨٧ | ٤٨٣ | ٧٢٦ | ٣٥٦٤ | | ٤٧ |
| سرۆچک | ٨٠٢ | ٨٤٧ | ٣٨٩ | ٤٩٦ | ٢٥٣٤ | ٦٧١ | ٣١ |
| شارباژێر | ٧٨٨ | ٧٧٥ | ٣٧٧ | ٤٨٢ | ٢٤٢٢ | ٥٨٢ | ٥٢ |
| شيوەكەڵ | ٨٦١ | ٨٢١ | ٣٩٢ | ٤٠٩ | ٢٤٨٣ | ٥٧٥ | ٤٥ |
| قاميش | ١٣٨٤ | ١٣٣٨ | ٦١٨ | ٨٩٤ | ٤٢٣٤ | ٩١٤ | ٥١ |
| چەمچەماڵ | ١٣٧١ | ١٤٤٤ | ٦٩٠ | ٧٧١ | ٤٢٧٦ | ١١٥٩ | ٦١ |
| بازيان | ٦٤٦ | ٥٤٠ | ٢٤١ | ٣٣٥ | ١٧٦٢ | ٦٣٨ | ٤٠ |
| زاب | ٦٨٢ | ٧٣٨ | ٣٩٣ | ٣٩٣ | ٢٢٠٦ | ٥٤٠ | ٣٨ |

٣٠. ژمارە (٢٧–٣١) ساڵى يەک پێشكەوتن. شارى سلێمانى تێدا نييە.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جەباری | ٣٧٢ | ٣٧٨ | ١٦٨ | ١٧١ | ١٠٨٩ | ٣١٧ | ٣٢ |
| سەنگاو | ٦٥١ | ٦٩٧ | ٣٩٤ | ٥٢٣ | ٢٢٦٥ | ٥٦٢ | ٤٨ |
| هەڵەبجە | ٢٢٤٩ | ٢١٠٣ | ١٠٥١ | ١١٠٦ | ٦٥٠٩ | | |
| پێنجوێن | ٨٢٤ | ٨١٠ | ٥١٢ | ٥٧٧ | ٢٧٢٣ | | |
| خورماڵ | ٨٦٢ | ٧٨٤ | ٢٩٢ | ٣١٦ | ٢٢٥٤ | | |
| هۆرین و شێخان | ٩٦٨ | ٩٩٤ | ٥٧٨ | ٥٠٤ | ٣٠٤٤ | | |
| رانیه | ٦٥٢ | ٦٣٨ | ٢٥١ | ٣٥١ | ١٨٩٢ | ٥١١ | ٣٧ |
| خەلەکان و چناران | ٨٣٠ | ٩٢٠ | ٣٥٢ | ٣٩٩ | ٢٥٠١ | ٧٨٠ | ٣٩ |
| قلعەدزە | ١٠٥١ | ١١٢٥ | ٧٦٧ | ٧٤٥ | ٣٦٨٨ | ١٠٧٨ | ٩١ |
| مەرگە | ١١٢٦ | ١٢٧٧ | ٥٢٤ | ٥٥٣ | ٣٤٨٠ | ١٠٢١ | ٤٤ |
| | | ٣٧٧ | ١٦٦ | ٢٦٨ | ١٢٠٧ | | ٢٤ |
| هەمووی | ٢١٠٧٨ | ٢٠٩٩٧ | ١٠٠٠٦ | ١١٦٤١ | ٦٣٧٢٢ | | |

## ٤

## سلێمانی و حوکمی دووەم جاری شێخ مەحموود

دوای بردنی شێخ مەحموود بۆ هندستان، شیرازەی ئاسایش لە سلێمانیدا بە تەواوەتی تێکچوو. لە لایەکەوە لە ناوچەی بادینان ئاژاوە دەستی پێ کردبوو، لەم لاشەوە لە هەورامان و مەریوان و بانە دیسان هەرا بوو. (ئوزدە میر)یش[1] لە ناوچەی ڕەواندزدا تۆزی دەکرد. لەلای (سابلاخ و ورمێ)شەوە سمایل ئاغا (سمکۆ) دەستی پێ کردبوو، شەڕی (١٩١٤–١٩١٨) شەڕی گێتی یەکەم هەرچەندە بڕابووەوە، بەڵام گێچەڵ و پاشە لەقەی هەر لەناوا بوو. ئەمانە هەموو سەریان لە ئینگلیز تێکدابوو، واتا چوارچاو بووبوو، وڵاتی سلێمانیش بە دوورخستنەوەی (شێخ مەحموود) گەلێک دڵگران بووبوون و هەر ڕۆژە لەلایەک شتێک دەقەوما.

ئەم شتانە هەموو ئینگلیزیان ناچار کرد بەوەی کە دان بە (واقع)دا بنێ و

١. ئۆزدەمیر: ئەفسەرێکی تورکی کەمالی لە پلەی میر ئالا (کۆلۆنیل)دا لە ڕەگەزی چەرکەسەکانی میسر بوو، بە سەرۆکایەتی مەفرەزەیەکی سوپایی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢دا نێررایە ناوچەی ڕەواندز، چوار پێنج ئەفسەر و چەند نەفەرێک سەربازی تورک، باقی هێزەکەی لەناو کورددا گرد کردەوە. ئۆزدەمیر پاشا یاخۆ (عەلی شەفیق) بەڕاستی زیرەک و خوێندەوارێکی وریا بوو. خوو سروشتی کوردەکانی دەزانی و لە دەستووری عەشایەردا ئاگەدار بوو. بە بەرگی ئەفسەرییەوە دیمەنێکی گەلێک جوان و بە شەوکەتی هەبوو، لە دووان و گفتوگۆشدا ئەدیبانە یاخۆ وەک خوێندەوارێکی بەرز دەهاتە پێش چاو. ئەم پیاوە نێررابووە ناوچەی ڕەواندز بۆ هەڵگێڕانەوەی کوردەکانی باکور لە ئینگلیز و بۆ پشت گرتنی ئەتاتورک، یاخۆ کەمالییەکان (یاداشت – ڕەفیق حیلمی).

شێخ مەحموود لە هندستانەوە بهێنێتەوە سلێمانی و بیکاتەوە بە حوکمدار. هەرچەندە لە ماوەی بەینی ئەم دوو جاریی حوکمدارییەدا حکوومەتیش لە بەغدا دامەزرێنرا و لە ڕۆژی (٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٢٠)دا بەناوی حکوومەتی عێراقییەوە یەکەم وەزارەتی (سەید ئەوڕەحمانی نەقیب) دامەزرا، بەڵام سلێمانی هێشتا نەخرابووە سەر حکوومەتی عێراق و (مەندوبی سامی)ی ئینگلیز لەو حکوومەتەی گەیاند کەوا خۆی چاودێری وڵاتی سلێمانی دەکات.

دەنگی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی بڵاو بووەوە، لە هەموو لایەکەوە کوڕگەلی عەشایەر و ڕۆڵەی کورد ڕوویان کردە سلێمانی و هەموو خۆیان بۆ پێشوازی شێخ ئامادە دەکرد[٢]. جا لەم بەینەدا لە شاری سلێمانی هەندێک ڕووداو سەریان هەڵدا بێگومان باسکردنیان بەسوودە چونکە وەک خۆ ئامادەکردنێکە بۆ پێشوازی دەوری نوێ.

لەوانە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە زمانی حاڵی سەردەمی ئینگلیز بوو لە دوا ژمارەیدا[٣] بڵاوی کردووەتەوە کە لەمەولا دەرناچێت دوابەدوای ئەو ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) لە ڕۆژی (٢ أغستوس ١٩٢٢[٤])دا (صاحب أمتیاز و مدیری مسئوول مصطفی پاشا) دەرچوو.

هەر لەو ژمارەیەی (بانگ کردستان)دا هەواڵی پێکهێنانی (جمعیت کردستان) بە سەرۆکایەتی حاجی مستەفا پاشای یامولکی (میر لوای أرکان حرب متقاعد) و لەسەر (مأذونیەت و مساعدەی ڕەسمی حکوومەتی سیاسیی سلێمانی) ئەم کۆمەڵەیە پێک هات.

---

٢. سەیری شۆڕشەکانی کورد – عەلادین سەجادی لاپەڕە ٩٣–١٤٧ بکە هەروەها سەیری (یاداشت)ی ڕەفیق حیلمی جزمی پێنجەم و ڕۆژنامەی (بانگ کوردستان) ژمارە (٥) ساڵی (١) ڕۆژی (٤) أیلول ٩٢٢ بکە.

٣. ژمارە (١١٨) ساڵی (٣) ڕۆژی ٢٧ جولای – تەمموز ١٩٢٢.

٤. ژمارە (١) ساڵی (١).

ڕۆژی ٢١ تەمووزی ٩٢٢ لە مزگەوتی سەید حەسەن کۆبوونەوەیەک کرا (لە تەڕەف جەنابی مستەفا پاشاوە نوتقێکی أفتتاحی دائر بە مەقصەد و غایەی ئەم أجتماعە خوێنرایەوە و سامعین کە بیستیان غایەی ئەم فیکرە بۆ تەرەقی و تەعالی میللەت و وەتەنە بە کەمالی أفتخار قبووڵیان فەرموو).

دوای هەڵبژاردن ئەو زاتانەی (بە گوێرەی ئەو دەنگانەی وەریان گرتووە) کە دەرچوون ئەمانە بوون: حاجی مستەفا پاشا خۆی سەرۆکی (جمعیەتە)کەیە و ئەمانەش ئەندامەکانن.

(ڕەفیق حیلمی ئەفەندی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، صالح ئەفەندی قەفتانچی، فایق بەگی مارف بەگ، حاجی ئاغا فەتحوڵلا، عیزەت بەگی وەسمان پاشا، ئەدهەم ئەفەندی یوزباشی، ئەحمەد بەهجەت ئەفەندی یوزباشی، شێخ محەمەد ئەفەندی گولانی، شێخ عەلی ئەفەندی سەرکار، عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا، شوکری ئەفەندی عەلەکە). (بانگ کردستان)یش زبانی حاڵی ئەم کۆمەڵەیە بوو لە سەرەتادا، لە دواییدا بوو بە زبانی حاڵی حکوومەتی شێخ مەحموود وەک لەمەودوا باسی دەکەین.

لەم ڕۆژانەدا لەلایەن حکوومەتی بەریتانیاوە فەرمان بە ئینگلیزەکانی ناو شاری سلێمانی درابوو، کە چۆڵی بکەن و جڵەوی حوکم بدەنە دەست (مجلس لیوا) کە بریتی بوون لە (حاجی مستەفا پاشا یامولکی، حەماغای ئەورەحمان ئاغا، عەبدولفەتاح چەلەبی، مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسول ئاغا (مەجیدەفەنی کانێسکان)، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ).

ڕۆژی (٥ ئەیلولی ٩٢٢جەنابی جەلالەت مەئاب حەفیدزادە شێخ عەبدولقادرە فەندی لەگەڵ أعضای مەجلیسی لیوا لە تەڕەف حاکمی سیاسییەوە بۆ جێگەی تەیارەکان لە کەنار شار دەعوەت کران، ڕۆژێک لەوەو پێش شەش تەیارەی گەورە هاتبوون، جەمعێکی غەفیر وەستابوون)[٥] ئەو

٥. بانگ کردستان ژمارە (٦) ساڵی (١) ١٨ أیلول ١٩٢٢.

سەردەمە مێجەر (گوڵد سمیث) حاکمی سیاسیی بوو لەو کۆبوونەوەیەدا و پێش فڕین ڕووی کردووەتە خەڵکەکە و وتوویەتی (بینا بە ئەمرێک کە لە مەندوبی سامی وەرم گرتووە، ئێستا سلێمانی تخلیە دەکەین، عەسکەر، پۆلیس، أسلحە، جبەخانە، پارە، أرزاق و سائرە هەمووی لە جێی خۆیاندا تەرکمان کرد بۆ ئیدارەی خۆتان فکر بکەنەوە، ئەمە کلیلی خەزینەیە، تەسلیم بە کێی بکەم، کێ بە ڕەئیسی مەجلیستان أنتخاب دەکەن؟)[٦].

لە وەڵامدا هەموو ئەوانە لە وێدا بوون وتوویانە (جەنابی شێخ قادر ئەفەندی ئێستا مناسبە فەقەت لازمە ساعەتی ئەوەل جەنابی شێخ مەحموود ئەفەندی بێتەوە ئێرە تا أدارەی أمور تأمین بکرێ...)[٧].

دوای ئەوە حاکمی سیاسی و معاونەکانی و قوماندانی عەسکەری و باقی ئینگلیزەکان دوعاخوازی لە خەڵکەکە دەکەن و بە فڕۆکە سلێمانی جێ دێڵن.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ عەسر ئەندامانی ئەنجوومەنی شار بە سەرۆکایەتی شێخ قادری حەفید کۆدەبنەوە، مستەفا پاشا وەک پێشەوایەکی سوپایی لەگەڵ ئەفسەرەکانی تر و سەربازدا پاراستنی ئاسایشیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان. بۆ ڕۆژی دووەم سەرۆکەکانی هەمەوەند، بەتایبەتی کەریم بەگی فەتاح بەگ بە سوارێکی زۆرەوە خۆیان دەکەن بە شاردا، شێخ عەبدولقادری حاکمی سەنگاو و شێخ مستەفای کوڕی لەوە پێشتر لەناو شاردا بوون. ڕۆژی سێیەم کە هەینی بووە قسەوباس بڵاو کراوەتەوە بەتایبەتی لە لایەن هەمەوەندەکانەوە کە گوایە هێزێکی بێ شوماری تورک بە چەک و جبەخانەوە لەلای ڕانیە و دووکانەوە ڕووەو سلێمانی دێن، دوای نوێژی (جومعە) کە زۆربەی ئەو پیاوانە لە مزگەوت بوون، چوون بۆ دائیرەی حاکمی سیاسیی بە قەرەباڵغێکی زۆرەوە و لەوێدا وا لەو کەسانە کرا کە کۆبوونەوە، بەبێ پێچ و پەنا و بە ئاشکرا، هەر کەسە چ لایەکی دەوێ دەری

---

٦، ٧. بانگ کردستان ژمارە (٦) ساڵی ١٨ أیلول ١٩٢٢.

بڕێ، کورد یاخۆ تورک یاخۆ ئینگلیز.

جا لەبەر ئەوەی ئینگلیز سلێمانی چۆڵ کرد و بڕوا نەدەکرا جارێکی تر بەو شێوەیەی ئەوسا بێتەوە، لەبەر ئەوە چوار پێنج کەس نەبێ باقی هەموو دوو (شیعار)یان لە یەکدا (لەگەڵ خەلافەت و ئیسلامییەت مەعلومە هەر بژی کوردستان و حکومەتی کوردستان) و هەموو دەستیان بۆ ئەوە بەرز کردووەتەوە، زەعامەتی ئەم تاقمە حاجی مستەفا پاشا و حەفیدزادە سەید عەبدوڵڵا دەیانکرد، ڕەزا بەگ کە زەعیمی ئەو چوار پێنج کەسە بووە کە وتمان، ئەو وتوویەتی (ئەمانە منداڵن، بە قسەی ئەمانە چۆن دەبێ)[8]، گوایە لەم کاتەدا کابرایەک کە ڕاسپێرراوە خۆی دەکات بەناو خەڵکەکەدا و دەڵێت (ئێستا لەشکرێکی زۆری تورک تاقم تاقم و تابوور تابوور پیادە و سوارە گەیشتنە شیوی ئاودار کە نزیکی شارە خۆم چاوم پێیان کەوتووە و هاتم خەبەر بدەم)[9] حاجی مستەفا پاشا و خەڵکەکە دەچنە دەرەوە بزانن چییە و (تەرتیباتی عەسکەری) بکەن، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و دەستە و دایەرەی، مستەفا پاشا دەگرن دەیبەن حەپسی دەکەن، بەمە ناو شار دەشڵەژێ و لەسەر (تدخل)ی شێخ عەولقادری سەنگاو و شێخ مستەفای کوڕی بۆ ئێوارە بەردەدرێ و دەکرێ بە ئاهەنگ.

ڕۆژەکانی دوای ئەوە شێخ قادری حەفید بە گوێرەی توانا ئاسایشی دامەزراندووە و پێشوازی سەرۆکەکانی عەشایەری کردووە کە بە دەنگوباسی گەڕانەوەی شێخ مەحموودەوە ڕوویان کردووەتە سلێمانی، لەم

---

٨. قسەی ڕاست و بێ پێچ و پەنا چەند خۆشە، با لە ئینگلیز دۆستێکیشەوە بووبێت. ئەوانی تر ڕاستە لە دڵا حەزیان هەر بە کورد و کوردستان کردووە بەڵام لەبەر ئەوەی (إحتمالات)ی هاتنی ئۆزدەمیر هەبوو بۆ ناوچەی سلێمانی، لە ترسی ئەوە خەلافەت و ئیسلامیەتەکەشیان داوەتە پاڵ لە کاتێکدا کە (ئۆزدەمیر) کەمالی بوو، نەک سەر بە خەلیفەی عوسمانی کە نەمابوو.

٩. هەمووی لە بانگ کردستان ژمارە (٦) ڕۆژی ١٨ أیلول ٩٢٢ وەرگیراوە.

ماوەیەشدا شێخ لە کوێتەوە بەرەو بەغدا کەوتبووە ڕێ.

هەر ئەو ئاڵایەی لەوەوپێش لە سەردەمی یەکەمی شێخدا هەڵکرابوو فەرمان درا هەر لەو ئاڵایە لە چەند شوێنێکدا پێش هاتنەوەی شێخ، بچەقێنرێت، بەو بۆنەیەشەوە چەند تۆپێک تەقێنراوە و چەند دەستڕێژێک کراوە.

ئینجا بە گوێرەی بەیانی حاکمی سیاسیی گوڵد سمث[10] کە دەڵێت (ئەمڕۆ شێخ مەحموود و شێخ غەریب دەگەنە بەغدا کە دەکاتە چوارشەممە ١٣ی أیلول. شێخ ڕۆژی ١٩ی ئەیلولی ٩٢٢ لە کفری بووە، بەوەدا کە داوای چەند پیاو ماقووڵێکی سلێمانی کردووە کە بچن بۆ گفتوگۆ و هەر ئەوانە ڕۆژی ٩٢٢/٩/٢٥ گەڕانەوە بۆ سلێمانی[11] لەناو شاری سلێمانیداو لەسەر فەرمانی شێخ قادری برای شێخ مەحموود کە ئەو ماوەیە وەک وتمان ئەو سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی بوو و بۆ پێشوازی کردنی جەنابی حوکمدار چوار تاقی ظفر) دروست کراوە و شار لە هەموو لایەکەوە ڕازاوەتەوە.

ڕۆژی ٩٢٢/٩/٣٠ جەنابی شێخ لە دێی (داریکەلی)یەوە کە لەوە پێش لە کفرییەوە ڕووی تێ کردبوو، گەیشتە ناو شار و تۆپ ئاگردراو لە لایەن سەرباز و شاگردانی قوتابخانە و خەڵکێکی زۆرەوە پێشوازی و گوڵ باران کراوە. جەنابی(خەتیب) خوتبەیەکی خوێندووەتەوە (حەزرەتی حوکمداریش

١٠. بانگ کردستان ژمارە (٧) ساڵی (١) ٣٢ أيلول ١٩٢٢.

١١. ئەو پیاوانە حەماغای ئەوڕەحماناغا و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف و ئیبراهیم ئەفەندی ملازم عەسکەری.

هەر لەم ماوەیەدا شێخ مەحموود پێش خۆی فەرمانی بەم کوردانە دابوو کە بگەڕێنەوە بۆ خزمەت لە سلێمانی. ئەوانیش: سەدیق پاشای قادری، بەکباشی ئەرکانی حەرب تۆفیق وەهبی بەگ و بەکباشی خالید سەعید بەگ و یوزباشی ڕەشید ئەفەندی و مولازم ئەمین ئەفەندی و مولازم عەزیز حیکمەت ئەفەندی و مولازم عەبدالعەزیز ئەفەندی و مولازم ڕاوەندوزی ئەمین ئەفەندی. (بانگ کردستان ٨ ساڵ ١-٢٦ أیلول ١٩٢٢).

دائیر بەئەمەکە بۆ تەرەقی کورد و کوردستان بەهەموو نەوعێک سەعی دەفەرموێت و بۆ خزمەتی میللەت بە جان و دڵ حازرە، نوتقێکی پڕ مەعانی و شیرینی فەرمووە...)[١٢].

دوای ئەوە بە پازدە دەقیقە (لە پێشدا سادات و مەشایخ، لە دواییدا ئەشراف و موتەمەیزانی مەملەکەت، لەپاشاندا توجاران و دایەرە بە دایەرە مەئمموورین بۆ زیارەت قبوڵ فەرمووراون و لە تەرەف تەشریفاتچی مەخصوصەوە تەقدیم کراون[١٣]. وا دیارە (مێجەر نوئێل) کە ئەو سەردەمە جێگری مەندووبی سامی بووە. هەر لە بەغداوە لەگەڵ شێخدا هاتووەتە سلێمانی و ڕۆژی ٩٢٢/١٠/٦ گەڕاوەتەوە.

## (إرادەی حوکمدار)

لە ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢(إرادەی علیەی حضرت حکمدار ژمارە (١) لە مەملەکەتی سلێمانیدا نووسراوە لە مەحموود إبن سعید بۆ کافەی ملت کورد) بەمجۆرەیە[١٤] دەرچووە:

(لە پاش تەلەبی سەعادەت و مەغفەرەت لە بارەگەی ئەحەدیەت بۆ ئەم میللەتە مەزلومەی خۆمە ئیعلان ئەکەم، کە لەبەر بەعزێک

---

١٢، ١٣. (بانگ کردستان ٩ ساڵ ١ ڕۆژی ٨ تشرینی أول ٩٢٢). جا وابزانم ئەوەی سەرنووسەری بانگی کوردستان لە ژمارە (٧)ی ڕۆژنامەکەدا لە بابەت (سعد زەغلول)ەوە دوای گەڕانەوەی لە بەندیەتی بڵاوی کردووەتەوە کە چۆن میسرییەکان چوون بۆ پێشوازی و بە شان هەڵیان گرتووە، دەڵێت شێخ مەحموودیش کە لەسەر عەینی مەسەلە گیراو سێ ساڵ و نیوە حەپسە، بزانین میللەتی کورد بە چ نەوعێک ئیستقبالی دەکەن و ئیحترامی دەگرن؟ دەڵێم وادیارە پێشوازی شێخیش لەوەی (زغلول) کەمتر نەبوو. خەبەری ئەو پێشوازییە دوور و درێژ بە چوار لاپەڕەی تەواو لە ژمارە (٩) بانگ کردستان ڕۆژی (٨) تشرینی أول ساڵی ٩٢٢دا بڵاو کراوەتەوە.

١٤. لە ڕاستیشدا ئەمە (إرادە) نییە بگرە بەیانە. هەروەک خۆی دەینووسینەوە بەڵام بە ئیملای ئەمڕۆ. بانگ کردستان ژمارە ١٠ ساڵی (١) ١٥ تشرینی أول ١٩٢٢.

ئەسباب و عەواریزی سیاسییە مودەتێکە لە خزمەت ئەم میللەتە صادقەی کوردە دوور و مەهجور مابووم، ئەمڕۆ لە سایەی خودا و ڕۆحانیەتی مستەفا (صلعم) و هیمەتی ئەجداد و لە سایەی نیاز و تەزەڕوع (تضرع) و قوەتی ئەم میللەتە صادقەوە گەیشتمە ئەم ڕۆژە مقەدەسە کە موەفقەن هاتوومەوە لە ئیمڕۆوە دەستم کردووە بە تەدویری پەروانەی حکوومەت و محافەزەی وجودیەتی کوردستان. ئومێد و ئارەزوو دەکەم کە هەمووتان بەیەک غایە و مەسلەک و بێ فاصیلە سەعی بۆ دەوامی ئەم ڕۆژە و کۆشش بۆ تەعالی ئەم میللەتە بکەن.

وەکو یەک عائیلە موتەفیقەن و موتەحیدەن لەگەڵ مندا بۆ تەحکیم و دەوامی ئەم حەقە صەریحەیەی کە دەستمان کەوتووە لازم و فەرزە سەعی و غیرەت بکەین.

ئەی میللەتم: ئەمین بن کە زامنی سەعادەت و موەفەقیەتی ئەقوام ئیتحاد و ئیتیفاقە میللەتێک کە خوێنی ڕشتبێ بۆ حەقی خۆی قەتعیەن مەحروم و ئەسیر نابێ و قەراری عالەمی مەدەنیەتیش ئەمەیە کە هەر قەومێک و هەر عونسورێک خۆی بە خۆی دەبێ ئیدارە بکات. ئەوەلەن ئێمە میللەتی کوردین سانییەن بۆ ئەم غایەیە قوربانێکی زۆرمان داوە، بەو شەرتەی کە یەک دڵ و یەک زبان و یەک وجود بین، بە ئیزنی خودا هیچ کەس زەفەرمان پێ نابا و منیش تا ئاخر قەترە خوێن و ماڵی خۆم و ئەولاد و ئەبناعەم بۆ سەعادەتی ئێوە سەرفم کردبوو وە تەکرار دەکەم. هیمەت لە ئێوە و موەفەقیەت لە خودا.

حوکمداری کوردستان

مەحموود

(صورت ارادهء علیهء حضرت حکمدار. عدد ٢-١٠ تشرینی أول ٩٢٢). له

مەملەکەتی سلێمانیدا نووسراوە[١٥].

بۆ تشکیلات حکوومەت کوردستان نصب و تعیین ئەم زاتانەم لە کابینەی حکوومەتدا مناسب دیی.

سپهسالار　　شێخ قادر

رئیس داخلیە　　شێخ محمد غریب

رئیس مالیە　　عبدالکریم علکە

رئیس معارف　　میر لوا مصطفی پاشا

رئیس شرع و عدل　　- ...

رئیس گمرگ: أحمد بگ فتاح بگ

رئیس نافعە: محمد ئاغای عبدالرحمن ئاغا

رئیس أمنیەت عمومیە: سید أحمد بەرزنجی

مفتش عموم حکومت کردستان: میر لوا صدیق القادری پاشا

حکمدار کردستان

مەحمود

ارادەی حکمدار عدد ٣ ڕۆژی ١٥ تشرینی أول ١٩٢٢.

ئەم أرادەیان بریتییە لە داواکردنی شتێک لە بابەت (تقدیمی میلاکی موظفین) و تقدیمی (میزانیە) و (نظامی داخلی هەر رئاسەتێک)[١٦].

أرادەی علیەء جناب حکمداری کردستان ٤ ڕۆژی ٢١ تشرین اول ٩٢٢.

ئەمەیان لە بابەت دامەزراندنی مستەفا بەگ کوڕی عەبدوڵڵای عوسمان پاشا بە مدیریەتی فوق العادەی ناحیەی پێنجوین مانگی بە سێصەد ڕوپیە[١٧].

١٥. بانگ کردستان ژمارە ١٠ ساڵ ١-١٥ تشرینی أول ١٩٢٢ .

١٦. بانگ کردستان ژمارە ١٢- ساڵ ١ - ڕۆژی ٢٧ تشرینی أول ٩٢٣.

١٧. هەر ئەو ژمارەیەی پێشوو.

أرادەء حضرت ملوكانە[18].

رەئیسی زەنگەنە جەنابی عەلی ئاغا و رەئیسی داودە جەنابی ڕەفعت بەگ و قدملی أرکان حرب یوزباشی جەنابی تۆفیق وەهبی بەگ بە یاوەرانی حضرت ملوكانە دانران.

و أمین ئەفەندی زادە جەنابی طاهر ئەفەندی بە باشکاتبی مابەینی ملوکانە و شێخ قادر زادە عزەت ئەفەندی بە رەئیس الامناء و جەنابی شێخ محی الدین ئەفەندی کانی کەوەیی بە قوماندانی معیت قوای میلی با أرادەی ملوکانە تعین فەرموراون.

دوای ئەوە ئەم مزگێنییە بڵاو کراوەتەوە بەسەرناوی: (تبشیر) بینا بە تەلغورافێک کە لە مورەخەسی کوردستان لە بەغداوە هاتووە جەنابی کەپتان چەپمەن وەکیلی مەندوبی سامی بەناوی حکوومەتی مەتبوعەیەوە تەبریکی کوردستانی کردووە.

ئێمەش تەبریک و ئیعلانی ئەم سەعادەتە موبارەکەی قەومی کورد دەکەین و لە موقابیلی ئەو لوتف و مەرحەمەتەی کە حکوومەتی فەخیمەی بەریتانیا دەرحەق بەم میللەتە بچکۆڵەی کوردە عەرزی تشکرات و مەمنونیەت حکوومەتی فەخیمەی بەریتانیا ئەکەین. ئومێد و ئیسترحام دەکەین کە لەمەولاش لە هەموو خسووسێکەوە بۆ تەرەقی و تەعالی کوردستان هەمراهی و معاوەنەتمان بفەرموێت.

٣٠ کانون أول ٣٣٨

مەلیک کوردستان[19]

مەحموود

---

١٨. ژمارە ٣- ساڵ ١- ٦ کانون أول ١٣٤١ ڕۆژی کوردستان.

١٩. ڕۆژی کوردستان ژمارە (٧) ساڵی (١) ڕۆژی (٣٠) کانونی أول ١٣٤١.

دوای ئەوە ڕۆژی کوردستان چەند (مقال)ێکی جوان و پڕ مانای لە بابەت کۆنگرەی لۆزان و (داوای حقوقی مشروعە)[20] و (کوردستان مالّی کوردانە)[21] و (قصەی ناحق رد أکریتەوە)[22] و (قوم نجیب کورد)[23] و هەندێک نووسینی گەرم و گوڕی تر، هەموویان لە بابەت مافی کوردەوە قسە ئەکەن کە دەرفەتمان نییە لێرەدا بڵاویان بکەینەوە.

## هەواڵی ئەو ڕۆژانەی سلێمانی لە ڕۆژنامەکاندا

ئێمە لێرەدا زیاتر ئەو خاڵانەی کە بەلای ئێمەوە باری ئەو سەردەمە دەخەنە ڕوو، کە لە ڕۆژنامەی (بانگ کوردستان و لە دواییدا ڕۆژی کوردستان و دوای ئەویش أمید أستقلال)دا، نووسراون، لێرە دەیانخەینە پێش چاو چونکە ئەم ڕۆژنامانە (رەسمی) و زبانی حالّ بوون. دوای ئەوە زنجیرەی باسەکە لە یەک دەدەینەوە و لەسەری دەڕۆین کە کۆتاییی دەوری دووەم جاری حوکمی شێخ مەحموود دەگرێتەوە.

لە هەمووی زیاتر هەندێک نامە و برووسکەنامە هەن کە لە بەینی سمکۆ (سمایل ئاغای شکاک) و لە بەینی شێخدا ئاڵوگۆڕ کراون لە بارەی یەکەتی و (أعتماد) کردن بە ئینگلیز یاخۆ نەء، بەڵام بۆ ئیش تێپەڕاندن و لە شێوەی دبلۆماسیەتدا (مجاملە)ی ئینگلیزی زۆر تیایە، تاکو ڕۆژی (٨) کانونی دووەمی ساڵی ١٣٤١ک/١٩٢٢ز لەسەر بانگهێشتنی شێخ، سمایل ئاغا

٢٠. ژمارە (٦و٨) ٢٧ کانونی أول و ١٠ کانونی ثانی ١٣٤١ بە قەڵەمی (م. نووری واتا محەمە نووری یاخۆ شێخ نووری شێخ صالّح).

٢١. ژمارە (٩) ١٧ کانونی ثانی ١٣٤١ بە قەڵەمی مامۆستا (زێوەر).

٢٢. ژمارە (١٠) ٢٤ کانونی ثانی ١٣٤١ دیسانەوە (م. نووری).

٢٣. ژمارە (١١) ٣ شباط ١٣٤١ بە قەڵەمی (عبد القادر)؟

و شتی تری ئەم بابەتە بە قەڵەمی (ئەحمەد خواجە) و (ڕەفیق حیلمی) و (عارف صائب) بەڵام چەند (مقال)ێکی حاجی مستەفا پاشای تێدایە کەوا دیارە نووسینەکانی رق هەڵسێنەر و هێرش زیاترە بۆ سەر ناحەزەکانی.

هاتووەتە سلێمانی و زۆر بە گەرم و ڕێزەوە پێشوازی کراوە و ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی مێژوویی دانراوە. وا دیارە (سەی تەها) نەیتوانیوە بێت، ئەویش ڕازی دڵی بۆ سمایل ئاغا هەڵڕشتووە کە ئەویش بە شێخی بگەیەنێت.

گەڕانەوەی (سمکۆ)م لە ڕۆژنامەکەدا بەر چاو نەکەوت بەڵام وادیارە ڕووی بەخت بەرامبەر بەم بارە کورت و کەم بووە، چونکە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا[24] شتێک نووسراوە لە بابەت (تخلیەء سلێمانی)یەوە برگەیەکی ئەو نووسینە دەڵێت: (ئەم پێنج شەش مانگە.. متمادیا سعی بۆ أدامەء دوستایەتی حکومت إنگلیز کردووە کەچی مع التأسف مقابل بەم دۆستایەتییە حکومت إنگلیز ئەم میللەتە مظلومە بە بوردمان تهدید و تخویف ئەکا...)

دوای ئەوە ئەم نامەیە (رئیس مجلسی ملی و رئیسی داخلیە.. غریب)م دی کە بۆ شێخی ناردووە و ئەویش وەڵامی داوەتەوە نامەکە بەمجۆرەیە[25].

بو حضور حضرت ملک معظم دام شوکتە

قراری مجلسی ملی وایە حضرت ملک دام شوکتە بە صورتیکی عاجل بەهەر نەوعێک خۆی تصویب ئەفەرموێ، بو سەلامەتی وطن و ملت تأمین مخابرە و مناسبت و رابطەء حمایە لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیا و دوستیی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بکات أیتر أمر أمری أولو الامرە.

غریب: رئیس مجلسی ملی و رئیسی داخیلە

وەڵامەکەشی ئەمەیە:

بۆ جەنابی ڕەئیسی مجلسی ملی و رئیسی داخلیە

جوابی ٢٢ أیلولتان. لەو ڕۆژەوە کە هاتومەتەوە بۆ سەلامەتی وطن و ملت

---

٢٤. ژمارە (١٥) ساڵی (١) ڕۆژی ٣ مارت ١٣٤١ (١٩٢٢ز).

٢٥. ڕۆژنامەی أمید أستقلال ژمارە (٢) ساڵ (١) ٢٧ أیلول ٣٤٣ (٩٢٣).

تا أيستا بۆ تأمين رابطه و مناسب لەگەڵ حكومت بريتانيا و دوستی لەگەڵ عێراقدا زۆر مخابره جريانی كردووه و له مخابرات پاش نەكەوتوين، أميد أكەم بەم زوانه نتيجەی خير و موفقيتمان دەست كەوێ.

محمود

نامەیەكی تری رئيسی مجلسی ملی بۆ ملك به ژماره (٥) ڕۆژی (٨ تشرين أول ٣٣٩رومی) نێرراوه، كه تێدا قراری مجلسی داوای لێبوردن (عفو)ی ئەو كەسانه دەكات كه (لەبەر خوف بومبارمان و يا بعضی أيش كه خلافی حقوق وطن كردويانه مجرمان قسما به عائيلەوه فراريان كردووه بۆ كەركووك و بەغدا و مواقع سائره بو أمه كه بێنەوه مسكن و مأوای خۆيان).

مەليك ڕۆژی ١٠ تشرين أول ٣٣٩ رومی (١٣٤٢ك/٩٢٣ وەڵامی داوەتەوه و لێيان بووردوه (غيراز أوانه كه له أشكەوتەوه فيرار بوون).

## بيروباوەڕی ميللەت و (أتجاهاتی سياسی)

ئينجا بۆ ئەوەی بيروباوەڕی ميللەت (أتجاهاتی سياسی) لەو ڕۆژانەدا تۆزێک بخەينه پێش چاو كه ئەويش لێرەدا پێويسته، پوختەی نووسينێكی (مديری مسئول و سەر محرر)ی (أميد أستقلال)[٢٦] باس دەكەم بەسەر ناوی (بی موضوعی). كه ئەوه دەگەیەنێت و واديارە ئەو پياوە گيری خواردووه و هەرچەند دەكات و بيری لێ دەكاتەوه نازانێ له چ بابەتێک بنووسێت كه سوودی هەبێ، بۆ ئەوەی لەو سەرەوه رەجمی نەكەن (كەس نەما بزانێ كه لێرەدا أختلاف أفكار چەنده فەلاكەتی بەسەر ئەم ميللەته هێناوه).

ئينجا دەڵێت: ئەگەر لەبابەت (أفكار عموميیەوه) باسی ئينگليز بكەم هەر يەكە شتێک دەڵێت (توركيزمەكان به شدەت دەس دەكەن به پڕوپاگەنده هەرچی خوا حەز نەكات پێم دەڵێن به أنواعی عاديەتی و خيانەت أتهامم

٢٦. ژماره (٦) ساڵی (١) ٢٥ تشرينی أول ٣٤٢ كه ئەويش مامۆستا ڕەفيق حيلمييه.

دەکەن. میللەتیش فەقیرە زوو باوەڕ دەکا، قسەکانم حەق بێ یا ناحەق بێ تقدیر ناکرێ، تەپڵی خیانەت بۆ من لێ ئەدرێ.

لەولاوە ئینگلیزەکانیش پێم دەڵێن ئەی (چارەیان نەماوە فڕوفێڵمان لەگەڵ دەکەن. ساحیبی ئەم مقالە چوار ساڵ لەمەو پێش بە شەپقەی ئینگلیزێکی وتووە لە کەلارە[٢٧] ئەچیت ئیتر چۆن باوەڕی پێ بکەین...) ئەگەر لە دژی ئینگلیزەکان بنووسێت، ئەوسا ئینگلیزچییەکان پێی دەڵێن: (دەمێکە تەیارەمان نەهاتووەتە سەر، حاڵمان خۆشە، وا جەنابی محرر أفندی لسانی حکمت بیانی بۆ منفعت ملەت خستەکار، ئێمە ئەزانین ئەم مفسدانە ئارەزووی خراپەی میللەت و وێرانبوونی مەملەکەتیان هەیە، حاصلی هەزار شتمان لێ دەدۆزنەوە...) لە گێژاوی ئەم بگرە و بەردەیەی ناو شاردا، هەر یەکە لە ئاشێکی دەکردو هەر کەسە بە لایەکیا ڕادەکێشا، یاخۆ (با) لە کوێوە بهاتایە بەرەو ئەوێ شەنی خۆی دەکرد، جگە لەوەی هەر کەسێک ئاغایەک بوو بۆ خۆی. لێرەدا قسەیەکی خوا لێخۆشبوو عەلائەدین سەجادیم لا ڕاست و جوانە کە دەڵێت (شێخ مەحموود خۆیشی پیاوێک بوو لە چاکە بەولاوە هیچی تری نەئەویست، هەرچەندە مەلیک بوو، بەڵام لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتا بە تەعبیری ئێستا ئەو پەڕی دیموکراسی بوو، هەموو کەس دەیتوانی بیبینێ، هەر کەس دەچووە لای سەربەخۆ وەزیرێک بوو بگرە فەیلەسووفێک بوو بۆ أدارەی وڵات)[٢٨].

دوای ئەوە بە تۆزێک دەڵێت: (جا پیاوێکی وەک شێخ مەحموود لەناو شەپۆلی ئەم بیروباوەڕانەدا دەبێ چۆن سەر دەرکا و چۆن ئەو ئامانجە کە ساڵەهای ساڵە بۆی ئەجەنگێ؟.. تا لە باوەڕی دەستەیەک ڕزگاری ئەبوو،

---

٢٧. کەلارە لە شکلی سینیدا، جاران لە لادێ لە شیاکە و کا و پشقل دروستیان دەکرد و وشکیان دەکردەوە بۆ بەکارهێنانی بۆ چا و چێشت لێنان یان بۆ گەرمکردنەوە دوای سووتاندنی.

٢٨. شۆڕشەکانی کورد ل ٩٨.

باوەڕی دەستەیەکی تر سەری ڕێیان پێ دەگرت)[29]. لەولاشەوە ئۆزدەمیر هەوڵێکی زۆری دا تا لەگەڵ شێخدا دەمی ڕاسپێرییان گەیشتە یەک، مێجەر نوئێلی (مستشاری شێخ) و وەکیلی مەندوبی سامی، کە لە سلێمانی بوو، هەستی کرد کە شتێک لە کایەدایە و زۆر هەوڵی لەگەڵ شێخ دا کە شوێن فڕوفێڵی ئۆزدەمیر نەکەوێ لە ڕاستیشدا سەر دەرهێنان لەم گێژاوە هەروا ئاسان نەبوو.

## سمکۆ – پەیمانی سیڤەر – پەیمانی لۆزان – عصبە الامم

وا دیار بوو شێخ نەیدەتوانی خۆی لەو دایەرەیە دوور خاتەوە، بۆیە نوئێل بۆ ئەوەی خۆی پیاو خراپ نەکات (چەپمەن)ی کرد بە وەکیلی خۆی و ئەو سلێمانی بەجێهێشت. چەپمەنیش کە زانی وایە ئەویش تاقمێکی لە خۆی کۆکردەوە و لە ژێرەوە کنەی لە شێخدا دەکرد، ئەویش تا دەهات لێیان دوور دەکەوتەوە، وەک وتمان لەم ماوەیەدا (سمایل خان – سمکۆ)ش بە لەشکرێکەوە هاتە سلێمانی و بوو بە میوانی شێخ. ئینگلیزەکانیش نەیان دەزانی چۆن ئەم جارەش سلێمانی لە چنگ شێخ دەربهێننەوە، هاتن بەیاننامەیان بە فڕۆکە فڕێدایە خوارەوە و داوایان لە سمکۆ کرد کە سلێمانی بەجێ بهێڵێت، لە ٢٦ی شوباتی ١٩٢٣دا، داوایان لە شێخ و دانیشتوانی شاریش کرد کە سلێمانی چۆڵ بکەن ئەگینا بۆمبارودمانی دەکەن سمکۆ خۆیی و سوارەکانی شاریان چۆڵ کرد، شێخیش بەخۆیی و لەشکرەکەیەوە چوونە دەرەوە ڕووەو ئەشکەوتی (جاسەنە) دانیشتوانی شاریش کەوتنە چۆڵکردنی، هەر یەکە بەلایەکدا.

بەیانی ڕۆژی چواری مارتی ١٩٢٣ دەست کرا بە بومباردومانی سلێمانی. لەوەدا بوو ماڵی حاجی عارف بەگی عەلاف[30] بەرکەوت دوای ئەوە

٢٩. شۆڕشەکانی کورد ل ٩٨.

٣٠. زۆری تریش بەرکەوتن، بەڵام ماڵی حاجی عارف بەگ تەنیا دوو کەسیان لێ دەرچووبوو.

لەشکری ئینگلیز هاتەوە و دەستیان کرد بە تۆڵەسەندنەوە، لەو لاشەوە شێخ خۆیی و عەشایەری کۆکردەوە و هاتەوە، لە ڕۆژی یازدەی تەمموزی ١٩٢٣دا سلێمانی گرتەوە و ئینگلیزی دەرپەڕاندەوە و کەوتەوە قایمکردنی شوێنی خۆیی و حوکمداریەکەی و نزیک ساڵێکی بەمجۆرە ڕابوارد بێ ئەوەی ئینگلیز هیچی پێ بکرێ لە گەڵیا[٣١].

لەولاوە بەریتانیا بەناوی ئینتیدابەوە لە (٢٥ی نیسانی ١٩٢٠)دا هاتە عێراقەوە، ئەوە بوو تورکیاش نەچووە ژێر بڕیارەکانی پەیمانی (سیڤەر) بەرامبەر بە کورد، دوای ئەوەش کە پەیمانی (لۆزان) لە ٢٤ تەمووزی ١٩٢٣دا ئیمزا کرا، ئیتر بەتەواوەتی کورد خرایە پشت گوێ.

جا پێش ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان قسە هاتبووە سەر ئەوەی کە کوردەکانی عێراق بخرێنە پاڵ حکومەتی عێراقی نوێ. چونکە ئینگلیز لە بابەت نەوتەکەی ولایەتی مووسڵەوە کە درا بە عێراق، پەیمانی لە حکومەتی عێراق وەرگرتبوو کە نەوتەکە و وڵاتەکە بە ناوی (معاهدە)وە بخاتە کەمەندی خۆیەوە. لێرەدا ئیتر چونکە ئینگلیز ئیشی بە کەس نەما، بەتایبەتی ئەو سەرپێچیانەشیان کە لە شێخ مەحموود دی و مل نەدانی لە ڕاستی فڕوفێڵیان ئیتر بڕیار درا کە وڵاتی سلێمانی بخرێتە سەر عێراق.

هەردوو حکومەتی ئینگلیز و عێراق کەوتنە یەک بۆ نەهێشتنی ئیدارەی شێخ مەحموود بۆیە هێزی حکومەتی ئەوسای عێراق بە هێزی عەسکەری لیوی و هێزی هەواییی بەریتانیاوە بەرەو وڵاتی سلێمانی کەوتنە ڕێ، لەو لاشەوە هەر لەناوچەی سلێمانیدا دەستی نهێنی لە ژێرەوە ئیشی دەکرد، بۆیە لەشکری شێخ مەحموود هیچی پێ نەکرا و لە ١٩ی تەمموزی ١٩٢٤دا شێخ مەحموود سلێمانیی بەتەواوەتی بەجێ هێشتەوە، عەسکەری عێراق و

---

٣١. بۆ ئەمانە هەموو سەیری عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، ل ٩٨-١١٠ و یاداشتی ڕەفیق حیلمی بکە.

ئینگلیز شارەکەیان گرتەوە و شێخ مەحموود ڕووی کردەوە جاسەنە و لە دواییدا بەرەو پێنجوین و پیران، ئینجا ماڵ و موڵکی لەلایەن حکوومەتی عێراق زەوت کرا. کوردەکان لە دڵدا ئەمەیان لا ناخۆش بوو. (مستر ئەدمۆندس) لەسەر قسەی (مستشاری داخلیە) کە ئەو سەردەمە (کورنوالیس) بوو، گەیشتە (کۆیە)، (عەلی کەمال)[٣٢]ی ڕاسپارد کە ئەوسا معاونی پۆلیس بوو لەوێ، کە خۆی بگەیەنێتە شێخ مەحموود و پێی بڵێ واز بێنێ و بچێت لە بەغدا دانیشێت، عەلی کەمال بۆ بەرژەوەندی گشتی خۆی دەگەیەنێتە (صالح زەکی بەگ)ی برادەری و ڕاسپاردەکەی ئینگلیزەکان بەو دەگەیەنێت. ئەویش کە قسەکان عەرزی شێخ مەحموود دەکات، شێخ صالح زەکی بەگ لە جیاتی خۆی بۆ گفتوگۆ دەنێرێتە بەغدا، لەوێ (عبدالمحسن سعدون) وەزیری داخلیە و (کورنوالیس) دەبینێت. قسە دێتە سەر ئەوەی کە پێویستە شێخ مەحموود وازبێنێ و بگرە لە عێراقیش بچێتە دەرەوە و کوڕێکی بنێرێت بارمتە لە بەغدا بێت، ئەوسا موڵکەکانیشی پێ دەدرێتەوە. بێگومان شێخ ئەم قسانەی ئەوەندە پێ ناخۆش دەبێت، تاکو لەسەر ئەوە صالح زەکی بەگیش دەگرێت. شێخ بۆ ئەوەی سلێمانی لە بومباردومان و وڵاتەکە لە وێرانکردن ڕزگار بکات، لە جاسەنەوە هێجگاری دەچێتە (پیران) لە وڵاتی مەریوان، هەر لەم کاتەدا دیسانەوە حکوومەت وەڵامی بۆ دەنێرێتەوە کە دەیانەوێ دەمیان بگاتە خۆیی و قسەی لەگەڵ بکەن، ئەویش (خورماڵ)ی دانا بۆ کۆبوونەوە. لە (چواری ئەیلولی ١٩٢٦)دا (کورنوالیس) خۆی هات و لەگەڵ شێخ کۆبوونەوە هەرچەند لەسەر چەند خاڵێکی بچووک ڕێک کەوتن بەڵام ئیمزای ڕێککەوتنەکە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەبێنێکی باش دواخرا،

---

٣٢. عەلی کەمال عبدولرحمان خەڵکی سلێمانییە، پیاوێکی زیرەک و خێرخواز و کوردپەروەرە، چەند جارێک بوو بە (نائب)ی سلێمانی لە پەرلەمانی عێراقدا. ئەمڕۆ لە هەندەران دەژی لە مانگی ئابی ١٩٩٨دا لە لەندەن فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ سلێمانی و لە مزگەوتەکەی خۆیدا شاردرایەوە.

بۆیە شێخ مەحموودیش مۆری نەکرد و داوای هێنانە دیی بڕیاری (عصبة الامم)ی لە بابەت کوردەوە کرد، مەندوبی سامیش وتی بڕیاری (عصبة) ئەوەیە کاربەدەستانی کورد لە خۆیان بێ، زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێ، ئەو دوو حکوومەتەی عێراق و بەریتانیاش ئەوەیان قبووڵە. شێخ مەحموود کەوتەوە شەڕ و پەلاماری پێنجوینی دایەوە و گرتی. هێزی حکوومەتیش بە فڕۆکە و لیوییەوە چوونە سەری، ناچار شێخ لە (٢٠ی نیسانی ١٩٢٧)دا پێنجوینی چۆڵ کردەوە. بەڵام لە دواییدا لەگەڵ شێخ ڕێک کەوتنەوە سەرۆکی وەزیران (جەعفەر عەسکەری) خۆی لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩٢٧دا چووە پێنجوین چاوی بە شێخ کەوت و لە دواییدا لەگەڵ خۆی بردی بۆ بەغدا و لەوێش چاوی بە (مەندوبی سامی) کەوت و بابە عەلی کوڕی لە بەغدا بە میوانی حکوومەت بەجێ هێشت و جگە لەوە موڵکەکانی هەموو پێ درایەوە و خۆشی گەڕایەوە (پیران) بەڵام بەمە وەنەبێ وازی هێنابێ، بگرە لەویش زیاتر بە یارمەتی کوردەکانی ئێران هەر ئیشی دەکرد.

جا با لێرە بوەستین و بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی سلێمانی لەو سەردەمە.

## ٥

## سلێمانی و دامەزراندنی حوکمی ڕاستەوخۆی حکوومەتی عێراق

یەکەم حکوومەتی عێراق لە ژێر باڵی بەریتانیادا بە سەرۆکایەتی سەید عبدولرحمان ئەلنەقیب لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٢٠دا پێک هات کە ئەوسا هێشتا خوا لێخۆشبوو فەیسەڵی یەکەم نەبووبوو بە مەلیکی عێراق و ئیشوکار هەمووی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەڕێوە دەچوو و (سیر پرسی کوکس) یەکەم نوێنەری سیاسیی ئینگلیز بوو لە عێراقدا و (مس بیل)یش لە کاروباردا یارمەتی دەدا.

سەید عبدولرەحمانی نەقیب سێ جار وەزارەتی پێک هێنا

یەکەم: لە ٩٢٠/١٠/٢٥ تاکو ٩٢١/٨/٢٣

دووەم: لە ٩٢١/٩/١٠ تاکو ٩٢٢/٨/١٩

سێیەم: لە ٩٢٢/٩/٢٨ تاکو ٩٢٢/١١/١٦

ڕۆژی ٩٢١/٨/٢٣ تاج نرایە سەر خاوەن شکۆ فەیسەڵ و بانگی (مەلیک)ی بە گوێدا درا دوای ئەوەی وەک وتراوە گوایە بە زۆربەی دەنگی ڕۆڵەکانی عێراق هەڵبژێرراوە هەروەها پەیمانی بەینی ئینگلیز و عێراق لە ڕۆژی ١٢و١٣ی تشرینی یەکەم ساڵی ٩٢٢ لە لەندەن و بەغدا دوای بەستنی بڵاو کراوەتەوە، ئینجا فەرمان دراوە دەست بکرێ بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەر (المجلس التأسيسي)، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی عەبدولمحسین ئەلسعەدون هێنرایە کایەوە، ئەنجوومەنی دامەزراندن دەبوایە

له جیاتی پەرلەمان (تصدیق)ی ئەو پەیمانەی بکردایە. کوردەکانی تری عێراق بەشدارییان لەو ئەنجوومەنەدا کرد تەنیا کوردی سلێمانی نەبێت نەیکرد و نەچوو بەلایا. واتا سلێمانی لەم دەنگدانەدا بەشدار نەبوو، ئیتر دوای ئەوەی ئینگلیز بە مەرامی خۆی گەیشت و پەیمانی لەگەڵ حکوومەتی پێکهاتووی عێراقدا بە ئارەزووی خۆی بەست و چی ویست بۆ خۆی مسۆگەر کرد، لەو لاشەوە مستەفا کەمال لە تورکیا بەوە ڕازی بوو کە واز لە وڵاتەکانی تری (کۆنە دەوڵەتی عوسمانی) بێنێ و هەر تورکیاکەی خۆی بە دەستەوە بمێنێ و حەقی بەسەر جێگەیەکی ترەوە نەبێت. لەسەر ئەوەو لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا مافی کورد کە بە قەڵەمێکی گەورە و جوان و بە مەرەکەبێکی خەست و خۆڵ لە پەیمانی (سیڤەر)دا، دانی پێدانرابوو بە پەیمانی (لۆزان) بە ئاوێکی تەڵخ شۆردرایەوە و کوژێنرایەوە. شۆڕشی شێخ مەحموودیش بەو جۆرەی باسمان کرد کۆتایی پێ هات یاخۆ بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت. دوای ئەوەی کە سلێمانیش چۆڵ کرا ئیتر داوودەزگای حکوومەتی عێراقی نوێی تیا دامەزراو یەکەم (متصرف - محافظ - پارێزگار) کە دانرا ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بوو کە لە ڕۆژی ٧/ ٣/ ١٩٢٥دا بۆ یەکەم جار دەستی بە ئیش کرد و ئیتر وردە وردە دەزگا جۆرەوجۆرەکانی میری تیا دامەزرا و بۆ هەر دەزگایەکیش فەرمانبەر و سەرۆکی دەزگا دانرا و دەستکرا بە بەڕێوەبردنی ئیشوکار.

وتمان (متصرف) ئەحمەد بەگ بوو، وەکیلی مودیری پۆلیس ح.ش بوو کە ئەوسا لە پلەی معاونی پۆلیسدا بوو. حاکم جەمال بابان بوو، ئینجا قائیمقام و مودیر بۆ قەزا و ناحیەکان وردە وردە دانران و سەربازی حکوومەتی تازە دروستبووی عێراق هاتە سلێمانییەوە ئەمانەش هەمووی لە ژێر چاودێری ئینگلیزدا پێک هاتن. ئەوە بوو (مفتش اداری) لە هەر لیوایەک ئینگلیز بوو، بەڕاستی ئەو لە متصرف گەورەتر بوو، دەبوایە هەموو شتێک بە ڕا و تەگبیری ئەو بوایە.

بێگومان بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە کە دوای حوکمی عوسمانییەکان دوای گرانی شەڕی گەورەی یەکەم و سەفەربەر و قاتوقڕ و دوای حوکمی ئینگلیز و شێخ مەحموود، ڕۆژگارێکی تێروتەسەل و دامەزراو و ڕەحەت و خۆش نەبوو، چونکە هێشتا پاشماوەی تورکخوازەکان و ئینگلیزچییەکان و کوردپەروەرەکان لە (صراع - جەنگ)دا بوون میریش دەسەڵاتی بە تەواوەتی نەچەسپاندبوو، ئەو دەسەڵات و هێزەی کە لەناو شارەکەدا بووە بەتایبەتی هێزی پۆلیس زیاتر بۆ خزمەتی گەورەکانیان و سەرۆکی دائیرەکان بەکار هێنراون. بۆ نموونە (ناوەڕۆک)ی ئەو سکاڵانامەیەی ڕۆژی ٩٢٦/٨/٣١ دەخەینە پێش چاو کە دانیشتوانی سلێمانی بە عەرەبی نووسیویانە و پێشکێشی کاربەدەستانی بەغدایان کردووە و بارودۆخی شارەکەیان وەک هێلکەی پاککراو لێ کردووە و خستوویانەتە بەر دەستی (أولیاء الامور) لە بەغدا و لە لایەن (أشراف و ئەندامانی بلدیە و بزاز و علاف و تجار و محامی و عطار...) واتا نزیکەی (٥٥) کەس مۆر و ئیمزایان کردووە. شکاتەکە زیاتر لە معاونی پۆلیسە کە بە خۆڕایی خەڵک دەگرێ و بەندیان دەکات و پۆلیسەکانی ژێر دەستی بۆ ئیشی تایبەتی خۆی بەکار دەهێنێ. تاکو حاکم هات ویستی لغاوی ئەو کابرایە توندکاتەوە و دەستی بکێشێتەوە دواوە، بەڵام کابرای معاون ئینجا دەستی کرد بە هاندانی خەڵک لە دژی مەحکەمە کەوا گوایە لەگەڵ حکومەتی تازەی عێراقدا نین بەو جۆرەی کە لە عەریزەکەدا هاتووە و ئێمەش لێرەدا چەسپاندوومانە. بەڵام هەر بە زمانە عەرەبییەکەی چونکە بە عەرەبییەکی پوخت نووسراوە و هەڵەی ڕێنووسیشی کەم تێدایە و خەتەکەشی زۆر جوان و خۆشە. دوای خوێندنەوەی ئێمە ڕای خۆمانی لەسەر دەردەبڕین. جگە لە ڕوونکردنەوەی مەبەست و ناوەڕۆکەکەی.

## ٦

## سکاڵانامەی دانیشتوانی سلێمانی ساڵی ١٩٢٦

## بۆ کاربەدەستانی بەغدا

كتاب مفتوح إلى أولياء الامور في بغداد

لايخفى على أولياء الامور ماجرى على منطقة السليمانية من التبدلات السياسية والادوار المختلفة في إدارتها منذ بدء الاحتلال حتى هذا اليوم. فأنها بعد أن قاست ما قاست من أهوال الحرب العمومي و الغلاء الذي اعقبها والويلات التي مضت عليها دخلت في دور الاحتلال وهي مضمحلة في عمرانها و ثروتها فجمعت شملها في مدة وجيزة في دور الاحتلال و شرعت في إستعادة عمرانها الغابر فصادفت ثورة الشيخ محمود الاولى فاضاعات ما جمعها ثانيا و بعد أن القي القبض علي الشيخ محمود و جرى ما جرى اعيد احتلالها من قبل الجيش البريطاني ولم يمض على ذلك الا أمد قليل حتى إقتضت الحكمة السياسية إعادة الشيخ محمود من الاسر و تعيينه حاكما في هذه المنطقة و إنها لم تر في زمان حاكميته راحة ولا تقدما في الرقي والعمران سوى المحاولات السياسية عليها إليى أن أخذت حاكمية الشيخ مومي إليه شكل ثورة في وجه الحكومة المركزية و دامت هذه الحالة مدة غير يسيرة تأخرت خلال هذه المدة حالة المعارف و عمران المحيط و ثروة ألاهلين و مجتمعهم فآل الامر الى حالة هي دون الثورة و هي حالة نهب و سلب بعضهم بعضا و في كل دور من هذه الادوار المؤلمة كان الاهلون ينتظرون بفارغ الصبر حلول يوم تنتهي فيه هذه الاحوال و ترفق رأفة أولياء الامور لحالة هذة المنطقة البائسة فيعيد عليها الامن و الامان.

و بينما نحن بهذا الانتظار دخل الجيش العراقي في مدينتنا و خرج الشيخ محمود منها مع من تبعه من الثوار فتأملنا أملا قويا بارجاع التشكيلات الادارية في منطقتنا بصورة تكفل لنا استعادة الامن الى نصابه ليتمكن الاهلون كل طبقة منهم في الاشتغال بمهنته من تاجر و زارع و ملاك و موظف و غيرهم ولكن ويا للاسف لم ننل ماكنا نامله ولو بجزء يسير، فانه قد مضت على تشكيل اللواء مدة أكثر من سنتين و مع ذلك فحالة اللواء في فوضى لا نصبح صباحا الا و نسمع بنهب قرية في جوار المدينة في ليلة ولا نمسي مساء الا ونسمع بسلب قافلة في نهاره. ولا نرى أهل قرية الا و يدفعون الضرائب أضعافا مضاعفة مرة الى الحكومة و مرات الى العصابات، الحالة التي ادت إلى إفلاس الفلاحين بحيث اصبح اغنيائهم محتاجا الي عشاء ليلة كما لا يتمكن التاجر لشراء الاموال أو سوق الاموال أو أي صاحب مهنة لقضاء حاجته من مغادرة المدينة إلى مسافة ميل واحد فأصبح أكبر تاجر كان يملك مئات الالوف من الروبيات متحيرا في اعاشة عياله. هذه هي الحالة العمومية التي لا يمكن للجبال ان يتحملها. ومع هذا فإن الاهلين البؤساء إذا ما فتح احدهم فمه لتسكين غليل فؤاده أن يذكر نبذة من هذه الاحوال لصديق من أصدقائه أو أراد فتح باب المفاوضة لواحد من أولياء الامور فلن يسمع جوابا الا بالردع و الزجر و الرد عليه بانه مخل للادارة الحاضرة و يتلقى الجواب وفي اليوم الثاني بالقائه في غياهب السجن متهما بانه معارضا للادارة الحاضرة و بعد أن يقاسي ما يقاسي في سجنه من ضروب الآلام يخلى سبيلة وهو موكول الى المراقبين عليه أينما حل لكي يعود و يتكلم على ما يقاسي هو و أمثاله من الشقاء. نعم شكلت الحكومة لواء في السليمانية وعينت لها باديء بدء متصرفا و معاونا لمدير الشرطة لتنظيم الادارة و استتباب الامن فيها ولكن ويا للاسف لم نر من مقام المتصرفية تنضيما في الادارة ولا من معاون مدير الشرطة جزء من الامنية و بعبارة واضحة لم تتبدل الوضعية عما كانت عليها من الفوضى و كان كل منها يظن أن الحكومة عينته القبض

الراتب فقط و يبذل جهده الجهيد في محافظة كرسيه لاغير. ولقد صرفا همهما في هذه النقطة قالهما موجود بكل موجوديتها الى أولياء الامور من بريطانيين وعراقيين بان أهالي السليمانية باجمعهم بدون أستثناء غير موالين للحكومة كما أنهما أفهما الاهلين بان أولياء ألامور غير معتمدين عليهم و متنفرون منهم و بهذه الوسيلة تمكنا من ألقاء القبض على الكثير بين ألاهالي و رجال الحكومة لينالا غايتهم الشخصية، فكان معاون الشرطة تحت ستار أستظهار أعوان الشيخ محمود يوزع الجواسيس و الشرطة الذين يعينه في المدينة (عوضا عن أستخدامهم في تعقب الاشقياء والعصابات و إسترجاع الامن) فيرجع كل منهم الى معاون وهو حامل تقريرا بأن الرجل الفلاني (الذي هو غير خادم لافكاره الشخصية) كان يتكلم ضد الادارة الحاضرة (وهو بريء عن كل جرم خلقه الله) ولم نر إلا و أحضر في دائرة الشرطة والقي في السجن إلى مدة غير قليلة فقاس ما قاسى إلى أن تشكلت المحكمة الحاضرة قبل بضعة أشهر فشرع حكامها في تدقيق أوراق المتهمين و التحري علي الحقائق لتوزيع العدل و الانصاف بين أهالي على المساواة بينهم ملتزمين الحق غير مكتفين في تجريم احد بالتقارير السرية بدون أثبات قانوني فشرع الاهالي أن ينالو قسطا من الراحة إذ وجدوا ما يحتاجون اليه أشد الاحتياج في العدل والانصاف فيهم بعدما ذاقوا أشد ألعذاب وأمر الاستبداد و التضيق فرأى المعاون المومى الية أن الاهالي تعلقوا بعدالة الحكام وأستندوا إلى ألقانون ورأى أن ذلك مما يحول دون أستعمال نقوذه الشخصي و ترويج إستبداده ولم يجد مسندا لاستعادة نفوذه السابق لترويح أماله الشخصية بين الاهالي البؤساء مادام عدل الحاكم و تنفيذ القانون موجودا ولم يظفر على شيء يستمد منة لماربه إلى أن رجع متوسلا بطريقته السابقة الغير المشروعة موجها سهامه نحو الحكام فشرع يوصي جواسيسه بكتابة التقارير ضدهم و كلها متضمنة كلمة واحدة وهي إشتغال الحكام بسياسة مخالفة للادارة الحاضرة و تهديد الاهالي لعدم إختلاط الحكام وعدم المراجعة إليهم و أفهامهم

بإن الحكام مهتمون بالسياسة في نظر الحكومة وإنها ستتخذ التدابير اللازمة ضد من يتدخل في صداقتهم ولا يزال بإذلا جهده الجهيد في الدعاية لاسقاط الحكام و الغاء هذه المحكمة فيرتفع القانون و يصفو له الجو ويعود الى إستبداده ومن جهة أخرى إستفاد من حداثة سن المتصرف و ضعف أرادته فدخل في داعيته فالهمه بإن ألاهالي يتشبثون في دلالة الحكام لعزله و بهذه الوسيلة أقنع المتصرف ألذي همة القبض على كرسيه فقط لمصاهرته فى هذه الفكرة فرجع إلى حالته السابقة فنري أن معظم قوات الشرطة ألذين تصرف الحكومة المبجلة أموالا طائلة عليهم في كره الاهالي بالوظائف السرية شاغلا نفسه و شرطته في تضييق الاهالي ألذين هم ينتظرون بفارغ الصبر رأفة الحكومة لاسدال رداء اللطف عليهم ليتمكنو من الاشتغال... مايؤمن معيشتهم تاركا وضيفته الاصلية ألتي هي إستتباب الامن ومنع العصابات من نهب القرى و القوافل.

هذه هي حالتنا ألتي ادت إلى أليأس من الحيات في هذا... ألذي لا يحق فيه الا الامن و الراحة فنسترحم إلى أولياء الامور من بريطانيين – و عراقيين لينظرو حالة السليمانية ألبائسة و... لانهاء هذه ألاحوال ألمحزنة. و ليأكدوا من أن اللواء باجمعها ميتة لا محالة وإن الامر سينجليى باعزام هيئة لتحقيق حالة... خصيصا و بالختام إننا نترقب الاستغاثة.

سليماني٣١/٨/١٩٢٦

عبدالرحمن آغا زادة　　سليمان پاشا زاده

....... العراق المحترم　　محمد　　عزمي

سليماني

بعد التحية أرجو نشر المقالة هذه في صحيفتكم الحرة إحتراما لامال شعب مضطهد و قوم قضى... نصيبه الويل و الدمار لعلها تصغي إليه بإذان و أعية و لحضرتكم الشكر سلفا.

من أشراف الاكراد:

(تجار حاجی رشید سعید. عطار حسین أغا زاده. بلدیه اعضالرندن تجار. کاکه حمه زاده أمین. بلدیة اعضالرندن توفیق. ملا علی زاده فتاح. تجار حاجی حمه صالح زاده ملا رشید. تجار صالح زاده أحمد. حاجی امین کدرون زاده تجار حمه علی. بزاز حاجی أحمد زاده توفیق. بزاز رسول زاده ملا قادر. بزاز محمد عنبر. علاف محمد زاده أحمد. نجیب أفندی زاده شیخ مصطفی. تجار أورحمان بگ زاده صالح. تجار خفاف حاجی صالح. حاجی قادر زاده تجار أحمد. عبدالرحمن زاده دەرویش. عارف أمین بچکول. حاجی عبدالله زاده. تجار حاجی عزیزی شرعی زاده مصطفی. بازرگان محمد رشید. توتونجی ملا ولی زاده. تجار صالح أفندی زاده سعید. حداد حاجی صالح زاده حاجی. خیاط باشی حمه سعید. علاف قرنی زاده آغا. فزاز حاجی محمود. بزاز حاجی عبدالله زاده علی قزاز. قونطوراتچی حاجی کدرون زاده. بزاز[1] سعید أفندی زاده عبدالرحمن. صالح آغا زاده. حاجی کریم زاده بهرام. عطار حاجی ولی زاده حسین. مدرس داهی. حاجی فرج بک زاده عزیز. عطار ملا سعید زاده محمد).

دەقی ئەم سکاڵانامەیەم نووسییەوە بۆ ئەوەی خوێندەواری ئازیز خۆی بیخوێنێتەوە و لە باری ئەوسای سلێمانی تێبگات.

من ئەو خاڵانەم لەو سکاڵانامەیەدا ڕەچاو کردووە:

– متصرف (محافظ – پارێزگار)ی ئەو ڕۆژە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ پیاوێکی پاک و ڕاست و لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوو، بەڵێ زۆر کەس دەڵێن: کورسییەکەی زۆر لا شیرین بووە و دەسەڵاتی بەسەر پۆلیسدا کەم بووە

١. ئەوەی شایانی باسە ناوەڕۆکی ئەم سکاڵانامەیە بە ڕوونکردنەوەوە لە گۆواری (ڕەنگین)ی (ژمارە ٩٦ ساڵی ٩٩٦)دا لە لایەن دانەری ئەم کتێبەوە (جەمال بابان) بڵاو کراوەتەوە.

ئەمە لە سەرەتاوە وابوو، بەڵام لە دواییدا کە لە فرمانی میریدا مایەوە و ورده ورده دەرسی لە ڕووداو وەرگرت و تیا قاڵ بوو، ئەوسا توانی بە دەستێکی توند ئیدارەی لیواکە بگرێت.

– شکاتەکە زیاتر لە معاونی پۆلیسە کە لە شوێنی بەڕێوەبەری پۆلیس بووە، ئەو کابرایە وەک کۆنە چەکمە ڕەقێک هاتووە و ویستویەتی هەگبەکەی پڕکات. ڕۆژگار و بارودۆخی ئەو سەردەمەش لە بار بووە بۆ ئەم ئیشە و دوای چاو گوێی خۆیی کەوتووە. کە حاکمیش لە سلێمانی دانرا، دەستی کابرای لە زۆر ئیشی ناپەسەند کێشایەوە و وەک لغاوکردن، لغاوی کرد، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە بەکەس زەوت ناکرێن و لە ژێرەوە هەر ئیشی خۆیان دەکەن.

– سکاڵانامەکە عەرزێکی ساڵانی پێشووی شارەکەی تێدایە وەک شریتێکی سینەما هۆنیویەتەوە، پێویست بەوە ناکات ئێمە دووپاتی بکەینەوە.

– دەتوانم بڵێم ئەوەی لەم سکاڵانامەیەدا هاتووە، ڕا و سکاڵای هەموو هەموو دانیشتوانی شارەکەیە بە گشت بەشەکانیانەوە چونکە لە هەر جۆرە سنفێک یەکێک یا زیاتری تێدایە کە نوێنەری هاوکارەکانی تریانن و ئیمزایان کردووە.

– لە هەمووی زیاتر وا دیارە کە دانیشتوانی شارەکە و دەوروپشتی هەموو جۆرە حوکمێکیان تاقی کردەوە و بەداخەوە نەگەیشتنە ڕۆژێکی ئاسوودە و حوکمێکی دامەزراو، بۆیە ئومێدیان زۆر بووە کە لە ژێر باڵ و سایەی حکوومەتی عێراقدا هەموو یەکسان و ئازاد وەک برا لەگەڵ هەموو گەلی عێراقدا بە ئاسوودەیی و سەربەستی پێکەوە بژین.

## ٧
## شاری سلێمانی لە ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٢٦دا

ئەم نووسینە بە نرخە لە لایەن مامۆستای بەڕێز خوا لێخۆشبوو ئەبوبکر (أ.ب هەوری)یەوە نووسراوە و گەلێک شتی بەنرخی تێدایە کە تیشک دەخەنە سەر ئەو ڕۆژگارانەی ئەو ساڵانە، ئێمەش ئەو باسانەی لێ دەردەهێنین کە سوودی تێدا بێت بۆ باسەکەمان.

- مامۆستای بەڕێز باسەکەی لە ڕووی (مێژوویی و جوغرافی) و (ئابووری و گوزەران) و (جلوبەرگ و ڕابواردن) و (ڕامیاری و خوێندەواری)یەوە گرتووە ئێمە لە گرینگەوە دەست پێ دەکەین:

یەکەم: لە ڕووی ڕامیاری و خوێندەوارییەوە دانیشتوان بەم ڕەنگەی خوارەوە دابەش دەکات:

أ- دەوڵەمەندان و فەرمانبەران و هەندێ کاسبکار کە هەر خەریکی بەرژەوەندی خۆیانن.

ب- هەندێک پیر و پیاوانی ئاینی و شێخ و دەروێش و لێکەوتووان هەر سەر بە عوسمانی بوون و بە ناوی خەلافەتی عوسمانییەوە داکۆکییان بۆ دەکردن بە مانەیان دەوت جل خوار.

ج- هەندێک تازە پیاکەوتوو تازە دامەزراو لە دائیرەکانی میریدا سەر بە ئینگلیز بوون.

د- دەستەی چوارەم کە بریتی بوون لە لاوانی خوێندەوار و تەلەبەی مەکتەبەکان و هەندێک لە شاعیرەکان. ئەمانە بیروباوەڕی کوردایەتییان

هەبوو بە خۆیانیان دەوت نیشتمانپەروەران.

ئینجا مامۆستا هەوری دەڵێت: ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشا ئەم چوار دەستەیە هەموو ڕقیان لە یەکتر بوو، بەڵام هەندێ جار بە تەئسیری شێخ و مەلا و فەقێ و دەروێش و سۆفی سێ دەستەکەی پێشوو لە دژی دەستەی چوارەم دەبوون. لە ڕووی خوێندەواریشەوە تا ئەو ساڵانە سەرچاوەی خوێندەواری هەر مزگەوتەکان بوو. لەو[2] سێ مزگەوتەی ئەوسا هەبوون هەریەکەیان بەپێی ئەندازەی زانینی زانا ئاینییەکەی فەقێ هەبوو. ئەم فەقێیانە بە یاریدەی ئەهالی دەژیان. خۆیان و مامۆستاکانیان زۆر ڕقیان لە مەکتەبلییەکان و لاوە خوێندەوارەکان بوو. بە مامۆستای مەکتەبەکانیان دەوت (فەرمەسۆن)[3]. گەلێک جار فەقێ و مەکتەبلی دەبوو بەشەڕیان. بێجگە لە خوێندنی فەقێیەتی لە شاردا حوجرەی زۆریش هەبوو کە منداڵان تێیاندا دەیانخوێند.... چوونە مەکتەب تاوان بوو. دەرودراوسێ و خزم و خۆیش بە چاوی سووک تەماشای ئەو ماڵەیان دەکرد کە منداڵیان ناردبووە مەکتەب. بەتایبەتی ئەگەر کچ بوایە، ئەوە تاوانەکەی لێبووردنی نەبوو. لە ساڵی ١٩٢٦دا مەکتەبی زانستی[4] بەشەو کرایەوە ئەم مەکتەبە زۆر خزمەتی دانیشتوانی شاری سلێمانی کرد. بەشی زۆری کاسبکار بەشەو فێری خوێندن دەبوون و گەلێکیانی پێ گەیاند.

دووەم: لەڕووی مێژوویی و جوغرافییەوە:

مامۆستای بەڕێز لەم ڕووەوە دەفەرموێت: سلێمانی ئەوساکە بریتی بوو لە گەڕەکی مەڵکەندی و کانی ئاسکان و گوێژە و دەرگەزێن و چوارباخ و

---

٢. مەبەستی ئەو سێ مزگەوتە رەنگ هەیە ئەوانەبن کە فەقێیان تێدا بووە ئەگینا مزگەوتەکان لە سێیان زیاتر بوون.

٣. فەرمەسۆن لە (فری ماسون)ی ئینگلیزییەوە هاتووە کە بە واتای وەستای ئازاد دێت.

٤. لە شوێنێکی تردا دوور و درێژ لە مەکتەبی زانستی دەدوێین.

جوولەکان، بەڵام عیساییەکان هەر لەجێی ئێستایاندا بوون لەگەڵ زۆر ماڵی موسڵمان تێکەڵ دەژیان. ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە ١٢ تا ١٤ هەزار کەس زیاتر نەبوو. لە باکورەوە لە مزگەوتی مەڵکەندییەوە دەستی پێ دەکرد و لە باشوورەوە بە گەڕەکی جوولەکانی ئەو حەلە دوایی دەهات، لە ڕۆهەڵاتەوە بە ماڵی عەزمی بەگ کە تاقە ماڵە بوو لەلای کارێزی دایکی پاشا دەستی پێ دەکرد، لە ڕۆئاوادا چەند ماڵێک لە دەوروپشتی مزگەوتی کانی ئاسکان هەبوو... جێگەی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی ئێستا ئەو حەلە قەسابخانە و دەباخانە بوو... لە نزیک سەراوە تاکوتەرا دووکان هەبوو، لە کۆڵانی دووکانەکەی شەوکەتی دانسازەوە بۆ فولکەکەی بەردەمی ئەسحابەسپی و ئوتێل هەورامان ئەم ناوە گوزەری کۆپان دروو بوو. بازاڕ[٥] هەندێک لە ژوور دەرگەی خانی تازەوە دەستی پێ دەکرد تا خانی حاجی سەعید ئاغا. قەیسەرییەکانی نەقیب و وەسمان پاشا هەبوون، قەیسەرییەکەی ئێستای حاجی حەسەن گوزەری کەوش دروو بوو هەر لەجێی خۆیدا دروست کراوەتەوە، ئەوسا دوو جۆر خان هەبوو لە سلێمانیدا، وەک خانی حاجی سەعید ئاغا و خانە سووتاو و[٦] خانی ئاغا فەتحوڵڵا و خانی غەفوور ئاغا. ئەم خانانە جێگەی دەوڵەمەند و بازرگانە ناودارەکان بوون، بێجگە لەم خانانە جۆرە خانێکی تر هەبوو جێگەی کاروانی ڕێبوار و لادێیی بوون لەم خانانەدا کا و جۆ و دار و خەڵووز دەفرۆشران. جێگەی ئاشەکەی ئێستای حەمە ڕەشید ئاغا لەگەڵ گەراجی بەغدا کە کەوتۆتە

٥. سەرەتای بازاڕ هەروەکو خۆیەتی و تا ئێستاش نەگۆڕراوە.

٦. خانە سووتاو: لە بنچینەدا سلێمان پاشای بابان دروستی کرد و لە دواییدا بە تێپەڕبوونی ساڵ بوو بە نیوەیی لە بەینی بنەماڵەی عەزمی بەگ کە کوڕەزای سلێمان پاشایە و لەگەڵ بەگزادەی جاف و بنەماڵەی میرزا غەفووری حاجی سەعیدی قادر ئاغا تا ساڵی ٩٩٥ فرۆشرا و کرا بە بازاڕێکی سێ قاتی ڕێکوپێک کە ژمارەی دووکانەکانی دەگاتە چوار سەد.

تەنیشتییەوە و ڕیزە دووکانەکانی بەردەمی گومرگ بوو، کە لە ساڵانی دواییدا سوتا... بازاڕی ئێستای زێوەر مەیدانی دار و خەڵوز و میوە بوو. مەیدانی ماست فرۆشەکان هەر لە جێگەی پێشوویدایە بەڵام دیمەنەکە گۆڕاوە. ئاو و هەوای ئەو حەلەی شارەکە بە زستانان زۆر سارد بوو بەفری بێدادی لێ ئەباری زۆر ساڵ لەبەر بەفری زۆر زستانان بە زەحمەت ماڵەوماڵ دەکرا و هەندێ جاریش چەند ڕۆژێک بازاڕ و دووکان نەدەبوون بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی ڕەشەبای هەڵکردایە. شەقام و جادەی ڕێکوپێکی تێدا نەبوو. قوڕ و چڵپاوی وەرزی باران گاجووتی قووت ئەدا بەڵام هاوینان هەوا فێنک و خۆش بوو ئەگەر ڕەشەبای نەبوایە. شەوان بەردەرگەی سەرا و بەردەمی ماڵە گەورەکان و کۆڵانەکان بە چرا و فانۆس ڕووناک دەکرانەوە، ئاوی خواردنەوە، ئاوی کارێزەکانی ناو شار بوو... کارێزی وا هەبوو هەر لە گەڕەکی مەڵکەندییەوە بە گونج ڕاکێشرابوو ماڵەوماڵ تا گەڕەکی سەر شەقام و لە هەر ماڵێک کرابوو بە حەوز... ئەو ماڵەی بەم ڕەنگە ئاوی دەست نەکەوتایە، دەبوایە ئافرەتەکانیان بچوونایە بۆ ئەو ماڵانەی کە حەوزیان هەیە، هەندێک ماڵیش بیریان هەڵکەندبوو ئەم جۆرە ئاوە لە هەموو ئاوەکانی تر پاکتر بوو.

سێیەم: لەڕووی ئابووری و گوزەرانەوە

لەم ڕووەوە مامۆستا هەوری باسی زۆر شت دەکات و دەفەرموێت: بەزۆری هەموو ماڵەکانی قەراغ شار جووت و گایان هەبوو، کشتوکاڵیان دەکرد و مەڕوماڵاتیان بەخێو دەکرد، بەتایبەتی گەڕەکی سەرشەقام و کانی ئاسکان و گۆیژە. خۆ گەڕەکی مەڵکەندی پیشەیان هەر ئەمانە بوون جگە لە دار فرۆشی و کەمێکیش بەرد فرۆشی و چاڵە بەفرەکانی سەر شاخی گۆیژە هەر هی ئەوان بوون زستانان کە بەفر ئەباری بە شێوەیەکی تایبەتی چاڵە بەفرەکانیان دادەگرتەوە و هاوینان بە ئێستر و بارگیر ئەیانهێنا بۆ شار و

ئەیانفرۆشت. گەلێ هاوینیش (قزلەر)یەکان سەهۆڵی پیرە مەگروونیان ئەهێنا. هۆی ژیانی شارەکە لەم سالانەدا بەم ڕەنگەی خوارەوە بوو واتا: بەقاڵی، جامبازی، چەرچیەتی، کاسبی سەرپێیی، باجگری، کۆڵگێڕی[7] کە تایبەتی جوولەکان بوو، ناتری، خەیاتی، ئاسنگەری، کەوش[8] دروویی، پانی بەرز[9] دروون، جۆلایی، خومخانەچیەتی[10] زەڕەنگەری، دارتاشی، توکمەچییەتی، چەخماخسازی[11] ناڵبەندی[12]، دەباخی[13]، کەلاش چنین، سەراجی[14]، موتابچییەتی[15]، شیرگەری[16]، کارگەچییەتی[17]، مسگەری، قەزازی، خەڕاتی، کارێزکەنی، دەلاکی، کۆپان دروو[18]، بەنایی، کڵ[19] نانەوە، کلاو و لفکە چنین کە تایبەتی ئافرەتان بوو.

---

٧. جوولەکەکان تۆپە قوماش و شتی تریان دەخستە شالینەیەکی خامی گەورە و گرێیان دەدا و دەیاندا بە کۆڵیاندا لەگەڵ (گەز لە جیاتی مەتر) بە مالاندا دەگەڕان بۆ فرۆشتنی. لەمانە کە زۆرتر ناویان دەرکردبوو، وسوو، سیمانە، دانیال..

٨. پێلاوی پیاو.

٩. پێلاوی ژن.

١٠. بۆیە یاخۆ صبغ

١١. لە بابەت تفەنگ دروستکردن.

١٢. نعال.

١٣. دبغ.

١٤. سراج لە سەرجەوە هاتووە کە زینی ولاخە.

١٥. لە سنعەتی مووەوە هاتووە.

١٦. خەنجەر و شیر دروستکردن.

١٧. کارگەچییەتی دروستکردنی لباد و فەرەنجی.

١٨. کۆپان دەنرا لە بارگیر و هێستر و کەر بەرامبەر بە زینی ولاخی بەرزە. زەلام لەسەر کۆپان یاخۆ کورتانەکەوە سواریان دەبوو.

١٩. کل نانەوە سوورکردنەوەی دیزە بە ئاگر کە ئەوانەش لە قوڕێکی تایبەتی دروست دەکران.

چوارەم: لە ڕووی جلوبەرگ و ڕابواردنەوە

مامۆستای بەڕێز لێرەدا مەبەستی ژیانی کۆمەلایەتییە. لەم بابەتەوە دەڵێت:

دانیشتوانی شارەکە بە زۆری کەواو سەڵتەیان لەبەردا بوو دەوڵەمەندەکان و پیاو ماقووڵان عەبایان بەشانەوە بوو. ڕانک و چۆخە و شەرواڵ و ستارخانی تایبەتی کوڕوکاڵ و ناو بازاڕی بوو. فەرمانبەرانی میری هەندێکیان چاکەت و پانتۆڵ و هەندێک جلی کوردییان لەبەرا بوو. کلاوی سەرجوێ جوێ بوو، هەندێ فەرمانبەر سدارەی لەسەردا بوو، هەندێ کەس فێسی سوور و هەندێ کەشیدەی دەبەست بەسەرەوە و هەندێکیش کلاو و جامانە و هەندێک مشکی و چەفتە بە تێکەلاوی، پێلاو بەزۆری کەوش و کلاش و زۆر کەم قۆندەرە بوو، پێلاوی ئافرەت هەر پانی بەرز بوو بە عەبا و پەچەوە کچ هەشت نۆ سالان بەدواوە عەبا و پەچەی دەگرتەوە، ئافرەتی دەوڵەمەند جووت عەبای ئەگرتەوە و زستانان چەکمەی سووری لە پێ ئەکرد.

ئینجا مامۆستا ئەبوبەکر لە بابەت ڕابواردنەوە نووسیویە کەوا:

چەند ماڵێک وەک ماڵی شێخ قادر و حەماغای ئەوڕەحماناغا و ماڵی حاجی سەعید ئاغا و ماڵی عزەت بەگی جاف و حاجی ئیبراهیم ئاغا و هەندێکی تر دیوەخانیان هەبوو دانیشتوانی ناوچە و گەڕەک ئامشۆیان دەکردن و بە قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین ڕایان ئەبوارد بەتایبەتی شەوان تا درەنگ.

فەقێکان کە ئەو زەمانە بە ناوی ئاینپەروەرییەوە زۆر لە برەودا بوون لە مزگەوتەکاندا بە شەڕە شیعر و گەنم گەنم و گەنجینە و گۆرەوی بازی کاتیان دەبردە سەر، خەڵکی تر بە شەوان ئەچوونە چایخانە، هەندێک چایخانە بەشەو حەکایەتی لێ دەکرا، ئەم چایخانانە پارەیان دوو قات بوو خەڵکەکە لەم دیو ئەو دیوی حەکایەت خوێنەرەکەوە کە لەسەر کورسییەکی

بەرز دادەنیشت و بەدەنگی بەرز لە پێشەوە بەچەند هۆنراوەیەکی ئاینی بە سۆزەوە دەستی پێ دەکرد، و بەڕاستی عوسمانی قالە ڕەش هەر لە خۆیی دەهات، زۆرجار دەستە ڕاستی و دەستە چەپی ئەچوون بەگژ یەکدا و چایخانەکە ئەو شەوە ئەشڵەژا. یاسای شایی و شین هەر وەک خۆی ماوە بێجگە لەوەی بووکیان بە پێ ئەبرد بۆ ماڵی زاوا و ئاوێنەیەکی گەورە لە پێش بووکەوە ئەڕۆیشت، زاوا لەسەر حەساری ماڵی خۆیان بە قامیشێکی درێژەوە ڕادەوەستا لە پێشەوە پارە و نوقڵی بەسەر بووکدا هەڵدەدا و دوایی سێ جار بە قایم قامیشەکەی ئەماڵی بەسەر بووکدا.

لە شیوەندا بێجگە لە لاواندنەوە گریان و ڕۆ ڕۆ هەموو ئافرەت قوڕیان ئەدا بە سەریاندا پیاویش قوڕی ئەدا لە شانیا و فەقیانەشی شین ئەکرد: لە پایز و بەهاراندا لە قەراخ شار یاری کەوشەک و سنگەوباز و قەلەمردارێ و ئاگرە و ڕمبازی و غارغارێن باو بوو. شەڕە کەڵەشێر و شەڕە بەران و کۆتربازی لە برەودا بوو، خۆ شەڕە گەڕەک زۆر کارەساتی ناهەمواری تێدا ڕوو ئەدا. منداڵان لە شەوانی مانگە شەو و هەوا خۆشدا لە کۆڵانەکاندا یاری چاوشارکێ و بابی بابی و ئاشە بە تەنوورێ و... یان ئەکرد.

بەمجۆرە نووسینە بە نرخەکەی مامۆستا ئەبوبەکر شێخ جەلال (أ.ب. هەوری) تەواو بوو کە بەڕاستی نووسینێکی بە نرخ بوو، تیشکێکی زۆری خستە سەر ئەو شتانەی کە باسی کردوون، ئەوانەش هەر تایبەت نین بەو دوو ساڵە کە ئەو دەستنیشانی کردوون (واتا ساڵانی ١٩٢٥و ١٩٢٦) بگرە ئەوانە زۆریان تا ساڵەکانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان و بگرە هەندێکیان تا ئێستاش لە بەرچاون.

ئەمجاریش هەزار ڕەحمەت و چەپکە گوڵی بۆنخۆش بۆ گۆڕی مامۆستای خوا لێخۆشبوو.

## ٨

# سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠دا

## شەڕی بەردەرگەی سەرا یاخۆ ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول

کاروبار بەمجۆرە دەڕۆیشت و شتێکی ئەوتۆ لەو ساڵانەی تردا ڕووی نەدا لە سلێمانیدا تا ساڵی ١٩٣٠ کە پەیمانی بەینی عێراق و ئینگلیز هاتە پێشەوە کە نوێ بکرێتەوە و کە ئەمە داوای هەرە گەورەی ئینگلیز بوو لە حکوومەتی عێراق. لە ٢٣ی مارتی ١٩٣٠دا دوای ئەوەی عبدالمحسن السعدون خۆی کوشت[٢٠] و ناجی السویدیش وازی هێنا نووری سەعید وەزارەتی پێک هێنا، لە هەموو وڵاتی عێراقیشدا ڕق و نارەزایی بەرامبەر بە پەیمانی عێراق و ئینگلیز دەنگی دەدایەوە.

لە وڵاتی سلێمانیشدا خەڵکەکەش کە سەیریان کرد ئەم پەیمانە نەکەم و نەزۆر لە لایەن مافی ئەوانەوە شتێکی تێدا نییە بۆیە دەستیان کرد بە مەزبەتە و بروسکە لێدان بۆ (کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان) واتا (عصبة الامم) هەروەها برووسکە لێدان بۆ (مەندوبی سامی ئینگلیز) لە بەغدا، بەڵام ڕوویان دەکردە هەر لایەک، لە نائومێدی. زیاتر وەڵام نەبوو، لەولایشەوە شێخ مەحموود لە پیران چاوەڕێ بوو لە بەغدایش پێویستە پەیمان کۆتایی پێ بێت...

(نووری سەعیدی سەرەک وەزیران) و (همفریز مەندوبی سامی) هەر بۆ

---

٢٠. ئەمە پیاوێکی پاک و ڕاست و نیشتمانپەروەر بوو، نە ئینگلیز وازی لێ دەهێنا و نە ئەویش دەیتوانی بە دڵی خۆی خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات. دوای ئەو ناجی سوێدی وەزارەتی دامەزراند ئەویش کە سەیری کرد داوای ئینگلیزی پێ جێبەجێ ناکرێت ئەویش لە ٩ی مانگی مارتی ١٩٣٠دا وازی هێنا.

کاروباری (معاهده) چوون بۆ لەندەن، جەعفەر عەسکەری زاوای نووری سەعید نائبی سەرەک وەزیران و وەزیری بەرگری بوو، لە ڕۆژی (٩ی ئابی ١٩٣٠)دا لەگەڵ جەمیل مەدفەعی وەزیری داخیلە و جەمال بابان وەزیری عدلیە و (مێجەر یانغ وەکیلی مەندوبی سامی) هاتن بۆ سلێمانی و چوونە سەرا، لە هەیوانی سەرا (جەعفەر عەسکەری مێجەر یانغ) دەستیان کرد بە قسەکردن و قسەدان بە جێبەجێکردنی داواکاری میللەتەکە... لەناو جەرگەی خەڵکەکەدا دەنگی (ڕەمزی فەتاح) بەرز بووەوە و وتی (پاشا، ئەم قسانە بخەرە توورەگەکەی خۆت و بیان بەرەوە بۆ بەغدا، جارێکی تر ئێمە بەو قسانە هەڵناخەڵەتێین و ئەو جۆرە فرمێسکانە دڵمان فێنک[٢١] ناکاتەوە...).

ئەم چوونی وەزیرانە بۆ هەولێر و کەرکووک و سلێمانی هەمووی بۆ سەرگرتنی هەڵبژاردنەکە بوو کە بە دەستەوە بوو کە سەیریان کرد، خەڵکەکە بەو جۆرەن، تاکو (تۆفیق وەهبی)یش کە لەوێ موتەسەڕیف بوو، کێشایانەوە بەغدا، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانویست بەو نە دەکرا، (کاون) (مفتشی إدارەی ئینگلیز)یان کرد بە جێگری موتەسەڕیف.

ئیتر کاتیش بەرەو مانگی ئەیلول و هەڵبژاردن نزیک بووەوە، دانیشتوانی سلێمانی بڕیاریان دا نەچن بەلای هەڵبژاردنەکەدا چونکە هیچ مافێکیان نەهاتووەتە دی. ڕۆژی (٦ی ئەیلول) ڕۆژی هەڵبژاردنەکە بوو، حکوومەت هەموو شتێکی ئامادە کردبوو، پۆلیس و سەرباز دەوری سەرایان تەنیبوو، خەڵکی ناو شاریش لەبەر دەرگەی سەرا کۆبووبوونەوە، شیعر و خوتبە دەخوێنرایەوە و داوای ماف و دوورکەوتنەوە لە هەڵبژاردنەکە دەکرا... لەم خوێنگەرمی و دەمار گرژییەدا نزیک چێشتەنگاو، پۆلیس دەستی کرد بە تەقە و خەڵکەکەش بە دار و کورسی چایخانەکان بەربوونە پۆلیس، لەولاوە سەربازی ناو سەرا هاتن ئەوانیش دەستیان کرد بە تەقە خەڵکیش تەقەیان

٢١. مەبەستی لەو فرمێسکانەیە کە جەعفەر پاشا لە قسەکردندا بە چاویدا دەهاتە خوارەوە لەئەنجامی ئەو هەستەدا کە ئەویش کوردی خەڵکی عەسکەری لای ئاغجەلەرە.

لەوان کـردەوە، دوای ئـەوە فـەوجـێک عـەسکـەر بە هەمـوو جـۆرە چەکـێکەوە هـاتن، خـۆیان گـەیانده سـەربانـی سـەرا و سـەربانـی چایخـانەکـان و مەترەلۆزیان لێ دابەست، بێ ڕەحمانە و بێ دەست پاراستن لە خـەڵکەکەیان دەدا[22] و دەسـتـرێژیـان دەکـرد. لە ئـەنجـامـدا (٢٥) کـەس کـوژراو و (٣٥) کـەسـیش بریندار کران و نزیکـەی (٣٠٠) کـەس زیاتر گـیران، گـیراوەکـان هـەندێکیـان نێـررانە کـەرکـوک و هـەندێکی تریان لە کـەرکـووکـەوە ڕەوانـەی بەغدا کران و باقیەکەشیان لە سلێمانی هێشتیاننەوە.

ئەوانـەی لەم شـەڕەدا کـوژران، حـەمـە چاوشـین، حـەمـەی قـالە ئـاغـا، مـحـەمـەدی خـولە، عـەزیزی کـورتـان دروو، عەول مـحـەمـەدی چایچـی (عەولە سیس)، عەلی سی و جگەر فرۆش (ئەلە گون سووتاو) ئەحە ڕەشی حەسـەنی دەروێشی شـیرگەر، عـەزیزی پینەچی[23]، مستـەفا فـەتاحی حاجی ئەحمـەدی کەریماغایی ڕۆقێ. بۆیە ئەم ڕۆژە شوومە لە مێژووی شارەکەدا ناونرا ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول یاخۆ شەڕی بەردەرگەی سەرا.

ئەوانەی کە زیاتر لەم شەڕەدا ناویان دەرکردبوو میرزا تۆفیقی قەزاز کە دەیانوت لە هەمـوو کـەس زیاتر بە قسـە و بانگـەواز دەینەڕاند و خـەڵکی هـان دەدا، ئینجـا فـایق بێکـەسی شـاعیـر کـە ئەویش بە شـیـعـر خـوێندنەوە زیاتر ئاگری لە دڵ و دەروونی خەڵکەکە بەردەدا.

ئەوانەی لەم شەڕەدا گیراون ئەمانە بوون[24].

١- عـەزمی بەگی بابان. ٢- شـێخ قـادری حـەفـید. ٣- ئەورەحـمـانـاغـای

٢٢. عەلادین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد ل ١٢٣-١٢٧.

٢٣. گۆواری ڕۆژی نوێ ژمارە (٦) ساڵی (٢) ئەیلولی ٩٦١ ل ١-٦.

٢٤. بەو جـۆرە و بەو ریزەی کـە ناویان لە شـۆڕشـەکـانی کوردا هـاتووە بەڵام زۆری تری تێدایە کە نەنووسراون. وەک فایق بێکەسی شاعیر و وەک شەوکەت بەگی عەزمی بەگ کە گیرا ژنەکەی سکی پڕ بوو، کە لەگەڵ باوکیدا بەربوون، کوڕێکیان بوو، بەبۆنەی رزگاربوون و نەجات بوونیانەوە لە بەندیخانە کوڕەکەیان ناونا (نەجات).

ئەحمەد پاشا. ٤- حەمە صالح بەگی حەمە عەلی بەگ.٥- حەماغای ئەورەحمانئاغا. ٦- عزەت بەگی وەسمان پاشای جاف. ٧- فایق بەگ (دەبێ فایق بەگی مارف بەگ) بێت. ٨- شێخ محەمەدی گولانی. ٩- مەجید ئەفەندی کانێسکان. ١٠- ڕەمزی فەتاح. ١١- میرزا تۆفیقی قەزاز. ئەمانە خێرا کەلەپچە کران و نێرران بۆ کەرکووک. هەروەها ١٢- ڕەفیق حیلمی. ١٣- مستەفا مەولود. ١٤- رەشیدی کەریمی أفراسیاب و. ١٥- فایق بێکەس و زۆری تر. باسی ئەم کارەساتە لە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە، بۆیە سەرەک وەزیران ئەو کوشتارەی بە کارەساتەکەی (کەربەلا) دابووە قەڵەم.

دوابەدوای ئەم کوشتارە، ئینجا حکوومەتی سلێمانی وەفدێکی ڕێکخست و ناردنی بۆ بەغدا، تاکو عوزر خوایی بهێننەوە بۆ (عەرش) و بۆ حکوومەت کەوا دوای ئەم کوشتار و خوێن ڕشتنەی لە شاری سلێمانیدا کرا دڵگیر و زیز نەبن. ئەو وەفدە بەناوبانگن بە وەفدی کوردستان. کە پیرەمێردی نەمر لە یەکێک لە شاکارەکانیا قسەیان پێ دەڵێ کە لەمەودوا دەینووسین.

(گۆران)ی مەزن لەگەڵ ئەم کارەساتەدا هەنگاو بە هەنگاو دەڕوات و (هەڵۆ) بەگی کردووە بە پاڵەوانی هەڵبەستەکەی و پێشەوای کۆمەڵەکە کە چوونە بەر دەرکی سەرا و بەرامبەر بە حکوومەت وەستان، دەڵێت:

هەزار و نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلول کە ڕۆژهەلات
غەریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی
(هەڵۆ بەگ) ئەو جەوانە پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات
لە پێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی
لەگەڵ یارانی ئەیوت (ئەی حکوومەت) تانەکەی تثبیت
حقوقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئینتیخاباتت
ئەوانەی بانگ کران و تۆ بە قووەت دەوریان دەگریت
دەنی و قازانج پەرستن، هیچ نەبێ پێیان موبالاتت

ئەوانە، کەی، لە میللەت بوون هەتا تەمسیلی رأی کەن
حکوومەت ئێمە کوردین، وا ئەڵێین نامانەوێ نواب
کە داوێنی غەرەز بگرن، بە هەردوو دەست، وەتەن بەردەن
نەکەی مەشروع نییە دەرکە لەسەر سودایی ئینتیخاب
ئەمە جوملەی قسە و ئامالی یارانی هەڵۆ بەگ بوو
نە نامەشروعی تیا بوو، نە تەجاوەز بوو بۆ ئەمنیەت
کەچی عەسکەر بە مەترەلۆیزەوە، بۆ قەتڵی عام دەرچوو
درایە بەر شەقەی شەست تیر رجا و ئامالی میللیەت
شەقەی شەست تیر و قرچەی دەستڕێژ و هەڵمەتی سونگی
بە خوێنی کوردی بێ تاوان شەپۆڵی خستە سەر جادە
نەما جوانێ کە سنگی نەیسمیبێ، سەد کەڕەت سونگی
نەما پیرێ لە ڕیزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە
هەڵۆ بەگ گوللەی ئەوەل لە ڕانی دا، دووەم دەستی
کە خۆیی و قەومەکەی وادیی، بە چەشنی شێر نرکانی
پەلاماری کە دا بۆ زابتێک یەک زللە خپ خستی
دەمانچە سەند لە دەستی و ئاگری دا تاوەکو توانی

تاکو دەڵێت:

بڵێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا
ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ پێی بڵێ ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە[٢٥]

٢٥- سروشت و دەروون چاپخانەی کامەران - سلێمانی ل ٨٤-٨٦.

هەروەها حەمدی (ئەحمەد بەگی ساحیبقران) بە هەڵبەستە بەرزەکەی کە بۆ شەڕی (ئاوباریک)ی وتووە کە ئەویش یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی شەڕی بەردەرگەی سەرا، ڕووداوەکەی وەک شریتی سینەما خستووەتە پێش چاو کە ئەمە سەرەتاکەیەتی لێرەدا و ئەویش لە شوێنی خۆیدا دەنووسین:

ئەی وەتەن لوتفەن تەواوی کە وقووعاتی میلەل

ئەم مەراقە با نەکات بۆ ئاخری نەشری عیلەل[٢٦]

بێکەس یەکێک بوو لەوانەی لەبەر دەرگەی سەرادا لە گەرمەی شەڕەکەدا بریندار کرا و گیرا و فڕێ درایە بەندیخانەوە. هەر لە تاریکی بەندیخانەدا ئەو قەسیدەیەی ڕێک خست کە دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە

وەختی بەندیی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە[٢٧]

قانع شاعیری گەل و بەرەی چەوساوە بەمجۆرە باسی ئەیلولی سلێمانی دەکات:

لە کــــزی کــــوردان گــــلاراوومــــە

ڕۆژەکــــەی ئەیـلول تـانـەی چاومــــە

لە بیرت نەچێ، باخچەی بەر سەرا – بە خوێنی کوردی مەزلووم ئاو درا

پیرەمێردی نەمر لە چوونی ئەو وەفدە، پاش ئەو هەموو کوشتار و ڕەش بگیرە زۆر دڵگیر دەبێ و نارەزایی خۆی بەرامبەر بە وەفدەکە بەو هەڵبەستە بەرزە دەردەبڕێت کە بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

وەفدی کوردستـان، میللەت فرۆشـان

هەرزە وەکــیلی شــاری خـامــۆشــان

---

٢٦. دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگی ساحیبقران. چاپخانەی ئەسعەد بەغدا ١٩٥٧ ل ١٠١.

٢٧. دیوانی بێکەس چاپخانەی (الادیب) بەغدا ١٩٨٠ ل ٥٥.

چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا
کە بە خوێناوی، لاوان ئاو درا

بیبەنە خزمەت، عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی

پەردەو تارای سوور، بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر

دەک خەجاڵەت بن لە ڕووی مەحشەرا
ئێمەش خاکی غەم ئەکەین بەسەرا

ئێوەش ئەو عەرشی، بە خوێن گوڵڕەنگە
سجدەی بۆ ئەبەن هیچ ناڵێن نەنگە

کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە

بەم بەیتەش کۆتایی دێت:–

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەست ئەکەوێ[٢٨]

لە کاتی بەرپابوونی هەراکەی ئەیلولدا، شێخ مەحموودیش تا ئەو ڕۆژە لە (پیران)ی ناوچەی بەینی پێنجوین و مەریوان بەبێ دەنگ دانیشتبوو، بەڵام بە بیستنی ئەم هەواڵە، خۆی پێی نەگیرا دەستی کردەوە بە جووڵانەوە، بەوە هێزێکی زۆر لەم لاولاوە هاتن و لە دەوری کۆبوونەوە، هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوە، هاوار و داوای تۆڵە سەندنەوەی دەکرد، شێخ ئەم لەشکرەی کرد بە

٢٨. پیرەمێردی نەمر – نووسینی هاوار چاپخانەی العاني ١٩٧٠ ل ١٠٢.

دوو بەشەوە[29] قۆڵێکی لە دەوروبەری پێنجوین و شارباژێڕ بەشەکەی تر لە پشدەر. حکوومەتیش هێزێکی زۆری لە ژێر فەرمانی بەکر صدقی و یارمەتیدانی بەهادین نووریدا بۆ قۆڵی شارباژێڕ و سیوەیل نارد و بوو بە شەڕ و هێزی کورد تەواو سەرکەوتن و چەک و جبەخانەیان دەستگیر بوو، بەڵام لە دواییدا کە حکوومەت زانی بە شەڕ دەرەقەتی شێخ نایەت، کەوتە دڵخۆشیدانەوەی عەشایەر و کڕینی سەرۆکەکانیان، کە ئەمەیان بوو بە هۆی سەرکەوتنی حکوومەت و دەستبەرداربوونی شێخ مەحموود.

## شەڕی ئاوباریک

لەمەوە ڕای شێخ مەحموود هاتە سەر ئەوەی بچێت لە دەوروبەری کەرکووک کارەساتێک بەرپا بکات، بگرە بەو بۆنەیەوە بتوانێ هێزەکانی حکوومەت لەیەک داببڕێ، بەم نیازەوە لە شوباتی (٩٣١)دا ڕوو بە وڵاتی کەرکووک ڕێکەوت تا گەیشتە (ئاوباریک)[30] بێ ئاگا لەوەی کە هەندێک لە عەشایەرە کوردەکانی ئەو ناوە لەگەڵ حکوومەتدا لە ژێرەوە بۆ لەناوبردنی شێخ مەحموود ڕێک کەوتوون. ئەوانەی کە شێخ هیوای هەرە گەورەی بەوان بوو.

هەر لە ئاوباریکدا لە پڕ لە کاتی نان خواردندا شێخ سەیر دەکات. وا دەورپشتی بە فەوجێک عەسکەر بە هەموو جۆرە چەکێکەوە گیراوە جگە لە حەوت سەد پۆلیس و فڕۆکەش بە ئاسمانەوە، هێزی عەشایەری هەڵگەڕاوەش بەرامبەری، ئەمیش تەنیا پەنجا سواری لەگەڵ دەبێت. لەوانە داود بەگی فەتاح بەگی جاف و حەمەمین بەگی کەریم بەگ بە هەندێک تفەنگچییەوە، کە ئازایەتییەکی عەشایریانە و پیاوانەی بێ وێنەیان لەم شەڕەدا نواند بەڵام چەند سەعاتێک شەڕ درێژە دەکێشێ، کەس بڕوای نە

٢٩. هەندێک لە ئەفسەرە کوردەکان دایانە پاڵ شێخ، وەک. جەمال عارف، مەحموود جەودەت حامید جەودەت، کامیل حەسەن.

٣٠. ئاوباریک شوێنێکە نزیک کەرکووک.

دەکـرد نە شـێخ و نە سـوارەکـانی یەکـێکیـان ڕزگـاریان ببـێ، کـەچی بە پێـچـەوانەوە پاش دەست وەشـاندن شـێخ گـەڕایەوە ناوچە شـاخـاوییـەکـانی سلێـمـانـی، بەڵام لەمــە زۆر دڵگیـر بـوو، حــەقیـشـی بوو، ئەی (ئەو)ێک بە درێژایی ژیانـی تێکۆشـابێ و ئەو هەمـوو دەردیسـەری و حـەپسی و دووجـار فـەرمانی خنکاندن و شـاخ و ئەشکەوت و ناڕەحـەتی دیبێ چۆن سـەغڵـەت نابێ؟ ئەگـەر بێگانـەیەک ئەمـەی لەگـەڵ بکردایە گلەیی لێ نەدەکرا، بەڵام لە میللەتەکەی خۆی ئەوەی بەرامبـەر بکەن، ئەمەیـان هـەر هەزم ناکرێ ئینجا فـەرمـوون گوێ بگرن بزانن خـوا لێخـۆشـبـوو ئەحـمـەد بـەگی سـاحیـبـقران (حەمدی) لە بابەت شەڕی ئاوباریکەوە چی وتووە[٣١]:

ئـەی وەتەن لـوطفــەن تـەواوی کــە وقــووعــاتـی مــیلـەل
ئـەم مــەراقــە بـا نـەکـا بۆ ئـاخــری نـەشــری عــیلـەل
تێ بگەن خــەلقـینـە توخــوا بەس ئیــتــر تەفـرە بخــۆن
ئـەجنـەبی بۆ نـەفــعی خـــۆیانـە دەکـــەن دایم حــیــەل
نـامـــداری کـــورد و سێ ضـــابط بە هـاوڕێتـی ســـەلام
کـــەوتنـە مـــەردانـە ســـەعی حـــیـــرەتم بـوو (فی المثل)
ڕۆسـتـەمـانە گـەر بڵـێم غـەدرە کـە ڕۆسـتـەم هەر بەخـەو
کـــەی تـەیارەی دی بە فـــێڵ و یا تـەقـــەی تۆپی جـــەبەل
گـــەر بڵـــێم ئەسکەندەرانە، غـــەدرە ئەسکەندەر مـــەدام
صـــاحب ئۆردووی و وەزیری وەک ئـەرەسـتـووی بوو لەگـەڵ
بۆچی باسی حـــەربی ســوورداش و (کــەناروێ)ت بۆ بکەم
بەم قـــســانـە بۆت تەواوکـــەم قـــافـیـــەی نەظم و غــەزەل
حـــــەربی ئاوباریک ئـەگـــەر تـەصـــویری بتـــوانم بکەم
وا ئـەزانم کــورد بە خــوێنی کـــوردەکـــان ئەیکەن بەدەل

٣١- دیوانی ئەحمەد بەگی ساحیبقران چاپخانەی ئەسعەد بەغدا ١٩٥٧ ل ١٠١- ١٠٤.

شێخ لەگەڵ پەنجا کەسێ مەشغوولی راحەت بوون بە ڕۆژ
ئاخـــری مـــانگی بەهار و ئاوباریک بوو مـــحـــەل
یەک فەوج جەیشی... حەوت سەد نەفەر پۆلیسی تورک
پێـــشـــڕەوی دوو ســـەد ســـواری... بوو جـــەدەل
نەفیری عامی هاتنە سەر یەک نەفەر سەرداری کورد
بۆ خـسـووفی مانگ وەکو چووبن شـەیاطینی بە گەل
دانیـــانە بەر تەقـــە هەروەک شـــەیاطین رەجم کـەن
مانگ نەگیرا کەوتنە جامبازە ئەمثالی جەمەل
دەنگی شـەست تیر و تەیارە قـرچەیی تۆپ و تفـەنگ
ڕۆژی حـــەشــرێ بوو دەباری هەروەکـــو تەرزە ئەجـــەل
دووکـــەڵی بۆمـــبـــا تەپوتۆزی ســـوارە و گـــوللە طۆپ
ئاسـمـانی گرتە بەر، داگیری کرد بورجی حەمەل
گـــوللە پرشنگی دەدا و دەشکا وەها ظەنت ئەبرد
زامـــــدارە بۆ تەداوی هاتووە نەجـــمی زوحـــەل
ئەو هجوومانە کە لەرزەی خستە ئەرز و ئاسمان
نەیگەیان زەڕە بە وەضـعی یەک منداڵی کورد خەلەل
وا نەبوو ئەهیـمەتی بۆمـــبـا و گـوللەی طۆپەکـان
هەر دەهات دەدرایە بەر شـــەق یا بە پێلەقـــە و بە پەل
من وتم ئەم حـەربە تەمـسـیلی (چەناق قـەلعە) ئەکا
ســـەد ئەگـــەر بکرایە ئەطرافی بوو تۆپیل و بەتەل
هەر بەلاشـــە ڕەش بەڵەک گـــیـــرا بوو لەو مـــەیدانەدا
.... مـــثلی بەت جـــوندی هەژاریش مـــثلی قـــەل
وەختی مەغریب رەجعەتی ئۆردووی کە کرد سەیری هەبوو
سنگ گـۆڕرا بوو یەکـــســـەر بووبووە پشت و کـــەفـــەڵ

بۆ قــــەوان هــەڵناکـــــەوێ جـــارێکی تر بەو نــەوعـــــەها
وەختی رەجعەت رەحمی فەرمـوو مـەنعی تەعقیبی نەکرد
وا ئـەگــــەر نـەبوایە لاشــــە جێ ئەمـــا وەک باڵی مـــــەل
چاوی هێــشــتـــا پیــاوی ســاغی هەر نـەدیوە ئـەجنـەبی
خـزمــەتی ئەو چونکە ناکـەن غـەیری لات و کـوێر و شــەل
ســـەیرە چاوی مــوغـرضی کــورد بەو تەپوتۆزەی شـــەڕە
تـەم بـەســـــەریا هـاتووە گـــــرتوویـەتـی دەردی ســـــەبـەل
یەک بەدە هـەرچەندە ســـەندرا خـــوێنی منداڵانی کـــورد
زەحـمــەتە تا ڕۆژی مـەحـشــەر بکرێ ئەو ئەشکالە حـەل
لێم گـەڕێ فـەرمـووی وەتـەن ئەمـجـا دووعـاتان بۆ دەکـەم
پشـــتی یەک بگرن لەســــەرتانە خـــوای عـــەزەوەجـــەل
(رەبی مـــــووی لێ بێ زبانی پەنجــــەکــــانی هـەڵوەرێ
هەر کـەسێ گـوڵشــەن بە دەردی گـوڵخـەنی دۆزەخ بەرێ)

شـێخ دوای (ئاوباریک) کـە بەو جـۆرە ئەنجامـەکـەی شکایەوە و ئەو خـێڵـە کوردەی کە ئەو هەموو بڕوایەکی پێ بوو کەوا لەو شەڕەدا ئەو یارمەتی دەدا کەچی بەو جۆرە دژی وەستا، ئیتر هیچی بۆ نەمایەوە هات لە (١٣ی مایسی ١٩٣١)دا، خۆی دا بە دەست حکوومـەتی عێراقەوە، حکوومەتی ئەوساش، بە هەموو ڕێز و قەدرێکەوە، دووریان خستەوە لە سەرەتاوە بۆ (سماوە)، ئینجا بۆ (ناصریە)، دوای ئەوە بۆ (عانە) و لە سـاڵی ١٩٣٣دا، هێنایانە بەغدا لە گەڕەکی (صلێخ)، دەسـتبـەسـەر دانیـشت، تا لە هـەراکـەی رەشـیـد عـالیـدا مـایسی سـاڵی ١٩٤١ هـەڵهـات. گـەڕایەوە داریکەلی (باسی ئەم مـاوەیە لە شـوێنێکی تری ئەم کـتێبـەدا کراوە). تاکـو لە سـاڵی ١٩٥٦دا بە نەخـۆشی هێنایانە نەخـۆشخانەی (حـەیدەری) لە بەغدا. کوردەکان زۆریان هاتوچۆیان دەکـرد و خـەریکی بوون تا لە شـەوی ١٩٥٦/١٠/٩دا کـۆچی دوایی کـرد و

دنیـای پڕ تاڵی و تفتـی بەجێ هێـشت، ئەو هەمـوو ئێش و ئازارەی دی، ئەو هەمـوو دەرد و ئەشکەنجـەیەی هاتە ڕێ، ڕۆژێک نانێکی ڕەحـەتی نەخـوارد، هەمووی لە ڕێی بە ئاوات گەیشتنی نەتەوەکەیدا، کە بەداخەوە سەری نایەوە و ئەو ڕۆژەی هەر نەدی. تاکو بردنەوەی تەرمـەکە و ناشتنیشی لە سلێمانی، هەر وەختـە بوو هەرایەکی گەورەی تێدا بقەومێ ئەوە بـوو دوو کەسـی[٣٢] تێدا کـوژرا و گـەلێک بریندار کـران، لە سـەردەمـێکدا کـە (عـومـەر عـەلی) مـوتەسـەریف بوو، بـەڵام خـۆی ئەو ڕۆژە لەوێ نەبـوو بۆ سـبـحـەینێ بەپەلە گـەڕابووەوە سلێـمـانی و دەسـتی کـردبـوو بە خـەڵک گـرتن، چونکە نـزیکەی (٥٠٠) ئۆتۆمۆبـێل لەگەڵ تەرمەکەی هاتبوونە سلێمانییەوە لەو کاتەدا شێخ لەتیفی کوڕی لە بەندیخانە بوو، چەند کەسێک لەو قەڵەباڵغییەدا تەرمەکەیان فـڕاندبوو بەرەو بەنـدیخـانە بـۆ ئەوەی شـێـخ لەتیف بیـبـینـێ و لە ئەنجـامی ئەوەدا پۆلیس تەقـەیان کردبوو، بۆیـە هـەرچۆنێک بوو هـەر بەشـەو ناشـتیـان و لە ژووری مـەرقـەدی کاک ئـەحـمـەدی باپیری و لە تەنـشـتیـەوە لە مـزگـەوتی گەورە شارڕایەوە.

بەمـجۆرە ئینگلیز دوای جیبەجێکردنی ئیش و (مـصلحەت)ی خـۆی، وەک ڕەوشـتی هەمـوو دەوڵەتێکی ئیسـتعمـاری شـڵـپێکی تەڕی دا بە کورددا کە هەرگیز لە بیری نەچێتەوە. بەڵام دوای ئەو ماوەیە ئیتر حکوومەتی عێراقیش کەوتە دڵدانەوەی کورد و لەگەڵ هەموو گەلی عێراقدا جۆرە حەسانەوەیەکیان بە خـۆیـانەوە دی. لە لایەن کاربەدەسـتـانیـشـەوە سـەیری هـەمـوو لایەک وەک یەک دەکرا.

لە ڕاسـتیـشدا نزیکبوونەوەی کورد و عەرەب و گشت ڕۆڵەکانی تری عێراق و برایەتییـان ڕووەو پتـەوی و بەرەو ئاسـۆیەکی ڕوون و پڕشنگدار بووەوە کە ئەمـەش زیاتر لە شـیـعری زۆر لە شـاعیرە نیـشـتمـانپـەروەرەکانماندا ڕەنگ

---

٣٢. یەکەمیان ئەختەر ژنی ڕەشۆڵ و دووەمیان فەقێیەکی مزگەوت بوون.

دەداتەوە... ئەوەتا یەکێکی وەک شاعیری مەزن (ئەحمەد فەوزی) واتا شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی مامی شێخ نووری شێخ صالح لە هەڵبەستێکیدا دەڵێت:

بۆ ژین ئەگەڕێم خەڵقە، ژیانم لە عێراقە
بێ پەردە ئەڵێم، ئەمن و ئەمانم لە عێراقە

تاکو دەڵێت:

فەوزی چییە بەینێکە فوتوغرافی خەیاڵت
بێ دەنگە، وتی: گیانە: قەوانم لە عێراقە

هەروەها ئەورەحمان بەگی بابان زیاتر بنج و بناوانی ئەو برایەتییە ڕوون دەکاتەوە لە شاکارەکەیدا کە دەڵێت:

کاکی عەرەب تۆ لەگەڵ من عەهد و پەیمانت هەیە
تۆ بە هەستان و هێزی من بڕوا و ئیمانت هەیە
کاکی عەرەب من وەکو تۆ بنج و تارو پۆم هەیە
قەومی مێژوودارم و پیت و زمانی خۆم هەیە
من بە دووربینی فکر زوو کەشفی ئاسۆم کردووە
بۆ عێراقی خۆشەویستم خزمەتی خۆم کردووە
کاکی عەرەب تۆ بزانە کورد برای هاوشیرتە
سەیری مێژووی خۆت بکە ڕووناکی بەخشی بیرتە
دوو براین لەم خاکەدا من نیشتمانی خۆم هەیە
بۆ دەبوستان و دەبیرستان زمانی خۆم هەیە
من عێراقیم بەڵام تەرزی ژیانی خۆم هەیە
ئەم قەڵای گەورەی عێراقە وا لەسەر دوو پایەیە
کورد و عەرەب هەر یەکە، یەک پایەیی پڕ مایەیە

## کاربەدەستانی سەردەمی شێخ مەحموود[٣٣]

زۆربەی کاربەدەستانی سەردەمی ئینگلیزەکان، هەر مانەوە و ئەوانەش کە گۆڕابن یا گوێزرابنەوە، لەمەودوا دەردەکەون:

سەرۆکی مهندسخانە: ماجد ئەفەندی (مەبەست لە ماجد مستەفایە)

کاتبی نافعە: علی باقی ئەفەندی

کاتبی مهندسخانە: صدیق ئەفەندی (ڕەنگ هەیە صدیق شاوەیس بێت)

سەر محاسبی مالیە: صالح پاشا

کاتب مالیە: فارس ئەفەندی

کاتب مالیە: صالح ئەفەندی

کاتب مالیە: مەجید ئەفەندی

کاتب مالیە: تۆفیق ئەفەندی

کاتب مالیە: قطب الدین ئەفەندی

کاتب مالیە: عەبدولرەحمان ئەفەندی

سەر کاتبی داخلیە: مستەفا فەنی

کاتب داخلیە: سەعید ئەفەندی

کاتب داخلیە: رەشید ئەفەندی

رئیس اجراء: صدیق مەزهەر

قاضی: مەلا مارف (سیرەیی)

ئەندامی مەحکەمە: نجیب ئەفەندی (نەجیب ئەفەندی فەتاح ئەفەندی)

مأموری أجراء: علی سامی

مدیری أیتام: سەید ئەحمەد

سەر کاتبی مەحکەمە: محەمەد وەهبی

---

٣٣. وەک لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان و أمید استقلال وەرگیراوە.

کاتبی مەحکەمە: شێخ ڕەشید

کاتبی مەحکەمە: شێخ ئەحمەد

کاتبی مەحکەمە: خەلیل

مدیری تاپۆ: فائق بەگ (کوڕی عەلی بەگ – بابان)

معاونی تاپۆ: هادی ئەفەندی (صائب)

معاونی تاپۆ: ئەحمەد بەگ (ئەحمەد بەگی کەریم بەگ)

معاونی تاپۆ: مەلا سەعید ئەفەندی

معاونی تاپۆ: عەلی بەگ (کوڕی مستەفا بەگ)

معاونی تاپۆ: غەفوور ئەفەندی

سەر کاتبی رسومات: عەبدوڵڵا ئەفەندی

کاتبی دەیەک: شێخ عەزیز ئەفەندی (کوڕی شێخ ڕەشید)

دائیرەی ڕێژی: عەلی بەگ

دائیرەی ڕێژی: محەمەد ئەفەندی

دائیرەی ڕێژی: مارف ئاغا

دائیرەی ڕێژی: ئەحمەد ئەفەندی

مدیری مطبعە: عەبدولەجید ئەفەندی

سەرمرتب: محەمەد ئەدیب ئەفەندی

مرتب: محەمەد تۆفیق ئەفەندی

ماکینەچی: محەمەد ئەدیب ئەفەندی

مەئموری تەلغراف: حسین ئەفەندی

سەر کاتبی مەعاریف: حاجی قادر ئەفەندی (ڕەنگ هەیە براکەی حاجی مستەفا پاشا بێت)

مودیری مەکتەبی أعدادی: ڕەفیق حیلمی ئەفەندی

معلمی مەکتەبی أعدادی: صالح ئەفەندی قەفتانچی

معلمی مەکتەبی أعدادی: زێوەر ئەفەندی (شاعیر)

معلمی مەکتەبی أعدادی: ئەمین ئەفەندی

معلمی مەکتەبی أعدادی: شێخ محەمەد..

معلمی مەکتەبی أعدادی: مەلا مەحموود ئەفەندی (بەیخوود)

معلمی مەکتەبی أعدادی: ئەحمەد حەمدی ئەفەندی

معلمی مەکتەبی أعدادی: جەلال ئەفەندی

مودیری مەکتەبی قادری: سەعید زەکی ئەفەندی

معلمی مەکتەبی قادری: عەبدولعەزیز ئەفەندی

معلمی مەکتەبی قادری: مەلا سەعید ئەفەندی

معلمی أعدادی: سەعید قەزاز ئەفەندی

معلمی أعدادی: رەمزی ئەفەندی

معلمی أعدادی: قادر رەشید ئەفەندی

معلم مەحموودی حەمدی بەگ

معلم قادر عەزیز ئەفەندی

معلم عەبدوڵڵا ئەفەندی

معلم حەمە کاکە ئەفەندی

معلمی مەکتەبی لەتیفیە: شێخ ئەحمەد ئەفەندی

معلمی مەکتەبی لەتیفیە: سەعید ئەفەندی

ئەوانەی باسمان کردن فەرمانبەرانی (مدنی) بوون.

فەرمانبەرانی سوپاییش ئەم زاتانە بوون:

قائدی سوپای کوردستان: صالح زەکی بەگ ساحیبقران

ملحق سوپای کوردستان: فائق حلمی بەگ

ملازم: ئەمین بەگی رەواندزی

ملازم ئەوەل: یونس ماهی ئەفەندی
رەئیسی شوعبەی سێ: ملازم عەزیز حیکمەت ئەفەندی قەزاز
ملازم ثانی: ئیبراهیم ئەفەندی
ملازم ثانی: حیکمەت ئەفەندی
ملازم ثانی: رەشید ئەفەندی
ملازم ثانی: رەمزی ئەفەندی
ملازم ثانی: فەتاح ئەفەندی
مەئموری حساب: رەشید ئەفەندی
مودیری حسابی شعبەی دووی عەسکەری کوردستان: رەئوف ئەفەندی
قوماندانی تابوری پیادە: عەبدولقادر ئەفەندی
قوماندانی ژاندرمەی (معیت): شێخ مستەفا
رئیس الامناء: عزەت ئەفەندی
سەر کاتبی مابەینی (معیت): تایەری ئەمین ئەفەندی
کاتبی مابەین (معیت): عارف صائب
کاتبی مابەین (معیت): ئەحمەد ئەفەندی عەزیز ئاغا
فەرمانبەرانی شارەوانیش ئەمانە بوون:
رئیسی بلدیە: مەحموود ئەفەندی
سەر کاتبی بلدیە: شێخ نووری ئەفەندی
کاتبی بلدیە: عەلی ئەفەندی
مهندسی بلدیە: قادر ئەفەندی

## ٩

## سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٤دا

لە ڕۆژی بنیاتنانی شاری سلێمانییەوە لە ساڵی ١٧٨٤وە هەنگاو بەهەنگاو لە گەڵیدا هاتین واتا سەردەمی بابانەکان (١٧٨٤-١٨٥٠) ئینجا حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان (١٨٥٠-١٩١٧) دوای ئەوە سەردەمی شێخ مەحموود تێکەڵاو بە حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز (١٩١٧-١٩٢٤)، دوای ئەوەش دامەزراندنی حوکمی نیشتمانی لە عێراقدا و هاتنی مەلیک فەیسەڵ و لەیەکدانی ناوچەی سلێمانی لەگەڵ عێراقدا و باسی ڕووداوە گرینگەکانی ناوچەکە وەک هاتنی جێگری سەرۆک وەزیران جەعفەر عەسکەری و چەند وەزیرێکی تر بۆ سلێمانی لە ١٩٣٠دا، ئینجا شەڕی بەردەرگەی سەرا (ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول ١٩٣٠) و دوای ئەوە هەڵسانەوەی شێخ مەحموود و شەڕی ئاوباریک... ئومێدەوارین توانیبێتمان ئەو باسانە هەر یەکە کەم تا زۆر مافی خۆمان دابێتێ. ئینجا بۆ ڕوونکردنەوەی باری ئەم شارەمان لە سەردەمی حوکمی مەلیکدا، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر دۆخی سلێمانیدا لەپاڵ حکوومەتی عێراقدا، نووسینێکی بە نرخی مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی دەخەمە پێش چاو[1] کە بەوردی بارو وێستاوی ئەو سەردەمەی سلێمانی دەخاتە ڕوو. وا دیارە لەو ساڵەدا (حزنی) لەسەر بانگهێشتنی پیرەمێرد هاتۆتە سلێمانی و نزیکەی چوار مانگ لەوێ ماوەتەوە. ئەو زانیارییە بەنرخە بەروبوومی ئەو سەردانەی مامۆستای بەڕێزە.

---

١. ئەم نووسینە لە لایەن خانمی لێهاتوو. د. کوردستانی موکریانی لە کۆواری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢٠) ساڵی (١٩٨٨)دا ل ٣٢-٤٤ بڵاو کراوەتەوە.

## تەشکیلات

هەتا ساڵی ١٩٢٤ تەشکیلاتی سلێمانی زۆر کەم بوو، بە هیمەت و کۆششی نوابە حکوومەت پەرستەکانەوە، شاری سلێمانی ڕووی لە چاک و چوون کرد. دائیرەی تاپۆ، عەدلییە کە مەحکەمەی صولحی لێ دامەزراندران، مودیریەتی ئەوقاف و مەئموریەتی نفوس لەو لیوایەدا تەشکیل کرا. قەرەداغ و بازیان لەبەر هەندێک شت خرابوونە سەر لیوای کەرکووک گەڕاندرانەوە خرانەوە سەر لیوای سلێمانی.

## بلدیەی سلێمانی[٢]

دایەرەی بەلەدیە دوو نهۆمییە. ژوورێکیان موهەندیسی بەلەدیە و مەئموری کارەبایە و لە هی دووەمیاندا مەئموری صحە و مونەزیفات دادەنیشن. لە ساڵۆنەکەشدا شەش ژووری گەورە هەیە، یەکەمیان ژووری حروفات و دائیرەی مەتبەعەیە و هی دووەم دائیرەی ئەوقافە و هی سێیەم عەمباری پێویستی ئەلکتریکە و... ئینجا ژووری مەئموری ئیستیهلاکە و ئەوی تر هی رەئیسی بەلەدیە و سێیەم باشکاتبی بلدیە و صندوق ئەمین و کتێبەکانی بەلەدییەی تێدایە، ژووری هەیوانیش تەمامی ئەسبابی بەلەدییەی تێدایە.

رەئیسی بەلەدیە – یەکتا بەگ – پیاوێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و خاوێن و بێ دەعیەیە.

عەمەلەی بەلەدیە لە هاویندا ئاوپرژێنی جادەکان دەکەن و سبەینان زبڵ لە ماڵان وەردەگرن و فڕێی دەدەن.

---

٢. مەبەستی لە بەلەدیە (شارەوانی) کۆنە لەناو بازاڕدا.

## تیمارخانە - خەستەخانە (مستشفی)

لە مەرکەزی سلێمانی خەستەخانەیەک هەیە زۆر گەورەیە[٣]، لە بەرامبەر سەرا، تەنیشت مەدرەسەی ئیبتیدائی، کە لەوەوپێش متوسطە بوو، چەند ژوورێکی گەورەی بۆ نوستنی نەخۆش و چەند ژوور بۆ دەرمانکردن و چەند ژوورێک بۆ مەئمورانی. ئەو بیمارخانەیە لە دەوری عوسمانیدا بینا کراوە.

ئەمساڵ لەسەر تەرزی ئەوروپا بە دەستوورێکی زۆر جوان لە گەڕەکی مەڵکەندی، کە شیمالی شاری سلێمانییە، بیمارخانەیەکی زۆر گەورەی بە تەرتیب، کە چوار حەمام و ئاودەستخانەی تایبەتی و ئەوبەر و ئەوبەر ژووری نەخۆش و لە قیبلەوە کۆشکێکی بەرز، کە دەرگەی ژووری مەئموران و دکتۆران لەو کۆشکەدا دروست کراون، لە شیمالی ئەو بیناوە، سێ بینای بچووک، یەک بۆ مردوو شۆری، دووەم بۆ جەنازە و سێیەم بۆ پاسەوانی ئەوانە دروست کراون[٤].

## تەلەگراف و تەلیفۆن

لەمەوپێش هەر هەبوو، بەڵام لە دواییدا، بە موناسەبەتی شەڕوشۆڕ و ئاوی بارانی سلێمانی تێکچوو. تێل لە نێوان کەرکووک و سلێمانیدا نەمابوو بەڵام لەو شۆڕشەدا بە تێلی بێتێل لە نێوانی سلێمانی و کەرکووکدا قسە دەکرا. لە ساڵی ١٩٢٦دا دەست بە دامەزراندنی تیلەگراف و تەلیفۆن کرا. خەتێکی باش پەیدابوو ڕێک خرا و ئێستا زۆر جوان لەگەڵ هەموو گۆشەیەکی عێراقدا کاردەکات.

---

٣. مەبەستی نەخۆشخانەکەی ناو بازاڕە کە لەوەوپێش (زانستی) تێدا بوو، ئێستا ساحەی راوەستانی ئۆتۆمۆبێلە، مەدرەسەش، مەبەستی قوتابخانەی (فیصلیە)ی کۆنە، بەڵام نەمبیستووە لەوەوپێش (متوسطە) بووبێت. بەڵکو وەک لە شوێنێکی کەدا نووسیومانە لەوەوپێش دایەرەی حاکمی سیاسی بووە.

٤. مەبەستی نەخۆشخانەکەی سەرەوەیە لە دامێنی (بەندیخانە - سجن).

له ساڵی ١٩٢٨دا خەتێکی تێل له سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە و پێنجوین و بۆ چوارتا ڕاکێشرا. پۆستەخانە تێک چووبوو، ساڵی ١٩٢٥ نەختێک ڕێک خرایەوە، به دەستوورێکی زۆر شپرزەیی هەتا ١٩٢٩ هاتوچوونی پۆستە دەکرا و لەپاش ئەوە ڕووی له چاکی کرد و ئەمنییەت پەیدا کراوە و ئەوەل جار هەفتەی جارێک له پاشان هەفتەی دووجار دانرا، ئێستا هەموو ڕۆژێک، سبەینە پۆستە دەڕوات و نیوەڕۆ بۆی دێت. له ساڵی ١٩٢٨دا بوو له هەڵەبجە و پێنجوین و چوارتاش دامەزرا.

## مەدرەسەی ڕەسمی

له نێو شاری سلێمانیدا مەدرەسەی متوسطه و چەند مەدرەسەی دیکەش هەن، بەڵام (٢٨) مەدرەسە له هەموو لیواکەدا هەیە. سێیان مەدرەسەی کچانن و یەک مەدرەسەی متوسطه و بست و سێ مەدرەسەی ئیبتیدائیان پێ دەڵێن ئەمساڵ له مانگی ئەیلولدا ناوی مەدرەسەکانی سلێمانیان گۆڕی بەناوی گەورەکانی عەرەبەوەیان ناونان.

ئەمساڵ له تەنیشت خەستەخانە تازەکەدا مەکتەبی متوسطه لەسەر تەرزێکی زۆر جوان به چیمەنتۆ و شێلمان دروست کراوە و له مانگی تشرینی یەکەمدا له ڕۆژی جومعەی ٢٩ی ئەیلول لەگەڵ پرۆفیسۆر مینورسکیی[5] بەناوبانگ چاوم بەو مەدرەسەیە کەوت. هەتا ساڵی ١٩٢٦[6] تەنیا مەدرەسەیەک له هەموو لیوای سلێمانیدا هەبووە و ئەو مەکتەبەش ناقص بوو. مەکتەبی ئەوەل و دووەمی کوڕان مەکتەبی کچان و سانەوی

٥. کوردناسێکی ڕووسیی قەیسەری و پیاوێکی زانا و گەلێک نووسینی لەسەر کورد هەیە (الاکراد. ملاحظات و إنطباعات) د. مارف خەزنەدار وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی و له چاپ دراوە.

٦. لێرەدا مامۆستای بەڕێز به هەڵەدا چووە، چونکە له سەردەمی عوسمانییەکانەوە وەک لەمەوپێش باسمان کرد مەدرەسەی ڕەسمی دامەزراوە.

(ئیعدادی) بە سنفێک کرایەوە و لە ساڵی ۱۹۲۷دا سنفی دووەمی سانەوی کرایەوە. لەبەر نەبوونی کتێب ئەو سنفە شاگردی چوونە مەکتەبی بەغدا لەوێ خوێندیان، ئەوەش بۆ ئەوە هێنرایە پێشەوە کە شاگردانی کورد لەو مەکتەبەدا بە عەرەبی بخوێنن. محەمەد ئەمین زەکی بەگ، وەزیری مەعاریف لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ناردرا بۆ سلێمانی، کە دڵخۆشی خەڵکەکە بداتەوە بە عەرەبی بخوێنن و لە ئەسەرەکەی (موحاسەبەی نیابەت ل –۱۰)دا دەڵێت.

(د. بەواسیتەی عەرەبی فێربوونەوە بەعزێکیان دەتوانن لە مەولا ئیستیفادە لە مەئموریەتی لیواکانی تر بکەن)[7].

مەدرەسەی کچان ئەم ساڵ یەک لە تەوێڵە و یەک لە هەڵەبجە کرانەوە و مەدرەسەی کچانی سلێمانی لە مێژە هەیە، ژمارەی تەڵەبەکانی ئەو بیست و هەشت مەدرەسەیە هەزار و حەوت سەد کەسن.

لە دەوری حوکمداری شێخ مەحموددا چوار مەدرەسە لە سلێمانی هەبوو، ۱– مەحموودیە، ۲– قادریە، ۳– رەئوفیە، ٤– لەتیفیە و لە پاشدا ئەو ناوانە گۆڕدران و کران بە مەدرەسەی سانەوی و ئیبتدائی و یەکەمین و دووەمین و سێیەمین.

ئەم ساڵ ناوی ئەوانیش گۆڕدرا، لە دوامینی ئەیلولدا ناوی یەکێکیان نا (فیصلیە)، کە لەپێشدا (مەحموودیە) بوو، دووم (غازی)، سێیەم (خالدیە) و چوارەم (صلاح الدین)، دوو مەکتەبی کچانیش ناویان بەمجۆرە گۆڕدرا لە مەرکەزی لیوا (عایشة الصدیقة) و (فاطمة الزهراء)[8] بەڵام ناوی مەکتەبەکانی تر هێشتا هەروەک خۆیانن.

---

۷. وابزانم ئەم گلەییەی مامۆستای بەڕێز لە ئەمین زەکی بەگ لە جێی خۆیدا نییە.

۸. هەر بە (صدیقە و زهراء) ناو دەبران، کە یەکێکیان مەلیحەخانی ژنی عەبدوڵڵا نووری و ئەوی تریان (زارا زێڕین تاج) کچی حاجی مستەفا پاشای یامولکی بەڕێوەبەریان بوون.

## قوتابخانە[9]

لە هەموو گەڕەکەکانی سلێمانیدا قوتابخانە کراونەوە، مەلایەک یان خوێندەوارێک دەرس بە منداڵ ئەڵێنەوە دەرسی قورئان و کتێبی فارسییان پێ ئەڵێن. ئەو قوتابخانانە نزیکەی چل دانەیەک دەبن و هەر یەک کەم و زۆر قوتابی تێدایە لەسەر دەستووری پێشوو مەیدان و فەلاقە و دارکارییان هەر ماوە و کەمێک کوردیش دەخوێنن. هەر قوتابییەک مانگی چتێک دەدەن بە مامۆستا و مامۆستاکان لە میللەت[10] هێندە ئاگادار نین، هەر لەسەر ڕەوشتی دەوری نەزانین دەرس دەڵێنەوە، لەسەر پارچە حەسیر و بەڕە و زەوی منداڵەکان دادەنیشن.

## ڕێگە و جادە

ڕێگا و جادەیەکی لەناو شاردایە، هەر ئەو ئاسارەیە، کە مێجەر سۆن لە پێشدا دای مەزراندووە، بەڵام بەلەدییە کەمێک خۆڵ و بەردی خستووە. ڕێگایەکی ڕاست لەبەر دەرگەی مزگەوتی گەورەوە هەتا دەری شار بۆ سابوونکەران و لەبەر دەرگای سەراوە بۆ گەڕەکی دەرگەزێن دەڕوات، هەتا نزیک گردی سەیوان چووە و ڕێگەیەکی لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەوە بە نارێکی پێچ دەخواتەوە بۆ چوارباغ، کە ڕێگای کەرکووکی پێ دەڵێن، ئەو سێ ڕێگەیەی بۆ کراوە، بەڵام ڕێگاکانی ناوشار بە کەموکورتی ڕێک خراون

٩. مەبەستی لە (حوجرە)ی مەلاکانە کە ئەو دەمە لە سلێمانیدا زۆر بوو خۆم یەکێک بووم لەوانەی کەمێک لە حوجرەی (حاجی مەلا) ناوێک بە تەنیشت مزگەوتی سەید حەسەنەوە، شتم بە (حونچە) خوێندووە. وەک ئەلیف سەرئا، عەین واو عوو، زوو بەزوو (أعوذ)....

١٠. نیشتمانپەروەری و (وطنیە)ت ، ئەوسا میللەتیان پێ دەوت، ئافەرین بۆ ئەو پیاوە بەڕێزە کە خۆی ئەوەندە میللەت پەروەر بووە، بەڵام بەداخەوە کە هەندێک ناحەز تانە و تەشەریان تێ دەگرت و بەپێچەوانەوە ناویان دەبرد.

ئۆتۆمۆبێل بە هەموویاندا هاتوچۆ دەکات. لە نیەتدایە نێوشار گەلێک ڕێگای دیکەی بۆ دروست بکەن و قیرتاویشی بکەن.

ڕێگایەکی دیکە مێجەر سۆن بەسەر تانجەرۆدا بۆ قەرەداغی برد، لەسەر چۆمی تانجەڕۆ پردێکی دروست کرد، ڕێگایەک بۆ هەڵەبجە بە بناری شاخی هەوراماندا دەچووە هەڵەبجە، ئەو ساڵە کە لە دێی سەید سادقەوە راست بە نێو دەشتی شارەزووردا بڕیویانە و چۆتە هەڵەبجە. لە نزیک دێی سەید سادقەوە ڕێگایەک بۆ پێنجوین جوێ کراوەتەوە. ڕێگایەکی دیکە لە هەموویان مهمترە، ڕێگای کەرکووکە بەسەر پردی قلیاساندا دەڕوات و دەچێتە تەنگی نال[11] لە مەرکەزی ناحیەی بازیانەوە ڕووی وە دەربەندی بازیان دەچێت، لە چەمچەماڵەوە بە قەرەهەنجیردا دەڕواتە کەرکووک، ئەو ڕێگەیە زۆر راست و جوان و خۆشە بە قیلەتاوە[12] ڕێک خراوە... ڕێگایەکی دیکەش لە نزیک پردی قلیاسانەوە بۆ مەرکەزی ناحیەی سورداش راستەوڕاست دەڕوات. پردی قلیاسان بە بەرد و گێچ و قسڵ دروست کراوە، لە توجارانی (وەیا نەجارانی) سلێمانی حاجی مەلا عەزیزی قەرەنی لە ساڵانی ١٩١٨دا کراوە[13].

## باغ و باخچە

شاری سلێمانی لە پێشدا باغ و باخچەی زۆر بووە، بەڵام لە جەنگی جیهاندا هەمووی بە تەور و تەشوێی تورک تێک دراوە چی وای نەماوە.. لە جنوبی شارەوە چەند بێستانێکی سەوزایی هەیە و لە نێوانی شاخی گۆیژە

١١. مەبەستی لە (تەیناڵ)ە، بەڵام بۆچی کردوویەتی بە تەنگی ناڵ؟ تەیناڵ لە بنچینەدا ناوێکی مەغۆلییە سەیری کتێبی (أصول أسماء المدن والمواقع العراقية) ل ٩١ نووسینی جەمال بابان بکە. بەرگی یەکەم چاپخانەی الاجیال ١٩٨٩).

١٢. قیرتاو.

١٣. لە شوێنێکی تردا دوور و درێژ لەم پردە دواوین.

و شاردا لە نزیک کەناری شار چەند زەوییەک کراون بە شینایی.

بەڵام لە دامێنی گۆیژە لە وەختی خۆیدا شێخ مەحموود ساڵی ١٣٤٢/ک (١٩٢٣ز) باخێکی زۆر گەورەی شاهانەی دامەزراندبوو[١٤]، و لە نێوەڕاستدا قەسرێکی بۆ خۆی لێ دروست کردبوو، کانی و حەوزێکی گەورەشی تێدا بوو، لە پاشان وێران کراوە، مودەتێکی زۆر لەشکری لیوی بەریتانی کە لە ئاسووری گیرابوون، خانووی پیادە بۆ زابتانی ئاسووری و بەریتانی دروست کردبوو، ئەو باغە ئێستا زۆر کەمی ماوە نزیک قەسرەکە هەندێک داری لە نێودایە، دیارە کە لە ساڵی ١٩٣٣دا شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود دەستی بەدار چەقاندنەوەی کردبۆوە. صالح پاشا کوڕی مەحموود پاشای کوڕی سەعید[١٥] پاشای شورای دەوڵەت کە سکرتێری مالیە بوو، ساڵی ١٩٢٥م رووخاندی.

**تیجارەت:**

خەڵکی سلێمانی زۆرتریان بە (تووتن، مازوو، خوری، کەتیرە، ڕۆن، گەزۆ، پێستی ڕێوی و دەڵەک، گەنم، جۆ، برنج) تیجارەت دەکەن.

**کاری دەست:**

بەرماڵ، جاو، جاجم، پۆپەشمین، خاولی، پەشتەماڵی حەمام، بەڕە مافوور (جاف)، هەگبەی سواری، دەوار، پەستەک، فەرەنجی، لباد، شەبقە و سیدارەی لباد.

قەندشکێن (مەبەستی شەکرشکێنە) چۆ؟، خەنجەر، تفەنگی چاک، دەمانچە، تەشوێ، تەورداس، کەوشی یەمەنی، کەڵاش، قۆندەرە، پانی بەرز، کاڵە.

---

١٤. مەبەستی لە تووی مەلیکە.

١٥. مەبەستی لە سەعید پاشای خەندانە.

نەجاریی تەختە و دەرگا و پەنجەرەی زۆر چاک دروست دەکەن، کورسی تەختە، ئەسکەملە، مێز و چتی وردەکاری زۆر جوانیان هەیە. دەستووری بینایان لەسەر تەرزی پێشووی سابڵاخە بە تەواوی.

**چایخانە و ئوتێل و مسافرخانە:**

چایخانەکان سەد و بیست دانەن لەوانە نزیکەی پەنجا دانەی زۆر چاک و خۆشن و هی دیکە نێونجی و لەسەر دەستووری کۆنن.

ئوتێل: چوار ئوتێلن، یەکەمینی (ئوتێلی سەعادە) هی حاجی برایم ئاغا و ئەحمەد بەگی متصرفە، دووەم ئوتێلی صالحی زەریفە، سێیەم ئوتێلی فەرەح هی حاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند و سەعدی[١٦] مارف، چوارەم موسافرخانەی کوردستان زەنوبە (موزمانیکی؟) سوریەیی بەکرێی گرتووە. لەسەر جادەی سابوونکەران.

زۆرترین دووکان و بازاڕ هی حاجی مەلا موحیەدین و حاجی سەعید ئاغا و حاجی عەلی ئاغایە، هەرسێک برای یەکن.

**کلێسا و کەنشتە[١٧]:**

کەنشتەی جوولەکان دوون، یەکیان لە گەڕەکی جوولەکان و ئەوی دیکەش قەرەداخ، چونکە جوولەکەکانی قەرەداخ کردوویانە و بەو ناوەوە ناوی دەرکردووە، هەموو ماڵەکانی جووی سلێمانی بە دەرگاوە سەد و سێزدە دەرگایە.

---

١٦. سەعید مارف.

١٧. مزگەوتەکانیشی نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر ئەو مزگەوتانە لە شوێنی تردا لەم کتێبەدا باس کراون، بۆیە دووپاتمان نەکردنەوە.

**ئاش لەنێو شاردا:**

ئاشی ئاو هەژدەیە، چواردەی ئێستا کاردەکات، سێ ئاشی ئاگری[18] هەیە:

ئاشی ئاگر:

١- حاجی ئیبراهیم ئاغا و حاجی رەشیدی حاجی سەعیدی قادر ئاغا.

٢- مەجید ئەفەنی ئەلەکە (مەبەستی مەجید عەلەکەیە).

٣- صبغةالله ئەفەندی واقیفی.

ئەو ئاشانەی بە ئاوی کارێز دەگەڕێن زۆر باش ئیش دەکەن، ئاشە تازەکە، کە نزیک دەباغخانەکەیە بە ئاشی مارف بەگ مەشوورە، ئەوانی تر هەموو لە دەوری بابانەکاندا هەبوون.

**ماکینەی ئەلەکتریک (کەهرەبا):**

ساڵی ١٩٢٨ هێناویانە و لە لایەن بەلەدیەوە کڕاوە و هەموو کووچە و ماڵەکانی پێ رووناک کراوەتەوە، مەرکەزی ماکینەکان لە گەڕەکی گۆیژەی ئەمڕۆ سابوونکەرانی دوێنێکە، کە لە باخچەی (پوورە بەگی) دامەزراوە، بەڵام جێگای ماکینەکە تەنگە و کافی نییە.

ماشینەی ئاو نییە، ئاوێ کە بە گونج بەسەر شاردا دابەش کراوە ئەمەیە. کارێزی حاجی بەگ لەسەر جادەکەی حەوزی بۆ دروست کراوە، بە گونجی گەورە دەرخراوە، لە دواییدا بۆ هەر ماڵێک بە گونجی بچووک بەش کراوەتە سەریان.

١٨. مەبەستی ئاشی مەکینەیە، ئاشی ئاویش مەبەستی ئەو ئاشە خۆکردە ساکارانە بوون کە وەختی خۆی بە ئاوی بە تەوژم دەگەڕان.

**خان و کاروان سەرا:**

١- خانی حاجی عەبدوڵڵای درێژ.

٢- خانی حاجی سەعید ئاغا، خۆی دروستی کردووە و موڵکی خۆی و دوو برایەتی.

٣- خانی غەفوور ئاغا خۆی دروستی کردووە.

٤- خانە سووتاو: قادری کەریم دایەن دروستی کردووە، نیوەی وەقفی عەبدولرەحمان پاشایە[19]، بۆ هەموو مزگەوتەکانی سلێمانی، نیوەشی هی حاجی رەشیدی حاجی سەعیدی قادر ئاغایە.

٥- خانی گومرگ: حاجی سەعید ئاغا و دوو برای دروستیان کردووە، ئێستا دائیرەی گومرگی[20] تێدایە.

٦- خانی رسومات: موڵکی حاجی حەماغای برای حاجی سەعید ئاغایە.

٧- خان و کاروان[21]: سەرای حکوومەتی لەدەوروپشتە.

**نفوسی سلێمانی:**

ژمارەی نفوسی سلێمانی بە پێی قەیدی تاپۆ سێ هەزار و پێنج سەد ماڵە[22] (تەواو).

بەمجۆرە نووسینەکەی مامۆستای موکریانی تەواو بوو بەڕاستی شتێکی گەلێک بە نرخ و بەسوودە بۆ ئەمرۆ. ئەوەی شایانی باسە، ئێمە هەموو

١٩. لە ڕاستیدا بە ناوی سلێمان پاشای بابان (باپیری عەزمی بەگ)وەیە، نەک ئەورەحمان پاشا کە باوکی سلێمان پاشایە. لە بنچینەدا هەمووی هەر بەناوی سلێمان پاشاوە بوو، بەڵام نیوەی بۆ تەعمیری بە رەهن درا و دوایی فرۆشرا.

٢٠. مەبەستی لە گومرگە سووتاوە.

٢١. لەمە نەگەیشتووین مەبەستی چییە؟

٢٢. وا باوە ئەو ژمارەیە پێنج جار گەورە دەکرێت کە دەکاتە (١٧٫٥٠٠) سەر.

نووسینەکەمان بۆ ئێرە نەگواستووەتەوە، چونکە گەلێک شتی تری تێدایە، کە لەم کتێبەدا باس کراوە، هەندێک شتیشی تێدایە، جێگەیان ئێرە نییە.

ئەوەی شایانی ئەوەیە کە هەر لەم ساڵەدا باس بکرێت جووڵانی خوا لێخۆشبوو خاوەن شکۆ مەلیک غازییە لە ڕۆژی ١٩٣٤/٦/٩دا کە بەرەو مووسڵ و ناوچەکانی کەوتە ڕێ دوای ئەوەی پێنج شەو لەو ناوەدا مایەوە، ئینجا بەرەو هەولێر و کەرکووک و سلێمانی بووەوە لە ڕۆژی ١٩٣٤/٦/١٧دا گەڕایەوە بۆ بەغدا.

لەم کاتەدا ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (متصرف)ی سلێمانی بوو. مەلیک هەر لە ماڵی ئەحمەد بەگ جێگەی بۆ ڕێکخراو و ناوداران و پیاو ماقووڵانی سلێمانی هەموو لە بەخێرهاتن و زیارەتی و بەڕێکردنیدا ئامادە بوون، جگە لە فرقەی مۆسیقای سوپا و قوتابخانەکان هەموو لە پێشوازیدا ئامادە بوون و دانیشتوانی شاریش بە چەپکە گوڵ و چەپڵەلێدان خۆشهاتنیان کرد و بەڕێیان کرد. کە ئەمەش ڕێز و خۆشەویستی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەرامبەر بەو مەلیکە[٢٣] گەنجە خوێن پاکە دەردەخات کە ئەویش بە دەسیسەی ئینگلیز کوژرا.

٢٣. کە جەنابی کاک فوئاد عارف یەکێک بوو لە هاوەڵەکانی (مرافق)ە هەرە لە پێشەکانی.

# ١٠

# سلێمانی و شەڕی ڕەشید عالی دژی ئینگلیز

## مایسی ١٩٤١

لە بیرمە کە شەڕی مایسی ١٩٤١ لە لایەن ڕەشید عالی گەیلانی (سەرۆکی وەزیران) و چوار ئەفسەرەکەوە دژی ئینگلیز هەڵگیرسا، من ئەوسا لە سلێمانی قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی بووم. دەزگای پڕوپاگەندە و هۆی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ئەو سەردەمە، لە سلێمانیدا زیاتر قسەی بێ سەروبنی خەڵک کە هەریەکە بە حەزو ئارەزووی خۆی شتێکی بڵاو دەکردەوە، دوور لە ڕاستی، جگە لە ڕادیۆی بەغدا بە عەرەبی و بە کوردی کە بەرنامەکەیان زۆر کورت بوو کەس ئەوەندە گوێی لێ نەدەبوو سەرەڕای ئەوەی ئەو سەردەمە ڕادیۆ زۆر کەم بوو، مەگەر لە چایخانە گەورەکان و ماڵی خوا پێداوەکاندا هەبووبێ، خۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەست (ترانسستر) هەر نەبوو. شەو کۆدەبووینەوە گوێمان زیاتر لە (یونس بحری) دەگرت کە لە (بەرلین)[1]ەوە، هەواڵی دەخوێندەوە، ئەویش زۆری درۆ و کەمی ڕاست بوو.

ئێمە قوتابی بووین مەشقی ئاگر کوژانەوە و یارمەتیدانی بریندارمان پێ دەکردین بۆ کاتێک کە فڕۆکەی ئینگلیز ئەگەر هاتە سەر شار و

١. کە یەکسەر دەی شیران (هنا برلین – حی العرب) دەیوت: زانیومانە ئەمڕۆ ئەوەندە فڕۆکەی ئینگلیز لە بەغدا خراونەتە خوارەوە، وا هێزی سوپای (حکوومەتی ڕزگارکەری نیشتمانی – حکومە الانقاذ الوطنی) نزیک (سن الذبان) و (حبانیە) بوونەتەوە کە بنکەی سوپایی ئینگلیزی تێدایە، خەریکن داگیریان دەکەن...

بومباردومانی کرد. دابەشیان دەکردین بەسەر بنکەکانماندا کە مزگەوتەکان بوون. بەڵام فڕۆکەی ئینگلیز تەنیا یەک جار هاتە سەر سلێمانی[٢]، ئەویش هەندێک کاغەزی چاپکراوەی بە ناوی (وصی – عەبدولئیلاهەوە) فڕێ دایە خوارەوە، خەڵکەکە وایان دەزانی، ئەوانە بۆمبان و شارەکە خاپوور دەکەن، بۆیە ناوشار شڵەژا و هەریەکە ڕووی کردە شوێنێک. دوایی کە ئەو بەیاننامەیەمان خوێندەوە عەبدولئیلاە تیایدا دڵخۆشی خەڵکەکەی دەدایەوە و بە کوردی نووسرابوو، کەوا بەم زووانە دەگەڕێتەوە و ماکینەی دەوڵەت دەگرێتەوە دەست.

ئەوەی لەبیرم بێت، دوو ئافرەت[٣] جلی سەربازییان لەبەر کردبوون ئەفسەرەکانی سلێمانی لەگەڵ سەربازی تردا بەناو شار و گەڕەک و قەزا و ناحیەکاندا دەیان گێڕان، بۆ ئەوەی هانی میللەت بدەن کە بێنە ڕیزی سەربازەکانەوە و بەرگری لە نیشتمان بکەن.

هەروەها ڕۆژێک بردیانین بۆ لای مزگەوتی گەورە، وتیان موتەسەریف[٤] قسە دەکات. ئێمە لە سەربانی بینایەک بەرامبەر بە مزگەوت دایاننایین، لە پێشدا پیاوە ئاینییەکان و مەلاکان هەر یەکە بەوپەڕی خوێن گەرمی و دەمارگرژییەوە بە ناوی ئاینەوە قسەیان دەکرد و ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەریان (ص) تێکەڵاو دەکرد و خەڵکیان هان دەدا بۆ (تطوع) و لە دواییدا موتەسەریف دەستی کرد بە قسەکردن ئەویش هەر لەو

٢. لەو کاتەدا لە ماڵی خزمێکم بووم، کە باجی حەلاوی ناو بوو، زۆرم خۆش دەویست، کە فڕۆکەکە هات، مێردەکەی کە (مام سەعید) بوو، دەستی کرد بە نەڕەنەڕ، هاواری دەکرد، ئەو تفەنگە تەیارە شکێنەم بۆ بێنن، هەر ئێستا دەیخەمە خوارەوە تفەنگی تەقان و دوو سێ گوللەشی هاوێشت... هیچ.

٣. یەکێکیان نیمچە پیرێک سوور و سپی و چاوشین (حاجی عطیە)یان پێ دەوت لەوەی دەکرد ئازربایجانی بێت، دووەمیان (ئامە ئێرانی) کە ئافرەتێکی خوێڕی و چاو لە دەرەوە بوو...

٤. وەک بیرم بێت ئەوساکە موتەسەریف (حسێن فوزی پاشا) بوو.

بابەتە ئەوەندەم نەزانی لە پڕێکدا ئەو سەربانەی ئێمەی قوتابیانی لێ دانیشتبووین ئاگری گرت و ناچار موتەسەریف قسەکەی بڕی و تا ئاگر کوژایەوە، ئەوسا دەستی پێ کردەوە، لە ڕاستیدا لەو ڕۆژەدا و لە ئەنجامی ئەو قسە ئاینی و نیشتمانییە هەست بزوێنەرانەدا زۆر کەس ناوی خۆی تۆمار کرد بۆ (غەزا) دژی (کافر)، جا نازانم لەوانە چەندیان گەیشتنە شوێنی مەبەست چونکە ڕاپەڕینەکە زۆری نەخایاند و زوو کۆتایی پێ هات.

لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باسی خوا لێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمریشم کرد کە لە بزووتنەوەکەی رەشید عالیدا لە کاتێکدا کە لە بەغدا نزیکەی دە ساڵ بوو، دەستبەسەر بوو، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕەکەدا دەرباز بوو.

ئینجا با بزانین د. کەمال مەزهەر لەم بابەتەوە دەڵێ چی؟ چونکە ئەو نووسینەی ئەو لە کۆواری ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوی کردووەتەوە، گەلێک شتی وای تێدایە کە سەرنج ڕابکێشن[٥]. هێجگار هەندێک قسەو باسی تێدایە لە بابەت شێخ مەحموود و هەڵوێستی ناوچە و شاری سلێمانییەوە کە شایانی تێڕامانن.

د. کەمال لە سەرەتادا لە هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد و، کورد بەرامبەر بە ئینگلیز دەدوێ کە دەڵێت (تا ڕۆژی بەرپابوونی ڕاپەڕینی مایس ئینگلیز کە هەموو شتێکی بە دەست بوو، هیچی بۆ کورد نەکرد، فڕۆکە و تانک و زرێپۆشەکانی بێ درێغی گاڵەیان بە هەر کوردێک دەکرد بیوێرایە داوای مافە ڕەواکانی گەل و نیشتمان بکات، وێڕای ئەوە چەوسانەوەی نەتەوەی کورد لە ژێر سایەی ئینگلیزدا ببووە کارێکی ڕۆژانەی فەرمانڕەوایی ئەو ڕۆژگارە...)، ئینجا (پروپاگەندەی چالاکی نازییەکانی ئەڵمانیا کە گەیشتبووە کەلاترین ناوچەی وڵات، هێندەی تر ڕەزای ئینگلیزی

---

٥. ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢١) ئاداری ١٩٨٢ ل ١٦٢–١٨٨.

لای خەڵکی قورس کردبوو، لە ڕقی ئینگلیز پڕوپاگەندەی نازی هەست و نەستی زۆربەی ڕووناکبیرانی کوردیشی لە ناخەوە بزواندبوو، ئەو ڕۆژانە لە هەموو شوێنێ ئاوازی هاوڕەگەزیی کورد و ئەڵمان دەبیسترا و باسی هەستی هیتلەر بەرامبەر بە کورد دەکرا زۆر کەس لە کوردستان وەک هەموو ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستی ژێر دەستەی بەریتانیا و فرەنسە، عەوداڵی سەرکەوتنی هێزەکانی ئەڵمانیا بوون، لەبەر ئێستگەی بەرلین و قسە ئاگرینەکانی یونس بەحری[٦] کەم کەس دەیپڕژایە سەر ئیستگەی تر، بۆیە یەکێک لە ڕووناکبیرەکانی کورد بە دڵنیاییەوە دەڵێت (لەسەدا نەوەدی کورد لەگەڵ ئەڵەمان بوون). ئینجا کاک کەمال دەگاتە ئەو ئەنجامە (کەوا، کورد دەبوو هەستی لەگەڵ هەموو بزووتنەوەیەکی دژ بە

---

٦. پیاوێکی عێراقی خەڵکی مووسڵ، زیرەک و زمان زان و قسەکەرێکی پاش ئێستگە، لەو سەردەمەدا کەس نەیزانی چۆن خۆی گەیاندە ئەڵمانیا و خۆی لە نازییەکان نزیک خستەوە. یاداشتی هەیە شەش ژمارەی یەک لەدوای یەک بە ناوی (هنا برلين – حي العرب)ەوە (دار النشر للجامعيين) بۆی بڵاو کردەوە.. لە بەرگی هەر یەکێک لەو شەش جزمە، ئەمە نووسراوە:

[أروع المذكرات السياسية و التاريخية، يكتبها يونس بحري: الصحفي و الدبلوماسي و السائح و أمام جامع پاريس، و مفتي أندنوسيا و مستشار ملك ليبيا و مذيع راديو برلين في الحرب العالمية الثانية و صاحب (العرب) و (حي العرب)، الرجل الذى يتقن ١٦ لغة و عبر مضيق جبل طارق. زامل (غوبلز) وزير المانيا وتحدث الى موسولينى و هتلر و الذي قام بجولة حول العالم على الاقدام بأسم (السائح العراقي)].

کوڕێکی یونس بەحری دکتۆرای هەیە و مامۆستای دانشگا بوو لە بەغدا. بەڕاستی ئەم یونس بەحرییە دەورێکی وەهای بینی لە ئیستگەی بەرلین لە سەردەمی شەڕەکەدا کەس لەبیری ناچێتەوە کە بە دەنگە نێرەکەی هاواری دەکرد (چرچل السلحفاة) و (نوری کوخا سعيد) و (علی جودت أيوب چاويش) خەڵک ئەو ڕۆژە بەو قسانە فێنکی بە دڵیان دەگەیشت و وای لێ دەکردن واز لە هەموو کارێک بێنن ڕاکەن بەدوای ڕادیۆدا بگەڕێن و گوێ لە یونس بەحری بگرن. ئەم پیاوە گەلێک لە (ئەحمەد سەعید)ی دەم قەڵەباڵغی ڕادیۆی (صوت العرب) دەم هەراشتر بوو.

ئینگلیز بێ، چ جای بزووتنەوەیەکی وەک ڕاپەڕینی مایسی، ١٩٤١ کە لەبەر گەلێک هۆ هەستی گشت لایەکی بزواند).

دوای ئەوە باسی دڵسۆزی ئەفسەرە گەورەکانی ئەو سەردەمەی خەڵکی سلێمانی دەکات کە هەر یەکە لە شوێنێکی عێراقدا سەرلەشکر بوون وەک رەشید جەودەت لە بەسرە و فائقی کاکەمین لە ناسریە و فوئاد عارف لە (مسێب) کە ئەمانە هەموو بە دڵسۆزییەوە لە ژێر ئالای ئەو ڕاپەڕینەدا ئیشیان کرد. تا لەدوای گەڕانەوەی ئینگلیز، لەسەر ئەوانە، تووشی گەلێک نارەحەتی بوون.

لە بابەت پشتگیریی ڕاپەڕینەکەوە، لە شاری سلێمانیدا ڕۆژی سێی مایس کۆبوونەوەی لیژنەیەکی بەرگری لە سلێمانی هەستی دانیشتوانی شاری بزواندووە و دوو ڕۆژ لەسەر یەک ڕژاونەتە بەر دەرکی سەرا و سەر شەقامەکان و بە سروود و بە دروشم و بە برووسکە هەستی خۆیان دەربڕیوە. گوایە پەیامنێری ڕۆژنامەیەک بەمجۆرە باسی سلێمانی کردووە کە (ئەگەر عێراق ئەمڕۆ شانازی بە نیشتمانپەروەری و موسوڵمانەتی ڕاستەقینەی خۆیەوە بکات، دەبێ شانازی بە ڕۆڵە دلێر و دڵسۆزەکانی سلێمانی و پاڵەوان و ئافرەت و پیر و لاوی ئەو شارەوە بکات. دانیشتوانی سلێمانی بە پیر و لاو و ئافرەت و منداڵەوە بە دەنگی پێغەمبەری گەورەوە چوون و هاواری (خواوەندی گەورە) لەسەرتاپای سلێمانی و شەقام و کۆڵان و کۆخێکدا بەرز دەبێتەوە و زایەڵەی دەگاتە هەموو ئەشکەوت و شاخ و داخ و دەشت و دەر و دارستان لێرەکانی...) ئینجا د. کەمال دەڵێت: بەڵام بەداخەوە (سەرکردایەتی ئەو ڕاپەڕینە لەو ڕۆژە ناسکەدا، هیچ جۆرە هەنگاوێکی نەنا بۆ دڵنیاکردنی کورد بە جێبەجێکردن یان گفتی جێبەجێکردنی هیچ کامێک لە داوا ڕەواکانی کورد کە لە دەمێ ساڵەوە ببوونە یەکێک لە کێشە ئاڵۆزە سیاسییەکانی عێراق و بۆ ئاهی سوێند وەزارەتەکەش تاکە وەزیرێکی ڕاستەقینەی کوردی تێدا نەبوو)، ئەمە لە

کـاتێکدا کـە سـەرۆکی دەوڵەت ڕەشـید عـالی گەیلانی لە هەمـوو عێـراقـدا باوەڕی بە کەس زیاتر نەبوو لە مەلا فەنی هەولێر بە ئەمانەت مەلیکی منداڵ «فەیسەڵی دووەم» و دایکی مەلیکە عالییەی و پوورەکانی و لە ئینگلیزەکەی پێ بسپێرێ، لە کاتێکدا کە داڵدەدانی ئەوانە لەو ڕۆژەدا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو).

دوای ئەوە د. کەمال دێتە سەر باسی شێخ مەحموود و ئەو قسانەی کە دەکرا گوایە شێخ مەحموود ئینگلیزەکان دەربازیان کرد، بۆ ئەوەی ئاژاوەیەک دژی ڕاپەڕینەکەی مایس بنێتەوە، بۆ پووچکردنەوەی ئەم قسانە زۆر بەڵگەی هێناوەتەوە، بەڵام لە هەمووی زیاتر نووسینەکەی ڕۆژنامەی (تایمس)ی لەندەنی کە کاتی خۆی نووسیبووی گوایە (تا شێخ ئازادبێ ناوچەی کوردەواری هێمنی بەخۆیەوە نابینێ).

ئینجا کاک کەمال دێتە سەر هەڵوێستی یەکێک لە چوار پێشەواکانی سوپا (فەهمی سەعید) کە بە (لولب الحرکە)[7]ی دادەنێ دەڵێ لە دوو سەرەوە کوردە و پێوەندی و هاتوچۆی لەگەڵ شێخ مەحموودا هەبووە کاتێک کە شێخ لە بەغدا دەستبەسەر بووە و بە کوردی قسەی لەگەڵ کردووە ئەم پیاوە کێشەی کوردی فەرامۆش نەکردووە تا گەیشتووەتە ئەنجامێک لەسەر قسەی کوڕەکانی فەهمی سەعید کە لە زانکۆن لەگەڵ د. کەمالدا گوایە (باوکیان ڕۆژانی ڕاپەڕینی مایسیش بیری لە کورد وەک هێزێکی دۆست و پێویست کردووەتەوە، لەبەر ئەوە پێوەندی بە شێخ مەحمووەدەوە کردووە و لەگەڵی ڕێک کەوتووە کە شێخ بگەڕێتەوە شەڕی چەتەگەری دژی ئینگلیز بکات وەک جاران، بەو جۆرە ناوەندی مایس، واتە لە کاتی گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و بەریتانیا، لە پشت سەددەی نازم پاشاوە ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی بۆ شێخ ئامادە دەکەن و بەرەو ناوچەی سلێمانی ڕەوانەی دەکەنەوە).

٧. لە گشت کەسانی ئەو سەردەمە ڕوونە کە (صلاح الدین الصباغ) لە هەموو ئەفسەرەکانی تر بە دەسەڵاتتر بوو لەو ڕۆژانەدا بگرە ئەو (لولب الحرکة) بوو.

ئینجا د. کەمال گەلێک بەڵگەی بۆ راستیی ئەم قسەیە هێناوەتەوە کە ئەو لە فەیسەڵی کوڕی فەهمی سەعیدی بیستووە[٨].

شێخ خۆی دەرباز کرد و گەیشتەوە (داریکەلی). لەوێ دیسانەوە کوردە دڵسۆزەکان دەورەیان لێ دایەوە بەنیازی ئەوەی دەست بە شۆڕش بکاتەوە، بەڵام لە کۆتایی هێناندا بە جووڵانەوەکەی رەشید عالی، وەزارەتی جەمیل مەدفەعی پێک هات، کە باسی جموجووڵی شێخ مەحموودی گەیشتێ، زۆر دڵگران بوو، ئەوە بوو سەرۆکی ئەرکانی سوپا (ئەمین عومەری) نارد بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ شێخ بکات، بێ سوود بوو[٩] هەروەها موتەسەریفی

٨. کاک کەمال بەقسەی فەیسەڵ کوڕی فەهمی سەعید کە هاوڕێ و مامۆستای (جامعە)یە لە گەڵیدا ئەو شتانەی نووسیوە. خۆزگە ئەگەر لە سەرچاوەیەکی ترەوە (تأییدی) ئەم قسانە کرابێت کاک کەمال بینووسینایە دیسانەوە لەگەڵ هەموو ڕێز و بەرز ڕوانینم بۆ ئەو بۆچوونەی کاکە کەمال دەڵێم: دوای دەربازبوونی شێخ مەحموود لە ١٩٤١وە تا ڕۆژی کۆچی دوایی، ئایا یەکێک ئەو قسەیەی لە شێخ بیست؟ خۆ ئەگەر لە ڕۆژی خۆیدا نهێنی بووبێت و شێخ دەری نەبڕیبێت، ئەی لە دواییدا قسەکە لە خانەی نهێنی نەچووە دەرەوە؟ بەلای منەوە و وەک زۆر کەسیش دەڵێن، ئەو ڕۆژە شیرازەی حوکم تێک چووبوو، هەر کەس بۆ خۆی بوو، شێخیش پیاوێک بوو ئەو جۆرە وێستاوانەی ئەوەندە دیبوو وەک ئاو خواردنەوە بەلایەوە ئاسان بوو، بۆیە لەگەڵ پیاوەکانیدا هەر کە لە بەغدا دەرباز بوون، ئەوسا [فەقێ حسێن و عەزیزی مەحموود کە دۆستە دڵسۆزەکانی بوون، بە وڵاخ لە ڕێگەی سەنگاوەوە گەیاندیانە داریکەلی]. شۆڕشەکانی کورد. ل ١٣٩.

٩. کە شێخ لە بەغداوە هاتەوە، یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵیدا کۆبووەوە شێخ قادری سۆڵە واتا شێخی قەمچی ڕەش بوو، ئەوسا من قوتابییەکی ناوەندی بووم، باوکم لە عەربەت لە ناحیەی تانجەڕۆ بوو، کۆبوونەوەکە لە دێی خەراجیانی سەر بە عەربەت بوو، باوکم لەبەر ئەوەی فەرمانبەری میری بوو گوایە شێخیش دژی میری هەستاوە نەیتوانی بچێت منی لەگەڵ دوو سێ دەمڕاستی عەربەتیدا ناردە خزمەتی و دەستیم ماچ کرد کە عەرزم کرد شتەکە وایە، وتی: من چۆن گلەیی لە ئێوە ئەکەم بابانەکان هەمیشە دۆستی ئێمە بوون. دوای ئەوە دانیشتنی (مغلق) لەگەڵ شێخ قادر دەستی پێ کرد، منیش دەستم ماچ کردەوە و لەگەڵ هاوڕێکانمدا هاتمە دەرێ.

ئەوسای سلێمانی شێخ مستەفای قەرەداغیش چوو قسەی لەگەڵ کرد، نەگەیشتنە ئەنجام. ئەوسا حکوومەت هێزێکی زۆری نارد و لە (١٤ تەمووزی ١٩٤١)دا حوکمی عورفیشی لە ولاتی سلێمانیدا جاڕدا لە دواییدا شێخ کە بیری تەواوی لە ئیشەکە کردوە، سەیری کرد ئەوەی بەرامبەر ئەمی دادەنێن بۆ شەڕ هەر کوردەکەیە و لە ئەنجامدا هەر میللەتەکەی خۆی تووشی زیان دەبێت، لە هەمان کاتدا ڕابوردووشی هێنایەوە بەرچاو، بۆیە لە ئەوەلی (ئابی ١٩٤١)دا بڕیاری دا لەگەڵ حکوومەتدا ڕێک بکەوێتەوە، ئەوانیش ئەمەیان زۆر پێ خۆش بوو.

## ١١

## سلێمانی لە دوای ساڵی ١٩٤١وە تاکو تەمووزی ١٩٥٨

ئێمە بە گوێرەی توانا مێژووی ڕامیاری سلێمانیمان تاکو پێش چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لەم کتێبەدا هێنا، بەڵام لەو خاڵانەی تردا کە پێوەندییان بە شارەکەوە هەیە لەوە زیاتر ڕۆیشتووین چونکە ناکرێ ئەوانە لە ناوقەدا بپچڕێنین و لە ساڵی ١٩٥٨دا بوەستین، بۆ نموونە باسی مزگەوتەکان، کتێبخانەکان... تا دوایی بە نیوە و ناچڵ باس ناکرێن، هەرچەندە ئەوانیش هەریەکە تا ڕۆژگارێکی دیاریکراون نەک تاسەر، چونکە دنیا هەر لە پێشکەوتندایە و هەر شتە شتی تری دەچێتە سەر. بۆ نموونە هەرگیز خێرخواکان لە دروستکردنی مزگەوتدا ناگەڕێنەوە، یاخۆ کردنەوەی کتێبخانە تا بێت لە زیادبوونە.

مێژووی ڕامیاریی سلێمانی دوای ساڵی ١٩٥٨ دەهێڵینەوە بۆ ڕۆڵە هێژاکانی شارەکەمان ئەوان بینووسنەوە، چونکە ڕووداوەکانی دوای ئەو ساڵە نەک هەر لە سلێمانیدا بگرە لە هەموو نیشتمانی عێراقماندا ئەوەندە تیژ تێپەڕ بوون و هێندە زۆرن کە بەڕاستی لە توانای تەنیا کەسێکدا نییە بتوانێ بە تەواوەتی و تێروتەسەل هەمووی بگرێ و ڕووداوەکانی یەک لەدوای یەک بهۆنێتەوە. لام وایە ئەم کارە لێژنەیەکی تایبەتی گەرەکە کە بەم ئەرکە هەڵبستێ.

زۆربەی ڕووداوانەی لەو ماوەیەدا شایانی باسکردن و لێدوان بن، بە شێوەیەکی گشتی لەم چەند خاڵانەدا گرد دەبنەوە کە لەمەودوا باسیان دەکەین.

**أ- شەڕی گەورەی دووەم... تا کۆتاییەکەی:** لەمەوپێش باسی قاتوقڕی و گرانی و نەهامەتیی شەڕی گەورەی یەکەممان کرد کە ئەوسا وڵاتەکەمان لە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکاندا بوو. بەهۆی شەڕەوە پیاو نەما و هەموو بران بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕ و جووت و تۆوکردن و زەرعات نەما، لاشە لەسەر شەقامەکان دەکەوت لە برسا کەس نەبوو بچێ بەلایاندا...

لە شەڕی دووەمدا وڵاتەکەمان لە عوسمانی جیا بووبووەوە، حکوومەتی عێراق زیاتر لە ژێر ڕکێفی ئینگلیزدا بوو، جا هەرچەندە عێراق هیچ پێوەندییەکی بە شەڕەکەوە نەبوو، یاخۆ هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نەبوو بەڵام لەسەر خواستی ئینگلیز و بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز، حکوومەتی عێراق سەری وڵاتەکەی لە شەڕەوە ئاڵاند لە کاتێکدا کە نووری سەعید سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری بوو، بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران و بڕیاری مەلیک لە شەوی ١٦/١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ دەرچوو کە عێراق لە حاڵەتی شەڕدایە لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتەکەی (محور) کە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن بوون. بەڵام لە هەمان کاتدا عێراق پاڵی دا بەو جاڕدانە (تصریح)ەوە کە بۆ پێکهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاو کرایەوە کە دوای کۆتایی شەڕ هاتە دی.

ئەم داخڵبوونی شەڕە بۆ ئەوەبوو ئینگلیز بتوانێ سوپا و هێزی سوپایی بهێنێتە عێراقەوە و دەزگا سوپاییەکانی عێراق و خەتی هاتوچۆ و ڕێگەوبان و بەندەری عێراق و... زۆر شتی تری عێراق لەم ڕووەوە بەکار بهێنێ.

ئەوسا ئینگلیز هەندێک پۆلۆنی بە پیاو و ژنیانەوە هێنابووە عێراق و سەربازی هندی لە گورگە و سیک و بانیان و بورمی دەهێنا لە مەیدانی شەڕ دووری دەخستنەوە بۆ پشووودان دەیبردن لە هاویندا بۆ پێنجوین لەوێ بحەسێنەوە.

لە لایەکی ترەوە بەهۆی شەڕەوە نرخی خواردەمەنی و کووتاڵ و هەموو شتێکی تری پێویست بەجۆرێک بەرز بووەوە، میری ناچار وەزارەتی (تەموین)ی دانا و شتی پێویست وەک قوماش و شەکر و چا و شتی تری کرد بە (بطاقە).

شەکری کەللەی جاران و چای جەمەل و قوماشی فاسۆن نەمان. شەکرێکی وردەی سوور دەهات وەک قوڕی سوور بوو، چای ئێران، یاخۆ چای بەکارهێنراو وشک دەکرایەوە و سەرلەنوێ دەدرا بەخەڵک. ئەمانەش هەموو لە لایەن کاربەدەستە دزەکان و وەکیلە چاو چنۆکەکانەوە دەگۆڕدران و دەدزران و یارییان پێ دەکرا. ئەو شتانە بە نیوە و ناچڵ دەگەیشتنە لادێکان و دانیشتوانی دەرەوە هەناسە سارد و بەش بڕاو بوون. لە لایەکی ترەوە دەغڵودان و گۆشت و برنج کەم بوو، هەر لەو ساڵانەدا (سن) پەیدا بووبوو، کە ئافاتێک بوو دەغڵی بە سەوزی دەخوارد، جگە لە (کوللە)، لەناوبردنی ئەم ئافاتانە زۆر ستەم بوو، بۆیە دەغڵودان تا دەهات ڕوو لە کزی بوو، هەندێک لە عەمبارەکانی ئەودیو کرانەوە، لە بەینی ١٩٤١-١٩٤٣دا و دوای لابردنی رەزا شا بەوە خەڵکی لای خۆمان دەچوون بەودیودا گەنمیان دەهێنا و ئەوە زۆر یارمەتی لادێ نشینەکانی دا لەو ماوەیەدا.

قوماشی ئەو کاتە زۆری لە ژاپۆنی پێش شەڕەوە هاتبوو، هەمووی (عەمارە پۆ) واتا دەستت دەدایە شی دەبووەوە و دەدڕا. خەڵک لە جیاتی جام و پەرداخی ئاو خواردنەوە، (بطل)ی شووشەی لەناوقەدا دەبڕیەوە و بەکاری دەهێنا. هەندێ کەس بەمە دەوڵەمەند بوون و زۆربەی میللەتەکەش بە قوڕا چوونە خوارەوە. هەندێک لە (متصرف)ەکانی ئەوسای سلێمانی دز و شەریکی دز بوون، بەڵام تاکوتەراشیان پاکوخاوین و بێ غەل و غەش بوون. لەو دەست پاکانە زۆر باش خوا لێخۆشبوو (مارف جیاووک)م لەبیرە کە بەوپەڕی دڵسۆزی و خاوێنییەوە خزمەتی شارەکەی دەکرد جگە لەوەی کە کوردێکی نەتەوە پەروەر و ئازا بوو.

کاروبار بەمجۆرە هات تاکو لە کۆتاییدا سوێندخۆران (الحلفاء) کە بریتی بوون لە یەکەتی سۆڤیەت و ئینگلیز و (فەرەنسەی ئازاد بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ دیغۆل) و ئەمەریکا (کە لە دواییدا داخلی شەڕ بوو بەڵام لەوەپێش بە یاسای - اعارە و تأجیر - یارمەتی سوپای سوێندخۆرەکانی دەدا). لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا بەسەر دەوڵەتەکانی (محور)دا سەرکەوتن، کە لە هەموویان زیاتر ئەوی شەڕەکەی هەڵگیرسان ئەڵمانیا و (هتلەر) بوو، کە لە ڕۆژی (٨) مایسی ساڵی ١٩٤٥دا جاڕی چەک دامالینی ئەڵمانیا دراو ڕێککەوتن پێکهات و دائیرەکانی میری و قوتابخانەکان لە سلێمانیدا هەموو لەو ڕۆژەدا و بەبۆنەی ئەو ئاهەنگە گەورەیەوە کە بەم بۆنەیەوە گێڕرا هەموو (تعطیل) بوون و بەمجۆرە وردە وردە خەڵک پشوویەکی هاتەوە بەبەرا، دوای ئەو هەموو چەوسانەوە و نەبوونی و ڕەشوڕووتی خەڵکی لادێ و هەژارەکانی ناو شار. ناوی (هتلەر)یش چووە سەرەنوێلکی مێژووەوە.

ئەوەی شایانی باسە پیرەمێردی نەمر هەر زوو نوقلانەی[1] گۆڕ بەگۆڕبوونی هتلەری لێ دا، لە کاتێکدا کە لەوپەڕی هێز و دەست ڕۆیشتنیدا بوو کە لە پەندەکانی پێشینانیدا دەیوت:

هیتلەر چووە سەر، گۆڕی ناپلیۆن - وتی، ناوداری تاریخ چۆنی چۆن؟ دەنگێک هات لە خاک زۆر بە مەحزوونی - وتی: واتۆش دێیت، بۆ خۆت ئەیبینی.

**ب- یاداشتی ساڵی ١٩٤٥: برانەوەی شەڕ، هاتنی ئەدمونس بۆ سلێمانی و شیعرەکەی بێکەس:**

من لە ساڵی ١٩٤٢وەوە دەستم کردووە بە یاداشت نووسینەوە لە (مفکرە)دا، تا ئەمرۆش لەم پیشەیەدا بەردەوامم بەڵام ئێستا نیوە و ناچڵ،

---

١. سەیری نووسینێکی دانەری ئەم کتێبە بکە لە کۆواری ڕەنگینی ژمارە (٩٢ ساڵی ١٩٩٦) لە ژێر سەرناوی (پیرەمێرد نوقلانەی نەمانی هیتلەر لێ دەدا).

نەک بە ڕێکوپێکییەکی تەواو[٢].

هەرچۆنێک بێت هەندێک خاڵی گرینگ لە (مفکرە)ی ساڵی ١٩٤٥دا نووسیومە چەسپاندنی لێرەدا بە سوودە. ئەو ساڵە لە پۆلی چواری ئامادەیی (سانەوی) بووم چۆنم نووسیوە لەکاتی خۆیدا بەو جۆرە بڵاوی دەکەمەوە:

- ١٩٤٥/١/٢٦ متصرف جەنابی مارف جیاووک هاتە مکتب خطبەیەکی جوانی دا لە لایەن (نقصانیەتی مجتمعەوە).

- ٣٠/مارت/١٩٤٥ شەو ئاگری نەورۆز کرایەوە لە گردی مامەیارە.

- ١٩٤٥/٣/٢١ ئەمڕۆ بەبۆنەی جەژنی نەورۆز و کۆتایی ئەرکی لە عێراقدا، مێجەر ئەدمونس ڕاوێژکەری وەزارەتی داخلیە کە دەورێکی زۆری لە سیاسەتی عێراق و بەتایبەتی لە کوردستاندا یاری کرد، هات بۆ سەردانی سلێمانی و دوعاخوازی. ئەو دەمە مارف جیاووک (متصرف - محافظ)ی سلێمانی و پیاوێکی ئازا و چاو نەترس و نیشتمانپەروەر بوو. لە کارێزی وەستا شەریف لە دامێنی گردی مامەیارە دەوار هەڵدرابوو پیرەمێردی نەمر وەک هەموو ساڵێک شاییەکەی ئامادە کردبوو، گۆرانی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا ئێمەی قوتابیش لە (ئامادەیی) بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بردیانین بۆ ئەوەی شوێنەکە قەڵەباڵغ بێت و لە هەمان کاتدا بەناوی پێشوازی ئەدمونسەوە (متصرف) و گەلێک لە گەورە پیاوانی شار لەوێ بوون.

لەناو جەرگی دانیشتوان و لە بەینی شاییکەران و پێشوازیکەراندا نەڕە نەڕ و سمڕ سمڕ پەیدا بوو، تومەز ئەمە شاعیری نیشتمانپەروەر خوا لێخۆشبوو فایق بێکەسە، سنگ دەدا بۆ پێشەوە نایەڵن، ئاخری دڕی بە

٢. ئەو (مفکرة)انەی کە تا ئێستا ماومن و هەڵم گرتوون نزیکەی (٣٥) دانەن ئەوەی سەیرە، هەندێکم بە کوردی نووسیوەتەوە، هەندێکیشیان بە عەرەبی بەڵام عەرەبییەکی شەقوشڕی قوتابی، هی یەک دوو ساڵیشم بە ئینگلیزییەکی زۆر سەیر نووسیوەتەوە، بۆچی؟ نازانم؟ ڕەنگ هەیە کۆششی فێربوونی ئەو دوو زمانە بووبێت.

قـەڵەباڵـغـیـیـەکـە دا و راست هاتـە بەردەمی (ئەدمـونس) و دەسـتـی کـرد بە خوێندنەوەی شاکارەکەی:

بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بـە نـان و ئـاو و، جـلـوبـەرگـی خـــــــۆم

خـــزمـــەتم کـــردی، لە ئـێـــران و ڕۆم
لـە پـێـنـاوی تـۆ، شـکـاوە ئـەســـــتـــــۆم

کـەچـی هـێـشـتـا هـەر، دیل و ڕەنجـەڕۆم
گـــــوناهـم چـی بـوو، بـەم دەردەت بـردم

بـۆچـی بـە نـاهـەق، وا ســـــووکت کـــردم
بیـــست و حـــەوت ســـاڵە، مـن ئـەڕەتێنی

بـە فــرِ و فــیـــشـــاڵ ئـەم خــــەڵەتێنی
ڕۆژی نـــەوعــــــــێکـم هـــەڵ ئـەپـــەڕێنــی

بـۆ مــــــەرامـی خـــــۆت مـلـم ئـەشـکـێـنـی
کــــە ئـیــــشـت نـەمـــــا، وازم لـێ دێـنـی

گـــــوناهـم چـی بـوو، بـەم دەردەت بـردم
بـۆچـی بـە نـاهـەق، وا ســـــووکت کـــردم

بەمـجـۆرە سکاڵای دڵی خۆی و هـەمـوو دانیـشـتـوان و گـشت هـاوڵاتییـەکی دڵسـۆزی بەوپەڕی ئازایەتی و نەترسانەوە، یازدە پـارچەی حـەوت بـەیتـی کـە هـەمووی دەکاتە (٧٧) بەیت بۆ ئەدمونس خـوێندەوە، کە شت نـەمـا لە گلەیی، توانج، تۆمەت، کەڵەکبازی، بێ ویژدانی... کە دەیدانە پاڵ ئینگلیز... من لەو بڕوایەدام تیشکی یەکسەر یا لابەلا لە (متـصرف)ی نیشتمانپەروەر بۆ هەڵکرابوو. ئیتر چەپڵە و هاندان و بابژی و بابڕوخێی خـەڵکەکـە پەردەی

ئاسمانی دەدڕی و ئاهو نزای ئەو مرۆڤانەی دەگەیاندە کردگار... بێ ئەوەی ئەو کابرایەش بتوانێ دەم بکاتەوە بەرامبەر بەم سکاڵا توند و تیژە و بەم قسە راست و ڕەوانانە.

- ٤/ نیسان/١٩٤٥ پیرەمێرد ئاهەنگێکی تری لە گردی مامەیارە گێڕا بەڵام دەوامی نەکرد چونکە باران باری.
- ٥/نیسان/١٩٤٥ شێخ مەحموود لەگەڵ مێجەر ئەدمونس لە نزیک مەرکەزی شرطەی تەینال کۆبووەوە، دوای ئەوە ئەدمونس چووەوە بۆ کەرکووک.
- ١٢/نیسان/١٩٤٥ خەبەری مردنی سەرۆک روزفلت سەرۆکی ئەمەریکا بڵاو بووەوە کە خەڵک پێیان ناخۆشبوو.
- ٢١/نیسان/١٩٤٥ حەماغای ئەورەحمانـاغا و میرزا تۆفیق قەزاز گیران و زوو بەردران.
- ٢٤/مایس/١٩٤٥ حەماغا گیرایەوە. میرزا تۆفیقیش نێردرایە خارجی لیوا.
- ٣/مایس/١٩٤٥ إستعراضێکی عام لە ساحەی معارف لە لایەن مەکتەبەکانەوە کرا.
- ٧/مایس/١٩٤٥ سقوطی المانیای هتلەری و إنتحاری هتلر.
- ٨/مایس/١٩٤٥ سەرکەوتنی حلفاء بەسەر محور و چەک داماڵینی المانیا و (عقد الهدنە). دوائر و قوتابخانە هەموو تعطیل بوون.
- ١٢و١٥و١٦/تەمووز/١٩٤٥ محاکەمەی تۆفیق قەزاز.
- ٢٧/تەمووز/١٩٤٥ قوتابیانی صنفی پێنجی ثانوی دەرەجاتیان وەرگرت ٧ کەس دەرچوون قطب الدین زین الدین، قادر عبدالله شاڵی، عبدالله فرج شاڵی، محمد سعید إبراهیم، صلاح الدین نورالدین، شیروان شوکت صاحبقران، کمال حسین (کمال حاجی ئاغا).

- ٢٨/تەمووز/١٩٤٥ عزەت بەگی وەسمان پاشای جاف بە سەکتەی دڵ وەفاتی کرد.
- ٥/ئاب/١٩٤٥ محاکەمەی تۆفیق قەزاز. جەمال بابان وەکیلی بوو. (١٢٠) دینار حوکم درا و عەلی قەزاز (١٥٠) دینار.

اجمالیە شهر آب/١٩٤٥: سقوط الیابان بید الحلفاء و إنتهاء الحرب (لێرەدا یاداشتی ئەو ساڵە تەواو).

**ج – بڵاو بوونەوەی دەنگوباسی کۆماری مەهاباد لە سلێمانی:**

سابڵاخ کە پێی دەڵێن (مەهاباد) کەوتووەتە وڵاتی موکریان و لە ڕۆژئاوای خاکی ئێراندایە و پاڵی داوە بە (ئازربایجان)ەوە و نزیکە بە وڵاتی ڕووسیاوە لە کاتی شەڕی گەورەی دووەمدا و بە تەواوەتی لە ٢٥ ئابی ساڵی ١٩٤١دا لەشکری ئینگلیز و ڕووس لەم لاولاوە چوونە ئێرانەوە و ڕەزاشا گیرا و برا بەرەو هەندەران دوورخرایەوە. ڕووسەکان لەبن دەستی خۆیانەوە ناوچەی ئازربایجانی ئێرانیان داگیر کردبوو، هەر ڕووسەکان یارمەتی (جەعفەر پێشەوەری)یان دا لەو وڵاتەدا کە پارتێکی دیموکراتی دامەزراند و کەوتە سەر جیاکردنەوە و سەربەخۆیی ئازربایجان لە کاتێکدا کە حکومەتی ئێران پەلوپۆی لێ برابوو.

لەم لاشەوە کۆمەڵەی (ژ.ک. ژیانەوەی کوردستان) ناوی نەک هەر دەرکردبوو بگرە تەواو پەرەی سەندبوو. بەرەی قازییانی (سابڵاخ)یش زۆر لە مێژە ناو و ناوبانگییان لە دڵی خەڵکی سابڵاخ و وڵاتی موکریاندا جێی خۆی کردبووەوە. قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی لە باوکییەوە (قەزاوەت و أفتای) بۆ مابووەوە، جگە لەوەی ناوی کەوتبووە ناو دیوەخانە سیاسییەکانەوە.

هەر کە جەعفەر پێشەوەری لە (١١ی/١٢/١٩٤٥)دا جاڕی پێکهێنانی کۆماری ئازربایجانی دا و جیابوونەوەی لە ئێران بڵاو کردەوە[٣]. خێرا لەم

٣. شۆڕشەکانی کورد – عەلائەدین سەجادی ل ٢٧٧–٢٨٢.

لاشـەوە دوای هاتوچۆ لەبەینی تـەورێز و قـسـە لەگـەڵ ڕووسـەکـان و لەگـەڵ پێـشـەوەری، قـازی مـحـەمـەدیش لە ١٢/١٢/١٩٤٥دا کـۆبوونـەوەیەکی زۆر گـەورەی لە سـەرۆکی عـەشـایەرەکـان و ئەهلی ناو شـار و قـوتابیـانی قـوتابخـانەکـان لە ناو شـاری سـابڵاخـدا بە ئەنجـام گـەیاند و قـازی بڵاوی کردەوە کەوا وڵاتی سابڵاخ و کوردەواری لە حکوومـەتی تاران جیابووەوە و لە ڕۆژی ٢٦/١٢/١٩٤٥دا لـە پاش کـۆبوونـەوەی هـەمـوو ئەهلی سـابڵاخ و سـەرۆک عـەشـرەتەکـانی وڵاتی مـوکـری و (فـیض الله بەگ)ی بـە جـۆرێکی ڕەسـمـی (إعلان)ی پێکهـێنانی جـمـهـوریەتی کـوردسـتـانی کرد. پێـشـەوا و سەرۆکی جمهوریەتی کوردستان قازی محەمەد خۆی بوو. سەرۆکی وەزیران حـاجی بابە شـێـخی جـەمیـان بوو، وەزیری جـەنگ مـحـەمـەد حسێن سـەیفی قـازی بـوو، واتە وەزارەتەکە بریتی بوو لە دوازدە وەزیر. بەمـجـۆرە کـۆمـاری کـیـشـوەری کـوردسـتـان دروست بوو، کـوردەکـان هـەمـوو ڕوویان تێ کـرد، دەنگوباسی ئەم کۆمـارە گـەیشـتـە پەرلەمـانە سیاسییـەکان و ڕۆژنامـەکـانی هـەندەران هـەموو باسەکەیان بڵاو کردەوە[٤].

لە راستـیـشـدائەم هەواڵە گـەیشـتـە سلێـمانی، دانیـشـتوانی شـارەکە و دەوروبەری بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە پێشوازییان کرد[٥].

بەڵام بەداخـەوە. ئەو کۆمـارە تەمـەنی کـورت بوو، بۆن و بەرامـەی نەوت کـە (قوام السلطنەی سەرۆک وەزیرانی ئێران و بـەناوبانگ بە ڕێوی کەڵەکباز لە سـیـاسـەتدا) دای بـە لووتی یـەکـەتیی سـۆڤـیـەتدا، دەسـتی لـە کـۆمـاری ئازربایجـان و کـوردسـتـانیش پێ بەردا و سـاڵێک تـەمـەنی نەبـوو کـە هێـزی ئێـران هاتەوە کـوردسـتـان و قـازی و هـاوەڵەکـانی گـیـران و لە مـەیدانی چوارچرا لـە ڕۆژی ٣١ مـارتی ١٩٤٧دا قـازی مـحـەمـەد و صـدری قـازی و

---

٤. سەرچاوەی پێشوو.

٥. سەرچاوەی پێشوو.

سەیفی قازی لە ڕێگەی ئازادیدا لە شاری سابلاخ خنکێنران. جگە لەوان هەر بە فەرمانی عەسکەری نزیکەی (٥٠) کەس ئیعدام کران، هەروەها دە کەس لە سەرۆک عەشرەتەکانیش لە شاری (بۆکان) خنکێنران و چواری تریش هەر لە شاری سابلاخدا ملیان کرا بەپەتا.

لەو لاشەوە (إمتیازی نەوت)یش نەدرا بە سۆڤیات، گوایە ئەو پەرلەمانە نوێیەی هاتە ناوناوان قسە و پەیمانی قوام السلطنەی هەڵوەشاندەوە کە دابووی بە سۆڤیات لەسەر ئەوە و هەر بە فڕوفێڵ قوام السلطنە إستقالەی لە وەزارەت کرد و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، سۆڤیاتیش دەردی مامۆستا عەلاءالدین سەجادی دەڵێت (بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایە بانی. نە ئیمتیازەکەی دەستکەوت و نە حکوومەتەکانی کوردستان و ئازربایجانیشی بۆ مایەوە)[٦].

**د- هێنانەوەی تەرمی ئەفسەرە شەهیدەکان:**

ئێمە لێرەدا تەنیا ناوی ئەو چوار ئەفسەرە دەبەین کە لە دواییدا خۆیان دایەوە بەدەست حکوومەتی عێراقەوە و بێ ئەوەی حکوومەت لێیان خۆش بێت هەر سەرلەنوێ خستنیەوە ژێر محاکەمە و دادگەی عورفیش فەرمانی خنکاندنی هەر چواریانی دەرکرد و هەرچەند هەوڵ درا بێ سوود بوو، ڕزگار نەکران، تا لە شەوی ١٨-١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارە دران. بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ صالح رشدی و عەلی عەبدولعەزیز برای عزەت تەرمی ئەو شەهیدانەیان وەرگرتەوە و بە چوار تەکسی بەرەو شاری کەرکووک کەوتنەڕێ. لەوێ تەرمی خەیروڵلا عەبدولکەریم بەرەو هەولێر و تەرمی عزەت عەبدولعەزیز بەرەو ئامێدی و تەرمی مستەفا خۆشناو و محەمەد مەحموود قودسی بەرەو سلێمانی برانەوە. بەمجۆرە ئەم ئەفسەرانەش چوونە ریزی ئەو هەموو کاروانانەی شەهیدانی کوردستانەوە. میری بە توندوتیژی ڕێگەی

٦. سەرچاوەی پێشوو ل ٣١٩.

له میللەت گرت کە هیچ جۆرە جووڵانەوەیەک نەکەن و لە کاتی ناشتنی ئەو دوو شەهیدەدا دەنگیان دەرنەچی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ناوشار بەهەر جۆر بوو هەریەکە لە ڕێگەی خۆیەوە توانی هەستی خۆی دەرببڕێ[٧].

بە هەرحاڵ ئەو ڕۆژە شاری سلێمانی بە جارێک خرۆشا، ژن و پیاو و ورد و درشت هەموو بەپیر دوو تەرمەکەوە چوون و قەڵەباڵغییەکی زۆر برانە گردی سەیوان و لەوێ نێژران. گەلێک لە شاعیرانی کورد قەریحەیان کرایەوە و هەستی خۆیان بەرامبەر بەو کارەساتە دەربڕی یەکێک لەوانە پیرەمێردی نەمر بوو کە لە (کۆستی نوێ)دا دەڵێت[٨]:

دیسان وا کۆستی نوێمان کەوتەوە
گەڕی گەردوونە، کوردی گرتەوە

ئەم دوو دار تەرمە، دوو نەڕە شێرە
زنجیریان پچڕان گەینەوە ئێرە

لە ڕێی ئێمەدا، گیانیان فیدا کرد
ناوی بڵندیان، وا بۆ خۆیان برد

ئەو پەتەی لە ملی ئەمانە خرا
ئەوانی خنکان بەڵام پەت پچڕا

پڵنگی ئەنگیوراو، بە هەڵمەتترە
گۆم هەتا قووڵ بێت، مەلەی خۆشترە

وا پێمان ئەڵێن، دەم بە پێکەنین
گیانمان فیدا کرد، ئێوەی پێ بژین

٧. شۆڕشەکانی کورد ل ١٧٢.

٨. پیرەمێردی نەمر – محەمەد ڕەسول (هاوار) چاپخانەی (العاني) بەغدا ١٩٧٠ لاپەڕە ٣٣٤.

ئەم جـووتە شـێـرە، دلێـرەی شــەرزە
لەنـاو مـــێـــژوودا ناویـان زۆر بـەرزە

هیچ پێیـان نـاوێ، کفـن و دفن و شـین
شـــەهیـــدان لەنـاو دڵمـــاندا ئەژین

ئەوەی شایەنی باسە، شاژنی سلێمانی خوا لێخۆشبوو حەپسەخانی نەقیب دوای کـردە و کـۆشـشـێکی بێ وچـان، توانی لـە ڕێی پارە کـۆکـردنـەوە لە دانیـشـتـوانی شـار و بەتایبـەتی لەنـاو کۆمـەڵی ژناندا، پارەیەکی ئەوتۆ کـۆ بکاتەوە بۆ یارمـەتی و یاریدەی خێزانی شـەهیدەکان کە کارێکی پەسـەند و گەلێک لەجێ بوو.

**هـ- سەرهەڵدانی هەندێک کۆمەڵ و پارتی رامیاری:**

هەر لە شـوێنێکی تر لەم کتـێبـەدا یاخـۆ لە بەرگی سێـیەمـدا دوور و درێژ باسـی ئەو کۆمـەڵ و پارتە سیاسییانە دەکەین کە لە سلێمـانیدا سـەریان هەڵدا یاخـۆ جـووڵانەوەی زیاتریان لـە سلێـمـانیـدا بوو کـە پێـویست ناکـات لێرەدا دووپاتی بکـەینەوە، تەنیا ئاماژەیان بۆ دەکـەین و بەکورتی پەنجـە بۆ هـەندێک هـەڵوێستیان ڕادەکێشین.

لەوانە و لەپێش هـەموویانەوە پارتی (هیـوا) کە گـەورەترین و ڕێکوپێکتـرین پارتێکـی خـەباتکـەری کـورد بوو کـە لە بەینی سـاڵەکـانی ١٩٣٩ تا ١٩٤٤ لە تێکۆشـــاندا بـوو. دوای ئەوە (پـارتی دیمـوکـراتـی کـــورد) کـــە لـە ئەندامی پارتەکانی (شۆڕش و رزگاری و ژ.ک)ی عێراق پێک هات و پارتی (تحرر) کە پەردەیـەکی ڕواڵەتی پـارتی شـیـوعی عـێـراقی بـوو وەک لە شـوێنی خـۆیدا باسـمـان کـردووە ئەم دوو حـزبە جـووڵانەوەیـەکی چالاکـانـەیان هەبـوو لە ناوچەی سلێمـانیدا، بەجۆرێک میرییـان نارەحەت کردبـوو بەڵام بەربەرەکانی ناوخـــۆیان و دژایەتـی یەکـتـر و تۆمـــەتی نـاشـیــرین دوای یەک خـستن و

جنێودانیان بەیەکتر لەوە زیاتر بوو کە بەرامبەر بە (إستعمار) و (دەرەبەگ) و (خوێن مژەکان) و باقی ئەو شعارانەی کە هەڵیان کردبوو، لەبەر ئەوە هیچ لایەکیان نەگەیشتنە ئەو ئەنجامانەی کە لە (نظام داخلی)یەکەیاندا هەبوو کە خەباتیان لە ڕێیدا دەکرد. ئەم دووبەرەکیەتیە و بەرژەوەندی حیزبایەتی خستنە پێش مەسەلەی نەتەوایەتی و ئازادبوونی نیشتمان، جگە لە هەندێ هۆی تایبەتی تر، ئەمانە هەموو وای کرد هیچ لایەک بە ئامانجی خۆی نەگات تا ساڵی ١٩٥٨ کە سوپا ڕژێمی پاشایەتی گۆڕی و ئەوانیش لە دواییدا لە ناو خۆیاندا کەوتنە گیانی یەکتری.

بەڵێ شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ یاخۆ شۆڕشگێڕان ئیستعماریان نەهێشت و دەرەبەگیان لاواز کرد و زەویوزاریان بەسەر جووتیاردا دابەش کرد و هەندێک ئیشی تری بەجێیان کرد. بەڵام ئەوانیش تۆوی نەمانیان هەر لەیەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو، بەتایبەتی کە لە دیموکراتییەت دوورکەوتنەوە.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ نیوەی یەکەمی چلەکان. وەزارەتی نووری سەعید لە ڕۆژی ١٩ نیسانی ١٩٤٤دا کشایەوە و ئەم یاداشتەی لەگەڵ (کتابی إستقاله)کەیدا پێشکێش بە (وصی) کرد کە تیایدا لای کردووەتەوە بەلای کوردەوە[٩]. لەو یاداشت نامەیەدا باسی کورد لە سەردەمی عوسمانی و کوردی ئێستا و جووڵانەوەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ و دەنگدان لە عێراقدا (استفتاء) و شکاتی دانیشتوانی سلێمانی لە بازرگان و خاوەن ئیشوکار و لە دەست تێکچوونی ئاسایش لە ساڵی ١٩٢٤دا تاکو میری سوپای نارد و ئاسایشی گێڕایەوە. ئینجا باسی سەرهەڵدانەوەی جووڵانەوەی کورد سەرلەنوێ دەکاتەوە و لە ئەنجامدا ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت (کە ئێمە بە کورتی دەیگێڕینەوە):

---

٩. تاريخ الوزارات العراقية جزمی شەشەم لاپەڕە ١٩٢-١٩٧ عبدالرزاق الحسني.

کوردی عێراق بەلای منەوە ئەبن بەسێ بەشەوە: سەرۆک عەشرەتەکان کە ئەوانە لە ژیانی دەرەبەگایەتیدا دەژین و هەموو بەرژەوەندییان لەوەدایە ئەو دەسەلآت و دەست ڕۆیشتنەیان بپارێزن. ئینجا بازرگانەکان کە ئەوانە هەمیشە دەسەلآتی حکوومەت دەخوازن لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی ئیشیان بڕوات. سێیەم ڕۆشنبیرەکان ئەوانیش وەک باقی گەلی عێراق داوای کردنەوەی قوتابخانە و بلآوکردنەوەی زانیاری و ئاوەدانکردنەوە و تەندروستی دەکەن. جگە لەوەی دەیانەوێ کاری ناوچەکەیان خۆیان بیگێڕن و سەرۆک عەشایەر نەمێنن. ئینجا داوا دەکات کە میری زۆر وریابێت لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردەکاندا و نەیان ئاڵۆزێنن چونکە ئەوانیش ئامانجیان وەک ئامانجی باقی میللەتی عێراقە و وەک ئەوان نیشتمانپەروەرن.

**و- کوشتارەکەی گاورباخی لە کەرکووک:**

کوشتاری پۆلیس کە لە کرێکارەکانی نەوتی کەرکووکی کرد بە ناحەق و لە ئەنجامدا هەژدە کەسی تێدا کوژرا و لە دواییدا و بەهۆی هەڵدانی پارتە سیاسییەکانی عێراق و شکاتکردن، وەزارەتی أرشد العمری وا لێ کرد کە (إستقالە) بکات. ئەو ڕووداوەش لە سلێمانیدا کە خەڵکەکە بیستیان زۆریان لا ناخۆش بوو، تاکو خەریک بوون خۆپیشاندانێک پێک بهێنن بەلآم میری نەیهێشت سەربگرێ، دوای ئەوە هەندێک کەس هەستان چوونە کەرکووک بۆ پرسە و فاتحە خوێندن.

**ز- بوومەلەرزەی[١٠] پێنجوین ساڵی ١٩٤٦:**

پێنجوین ئەوسا ناحیە بوو سەر بە قەزای هەڵەبجە لە (لیوا)ی سلێمانیدا. شارۆچکەی پێنجوین کە مەرکەزی ناحیە بوو، شوێنێکی ئاوەدان و گەورە و خۆش و فێنک، هەموو شتێکی تێدا دەست دەکەوت چونکە لەسەر سنووری

١٠. بوومەلەرزە وادەزانم لە لەرزاندنی بەیوومە هاتووە. بەیوم، یاخۆ بەدیووم واتا (بەد) و (نەحس).

ئێرانە. ئەمە جگە لە ئاو و هەوای پاک و فێنکی و میوەی زۆری. یەکێک بوو لە ناحیە هەرە گرینگە ئاوەدانەکانی ناوچەی سلێمانی.

بەداخەوە لە ڕۆژی ٨/ئاب/١٩٤٦دا بوومەلەرزەیەکی بەهێزی وای لێ دا، زۆربەی دووکان و خانووەکانی ڕووخاند و زۆر کەسیشی کوشت و باقی دانیشتوانی ئاوارە وماڵوێران کرد. لەبەر ئەوەی کە چەند جارێکیش هەڵی دایەوە و دەستی پێکردەوە، بۆیە بڕیار درا شارەکە دەستبەجێ چۆڵ بکرێت، دوای ئەوەی چادر و خواردن و خواردنەوەی خەڵکەکە دابین کرا و جگە لەوە میری چوار هەزار دیناری بۆ یارمەتیدانیان دابەش کرد و ئینجا (تبرعات)ی دانیشتوانی سلێمانی بەتایبەتی و باقی وڵاتی عێراق بەگشتی دەستی پێکرد کە تا ڕادەیەکی باش فریایان کەوت. (وصی) خۆشی چوو سەری لە شوێنەکە دا بۆ دڵخۆشیدانەوەی خەڵکەکە.

هۆی ئەم بوومەلەرزەیە وەک من بزانم ئەو (کانی ئاسن) و شتی ترەیە کە بە ئاشکرا ئاسنی تێکەڵاو بە بەردی شاخەکانی دەوروپشتی پێنجوین دیارە و هەر ئەو بەردانەشە کە دەهێنران بۆ سلێمانی و شوێنی تری عێراق بۆ بەکارهێنانیان لە کاروباری پیشەسازیدا و بۆ مەڕمەڕ دروستکردن. وەک لەبیرم بێت لەو کارەساتەشدا خوا لێخۆشبوو حەپسەخانی نەقیب دەستی کرد بەپارە کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی پێنجوین. ئەمە جگە لە هیمەت و کۆششی باوکی مێژووی کورد خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ.

### ح- سەرژماردنەکەی ساڵی ١٩٤٧:

بۆ یەکەم جار کە سەرژماردن لە عێراقدا دەستی پێ کرد ساڵی ١٩٣٤[١١]

---

١١. جارێک پسپۆڕێکی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە عێراقەوە و سەیری (سجلات نفوس) دەکات کە سەیر دەکات زۆریی خەڵکەکە لە ڕۆژی ١/٧ی هەر ساڵێکدا لە دایک بوون، سەری سووڕ دەمێنێ تاکو تێی دەگەیەنن کە ئەوانە ڕۆژی تەواوەتی لە دایکبوونیان نەزانراوە بۆیە نیوەی ساڵەکەیان بۆ داناون. هەروەها کاتێک کە من =

بوو، ساڵی ١٩٤٧یش دووەم (أحصاء النفوس) لە ١٩٤٧/١٠/١٩دا دەستی پێ کرد و دوای ئەوەش ساڵەکانی ١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٨٧ سەرژمێررا.

ئەم سەرژماردنەی ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ پێشووەکەی زۆری فەرق هەبوو چونکە لێژنەها لە قوتابیان و خوێندەواران و مامۆستایان بە هەموو لایەکدا بڵاو کرانەوە بۆ سەرژماردن کە لە ئەنجامی هیمەت و کۆششی ئەو دڵسۆزانەدا ئیشەکە ناڵێم زۆر باش بوو بەڵام لە ڕۆژانێکی وەهادا و لەناو میللەتێکی نیمچە خوێندەواری ئەو ڕۆژەدا ئەنجامەکەی خراپ نەبوو.

وەک لە ئەنجامدا بڵاو کرایەوە لەو سەرژماردنەدا عێراق هەمووی ١٣٢، ٨١٤، ٤ کەس دەرچوو، لەوانە ٩٧٥، ٢٥٨، ٢ی پیاو بوون و باقییەکەی ژن.

## ط- ساڵی ١٩٤٨ و پەیمانی پۆرتسموث-(وثبە) و بارودۆخی شاری سلێمانی:

صالح جەبر لە مانگی ١٩٤٧دا وەزارەتی پێک هێنا، بەڵام پێشتر دوای کۆتایی شەڕی گەورەی دووەم وەزارەتی (تۆفیق السویدی) پێک هات لە کاتێکدا کە (سوێندخۆران) دەیەها پەیمانی ترش و شیرینیان بە میللەتانی گێتی دەدا کە گوایە هەر شەڕ ببڕێتەوە و بەسەرکەوتنی ئەوان کۆتایی بێت، ئیتر جیهان دەکەن بە بەهەشت و بە ماستی مەییو، خەڵک دەکەونە خۆشی و شادییەوە و شەڕ نامێنێ و هەر هەرا و هۆریایەک یا تێکچوونێک هەبێت گشتی بەدەست لەملکردن و لەسەر مێزی ئاشتی چارەسەر دەکرێت. هەر لەسەر ئەم بنج و بناغەیە (کۆمەڵی میللەتانی یەکگرتوو) لە شوێنی (عصبة الامم)ی کۆن پێک هات و خەڵکەکە پشوویەکیان پێدا هاتەوە، هەر لەسەر ئەم ڕێوشوێنە وەزارەتی تۆفیق سوێدی دروست بوو، وا پێک هات کە سەربەستی و ئازادی بۆ میللەت دابین بکات و حوکمی عورفی نەمێنێ و

=مودیری ناحیەی خورماڵ بووم کە سەیری (سجلات نفوس) دێی (طوێلە)م کرد کە سەر بە خورماڵ بوو، بینیم لە خانەی (حقل المهنە)دا زۆربەی پیاوەکان نووسراوە (سرسری). تومەز ئەمە (إصطلاح)ێکی کۆنە و مەبەستی لە (بێ ئیش و بێ کار) دێت.

گرتووخانە کەم ببێتەوە و میللەت دەست بکاتەوە بە پێکهێنانی پارت و ڕێگە درا بە پێنج پارتی رامیاری (أحرار، وطنی دیموقراتی، أستقلال، الشعب و إتحاد الوطنی) کە دەستیان کرد بە ئیش و تەنیا ڕێگەی پارتی (تحرر الوطنی) نەدرا بەوەدا کە پارتێکی (شیوعی) بوو. ئەم پارتانە هەموو لەکاردابوون تا وەزارەتی صالح جەبر هات و بڕیاردرا پەیمانی بەینی عێراق و ئینگلیز تازە بکرێتەوە بەجۆرێکی وەها لەگەڵ (میثاق)ی میللەتانی یەکگرتوودا بگونجێ و مافی عێراقی تێدا بپارێزرێ. جا هەرکە دەستنووس (مسودە)ی پەیمانەکە بڵاو کرایەوە هەموو پارتەکان دژی وەستان چونکە زۆری خاڵەکانی بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا بوو هیچ لە قازانجی عێراق نەبوو، لە کاتێکدا کە صالح جەبر چووبوو بۆ لەندەن بۆ گفتوگۆ لەسەر پەیمانەکە. ڕۆژی ١٩٤٨/١/٤ خۆپیشاندان دەستی پێکرد و وردە وردە تەنییەوە و ڕۆژ بەڕۆژ میللەت گڕی دەسەند و داوای لابردنی پەیمانەکەی دەکرد و لابردنی صالح جەبر، چەند گەنج کوژران و چەندەها لاوی تر گیران و ئازاردران. (٢٥) کوژراو و (٧٧) بریندار، ئیتر صالح جەبر ناچار کرا کە ڕۆژی ١٩٤٨/١/٢٧ (إستقاله) بکات و (شێخ محمد الصدر) کە سەرۆکی ئەنجوومەنی (أعیان) بوو ئەو وەزارەتی پێک هێنا. یەکەم ئیشی ئەم وەزارەتی نوێیە پووچکردنەوەی پەیمانەکە بوو.....

کوڕێک کە خەڵکی سلێمانی بوو (قالە چاوشین) کوڕی عەبدوڵڵا سەعیدی زڕگوێزی کە بۆ ئیشوکاری خۆی هاتبووە بەغدا بووبە گوللەی وێڵەوە لەکاتی خۆپیشاندانەکە کە تەرمەکەیان بردەوە بۆ سلێمانی، ئیتر لەوێش خۆپیشاندان و بمرێ و بژی دەستی پێکرد. بەتایبەتی لە بردنە سەر گۆڕستانی تەرمی ئەو کوڕەدا و لە گەڕانەوەدا دوای ئەوەش کە (وەفد)ی شارەکان دەهاتن بۆ بەغدا بۆ دانانی چەپکە گوڵ لەسەر گۆڕی شەهیدەکان هەمیشە وەفدی سلێمانی بەڕێوە بوون (نوێنەری قوتابیان، نوێنەری کرێکاران، لاوان، گەنجان...) بێ تەم ڕەوانەوە. ئیتر نووسەر و شاعیر و

قەڵەم بەدەست، هەموو کەوتنە نووسین و ڕازاندنەوەی شیعر. پیرەمێردی نەمر لە ساڵی ١٩٤٨دا بوو، لە کاتێکدا کە لەبەر دەمی دووکانێکدا[١٢] وەستابوو: جا وەک هاوار نووسیویە دەڵێت[١٣]:

لاوان بە کوڕ و کچەوە بەناو شاری سلێمانیدا بە شەقامەکاندا خۆپیشاندانێکی گەورەیان نواند... ئەو ڕۆژانە ڕۆژەکانی ڕاپەڕین بوو وەکو هەموو شوێنەکانی تری عێراق... لەو خۆپیشاندانەدا تاقمێک کوڕ و کچی منداڵ لەپێش هەمووانەوە ئەڕۆیشتن سەر و چەپکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان بە دەستەوە بوو، هەموو ڕوویان دەکردە گردی سەیوان بۆ ئەوەی ئەو چەپکە گوڵانە لەسەر گۆڕی شەهیدانی ڕێی ئازادی و کوردستان دانێن. لەو کاتەدا پیرەمێرد لەبەر دەرگەی سەرادا لەبەر دووکانەکەی وەستا حەمە سەعیدی خەیاتدا بە خۆی و بۆرە گاڵۆکیەوە راوەستابوو... جاروبار شانی هەڵدەتەکاند و تفی قووت دەدا، ڕەنگێکی دەهێنا و ڕەنگێکی دەبرد... تومەز بە ڕێکخستنی ئەم شیعرەوە گینگڵی دەدا[١٤].

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە

تاکو لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت:

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوان وا لە دڵی میللەتا ئەژین.

---

١٢. ئەوسا دووکانی حەمە سەعید خەیاتیان پێ دەووت، ئەمڕۆ کتێبخانەی (سلێمانی) پێ دەڵێن نزیک ساحەکەی بەردەمی سەرای کۆن واتا کتێبخانەی کاک عومەر.

١٣. محمد رسول هاوار (پیرەمێردی نەمر) ل ١١٧-١٢١.

١٤. بە بڕوای من ئەو خۆپیشاندان و ئاهەنگە بەبۆنەی نەورۆزیشەوە بووە بۆیە پیرەمێرد ئاگری نەورۆزی تێکەڵ (بەعەشقی بەرەو پیری مەرگەوە چوونی لاوانی) کردووە.

### ی- ڕۆیشتنی جوولەکەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٥٠:

جوولەکەی عێراق وەک باقی ڕۆڵەکانی تری گەلی عێراق هەموو مافێکیان هەبوو، هەروەک ئەوانیش ئەرکی نیشتمانیان بەسەر شانەوە بوو، بەڵام جوولەکە هەمیشە ڕووی ئابووری دەگرن، بۆیە زیاتر ئیشی بازرگانی و ئەو کارانەیان دەگرتە دەست کە دەستکەوتی پارەی تێدا بێت. لە خوار شاری سلێمانییەوە گەڕەکێک هەبوو تایبەت بوو بە جوولەکە بۆیە پێی دەوترا (گەڕەکی جوولەکان)، جگە لەوە لە شاری هەڵەبجە بە زۆری و لە قەرەداغ و هەندێک شوێنی تری ناوچەکەدا بڵاو بووبوونەوە. هەرچەندە مناڵە وردکە و جار جار پیاوی گەورەش دەستدرێژییان دەکردە سەریان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جوولەکە و دیانەکانی سلێمانی لەگەڵ باقی دانیشتواندا هەموو پێکەوە بە ئاسوودەیی دەژیان. ئێمە لە قوتابخانەدا قوتابی جوولەکەمان لەگەڵ بوو، نەمدی ڕۆژێک کەسێک ئازاریان بدا و دەستیان بۆ درێژ بکات.

دوای ئەوەی (کیانی سەهیۆنی) لە فەلەستین پێک هات، ئیتر جوولەکەی عێراق بە ئاشکرا و بەدزیەوە بەرەو ئەوێ ڕایان دەکرد، بۆیە بەریتانیا ئامۆژگاری حکوومەتی عێراقی کرد کە قانوونێک دانێ تاکو ئەو جوولەکانەی خۆیان دەیانەوێ بڕۆن ڕێگە بدرێن دوای ئەوەی (جنسیەی عیراقی)یان لێ دەسەنرێتەوە، هەر لەسەر ئەم بناغەیە لە مانگی مارتی ١٩٥٠دا ئەم قانوونە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانەوە مۆرکرا. بەمجۆرە ئەو جوولەکانەی کە لە پتر لە ٢٥٠٠ ساڵەوە (٥٨٦ پێش زاین تا ١٩٥٠) لە عێراقدا دەژیان وڵاتیان بەجێ هێشت و ژمارەی کۆچکردووەکان تا مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠ گەیشتە ١٤٣٥٤٥ کەس[١٥].

جوولەکەکانی سلێمانی پارێزەری کۆنیان تێدا بوو وەک (إسحاق میر) و

١٥. تاريخ الوزارات العراقية (في طبعته الخامسة المزيدة و المنقحة) بەرگی ٨ ل١٥٧-١٦٢.

زەڕەنگەری قـورسـیـان هەبوو وەک (روفـائیل) و بـازرگـانـی دەوڵەمـەندیان لەنـاودا بوو وەک (خـواجـە نەسـیم) و کـووتاڵ فـرۆشـی زۆریان هـەبوو وەک (دانیال و سیمانە) بەڵام سواڵکەریشیان تێدا بوو وەک (رەحیمە جوو).

ئەم جوولەکانەش هەرچی (شـتی گوێزراوەیان هەبوو) فرۆشتیان و خانوو، ئەرزەکـانیـشـیـان حکوومـەت دەسـتی بەسـەردا گـرت هـەمـوو وڵاتیـان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن.

## ک- یاداشتی ساڵەکانی ١٩٥٢ تاکو ١٩٥٦:

لە ساڵی ١٩٥٢وەوە تا ١٩٥٤ بەڕێوەبەر (مدیر)ی ناحیەی (خورماڵ) بووم کە سەر بە قەزای هەڵەبجە بوو لە یاداشت نامەکەمدا ئەمانەم تۆمار کردبوو وەک خۆیان دەیاننووسمەوە:

١٩٥٢/١١/١٣: ئەمڕۆ بیستم کەوا مەلیک تەشریف دێنێ بۆ سلێمانی.

١٩٥٢/١١/١٨: بە مناسەبەتی هاتنی مەلیکەوە بۆ سلێمانی. قرارم دا بچم بۆ سلێمانی لەگەڵ حاکم.

١٩٥٢/١١/١٩: برقیەم لە قائمقام وەرگرت کەوا مەلیک نایەت بۆ سلێمانی.

١٩٥٢/١١/١٠: بیستم ئەمڕۆ لە بەغدا مظاهرە بووە.

١٩٥٢/١١/٢٢: بیستم ئەمڕۆ لە بەغدا مظاهرە بووە کوشتاری تیا بووە.

١٩٥٢/١١/٢٣: لە رادیۆدا بیستم کەوا رەئیس ئەرکانی جیش نورالدین محموود تکلیف کراوە بۆ وەزارەت تشکیل کردن و تشکیلی کرد و إعلانی عورفی کرا لە لوای بغدادا.

١٩٥٢/١١/٢٤: رادیۆ بڵاوی کردەوە کەوا الغای إجازات و حلی هەموو أحزابەکان کرا لە عێراقدا و هەروەها هەموو جەریدەکانیش داخران.

١٩٥٢/١١/٢٥: مکتب و کلیات هەموو لە بەغدا داخران.

١٩٥٢/١٢/١١: ترفیعاتی ضباطی جیشی عیراقی ئەمڕۆ لە جەریدەدا دەرچوو.

١٩٥٢/١٢/٢٣: ئەمڕۆ بیستم کە رشید نجیب بوو بە متصرفی کەرکووک و سعید قزاز بوو بە وەزیری شؤونی إجتماعیە.

١٩٥٢/١٢/٢٤: ئەمڕۆ لە رادیۆ إعلانی کرد کەوا إنتخاباتی نواب ڕۆژی ١٩٥٣/١/١٧ دەست پێ دەکات.

١٩٥٤/٣/٢٢: ئەمڕۆ شێخ علاءالدینی بیارە وەفاتی کرد.

١٩٥٤/٣/٢٤: قائمقام خالید نقشبندی و حامد بەگی جاف هاتن بۆ خورماڵ منیان هەڵگرت لەوێوە چووین بۆ بیارە. قائمقام لەسەر ڕاسپاردەی مەلیک هاتبوو بۆ سەرەخۆشی لە کەسوکاری و شێخ عوسمان لە شوێنی باوکی دانیشت.

١٩٥٤/٣/٢٦: لافاوێکی زۆر بەشدەت لە بەغدا پەیدابوو زەرەری ١٥ ملیۆن دیناری تاکو ئێستا داوە.

**ل- ڕوونکردنەوەی هەندێک خاڵ کە لە یاداشت نامەکەمدا هاتوون:**

دەستگرتن بەسەر نەوتی ئێراندا لە لایەن خاوەنیەوە (تأمیم النفط) لە ساڵی ١٩٥١دا لە وەزارەتی دکتۆر مصدقدا بوو بە هۆی ئەوەی لە عێراقیشدا هەندێک لە نوێنەرانی گەل لە ئەنجوومەنی پەرلەماندا داوا لە حکوومەت بکەن کە ئەویش وەک ئێران دەست بداتە خۆماڵی کردنی نەوت بۆ ئەوەی سامانی گەلی عێراق نەچێتە گیرفانی هاوکاریەکانی نەوتی بەریتانیاوە، جگە لەوانە هەندێک ڕووداوی تر سەریان هەڵدا کە میللەتی وریا کردەوە. لە مانگی مارتی ١٩٤٩دا کودەتاکەی (حسنی الزعیم) لە سوریا دوای ئەو لە مانگی ئابی هەر ئەو ساڵەدا کودەتاکەی (سامی حناوی) بەسەر حسنی الزعیمدا و لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٩دا دیسانەوە کودەتاکەی (أدیب الشیشکلی) بەسەر (حناوی)دا و کوشتنی (ریاض الصلح) سەرۆک وەزیرانی لوبنان لە مانگی تەمووزی ١٩٥١دا و هەر لەو مانگە و لەو ساڵەشدا کوشتنی مەلیک عەبدڵڵا لەبەر قاپی (المسجد

الاقـصـی)دا و لە هـەمــووی گــرینگتــر لە ڕۆژی ٢٣ی تـەمــووزی ١٩٥٢دا هەڵگێـڕانەوەی ڕژێمی مـەلیکی لە مـیـسـر و جـاڕدانـی (جـمـهـوریەت)، دواییـیــەکـەیش هەر لـە مـانگی ئەیلولی سـاڵی ١٩٥٢دا لابردنی (بشـارە الخـوری) لە سەرۆکایەتی کۆماری لوبنان. ئەمانە هەموو میللەتی عێراقیان هـەژاند، پارتەکـان یـەکـەیەکـە یاداشــتـیــان دەدا بە (وصـی) و داوای (إصـلاحـات)یان دەکرد کـە ئەنجـامێک نەبوو، ئیتر لـە قـوتابیـانی کولیـەی (صـیدلە و کـیـمـیـا)وە ئاڵۆزی و خۆپیشـاندان دەسـتـی پێکرد و وردە وردە کـارەکە تـەنیـەوە نـەک هەر لە بەغدا بگرە لە شـارەکـانی تریش. ئیـتـر ئیش گەیشـتە ڕادەیەک پۆلیس دەسـەڵاتی نەما، ئەمـە بوو بە هۆی ئەوەی وەزارەتی مـسـتـەفـا عـومـەری لـە مـانگی تشـرینی دووەمی سـاڵی ١٩٥٢دا واز لەکـار بهێنێ. لە ئەنجامدا (نورالدین مەحموود کە سـەرۆکی ئەرکانی سـوپا) بوو داوای لێ کرا کە وەزارەت پێک بهێنێ ئەویش لە ٢٣ی هەر ئەو مانگە و ئەو سـاڵەدا وەزارەتی دامــەزراند. خـۆی جگە لەوەی سـەرۆکی وەزیران بوو، هەروەها وەزیری بەرگری و ناوەوەش بوو. ئەویش هەر لەگەڵ هاتنیدا جاڕی حـوکمی عورفی دا، خۆپیـشـاندانی قـەدەغـە کرد، پارتە رامیـارییـەکـانی داخست، ڕۆژنامەی لە دەرچوون خست، جگە لەوە بەشـەو هەتا ماوەیەک لە شـارەکاندا هـاتوچۆ قـەدەغـە کـرا، دەست کرا بـە قـوتابی و خـەڵک گـرتن و دەرکردنی فـەرمانبـەر لە ئیشی میری و گەلێک ئیشوکاری تری لەم بابەتە. بەڵام ئەگەر ئەم وەزارەتە و لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندان و یاداشت نامانە و خرۆشـانی میللەتدا ئیشی بەجێی کردبێت ئەوەبوو کە یاسـای هەڵبـژاردنی نوێنەرانـی کرد بەیەکسـەر واتا (إنتـخـابی مـبـاشـر) لە لایەن گەلەوە. ئیـتـر تەمـەنی وەزارەتـەکەش نەگەیشـتـە سێ مـانگ و ناچار دەسـتی لە ئیشـوکار هەڵگرت.

بێگومـان ئەم کـارەسـاتەی سـاڵی ١٩٥٢ لە سلێمـانیدا بە تەواوەتی رەنگی دایەوە چونکە ئەو تیـژڕەوی و زیاد ڕۆیشـتـنەی لە سلێـمـانیـدا لە هـەندێک

کاروباردا دووپات دەبێتەوە بێگومان لە ئەنجامدا دەبێ بەهۆی تێوەگلانی چەندەها کەس. بۆیە زۆر کەس گیران و لە بەردەمی ئەنجوومەنی عورفی سوپاییدا حوکم دران.

کەوابوو هەر بەهۆی ئەو هەرا و بگرەشەوە بوو مەلیک نەهات بۆ سلێمانی. ئەوەی شایانی باسە مەلیک فەیسەڵی دووەم لە ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٣دا لەسەر کورسی مەلیکی دانیشت و خاڵی کە عەبدولئیلاه بوو لە (وصایە) کەوت و بوو بە (ولی عهد). بەو بۆنەیەوە لە هەموو لایەکی عێراقدا ئاهەنگ گێڕرا و دەهۆڵ و زوڕنا لێدرا و شیرینی خورایەوە.

## م- هەڵبژاردنی نوێنەران ساڵی ١٩٥٤:

لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە (بەرەی نیشتمانی - الجبهة الوطنية) لە ژمارەی (١٣٥) کەس کە نوێنەرانی گشت عێراق بوون لە پەرلەماندا تەنیا (١٤) نوێنەر لە (بەرە) دەرچوون کە ئەوانیش کامل چادرچی و حسين جميل و محمد مهدی کبە و صديق شنشل و فائق سامرائی و عبدالجبار جومرد و خدوری خدوری ذنون أيوب و مسعود محمد و جعفر البدر و محمد حديد و سێ کەسی تر بوون. خۆ ئەگەر دەستکاری و دەستدرێژی نەکرایە، ژمارەی نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی دەگەیشتە (٣٠) کەس. دە لەگەڵ ئەوەشدا کە نووری سەعید بۆ جاری دوازدەم لە ٢ی ئابی ١٩٥٤دا وەزارەتەکەی پێک هێنا یەکەم کاری ئەوەبوو ئەنجوومەنی پێشووی هەڵوەشاندەوە لەبەر ئەوەی کە ئەو چەند کەسەی لەبەرەی نیشتمانی تێدابوو، واتا ئەو ئەنجوومەنە هەر تەنیا یەک ڕۆژ تەمەنی بوو چونکە دوای یەکەم کۆبوونەوەی ئیتر چاڵی بۆ هەڵکەندرا و بڕیاری هەڵبژاردنی سەرلەنوێ درایەوە. ئەوەبوو لە ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٤دا دەست بە هەڵبژاردن کرا دوای ئەوە هەموو پارتەکان کشانە دواوە و پشتیان تێ کرد، بۆیە لە (١٣٥) نوێنەر، (١٢١) کەسیان بە

(تزکیه) دەرچوون. هەروەها ئەم وەزارەتە جارێک هەژدە ڕۆژنامە و جارێکی تر نۆزدە ڕۆژنامەی هەر یەکە بۆ ساڵێک لە دەرچوون قەدەغە کرد، جگە لەوەی (جنسیەی عیراقی) لە توفیق منیر و أکرم محمد حسین و بهاءالدین شیخ نوری بابا علی و جاسم حمودی و عبدالرزاق الزبیدی و زکی خیری و کامل قزانجی و صادق جعفر الفلاحی و کامل صالح السامرائی و محمد عبداللطیف حاج محمد و علی شیخ حسین الساعدی سەندەوە[١٦].

لەم کاتەدا من لە قەرەداغ بەڕێوەبەری ناحیە بووم. پێش هەڵبژاردنەکە بە چەند ڕۆژێک ئەو کەسانەی کە پروپاگەندەیان بۆ نوێنەری پارت و تحرر دەکرد هاتن بۆ قەرەداغ بە دوو پاصی تەختە بە (بابژی با برووخێ) هاتنە ناو دێیەکەوە. هەر لەو ڕۆژەدا قایمقامی مەرکەزی سلێمانی (ح. ع) کە تازە گوێزرابووەوە سلێمانی ئەویش هاتبوو بۆ قەرەداغ بەو بۆنەیەوە کە تازە هاتووە و دەیەوێ ناحیەکانی سەر بە قەزاکەی ببینێ و هەم بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردن. کاتی نیوەڕۆ چووبووینەوەماڵەوە لەگەڵ قائیمقام نانمان دەخوارد کە دەنگی (بابژی...) لە دوورەوە هات. کابرا ڕۆحی چوو نانەکەی پێ نەخورا پۆلیسەکانی بانگ کرد لەبەر دەرگەی ماڵی ئێمە ڕایگرتن لەترسا. منیش گورج بلاوەم بە پۆلیسەکان کرد و پێم وت من لێپرسراوی نەفسی خۆم و تۆش و هەموو دانیشتوانی ئێرەم، لە هیچ مەترسە و کەس نایەتە سەر ئێمە. ئیتر ئەو پیاوە کونە مشکی لێ بوو بە قەیسەری. نەیدەزانی چۆن خۆی دەرباز کات، بە هەڵەداوان گەڕایەوە بۆ سلێمانی، تومەز لەوێ ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی دژی (هەردوو پاڵێوراوەکان – مرشحەکان) و دژی منیش داوە کەوا لە ژێرەوە لە گەڵیاندام. لەسەر ئەوە متصرف کە (مزاحم ماهر) بوو گورج دەستی کرد بە (اجراءات) و ڕاپۆرت حوالەی پۆلیس و دوای ئەوە حاکم تحقیق کرا و لەسەر ئەوە فەرمانی گرتنی ئەو دوو کەسە و هەندێک لە یاریدەدەرانیان درا و ئەوانیش خۆیان شاردەوە.

١٦. تاریخ الوزارات العراقية – بەرگی ٩ ل ١١٢–١٧٠.

لەسەر ئەوە وەک عەبدولرەزاق حەسەنی دەڵێت: لە ١٣ی ئەیلولدا لە سلێمانی مانگرتنێکی گشتی دەستی پێکرد و دوای ئەوە خەڵکەکە چوونەوە سەر ئیشوکاری خۆیان بەڵام ڕۆژی ١٦ی مانگ خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە، لەولاشەوە هێزی ئاسایش بەرەنگاریان بوو، کوژراو و برینداری زۆر لە پۆلیس و خەڵکەکە بەرکەوت. بێگومان میریش گوناهی ئەو تاوانانەی دەدایە پاڵ (تاوانباران و ڕاکردووان لە ڕووی عەدالەت) کە خەڵکیان هانداوە لەوانە شەش کەس گیران و لێکۆڵینەوەش بەردەوام بوو[17].

بەداخەوە سەرۆکی دادگەی سلێمانی ئەو دەمە هەر خۆشی (حاکم تحقیق) بوو. زۆر بە توندی تحقیقی لەگەڵ مندا دەکرد. دوای ئەوەی کە هەڵبژاردنەکە تەواو بوو، منیش بە شاهێد دانرابووم دەیویست بە درۆ قسە بکەم منیش بە هیچ جۆرێک لە گەڵیدا نەڕۆیشتم، باش بوو دوای ئەوە دەعواکە گوێزرایەوە بۆ کەرکووک بۆ لای حاکم نورالدین بهاءالدین کە بەبێ دەنگ و پیاوانە ئیشەکەی کۆتایی پێ هێنا.

**ن- هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی ساڵی ١٩٥٦**[18]:

شەوی ١٩٥٦/١٠/٩ شێخ مەحموود لە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغدا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و دوای ئەوەی ئێستگەی بێ تەلی عێراق ئەمەی بڵاو کردەوە، زۆر لە کوردەکانی بەغدا و لە برا عەرەبەکان لەگەڵ تەرمەکەدا کەوتنەڕێ بەرەو سلێمانی. لە ڕێگەش عەشاماتێکی زۆر هەم بۆ پێشوازی و هەم بۆ کەوتنە تەک تەرمەکە، تا گەیشتە سلێمانی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل گەیشتە پێنج سەد. لەو ڕۆژەدا (متصرف) (عمر علی) بوو خۆی لە بەغدا بوو (فوزی صائب) شوێنکاری بوو. هەر لەو دەمەشدا (شێخ لەتیف

١٧. تاريخ الوزارات العراقية - بەرگی ٩ لاپەڕە ١٦٢.

١٨. بە دەستکارییەوە لە (شۆڕشەکانی کورد)ی عەلادین سەجادییەوە وەرگیراوە ل ١٤١ تا ١٤٧.

کوڕی شێخ مەحموود) گیرابوو لە بەندیخانەدا بوو کە تەرمەکە گەیشتە سلێمانی، دانیشتوانی ناو شار بەجارێک خرۆشان و لەجیاتی ئەوەی ڕێگە بدەن بنێژرێ، خەڵکەکە تەرمەکەیان فڕاند بەرەو بەندیخانە لە ژووروویی شار بۆ ئەوەی شێخ لەتیف کە لە ژوورەوە بوو بیبینێ، گوایە (عمر علی) کە لەبەغداوە بەمە دەزانێ بە تەلەفۆن فەرمان دەدا بە پۆلیس (بێ ئەوەی شوێنکارەکەی کە فەوزی صائبە ئاگای لێ بێت) کە تەقە بکەن، بەمە دووکەس شەهید بوون. یەکێکیان (ئەختەر خێزانی ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا) و دووەم فەقێیەک، جگە لە ژمارەی بریندار کە گەیشتبوونە (٤٠) کەس ئیتر هەر چۆنێک دەبێت بە هیمەتی (فەوزی صائب و فائق هوشیار و عەلادین سجادی و دڵسۆزانی تر)، هەر بۆ شەوێ تەرمەکە لە مەرقەدی کاک ئەحمەد لە مزگەوتی گەورە دەنێژن (دوای ڕا لێبوونی شێخ قادر و بابا عەلی) و سێ ڕۆژ پرسە دەوام دەکات، بەڵام، عمر عەلی لەم کارەساتەدا زەبر و زەنگێکی بێ لزومی نواند. تاکو دەیانوت گوللەیەک لای شانی تەرمەکەی گرتبوو.

ئا بەمجۆرە شێخی نەمر ماڵاوایی لە میللەتەکەی و لە سلێمانی کرد. ئەو شێخەی لە بێشکەی دارەوە تا بێشکەی خاک هەموو لاپەڕەکانی ژیانی و تا کاتی نەمانی هەر شۆڕش بوو.

### س- لافاوەکەی سلێمانی ساڵی ١٩٥٧:

سەعات چواری عەسر ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١٨ پەڵە هەورێکی چڵکن[١٩] بەری ئاسمانی شاری سلێمانی گرت، ئەوەندە ڕەش و ناهەموار بوو، خەڵکەکەی ترسان، ئەوەندەی نەبرد کردی بە شەستە باران و لێزمە، بە (تەرزە)ی دەنک گەورەی بە قەدەر گوێز، تەرزەکە تەنیا چارەکە سەعاتێک باری بەڵام

١٩. (پەڵە هەورێکی چڵکن) ناوی ئەو (ڕۆمان)ەیە کە (جەمال بابان) نووسەری ئەم کتێبە لە ئەنجامی ئەو لافاوەدا دەری کرد. چاپخانەی مەعارف - بەغدا ساڵی ١٩٥٨. هەروەها زۆر کەسی تر لە شاعیر و نووسەر لەم بابەتەوە شتیان ڕێکخست وەک (ناڵەی لێقەوماو) شیعری نووری وەشتی.

بارانەکە نزیکەی سەعاتێکی برد، ئەمە لێشاوی باران و تەرزە بوو کە کردی بە لافاو و لە چیای گۆیژەوە و لەدامێنییەوە ئاو هات بۆ ناو شار. لە پێشدا بە گەڕەکی مەڵکەندی و دوایی بەرەو خوار بۆ ناو شار، بۆ ناوماڵەکان و دووکان و بازاڕ و قەیسەری. لرفە لرفی ئاو چەندەها زەلام و عەرەبانە و ئۆتۆمۆبێلی بەرەو خوار ڕادا. لۆرییەک کە حەوت تەن چیمەنتۆی تێدا بوو بەرەو خواری کردەوە، وەک پوشو پەلاشێک بەدەم ئاوەکەوە، بە جۆرێک بەرزایی ئاو گەیشتە دوو مەتر، ئاو چووە قەیسەرییەکانەوە، ماڵ و کووتاڵێکی زۆری بازرگانی فەوتان، ئەوسا زیان بە ملیۆنێک دیناری ئەو سەردەمە قەسرێنرا.

ئەوانەی لێیان قەومابوو برانە نەخۆشخانە و چادر بۆ بێ دەرەتانەکان هەڵدرا و حکوومەت لە پێشەوە بیست هەزار دیناری پێشکێش کرد و ڕێگەدرا بە کۆکردنەوەی پەنجا هەزار دینار. وەزیری ناوەوە و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هەردووکیان گەیشتنە سلێمانی و دوای ئەوانیش لە ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/٢٤دا (وصی) بۆ دڵخۆشی دانەوەی لێقەوماوان ئەویش گەیشتە سلێمانی. هەروەها حکوومەتەکانی دراوسێش لە یارمەتیداندا بەشدارییان کرد. دوای ئەوە دەست کرا بە خانوو دروست کردن بۆ ماڵ وێرانەکان. زیانی ئەم لافاوە بریتی بوو لە کوشتنی (پێنج) پیاو و هەشت ژن و دوازدە منداڵ بە هەموو (٢٥) کەس جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە بریندار[٢٠].

**ع- هەندێک باس و ڕووداوی تر لە ساڵەکانی ١٩٥٦ - ١٩٥٨ لە سلێمانی:**

- ڕۆژی ٢٤ی ئابی ساڵی ١٩٥٦ پێشانگایەکی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بۆ ماوەی هەفتەیەک لە سلێمانیدا کرایەوە، وەزیری ئابووری ئەو سەردەمە هات کردییەوە[٢١].

---

٢٠. تاريخ الوزارات العراقية بەرگی ١٠ لاپەڕە ١٦٨-١٦٩.

٢١. تاريخ الوزارات العراقية. بەرگی دەیەم ل ٦٨.

– بەبۆنەی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئینگلیز و فرەنسە و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦دا، عێراق خرۆشا، پریشکی ئاگرەکە لە قوتابخانەکانی نەجەفەوە تەنیەوە تا گەیشتە مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی. خۆپیشاندان و داوای مانگرتن و دووکان و بازاڕ داخستن دەستی پێکرد. تاکو بەدادگەی عورفی هەڕەشە لە خەڵکەکە دەکرا چەند کەسێکیش گیرا، بەڵام میللەت بە تەواوەتی رای خۆی و قین و پڕژمی بەرامبەر بە هێرشە سێ قۆڵییە دەربڕی ئینجا وازی هێنا[٢٢].

– ڕۆژی ٢٨ی مارتی ساڵی ١٩٥٧ کردنەوەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بوو لە هەفتەی دووەمی ئاوەدانکردنەوەدا. ئەو کارگەیە ئەوسا ڕۆژی (٣٥٠) تەن چیمەنتۆی بەرهەم دەهێنا کە ئەمە بەشێکی زۆری پێویستی چیمەنتۆی بۆ پرۆژەکانی بەستەی دووکان و دەربەندیخان دابین دەکرد، جگە لە چیمەنتۆ بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی خەڵک. ئەم کارگەیە دوو ملیۆن و نیو دیناری ئەو سەردەمەی تێ چوو بە ئیستگەی هێزی کارەبای کارگەکەوە[٢٣].

– لە ڕۆژی ٢٢ مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٨دا ئۆتۆمۆبێلێک لە ڕێگەی دووکان نزیک بەستەکە وەرگەڕا هەشت کەسی تێدا مرد و نزیکەی شەست کەسیش بریندار بوون[٢٤].

بەمجۆرە لە بەرگی یەکەمی ئەم بەرگەوە، مێژووی شاری سلێمانیمان لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە لە ساڵی ١١٩٩ک (١٧٨٤ز) تا مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ هێنا، بەرودوا لەگەڵ زۆربەی بەسەرهاتەکانییەوە.

لە ساڵی ١٩٥٨ بەدواوەمان هێشتەوە بۆ هیمەتی ڕۆڵە خاوەن هەست و

---

٢٢. سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٠.

٢٣. سەرچاوەی پێشوو ل ٥٩.

٢٤. سەرچاوەی پێشوو ل ١٩٦.

توانا لە قەڵەم ڕەنگینەکانی وڵات کە ئەوان دەست پێ بکەن، چونکە من هەر ئەوەندەم لە بارا بوو...

### ف- ڕوونکردنەوەی خاڵێکی گرینگ:

بێگومان ئەگەر بتەوێ هەر باس و ڕووداوێک بە تەواوەتی حەقی خۆی بدەیتێ لە ئەنجامدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و لێدوانی پڕ و شیکردنەوە و ڕەخنە و (ڕا)ی نووسەر دەربڕین هەیە بە مەرجێک ئەمانە هەموو لەسەر بناغەیەکی زانیاری و واقعی بن.

من ئەو ڕێگەیەم لە بەرگی یەکەمدا لەم کتێبە گرتووە کە تایبەت بوو بە مێژووی سلێمانییەوە لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە، تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان[٢٥]. هەر لەوێدا باسی کردەوەی باش و بەسوودی بابانەکانم کردووە، لە هەمان کاتیشدا لە هۆیەکانی فەوتانی میرنشینی باباندا، دوای دەرخستنی هۆ سەرەکییەکە، کە پەیمانی ئەرزوڕۆم بوو کە لە بەینی عوسمانییەکان و ئێراندا گیرا لە یەکێک لە هۆیەکانی تردا و بەتایبەتی لە خاڵی سێیەمدا وتوومە ناپاکی و خۆ خۆشویستنی هەندێک لە میرەکانی بابان و چاو بڕینە کورسی و خۆگەیاندنە حوکم بێ ئەوەی بەرژەوەندی نیشتمان و ڕۆڵەکانی گەلەکەیان بهێننە پێش چاو تاکو ئەو (هەندە) خۆیان بە نرخێکی هەرزان بەدەستەوە دا. بەوە گلەیی مێژوو میللەتەکەیان هێنایە سەر خۆیان. هەروەها وتیشمان خوا بەوە ڕەحمی کرد ئەوانە لە پەنجەی دەست کەمتر بوون. لەم بەرگەیشدا هەروەک لە شوێنی خۆیدا نووسراوە، ڕەخنەمان لە حوکمی ئینگلیزەکان و بەتایبەتی لە حوکمی مێجەر سۆن گرت، بەڵام دوای ئەوە و بۆ ئەوەی تەرازووی بارودۆخ سەر نەکات، چیتر

٢٥. بەرگی یەکەم (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) (سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانیەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی (دار الحرية للطباعة. بغداد) ساڵی ١٩٩٢.

توخنی ڕەخنە و شـیکردنەوە و ڕا دەربڕین نەکـەوتین هەرچەندە، ئـەمـەش (کەموکوڕ)یەکە لە کتێبەکەدا، بەڵام ئێمە، ئەوەمان هەڵگرت بۆ کات و وەرزی خـۆی، ئەگـەر مـابووین وا بـەو ئەرکـەش هەڵدەسـتین و ئـەگـەر نـەشـمـاین با ئەوانەش وەک هەزارەها شتی تر کە فەووت بون، لەگەڵ خاوەنەکانیانا بچنە ژێر گڵەوە*.

* لەم بابەتەوە سـەیری بەرگی یەکی (سلێمـانی – شـارە گەشـاوەکەم) بکە لاپەڕە (١٠٤-١١١).

بەشی ئاینی

## ١٢

## مزگەوتەکانی سلێمانی

پێشەکی: بێگومان هیچ بنیات و خانووبەرەیەک نییە لە کوردستاندا بەقەدەر مزگەوت خزمەتی میللەت بکات، نەک هەر لە رووی ئاینییەوە کە ئەمە مەبەسی یەکەمە لە دروستکردنی مزگەوت، بگرە لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە، مزگەوت بەتایبەتی لە لادێکاندا ئەرکی دیوەخان و میوانخانە و شوێنی کۆبوونەوە و را و تەگبیر و گۆڕینەوە و تاوتوێکردنی قسە، دەبینێ. شوێنی کۆبوونەوەیە لە جەژندا و نان خواردنی گشتی و دەست و مۆچ و جەژنە پیرۆزە و گەردن ئازادی، غەریبێک کە رووی دەکردە دێیەک راست ملی دەنا بۆ مزگەوت، لەوێ لەگەڵ مەلا و فەقێکان دەبوو بە هاوبەشی خواردن و چا خواردنیان، هەر شەویش لە مزگەوت دەنوست (ماڵی خوایە و بەلاشە).

لە زۆر دێهاتی لادێدا ماڵەکان ئاودەسخانەیان نەبوو، ئاودەستەکانی مزگەوت بۆ پیاو شەو و رۆژ بەکار دەهات و کانی ژنانیش بۆ ژن. هەروەها لە لادێدا (گەرماو- حەمام) نەبوو، پیاو خۆی لە حەوزی مزگەوتدا دەشت و (وصڵی) دەردەکرد. ئاوی مزگەوتیش بەکاردەهات بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ. مزگەوت ئەم ئەرکانەی هەموو گرتووەتە ئەستۆی خۆی، خۆ لەم دواییەشدا کە لەهەر مزگەوتێکدا (یاخۆ لە زۆربەی مزگەوتەکاندا) شوێنی تایبەتی دروست دەکرێ بۆ پرسەکردن و فاتحە خوێندن، کە ئەمە ئەوپەڕی خزمەتی میللەت یاخۆ دانیشتوانی شارەکە و گەڕەکەکە دەکات. مزگەوت خەڵکەکەی دەوروپشتی لە زۆر شت دوور دەخاتەوە و لە گەلێک ڕووی ترەوە

یارمەتییان دەدا. بۆیە شوێن نییە لە کوردستاندا لە مزگەوت بەنرختر.

کوردیش بەوەدا کە ئیسلامن و ئاینەکەیان بە پاکی و راستی گرتووە بۆیە هەر دەسەڵاتدارێکیان کە هاتووەتە پێشەوە، بەر لە هەموو شتێک مزگەوتی دروست کردووە، بێجگە لە مزگەوت، تەکیە و خانەقاشیان دروست کردووە..

تەکیە بۆ قادرییەکان کە حاجی شێخ مارفی نۆدێ هێنایە ناوچەی سلێمانییەوە و لە بنچینەدا شێخ قادری گەیلانی دایمەزراند. خانەقاش بۆ نەقشبەندییەکان کە مەولانا خالید هێنای کە ئەویش لە مەولانا عەبدوڵڵای دهلی وەرگرت.

حاجی شێخ مارف و مەولانا خالید هاوچەرخی یەک بوون و کاتێک کە (مستەر ریچ لە ساڵی ١٨٢٠)دا هاتووەتە سلێمانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەحموود پاشای باباندا، باسی ئەم دوو زاتە گەورەیە دەکات. هەروەها لە کتێبەکەی شێخ محەمەدی خاڵدا (الشیخ معروف النودهي البرزنجي) دوور و درێژ باسی خۆیان و رێڕەوەکانیان (طریقة)کانیان دەکات. لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئێمە لەمە زیاتر درێژەی پێ بدەین.

یەکەم کەس کە بەشێوەیەکی جوان و رێکوپێک باسی مزگەوتە کۆنەکانی سلێمانی کردبێت، باسی دامەزرێنەر یاخۆ دروستکەر و ئیمام و مامۆستا و گەڕەکەکانی کردبێت، مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجییە کە نامیلکەیەکی بەنرخی لەم بابەتەوە لە ساڵی (١٩٣٨)دا دەرکردووە بەناوی (التعریف بمساجد السلیمانیة ومدارسها الدینیة)وە.

ئێمە لەمەودوا پوختەی ناوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە دەکەین بە کوردی دوای ئەویش باسی ئەو مزگەوتە نوێیانە دەکەین کە دوای ئەو نووسینە بنیات نراون، ئەو مزگەوتانەی کە ناوەکانیان دەستکەوتوون. مامۆستای قزڵجی بەمجۆرە باسی مزگەوتە کۆنەکانی سلێمانی دەکات.

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| مەڵکەندی | تەکیەی سووپاشا[١] | ........... | ١. مەولانا ئیبراهیم<br>٢. مەلا ئەوڕەحمانی حانۆدشەو حاجی مەلا ئەحمەدی کوڕی | پێش شاری سلێمانی دروست کراوە |
| مەڵکەندی | حاجی خان | حاجی ئیحسان | ١. شێخ باباڕەسوڵی پڵاوخۆر<br>٢. مەلا مارف | حاجی ئەحان لە قەڵاچۆڵانەوە هاتووەتە سلێمانی. گوایە شاعیر بووە و (شەوقی) نازناوی بووە |
| مەڵکەندی | مەلا مینی مام رۆستەم (شێخەلی) | هەر خۆی | هەر خۆی شێخ عەلی مەلا عەبدڵڵا | |
| مەڵکەندی | بن تەبەق (هەرمنی) | سلێمان پاشا | ١. حاجی مەلا ئەحمەدی هرمنی (ڕاستیەکەی مەلا سالحە)<br>٢. مەلا فەتحوڵڵای پاوەیی | |
| مەڵکەندی | نەقیب | سەید ئەحمەدی نەقیب | ١. خۆی<br>٢. مەلا محەمەدی رەش<br>٣. مەلا محەمەدی چورستانی | |

١. ئەم وسو پاشایە بابانە و باپیرە گەورەی بابانەکانی ڕانیە (عەلی بەگی قادر بەگ) و ئەوانە.

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| گۆیژە | تەکیەرووتە | شێخ عەلی تاڵەبانی و خیرەومەند | ١. شێخ عەلی تاڵەبانی<br>٢. شێخ نوری بابە عەلی | تازەیە |
| گۆیژە | حاجی شێخە مین | بابانەکان | ١. شێخ سمایلی باپیری حاجی شیخە مین<br>٢. حاجی شێخ ئەمین<br>٣. شێخ محەمەدی خاڵ | دوان لە کۆڵەکەکانی مزگەوتی قەڵاچوالانی تێدایە دوای حاجی شێخە مین، شێخ محەمەدی کورەزای دەستی پیا هێناوەتەوە. |
| گۆیژە | شێخ محەمەدی بەرزنجی | حسین عەزیز جۆلاو خێرەوەندی گەڕەک | ١- شێخ محەمەدی بەرزنجی<br>٢- شێخ نەجمەدین شێخ شەمسەدین | |
| گۆیژە | سەی حەسەن | ئەوڕەحمان پاشای بابان | ١- ئەوڕەحمان پاشا خۆی<br>٢- مەلا عەبدوڵڵای ڕەش<br>٣- شێخ مستەفای موفتی<br>٤- سەی حەسەن کوڕی شێخ عەلی بابا ڕەسووڵ | (حوجرە)کەی (نالی) لەم مزگەوتەدا بووە |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| گۆیژە | هەمزاغا | خۆی | ١. مەلا ئەحمەدی صائب<br>٢. مەلا مارف وەهبی<br>٣. مەلا عەبدول ڕەحیمی مەریوانی | لە دەست ڕۆیشتووەکان بووە لە سەردەمی بابانەکاندا و باپیری پیرەمێردە. |
| گۆیژە | ئەوڕەحمان پاشا یاخۆ (باباعەلی) یاخۆ (شێخ ئەوڕەحمانی ئەبو بەکر) | ئەوڕەحمان پاشای بابان | ١. عەبدولکەریمی بەرزنجی<br>٢. مەولانا خالید<br>٣. محەمەد فەیزی زەهاوی<br>٤. شێخ ئەوڕەحمانی ئەبو بەکر<br>٥. شێخ بابا عەلی قەرەداغی<br>٦. شێخ نووری کوڕی شێخ بابا عەلی | |
| گۆیژە | شێخ محەمەدی ئاڵەکی (ناو بازاڕ) | عەزیز ئاغای مەسرەف | ١. شێخ محەمەدی ئاڵەکی<br>٢. مەلا عارفی ئەمینی جەفار<br>٣. مەلا عارفی ئەمینی وەسمان<br>٤. مەلا غەفووری چەقژی | |
| گۆیژە | حاجی عەزیزی | حاجی عەزیزی | ١- شێخ جەلال | تازە دروست |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| | خەیات یاخۆ (شێخ جەلال) | خەیات | قەرەداغی<br>٢. شێخ محەمەدی شێخ جەلال | کراوە، واتا لە کۆنەکان نییە. |
| گۆیژە | عەزیز ئاغا، یاخۆ مزگەوتی ناو بازاڕ | عەزیزی مصرف | | عەزیز ئاغا خەزینەدار بووە لە سەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا و کوڕی مەحموود مصرفە |
| گۆیژە | مفتی | مفتی چاومار | ١. مەلا ئەحمەدی چاومار و حاجی مەلا محەمەدەمینی کوڕی<br>٢. عەبدول عەزیزی مفتی<br>٣. (مەلا موحسین) | بەناوی مفتی سلێمانی مەلا ئەحمەدی چاومارەوە ناونراوە |
| کانێسکان | کانێسکان یاخۆ (سەرچاوە)شێخ سەلام | شێخ قادر باوکی شێخ سەلام و خیرەو مەندی گەڕەک | ١. شێخ سەلام<br>٢. مەلا عەبدولڕەحیمی چوڕستانی<br>٣. مەلا عەبدول ڕەحیمی مرزا | ئەم شێخ سەلامە لە سلێمانی قازی بووە |
| کانێسکان | قامیشان | | ١. شێخ مستەفای گوڵانی<br>٢. مەلا صالح<br>٣. شێخ مارف | |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| کانێسکان | بن تەبەق یاخۆ عیرفان | عەبدوڵڵا پاشای بابان | ١. مەلا عەبدوڵڵای عیرفان<br>٢. حاجی مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسووڵ<br>٣. مەلا مارفی خاوێی | |
| کانێسکان | کانێسکان | خدراغا | ١. مەلا گوروون<br>٢. شێخ عەزیزی خەلیفە<br>٣. مەلا عەبدوڵڵا | |
| کانێسکان | مزگەوتی گەورە | عەبدوڵڵا پاشای بابان<br>برایم پاشای بابان (دروستکەری شاری سلێمانی). | ١. شێخ مارفی نۆدی<br>٢. حاجی کاک ئەحمەدی شێخ<br>٣. مەلا ئەوڕەحمانی پێنجوێنی<br>٤. سەی عەبدوڵای حاجی سەید حەسەن.<br>٥. حاجی مەلا عەبدوڵڵای بژوی. | ١. گۆڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان و حاجی کاک ئەحمەدی شێخی تێدایە[٢]<br>٢. سلطان عەبدول حەمید لە ساڵی ١٣٠٨ک منارەکەی دروست کرد.<br>٣. (حرم)ەکەی حاجی عەبدوڵڵای درێژ گەورەی کرد.<br>٤. کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە (کتێبخانەی |

٢. گۆڕی چەند کەسێکی تێدایە، بەگوێرەی مێژووی ناشتنیان دەیان نووسین – گۆڕی=

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| دەرگەزێن | حاجی بەگ یاخۆ تەکیە. | حاجی بەگ | ١. مەلا ئیسماعیل<br>٢. شێخ مارف<br>٣. شێخ سەعید | بابان). |

= ئەوڕەحمان پاشای بابان و هەندێک لە خزمەکانی لە ژوورێکی تایبەتیدا نێژرابوون بەڵام لە شەستەکاندا کە (ئەوقاف) ویستی (صحن)ەکە گەورە بکات ویستیان گۆڕی ئەوڕەحمان پاشا و ئەوانی لەگەڵیدا بوون بیانبەنە دەرەوەی مزگەوتی گەورە. دوای هاتوچۆیەکی زۆر لەلایەن تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان و عەبدوڵڵا بەگی مەجید بەگ و من (نووسەری ئەم کتێبە) توانیمان گۆڕەکان هەر لە (صحن)ەکەدا بێڵینەوە و بەدیوارێکی شووشەبەند جیایان بکەینەوە. ئەو گۆڕانەش هی ئەمانەن وەک لەسەر کێڵەکانیان نووسراوە:

١- خديجه خانم بنت عاليجاه مير ميران محمود پاشا توفيت سنة ١٢٠٨ هجري.

٢- ابن احمد پاشا عاليجاه مير ميران محمود پاشا. شهر محرم الحرام سنة ١٢٣١.

٣- فاطمه خانم بنت عالي شان احمد بيگ جمادي الثاني سنة ١٢٣٥.

٤- المحرومة حبيبه خان بنت عاليجاه مير ميران محمود پاشا شهر محرم الحرام سنة ١٢٣٦.

٥- احمد بيگ ابن الامير الكبير ذي المجد الجدير عثمان بگ مات في الحجة الحرام يوم الجمعة سنة ١٢٣٥.

٦- ... المرحومة والدة عبدالرحمن پاشا سنة ١٢٢٨.

٧- هذا قبر محمد بيگ عاليجاه ابن مير ميران محمود پاشا.

٨- قبر المرحوم عاليجاه سليمان پاشا.

٩- صالحة خان. بنت عاليجاة مير ميران محمود پاشا سنة ١٢٤٠.

١٠- حليمة خانم بنت احمد پاشا توفيت في ليلة الجمعة من شهر شعبان المعظم سنة ١٢٤٠. نحته وراقمه وقالعه اسماعيل ابن محمد الرشكاني.

١١- قبر المرحوم عبدالرحمن پاشا ابن المغفور محمود پاشا سنة ١٢٢٩هـ.

١٢- ابن عبدالرحمن پاشا سنة ١٢٤٥.

١٣- سليم بگ سنة ١٢٤١.

١٤- عبدالرحمن (رحمت حی يافت جان پاك او) بە ئەبجەد دەکاتە ١٢٤١ هجری. =

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| دەرگەزێن | شێخ عەول کەریم | شێخ عەول کەریم | ١. شێخ عەول کەریم خۆی کە کوڕی شێخ عەولقادر سنەییە<br>٢. شێخ لەتیف | |

= ١٥- صفية خانم بنت عثمان پاشا.

١٦- عثمان بک: (مرثیە)یەک لەسەر کێڵەکە حەوت بەیتی تەواوە.

ئەمانە هەندێکیانە:

از سرکـــــین شد دگر یامــاعدو    چرخ بد مهر و سیهر کینه جو
زانکه عثمان بیگرا برد از جهان    برد از گلزار عالم اشگ و بــو
ماه شـــــعبان وشب ادینــــەدی    سوی فردوس برین بنمــود رو
سال تأریخش سروش غیب گفت    رحمت حی یافت جان پـاک او

(ئەم نیوە شیعرەی دواییە ساڵی وەفاتیەتی کە دەکاتە ١٢٤١).

وا دیارە هەردوو شیعرەکەی ئەم و پێشووتر (ژمارە ١٤) هەریەک شاعیر وتوویە.

١٧- الدرة المصونة والجوهرة المكنونة. فاطمة الزهراء خانم. سليلة قدوة الاكارم بنت علي توفيق باشا بن مرحوم ابراهيم باشا زاده. قائمقام السليمانية حاليا. توفيت الى رحمة الله تعالى في اليوم الخامس من جمادي الاول عام الف ومأتين و ست وسبعون من هجرة سيد المرسلين.

(ئەم ئافرەتە غەریبەیە، وادیارە کچی قایمقامێکی عوسمانی بووە و لەوێ نێژراوە).

دیسانەوە وەختی خۆی هەندێک گۆڕ کەوتبوونە نزیک داوێنی منارەکە (پێش دەست پیا هێنانەوەی دوایی). ئەوانەش گۆڕی ئەم خوا لێخۆشبووانە بوون.

١- فاطمە کچی شێخ مارفی نەقیب سنة ١٣٣٠ هجري.

٢- عائشە خان کچی شێخ مصطفی نقیب کوڕی شێخ محمدە بچکۆلە کوڕی حضرتی شێخ کاک احمد کوڕی حضرتی شێخ مارف خوا لێیان رازی بێت سنة ١٣١٨ه.

٣- مدعي عموم معاون دياربكرلي عبدالغني بك سنة ١٣٢٩هجري.

ئەمانە هەموو لە بەشی خوارەوەی مزگەوتی گەورە نێژراون، بەڵام لە بەشی سەرەوە، جگە لە گۆڕی پایە بڵند خوا لێخۆشبوو حاجی کاک ئەحمەدی شێخ. کە شێخ مەحموودی نەمر لە ساڵی ١٩٥٦دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا، ئەویش هەر لە بەشی سەرەوە شاردرایەوە.

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| دەرگەزێن | شێخ ئەورەحمان قەرەداغی | میری بابان | شێخ مارفی شێخ هۆمەر و شێخ ئەوڕەحمانی کوڕی و شێخ مستەفا. | قوتابخانەیەک و خانەقایەکی نەقشبەندی تێدا بووە |
| دەرگەزێن | | مەلا مەحموودی حاجی عەلی | شێخ عەول قادری سنەیی (سنوی). | |
| دەرگەزێن | باشچاوەش (حاجی مەلا ڕەسوول). | ئەحمەد پاشای باشجاوەش | ١. حاجی مەلا ڕەسووڵ و مەلا مستەفای کوڕی. | |
| دەرگەزێن | شێخ عەبدوڵلای هەولێری (مزگەوتی خۆی دوو دەرگا). | شێخ عەبدوڵلا | ١. مەلا محەمەدی ئەمین.<br>٢. شێخ ئیسماعیل.<br>٣. شێخ ئەولای هەولێری. | ئەم شێخ عەبدوڵلایە خەلیفەی مەولانا خالید بووە. |
| دەرگەزێن | شێخ ئەوڕەحمانی عازەبانی یاخۆ (مەلا عەزیز). | مەحموود پاشای بابان | ١. شێخ ئەوڕەحمانی عازەبانی.<br>٢. حاجی مەلا ڕەسووڵ | |
| دەرگەزێن | شێخ یوسف | شێخ یوسف | شێخ یوسف خۆی و شێخ ئەحمەدی کوڕی. | ئەم پیاوە خەلیفەی شێخی نەقشبەندی بووە |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| دەرگەزێن | خانەقای مەولانا خالید | مەحموودی پاشای ئەوڕەحمان پاشای بابان. | ١. مەولانا خالید<br>٢. مەلا موسی<br>٣. شێخ عومەری قەرەداخی. | |
| سەرشەقام | خانەقای مەحوی | بە فەرمانی سوڵتان عەبدول حەمید. | حاجی مەلا محەمەدی مەحوی نەقشبەندی و بەرەی. | بەیارمەتی سوڵتان عەبدول حەمیدیش دەستکاری کراوە و گەورتە کراوە. |
| سەرشەقام | خومخانە | حاجی ئەوڕەحمان بەگی زرگوێزی. | ١. مەلا ئەحمەدی دێلێژە.<br>٢. مەلا حەمە سەعیدێ کوڕی. | |
| سەرشەقام | خانەقای حاجی مەلا عەلی. | | حاجی مەلا عەلی مەلا وەسمان. | ئەم پیاوە خەلیفەی شێخی (سراج الدین)، واتا شێخ عوسمانی تەوێڵە بوو. |
| سەرشەقام | حاجی مەلا ئەوڕەحمانی کانی کەوەیی. | | ١. مەلا حەسەن قازی.<br>٢. حاجی مەلا ئەوڕەحمان خۆی. | |
| سەرشەقام | مەلا حوسین | مەلا حوسین گەورەی کردووە. | ١. مەلا مەحموودی سوور. | |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | مامۆستاکانی | ئەوەی پێویستە بوترێ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | پیسکەتدی. | | ٢. مەلا حوسێن خۆی.<br>٣. مەلا سەلامی کوڕی. | |
| سەرشەقام | مەلا ئەوڕەحمانی ڕەسووڵ ئاغا (مەلا عەلی نیزامی). | - مەلا عەبدول ڕەحمانی ڕەسووڵ ئاغا. | ١. مەلا نیزامی.<br>٢. شێخ قادر سنەیی.<br>٣. مەلا مەحموودی مەلا ئەوڕەحمانی دەرمان کوت. | ڕووخا، حاجی فەرەجی حاجی حامید چاکی کردەوە و تازە |

ئەوانەی باسمان کردن، مزگەوتە کۆنەکان بوون
دوای ساڵی ۱۹۳۸ واتا دوای کتێبەکەی مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی گەلێک
مزگەوتی دیکە دروست کران کە ئەمانە هەندێکیانن

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | ساڵی دروست کردن | مامۆستاکانی |
|---|---|---|---|---|
| چوارباخ | عەبدوڵڵا لوتفی | عبدوڵڵا لوتفی ئاغا تەها . | ۱۹٦۰ | محەمەد قادر و مەلا قادری جاف (عەربەتی) |
| شۆڕش (عقاری) مەڵکەندی | نالی حاجی ڕەشیدی خەفاف. | خێرەومەندی گەڕەک حاجی ڕەشیدی خەفاف. | ۱۹٦۷ | عەبدوڵڵا عیزەت محەمەد عەبدوڵڵا. |
| مەڵکەندی | عەلی مارف | عەلی مارف | ۱۹٦٦ | ئەحمەد عبدوڵڵا ئەحمەد |
| ئازادی | ئازادی | خێرەومەندی گەڕەک | ۱۹٦۷ | مەلا نووری محەمەد. |
| خەبات | خەبات | خێرەومەندی گەڕەک | ۱۹٦۷ | مەلا محەمەد ئەمینی حەسەن. |
| خەبات | بێخوود | خێرەومەندی گەڕەک | ۱۹٦۷ | شێخ ئیسماعیل شێخ ئەمین. |
| گۆیژە | حاجی کەریم | حاجی کەریم | ۱۹٦۸ | عومەرحوسێن ئەمین. |
| گۆیژە | حاجی ئەحمەدی | حاجی ئەحمەدی وەلی | ۱۹٦۹ | سەعید عەبدول |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | ساڵی دروست کردن | مامۆستاکانی |
|---|---|---|---|---|
| شۆڕش | وەلی حاجی جەمال | حاجی جەمال حاجی فەرەج | ١٩٦٩ | عوسمان شێخ نەجمەدین. |
| چوارباخ | مەولەوی | خێرەومەندی گەڕەک | ١٩٦٥ | ئەبو بەکر عەزیز |
| ئەزمر | گۆیژە | خێرەومەندی گەڕەک | ١٩٦٦ | عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا ڕەحمان. |
| کانێکان | حاجی عەلی بەگ | حاجی عەلی بەگ | ١٩٥٠ | محەمەد ئەمین ڕەشید. |
| شۆڕش | مزگەوتی گردی شێخ محێدین | خێرەومەندی ئابلاخ | ١٩٦٢ | جەلال مارف شەریف. |
| مەڵکەندی | شەفیق بەگ | شەفیق بەگ | ١٩٦٨ | محەمەد ئەحمەد |
| چوارباخ | حاجی عەبدوڵڵا | حاجی عەبدوڵڵا | ١٩٥٦ | سەی گوڵ |
| چوارباخ | حاجی کەریم | حاجی کەریمی ئابلاخ | ١٩٦٥ | عەبدوڵڵا قادر پیرۆت. |
| مەڵکەندی | عەلی کەمال | عەلی کەمال عەبدولڕەحمان | ١٩٨٠ | یەکێکە لە مزگەوتە هەرە گەورە و جوان و ڕێک و پێکەکانی سلێمانی و نوێژی هەینی تێدا دەکرێ. |

| گەڕەک | ناوی مزگەوت | دروستکەری | ساڵی دروست کردن | ئەوەی پێویستە بوترێ |
|---|---|---|---|---|
| شۆڕش (عقاری) | حاجی حەسەن (خفاف). حاجی محەمەد | حاجی حەسەن (خفاف) حاجی محەمەدی کۆڵە | ١٩٧٠ ١٩٨٥ | دەکەوێتە سەر ڕێگەی سلێمانی-کەرکووک. دەکەوێتە سەر ڕێگەی سلێمانی-کەرکووک. |
| چوارباخ | مزگەوتی چوارباخ | خێرەومەندی گەڕەک | ١٩٨٤ | لە گەڕەکی چوارباخ (گەڕەکی شارەوانی) نزیک یاریگەی ئیدارەی محلی. |
| چوارباخ | شێخ مەحموود | شێخ مەحموودی قەرەچێوار | ١٩٣٩ | حاجی سابیری بەقاڵ یارمەتی زۆری لە دروستکردنیدا داوە. |
| زەرگەتە | شێخ فەرید | شێخ فەرید | ١٩٨٥ | شێخ فرید کوڕی شێخ جمیلی خزیتەیە. |
| مامۆستایان | جەمال ڕەمزی | وەرەسەی جەمال ڕەمزی | ١٩٨٢ | خوالێخۆشبوو جەمالی ڕەمزی مەلا مارف خۆی و ژنەکەی لە بەغدا بەر بۆمبای شەڕی ئێران کەوتن لە ساڵی ١٩٨٠دا. وەرەسەیان ئەو مزگەوتەیان لە پارەی خوالێخۆشبووان دروست کرد. |

بەشی جوگرافی و کۆمەڵایەتی

گەڕەکەکان – شەقامەکان – کارێزەکان – بازاڕ و قەیسەرییەکان – حەمامەکان – چایخانە و یانە و گازینۆکان – بەستەکانی دووکان و دەربەندیخان

## ١٣

## گەڕەکەکانی سلێمانی

### (ناوەکانیشیان لە چییەوە هاتوون؟)

کە دەست کرا بە بنیاتنانی شاری سلێمانی، ئەوسا لەو ناوچەیەدا ئاوەدانی نەبوو، تەنیا دێی مەڵکەندی نەبێت. بە بڕوای هەندێ کەس، مەڵکەندی لە شوێنەکەی ئێستایدا نەبووە (بەڵکو لە تەنیشت ئەو گردە دەستکردەوە بووە کە بەر لە تێکدان و ڕووخاندنی بۆ ئەوەی شەقامی مەولەوی پێدا ببڕێت و لەبەر دەرگەی سەراوە دەستی پێ دەکرد تا بەردەمی مزگەوتی گەورە، لەوێوە تا گەراجەکەی قالە[١]، لەوێشەوە تا بەردەمی کۆشکی کۆنی شارەوانی و[٢] تا بازاڕی زێوەر و تا خوێندنگەی گۆیژەی ئێستا[٣]. کە بەم گردە لەم دواییەدا

١. مەبەسی لە گەراجەکەی حاجی قادر (قالە چاو جوان)ە کە لەناو بازاڕی سەوزە فرۆشەکاندا، لە بەرەو خوارییەکەی بەرامبەر بنیاتەکەی تۆفیق قەزاز، کە لەبەر دەرگەی سەراوە بێت، پێش ئەوەی بگەیتە پردەکەی سەر شەقامی مەولەوی بەدەستە چەپدا کە شۆڕ دەبیتەوە بۆ ناو بازاڕ.

٢. مەبەسی بنیاتەکەی کۆنی شارەوانییە لەناو بازاڕدا.

٣. قوتابخانەی گۆیژە، کە ئەو دیویشی قوتابخانەی (فیصلیە) بوو کە ئەوسا ڕاست لەبەر دەرکی سەرادا بوو، هیچیان نەماون و کران بە بازاڕ.

دەوترا دەبۆکە یاخۆ قشلە. گوندی مەڵکەندی لە خوارووی ئەم گردەوە دروست کرابوو، مزگەوتی شێخ محەمەدی ئاڵەکی (مەبەسی مزگەوتی عەزیز ئاغای ناو بازاڕە مزگەوتی گوندی مەڵکەندی بووە). ئیبراهیم پاشا میرێکی خوێندەوار و وریا و حەزی بە شارستانییەت دەکرد، کاتێک بنیاتی شاری سلێمانی دانا خەڵکی ئەو گوندەی گواستەوە بۆ شوێن گەڕەکی مەڵکەندی ئێستا. گوندەکەی ڕووخاند تەنیا مزگەوتەکە نەبێت چونکە خەڵکی ئەم گوندە بە ئاژەڵ بەخێوکردن دەژیان، بوونی ئاژەڵیش لەگەڵ شاردا ناگونجێ لەبەر ئەوە دووری خستەوە بۆ دەرەوەی شار)[٤].

کەوابوو گەڕەکی مەڵکەندی ئێستا یاخۆ دێی مەڵکەندی ئەوسا لە پێشدا نەبووە و هێنراوە یاخۆ گوێزراوەتەوە ئێرە. هەرچۆنێک بێت مەڵکەندی ئەمڕۆ لەناو شاری سلێمانیدا، ڕەنگ هەیە ون بووبێت خۆ ئەگەر بمانەوێ سنوورەکەی جیا بکەینەوە، هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە لە مزگەوتەکەی ئێستای (عەلی کەمال)ەوە دەست پێ دەکات تاکو گەڕەکی پیرمەسوور بەڵام سنوور جیاکردنەوەی گەڕەک بەو جۆرە گرینگ نییە، ئێمە کە وتمان سلێمانی، ئیتر ئەمە بەسە و هەموو گەڕەکەکان دەگرێتەوە، ڕووە مێژووییەکەشمان ساغ کردەوە، ئیتر مایەوە سەر ئەوەی بزانین گەڕەکەکانی تر بەگوێرەی تەمەنی مێژووییان کامیان کۆنترن.... لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا دیسانەوە وتمان کەوا گەڕەکی گۆیژە (بەشی لای سەرا، تاکو لای مزگەوتی گەورە، لەولاوە تا لای مزگەوتی حاجی شێخەمین،

٤. سەیری بڵاوکراوەی (سلێمانی) ژمارە (٨) ساڵی (١) بکە. نووسینی غەفوور ڕەشید داراغا، ئەویش دەست بۆ کۆواری شەفەق ژمارە (٤) ساڵی (٤) ئەیلولی ٩٦١ رادەکێشێت. دەبێ ئەم ڕایەش لە لاپەڕە ٨٣ی (رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠) وەرگیرابێ کە دەڵێت (لێرەدا گردێکی کۆن هەبوو تەخت کرا بۆ ئەوەی بناغەی ئەو کۆشکەی لێ دابڕێژرێ کە لەسەردەمی ئەوڕەحمان پاشادا دەست پێ کرا، لەوێدا هەندێک «سکە»ی پارەش دۆزرایەوە)...

لە داوێنەوە تا ناو بازاڕ مزگەوتی (عەزیز ئاغا)، ئەم ناوچەیە بەردی بناغەی گەڕەکەکەیە بەڵام یەکسەر هەمووی بەجارێک پڕ نەبووبووەوە. گەڕەکی دەرگەزێنیش (لای ماڵە کۆنەکانی حاجی سەعید ئاغا و مەلا محێدین و ئەو ناوچەیە) کۆنترین شوێنی دەرگەزێنە لەو بڕوایەدانین کانێسکان لەگەڵ دروستکردنی سلێمانیدا ئەویش ئاوا بووبێتەوە، بگرە دوای ئەو بە چەند ساڵێک، هەروەها گەڕەکی چوارباخ ئەویش لە دواییدا و بەتایبەتی لەسەردەمی ئەحمەد پاشادا بە ناشتنی چوار باخەکە، (کە یەکێکیان هەنار و دووەم هەنجیر و سێیەم سێو، چوارەممان بۆ ساغ نەبووەتەوە). ئەو ناوەش ئاوا بووەوە. ئینجا با بێینە سەر گەڕەک بە گەڕەک.

– گۆیژە: بە گەورەترین و کۆنترین گەڕەکی سلێمانی دادەنرێت دەکەوێتە رۆژهەڵات و بەشی ژووروی سلێمانی. گۆیژە (سابوونکەران) و (گەڕەکی قەزازەکان) و (سەرچیمەن) و (گەڕەکی دیانەکان) و زۆر شوێنی تر دەگرێتەوە، شەقامی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ لە کانێسکانی جیا دەکاتەوە، هەروەها شەقامێکیش لە گەڕەکی مەڵکەندی و دەباشانی جیا دەکاتەوە. لەولاوە گەڕەکی (ئازادی، هەر لەسەر گۆیژە دادەنرێت، خۆ ئەگەر زیاتر لێی بکۆڵینەوە، گەڕەکەکەی برایم پاشا (سەر شەقامی برایم پاشا)ش هەر بەگۆیژە دادەنرێت.

گۆیژە ناوەکەی لە شاخی گۆیژەوە هاتووە، کە ئەم گەڕەکە دەکەوێتە داوێنی، بەڵام ئایا ناوی شاخەکە لە داری گۆیژەوە هاتووە؟ ئێمە هاتووینە سەر ئەو ڕایەی کە پێوەندی بەینی گۆیژە و (گووتی، گووتوو) بەهێزە، کە ئەوانە باوانی دانیشتوانی ئێستای ناوچەکە بوون.

– دەرگەزێن: دووەم گەڕەکە لە کۆنیدا، دانیشتوانی زووی ئەم گەڕەکە لە گوند یاخۆ گەڕەکی (دەرگا زێڕین)ی شاری هەمەدانەوە هاتوون هەندێکیان یەکسەر لەوێوە، هەندێکیشیان لە پێش سلێمانیدا چووبوونە قەڵاچوالان و لەگەڵ دروستکردنی شاردا، هاتوون، هەندێکیان یەکسەر لەوێوە،

هەندێکیشیان لە پێش ماوەیەکی کەمدا بازرگانییەتی شارەکە بگرنە دەست و کاروانیان بەرەو بەغدا و مووسڵ و کەرکووک لەولاشەوە بەرەو ئێران (تاران و تەورێز) و بەرەو ڕووسیا (بۆ شاری هەشتەرخان- استراخان) بنێرن و لەو سەرەوە شت کێش بکەن.

ئەوەی شایانی باسە، ناوی دەرگەزێن لەو دەرگا زێڕینەوە هاتووە. دوو گوندیش هەبوون بەناوی (دەرگەزین)ەوە، یەکێکیان لە ناوچەی بازیان کە هەمەوەندی تێدا دادەنیشت، دووەمیان لە ناوچەی خانەقین. هەروەها لە بەغداش بنەماڵەیەک هەیە (درکزلی) ئەمانەش هەر دەچنەوە سەر دەرگەزێن. دەرگەزێن خۆی گەڕەکێکی بچووکە بریتی بوو لە گەڕەکی (سەرگوڵ) و (کارێزی دایکی پاشا)، کە ئەمڕۆ ئەو دوو ناوە بیر چوونەتەوە.

- چوارباخ: دەکەوێتە ڕۆئاوای سلێمانییەوە ئەمیش گەڕەکێکی زۆر گەورە نییە، گەڕەکی هۆلیّ لە چوارباخدایە. وەک وتمان ناوەکەش لەو چوارباخەوە هاتووە کە ئەحمەد پاشای بابان لەو ناوەدا دروستی کردن.
- کانی ئاسکان: دەکەوێتە بەشی ژووروی ڕۆئاوای سلێمانییەوە، لە شەقامی کاک ئەحمەدی شێخەوە بەرەو ڕۆئاوا تا شەقامی ئەمین زەکی، لە شەقامی مەولەویشەوە بەرەو ژوور کە ئەمەش هەموو گەڕەکی شێخان و بازاڕە بچکۆڵە و ماڵەکانی ژاڵەییەکان دەگرێتەوە. ناوەکەشی لەمەوپێش ڕوون کرایەوە کە لەو ئاسکانەوە هاتووە کە لە کانییەکەی ئەم ناوچەیە ئاویان خواردووەتەوە.
- سەرشەقام: دەکەوێتە خوارووی شاری سلێمانی و شەقامەکەی (سەرشەقام) لە گەڕەکەکانی تری جیا دەکاتەوە، ئەم شەقامە کاروانی قەڵاچوالانی پێدا ڕۆیشتووە بەرەو بەغدا بە (کەلی سەگرمە و گەرمیان)دا بۆیە کە ئاوا کرایەوە ناونرا گەڕەکی سەرشەقامەکە، گەڕەکەکانی (هۆمەر مەندان) و (قازی) دەکەونە ناو جەرگی ئەم گەڕەکەوە.

- مـەڵکەندی: لەمـەوپێش باسـمـان کـرد. دەکـەوێتـە ژووروی ڕۆهـەڵاتی سلێمانییەوە. ناوەکەی هەر کەسە دەڵێت لە شتێکەوە هاتووە:

١- هەندێک دەڵێن لە ناوی خاتوو مەلکەوە هاتووە کە ئاغا ژن یاخۆ کوێخا ژنی دێیـەکە بووە. لەمـەوپێش وەڵامی ئەم کـەسانەمان دایەوە کە رایان لەسەر هیچ بناغەیەک نییە.

٢- ئەمین زەکی بەگ دەفەرموێ رەنگ هەیە لە گوندی (مـەلیکی هند)[٥]یەوە هاتبێ و لە دواییدا بووە بە مـەڵکەندی ئەم ڕایەش تەنیا لێکدانەوەیەکی ڕواڵەتی ناوەکەیە و هیچی تر، ئەگینا ئەو مەلیکە هندییە کە هاتووە چۆن گەیشتووەتە ئەم ناوە و چۆن ئەم دێیەی دروست کرد و بەناوی خۆیەوە ناوی نا، یاخۆ بەناوی ئەوەوە ناونرا؟.

٣- مامۆستا ئەحمەد خواجەش دەفەرموێ، بەناوی مەلی گوێ کەندەکەوە ناونراوە بەڵام ئەمەش هەر لێکدانەوەیەکی ڕواڵەتی ناوەکەیە هەرچەندە ئەم ڕایە لە دووانەکەی پێشوو زیاتر ڕێی تێ دەچێت[٦].

٤- مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی هەر لە وەرگێڕانی کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگـدا دەفـەرمـوێ[٧]: (مـەڵکەندی- ملکندی- ملکنی) رەنگ هەیە لە (ملکان- ملکانی- ملکانیە)وە هاتبێ. چونکە بنەماڵەیەکی کورد هەبوون کە فەرمانڕەوای (حصن کیفا- حسن کیف) بوون، ئەوانە کورد بوون و چوونە سەر ئاینی عیسا پێغەمبەر، لەسەر مەزهەبی (ملکا) کە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی مەزهەبی دیانەکانی ڕۆهەڵات، کە پێیان دەوترا (ملکائیە یاخۆ ملکانیە) ئەوانە لە دواییدا گەڕانەوە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام ناوە دیانەکەیان لێ جیا نەبووەوە، چونکە زۆر کوردی تریش

---

٥. (تاريخ السليمانية) ل٩٩

٦. چیم دی

٧. (تاريخ السليمانية) ل٩٩

هەبوون کە بوون بە (دیان) لەسەر مەزهەبی (یعقوب) و (یعاقبە)یان پێ وتوون و لەسەر مەزهەبی (نسطۆریۆس) و (نساطرە)یان پێ وتوون.

٥- مستەر ریچ دەڵێت[٨]: لای گردەکەی دەبۆ کۆنەکە یاخۆ قشڵەوە دێیەک هەبوو (ملکەندی)یان پێ دەوت واتا (ملک هندی) یاخۆ دێی مەلیکی هندی.

بەمجۆرە تا ئێستا بەداخەوە نەمانتوانی (ڕا)یەک بە تەواوەتی پەسەند بکەین.

- ئەزمڕ: دەکەوێتە بەشی ژووروی سلێمانی بەلای رۆئاوادا، بەناوی شاخی ئەزمڕەوەیە کە دەکەوێتە پشتییەوە و لەوەوپێش (اسکان)یان پێ دەوت، چونکە خانووەکان، دوای شۆڕشی ١٩٥٨ وەزارەتی (اسکان) دروستی کردن و دابەش کران بەسەر خەڵکی شارەکەدا.
- هەوارە بەرزە: لە بەشی ژووروی سلێمانییەوە بەرەو رۆهەڵات، تا نزیک داوێنی گۆیژە رۆیشتووە و خانووەکانی ئەم هەوارە بە بەرزاییەوەن لە کاتی خۆیدا زۆربەی درا بە مامۆستاکانی دانشگای سلێمانی. ئەمە گەڕەکێکی نوێیە و تەمەنی دوای ساڵەکانی حەفتایە.
- هەواری تازە: دەکەوێتە ژوور شەقامی تووی مەلیک بەلای رۆئاوادا.
- جوولەکان: لە خوارووی شاری سلێمانییەوەیە، کەمێک بەلای رۆئاوادا. ئەمڕۆ لەگەڵ بەشی خوارووی گەڕەکی چوارباخ لە یەکیان داوە. جوولەکەکان کاتی خۆی لە قەڵاچوالانەوە هاتوون و لەوێدا نیشتەجێ بوون، ئیشیان (خومچییەتی) بووە، بەڵام لەم دواییەدا لە سلێمانیدا، کاروباری بازرگانی و بەزازی و عەتاری و زەڕەنگەری و گەلێک ئیشی تریان گرتبووە دەست و لە ساڵی (١٩٥٠) بەدواوە وڵاتیان بەجێ هێشت.

---

٨. (رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠) لاپەڕە ٨٣. دیارە ئەمین زەکی بەگیش (ڕا)یەکەی لەم قسەیەی ریچەوە هاتووە.

- شۆڕش: کاتێک کە دروست کرا لە ساڵەکانی پەنجاکاندا شوێنەکەی ئەوپەڕی شاری سلێمانی بوو، بەلای ڕۆژئاوادا، بەڵام ئێستا کەوتووەتە ناوەڕاستی شارەوە خانووەکانی ئەم گەڕەکە بانقی (عقاری) دروستی کردن، بۆیە ئێستاش پێی دەڵێن گەڕەکی عەقاری، بەڵام ناوە ڕەسمییەکەی کە شارەوانی لێی نا (شۆڕش)ە.
- خەبات: دەکەوێتە خوارووی شاری سلێمانییەوە بەلای ڕۆژهەڵاتدا بەهەڵە یاخۆ هەندێک نەفام بۆ گاڵتە پێکردن یاخۆ سووک پێدا ڕوانین ناویان نا (قەرەج ئاوا)، لە کاتێکدا کە قەرەجی بەستەزمان هەر نەهاتوون بەو ناوەدا. ئەمانە هەندێکیان لە زەوییەکانی حاجی ساڵحی قاسم و ئەوانی تر لە هینەکانی عەزمی بەگدا خانوویان کرد و ئێستا بەرەو خوار بووەتەوە بۆ ڕێگا کۆنەکەی قەرەداغ.
- زەرگەتە: گەڕەکێکی نوێیە دەکەوێتە ڕۆژئاوای سلێمانییەوە بەلای ژووروودا و زۆری خانووەکانی سەرچناردا لە یەکیان داوە. زەرگەتە لە پێشدا دێیەک بوو سەر بە ناحیەی سەرچنار، هەندێک لە زەوییەکانی هی مەحموود بەگی ئەمین بەگ بوو. زەرگەتەش بە واتای (زەردەزییرە) دێت.
- گەڕەکی برایم پاشا: ئەو گەڕەکەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانییە کە لەمبەرە و بەری شەقامی برایم پاشادایە، شەقامەکەش لەسەر ئەو سەددەیە دروست کرا (دوای پڕکردنەوەی سەددەکە) کە لە کاتی خۆیدا بۆ ئاو گلدانەوە ڕاکێشرا، بەتایبەتی بۆ دوورخستنەوەی لافاوی زستان و بەهار کە چەندەها جار سلێمانی تووشی زیان کرد. بەڵام ئێستا بە بۆنەی پڕبوونەوەی زەوی بە خانوو، هەروەها بە ڕاکێشانی زێرابی ئاوەڕۆ، ئەو مەترسییە کەم بووەوە شارەکە ڕزگاری بوو، بۆیە (بەستە- سەددە)کانیش پڕ کرانەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەم گەڕەکە و شەقامەکەش، هەردووکیان بە ناوی

برایم پاشای بابانەوە ناونراون کە شاری سلێمانی دروست کرد.

- گەڕەکی سەیوان: ئەو گەڕەکەیە دەکەوێتە دامێنی گردی سەیوان بەدیوی شاردا، تا دەگاتە شەقامی بابان و شەقامی کەریمی عەلەکە. ئەمیش بە ناوی گردی سەیوانەوە ناونراوە کە هەر لە کۆنەوە گۆڕستانی مردووەکانی شارەکەیە. سەیوانیش واتا چەتر.
- گەڕەکی حاجی ئاوا: ئەو گەڕەکە نوێیەیە کە دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگا تازەیەی بۆ عەربەت دەچێت و لە بەراییدا خانووی تێدا دروست کرد.
- گەڕەکی مەجید بەگ: لە کاتی خۆیدا زەوییەکان موڵکی مەجید بەگی قادر پاشا بوون، بۆیە گەڕەکەکەش، هەر بە ناوی ئەوەوە مایەوە. دەکەوێتە بەشی ژوورووی سلێمانییەوە.
- گەڕەکی ئەمن (حی دور الامن) دەکەوێتە ڕۆژئاوای لەشکرگا (حامیە)ی سلێمانی. لەکاتی خۆیدا بۆ فەرمانبەرەکانی دایرەی ئاسایشی سلێمانی دروست کرا.
- گەڕەکی (رعایة الشباب)[٩]: دەکەوێتە دەورپشتی ئەو گردەی ڕۆژئاوای سلێمانی کە دایەرەی ئامۆژگای لاوانی پێوەیە و دیسانەوە بە گردەکەی (رعایة الشباب) بەناوبانگە.
- گەڕەکی بەختیاری: دەکەوێتە ڕۆژئاوای سلێمانی، نزیک شەقامی سلێمانی- کەرکووک، زۆرتر فەرمانبەرانی میری تێدا دادەنیشێت، بە تەواوەتی دەکەوێتە بەرامبەری مزگەوتەکەی حاجی محەمەدی کۆڵە و بەختیاری دووەمیش دەکەوێتە پشتییەوە.
- خانووەکانی کارگەی جگەرە: دەکەونە ڕۆژئاوای سلێمانی لای خوارووی ڕێگای سلێمانی- کەرکووک (واتا جنوبی ڕێگاکە) بەسەر گردێکەوەن لەکاتی خۆیدا کارگەی جگەرە و لە سەردەمی شەفیق ئاغا ئەحمەد ئاغای

٩. ناوی خۆمانەی تا ئێستا لێ نەنراوە هەر بەو ناوەوە ماوەتەوە.

چەلەبیدا کە بەڕێوەبەری کارگەکە بوو، بۆ مووچەخۆرەکانی کارگەکە بنیات نران.

- گەڕەکی شێخ محێدین: دەکەوێتە ڕۆئاوای شار بەلای خوارووداو لە دەوروپشتی گردەکەی شێخ محێدین کە ئەمڕۆ گۆڕستانە و بەناوی ئەو شێخ محێدینی غەوسەیەوەیە کە لەو گردە نێژراوە. ئەم گەڕەکە نزیک بە دێی ئابڵاخی کۆنە.
- گەڕەکی ئابڵاخ: لەمەوپێش (تاکو ساڵەکانی چل) دێیەک بوو کە لە سلێمانییەوە دوور بوو، هەرچەندە (ئابڵاخ) ناوێکی نوێی زەمانی عوسمانییەکانە و لە بنچینەدا بە ناوی (اق- بولاق)ەوە[10] هاتووە کە (ئاق- سپی) و (بولاق- کانی)یە و هەمووی بە واتای (کانی ئاوی ڕوون یاخۆ سپی) دێت، بەڵام شوێنی (ئابڵاخ) خۆی کۆنە. گەڕەکی ئابڵاخ دەکەوێتە ڕۆئاوای سلێمانی بەلای خوارووداو.
- گەڕەکی کارێزە وشک: دەکەوێتە بەشی ژووروی سلێمانی و بەلای ڕۆئاوادا، ئەمەش بە ناوی کارێزەکەیەوە ناونراوە کە لە بەهاراندا ئاوەکەی دەژیایەوە و لە هاویندا وشکی دەکرد.
- گەڕەکی شارەوانی (حي البلدية): دەکەوێتە خوار یاریگە (ملعب)ەوە لە گەڕەکی چوارباخ، کە ئەمەش ڕۆئاوای سلێمانییە و نزیک گەڕەکی جوولەکانی کۆنە. دانیشتوانی زیاتر مووچەخۆرانی شارەوانی بوون.
- گەڕەکی پیرەمەگروون: گردەکەی ئەم دیو سەرچنارە کە بە دیوی قلیاساندایە و بەسەر ڕێگای سلێمانی- کەرکووکدا دەڕوانێت بە ناوی چیای پیرەمەگروونەوە ناونراوە.
- سەرچنار: ئەمڕۆ بووە بە گەڕەکێکی سلێمانی و دەکەوێتە کەوانەی

---

١٠. سەیری کتێبی (اصول المدن والمواقع العراقية- الجزء الاول) ل١٠ نووسینی جمال بابان بکە.

سنووری شاری سلێمانییەوە، لەمەوپێش تا ساڵەکانی چل هەر بریتی بوو لە کانی و ئاوەکە، لە پەنجاکاندا کارگەی چیمەنتۆی تێدا دامەزرا و دوای ئەوەش چەند خانوویەک بۆ مووچەخۆرانی کارگە، ئیتر وردە وردە پەرەی سەند، تا لە ساڵەکانی حەفتا و بەدواوە دەست کرا بە ئاوەدانکردنەوەی، ئەمڕۆ (خوا ئەوەندەی تر ئاوای بکاتەوە) نیمچە شارێکی خنجیلە و جوان و ڕێکوپێکە، جگە لەوەی کاربەدەستانیش گەلێک دەستیان پێدا هێناوە و بە مەبەسی ڕاکێشانی خەڵک بۆ گەشتوگوزار و وەک هاوینەهەوارێک زیاتر گرینگی پێدراوە. ئوتێل و میوانخانە و هەوارگەی بۆ حەسانەوەی میوان تێدایە هەر بۆ حەسانەوەی میوان و دانیشتوانی ناوچە، گوێ ئاو و ئاوەڕۆکە هەمووی بە چیمەنتۆ و جۆگەی چیمەنتۆی ڕێکوپێک تێدا ڕاکێشراوە و کورسی و سەکۆی دانیشتن ساز دراوە. جا ئەگەر بێتو زیاتر گرینگی پێ بدرێ سەرچنار بێگومان دەبێتە هەوارگە و هاوینەهەوارێکی گەلێک پێشکەوتوو، چونکە گەلێک مەرجی هاوینەهەواری تێدایە لەپێش هەموویانەوە نزیکییەکەی لە سلێمانییەوە و دیمەنی خۆش و دڵفڕێن و ئاو و هەوای سازگار و فێنک... هەمووی لەم شوێنەدا کۆ بووەتەوە.

## ١٤

## شەقامە سەرەکییەکانی سلێمانی

وەکو لە سەرچاوەوە و بە پرسین بۆمان دەرکەوتووە کۆنترین شەقامی شاری سلێمانی ئەوانە بوون کە لە دەوروبەری سەرای کۆنەوە کشاون وەکو مەڵکەنی و بەرەو (قشڵەی کۆن- دەبۆ کۆنەکە) و بەرەو ناو بازاڕ و (بەرەو مزگەوتی عەزیز ئاغا) و بەرەو مزگەوتی گەورە و بەرەو سابوونکەران (مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین) و بەرەو دەرگەزین و سەرشەقام.

واتا سەرای کۆن و شوێن حەمامی فاتمە خان کە تێک دران ئەو دەوروپشتە جەمسەر (مەرکەز)ی شار بوون بەوەدا کە سەرا و ماڵی میر و دەستە و دایەرەی لەو ناوەدا بوون و ئێستاش هەر ئەو ناوە بە جەمسەری شاری سلێمانی دادەنرێت. بێگومان ئەوسا شەقامەکان وەک ئەمڕۆ نەبوون بگرە هەر تەنیا رێگا بوون بۆ پیادەڕێ و وردە وردە فراوان بوون و رێک بوون.

ڕێگایەکی کۆن کە لە پێش هەموو رێگاکانی تردا ناوی هاتووە، (سەرشەقام)ە کە ئەوسا کاروان لەوێوە دەکەوتە رێ، بەرەو بەغدا بە کەلی سەگرمەدا و رێگایەکی تر بەرەو کەرکووک بەناو هەمەوەندا و لەم لاشەوە رێگایەک بەرەو تەورێز و هەمەدان هەبوو.

بیستوومانە[١١] کە (حاجی فەتاحی مەحموود ئاغای قەندەدار) وتوویەتی:

---

١١. لە تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان کە ئەویش بە منداڵی لەو حاجی فەتاحەی بیستووە کە باپیری بووە لە دایکییەوە و ئەوکاتە تەمەنی (٩٠) ساڵ زیاتر بووە.

"کە منداڵ بووم لە ماڵی خۆمانەوە[12] تا بەر دەرگەی سەرا و تا بەرەو خوارتر (بۆ سەرەتای شەقامی مەولەوی ئێستا) و لەوێوە بەرەو خوار بۆ ناو بازاڕ (بۆ لای مزگەوتی ناو بازاڕ) ئەم ڕێگەیە هەمووی بێشە و قامیشەڵان و چەم و چوغورد بووە، دەچووم بۆ لای مامم کە چاوەشی تۆپخانەی بابانەکان بووە، بە ترس و لەرزەوە دەچووم و لەوسەرەوە کە ئێوارە دەگەڕامەوە مامم لەگەڵمدا دەهاتەوە و شیرەکەی بە ڕووتی دەگرت بە دەستەوە و پێی دەوتم: ئەگەر دڕندەیەک پەلاماری داین و من کەوتمە شەڕەوە لەگەڵیدا، تۆ هەراکە و برۆ و خۆت رزگار بکە حەقی منت نەبێ و وتوویەتی: دەرگەزێن و چوارباخ و کانی ئاسکان لە سەرەتادا هەریەکە بریتی بوون لە چەند ماڵێک و لەوە زیاتر نەبوون.... لە دواییدا پەرەیان سەندووە".

لە راستیشدا سلێمانی شەقامێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو، تا کاتی هاتنی موتەسەڕیف (پارێزگار) مەجید یەعقوبی (تشرینی یەکەمی ٩٣٧ تاکو شوباتی ٩٣٩). ئەم پیاوە بە یەکەم کەس دادەنرێت کە شەقامی نوێی راکێشا (شەقامی مەولەوی) و (شەقامی پیرەمێرد بەرەو بەنزینخانەی سەرەوە)، جگە لە گەلێک ئیشی تر کە کردی، وەک بنیاتنانی خانووی موتەسەڕیف کە ئێستا شوێنی دانیشتنی پارێزگارە و باخچەی گشتی کە هەر ئەو دروستی کرد، دوای ئەو ئیتر ڕاکێشانی شەقامی کاوە و نالی و شەقامەکانی سەرەوەی شار (شەقامی برایم پاشا و شێخ مەحموود) و گەلێکی تر دەستی پێ کرد.

ئێستاش ناوی شەقامەکانی ناو شار یەکە یەکە دەهۆنینەوە و هەر یەکەش لە چییەوە هاتوون لێکیان دەدەینەوە:

لەوەپێش هەندێک لە شەقامەکان ناویان هەبوو، وەک (جادەی تازە) کە بە

١٢. ماڵەکەیان لە شوێن ماڵی (سۆفی ساڵحی قادری خانێ)دا بووە کە ئێستا شوێنەکەی دووکانەکانی ئیسماعیل بەگی نووری بەگی ساحیبقڕانە کە بەملای (ئۆرزدی باک)ەوەیە و (بەرەوخوار بۆ سەرا) دەچێت.

شـەقـامی (مـەولەوی) دەوترا و (جـادەی سـجن) کـە بە شـەقـامی پـیرەمـێرد دەوترا. ئەوانی تر شارەوانی ناوی لێنان، وەک شەقامی بابان.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٨دا و[١٣] بەگوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنـی شارەوانی سلێمانی[١٤] ناوی شەقامەکان بەمجۆرە نران:

١- شەقامی سالم: لە قوتابخانەی (صناعەی رەسمی)یەوە تا لای باخـچەی گشتی.

٢- شەقامی (مەولەوی): لە باخچەی گشتییەوە تا بەر دەرگەی سەرا.

(لەوەپێش جادەی تازەی پێ دەوترا. لە دواییدا ناونرا شەقامی مەولەوی. بەو بڕیارەی سـەرەوە ناوەکە (تثبیت کرایەوە). بە ناوی شاعیری مـەزن مەلا عەبدولرەحیمی مەولەوییەوە).

٣- شەقامی کاوە: لە بەر دەرگەی سەراوە بەرەو خوار تا دەگاتە[١٥] خولکەی (سـەرشـەقـام) (ئەم شەقامەش پێشی ئەو بڕیارە ئەو ناوەی لێ نرابوو. بە ناوی کاوەی ئاسنگەرەوە).

٤- شـەقـامی شـێخ مـەحـمـود: لەلای بەندیخـانەی سـەرەوە بەرەو ژوور بۆ کارێزی شێخ مەحموود.

(ئەم شـەقـامـە ئێـسـتـا تا بناری گـۆیژە دەڕوات، ئـەم ناوچەیە مـوڵکی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی بوو، جگە لەوەی کارێزی شـێخ مەحـموود- تووی مەلیک- لەو ناوەدایە، بە ناوی شێخ مەحموودی حەفیدەوە ناونرا).

٥- شـەقامی گۆران: لـە بانقی رافیدەینی تـەنیشت سـەراوە، بۆ خـانووەکەی رەشید سەلیم میران.

(بڕیاری شـارەوانی ئـەو رۆژە بەو جـۆرە بوو، مـەبەست لەمـە شـەقـامـەکەی

---

١٣. کە نووسەری ئەم کتێبە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو.

١٤. لە کۆبوونەوەی رۆژی ٥/٦/١٩٦٨دا.

١٥. ناوی (خولکە)مان هەڵبژارد بۆ فولکە.

بەردەمی (ئورزدی باک)ە بەناوی شاعیری مەزن عەبدوڵڵا بەگی سلێمان بەگ- گۆرانەوە) ناونراوە.

٦- شەقامی بێکەس: لەبەر دەرگەی سەراوە بەرەو مزگەوتی گەورە (بەناوی شاعیر مەزن فائق عەبدوڵڵا کاکە حەمە- بێکەسەوە)یە.

٧- شەقامی نالی: لە ئەسحابە سپییەوە تاکو گەراجەکەی جەمالی حاجی فەرەج ئەفەنی.

(ئەمە ئەمڕۆ زیاتر فیتەری تێدایە و هەیتوهووتی- گەڕێن- دەفرۆشرێ. بەناوی شاعیری مەزن مەلا خدری نالی مکایەڵیەوە ناونانراوە.

٨- شەقامی سەیوان: لە پشت دایەرەی ئینحیسارەوە واتا لە خولکەی (دەستارەکەوە) کە لای بانقی (عقاری)یەوەیە تاکو گەراجی حاجی فەرەج ئەفەنی.

(ئەودیو شەقامی سەرشەقامە، کە لە مەخزەنە کۆنەکانی ئینحسار یاخۆ ئەمڕۆ لە خولکەی نێرگزەکەوە دەست پێ دەکات تا گردی سەیوان. بەناوی گردی دێرین و پیرۆزی سەیوانەوەیە).

٩- شەقامی ئەمین زەکی: لە تەنیشت دایەرەی ڕێگاوبان و پردەکەوە تا ئەوپەڕی شەقامەکەی لای (مستوصف)ی چوارباخ.

(مەبەست لە شەقامەکەی بەردەمی یانەی فەرمانبەرانە کە لە خولکەی کانی ئاسکانەوە دێت (خولکەی ئاسکەکان) و دەڕوات بەرەو خوار دەبێتەوە تا لای (خولکەی نێرگس)ەکە ئێستا هەر بەو شەقامەی بەینی خولکەی پارێزگە و خولکەی ئاسکەکان دەڵێن.

١٠- شەقامی بێسارانی: لە خانووەکەی قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید بۆ خانووەکەی فوئاد مەستی.

١١- شەقامی بابان: لە خانووی عەزمی بەگی بابانەوە تا کۆتایی شەقامی مەڵکەندی.

(ئێستا ماڵی عەزمی بەگ بەر جادە کەوتووە. کەوابوو بڵێین ئەو شەقامە لە کۆتایی شەقامی نالییەوە دەست پێ دەکات بەرەو ژووروو دەداتەوە لە شەقامی برایم پاشا. ئەم شەقامە لەوە پێشتر ساڵی ٩٦٨ ناو نرابوو. بەناوی بنەماڵەی بابانەوەیە، لام وایە بەبۆنەی ماڵی عەزمی بەگەوە بوو کە لە کاتی خۆیدا و پێش ئەم خانووە، شەقامەکە لەوێوە دەهات).

١٢- شەقامی زێوەر: لە خانووی مەجید بەگی حاجی رەسوڵ بەگەوە بۆ مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی. بەناوی شاعیر خوا لێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵای زێوەرەوەیە.

١٣- شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ: لە بەردەمی مزگەوتی گەورە بۆ کۆتایی گردی جۆگا.

(مەبەست لە شەقامەکەی تەنیشت مزگەوتی گەورەیە کە بەرەو ژوور دەبێتەوە بۆ سەرەوە. بەناوی «حاجی کاک ئەحمەدی شێخ»ەوە کە گۆڕی پیرۆزی لە مزگەوتی گەورە)دایە.

١٤- شەقامی کانی ئاسکان: لە مزگەوتی گەورەوە بۆ (حامیە). (ئەم شەقامە و دووکانەکانی لەوەپێش بازاڕە بچکۆڵەیان پێ دەوت).

خوڵکەکەی ئەوسەری، خوڵکەی کانی ئاسکان، کە بەدیکۆر وێنەی چەند ئاسکێک لە بازدانا دروست کراوە. کە ئەمە گەلێک لە جێی خۆیەتی. هەرچەندە هەندێک دەڵێن، مەبەست لە کانی ئاسکان، ئەو کیژۆڵە جوانە قەد باریکانەن کە لە کاتی خۆیدا ئاویان لە کانییەکە بردووە و رەوتیان وەک رەوتی ئاسک بووە، بەڵام ئەم قسەیە دوورە لە راستییەوە چونکە کە کانێسکان لە کاتێکدا چۆڵ بووە و سلێمانی دروست نەکراوە ئەو هەر بەو ناوەوە بووە.

١٥- سەرشەقام: لە خانووی میرزا کەریمی وەستا ئەحمەدەوە تا کۆتایی شەقامەکەی نزیک قوتابخانەی (جمهوری) ناوەند. (ئەو شەقامە کۆنەیە

کە ئەمڕۆ لە خولکەی (مکعبات- یاخۆ زاری تاوڵە)وە دەست پێ دەکات، تا لەوسەرەوە کۆتایی دێت، ئەم شەقامە لە کۆندا بەرەو بەغدا بە کەلی سەگرمەدا دەڕۆیشت. فرەیزەر کە لە ساڵی ١٨٣٤دا هاتووەتە سلێمانی، بەم شەقامەدا و بە رێگای سەگرمە و گەرمیاندا چووەتە بەغدا).

١٦- شەقامی دارۆغا: لە مزگەوتی دارۆغاوە تا گەڕەکی ئازادی (بەناوی دارۆغاوەیە).

١٧- شەقامی برایم پاشای بابان: ئەو شەقامە نوێیەیە کە لە شوێنی سەددە کۆنەکەی سلێمانی بە پانایی (٤٠) مەتر دروست کرا (لە خولکەی جارانی کاوەوە دەست پێ دەکات بەرەو خوار تا دەگاتە ڕاستی گردی مامەیارە، لە شوێنی بەستە کۆنەکە لە رۆهەڵاتی سلێمانییەوە بەناوی برایم پاشای بابانەوەیە کە لە ساڵی ١٧٨٤دا شاری سلێمانی دروست کرد). بڕیار وابوو هەر لەسەر ئەم شەقامە یاخۆ لە (مدخل)ی شاردا هەیکەلێکیش بۆ برایم پاشا دروست بکرێت بەڵام تا ئێستا ئەو ئاواتە نەهاتووەتە دی.

١٨- شەقامی مەحوی: لە ماڵی شێخ بابا عەلی شێخ مەحموودەوە تا کۆتایی شەقامی سەیوان و لە مەیدانی ماست فرۆشەکاندا تێ دەپەڕێ. (مەبەست لەو شەقامەیە کە لە داوێنی قاپییەکانی مزگەوتی گەورەوە بەرەو خوار بەژێر پردەکەی سەرشەقامی مەولەوی لای بنیاتەکەی تۆفیق قەزازەوە دەڕوات تا مەیدانی ماست فرۆشەکان و لەوێوە دەچێتەوە سەر شەقامەکەی (سەرشەقام). خانەقای بنەماڵەی مەحوی دەکەوێتە سەر ئەم شەقامە، بەناوی مەحوی (مەلا محەمەدی مەلا وەسمانی باڵخی ١٨٣٠-١٩٠٦)وە ناونراوە.

١٩- شەقامی حاجی مەلا عەلی: لەلای ماڵی تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵاوە تا کۆتایی شەقامەکەی لای قوتابخانەی جمهوری ناوەند.

(مەبەست لە درێژبوونەوەی شەقامی کاوەیە بەرەو خوار، بەلای خانەقای حاجی مەلا عەلی مەلا وەسمانـدا تێ دەپەڕێ و بەناوی حاجی مەلا عەلییەوە ناونراوە).

٢٠- شەقامی حەمدی (ئەحمەد بەگی ساحیبقڕان) ئەو شەقامەیە نوێیەیە کە لە پشت نەخۆشخانەی جمهورییەوە دەست پێ دەکات، کە ئەمڕۆ شەقامی (قناة)ی پێ دەڵێن.

(شەقامی- قناة- مەبەست لە شەقامەکەی (قناة الجیش)ی بەغدایە کە لەچاو ئەو ڕۆژەدا کە راکێشرا لە ساڵی ١٩٦١دا دەکەوتە دەرەوەی شار ئەم شەقامە بەناوی شاعیری مەزن ئەحمەد فەتحی بەگی ساحیبقڕانەوە ناونراوە کە نازناوی شیعری حەمدییە).

٢١- شەقامی پیرەمێرد: لەلای سەراوە تا لای بەندیخانە. (ئەو شەقامەی لە دەستە چەپی سەراوە دەست پێ دەکات بەرەو ژوور تا لای نەخۆشخانەی کۆن و لەوێوە بەرەو ژوور تا خولکەکەی لای بەندیخانەی سەرەوە. بەناوی شاعیری مەزن حاجی تۆفیقی پیرەمێردەوە ناونراوە).

٢٢- شەقامی کەریم عەلەکە: لەلای گەڕەکی دیانەکانەوە و لە کارێزی دایکی پاشاوە دەست پێ دەکات.

(لە سەرەوە لە شەقامەکەی سابوونکەران دەداتەوە و لە خوارەوە تا کۆتایی شەقامی نالی. بەناوی یەکێک لە پیاو چاکەکانی دیانەکانی سلێمانی کەریمی عەلەکە لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموود سەرۆکی دارایی بوو، پیاوێکی خێرەومەند و نیشتمانپەروەر و خۆشەویستی دانیشتوانی سلێمانی بوو).

٢٣- شەقامی سەددە: ئەو شەقامەیە لەسەر شێوەی سەددە هەرە کۆنەکەی دروست کرا، دوای پڕ کردنەوەی سەدەکە لە بەشی ژووروی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی ئەم شەقامەی لەسەر دروست کرا لەهەمان کاتدا سەدەکەی تر

دروست کرا کە ئەویش دوای پڕکردنەوەی بوو بە شەقامی برایم پاشا.

٢٤- شەقامی چوارتا: لە خولکەی کانی ئاسکانەوە (خولکەی ئاسکەکان) بەرەو ژوور، بۆ ڕێگای چوارتا دەڕوات.

٢٥- شەقامی مامەیارە: بە شەقامە کورتەکەی بەینی شەقامی (گۆران و ئۆرزدی) و شەقامی سابوونکەران دەڵێن، کە کتێبخانەکەی ئەوقافی لەسەرە. چونکە خانووی مامەیارە لە کۆندا لەوێدا بووە و لە چلەکان میرزا ئەحمەدی حاجیساڵحی خەفاف کڕییەوە و بوو بە موڵکی ئەو و لەم دواییەدا بەر جادە کەوت.

٢٦- شەقامی دائیریی (حلقەیی- کەوانەیی): ئەو شەقامەیە بە دەور شاردا ڕاکێشراوە (هەرچەندە تا ئێستا- ساڵی ١٩٩٠- هەمووی تەواو نەبووە) لە هەندێ شوێندا، پانتاییەکەی سەد مەتر و لەهەندێ شوێنی ترا شەست مەترە (ئەمە شەقامی (قناة)یشی پێ دەڵێن.

٢٧- شەقامی خانووەکانی ئەمن (دور الامن): ئەو شەقامەیە بە بەردەم خانووەکانی مووچەخۆرانی ئەمندا تێ دەپەڕێ.

٢٨- شەقامی سابوونکەران: ئەمە لە شەقامە هەرە کۆنەکانی سلێمانییە، کە لە ڕۆهەڵاتی سلێمانییەوە لە ڕاستی گەڕەکی سابوونکەرانەوە دەست پێ دەکات تاکو خولکەی سەرا.

٢٩- شەقامی زەرگەتە: لە خولکەکەی لای خانووەکانی ئەمنەوە بەرەو گەڕەکی زەرگەتە، پێچاوپێچ دەڕوات، تا دەگاتە سەرچنار.

٣٠- شەقامی سەرچنار: لە خولکەی ڕێگای قلیاسانەوە جیا دەبێتەوە بۆ هاتن، ئەم شەقامە لە سەرچناریشەوە بەرەو قلیاسان دەڕوا تا لە ڕێگای کەرکووک دەداتەوە.

٣١- شەقامی عەربەت: لە خولکەی ڕێی قلیاسانەوە بە دوو بەش دەڕوا یەکێکیان بۆ ڕۆیشتن، ئەوی تر بۆ هاتن دەڕوات تا دەداتەوە لە ڕێی

عەربەت. (شوێنی پیشەسازەکان و پێشانگای ئۆتۆمۆبیل فرۆشەکان دەکەونە سەر ئەم شەقامە. جگە لەمانە هەندێک وردە شەقامی تریش هەن کە بەڕەسمی ناویان لێ نەنراون یاخۆ ناویان نییە بۆیە نەمان نووسیون.

## ١٥
## گۆڕستانەکان

گـۆڕسـتــان شـوێنێکی دێرین و جـێی بیـرەوەهـاتنی باو و باپیـرانـە، بەڵام بەداخــەوە لای ئێــمــە و رەنگ هەیە لە زۆربـەی وڵاتانی ئیــســلامــدا، ئەو رێکخـستن و رێـــزکـردنەی نیــیـە. گـەلێک جـاری وا هـەیە گـۆڕ دەکـەونە سـەریەک کە ئەمـە لە رووی ئاینیشـەوە، قـەدەغـە و گوناهـە کـەچی زۆر کـەس گوێی ناداتێ. چەنـد خـۆش بوو گـۆڕسـتـانەکـان هـەمـوو بە ریز و رێکوپێکی هەر کـێلی گـۆڕێکیش ناوی مـردووەکـەی لەسـەر بوایە لەگـەڵ مـێـژووی کۆچکردنی.

ئەو دار و درەختـە بڵاوەی کە لە گۆڕستـان هەن بەریز یەک لە لای یەکەوە بوونایە ئەوسا وێنەیەکی تری دەدا. ئێمەش لە راستیدا مردوومان بەنرخە و هەمـیـشـە یادی دەکـەینەوە ناوی دەبەین و سـوێندی قـورسـمـان بە گـۆڕی مردووەکانمانە.

ئەمانەش گۆڕستانەکانی شاری سلێمانین:

١- گـردی سـەیوان: وادیارە ئـەم گردە کـۆنتـرین گـۆڕسـتـانی شـارەکـەیە. (فـریزر) کـە گـەشـتـیـارێکی بێگانەیـە و لە سـاڵی ١٨٣٤دا هـاتـووەتە سلێمانی لە کاتێکدا کە سلێمان پاشای بابان فەرمانڕەوا بووە، چووەتە سـەر یەکـێک لەو دوو گـردەی نزیک شـارەکـە بـۆ ئەوەی لە بـەرزییـەوە سلێمانی ببینێت دەڵێ (..... گوێم لە دەنگی ژنێک بوو کە بە دەنگی بەرز دەگریا و دەیلاوانەوە و بەدەست دەیدا بەخـۆیدا و خـەریکی رێکخـستنی گـۆڕێک بوو لە بەردەمـیـدا وردە بەردی لەسـەر ریز دەکـرد، دیار بوو کـە

چەند پەرۆش بۆ مردووەکەی...)[١٦].

کە سلێمان پاشای فەرمانڕەوا لە ساڵی ١٨٣٨دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا، هەر لە گردی سەیوان نێژرا و گومەزەکەی ئەو، یەکەم گومەز بوو لە سەیوان و تا ئێستا چەند جارێک ئەم گومەزە لەلایەن بنەماڵەی عەزمی بەگەوە دەستی پێدا هاتووەتەوە. کە حاجی شێخ مارفی نۆدێش فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا هەر لەپاڵ ئەو گومەزەدا شاردرایەوە، بۆیە خەڵکی بەهەڵە تا ئەم دواییەش بەو گومەزەی سلێمان پاشایان دەوت گومەزی شێخ مارف. لەم چەند ساڵی دواییەدا (ئەوقاف) هەر بەتەنیشت گومەزی سلێمان پاشاوە، گومەزی لەسەر گۆڕی شێخ مارف بنیات نا. دوای ئەوانە، وردە وردە گردەکە بە گۆڕی ڕۆڵەکانی سلێمانی پڕ بووەوە ئێستا ڕەنگ هەیە سەد چەتر یاخۆ قەفەسی زیاتر تێدا بێت. یەکەم (دار)یش کە ئەم گردە شانازی پێوە دەکات، داری ئەرخەوانە کە لە زووەوە هاو مەنزلی سەیوانە. سەیوانیش بە واتای چەتر دێت.

٢- گردی عافوان: بە تەنیشت گردی سەیوانەوەیە، یاخۆ ئەمڕۆ بە تەواوەتی لە یەکیان داوە و دەکەوێتە دەستی ڕاستی ئەو کەسەوە لە سلێمانییەوە ڕووی تێ دەکات.

لە دەوروبەری شەڕی گێتی یەکەمدا، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری سلێمانی بە نەخۆشی ڕشانەوە مردن (ئەمەش یەکەم جار نەبوو)، لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکەش کوتوپڕ و بێ پەروا بوو، لە ناکاو خەڵکێکی زۆری کوشت، لەبەر ئەوە ئەو مردووانەی ئەوێ بە خوا لێخۆشبوو، واتا بە (عەفوکراو) ژمێردران بۆیە شوێنی ناشتنەکەشیان ناونرا گردی عافوان.

٣- گردی حاجی ئەولا (حاجی عبدالله): لەگەڵ گردی عافواندا لە ڕۆهەڵاتی سلێمانی ڕێگای کۆنی هەڵەبجە لە یەکیان جیا دەکاتەوە و ئەمیش

---

١٦. شاری سلێمانی: بەرگی یەکەم ل٧٩ ئەکرەم مەحموود ساڵحی ڕەشە.

دەکەوێتە دەستە ڕاستی ئەو کەسەی بە شەقامە کۆنەکەدا لە سلێمانییەوە بەرەو هەڵەبجە بڕوات. ئەم گردە سەردەمێک گردی حەپسە خانیان پێ دەوت کە مەبەست لە حەپسە خانی ژنی عیزەت بەگی وەسمان پاشای جافە کە لەو گردە نێژرا بەڵام حاجی ئەوڵا، باپیری تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵایە و بە حاجی ئەوڵای درێژ بەناوبانگ بوو. ئەوەی شایانی باسە ئێستا بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییەدا، گردەکانی ئەودیو سەیوان و عافوانیش هەندێکیان بە خانوو بنیات و باقییەکەی بە گۆڕستان پڕ بوونەتەوە واتا ئەو ناوچەیە گشتی بووە بە گۆڕستان و لەگەڵ خانوو و بنیاتدا تێکەڵاو بوون.

٤- گردی فەرەنتی: دەکەوێتە نزیک ئابڵاخی کۆن، گوایە ناوەکە وەک وتمان لە بنچینەدا (لافرنتی)یە و ناوی ژنێکی فەرەنسییە کە خێزانی یەکێک لە میرەکانی بابان بووە.. ئەویش بەڕای من ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشایە، کە دوامیری بابان بوو، چونکە هەر ئەو بوو کە لەکاتی خۆیدا دووجار گەیشتبووە پاریس، جارێکی کە فەرمانڕەوا و کاربەدەستی وڵاتی بابان بوو لەو سەفەرەیدا ئەم ژنەی لەگەڵ خۆی هێناوە و هەر لە سلێمانیش مردووە و لەوێ نێژراوە. جاری دووەم کە ئەحمەد پاشا چووەوە بۆ پاریس، ئەوسا لە پاشایەتی بابان خرابوو، میرنشینی بابان کۆتایی پێ هاتبوو. ئەحمەد پاشا برایە (ئاستانە) لەوێ کرا بە والی لە یەمەن و چەند جێگەیەکی تر، ئەم جارە سەر لە پاریس دەداتەوە و گوایە هەر لەوێ فەرمانی یەزدان بەجێ دەهێنێ و دەنێژرێت.

٥- گردی شێخ محێدین: دەکەوێتە ڕۆئاوای شاری سلێمانی کۆن (پشت مۆزەخانە)ی تازە و لەوێوە دەچێت بۆ گەڕەکی ئابڵاخ یاخۆ (دێی ئابڵاخی کۆن) ئەم گردەش بەناوی شێخ محێدینی غەوسەوە کە (خطیب جمعة) بووە و لەوێ نێژراوە.

٦- گردی جۆگە: ئەم گردە دەکەوێتە بەینی نەخۆشخانەی نوێ و دامێنی بیناکانی دانشگای پێشووی سلێمانی، کە تانکی ئاویشی پێوەیە و بەرامبەر شەخسەکەی شێخ جافرە و ئێستا تەلبەندی بۆ کراوە.

٧- گردی ناوەڕاست: پێشیان دەوت گردی سەید عەبدولکەریمی کاسە و کەوچک، چونکە ئەو زاتەی لێ نێژراوە، ئێستا لەگەڵ سەیواندا لەیەکی داوە بەرامبەر گردی حاجی ئەولایە و ڕێگای کۆنی هەڵەبجە لە یەکیان جیا دەکاتەوە[١٧].

٨- گری شێخ حوسەینی قازی کە پێشی دەڵێن گردی شێخە بچکۆلە چونکە ئەو دوو زاتەی لێ نێژراوە شێخ حوسەینی قازی خوشکەزای کاک ئەحمەدی شێخە و شێخ محەمەد (شێخە بچکۆلە)ش کوڕی کاک ئەحمەدی شێخە[١٨] و باوکی شێخ سەعیدە کە ئەویش باوکی شێخ مەحموودی حەفیدە ئەمەش دەکەوێتە پشت گردی سەیوانەوە.

٩- گردی گاوران: نزیک بە گردی مامەیارەیە، پشت گردی شێخ حوسەینی قازی و گردی ئەڵەمانەکانیشی پێ دەڵێن بەوەدا کە لە شەڕی گێتی یەکەمدا لە ساڵی ١٩١٦دا فڕۆکەی ئەڵەمانی هاتبووە سلێمانی کە لە دەشتی فڕۆکەخانە بنیشێتەوە، حسابی لێ تێک دەچێت لەبەر ئەوە فڕۆکەکە دەکەوێت دوو فڕۆکەوانەکە دەمرن و لەو گردە دەنێژرێن، دوای ماوەیەک ئێسقانەکانیان دەرهێنابوونەوە و بردبوویانەوە بۆ ئەڵمانیا[١٩].

١٠- گردی گۆڕە جوولەکە: سەروو جوولەکان و خوار یاریگەی ئیدارەی مەحەلی، واتا لەبەینی گەڕەکی چوارباخ و جوولەکاندایە، لەوەپێش گۆڕستانی جوولەکەکانی شاری سلێمانی بوو پێش ئەوەی بڕۆن.

---

١٧. سەرچاوەی پێشوو ل٨٠

١٨. سەرچاوەی پێشوو ل٨٠

١٩. سەرچاوەی پێشوو ل٨١

١١- گردی شێخ ئەحمەدی هێندی: بەرامبەر کارێزە وشکەیە.

١٢- گردی مامەیارە: بە ناوی مامەیارەی بەناوبانگەوەیە کە لەم کتێبەدا گەلێک جار ناوی هاتووە و گۆڕی ئەوی پێوەیە و لەم دواییەشدا شاعیر و فەیلەسووفی مەزنی کورد پیرەمێرد و جەمیل سائیبی خوشکەزای لەم گردە شاردرانەوە.

## ١٦

## کانی و کارێزە

لەبەر ئەوەی سلێمانی نە لەسەر دەریا و نە لەسەر رووبارە، لەبەر ئەوە هەموو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و خۆشتن و جل شتن و باخ ئاودان و ئاژەڵ ئاودان، هەر بەهۆی کانی و کارێزەوە بووە. کانی ئەوەیە کە خۆی هەبووە و ئاوەکەی لەبەر رۆیشتووە و دەوروبەرەکەی داری سەوزی لەسەر ڕواوە وەک کانییەکەی کانی ئاسکان کە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی هەر هەبووە و ئاسک و زیندەوەری تر هاتبوون ئاویان لێ خواردووەتەوە[٢٠].

بەڵام کارێز بیرێکی قووڵە، هەڵکەنراوە و ئاوەکەی لە خوارترەوە بەهۆی چەند بیرێکی ترەوە لە ژێرەوە وردە وردە سەرخراوەتە زەوی و ئاوەکە بەهۆی کونجەوە[٢١] گەیشتووەتە شوێنی مەبەست. هەندێک کارێزیش هەر بە بەرد ئاوەڕۆکەی هەڵچنراوە کە جار جاریش پێویستی بە پاککردنەوە و دەردان هەبووە، ئەگینا قوڕ و زیخ بەری ئاوەکەی دەگرت. ئەو کارێزانەی لە سلێمانیدا، لە سەردەمی بابانەکانەوە و لە دوای ئەوان هەڵکەنراون و هەتا ئەم دواییەش، بگرە هەندێکیان تا ئێستاش ماون ئەمانەن:

– کارێزی دایکی پاشا: ئەم کارێزە لە گەڕەکی دەرگەزێن و لەبەردەمیماڵی

---

٢٠. لە شێوەی بۆری، لە قوڕی سوورەوەکراو دروست دەکرا و دەدرانە دەم یەک لەژێر زەویدا و ئاوی پێدا دەڕۆیشت بێگومان سەرەوەشی داپۆشراو بوو، ئەوانە لە شوێنی (أنابیب آهین و کونکریت)ی ئێستا بەکار هێنراون.

٢١. خانە سووتاو ئێستا ساختمانێکی گەورەی سێ قاتە و ژێرەکەی هەموو دووکانە و کارێزیش نەما.

عەزمی بەگی باباندا بوو، کە ئێستا هیچیان نەماون و شوێنەکەی بووە بە شەقامێکی قیرتاو کراو. هەر بەو بۆنەیەوە بەو گەڕەکە بچۆکەڵەیان دەوت گەڕەکی (سەر کارێز). ئەو ئاوەی دەهات، نیوەی دەچووە ماڵی عەزمی بەگەوە کە ئەویش دوو حەوزی گەورەی لەبەردا بوو، حەوزی دیوی دەرەوە خەڵک دەهاتن ئاویان لێ دەبرد، نیوەکەی تری ئاوەکە لە کارێزە سەری هەڵدەدا، لە دواییدا ئاوە زیادەکەی دەچووە باخی تەکیەوە (چایخانەکەی فەرەجی حەمە مراد) کە ئەویش هەر موڵکی عەزمی بەگ بوو لەکاتی خۆیدا ئەم کارێزە بەناوی دایکی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابانەوە بوو کە دوا میری بابان بوو.

ئەوەی شایانی باسە ئاوی کارێزەکە و ئاوەکەی ماڵی عەزمی بەگ خزمەتی دانیشتوانی گەڕەک و کاروان و هاتوچۆکەرانیان زۆر دەکرد، بەڵام لە دواییدا کە ئاوی بۆری (بەلوعە) بڵاو بووەوە، ئیتر ئەوانیش ئەو نرخەی جارانیان نەما.

- کارێزی کانی ئاسکان: وەک وتمان لە سەرەتاوە ئەمە کانی بوو، ئاوەکەی بەجۆرێک بوو، کە بیشەڵانی لەبەردەمی کانییەکەدا پێک هێنابوو، بەڵام دوای دروستکردنی شاری سلێمانی، بەوجۆرە نەما و زیاتر ئاوەکە بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ بەکار دەهێنرا. تاکو لەم دواییەدا ئەوڕەحمان ئاغای فەرخە (باپیری حاجی فارس ئەفەندی) کارێزی بۆ کرد و ئاوەکەی بە گونج هێنایە ئەم شوێنەی ئێستای. ئاوەکە ئێستا خراوەتە سەر بۆرییەکانی سلێمانی و ئەو ماڵانەی ئەم ئاوە بەکار دەهێنن لە هاویندا، پێویستییان بە بەفر نییە لەبەر ساردی ئاوەکە.
- کارێزی خانە سووتاو: ئێستاش ماوە و لەناو خانە سووتاو دایە لە دامێنی شەقامی کاوە و لە کاتی خۆیدا قادر ئاغای عومەر ئاغا (باپیری حاجی رەشید و میرزا غەفوور) دروستی کردووە ئێستاش خانە سووتاو بەشێکی

ماڵی میرزا غەفووره و بەشەکەی تری هی بنەماڵەی عەزمی بەگە[٢٢].

- کارێزی سەرا: لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٠دا ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان دروستی کردووه و ئاوەکەی لە کاتی خۆیدا دەڕژایە حەمامی فاتمە خانەوه کە ئێستا هیچیان نەماون.
- کارێزی مەلا مەردان: ئەمیش هەر لە گومرگە سووتاوایە، ئەم کارێزە هی حاجی سەعید ئاغا بوو، ئاوەکەی دەڕژایە حەمامی تازەوه لە سەرشەقام بەرامبەر مزگەوتی حاجی مەلا عەزیز، کە ئەو حەمامەش هەر هی حاجی سەعید ئاغا بوو[٢٣] ئێستا نەماوه.
- کارێزی عەزیز ئاغا: ئەم کارێزە ئاغای (مصرف) دروستی کرد. ئاوەکەی لەم دواییەدا خرایە سەر بۆریەی ئاوی سلێمانی و عەماراوێکی لێ کرا. ئەم کارێزە لەسەر خولکەکەی ئەزمڕ بوو بەرامبەر بەندیخانەی ئێستا.
- کارێزی حاجی بەگ: لە ژوور شاری سلێمانییەوه لەسەروو گەڕەکی مەڵکەندی کۆنەوه بوو، ئێستا بەمزگەوتە تازەکەی عەلی کەمالدا دیاری دەکرێت بەناوی حاجی بەگ (باپیری یەکتا بەگ)ەوەیە، ئاوەکەی دەڕژێتە ناو ئاوی خواردنەوەی سلێمانییەوه و خۆی نەماوه.
- کارێزی ئەحمەد زەنگەنە: دەکەوێتە پشت سەرای کۆن کە ئێستا مدیریەتی پۆلیسی پارێزگا)یە. بەناوی ئەحمەد زەنگەنەوەیە کە خێرومەندێک بووه و لەکاتی خۆیدا کارێزەکەی بنیات ناوه[٢٤].

---

٢٢. یەکێکە لە (ئەشراف)ەکانی سلێمانی. لە بەشی (بنەماڵە کۆنەکانی سلێمانی)دا بنەماڵەی ئەم پیاوه روون دەکەینەوه. بەکورتی باوکی مستەفاغا و جەلال ئاغا و جەمال ئاغایە و یەکەم خاوەن موڵک بوو لە شارەکەدا.

٢٣. کتێبە بەنرخەکەی ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە لە بابەت شاری سلێمانییەوه ئەم شتانەی بە (تفصیلات)ی زیاترەوه تێدایە.

٢٤. لەم بابەتەوه سەیری (چیم دی) مامۆستا ئەحمەد خواجە بکەن دوور و درێژ لەم باخە دواوه.

- کارێزی موفتی: بەناوی مفتییە کەڕەوەیە (موفتی گوێ گران) و ئاوەکەی بۆ حەمامی شێخ مارف دەبرا.
- کارێزی حسێنی عەزە جۆلا: ئەم کارێزە ئاوەکەی لە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین دەردەچوو کە لە گەڕەکی سابوونکەرانە لە رۆهەڵاتی شاری سلێمانی.
- کارێزی ئەحمەدی ساغا (ئەحمەد عیسا ئاغا): لە کاتی خۆیدا هەندێک ئاوی ئەم کارێزە لە ماڵی ئەوڕەحماناغای ئەحمەد پاشا دەردەچوو کە ئێستا شوێنەواری نەماوە و لەسەر شەقامی (نالی) بوو. ئەم کارێزە سەید ئەحمەدی بابا رەسول دروستی کردووە.
- کارێزی تووی مەلیک: لە ژووررووی سلێمانی نزیک بە شەقامی ئێستای شێخ مەحموود واتا لە گەڕەکی تووی مەلیک بوو، بەناوی شێخ مەحموودی حەفیدەوە. لەکاتی خۆیدا ئاو و حەوز یاخۆ (ئەستێڵ)ێکی گەورە ئاوەکەی کۆ دەکردەوە و باخیشی لەبەردا بوو کە بەو ئاوە ئاو دەدرا، لەم دواییەدا لە باخەکە تەنیا دارتوویەکی گەورە مابوو کە سێبەری بۆ سەیرانکەر دەکرد و تووی مەلیکیان پێ دەوت.
- کارێزی مشیراوا: لە دەشتاییەکەی لای گردەکەی مشیراوادا بوو خوار کارگەی سەهۆڵی (گەرەبیت)، ئەو گردەی ئێستا ماڵی (پارێزەر کەمال عارفی) پێوەیە، وەک وتمان ئەم کارێزە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، پێشەوایەکی سوپایی کە نیشانەی (موشیر)ی بەشانەوە بوو، بۆ سەربازەکانی هەڵکەند، کە لەشکرگاکەیان لەو ناوەدا بوو، خۆشی دوو هۆدە و هەیوانێکی بۆ خۆی لێ کردبوو، کە تاکو (٣٠-٤٠) ساڵ پێش ئەمرۆ (١٩٩٠) شوێنەواری مابوو.
- کارێزی ئەمینی حاجی: نزیک گەڕەکی جوولەکان بوو، بە موڵکایەتی هی (عبدالله ناجی باوکی حەمە پاشا و دکتۆر کەمال) بوو.
- کارێزی قادری حەمەی باوە: قادر خۆی لەکاتی عوسمانییەکاندا لە

سلێمانی مەئمووری تاپۆ بووە. کارێزەکە لە گەڕەکی شەرشەقامە و لەم دواییەدا بوو بە موڵکی حاجی سەعید ئاغا.

- گونچی حەسەن بەغدایی: لەلای باخی تەکیەی جاران لە باخەکەی شێخ لەتیفی دانسازدا بوو. ئەم کانییە، یاخۆ ئەم گونجە گەڕەکێکی بە تەواوەتی ئاو دەدا، گەڕەکەکەش هەر حەسەن بەغدایی ناو دەبرا.
- کارێزی دارۆغا: دەکەوێتە ناو مزگەوتەکەی ئێستای دارۆغا، لە رۆهەڵاتی شاری سلێمانی نزیک شەقامی برایم پاشا.
- کارێزی وەستا شەریف: دەکەوێتە بەشی رۆهەڵاتی سلێمانی و لەبەردەم یاخۆ لە داوێنی گردەکەی مامەیارە ئەم کارێزە وەک وتمان شوێنی سەیرانی دانیشتوانی سلێمانی بوو، بەتایبەتی لەسەردەمی ژیانی (پیرەمێرد)دا و لە رۆژی نەورۆزی هەموو ساڵێکدا کە زەرد و سوور دەرژانە ئەو دەشتە و دەست دەگیرا بۆ هەڵپەڕکێ و شایی و یادی نەورۆز زیندوو دەکرایەوە.
- کارێزی مەجید بەگ: لە پێشدا کارێزەکە هی وەسمان بەگی خزمی ساڵح پاشا بوو، مەجید بەگ بەشدار بوو تیایدا، مەجید بەگ کوڕی قادر پاشایە. کارێزەکە دەکەوێتە بەشی ژوورووی سلێمانی.
- کارێزە وشک: لە بەشی ژووروی شاری سلێمانییەوە هەر لە گەڕەکی کارێزە وشکە. ئەم کارێزە لە بەهاراندا دەژێتەوە و لە پایزاندا ئاوەکەی وشک دەکات، بۆیە ناونراوە کارێزە وشک.
- کارێزی حاجی مەلا عەلی: کەوتووەتە ناو مزگەوتەکەی گەڕەکی (خەبات) لەخوار سلێمانییەوە.
- کارێزی کانی دۆمان: ئەمەیان لە ڕاستیدا کانی بوو، هەر بەناوی ئەو (دۆم) دۆمانەوە کە لەو ناوەدا هەڵیان دەدا بۆ ماوەیەکی کەم و باریان دەکرد.

ئەمانە بوون کارێزە ناودارەکانی سلێمانی کە زیاتر لای خەڵکی شارەکە دیاربوون، هەندێ وردە کارێزی تریش هەن، ئەوەندە گرینگ نین. وەک بۆشمان روون بووەوە زۆربەی ئاوی کارێزەکان خراونەتە سەر ئاوی خواردنەوەی سلێمانی و ئەوانی تریش بەهۆی پەرەسەندنی شارەکەوە نەماون یاخۆ کوێر بوونەتەوە.

## باخ و باخات

وەکو مستەر ریچ دەڵێت وادیارە ئەگەر لە هەموو ماڵێکدا دار و درەخت نەبووبێت، دەبێ لە زۆربەیاندا بووبێت، داریش وەکو توو، شاتوو، سپیدار، چنار، مێو، هەنار و قۆخ و سێو و هەنجیر و... شتی تر، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەدا نین، حەوشەی ماڵ کرابێت بە چیمەن بۆ دانیشتن، ئەو دارانەش زیاتر بۆ میوە و سێبەر بوون یاخۆ بۆ بڕینەوەی تاکو خانووی لێ دروست بکەن (وەک چنار و سپیدار).

باخچەی گشتی نەبووە، لەم دواییەدا ئەحمەد پاشای بابان چوار باخی دروست کردووە کە ئێستا ئەو چوارباخە بوون بە یەکێک لە گەڕەکە گەورەکانی سلێمانی و هەر بەو ناوەشەوە ماوەتەوە. بۆیە ناویش نراوە چوارباخ چونکە لە راستیدا چوار باخ بووە و هەر باخەش هی جۆرە میوەیەک بووە. وەک دەڵێن رەز بووە و لەگەڵ هەندێک داری بەرداری شاخی گۆیژەش بە زۆری دەوەن بووە.

لە سەرێکی ترەوە سلێمانی لەبەر ئەوەی ئاوی زۆر بووە و پڕ بووە لە کانی و کارێز جگە لە ئاوی شیوەکان و زێرابەکان کە بەرەو خوار رۆیشتوون، ئەمانە هەموو سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ باخ دروستکردن. ئەو باخانەی کە هەبوون و ئەوانی تریش لەم دواییەدا دروست کراون ئەمانەن:

١- باخی پوورە بەگی: لە گەڕەکی گۆیژە لای ماکینەی کارەبای کۆن (ژوور مزگەوتی هەمزاغا).

٢- تووی مەلیک: لە ژووروووی شاری سلێمانی ئێستاوە، ئەوسا لە سییەکان و چلەکاندا (کە من بەچاوی خۆم دیومە) حەوزێکی گەورەی هەبوو لە بەهاردا پڕ دەبوو لە ئاو، لەوەوپێش دار و درەختیشی لەبەرا بووە خەڵک لە بەهاردا دەچوون بۆ سەیران، ئەم ناوچەیە موڵکی شێخەکان بوو، لە کاتێکدا دروست کرا کە شێخ مەحموود حوکمدار بوو، بۆیە ناونرا تووی مەلیک بەناوی ئەو تووە گەورەیە کە لەسەر حەوزەکە بوو، ئێستا هەمووی بە خانوو پڕ بووەتەوە و شوێنەواری نەماوە[٢٥].

٣- باخی شێخ لەتیف: شێخ لەتیفی دانساز لەلایماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی دەرگەزێن ئەم باخەی پێک هێنا، پانتاییەکەی شەش دۆنم دەبوو پڕ بوو لە داری بەردار و حەوزێک بە فوارەوە لە ناوەڕاستیدا پڕ بوو لە ماسی گەورە و بە تەلبەند دەوری گیرابوو. میوەی زۆری هەبوو بۆ فرۆشتن ئێستاش هەندێک شوێنی ماوە بە باریکی کە نزیکەی دۆنم و نیوێک دەبێت و هەر بەدەست کوڕەکانیەوەیەتی. دارەکانی زیاتر سێو و هەڵووژە و هەرمێ و قۆخ و هەنار و گێلاس و بەهێی ئەسفەهان و هەنجیر بوون.

٤- باخی مەجید بەگ: لە ژوور شاری سلێمانی شوێنی بنیاتی زانکۆ و خەستەخانەی نوێی ئەمڕۆ بوو.

٥- باخی کانی دۆمان: لە خوار گەڕەکی سەرشەقامەوە بوو.

٦- باخی خورگە و بۆگەنە: لە خوار شاری سلێمانییەوە، ئێستاش هەندێک شوێنی هەر باخە و دەچێنرێ بە موڵکایەتی هی بنەماڵەی عەزمی بەگی بابانە و ماوەیەکی زۆر بە ئیجار بەدەست حاجی سەعیدی عەلی قوباد و حاجی عەول و ئەمینی مریمەوە بوو.

٧- باخچەی گشتی: لە راستیدا تەنیا ئەم شوێنەیە کە ناوی تەواوەتی ئەم

---

٢٥. ئەم عوسمان پاشایە کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانە و لە کتێبەکەی (ریچ)دا زۆرجار ناوی بە ئازایەتی و سوارچاکی و شیروەشێن و نیشان شکێن هاتووە.

سەردەمە واتا (باخچەی)ی بەسەردا بسەپێ. ئەوسا دەکەوتە رۆئاوای شاری سلێمانی. تەنیشت (مەرکەزی محافظە) و ئێستا دەکەوێتە ناوەڕاستییەوە. پانتایی ئەم باخچەیە لە سەرەتاوە زۆر بوو، کاتێک مەجید یەعقوبی لە ساڵەکانی (١٩٣٧-١٩٣٩) موتەسەڕیفی سلێمانی بوو دروستی کرد. ئەوساکە شوێنی ئەو باخچەیە ئەوپەڕی سلێمانی بوو، واتا لەولاترەوە هیچ ئاوەدانی نەبوو، بێگومان ئەم باخچەیە هەر بۆ گەشت و جوانی و ڕازانەوەی شارەکەیە و درەختی سێبەر و گوڵ و چیمەنی تێدایە. زۆرجار دارە گەورەکانی بڕاونەتەوە و هەڵپاچراون و لە باخەکەش زەوی بڕاوە و خراوەتە سەر شوێنی ئاهەنگ (احتفالات). لە ساڵەکانی چلەکان و پەنجاکاندا ئەم باخە زۆر باوی بوو، ئەوسا (حدیقە)ی پێ دەوترا.

هەندێک باخی تر هەن کە ئێستا ئاوەدان و پڕن لە داری بەردار و حەوز و ئاو. وەک باخەکەی سەعید بەگی شەفیق بەگی رەشید پاشا لە (کارێزی مەجید بەگ) و هەندێک باخچەی تر لە قلیاسان و کۆستە و قرگە و ژالە و کانی ماسی...

## بازاڕ و قەیسەری

بۆمان دەرکەوت کە جەمسەر یاخۆ (مرکز)ی شاری سلێمانی لە رۆژی دروستکردنییەوە تاکو ئێستا هەر سەرا و دەوروپشتییەتی. کەوابوو دووکان و بازاڕیش هەر لەو ناوەدا دروست کراون. بازاڕ لای ئەسحابە سپییەوە تاکو مزگەوتی ناو بازاڕ دوای ئەوانە، دووکانەکانی تەنیشت سەرا کە ئێستا شوێنەکەیان (ساحە)یە و لەولاوە (دیکۆر و پەیکەر)ە. بازاڕە بچکۆلەش کە لای مزگەوتی گەورەوە بەرەو مزگەوتی قامیشان دەڕۆیشت، ئەویش کۆنە، ئەوانی تر بەتایبەتی خانەکان و قەیسەرییەکان، هی سەردەمی عوسمانین.

مێجەرسۆن لە کاتی گەشتەکەیدا بەناوی غولام حوسەینەوە بۆ ناوچەی

هەڵەبجە و سلێمانی لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە، باسی (خانی عەجەم) و (خانی غەفوور ئاغا) دەکات. هەروەها باسی قەیسەری وەسمان پاشا دەکات کە وەسمان پاشای کوڕی حەمە پاشای جافە و رەنگ هەیە لە بەینی ساڵی ١٩٠٥-١٩١٠ دروستی کردبێت. قەیسەری نەقیب شێخ مستەفای نەقیب کوڕەزای حاجی کاک ئەحمەدی شێخ دەبێ پێش قەیسەری وەسمان پاشا دروستی کردبێت. دوای ئەوانە دووکان و بازاڕەکانی تر وردە وردە دروست کراون. بۆ نموونە، حەوزەکەی ناو بازاڕ کە ئێستا شوێنەواری نەماوە، لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا لەولای قەیسەری نەقیب و وەسمان پاشاوە دروست کرا نزیک بە سەراجخانە کە نەخشەکەی لەلایەن خوا لێخۆشبووان مەحموود جەودەت و مستەفا سائیبەوە کێشرا.

نەخشە و شێوەی قەیسەرییەکانیش لە وڵاتی دراوسێوە وەرگیراون لەوانە شارەکانی وڵاتی عوسمانی بەتایبەتی ئەستەمبوڵ. ئەوەی شایانی باسە قەیسەریەکیش هەبووە بەناوی قەیسەری وەسمان پاشای بابانەوە کە ئێستا شوێنەواری نەماوە. هەروەها قەیسەری (شێخ مەحموود)یش هەبووە لە شوێنی مەیدانی برنجەکە لە ١٩١٦دا دروستکراوە و زوو ڕووخاوە و شوێنەواری نەماوە. قەیسەری (غەفوور ئاغای حاجی ئەولای گەورە)ش هەبووە، وەختی خۆی ڕووخاوە و حاجی حەسەنی خەفاف کڕیویەتییەوە و کردوویە بە بازاڕ لای مەزادخانەکەوە. باقی بازاڕەکانی تری ناوشار دوای ئەوانە دروست کراون.

بازاڕی ئەمڕۆی سلێمانی بە دەیەها زیاترن. جارێ ئەو ناوچەیەی لەلایەکەوە شەقامی کاوە و لەولاوە شەقامی مەحوی تا سەرشەقام ئەمە هەموو دووکان و بازاڕن جگە لە شەقامەکانی (مەولەوی) و (کاوە) و (نالی) و (پیرەمێرد) و (گۆران) و (بێکەس) و (زێوەر) و (کاک ئەحمەدی شێخ) و (دارۆغا) و (حەمدی) و (سابوونکەران) و (بازاڕە بچکۆلە) و گەلێک شەقام و شوێنی تر هەموو ئەمبەر و ئەوبەر بازاڕ و دووکانن.

مستەر ریچ دەڵێت:[٢٦] سلێمانی (لەکاتی سەردانی ئەوا)، واتا ساڵی ١٨٢٠ پێنج حەمامی تێدا بووە، یەکێکیان زۆر جوان بووە و لە یاداشتی ڕۆژی (١٢مایسی ١٨٢٠)دا دەڵێت: «حەمامێکی تری وەهام نەدییەوە تەنیا لە شام و ئەستەمبوڵ و قاهیرە نەبێت بگرە لە هەندێک ڕووەوە پارسەنگی بەسەر حەمامەکانی ئەو ناوانەشدا هەبوو. ڕووناک و پاک بوو، بۆیەیەکی جوان کرابوو، حەوزەکانی فوارەیان تێدا بوو، پاشای ئەمڕۆ (مەبەستی مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشایە) لەسەر حسابی خۆی دروستی کردووە وەستای تایبەتی لەم لا و لاوە بۆ هێناوە، هەروەها حەمامێکی تری لەم بابەتەشی لە ژوورەوە (حەرەم) دروست کردووە ئەمەش لە بڕوای ئیسلامەکانەوەیە کە پارەی باش خەرج دەکەن بۆ حەمام (دروست)کردن کە پێوەندی بە خواناسینەوە هەیە، تاکو سوپای دوژمنیش هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە زیان بە حەمام بگەیەنن»[٢٧].

بەلای ئێمەوە ئەم حەمامە نەماوە، هەروەها ئەو پێنج حەمامەی ئەوسا نازانین کامانەن، بەڵام بێگومان، نە (حەمامی فاتمە خان) و نە حەمامی حاجی غەنی و نە حەمامی گازێ هیچ کامیان یەکێک لەو پێنجە نەبوون کە (ریچ) باسیان دەکات. چونکە مێژووی دروستکردنی ئەو حەمامانە دەکەونە دوای ساڵی (١٨٢٠) ئەو ساڵەی ئەو پیاوە چووەتە سلێمانی.

حەمامێک بووە بەناوی (حەمامی وەسمان پاشای بابانەوە) کە لە شوێنی چاپخانەکەی محەمەد یوسف بەرامبەر گەراجی نەقیب یاخۆ گەراجی حاجی فەرەج نزیک دەبۆ کۆنەکە و مزگەوتی گەورە، کە ئێستا شوێنەواری نەماوە،

٢٦. ل٦٠ و ٦٦ (رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠).

٢٧. گازێ دایکی تۆفیق ئاغای باوکی قادر ئاغای باوکی شەوکەت ئاغا و سەبیحە خانە، هەروەها گازێ دایکی (فاتمە خانی دایکی حەماغای ئەوڕەحماناغا)یە.

ڕەنگ هەیە ئەوە یەکێک بووبێت لەو پێنج حەمامانەی باسی دەکات.

حەمامی فاتمە خان کە ئەویش لە پەنجاکاندا (استملاک) کرا و خرایە سەر بینای سەرا، لەلایەن سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشاوە، ساڵی ١٨٣٥ دروست کرا و بەناوی فاتمە خانی کچییەوە ناونرا چونکە ئەو یەکەم کەس بوو خۆی تێدا شت و دوای ئەوە تەرخان کرا بۆ فەقێ و مجەور و مەلا بەخۆڕایی خۆیانی تێدا بشۆن.

حەمامی (حاجی غەنی)یش لە گەڕەکی دەرگەزێن بوو، لەم دواییەدا نیوەی بەر جادە کەوت، تۆفیق ئەفەنی ئاغا فەتحوڵڵا نیوەکەی تری تازە کردەوە. حاجی غەنی لەکاتی فەرمانڕەوایی ئەحمەد پاشای باباندا پیاوێکی دەوڵەمەند بووە، ئەمە ئەو حاجی غەنییەیە کە ئەوڕەحمان بەگی سالم لە هەڵبەستەکەیدا کە بۆ عەزیز بەگی بابانی وتووە، باسی دەکات و لە بەیتێکدا دەڵێت:

کەس نەچێتە پێشەوە، حاجی غەنی تەدبیرییە
مەئموری سەبتی نفووسە و شاغیلی باجی دووکان

باقی حەمامەکانی تر، دوای بابانەکانن واتا هی سەردەمی عوسمانی و بەملاترەوەن کە ئەمانەن:

- حەمامی گازێ: شوێنی حەمامی (گازێ)ی ئێستا نزیک ئۆرزدی باک. حەمامە کۆنەکە برایم ئەفەنی فەرخە دروستی کرد و لە سەردەمی مێجەر سۆندا ڕووخێنرا و لەبەر جوانی حەمامەکە بەناوی (گازێ)ی ژنی ئەحمەدی عەزیز ئاغای (مصرف)ەوە ناو نراوە، کە ئافرەتێکی جوان و خانەدان بووە[28].

---

٢٨. بێکەس لە (باسی رەمەزان)دا، بەیتێکی دوور و درێژی هەیە، ئەوەی پێوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە ئەمەیە:

لە دوای نان خواردن نۆرەی گەڕانە — یا چایخانەیە یا دیوەخانە
چاخانەش وەکو حەمامی ژنان — دەنگ و قیژەیان ئەگاتە عاسمان
لەشەق و هوڕی دۆمینەو قومار — ئینسان لە ژینی خۆی ئەبێ بێزار

- حەمامی قشڵە: بەناوی قشڵە (دەبۆ کۆنەکە)وە ناونراوە چونکە بەتەنیشتییەوە بوو موڵکی حەماغای ئەورەحمانائاغا بوو واتا لەم دواییەدا سەرلەنوێ دروست کرایەوە، بەڵام لە حەفتاکاندا شارەوانی (استملاک)ی کرد و خستییە سەر دووکان و بازاڕەکانی شەقامی مەولەوی (لە سەرەتاوە برایم پاشای بابان بۆ خۆ شتنی سەربازەکانی قشڵە (دەبۆکە)ی دروست کرد).
- حەمامی شێخ مارف: بەناوی شێخ مارفی نەقیبەوەیە و لەناو بازاڕدا بوو ئەم شێخ مارفە باوکی حەپسە خانی نەقیب و ئایشە خان ژنی شێخ مەحموودە و کوڕی نەبووە.
- حەمامی سوورەت: کەریمی عەلەکە دروستی کرد، لە خوارەوە لای مەیدانی کافرۆشەکانەوە بوو، دیوارەکانی ئەم حەمامە بە وێنەی پاڵەوان و سوارچاک و شێر و قەڵغان هەڵگر و گەلێک وێنەی رەنگاوڕەنگی تر رازابووەوە بۆیە ناونرا حەمامی سوورەت.
- حەمامی موفتی: لەم سەری سابوونکەرانە نزیک مزگەوتی سەید حەسەن، لە بنچینەدا موڵکی بنەماڵەی موفتی بوو لە دواییدا نیوەی فرۆشرا بە ماڵی کەریمی عەلەکە.
- حەمامی حاجی ئەولا: لای خانەقای مەولانا خالیدەوەیە لە نزیک سەرشەقام.
- حەمامی غەفوور ئاغا ئەمیش لەسەر شەقامە، نزیک گومرگە سووتاو بەناوی غەفووراغای حاجی ئەولا باوکی (ئەحمەد ئاغا و کەمال)ەوەیە.

جگە لەمانە هەندێک حەمامی تریش لەم دواییەدا بنیات نران بەڵام ئێستا خەڵک ئەوەندە پێویستی بە حەمامی دەرەوە نییە چونکە ئەمڕۆ هەر خانوویەک کە دروست دەکرێت بەلای کەمەوە حەمامێکی تێدایە، ئەگەر دووان و سیان نەبێت.

وەختی خۆی ئەم حەمامانە بە پەین سووتاندن گەرم دەکران، بەڵام لەم دواییەدا بە نەوتی رەش.

ئەم حەمامانە بەتایبەتی چەندساڵێک لەمەوبەر، ئەوەندە پاک نەبوون، نە پەشتەماڵ و خاولییەکانیان، نە ئاوەکەی کە خەزینەکەیان بۆ هەندێ کەس دەکردەوە و دەچوون مەلەیان تێدا دەکرد، جاری وا هەبوو ئەو کەسانە بەتایبەتی کە منداڵیان لەگەڵ بوایە میزیشیان دەکردە ئاوەکەوە، بەڵام لە دواییدا کردنەوەی دەرگەی خەزێنەی ئاوەکە یاساغ کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی دانیشتوانی شارەکە، جگە لە خەڵکی دەرەوە کە دێنە ناو شارەوە و دەمێننەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ماڵەکانیاندا (حەمام) نییە ئەمانە هەر لە حەمامی دەرەوە خۆیان دەشۆن بەتایبەتی لە رۆژانی زستاندا.

## چایخانەکان

چایخانە شوێنی حەسانەوە و رابواردن و کات بردنەسەرە. لە چایخانە بچووکە لاوەکییەکاندا تەنیا هەر چا و ئاو دەدرێ، بەڵام چایخانە گەورەکان لەم دواییەدا هەندێکیان قاوە و ساردی (لەوەپێش سۆدە و سیفۆن و ناملێت) ئێستا پیپسی و سیڤن آب دەدەن هەندێکیان یاری تاوڵە و دۆمێنەشی تێدایە. لە چایخانەکانی سلێمانیدا، هەندێکیان جار جار حەکایەتخوێنیان دەهێنا، بەتایبەتی لە شەوی رەمەزاندا[٢٩] لەبەر شەوقی لۆکس ئەو پیاوە لەبەر یاخۆ بە خوێندنەوەی کتێب بە کوردی یاخۆ دوای گۆڕینی لە عەرەبییەوە یاخۆ لە فارسییەوە بۆ کوردی جاری وا هەبوو حەکایەتێکی بە یەک دوو مانگ تەواو دەکرد، خەڵکەکەش زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان لێ دەگرت. چونکە ئەو دەمە رادیۆ و تەلەفزیۆن نەبوو.

---

٢٩. کۆواری (رۆژی نوێ) ژمارە (٢) ساڵی (٢) ١٩٦١ ل٥٥–٥٦.

وا بۆ نموونە هەندێک لە چایخانەکانی سلێمانی باس دەکەین لەگەڵ خاوەن و شوێنیان.

١- چایخانەی دەروێش شەریف: دەروێش شەریف، پیاوێکی نوورانی خواناسی ریش تۆپی ڕوومەت قوپاوی باریکەلە و باڵا مامناوەندی بوو. تا بڵێی پیاوێکی پاک و تەمیز و بێ دەنگ و دەم بە ویرد بوو، چایەکانی پاکترین و خۆشترین (چا) بوون. زۆر لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی روویان تێ دەکرد و منیش جاروبار بە منداڵی باوکم بردوومیەتییە ئەو چایخانەیە کە لە شوێنی ریزە دووکانەکانی شێخ بابا عەلی حەفید، خوار مزگەوتی گەورە بەرەو مەیدانی ماست فرۆشەکان بوو.

باسی ئەم چایخانەیە لە دیوەخانان و مەجلیساندا زۆر بوو، وا ئێمە هەندێک لە نووسینەکەی مامۆستا فازڵ عیرفان لە بابەت ئەم پیاوە و لە بابەت چایخانەکەیەوە دەگێڕینەوە:[٣٠].

«دەروێش شەریف پیاوێک بوو، لە چەرخێکی پەنجا ساڵی زیاتر هێزێکی زۆری بووە لە دڵی دەستەیەکی زۆر لە پیاو ماقووڵان و خوێندەواران و شاعیر و زانایانی شارەکەمان. ئەم پیاوە کە بریتی بوو لە گەلێک سروشتی سەیر و خووڕەوشتی سەیر، بووبوو بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو هەموو پیاوە بەنرخانەی شارەکەمان کە هەندێ جار ڕابواردنیان تووڕەکردنی مام دەروێش بوو، گەلێ جاریش ئەو چا و شیرە پاک و خاوێنە بەتام و بۆن خۆشە بوو کە پێشکێشی دەکردن».

ئینجا مامۆستا فازڵ چایخانەکە بە یانەیەک دادەنێ بۆ شیعر و ئەدەبیات و بەراوردکردنی بیر و باوەڕ و ڕۆشنکردنەوەی گیروگرفتی کۆمەڵایەتیش دەڵێ (هەموو شاعیر و ئەدیبانی سلێمانی هامشۆی چایخانەکەیان دەکرد و

٣٠. شێخ محەمەدی گوڵانی.

سەروساختیان لەگەڵ مام دەروێشدا هەبوو، جار جار بۆ تورەکردنی مام دەروێش چەند بەیتێکی سەیریان دەهۆنییەوە، لەوانە ئەم چەند بەیتەی خوا لێخۆشبوو (زیوەر)ە کە بەناوی (سەید برایمی حەفید)ەوە وتوویەتی و خوا لێخۆشبوو (سەید عەبدوڵڵا حاجی سەید حەسەن)یش بەیتێکی تێهەڵکێش کردووە:

ئەگەر دەروێش شەریف دەروێشە بۆ زیکری خودا ناکا؟
وەگەر خۆ سۆفییە بۆ ڕوو لە خەتمە و خانەقا ناکا؟
ئەگەر چاخانە گێرە، مشتەری بۆ نارەزان یەک یەک؟
وەگەر خۆ بانگدەرە، بۆ سەر منارە، بۆ سەڵا ناکا؟
ئەوەم لا خۆش بوو، ڕۆژێک شێخ محەمەد[31] ڕووی لە پاشا[32] کرد
وتی پاشا، شەریف بۆ فەرقی شێخان و مەلا ناکا؟
وتی ئینسان نییە، وەک بزنە، جرتە، تووڕەیە دایم
شیاکەی گەر لەپاش هەڵسووی لە گاگەلدا، هەوا ناکا؟
بلوکم[33] ماعیری شاعیر، زەریف بمناسە ئەی سۆفی
ئەزانی ماعیری وەک من لە دنیادا حەیا ناکا؟

دەروێش شەریف پیاوێکی پاکوخاوێن، بەڵام تا بڵێی تووڕە و کەللە شەق و توندە تەبیعەت بوو لە خواترس و سۆفی مەشرەب بوو، بۆیە مامۆستا فازڵ دەڵێت: زۆرجار دەروێش شەریف لە هەڵچوونیدا هێرشی زۆر توندوتیژی دەبردە سەر پیاوە بەنرخەکانی وڵاتەکەمان کە لەوانە سەرۆکی نەمری کورد

٣١. ساڵح پاشا (لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا ناوی هاتووە) کە لەکاتی خۆیدا (سەر محاسب) بووە و لە بنەماڵەی غواسە.

٣٢. بلوک بچووککراوەی بلەیە، بلەش کورتکراوەی ئیبراهیمە، لێرەدا مەبەست لە سەید برایمی حەفیدە.

٣٣. شاری سلێمانی- بەرگی یەکەم ل١٩٥-٢٠٩.

شێخ مەحموودی گەورە و سەید ئەحمەدی بابا ڕەسول و ساڵح پاشا و شێخ محەمەدی گولانی و زۆر پیاوانی تری بەنرخ و گەورە، بەڵام ئەم زاتانە بەگیانی لێبووردن و رووی بە زەردەخەنە و خۆشییەوە گوێیان بۆ شل دەکرد و دەیانکرد بە مەبەسی رابواردن و دەمەتەقێ، تەنانەت مام دەروێش گەلێک جار ئەوەندە تووڕە دەبوو، لەو گوێ نەدانەیان هەرچی قۆریە و پیاڵەیەکی هەبوو ورد و خاشی دەکردن. ناچار دوای ساردبوونەوەی مام دەروێش و نیشتنەوەی کوڵی پێکەنینیان، ئەو کەسەی کە خۆی بە هەڵگیرسێنەری ئاگری ئەو تووڕەبوونە دەزانی، ئەو شتومەکانەی بۆ دەکڕییەوە و چایخانەکەی وەک جاران دەکەوتەوە گەڕ، وەک هەر هیچ شتێک نەقەومابێت.

من کە لەگەڵ باوکمدا دەچوومە چایخانەکە، ئەم بەزمی تووڕەبوون و جنێودانەم بە چاوی خۆم دیوە. ئەوانەی کە من لەوێ دەمدین شێخ برایمی حەفید و مستەفا فەنی باوکی فایەق هوشیار و عەباس ئەفەنی و ئەمین سامسۆن و شێخ مستەفای گولانی... بوون.

وەک مامۆستا فازڵ دەڵێت (دیارە دەروێش شەریف لە ساڵی ١٩٥٦دا کۆچی کردووە (خوا لێی خۆش بێت)، بەڵام لەم دواییەدا چایخانەکەی ئیبراهیمی کوڕی دەیگێڕا).

ئەمەش بەزمی دەروێش شەریف و چایخانەکەی.

٢- چایخانەی حەمەی شەشە: لەسەر حەوزەکەی ئەوسای گەڕەکی سابوونکەران بوو، مەلا سمایل بەشەو (حیکایەت)ی تێدا دەخوێندەوە خۆم بەچاوی خۆم دیومە، کورسییەکی بەرز و مێزێک لە بەردەمدا (لۆکس)ێک بە ژوور سەریەوە، ئەویش حەکایەتەکەی بە دەنگە گڕە بەهێزەکەی بە فارسی دەخوێندەوە و ئینجا وەری دەگێڕایە سەر کوردی، یاخۆ دوای سەیری کتێبەکە راستەوڕاست بە کوردی دەیگێڕایەوە بەڵام بە شێوەیەکی ئەوەندە ڕێکوپێک و جوان، کەس ورتەی لە دەمەوە

نەدەهات. بێگومـان نرخـی (چا) لەم چایخـانانەدا گـرانتـر بوو لـە چاو شوێنی تردا.

٣- چایخانەی تەکیە- فەرەجی حەمە مراد: چایخانەکە لە باخەکەی تەکیەدا بوو مـوڵکی عـەزمی بەگی بابان بوو فـەرەج گوایە بەکرێ گرتبـووی بەڵام هیچ وای نـەدەدا و چایخـانەکـەش هاوینە بوو، واتـا شـوێنی دانیـشـتنی زستـانی نـەبوو، لە مانگی مـایسـەوە دەگـەڕا هـەتا کۆتایی ئەیلول. باخـەکە لە کـارێزی دایکی پاشـا ئاو دەدرا کـە ئەویش هـەر هـی ژنی سلێـمـان پاشـای باپیری عـەزمی بەگ (دایکی ئـەحـمـەد پاشـای دوا مـیری بابان) بوو، ناونرابوو (کارێزی دایکی پاشا).

لەم باخی تەکیـەیە لە چا، پاقلەی کـوڵاو، کاهوو، ترۆزی کـالیـار (لەت لەت) و هـەندێک میوەشـی جار جار تێدا دەفرۆشرا. فەرەجی حەمە موراد جاری وا هـەبوو نـزیکـەی دە پیــاڵەی پڕ لـە چای بەیـەک دەست هـەڵدەگـــرت، بۆیـە پێویستی بە سـینیی مس نەبوو لە راسـتیـشـدا ئەوسـا ئەم سـینییـە نایلۆنە سـووکانە نەبوون، سـینی مس هـەبوو، ئەویش قـورس بوو، لەبەر ئەوە چایچی ناچار دەبوو لە باخێکی گەورەی وەک تەکیەدا کە ئەو هـەموو پیاڵانە بەدەست هـەڵگرێت هـەتاکو ئەوەندە هـاتوچۆ نەکات و ئیشـەکەی زوو رایی بێت.

فـەرەجی حـەمـە مـوراد یەکـێک بوو لـە چایچـیـیـە قـسـە خـۆش و قـسـە نەستەقەکان، لەبەر ئەوە خەڵک خۆشیان دەویست و زۆر ڕوویان تێ دەکرد.

٤- چایخـانەی مـحـەمـەد یوسف: خـوا لێـخـۆشـبـوو وەسـتـا مـحـەمـەد دوو چایخـانەی گرت، یەکەمیـان لەبەر دەرگەی سـەرا کـە شـوێنەکـەی ئێسـتـا (سـەمـوونخـانە)یە، ئەوە چایخـانەیەکی گـەورە بوو، گوایە لەوە پێشـتـر بەدەست (عەولە سیس)ەوە بوو کە لە شەڕی بەر دەرگەی سەرادا شەهید کرا.

دوای ئەوە کاکە حەمـە گواسـتییەوە شـوێنی سینەمـای (سەلاحـەدین) واتا

سینەماکەی ڕەمزی قەزاز و شوێنەکە موڵکی حەماغای ئەوڕەحماناغا بوو ئەویش شوێنێکی ڕێکوپێک و پاکو تەمیز، بگرە گەورەترین و باشترین چایخانە بوو لە سلێمانیدا. هێجگار خاوەنەکەی کاکە حەمە کە پیاوێکی ئەوەندە بەڕێز و باش بوو گشت کەس خۆشیان دەویست. چایخانەکەی پڕ بوو لە سەماوەری زەرد و وەرشاو و قۆریەی عەجەم کە هەموو ریز کرابوون بۆ جوانی. لام وایە کاکە حەمە بەینێکیش مێزی بلیاردی هێنایە چایخانەکەیەوە.

ئەمانە بوون نموونەی چایخانەکانی شاری سلێمانی، ئەوەی شایانی باسە کە سندووقی گۆرانی (گرامەفۆن)داهات، دوای ئەوەش کە رادیۆ هات زۆربەی چایچییەکان هێنایان و دوای ئەوانەش تەلەفزیۆن کە ئێستا بەشی زۆری چایخانەکان هەیانە بگرە هەندێکیان تەلەفۆنیشیان تێدایە.

ئەم چوار چایخانانەی ئێمە باسمان کردن هەریەکە نموونەیەکە بۆ باری رابواردنی ئەو سەردەمەی سلێمانی و ئەو دۆخەی خەڵکەکەی تێدا دەژیا. ئەوی دەیەوێ دوور و درێژ چایخانەکان و ناوی چایچییەکان بزانێ سەیری کتێبە بەنرخەکەی (شاری سلێمانی) بکات کە نووسەرەکەی کاک ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشەیە[٣٤].

هەر لەم ڕووەوە، واتا لە رووی رابواردنەوە، بە پێویستمان زانی گازینۆ کۆنەکانی شارەکە و یانەکانیش هەڵنەبوێرین، هەرچەندە ئەوانە زۆر کۆن نین و هەندێکیان (وەک یانەکان) هی ئەمڕۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یانەی کۆنیش هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چلەکان وەک یانەی فەرمانبەران، بەهەرحاڵ ناوبردنیان لە شوێنی خۆیدایە و بەسوودە.

---

٣٤. سەیری (رحلة ريچ في العراق سنه ١٨٢٠) بکە.

## گازینۆکان

له ساڵانی چلەکانەوە گازینۆ کەوتە ناو شاری سلێمانییەوە، فەرقی گازینۆی ئەوسا لەگەڵ چایخانەدا، ئەوەبوو گازینۆ جگە لە چای ساردەمەنیشی هەبوو، زۆربەیان مێزی (بلیارد)یشیان تێدا بوو، خەڵکەکە یارییان لەسەر دەکرد، شوێنی گازینۆش گەورە و فراوان بوو. ئەو گازینۆیانە کە زۆربەیان لەسەر شەقامی مەولەوی بوون[٣٥].

١- گازینۆی سیروان: شەقامی مەولەوی، سووچی بیناکەی تۆفیق قەزاز خاوەنەکەی کاکە حەمەی بەکر بوو.

٢- گازینۆی سەرچنار بەرامبەر گازینۆی سیروان، خاوەنەکەی کاک ئەحمەدی سەعید بانەیی بوو.

٣- گازینۆی ئاشتی: شەقامی مەولەوی، خاوەنەکەی کاک رەئووفی محەمەدی سەعید فەتاح بوو. شوێنەکەی کتێبخانەی ئێستای زیوەر و دووکانی شێخە ساڵح بوو.

٤- گازینۆی گشتی: شەقامی کاوە، خوار ئوتێل سلێمانی خاوەنەکەی قادری وەستا ئەحمەد بوو.

٥- گازینۆی سەرچنار: لەسەر ئاوی سەرچنار، ساڵی ١٩٥٨ دامەزرا، موڵکی شارەوانیی سەرچنار بوو.

## یانەکان

لەناو شاریشدا گەلێک یانە هەن کە هەندێکیان تایبەتین بۆ ئەندامەکانیان لە هەموویان کۆنتر و لە پێشتر:

---

٣٥. لەسەر چەمی سیروان (دیالی) کە (٢/١) ملیۆن دۆنم ئاو بدا و (٥٠) مێگاوات کارەبا بدا. (حەوزەکەی ٣/٩٥ ملیار مکعب ئاو دەگرێ. ساڵی ٩٨٣ ئەم بەستەش تەواو بوو. (العراق ١٩٨٨ الكتاب السنوي للجمهورية العراقية) ل١٥٧.

١- یانەی فەرمانبەران کە لە ساڵەکانی چلەکاندا دامەزرا و ئێستاش هەر ماوە و ئەو شوێنەی کە تیایەتی موڵکی شارەوانییە. شوێنی هاوین و زستانەی ئەم یانەیە گەورە و فروان و باخچەکەی گەلێک دڵگیر و خۆشە. دەکەوێتە رۆئاوای سلێمانی تەنیشت باخچەی گشتی و بەرامبەر (محافظة)، لەکاتی خۆیدا زۆرتر بە هیمەتی قادر ئاغای حاجی مەلا محێدین دامەزرا کە سەرۆکی شارەوانی بوو.

٢- یانەی ئەزمڕ: ئەمەش شوێنەکەی هەر موڵکی شارەوانییە و بە تەنیشت یانەی فەرمانبەران (موظفین)ەوە بوو، بەینێک تەرخان کرا بۆ میوانی (رەسمی) وەک (دار الضیافة) لە دواییدا کە دانشگا لە سلێمانیدا دامەزرا درا بەوان و کردیان بە یانە و ناوی ئەزمڕیان لێ نا.

٣- یانەی مامۆستایان: لە پێشدا بە تەنیشت یانەی فەرمانبەرانەوە بوو، بەڵام دوو سێ ساڵێک دەبێت بینای تایبەتی بۆ دروست کرا ئێستا لە ژووروی شارەوەیە.

٤- یانەی پزیشکەکان یاخۆ نۆشداران (اطباء): لە سەرەوەی سلێمانی نزیک بەندیخانە واتا لەسەر شەقامی (پیرەمێرد).

٥- یانەی (أهلي): شوێنەکەی کرێیە و لەچاو یانەکانی تردا نوێیە. شوێنەکەی لەسەر خەتی شەقامی ئەمین زەکی بەرامبەر گەڕەکی (زابیتان- ضباط) بوو.

٦- یانەی بازرگانەکان (نادي التجار)، لەسەر شەقامی (سالم) لەسەر رێگای کەرکووک- سلێمانی تەنیشت ژووری بازرگانی سلێمانی بوو.

٧- یانەی ئەندازیارەکان (نادی مهندسین) ئەمیش لەسەر رێگای کەرکووک- سلێمانییە، شوێنەکەی چ زستانە و چ هاوینە خۆش و فراوان و رێکوپێکە.

٨- یانەی وەرزش (النادي الریاضي) لە سەرەوەی سلێمانی نزیک

بەندیخانەیە. شوێنەکەی موڵکی یانە خۆیەتی و تەرخان کراوە بۆ یاری وەرزش بە پێچەوانەی یانەکانی ترەوە کە بەداخەوە تەنیا هەر بۆ خواردنەوە و خواردنن و هیچی تر. جگە لەوانە هەندێک یانەی تر لەم دواییەدا پێک هات.

## شوێنی یاری و سەیران و رابواردن

بە یادداشتەکەی (مستر ریچ)دا وا دەردەکەوێ لەبەر گەلێک ماڵدا لە کۆنەوە دەشتێکی گەورە یا بچووک بۆ یاری هەبووە. یاری ئەوساش (شەڕە کەو) و (شەڕە کەڵەشێر) و (شەڕە سەگ) و (شەڕە بەران) و (شیربازی) و (جلیتبازی) و (غارغارێنی ولاخ) و (زۆرخانە) بووە. بەرماڵی مەحموود ئاغای مەسرەف کە رەنگ هەیە ناوچەی ئۆرزدی باکی ئێستا بووبێت تەختاییەکی گەورە و مەیدانێکی فراوان بووە، هەمەجۆرە یاری تێدا کراوە، بەڵام غارغارێن بە ولاخ و جلیتبازی و یاری تر لە دەشتی کانێسکان بووە، لەم دواییەشدا یاری قوتابیانی ئاینی لە دەشتی فەقێیان نزیک بە گردی سەیوان بووە.

هەندێک یاریش هەر باو بوون وردە وردە هەندێکیان نەماون (وەک شەڕە بەران و شیربازی و جلیتبازی و زۆرخانە...) هەندێکیشیان کەم بوونەوە (وەک شەڕە کەو و شەڕە کەڵەشێر و غارغارێنی ولاخ...) هەروەها یاری فەقێکانیش کە بریتی بوو لە سێ باز و کەوشەک و شەقێن و ئاشە بە تەنووریّ و ئاگرە و ... ئەوانەش نەمان چونکە خوێندنی فەقێ وەک ئەوسا نەما و ئێستا قوتابخانەی میری شوێنی حوجرەی گرتووەتەوە. شوێنی کۆبوونەوەی (رەسمی) بەر دەرکی سەرا بوو. بەتایبەتی لە ئاهەنگ و یادکردنەوە و (مناسباتی رەسمی)دا. ئەوەتا شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێت:

لەبیرم دێ سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

لەبەر قاپی سەرا سەفیان ئەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بوو ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو دەمە ئەو عەسەرە ئەو رۆژە
کە مەیدانی جرید بازی لە دەشتی کانی ئاسکان بوو.

وەک وتمان پێش ئەوەی گردی سەیوانیش ببێ بە گۆڕستان پاشاکانی بابان و خەڵکی تریش دەچوونە ئەوێ، چادر و دەواریان هەڵدەدا و چەند شەوێک بۆ سەیران و گەشت لەوێ دەمانەوە.

لە چەم و بێشەڵانەکەی کانی ئاسکان، پێش بنیاتنانی سلێمانی راوە ئاسک و راوی نێچیری تر کراوە، بەڵام دوای بنیاتنانی سلێمانی دەشتەکەی کانی ئاسکان بوو بە شوێنی غارغارێنی وڵاخ (لە شێوەی رایسزدا) و رمبازی و جلیتبازی تێدا کراوە.

دوای ئەوانەش شەخس و دارەکەی شێخە باس کە دەڵێن ژێر دارە گەورەکەی (پێش ئەوەی عوسمانییەکان بیسووتێنن) جێگەی هەزار سەیرانکەری تێدا بووەتەوە کە لەو ناوەدا بڵاو بوونەتەوە بۆ سەیران و رابواردن.

پیر میکائیل: وەک شەخس باسمان کرد، بەڵام ئەم شوێنە لەهەمان کاتدا شوێنی سەیرانی دانیشتوانی سلێمانی بوو، هەرچەندە سەر شەخسەکە خۆی دار و سێبەری نەمابوو، بەڵام لە نزیکییەوە دار و درەخت هەبوون و لە رێی کۆنی سلێمانی- قرگەیە.

پیر میکائیل لە شیعری یەکێک لە شاعیرەکانمان ناوی هاتووە کە دەڵێت: "پیر میکائیل ببینە- جێی ناز و نازەنینە- سەیران و پێکەنینە) من خۆم یەکێک بووم لەوانەی بە منداڵی لەگەڵ ماڵە خزممدا بە سەیران چووم بۆ پیر میکائیل.

قۆریە شکاو: بە ڕای ئێمە دەکەوێتە شوێنی گەڕەکی مامۆستایانی

ئێستا، ئەوسا قۆریە شکاو ئاوی هەبوو، یاخۆ بەهاران ئاوی تێدا دەژیایەوە و سەیرانکەر بەکاری دەهێنا بەڵام دار و درەختی لێ نەبوو. شاعیرێک باسی قۆریە شکاوی بەمجۆرە کردووە: جێ هەر قۆریە شکاوە وێنەی خۆی کە بینراوە- بڕوانی لەهەر لاوە- دەستەی کیژان و لاوە- وەک چنار و لاولاوە) ناوی قۆریە شکاو، دەبێ لە ئەنجامی شکاندنی قۆریەی سەیرانکەرەوە هاتبێ.

مشیراوا: لە شوێنێکی تردا باسی جێگەکەیمان کرد. لەم شوێنەدا کانییەک هەبوو، ئاوەکەی بەرەو خوار دەڕۆیشت بۆ زەوییەکانی بەردەمی، ئێرەش دار و سێبەری نەبوو، سەیرانکەر لە بەهاردا هەر بەبۆنەی ئاوەکەیەوە روویان تێ دەکرد جگە لەوەی لەم دواییەدا چایخانەیەکی سەرپێیشی لێ دانرابوو. ئێستا هیچی نەماوە.

ئەو مشیرەی کە ئەم شوێنەی بەناوەوە ناونراوە (تەحسین پاشا) پێشەوایەکی سوپای عوسمانی بووە لە ساڵی ١٨٧٠دا لە سلێمانی، کە هەر لەم شوێنەدا گوایە دوو هۆدە و هەیوانێکی بنیات ناوە لەبەر خۆشی و دڵگیری جێگەکە و هەر بەناوی ئەوەوە ناونراوە چونکە پلەی لە سوپای عوسمانیدا (مشیر) بووە.

قلیاسان: ئەمیش ئەو چەمەیە کە لە رۆژئاوای شاری سلێمانییە، ئاوەکەی لە سەرچنار و چەقچەق وەردەگرێت، لە بەهاردا زۆر دەبێت و لە هاویندا کەم دەکاتەوە یاخۆ وشک دەبێت.

قلیاسان جاران شوێنی سەیرانی دانیشتوانی شارەکە بوو ئێمە کە قوتابی سەرەتایی و ناوەند بووین گەلێک جار بە سەیران بردوویانین بۆ چەمی قلیاسان بۆ سەیران. لە شوێنێکی تردا باسی پردەکەی قلیاسان کراوە کە لە کاتی خۆیدا خێرەومەند حاجی عەزیزی قەرەنی دروستی کردووە و ئێستا شوێنەواری نەماوە و پردی نوێ و لەسەر نەخشەی نوێی لە شوێن دروست کراوە.

گردی مامەیارە: دەکەوێتە ڕۆهەڵاتی سلێمانی، کارێزێکیش لە دامێنیایە (کارێزی وەستا شەریف). گردی مامەیارە زووتر گردی (گوڵان)یان پێ وتووە، بەوەدا کە هەندێک لەو کەسانەی لەکاتی خۆیدا تووشی نەخۆشی (پێست) بوون کە مردوون بۆ ئەوەی دووریان خەنەوە، تەرمەکانیان بردوون لە دووری شار ناشتوویانن، دوای ئەوە گردی (عەرەب)یان پێ وتووە، دەبێ یەکێک لە برا عەرەبەکان لەوێ نێژرابێت، دوای ئەوە (مامەیارە- یارە ئەحمەد) کە لە شوێنێکی ترا لەم کتێبەدا ناوی زیاتر هاتووە و قارەمانێک بووە لە سوپای بابانەکاندا، لەسەر وەسیەتی خۆی لەوێ نێژراوە.

شاعیر و فەیلەسووفی گەورەی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێرد، بۆ ژیانەوەی داوونەریتی نەورۆز و بۆ زیندووکردنەوەی ناوی مامەیارە، هەموو ساڵێک سەیرانی نەورۆزی دەبردە ئەوێ. یاپراخی دروست دەکرد کە خواردنێکی خۆییە لەوێ دەرخواردی خەڵکی دەدا و دەهۆڵ و زوڕناشی دەبرد شاییەکەی پێ دەگێڕا. تا پیرەمێرد مابوو، هەموو ساڵێک ئەم ئاهەنگەی دەگێڕا. ئێستا ئەوە نەماوە و دوای وەفاتی ئەویش هەر لەسەر وەسیەتی خۆی، لەسەر گردەکەی مامە یارە نێژرا.

جگە لەو شوێنانەی باسمان کردن، خەڵکی سلێمانی بۆ سەیران دەچوون بۆ تانجەڕۆ و کانی ماسی و لەوە پێشتریش بۆ تەوێڵە و بیارە و پیرەمەگروون و سەرچاوەی زەڵم و قۆپی قەرەداغ، ئێستاش هەر کەسێک گەڕێنی هەبێ دەچێ بۆ دووکان و دەربەندیخان و هەمیشەش بۆ سەرچنار.

## بەستی دووکان

مەبەست لە بنیاتنانی ئەم بەستە گەورەیە، گلدانەوەی ئاوی زێی بچووکە (زێی خواروو- زێی کۆیە)، تاکو ئاوەکەی بگەڕێتەوە، بەوە حەوزێکی گەورە (دەریاچە)یەک پێک بێنێ لە دەشتی بیتوێن و بناری بنگرد بەجۆرێک پانتایی ئاوی دەریاچەکە (٢٧٠) کیلۆمەتری چوار گۆشە دەبێت. ئەمە ئاوی باران و

لافاو گڵ دەداتەوە، بەجۆرێک کە ڕادەی ئاوەکە بگاتە سەد مەتر زیاتر و ٦،٨ ملیار مەتر موکەعەب ئاو بگرێت.

ساڵی ١٩٥٤ دەست کرا بە بنیاتنانی بەستەکە لەلایەن هاوکاری (دۆمێنربالوی فەرەنسییەوە) و ساڵی ١٩٥٨ تەواوی کرد، بۆیە دەڵێن (بەستی دووکان) چونکە ئەو شوێنە و گوندەکەی لەو ناوەدا بوو، (دووکان)یان پێ دەوت. بەستەکە بریتییە لە دیوارێکی کۆنکرێتی (خرسانە)، درێژییەکەی (٣٢٥) مەترە و بەرزاییەکەی (١٠٨) مەترە و لەلای دووکاندا دروست کرا چونکە ئاوەکە لەوێدا بە بەینی دوو چیادا تێ دەپەڕێ کە تەسکترین شوێنە بۆ بەرتەسککردنی چەمەکە. ئەم بەستە بە یەکێک لە پڕۆژە هەرە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوە بۆ کشتسازی دەژمێردرێت، کە ئەمە زیاتر چەمی (عظێم) دەبووژێنێتەوە بەهۆی جۆگەیەکەوە کە لەلای ئاڵتوون کۆپرییەوە ئاوەکە دەبات و دەیرێژێتە چەمی (خاسە)وە کە لقێکە لە رووباری (عظێم)، ئەوەتا لە (حەمرین)یش بەست دروست کرا[٣٦]، کە ئەویش بەشێک بوو لە تەواوکەری ئەم پڕۆژەی ئاوی دووکانە، تاکو رێژەنی ئاوەکە بەرز بکاتەوە. بەستی دووکان سێ قاپی گەورەی هەیە بۆ بەرەڵلاکردن و گرتنەوەی ئاوەکە و بۆ وەدەستهێنانی کارەبا. کارەباکەی دووکان ئەگەر هەمووی تەواو بێت، نزیکەی سەد هەزار کیلۆ وات کارەبا دەدات. ئەوەی ئێستا هەیە بەشێکی زۆری ناوچەی سلێمانی رووناک دەکاتەوە. هەر بۆ قایمکاری بەستێکی زیادەش لەگەڵ (رەحەتی)یەکی کۆنکرێتی گەورە دروست کراوە. بەستەکە توانای راگرتنی ئاوی بەرزایی (٥١٦) مەتر لە رووی دەریاوە هەیە. بەم بەستە بەغدا و خوارووی عێراقی لە مەترسی لافاو دوورخستەوە. دووکان لە پێشدا تەنیا دێیەک بوو سەر بە ناحیەی سووورداش، بەڵام لە دواییدا خۆی کرا بە ناحیە و ئینجا بە (قەزا)یەک لە

٣٦. زۆربەی ئەم زانیارییەم لە (المرشد. الرحلة الرابعة) ل٣٢ وەرگرتووە.

قـەزاكـانی سلێـمـانی و بوو بە شـارێكی گـەشـاوە و شـوێنی سـیـاحـەت و رابواردنی دانیـشـتـوانی سلێـمـانی بەتایبـەتی و سـەردانی هـەمـوو وڵاتی عێراق[٣٧] بەگشتی.

### بەستی دەربەندیخان

ئەم بەسـتـە دەكـەوێتـە سـەر چەمی سـیـروان و (٦٨) كیلۆمـەترە لە رۆژهـەڵاتی سلێـمـانیـیـەوە بەرەو خـوارەوەیە.. بەسـتـەكـە لە ژێرەوە بـە بەرد داڕێژراوە پانایییـەكـەی (٥٠٠) مـەترە و بەرزایییـەكـەی (١٣٥) مـەترە، حـەوزەكـەی كـە زۆربەی دەشـتـی شـارەزوور دەگـرێتـەوە، (٣,٥) ملیـار مـەتر مـوكـەعـەب ئاو دەگـرێت و رەنگ هـەیە نزیكەی (١١٣) هـەزار كـیـلـۆوات كـارەباش بدات. بەستەكە سێ قاپی هەیە لەگەڵ دوو شیوی ئاوەڕۆ (نفق) یەكێكیان دەمەكەی (قطر)ەكەی شەش مەترە و ئەوی تریان نۆ مەترە.

ئەم بەسـتە سـاڵی ١٩٥٥ دەسـتی پێ كرا و سـاڵی ١٩٦٢ كۆتایی پێ هات، بۆ ئەوە دروسـت كـرا كـە لافـاوی چەمی سـیـروان گل بداتەوە لە زسـتـان و بەهـاردا و لە هاویندا ئـاوەكـە بـەر بدرێتــەوە كـــە لە نـاوچەی دیالـەوە بەرەو خوارتر سوودی بۆ كشتوكاڵ لێ وەربگیرێ. هـەروەها ئەم بەسـتە سوودی بۆ بەرهـەمهێنانی كارەبا زۆرە.

ئەوەی شایانی باسە دەربەندیخان لە پێشدا وەک دووكان دێیەک بوو بەڵام لە دواییـدا بەهۆی ئەم بەسـتـەوە مـەركـەزی ناحـیـەی (وارمـاوا) لـە (فـەقێ جنە)وە گوێزرایەوە دەربەندیخان و لە ساڵی ١٩٧١دا بوو بە (قەزا).

٣٧. دلیل الجمهوریة العراقیة لسنة ٩٦٠ ل٧٠٣.

بەشی فەرماندار و وەزیر و سەرۆکەکانی شارەوانی و

نۆشدار و پارێزەران

## ١٧

## فەرماندار (حاكم و متصرف)ەكانی سلێمانی

## لە ڕۆژی دروستكردنیەوە تاكو ساڵی ١٩٥٨

| ساڵی حوكم | چەند مانگ | چەند ساڵ | حاكم یاخۆ موتەسەڕیف |
|---|---|---|---|
| ١٧٨٤ | | | ئیبراهیم پاشا كوڕی ئەحمەد پاشای بابان دروستكەری شاری سلێمانی |
| ١٧٨٦ | | ٢ | عوسمان پاشا كوڕی مەحموود پاشای بابان |
| ١٧٨٧ | – | ١ | ئیبراهیم پاشا (دیسانەوە) |
| ١٧٨٩ | – | ٨ | عەبدولڕەحمان پاشا كوڕی مەحموود پاشای بابان |
| ١٧٩٧ | – | ٥ | ئیبراهیم پاشا (دیسانەوە) |
| ١٨٠٢ | – | ٢ | عەبدولڕەحمان پاشا (دیسانەوە) |
| ١٨٠٢ | – | – | عەلی پاشا |
| ١٨٠٣ | – | ١ | عەبدولڕەحمان پاشا (دیسانەوە) |
| ١٨٠٤ | – | ١ | خالید پاشای بابان (دیسانەوە) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەبدولڕەحمان پاشا (دیسانەوە) | – | ٣ | ١٨٠٤ |
| سلێمان پاشا کوڕی ئیبراهیم پاشای بابان | ٤ | – | ١٨٠٨ |
| عەبدولڕەحمان پاشا (دیسانەوە) | ٣ | – | ١٨١١ |
| مەحموود پاشای بابان کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا | – | – | ١٨١٣ |
| عەبدوڵڵا پاشای بابان | – | – | ١٨١٤ |
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ؟ |
| عەبدوڵڵا پاشا (دیسانەوە) | ٢ | – | ١٨٢١ |
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ١ | – | ١٨٢٣ |
| محەمەد پاشای بابان کوڕی خالید پاشا | ٢ | – | ١٨٢٤ |
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ١ | – | ١٨٢٧ |
| سلێمان پاشای بابان کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا | – | – | ١٨٢٨ |
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ؟ |
| سلێمان پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ؟ |
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ١٨٢٩ |
| سلێمان پاشا (دیسانەوە) | ٤ | – | ؟ |
| ئەحمەد پاشا بابان کوڕی سلێمان پاشا | ؟ | ؟ | ١٨٣٧ |
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ٤ | ؟ | ؟ |
| ئەحمەد پاشا (دیسانەوە) | ٤ | ؟ | ؟ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەحموود پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ؟ |
| ئەحمەد پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ١٨٤٧-١٨٥٠ |

## کوژانەوەی فەرمانڕەوایی میرەکانی بابان

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەبدوڵڵا پاشای بابان (سەر بە عوسمانییەکان) | ؟ | ؟ | ؟ |
| قادر پاشای بابان | ؟ | ؟ | ؟ |
| عەبدوڵڵا پاشا (دیسانەوە) (حوکمی راستەوخۆی عوسمانییەکان) | ؟ | ؟ | ١٨٥٠ |
| ئیسماعیل پاشا | ؟ | ؟ | ١٨٥٠ |
| نووری پاشا | ؟ | ؟ | ؟ |
| مەزهەر پاشا | ؟ | ؟ | ؟ |
| ئیبراهیم پاشای ماردینی | ؟ | ؟ | ١٨٧٠-١٨٧٤ |
| ئەشرەف پاشا | ؟ | ؟ | ؟ |
| مەزهەر پاشا (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ؟ |
| ئیبراهیم پاشای ماردینی (دیسانەوە) | ؟ | ؟ | ؟ |
| سابت پاشا | ؟ | ؟ | ١٨٧٧ |
| زیوەر پاشا | ؟ | ؟ | ؟ |
| عالم پاشا | ٦ | ؟ | ١٨٧٩-١٨٨٥ |
| رەووف پاشا | ؟ | ؟ | ؟ |
| تاهیر پاشا | ١ | - | ١٨٨٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەهرام پاشای دیاربەکری | ١ | – | ١٨٨٧ |
| عەلی ڕەزا پاشای ئەرزەروملی | ١ | – | ١٨٨٨ |
| میرلوا راسم پاشا | ٣ | – | ١٨٨٩-١٨٩٢ |
| عەبدولڕەحمان پاشا | ١ | – | ١٨٩٣ |
| ساڵح پاشای کرکوکلی | | | ١٨٩٢-١٨٩٣ |
| رەفعەت بەگ | ١ | | ١٨٩٤-١٨٩٥ |
| غالیب پاشا | ١ | | ١٨٩٥-١٨٩٦ |
| عەبدوڵلا پاشای دیرەلی | ١ | | ١٨٩٧ |
| ئەلیاس سامی بەگ | ١ | | ١٨٩٨-١٨٩٩ |
| ساڵح سالم پاشا | ١ | – | ١٩٠٠-١٩٠١ |
| جەمال بەگ | ١ | – | ١٩٠٢ |
| ساڵح وەسفی ئەفەندی | ١ | – | ١٩٠٣ |
| تۆفیق پاشا | ١ | – | ١٩٠٤-١٩٠٥ |
| زیاء پاشا | ١ | – | ١٩٠٦ |
| حوسێن بەگ | ١ | – | ١٩٠٧-١٩٠٨ |
| بایرام فەهمی بەگ | ٢ | | ١٩١٢-١٩١٤ |
| شەوقی بەگ | ٢ | | ١٩١٢-١٩١٤ |
| مەقسوود بەگ | ١ | – | ١٩١٤-١٩١٥ |
| علی ڕەزا بەگ (حوکمی ئینگلیز و شێخ مەحموود) | ٢ | – | ١٩١٦-١٩١٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩١٨ تشرین دووەم | | | میتجەر نۆئیل |
| ١٩١٨ | ٧ | ١ | شێخ محموود (جاری یەکەم) |
| ٩١٩ حزیران- ٩٢١ | ٨ | ١ | مێجەرسۆن |
| ٩٢١نیسان-٩٢٢ ایلول | | ١ | گۆلد سمیس |
| ٩٢٢تشرینی ٢-٩٢٣مارت | ٥ | - | شێخ محموود (جاری دووەم) |
| ٩٢٣مایس-٩٢٣تەمووز | ٢ | - | ئینگلیزەکان |
| ٩٢٣تەمووز-٩٢٤حزیران | - | ١ | شێخ محموود جارێکی تر (دژی ئینگلیز و لە شەڕدا) |
| ٧-٣-١٩٢٥ | | - | ئەحمەد بەگ توفیق بەگ (متصرف) |
| ١٩-٤-١٩٢٧تا٩-٥-١٩٣٠ | ١ | ٣ | ئەحمەد عوسمان هەولێری |
| ١١-٥-٩٣٠تا ٢٢-٨-٩٣٠ | ٣ | - | تۆفیق وەهبی |
| ٢٨-٩-٩٣٠تا ٢٤-٤-٩٣٥ | ٨ | ٤ | ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ (دیسانەوە) |
| ١-٥-٩٣٥تا ١٢-٧-٩٣٦ | ٢ | ١ | ساڵح زەکی ساحیبقران |
| ٢٥-٧-٩٣٦تا ٣٠-٩-٩٣٧ | ٢ | ١١ | ناجی هرمزی (وکیل- جێگر) |
| ١-١٠-٩٣٧تا ١٧-٢-٩٣٩ | ٤ | ١ | مەجید یەعقوبی |
| ١٣-٢-٩٤٠تا ١-٧-٩٤٠ | ٤ | - | حاجی رەمەزان پاشا |
| ٨-٧-٩٤٠ | ١٠ | - | حەمید عەبدومەجید صرصر |
| ٥-٥-٩٤١تا ٢٧-٦-٩٤١ | ٢ | - | حوسێن فەوزی |
| ٢٨-٦-٩٤١تا٢٣-١٠-٩٤٣ | ٤ | ٢ | شێخ مصطفی قەرەداغی |
| ٣١-١٠-٩٤٣تا ٥-٢-٩٤٤ | ٣ | - | وەفیق حەبیب |
| ١٢-٢-٩٤٤تا ٥-٨-٩٤٤ | ٦ | - | لیوا بەهائەدین نووری |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧-٨-٩٤٤تا ٣-٤-٩٤٦ | ٨ | ١ | مەعروف جیاووک |
| ١٨-٥-٩٤٦تا ٢٧-٦-٩٤٦ | ٢ | - | مووسا شاکر |
| ١١-٨-٩٤٦تا ١٧-١-٩٤٨ | ٥ | ١ | حەسەن تاڵەبانی |
| ١٩-١-٩٤٨تا ١٣-٤-٩٤٨ | ٢ | - | سەید عەلی حیجازی |
| ١١-٥-٩٤٨تا ١٢-٩-٩٤٨ | ٤ | - | جەمیل رەشید (وکیل- جێگر) |
| ٢١-٩-٩٤٨تا ٤-١١-٩٤٨ | ٢ | - | داود سلێمان (وکیل- جێگر) |
| ٥-١١-٩٤٨تا٢١-١١-٩٥٠ | - | ٢ | نەجمەدین سائیب |
| ٢-١٢-٩٥٠تا ٣-٢-٩٥٢ | ٣ | ١ | جەلال خالید |
| ٢٨-٢-٩٥٣تا ٢٠-٧-٩٥٤ | ٥ | ١ | مزاحم ماهیر |
| ٢٢-٧-٩٥٤تا١٦-٩-٩٥٤ | ٢ | - | شامل یەعقوبی |
| ١٧-٩-٩٥٤تا ١٦-٥-٩٥٧ | ٨ | ٢ | لیوا عومەر عەلی (وکیل- جێگر) |
| ١٨-٥-٩٥٧تا ٤-٩-٩٥٨ | ٤ | ١ | عەبدومتەلیب ئەمین ئەلهاشمی (جاری یەکەم) |

## ١٨

## وەزیرەکان کە لە رەگەزدا خەڵکی سلێمانین

ئەو وەزیرانەی لە وەزارەتەکانی عێراقدا لە سەرەتای حوکمی نیشتمانییەوە هاوبەشییان لە حوکمدا کردووە[١]، تا ساڵی ١٩٥٨ کە بەرەگەز دەگەڕێنەوە سەر شاری سلێمانی:

- وەزارەتی جەعفەر عەسکەری ساڵی ١٩٢٦. محەمەدئەمین زەکی (ئەمین زەکی بەگ). وەزیری (اشغال و مواصلات).
- وەزارەتی تۆفیق سوێدی ساڵی ١٩٢٩. محەمەد ئەمین زەکی وەزیری (دفاع).
- وەزارەتی موحسین سەعدون ١٩ ئەیلول ١٩٢٩. محەمەد ئەمین زەکی وەزیری (اشغال و مواصلات).
- وەزارەتی ناجی سوێدی ١٨ تشرینی دووەم ١٩٢٩. محەمەدئەمین زەکی وەزیری (اشغال و مواصلات).
- وەزارەتی نووری سەعید ١٩ تشرینی یەکەم ١٩٣١
  (١) محەمەدئەمین زەکی وەزیری (اشغال و مواصلات).
  (٢) جەمال بابان وەزیری (عدلیة).
- وەزارەتی ناجی شەوکەت ٣ تشرینی دووەم ساڵی ١٩٣٢. جەلال بابان وەزیری (اقتصاد و مواصلات).
- وەزارەتی رەشید عالی گەیلانی ٢٠ ئادار ١٩٣٣. جەلال بابان (دفاع).

١. دلیل الجمهوریة العراقیة ١٩٦٢.

- وەزارەتی جەمیل مەدفەعی ٩ تشرین دووەم ١٩٣٣. جەمال بابان (عدلیە).

- وەزارەتی عەلی جەودەت ئەیوبی ٢٧ ئاب ١٩٣٤. جەمال بابان (عدلیة).

- وەزارەتی جەمیل مەدفەعی ٤ ئادار ١٩٣٥. محەمەد ئەمین زەکی (اشغال و مواصلات).

- وەزارەتی یاسین هاشمی (٧) ئادار ١٩٣٥ محەمەد ئەمین زەکی (اشغال و مواصلات).

- وەزارەتی جەمیل مەدفەعی (١٧) ئاب ١٩٣٦ جەلال بابان (اشغال و مواصلات. وەکیلی مالیە).

- وەزارەتی نووری سەعید (٥) نیسان ١٩٣٩ جەلال بابان (اشغال و مواصلات).

- وەزارەتی رەشید عالی گەیلانی ٣١ ئادار ١٩٤٠ محەمەدئەمین زەکی (اقتصاد).

- وەزارەتی جەمیل مەدفەعی (٢) حوزەیران ١٩٤١. جەلال بابان (اشغال و مواصلات).

- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٤١/١٠/١٩

(١) محەمەدئەمین زەکی (اشغال و مواصلات).

(٢) جەمال بابان (شؤون أجتماعیە).

- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٤٢/١٠/٨

(١) ئەحمەد موختار بابان (شؤون أجتماعیە).

(٢) جەلال بابان (مالیە).

- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٤٣/١٢/٢٥

(١) ئەحمەد موختار بابان (عدلیە).

(٢) ماجد مستەفا (وەزیری دەولە).

- وەزارەتی حەمدی پاچەچی ٤ حوزەیران ١٩٤٤٠ تۆفیق وەهبی (أقتصاد)
- وەزارەتی حەمدی پاچەچی ٢٩ ئاب ١٩٤٤
(١) ئەحمەد موختار بابان (عدلیە).
(٢) تۆفیق وەهبی (أقتصاد).
- وەزارەتی تۆفیق سوێدی ١٩٤٦/٢/٢٣ ئەحمەد موختار بابان (شؤون اجتماعية).
- وەزارەتی ئەرشەد عومەری ١٩٤٦/٦/١ بابا عەلی شێخ مەحموود (أقتصاد).
- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٤٧/٣/٨ بابا عەلی شێخ مەحموود (أقتصاد).
- وەزارەتی صالح جەبر ٩٤٧/٣/٢٩ جەمال بابان (عدلية و وەكیلی أقتصاد).
- وەزارەتی محەمەد صەدر ١٩٤٨/١/٩ جەلال بابان (اشغال و مواصلات).
- وەزارەتی مزاحم پاچەچی ١٩٤٨/٦/٢٦ جەلال بابان (اشغال و مواصلات و وەكیلی شؤون اجتماعية).
- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٤٩/١/٦ جەلال بابان (اشغال و مواصلات و وەكیلی أعمار).
- وەزارەتی تۆفیق سوێدی ١٩٥٠/٢/٥ تۆفیق وەهبی (شؤون أجتماعية)
- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٥٠/٩/٢٥ ماجید مستەفا (شؤون أجتماعية)
- وەزارەتی مستەفا عومەری ١٩٥٢/٧/١٢
(١) جەمال بابان (عدلية).
(٢) ماجید مستەفا (شؤون أجتماعية).
- وەزارەتی نوورەدین مەحموود ١٩٥٢/١١/٢٣ ماجد مستەفا (شؤون

أجتماعية). دوای دەرچوون (استقالة)ی (سەعید قەزاز) لە شوێنی دانرا.

- وەزارەتی جەمیل مەدفەعی.

(١) ئەحمەد موختار بابان (عدلیە).

(٢) ماجید مستەفا (شؤون اجتماعیە).

- وەزارەتی جەمیل مەدفەعی ١٩٥٣/٣/٧ ماجید مستەفا (شؤون اجتماعیة)

- وەزارەتی فاضل جەمالی ١٩٥٤/٣/٨ ئەحمەد موختار بابان (نائبی سەرەک وەزیران).

- وەزارەتی ئەرشەد عومەری ١٩٥٤/٤/٢٩ سەعید قەزاز (داخلیة).

- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٥٤/٨/٣.

(١) سەعید قەزاز (داخلیە).

(٢) ئەحمەد موختار بابان (وەزیری دەولە).

- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٥٥/١٢/١٧

(١) ئەحمەد موختار بابان (نائبی سەرەک وەزیران).

(٢) سەعید قەزاز (داخلیە).

- وەزارەتی عەلی جەودەت ئەیوبی ١٩٥٧/٦/٢٠ ئەحمەد موختار بابان (دفاع و وەکیلی معارف).

- وەزارەتی عەبدولوەهاب مەرجان ١٩٥٧/١٢/١٥

(١) سامی فەتاح (داخلیە).

(٢) مەحموود بابان (صحة).

- وەزارەتی نووری سەعید ١٩٥٨/٣/٣

(١) سەعید قەزاز (داخلیة).

(٢) سامی فەتاح (شؤون اجتماعیة).

(٣) مەحموود بابان (وةزيري دةولة).

- وەزارەتی ئەحمەد موختار بابان[٢] ١٩٥٨/٥/١٩

(١) سەعید قەزاز (داخلية).

(٢) مەحموود بابان (وەزیری دەوله).

- وەزارەتی عەبدولکەریم قاسم ١٤ تەمووزی ١٩٥٨

(١) باباعەلی شێخ مەحموود (اشغال و مواصلات).

(٢) دوای یەینێک فؤاد عارف (وەزیری دەوله و وەکیلی وەزیری زراعه).

(٣) دوای بەینێک: حەسەن رەفعەت (وەزیری اشغال و اسکان)[٣].

٢. سەرچاوەی پێشوو. ئەحمەد موختار بابان یەکەم کەسە لە کورددا کە بووبێت بە سەرۆک وەزیران واتا وەزارەتی پێکهێنابێت. دوا سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پاشایەتیش بوو دوای ئەوە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ی بەسەرا هات و (جمهوریەت) شوێنی رژێمی پاشایەتی (ملکی) گرتەوە.

٣. سەرچاوەی پێشوو.

## ١٩
## سەرۆکەکانی شارەوانی سلێمانی

ئەوەندەی ئێمە بزانین بەتایبەتی لە پشکنین و گەڕانماندا بە (سجلات)دا، لەکاتێکدا کە لە شارەوانی بووین لە (١٩٦٧-١٩٦٩)دا کەوا شارەوانی لە سلێمانیدا لە بەینی ساڵەکانی ١٩٠٥-١٩٠٧دا دامەزراوە.

ئەمانەش ناوی سەرۆکەکانی شارەوانی سلێمانی بوون[٤]:

١- عەلی بەگی حەمە بەگی بابان (باوکی فائق بەگ). لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بوو.

٢- سەید ئەحمەدی بابارەسوڵ.

٣- ئاغا فەتحوڵڵا (باوکی تۆفیق ئەفەنی).

٤- غەفوور ئاغای حاجی عەبدوڵڵا (باوکی ئەحمەد ئاغا).

٥- محێدین ئەفەنی قادرە فەنی (مدیری ڕێژی و وەکیلی سەرۆکی شارەوانی) ساڵی ١٩١٤.

٦- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ ساحیبقڕان (حەمدی) ساڵی ١٣٣٥ک واتا (١٩١٦-١٩١٧ز) تا ئێرە سەردەمی حوکمی عوسمانییەکان بوو.

٧- عەبدوڵڵا بەگی حاجی حوسەین ئەفەنی محەمەد ئاغا (باوکی مەجید

---

٤. لە بڵاوکراوەی (سلێمانی)یەوە وەرگیراوە. لە راستیشدا ئەو نووسینە هەر (من) نووسیومە و منیش وێنەی هەموو سەرۆکەکانی شارەوانیم کۆ کردەوە و گەورەم کردن و لە ژووری (سەرۆک)دا ئەو وێنانەم هەڵواسی، بەداخەوە نازانم ئێستا چییان بەسەر هاتووە!.

یاوەر) لەکاتی فەرمانڕەوایی مێجەر سۆندا لە حوزەیرانی ۱۹۱۹وە تاکو مارتی ۱۹۲۱ (کە ئەمە بەشێکیش لە حوکمی شێخ مەحموود دەگرێتەوە).

٨- ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا (۱۳ی شوباتی ساڵی ۱۳٤۰ی رۆمی).

٩- عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف (٥)ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۳ کە ئەمەش حوکمی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکان دەگرێتەوە.

١٠- سەید کەریم ئەفەنی سەید ئەحمەدی بابا رەسوڵ (۱۷)ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۳ ئەمەش هەر سەردەمی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکان دەگرێتەوە.

١١- مەحموود ئەفەنی قادر ئاغا (یەکەم جار) (۲۱)ی تەمووزی ساڵی ۱۹۲٤ لەکاتی (ئینگلیزەکان)دا بوو.

١٢- یەکتا بەگی مستەفا بەگ، لە (۲٦)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (۱۹۳۱)ەوە تا (۲۲)ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۳٥.

١٣- مەحموود ئەفەنی قادر ئاغا (بۆ جاری دووەم) لە (۳۰)ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۳٥وە (کە لە مدیریەتی أموالی قاصرینەوە لە کەرکووکەوە گوێزرایەوە بۆ شارەوانی سلێمانی) تاکو (۳۰)ی مایسی ۱۹٤٤ی خایاند.

١٤- قادر ئاغای حاجی مەلا محێدین (یەکەم جار) لە ۱۹٤٤/٥/۸وە تاکو ۱۹٥۰/۸/۲.

١٥- رەشید غەفوور لە ۱۹٥۰/۸/۳ وە تاکو ۱۹٥۱/۱۲/۱.

١٦- قادر ئاغای حاجی مەلا محێدین (دووەم جار) لە ۱۹٥۱/۱۲/۱وە تا ۱۹٥٤/۸/۲۱.

١٧- فائق هوشیار لە ۱۹٥٤/۸/۲۰ وە تا ۱۹٥٦/۸/٥.

١٨- عەبدوڵڵا بەگی حەمە عەلی بەگ (وەکیل).

١٩- حەسەن رەفعەت لە ١٩٥٦/١١/٦وە تاکو تەمووزی ١٩٥٨.

٢٠- شاکیر فەتاح لە ١٩٥٨/٨/٥وە تا ١٩٦١/١٢/٢٤.

٢١- محەمەد ساڵح ژاژیلە (وەکیل) لە ئابی ١٩٦١ تاکو ١٩٦٣/٦/٩.

٢٢- عیزەت سەعید کابان لە ١٩٦٣/٦/٩وە تا ١٩٦٧/١٢/٢١.

٢٣- جەمال عەبدولقادر بابان لە ٩٦٧/١٢/٢٣وە تا ١٩٦٩/١٠/١٠.

٢٤- هوشیار تاهیر یەحیا بابان.

٢٥- عەبدول سۆران.

لەم بەینەدا گەلێکی تر هاتن بەڵام بەداخەوە، چەند جار داوامان لە شارەوانی کرد ناوەکانیان و ماوەی ئیشکردنمان بۆ بنێرن، ئێستاش کەس وەڵامی نەداینەوە. ئێستا[٥] سەرۆکی شارەوانی ئەندازیار کاک نەورۆزی کوڕی حەمە سەعید ئاغای عەبدوڵڵا ئاغایە.

---

٥. ساڵی ١٩٩١.

## ٢٠

## نۆشدار- پزیشکەکان

ئەم پزیشکانە (یاخـۆ وەک ئەمـڕۆ دەڵێن ئەم نـۆشـدارانـە) بێ خـوێندن و بێ نەخـۆشخـانە و لە ئەنجامی (پێویستی- حاجە) و تاقیکردنەوە و ئیشکردن (ممارسة)، ئەم زانیارییانەیان وەدەست هێناوە.

باسـەکە لەکاتی خـۆیدا بەهـۆی خوا لێخـۆشبـوو مامـۆسـتا مـەلا نەجمـەدین دەستم کەوت کە ئەویش لەسەر واتەی (سـەید عەلی سەید مستەفا) کە خۆی دەستی پزیشکی هەبووە و (مـەلا عـەلی سـەنجـەری) کـە هەمـوو گۆشـەیەکی کوردستان گەڕاوە و (کاکە رەشیدی هەمـەوەند) کە پیاوێکی زۆر بە تەمـەن بووە. لەسەر واتەی ئەو شارەزایانە نووسیبوونیەوە. پزیشکەکانیش ئەمانەن:

- کـەرەم بەخش، پزیشکێکی تایبـەتی سلێـمان پاشای بابان (سلێـمـان پاشای گەورەی قەڵاچوالان کە بەدەستی فەقێ برایم ناوێک کوژرا).

- میرزا بەدیعی حەکیم باشی (بەدیعی باباجان).

لە سـەردەمی سلێـمان پاشای کـوڕی ئـەوڕەحمـان پاشادا بـووە واتا لە ١٨٢٨ بەملاوە تا سەردەمی عەبدوڵڵا پاشای کوڕی سلێمان پاشا ١٨٤٥.

لە بەڵگەنامـەیەکدا[٦]، هاتووە دەڵێت (تم ایضا حسب رغبة جناب المستغنی عن الالقاب، ملك الاطباء، العامل علی منشأ من الحذق، میرزا بدیع حکیم باشی، في بلدة السلیمانیة في ایام حکومة ذي الجاه العالي والمقام المعلی...

٦. مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە کۆواری (کاروان) ژمارە، (١٩)ی نیسانی ١٩٨٤. هەروەها مامۆستا حسێن بەرزنجی کە لەوی وەرگرتووە لە کۆواری (رۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٧) ئاداری ساڵی ١٩٨٨ نووسینە عەرەبییەکەی سەرەوەی بڵاو کردووەتەوە.

اعني امير الامراء العظام عبدالله پاشا ابن المرحوم المبرور الساكن في الجنان سليمان باشا بابان طاب ثراه وجعل الجنة مثواه، و انا الحقير أقل الدعاة عبدالرحمن النوتشى الاورامي الساكن في بلدة سنندج في شهر جمادي الثانية في سنة ١٢٦٢هـ)[٧].

وەک کاکە حەمەی مەلا کەریم دەفەرموێ، نازناوی باباجان لەلایەن میری میرانی بابانەوە پێ بەخشراوە، ئەویش لە (بابە گیان- بەبە جیان)ەوە بووە بە (باباجان)و دێی هۆمەرە کوێریشی پێ بەخشراوە، سەرگوزشتەکەش بەمجۆرەیە: گوایە میرزای حەکیم باشی جارێک روو دەکاتە سلێمانی، سەیر دەکات، شار خرۆشاوە دووکان داخراوە دایەرەی میری نییە، کە دەپرسێ ئەمە چییە؟ پێی دەڵێن کوڕی پاشا مردووە ئەمیش دەچێتە ئەوێ و کاتێک سەیری ئەو ئاوە دەکات کە مردووەکەی پێ شۆرراوە، گورج دەڵێ ئەم کوڕە نەمردووە، گوایە ئەو ئاوەی مردووی پێ دەشۆردرێ دەگۆڕدرێت و جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاوێکدا کە زیندوو خۆی پێ دەشوات (جۆرە گۆڕانێک بەسەر ئاوەکەدا دێت، مەگەر ئەمە، هەر ئەو جۆرە پیاوانە دەرکی پێ بکەن) داوا دەکات کوڕەکە هێشتا نەنێژراوە، بیبینێ، کوڕەی بۆ دێنن، ئەویش سەر دەخاتە سەر ڕانی و دەست دەکات بە شێلان و دەرمانکردن و جووڵاندنی لە پڕێکدا کوڕە دەپژمێ و چاو دەکاتەوە دەڕوانێ سەری وا لەسەر ڕانی پیاوێکە وا دەزانێ باوکییەتی، بۆیە دەڵێ (بابە گیان). لەبەر ئەوەی میرزا بەدیع پیاوێکی پسپۆڕ و خواناس و پیاوچاک بووە حەزرەتی کاک ئەحمەدی شێخ کچەکەی میرزا بەدیع لە (شێخ محەمەدی بچکۆلە)ی کوڕی مارە دەکات[٨].

زیرەکی و توانای میرزا بەدیعی باباجان لە زانستی ئەو رۆژەی پزیشکیدا،

---

٧. ١٨٤٥م.

٨. کە ئەو ئافرەتە دەبێ بە دایکی (حاجی سەید عومەر و حاجی سەید حەسەن و زەینەب خان). ژنی میرزا بەدیع خۆشی، (ئامینە خانم) بووە لە نەوەی زوڵاڵ ئاغای (هەمەوەند) کە لە دوازدە سوارەی مەریوانە.

له هەموو کوردستان و شوێنەکانی دەوروپشتیدا دەنگی دابووەوە[9].

- حسین ئەفەنی باباجان[10].

کوڕی میرزا بەدیعی باباجانە، لە سلێمانی لە ساڵی ١٨٧٠دا هاتووەتە جیهانەوە پزیشکی و دەرمانگەری لەسەر دەستی باوکیدا فێر دەبێ و لە خزمەتی کاک ئەحمەدیشدا خوێندنی ئاینی و ڕێزمان و شەریعەت و ڕەوشت و خواناسی... فێر دەبێ و تەریقەتیشی لێ وەردەگرێ. دوای ئەوەی دەبێتە خوێندەوارێکی باش و دوازدە عیلم و باوکی دەمرێ، لەو کاتەدا دەبیسێ کە لە وڵاتی عوسمانی دانشگای پزیشکی کراوەتەوە ئەمیش وەک قوتابییەک ڕوو دەکاتە (ئاستانە- ئەستەمبوڵ) و لە ساڵی (١٩٠٤)دا خوێندن تەواو دەکات، باسێکی گرینگیش پێشکێش بە دانشگاکە دەکات، دەوڵەتی عوسمانیش بە شانازییەوە بە (مقدم طبیب) لە سوپای چواردا دایدەمەزرێنێ... ئیتر بە ڕەفتاری جوان و کردەوەی بەرز و بەهۆی پیشە بەرزەکەیەوە زۆر پێش دەکەوێ تاکو سوڵتان عەبدولحەمید، فەرمانی بۆ دەردەکات کە ببێتە کلیل بەدەستی (کەعبەی پیرۆز) لە (مەککە).. سەرەڕای دوکتۆرییەکەی بەڵام ئەم عوزرخوایی دێنێتەوە، چونکە نەیویستووە لە دایکە دڵسۆزەکەی دوور بکەوێتەوە لەسەر ئەوە سوڵتان ڕقی لێ هەڵدەگرێ، لە زەمانی سوڵتان ڕەشاددا خانەنشین دەکرێ و لە کەرکووک دادەنیشێت، تا لە سەفەرێکیدا بۆ سلێمانی فەرمانی یەزدان لە ساڵی ١٩٢٤دا بەجێ دەهێنێ. دوکتۆر حسێن بێجگە لە هونەری پزیشکی، پیاوێکی شاعیر و زمانزان بووە جگە لە کوردی، تورکی و فارسیشی زانیوە و شیعریشی بەو زمانانە وتووە. ئەو کتێبانەی لە دوای بەجێ ماون (ملهمة الفلکیات) و (لغات تشریحیة) و (شرح الاعضان)ن.

---

٩. نازانم هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوونەی میرزا بەدیع لە ڕووی زانیارییەوە تا چ ڕادەیەکە؟

١٠. سەیری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١١٧) ساڵی ١٩٨٨ بکە. ئەم حوسێنە فەندییە، باوکی هونەرمەندی دانا و کارامە و بەناوبانگ خوا لێخۆشبوو مامۆستا بەدیع باباجانە.

## حەکیمەکانی ئەم دواییە

بەگوێرەی نامەیەکی مەلا نەجمەدین کە لەم بابەتەوە بۆی ناردووم ئەمانەن:

– (سەید مستەفا کوڕی سەید قادر)[11] پزیشکێکی هونەرمەند بووە.

جارێک لە قەراغ شاری سلێمانی، دەستەیەک کوڕگەل شەڕەتۆپ دەکەن، تۆپی ئەو کاتەش لە فوتبۆڵی ئێستا بچووکتر لە چەرم دروست دەکرا و ناوەکەی پڕ دەکرا لە ساچمەی قورقوشم بە یەکیاندا دەماڵی. لەو شەڕەتۆپەدا، تۆپێک بەر کاکیلەی خوا لێخۆشبوو (میرە سوورەی نەقیب) دەکەوێ کاکیلە دەجوولێنێ. سەید مستەفا دەرمانێک لە دەم و دان و کاکیلەی میرە سوورە دەدا، تا تەمەنی دەگاتە (٩٥) ساڵی و کۆچی دوایی دەکات، دانێکی ناکەوێ سەرەڕای ئەوەی کاکیلەشی چاک دەکاتەوە.

– لە جوولەکەکانی سلێمانی (حەکیم برایم) و عەزەی کوڕی (عەزەی حەکیم برایم) و ژنەکەی لە هونەری پزیشکیدا، زۆر بە دەسەڵات بوون، گەلێک نەخۆشیان چاک کردووەتەوە.

ناویان ئێستاش لەسەر زاری بەتەمەنەکانی شاری سلێمانین[12].

– شێخ فەتحوڵڵا: لە هونەری پزیشکیدا لە چاخی خۆیدا زۆر زانا بووە. ئەمە مامی باوکی شێخ نووری شێخ ساڵحی شاعیری مەزنە.

– شێخ رەشید کوڕی شێخ فەتحوڵڵا: ئەمیش پزیشکێکی وریا بووە و

١١. باوکی سەید عەلی کە لەمەوپێش ناوی برا. سەید عەلیش دەستی داو و دەرمانگرتنەوە و پزیشکی هەبوو.

١٢. (من خۆم لە ئەوڕەحمان بەگی بابانم بیستووە دەیوت: "گرانەتایەکی زۆر قورسم گرتبوو. عەزەی حەکیم برایم بە شەربەتی گەزۆ و گوڵە وەنەوشە چاکی کردمەوە، گەلایەکیشی دەدامێ دەمکولان بۆ رەوانی).

هەروەها وەکو بیستوومە لە ساڵی ١٩٢١دا شێخ محەمەدی خاڵ (کە ئەوسا گەنج بووە) تووشی (ذات الجنب) دەبێت. فەرحەی ژنی عەزەی حەکیم برایم بە ماجومەکەی (ابو علی ابن سینا) چاکی کردووەتەوە).

دەبێ بە پوورزای نەجمەدین مەلا.

– حەمەی نادر[١٣]: لە ئێلی سمایل عوزەیری بووە، لە هونەری برین چاککردنەوە (جراحیة)دا بە (گژوگیای دەرمان) زۆر بەدەسەلات و شارەزا بووە. زۆر کەسی وابوون بە چەند گوللەیەک بریندار کراون، ئەو بە هەفتەیەک چاکی کردووەتەوە. لە سییەکاندا جیهانی بەجێ هێشتووە.

– ئامە تەتە: ئافرەتێکی لێهاتوو بووە، گەلێک نەخۆشی فەرەنگی و ئاتەشەکی بە گژوگیای دەرمان چاک کردووەتەوە ئیتر ببڕای ببڕ ئەو نەخۆشییە هەڵی نەداوەتەوە، لە ساڵەکانی سییەکاندا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

– خەجێ شەل: ئەم ژنە تیمارکەری برین (جراح)ێکی زۆر چاک بووە، رەنگ هەیە لە دەوروپشتی ١٩١٠دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنابێت، کوڕێکی هەبوو رەشید ئاغا پیاو ماقووڵی سەید ئەحمەدی بابارەسوڵ بووە.

– حوسێن قازانی: خەڵکی گوندی (قازان)ی ناوچەی سورداش بوو، ئەمیش تیماری برینی دەکرد. رەنگ هەیە لە بیستەکاندا جیهانی بەجێ هێشتبێ.

– مام ئەمین- مینە حەکیم: خەڵکی گوندی (سوورەبان)ی ناوچەی (ئالان) بووە، ئەمیش هونەرەکەی لە چاککردنەوەی بریندا بووە.

– مەولەوی: ئەمە مەولەوی شاعیر نییە، بگرە پیاوێکی زانا و خوێندەواری خەڵکی شاری (بانە) بووە، هاتووەتە سلێمانی پزیشکی کردووە نەخۆشی پێست (کەچەڵی) و (گول)ی چاک کردووەتەوە.

شیعرێکی پیرەمێرد هەیە لە بابەت (تشخیص)ی نەخۆشی لەلایەن مەولەوییەوە دەڵێت:

---

١٣. باوکی عوسمانی حەمە نادر و باپیری دوکتۆر بەکرە.

ئاغای شیوەکەڵ یەکێکیان تیا بوو
کە ئاغال ئاغای قادراغای ناو بوو
پێی بریندار بوو لێی کرد بە خۆرە
ئەهاتنە سەری، حەکیم بە نۆرە
رۆژێک مەولەوی حەکیمی بانە
وتی رەحمەت بێ بەم منالانە
ئەم دەردە پیسە ئەتەنێتەوە
وا چاکە پیاو لێی، دوور کەوێتەوە

گوایە دوای ئەم قسەیە ئاغاڵ دەچێتە دەرەوەی ئاوایی لەوێ لێی دەکەوێ و قاچی لێ رادەکێشێت، هیچ ئومێدێکی بە ژیان نامێنێ، دەپارێتەوە کە مارێکی پێوەدا و بمرێ، ئەوسا مارێکی پێوە دەدا، بەلام لە جیاتی ئەوەی بیکوژێت چاکی دەکاتەوە.

- دەروێش قادری حەکیم خەڵکی گوندی (کانی وەیسە)ی شارباژێڕ بووە. لە سلێمانی حەکیمی کردووە و لە پزیشکی چاوا گوایە زۆر شارەزا بووە.
- میرزا خاس: لە ئێلی مەنمی لە زانیاری بریندا شارەزا بووە، جگە لەوە لە زانیاری گەردوونسازی (فلکیات) و ئەستێرە شووناسیدا، زۆر شارەزا بووە.
- مەحموود بەگی ئەمین بەگی حاجی نەسروڵڵا بەگ (خولە بەگ). ئەم پیاوە زانستی برین چاککردنەوە و شکاوی گرتنەوە لە باوکییەوە فێر بووبوو کە باوکی زۆر ناودار و هەڵکەوتوو بووە لەم کارەدا.

مەحموود بەگ بەر لە پێشکەوتنی زانستی (جراحة) بەمجۆرەی ئێستا، هەندێک شکاوی دەبوو، لە نەخۆشخانەدا دەرەقەتی نە دەهاتن، ئەو فریای خاوەنەکەی دەکەوت.

کەریم بەگی برا گەورەی مەحموود بەگ، ئەویش ئەم زانیارییە لە باوکییەوە فێر بووبوو، لە چلەکاندا بە برین پێچ (مضمد) دامەزرا، من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە) لەکاتی منداڵیمدا کە قاچم لەجێ چووبوو، کەریم بەگ بۆی گرتوومەتەوە، بەڵام ئەو نەدەگەیشتە ریزی خولە بەگی برای.

– تۆفیق عەنتەر: ئەمیش برین خۆشەوەکەر بووە.

– ئەحمەد ئاغای چاوبڕ: تیماری چاوی کردووە.

– شێخ عەلادینی نەقشبەندی لە دێی بیارە: ئەم زاتەش وەک خوا لێخۆشبوو شێخ ئەمینی کوڕی دەیفەرموو[١٤]: شارەزایی لە دەردی دەروونی و دەردی ئەندامی جەستەدا بووە و لەسەر ئەوە (رسالە)یەکی هەیە (طب القلوب)[١٥] کە زیاتر باسی نەخۆشی دەروونییە جگە لەوەی کە شێخ نموونەی زیاتر لە چل گیای وڵاتی خۆمانی لا بووە، نموونەی ریشە و لاسک و گوڵ و گەڵا بەیەکێکدا ناردبوونیە ئەورووپا بۆ ئەوەی لێیان بکۆڵنەوە و ئەگەر بە کەڵک هاتن، ئیتر هەر لەو نموونە بنێرێتە دەرەوە بۆ دەرمان دروستکردن، بەڵان لەبەر نا ئەمینی ئەو کەسەی نموونەکانی پێدا نارد کارەکەی سەری نەگرت.

بەم بۆنەیەوە، لەبیرمە کە منداڵ بووم، هەروەها لەم دواییەشدا لە پەنجاکاندا کە کارگێڕی ناحیەی خورماڵ بووم و ئەو سەردەمە وڵاتی هەورامانی لای خۆمان هەموو سەر بە خورماڵ بوون دەمدی و دەمبیست کە نەخۆشیان دەبرد بۆ خانەقای بیارە و جاری وا هەبوو، لەوێ زۆر دەمانەوە بەڵام زیاتر بە بڕوای ئاینییەوە. هەندێکیان هەروا دەگەڕانەوە و کەمێکیشیان بەهۆی گۆڕینی شوێن و هێزی بڕواوە چاک دەبوونەوە.

---

١٤. کۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠٨) ساڵی ١٩٨٥ ل ٢٢٨-٢٣٢.

١٥. ئەم نامیلکەیە خوا لێخۆشبوو شێخ ئەمینی کوڕی شێخ عەلادین لە چاپی داوە من هەمە.

دوای شێخ عەلادین، شێخ عوسمانی کوڕیشی پێشوازی نەخۆشی دەکرد کە دەیانبردنە لای، گیا و دەرمانی خۆیی و دەرمانی دەرمانخانەکانی بۆ (وصف) دەدان.

- (هۆزی) شێخ هیدایەت لە هەورامان لە گوندەکانی (کەمالا) و (وەیسیا)، ئەمانە شێخانی شاری هەورامانیان پێ دەڵێن، لە گرتنەوە و شکاوی و دەرمانی بریندارانیدا و لە گرتنەوەی دەرماندا لە گژوگیای کوێستان وەک شێخ ئەمینی نەقشبەندی دەڵێت: بێ وێنە بوون و دەڵێت: ئەم خێڵە بە ژن و پیاوەوە لەم رشتە پزیشکییەدا شارەزا بوون.

ئەمانەش لە سەرەتاوە شێخ هیدایەت خۆی، شێخ مەحموودی کوڕی، شێخ سادقی کوڕی شێخ مەحموود و شێخ محەمەدی کوڕی شێخ مەحموود هەموو هونەرمەندی پیشەی پزیشکی بوون[١٦].

- جافری شێخ فەتاح نەوەی شێخ عەلی تەوێڵەیی[١٧]، کە یەکێک بووە لە خەلیفەکانی شێخی سیراجەدین (مامە جافە) لە دەرمانکردنی برینی تیغ و گوللە و زامی تری لەشدا زۆر شارەزا بووە و شکستەیشی گرتووەتەوە.

شێخ ئەمین دەڵێت: مامە جافر ساڵی دوو سێ جار بۆ کوێستانەکان دەچوو بۆ هاوردنی گژوگیا و برێ جار بۆ گیای بە سەوزی و برێ جار بۆ گوڵی گیاکان و بۆ ریشەی گیاکان.. ئەم گیایانەی وشک دەکردەوە و دەیکوتان و لە شووشەدا پاک و خاوێن هەڵی دەگرتن، ژوورەکەی بۆنی خۆشی گژوگیای گرتبوو، هەر بە بۆن، ئەو دەرمانانەی لێک جوێ دەکردەوە.

هەروەها شێخ ئەمین دەڵێت: ئاگام لێیە دەرمانی وابوو دەیگوت ئەمە نابێ هەموو رۆژێک بدرێت لە برین چونکە زوو لەسەرەوە سارێژ دەبێت و هێشتا لە خوارەوە برینی هەیە.

---

١٦. کۆواری رۆشنبیری کە پەنجەمان بۆ راکێشا.

١٧. سەرچاوەی پێشوو، شێخ ئەمینی نەقشبەندی ل٢٣١-٢٣٢.

## نموونەی گژوگیای دەرمان- لای خۆمان[18]

لێرەدا تەنیا دوو جۆرە گیا بۆ نموونە دەنووسین کە لە دەشت و چیاکانی لای خۆمان زۆرن، بۆیە لە بازاڕیش هەن و دەست دەکەون، وەک خۆشمان دەڵێین، مشتێک نموونەی خەروارێکە لەوانە لە هەمووان بەناوبانگتر و زۆرتر.

١- گیای قەیتەران

کە بە عەرەبی (کرفس البیر)ی پێ دەڵێن و بە فارسی (پرسیاوشان) یاخۆ سیاپوز و لە ناوچەی ڕەواندزیش پێی دەڵێن (گیا بالوکە)... کەوابوو ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی و دەرکەوت بۆ چ دەردێک باشە.

وەک شێخ ئەمینی نەقشبەندی دەڵێت: ئەم گیایە گەڵاکەی وەک مەعدەنووس وایە و لاسکەکەی ڕەشە و ڕەقە، هێندە باریکە، تۆزێک لە مووی سەر ئەستوورترە، لە شوێنێکدا سەوز دەبێت کە تاڤگەی ئاوی بەسەرەوە بێت، بۆیە چەمی (زەڵم) پڕیەتی، بۆ چارەسەرکردنی (بالوکە)، ئەم گیایە لە سێبەردا وشک دەکرێتەوە دوای ئەوە دەهاڕدرێ هەر بەیانییەک بە ناشتا بە ئەندازەی کەوچکێکی چێشت خواردن بە ڕووتی یاخۆ تێکەڵاو بە ماست، یاخۆ لەگەڵ ئاوا بکوڵێ وەک چا بخورێتەوە ڕۆژی سێ جار دە ڕۆژ، ئیتر

١٨. نووسین لەم ڕووەوە زۆرە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵانەی دواییدا بۆ وێنە: فەرهەنگ (القاموس العلمي) مامۆستا کەمال جەلال غەریب کە چەند جزمێکە، جگە لە نووسینەکانی لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا و زۆری تر، ئەمەش ڕێبازێکی دڵخۆشکەرە، چونکە ئێستا لە ئەوروپا و ئەمەریکاش، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، زیاتر گەڕاونەتەوە سەر گژوگیای دەشت و چیا).

لە سەردانێکمدا لە مانگی شوباتی ١٩٩٠دا بۆ ئینگلتەرە، دەچوومە هەر دەرمانخانەیەک، سەبەتەی جوان و ڕازاوەم دەدی کە پڕ کرابوون و هەموو گژوگیایان تێدا بوو، یاخۆ تۆ و دەنک. هەریەکەش ناوە زانستییەکەی و بۆچی بەکار دەهێنرێت هەمووی لەسەر نووسرابوو.

بنەمای بالوکە دەبڕێ، جگە لەوەی ئەگەر لەسەر خواردنەوەی بڕۆین (بەردی) گورچیلە و میزڵدانیش دەکاتە (لم) و لەگەڵ میزا دەڕوات، خۆ ئەگەر هەفتەی جارێکیش ریشەی زەراتیشی بۆ بکات لە چای و لەگەڵیدا بخواتەوە باشە بەڵام لەبەر ئەوەی (خەیاتە)ی زەڕات زۆر میز رادەکێشێ، نابێ زۆری بخوات، هەروەها قەیتەران بۆ ئەو کۆکەیەی زۆر مابێتەوە باشە و بنەمای دەبڕێ.

٢- خاک شێر

لە شۆریجەی بەغدا لای دووکاندارەکان بە (خوبیە عجم) بەناوبانگە. ئەمەش تۆوێکە وەک تۆوی تووتن بەڵام وردتر، ئەمە چارەسەری (حەساسیەت) دەکات. هەر بەیانییەک بە ناشتا بە ئەندازەی کەوچکێکی نان خواردن بکرێتە ناو دەم و پەرداخێک ئاو بەدوایدا، یاخۆ لەگەڵ شەکر و ئاوا بخورێتەوە کاری خۆی دەکات.

شێخ ئەمین دەڵێت: من خۆم بە خواردنی پەتاتە حەساسیەتم پەیدا دەکرد، ماوەی هەفتەیەک ئەم دەرمانەم خوارد ئیتر ببڕای ببڕ ئەو حاڵەم نەما هەر ئەم تۆوە بۆ دابەزینی (تا) و گەرمای لەش زۆر بە کەڵکە[١٩].

## هەندێک پزیشک (نۆشدار)ە کۆنەکانی سلێمانی

١٩٣٠-١٩٦٠

- دکتۆر پول بی مالک (دوکتور مەلیک) لەئاسوورییەکانی کەرکووک بوو. بوو بە سەرۆکی تەندروستی (رئیس صحة) و بەینێکی زۆر لە سلێمانی مایەوە.
- دکتور. أ جورج بە رەگێشە یۆنانی بوو، ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی مایەوە، پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەکانی شاردا بەهێز بووبوو.
- د. جەمیل ئاوچی: خەڵکی کەرکووک بوو، بوو بە سەرۆکی تەندروستی.

١٩. شێخ ئەمین نەقشبەندی، سەرچاوەی پێشوو.

- نووری فتوحی، له برا دیانەکانی سلێمانی بوو، له دەرچووانی (سویسره) بوو، زۆر له سلێمانی مایەوه و بوو به سەرۆکی تەندروستی و له دایکەوه له بنەماڵەی عەلەکەیە.
- د. نصوری عەلەکە: له برا دیانەکانی سلێمانی بوو.
- د. عیزەت عارف: به رەگێشه کۆیی بوو برای رەشاد عارف بوو.
- د. عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا. هەموو له بنەماڵه ناسراوەکانی سلێمانین و بوون به سەرۆکی تەندروستی
- د. جەمال رەشید فەرەج
- د. کەمال عەبدوڵڵا ناجی
- د. قادر شاڵی: له بنەماڵه ناسراوەکانی سلێمانییه.
- د. جەمال حەمەوی: له برادەره هەولێرییەکان بوو.

بەگوێرەی لیستەیەک که لەدەزگای تەندروستیی سلێمانییەوه بۆم هاتووه. ئەمانه ئەو نۆشدارانەن که (ساڵی١٩٩٠-١٩٩١) له سلێمانیدا بوون[٢٠].

د. ئازاد ئیسماعیل حەقی: پسپۆڕ له (زامگەری)دا بەگشتی

د. جەمال غەفوور مەعروف: پسپۆڕ له (زامگەری)دا بەگشتی

د. نەوزاد ئەحمەد ئەمین عەتار: پسپۆڕ له (زامگەری)دا بەگشتی

د. حیلمی رەشید قەزاز: پسپۆڕ له (زامگەری)دا بەگشتی

د. عەبدولڕەحمان یوسف ئەلریس: پسپۆڕ له (زامگەری)دا (میسری)یه

د. عەلی ئیحسان عومەر ناجی: پسپۆڕ له (زامگەری)دا بەگشتی

د. تەها محەمەد حەمەخان: پسپۆڕ له زامگەری.. چاودا

د. لەیلا تاهیر ئەلبوستانی: پسپۆڕ له زامگەری.. چاودا

---

٢٠. دوکتور لەتیف لەم کاتەدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی بوو له سلێمانی که جاران (سەرۆک- رئیس صحة)یان پێ دەوت.

د. موەفەق محەمەد رەشید: پسپۆڕ لە زامگەری.. چاودا

د. هوما فەتحوڵڵا ئەسعەد: پسپۆڕ

د. محەمەد باقر ئەلمالیک: پسپۆڕ

د. محەمەد جەزا نووری: پسپۆڕ لە زامگەری.. چاودا

د. وەرزێر فەتاح شاڵی: پسپۆڕ لە زامگەری ئێسک و شکاوی

د. بەختیار رەسوڵ محەمەد ئەمین: پسپۆڕ لە زامگەری ئێسک و شکاوی

د. عەدنان محەمەد مسفره: پسپۆڕ لە (زامگەری) ئێسک و شکاویدا

د. سەمیر خورشید رەشید: پسپۆڕ لە (زامگەری) ئێسک و شکاویدا

د. هەنری خۆشابا نیسان: پسپۆڕ لە (بەنج)دا

د. ئەسماء جاسم محەمەد: پسپۆڕ لە (بەنج)دا

د. ئینساف سەلیم ثابت: پسپۆڕ لە (بەنج)دا

د. فوئاد ئەحمەد بابان: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. جەمال ساڵح ئەورەحمان: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. عەلی سەعید محەمەد: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. عادل مستەفا قادر: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. یادگار رەئوف مەجید: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. عومەر محەمەد شەریف: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. ئەسعەد محەمەد صادق: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. سەمیر فەرغەلی عەبدولموحسن: پسپۆڕ لە نەخۆشی (ناوسک) باطنیة

د. نەجات محەمەد یوسف: پسپۆڕ لە نەخۆشی (دەروونی و ژیریی)دا

د. فەرەیدون محەمەد عەزیز: پسپۆڕ لە نەخۆشی (پێست)دا

د. غاندی عەلی قەزاز: پسپۆڕ لە نەخۆشی (پێست)دا

د. عەزیز عەلادین محەمەد: پسپۆڕ لە نەخۆشی (پێست)دا

د. رەئوف رەحیم میرزا: پسپۆڕ لە نەخۆشی (گازارا- فقرات)دا

د. ناهیده کەریم سەعید: پسپۆڕ لە نەخۆشی (پێست)دا
د. فرار مارف عەبدولکەریم: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. سەمەر نازم جەعفەر: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. دلێر نووری رەشید: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. دڵسۆز جەلال ئەمین: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. پەروین خالید خۆشناو: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. ئەمیرە عەبدولخالق عەباس: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. رووناک ئیبراهیم محێدین: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. نەجات محەمەد کەریم: پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنان و منداڵبووندا
د. پەری مەجید فەرەج: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. جەمال ئەحمەد رەشید: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. مستەفا کەریم ئەحمەد: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. ئەدیبە ئیسماعیل عەلی: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. نەرمین ئەحمەد محێدین: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. ئەڵوەن ئەمین عەبدوڵڵا: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. پەرژین ئەحمەد مستەفا: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. تانیا عەبدولڕەحمان ئەحمەد: پسپۆڕ لە نەخۆشی منداڵدا
د. حیکمەت محەمەد ساڵح بابان: پسپۆڕ لە تیشکی سینیدا (أشعة)
د. ئەمیر ئەحمەد محەمەد عەلی: پسپۆڕ لە تیشکی سینیدا (أشعة)
د. ئازاد حەسەن فەرەج: پسپۆڕ لە (ئەزموونگە- مختبر)دا
د. عائدە نووری عارف: پسپۆڕ لە نۆشداریی کۆمەڵ (طب الجتمع)دا
د. ژیان سەلاح رەمزی: پسپۆڕ لە نۆشداریی کۆمەڵ (طب المجتمع)دا
د. ئازاد ئەحمەد تۆفیق: پسپۆڕ لە نۆشداریی کۆمەڵ (طب المجتمع)دا
د. نزار سەیدا فەتاح: (لە سوپادایە)

د. تەیب ئەحمەد مستەفا: پسپۆڕ لە (ددان- أسنان)دا

د. لاوچاک عەبدولقادر عومەر: پسپۆڕ لە (ددان- أسنان)دا

د. شاهزاد عەلی رەشید: پسپۆڕ لە (زامداری)دا

د. لەتیف ئەمین مەحموود: نۆشداری گشتی- منداڵ

د. جەمیل عەبدوڵڵا محەمەد: نۆشداری گشتی- گورچیلەی دروستکراو[٢١]

د. تریفە شەوکەت غەفوور بابان: نۆشداری گشتی- ئەزموونگەری

د. نەجیب محەمەد: نۆشداری گشتی- زامی ئێسک و شکاوی

د. جەمال عومەر تۆفیق: نۆشداری گشتی- (نەخۆشی دەروونی و ژیری)

د. وەهبیە مەحموود شەوکەت: نۆشداری گشتی- (نەخۆشی دەروونی و ژیری)

د. نهاد محەمەد فازیڵ: نۆشداری گشتی (نەخۆشی ناوسک- باطنیة)

د. نیشتمان عەزیز عەبدولڕەحمان: نۆشداری گشتی- (تیشکی سینی)

د. نەسرین محەمەد ساڵح: نۆشداری گشتی- (بەنج)

د. ئەحمەد کەمال عەبدوڵڵا: نۆشداری (ئەزموونگە)

د. سورەیا فوئاد ئەحمەد: نۆشداری- تیشکی سینی

د. فەرید مستەفا فەتاح: نۆشداری- تەندروستی گشتی

د. سەلاحەدین عەلی ساڵح رەشە: نۆشداری- چاو

د. ڕووناک ناسح حەیدەری: نۆشداری چاودێری دایک و منداڵ- رعایة الامومة والطفولة

د. مەحموود عەلوان حوسێن: نۆشداری چاو

د. عارف عەلی محەمەد: نۆشداری نەژگەر- نەشتەرگەر- جراح

د. عەبدولڕەحمان مەجید رەسوڵ: نۆشداری- چاو

---

٢١. كلية صناعية.

د. فەوزیە عەبدولڕەحمان خورشید: نۆشداری (منداڵ)
د. شکران سدقی جەمیل: نۆشداری (نەخۆشی ژن)
د. دلشاد محەمەد ڕەسوڵ: نۆشداری (منداڵ)
د. زەکیە عەبدوڵڵا کەریم: نۆشداری (منداڵ)
د. دیار نووری ڕەشید: نۆشداری (منداڵ)
د. دانا عومەر سدیق: نۆشداری (نەخۆشی ژن)
د. ژیان تۆفیق فەتحوڵڵا: نۆشداری (نەخۆشی ناوسک- باطنیە)
د. ئاورنگ محەمەد قادر: نۆشداری (منداڵ)
د. سانحە شەریف: نۆشداری (منداڵ)
د. ڕەفیق محەمەد عەلی: نۆشداری (نەخۆشی ژن)
د. مووسا محەمەد مراد: نۆشداری (منداڵ)
د. محەمەد محەمەد عەلی سەید ئەحمەد: نۆشداری تەندروستی گشتی
د. محەمەد ئەمین میرزا غەفوور: نۆشداری گشتی
د. نەجمەدین حەسەن ئەحمەد: نۆشداری گشتی
د. حەسەن عەلی ساڵح: نۆشداری گشتی
د. رجاء هاشم هادی: نۆشداری گشتی
د. فوئاد ئەحمەد عەبدوڵڵا: نۆشداری گشتی
د. فەتاح ساڵح: نۆشداری گشتی
د. عەبدولکەریم داغر مووسا: نۆشداری گشتی
د. سنوور جەلال مستەفا: نۆشداری گشتی
د. فەرید یونس عەبدولغەنی: نۆشداری گشتی
د. حەیدەر محەمەد تەها یاسین: نۆشداری گشتی- نەشتەرگەری- جراحە
د. ئاڤان نەجیب شەمعون: نۆشداری گشتی (بەنج)
د. کەژاڵ نووری عەبدوڵڵا: نۆشداری گشتی- (بەنج)

د. سەعدیە رەزا ئەحمەد: نۆشداری گشتی- (نەخۆشی ژن)
د. تاڤگە حەسەن عەلی غالب: نۆشداری گشتی نەخۆشی ژن (لە خوێندنە)
د. ژیان ئەحمەد عەبدوڵڵا: نۆشداری گشتی نەخۆشی ژن (لە خوێندنە)
د. گولەر هەمزە خضیر: نۆشداری گشتی نەخۆشی ژن (لە خوێندنە)
د. میعاد ماهود عیدان: نۆشداری گشتی- چاودێری دایک و منداڵ
د. سەعد شەهاب ئەحمەد: نۆشداری گشتی- (منداڵ)- سەربازە
د. کەژاڵ ئیسماعیل ئیبراهیم: نۆشداری گشتی (بەنج)
د. فارس جاسم فارس: نۆشداری گشتی (بەنج)- سەربازە
د. عەدنان ناجی تەها: نۆشداری گشتی (بەنج)- سەربازە
د. ئەلکسەندەر یوئیل خامس: نۆشداری گشتی (بەنج)- سەربازە
د. مەها هاشم عومەر: نۆشداری گشتی (تیشکی سینی)
د. پەیمان عەبدول سەمەد خانەقا: نۆشداری گشتی (تیشکی سینی)- (لە خوێندنە)
د. نەسرین محەمەد تاهیر: نۆشداری گشتی (تیشکی سینی)-(لە خوێندنە)
د. نیاز جەلال فەقێ محەمەد: نۆشداری گشتی (نەخۆشی ناوسک- باطنیة)
د. محەمەد عارف داود: نۆشداری گشتی (منداڵ)

**(مقیم أقدم، مقیمة قدمي، مقیم دوري و متدرج)**

محەمەد نووری رەشید، خەدیجە کەریم رەشید، جوان (معصوم) عەزیز، (أخلاص نعمت جوامیر)، سروە عەبدوڵڵا ئەحمەد، ئیسماعیل حەمە ئەمین، نەورۆز عوسمان سەعید، محەمەد عوسمان سەعید، ئاراس جەلال ساڵح، مژدە ئیسماعیل محەمەد، ئاواز کەمال مەولود، ئاراس ئیسماعیل عەبدوڵڵا، (خلدون حمید درویش)، ئومێد عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان، بەهرە تۆفیق، رازاوە فاتح مارف، نەرمین محەمەد ئەمین ئیبراهیم، ڤیان محەمەد ساڵح، لاڤا محەمەد سەعید، جەمال حەسەن ناسر، ئیمان جەمال عەبدوڵڵا، رێژان

ئەفراسیاب، (عاصم سلیم داود)، ڕێبوار هۆگر عەبدوڵڵا، دڵسۆز محەمەد قادر، (نضال عباس كنج)، (غادە محمد شاكر)، (نهلە جلال فریق)، سمكۆ عەلی شەریف، نیاز ئەحمەد ساڵح، سامان حەمە فەرەج، كاوان محەمەد عەزیز، ئیسماعیل بابا رەسوڵ، ڕێبوار سەعید محەمەد سەعید، كرمانج ئەبوبەكر جەلال، شیرین عەبدوڵڵا ئەحمەد، خەلیل ئیبراهیم محەمەد، ئاری مەجید نووری، محەمەد ئەمین عەلی عومەر، ئازاد عومەر محەمەد، ڤیان كەمال شەفیق، (عادل جواد نزار)، ئالان عومەر غەفوور، سەركار عیزەت محیەدین، دارا عەبدوڵڵا حەمە سەعید، ئازاد محەمەد رەسوڵ (سلوى) محەمەد رەسوڵ، كامەران ئەمین عومەر، كامیل حەمە ئەمین عەبدوڵڵا، كاوە سەلاح حیكمەت، نەورۆز ئەحمەد مارف، هوشیار مەحموود قادر، ئازاد محەمەد حەمە ئەمین، عەلی محەمەد رەفعەت، جوان كەریم عەبدوڵڵا، (ستیفس ابریم اصلیفو)، كامیل عومەر عەزیز، هاوڕێ عەلی عومەر، ئەردەڵان محەمەد ئیبراهیم، كاوە محەمەد ئیبراهیم، حەسەن حوسێن بەفری، كاوە قادر مستەفا، ئامانج ئەبوبەكر جەلال، (سعدون حسین فتحي)، كامەران حوسێن محەمەد، جەلال عەلی جەلال، یوسف ساڵح سەعید، ئازاد نووری محەمەد، نەوزاد ئەحمەد، ئازاد حەمە رەشید ئەحمەد، ئاری عەلی غەفوور، سەربەست مەدحەت رەشید، محەمەد عەبدوڵڵا محێدین، جیهان خالید رەشید، (عصام الدین نامق)، (أیاد فرج رشید)، رەمەزان نەجمەدین عەزیز، كامیل حەیدەر كاكە ئەحمەد، خەسرەو عادل فائق، یادگار مەجید عەلی، جەمیل عەبدوڵڵا كەریم، فەلاح حەمە ئەمین حەمە وەیس، حەمید رەشید عەلی، شەهاب ئەحمەد، محەمەد رەسوڵ حەمە سوور، عەلی برایم سوارە، (سرمد صلاح الدین صالح)، سیروان عەبدوڵڵا عەلی، تەها عەبدوڵڵا قادر، زاگرۆس غەفوور رەشید، دانا تەیب عەبدوڵڵا، كرمانج محەمەد ئەحمەد، گەلاوێژ قادر عومەر، هەڵۆ عەلی حوسێن، فەرمان محەمەد حوسێن، جوان ئەحمەد ساڵح، ڕێزان جەلال قادر، سازگار عیزەت

مەحموود، (ديانه أبريم أصليفو)، نيگار غەفوور مەلا عەلی، ئەحمەد محەمەد عەلی، فەرەیدون ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، نزار محێدین ئەحمەد، دلاوەر عەبدوڵڵا حەمە عەزیز، نەوزاد عەلی رەشید، تەها محەمەد رەمەزان، ئەحمەد محەمەد عەبدوڵڵا، (نعمان حسين احمد)، سەردار کەریم شەریف، سالار عەزیز قادر، (محمد عبدالله عليوی)، هەڵشۆ عەبدوڵڵا کەریم، (رضوان عبدالوهاب عزيز)، نیان محەمەد محیەدین، لەمیعە محەمەد تۆفیق، رێزان حەسەن فەرەج، چیمەن حەسەن مەحموود، ئومێد حەمە کەریم عەبدولوەهاب، ئاری سامی حوسێن نازم، کۆسار عەلی رەشید، ناز عەبدولرەحمان ئەحمەد بابان، عیرفان حوسێن ئەحمەد، (ألاء عبدالقادر عبدالله)، سەناریا کەمال عەبدوڵڵا، (ماجده مير حسين حسن). مەهاباد عەلی محەمەد، شلێر فائق غەریب، سەرگوڵ ئیبراهیم کەریم، پرشنگ عەبدولکەریم مەحموود، (ثريا نصرالدين فتحی)، پەخشان محەمەد فەرەج، شاکر عەبدوڵڵا محەمەد، دڵپاک محەمەد کەریم، محەمەد دڵشاد ئەحمەد مەحموود، سابیر محەمەد ئەمین عەلی، سیروان حەمە شەریف، مژدە مەحموود شاکر، رزگار محێدین ئەحمەد، کەریم موراد ئەستیفان، (فواز حمدی القاسم)، ساکار عەبدولکەریم نیزامەدین، قادر عەبدولڕەحمان قادر، نیشتمان یەعقوب فرەنسیس، جەمال محەمەد زەکی، تریفە نووری عەلی، نوخشە کاوس تۆفیق، (فائق اكرم زينل)، (رائد محمد حسن علی)، (عادل فتێحان مشعل)، تاهیر عارف عەبدوڵلا، راژان فوئاد عیزەت، (سعد حكمت عبدالله)، (نصيف جاسم احمد)، (صباح حسن كيطان)، (ماهر حنا حسن)، (نيران يوسف بطرس)، گەلاوێژ محەمەد ئیسماعیل، جوان یوسف محەمەد، رێزان ئیسماعیل ئیبراهیم، کوردستان پۆلص گورگیس، جوان رەئوف محەمەد، (سندس صبحی عبدالمجيد)، (فاتن الياس حنا)، ژیان یەحیا عەبدولکەریم، (هناء حمزه خضير)، (مازن محی الدين سلمان)، هاوڕێ عەزیز میرزا، (انتصار يحيی حسين) محەمەد عەبدوڵڵا عەلی، سروە

نەجمەدین جەلال، ئاڤێستا ئەفراسیاب، شوان ئەنوەر محەمەد، یاسین تاهیر شەریف، ئەحمەد محەمەد عەبدولقادر، کاروان عەبدولفەتاح عەبدولجەبار، جەمال عەبدوڵڵا محەمەد حوسێن، عیزەت محێدین ئەحمەد، کەمال محەمەد نیزامی، گۆران فائق مەحموود، شادمان حەسەن عەلی، ئاکۆ عەلی فەرەج، نەوزاد رۆستەم حەمە عەزیز، رزگار عەلی جەرجیس، شێرکۆ سەعید فەتحوڵڵا، (صباح عابد عبدالحكيم)، ئالان عەبدوڵڵا مەجید، رووناک محەمەد ساڵح، ژیان ئیسماعیل مەجید، مەجید محەمەد ساڵح عەبدوڵڵا، سازان عەبدولڕەحمان ئەحمەد بابان.

## ٢١

## دانسازە کۆنەکانی سلێمانی

- شێخ لەتیفی شێخ عەولکەریم (١٨٨٨-١٩٤٨)، کە بە شێخ لەتیفی دانساز ناوی دەرکردبوو. ئەم پیاوە یەکێک بوو لە بلیمەتەکانی شارەکە، جگە لەوەی دانسازی هەر بە سەیرکردن و تاقیکردنەوە فێر بووبوو، برینی دەم و دان و دان هەڵکێشان و تاقمی ددان دروستکردنیش هەمووی گرتبوو دەست و تیایاندا سەرکەوتوو بوو، هەروەها زۆر پیشەی هونەرمەندانەی تریشی دەست دەدایە تا دەگاتە تفەنگ دروستکردن.

- فوئاد زەکەریا: (دیان) بوو، ئەمیش هەر بە فێربوون (نەک خوێندن) ئەم پیشەیەی گرتبووە دەست، تا ساڵەکانی چلەکانی هێنا، شوێنی دانسازییەکەی لای گەراجە کۆنەکەی عەبدەوە بوو، بەرامبەر ئوتێلە کۆنەکەی حاجی برایم ئاغا کە دەکەوێتە سەر ئەو شەقامەی دەچێت بۆ سابوونکەران.

- سەعید سەلمون (سعید سلمون)، ئەمیش هەر بە فێربوون ئەم ئیشەی گرتە دەست، واتا دەرچووی دانشگە و قوتابخانەی دانسازی نەبوو، لە مووسڵەوە هاتبووە سلێمانی و لە خانووەکەی حەمە رەشید ئاغادا بوو، نزیک بە خانووەکانی حاجی تۆفیقی مەحموود ئاغا ئەمیش هەتا چلەکانی هێنا.

- مەحموود شەوکەت سەعید زەنگەنە: ئەمیش بەبێ خوێندن لە قوتابخانەی دانسازی فێری ئەم پیشەیە بوو، پیاوێکی دەست سووک و بێدەنگ و شارەزا لە ئیشی خۆیدا، تا لە باریا بوو هەر ئیشی دەکرد، تا پەکی کەوت

و دوای ئەوەش ساڵی ١٩٨٦ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا، شوێنی دانسازییەکەی لە کۆڵانەکەی لای سەرەتای بازاڕەوە بوو.

- محەمەد مەمەند: ئەمیش هەر بەبێ خوێندن فێری پیشەکە بوو، تا (٩٩٠-٩٩١)یش هەر ئیشی دەکرد. دانسازێکی دەست سووک و لێهاتوو بوو.
- شێخ عەبدوڵڵای شێخ لەتیفی دانساز: ئەمیش لە باوکییەوە فێری پیشەکە بوو. دەمێکە و تا ئێستاش هەر ئیش دەکات و گەلێک لە کارەکەیدا سەرکەوتووە.
- شێخ سدیق: شوێنەکەی تەنیشت ماڵی مەجید بەگی یاوەر (حاکم) نزیک مزگەوتی شێخەلی. ئەمیش هەر بەبێ خوێندن فێری ئیشەکە بوو. لە چلەکاندا ئیشی دەکرد، ئێستا نەماوە.
- سدقی جەمیل: شوێنەکەی لە (ئەسحابە سپی) بوو ئەمیش بە تەماشاکردن و مەشق فێری کارەکە بوو، واتا دەرچوانی کۆلێجی دانسازی نەبوو.

## پزیشکەکانی دان- پزیشکەکانی ئەمڕۆی سلێمانی

جەمیل عەلی رەشید، (عقیل سعید عبدالسادة)، ئومێد حەمید حەسەن، سەعید شێخ لەتیف، (عدنان حنا)، عەلی محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، ئیحسان رەفیق سەعید، نیهایەت مەجید عەلی، فائق محەمەد ئەمین، (ریاض شاکر هادی)، ئازاد محەمەد ئەحمەد، نیهاد نووری ئەحمەد، رووناک عوسمان محەمەد، کامەران سەعید نووری، ئیبراهیم سەعید خەلیل، (عبدالکریم یوسف عبدالاحد)، (انوار محمد شاکر)، (فائق جاسم عبدالله)، توانا عومەر میرزا، (سعد هرمز حنا)، (محمد نزار کاظم عزیز)، شیرین محەمەد تاریق، فەرەیدون عەزیز میران، هاشم محەمەد عەبدوڵڵا، (فوزي عبدالجبار محمد)، (سهاد کاظم حسن)، (زینب محمد شاکر)، عادل محەمەد، (فتون داود سلمان)، ئیبراهیم عەلی ئولفەت، (ثائر جمیل عبدالحمید)، ڤیان ئیبراهیم

ساڵح، شکار لەتیف محەمەد عەلی، (انى سركيس اوهانيس)، (اسراء محمد محمود)، (حيدر نعمة عبدالرسول)، (رفاه متي نعيم)، (نغم عبدالرزاق سعيد)، (صبحي فاضل فرهود)، شەماڵ مستەفا ساڵح، کامەران سەعید ئەمین، (هدى عائد مهدي).

## ٢٢

## پارێزەر (محامی)یەکانی سلێمانی

لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ:

- عەبدوڵڵا عادل (عەبدوڵڵا شێخ قادر شێخ سەلام) لە بەینی ساڵی ١٩٢٠-١٩٢١دا پارێزەر بووە، لە دواییدا بە (مدیری ناحیە) دامەزراوە.
- ئەحمەد فایەق (فایەق تۆفیق- فائقی تاپۆ) لە دواییدا بوو بە (حاکم- قازی) و بوو بە سەرۆکی ناوچەی (استئناف) لە کەرکووک. لە سەرەتاوە لە تاپۆ ئیشی کردووە بۆیە بە فایقی تاپۆ ناوی دەرکردبوو.
- فەتاح ئەفەندی مامە خەلانی. لە دەرچووانی حقوقی (استنبول) بوو.
- عەلی ئەلشێخ (مەلا علی مامە شێخە) ئەویش لە دەرچووانی حقوقی (استنبول) بوو.
- نەجیب ئەفەندی فەتاح ئەفەندی، لە دەرچووانی حقوقی (استنبول) بوو.
- ئیسحاق میر- جوولەکە بوو
- ئیسحاق شاول- دیان بوو
- ابراهیم أحمد.
- محەمەد سدیق نقاش- لە مووسڵەوە هاتبوو.
- أنور جەمیل جاف- لە هەڵەبجە دادەنیشت.
- ئیبراهیم ساڵح شەیدایی.
- رەئوف مستەفا غەفوور.
- سدیق عەبدوڵڵا عەزیز.

- عەبدولرەحمان فەرەج.
- کەریم شەریف.
- محەمەد مستەفا ئەحمەد.
- روشدی عەزیز ساڵح.
- نووری ئەمین مەحموود.
- نامق تۆفیق قەزاز.

## ئەو پاریزەرانەی ئەمڕۆ هەن (ساڵی ١٩٩١)

١- أحمد رسول أحمد
٢- أحمد محمد ئاغا عباس ئاغا
٣- ئاراس قادر صالح
٤- ئازا أحمد صبری
٥- افراسياب ابراهيم صالح
٦- أكرم أحمد بابان
٧- أكرم عزت نجيب
٨- أنور عارف مجيد
٩- أحمد جمال أحمد
١٠- أكرم فرج أمين
١١- ئاواز عمر على أمين
١٢- ايمان نور على الخالدی
١٣- ئاواز صالح محمد
١٤- اميره على عبدالقادر
١٥- ئاسۆ محمد صوفی

١٦- بكر حمه صديق عارف

١٧- بەناز سعيد حمەامين

١٨- پەرژين احمد محمد غلام

١٩- بيستان ابوبكر عثمان

٢٠- بەيان عيسى يوسف

٢١- پەخشان عبدالفتاح حمه سعيد

٢٢- بۆتان جلال حسن

٢٣- تريفه عزيز صالح رەشه

٢٤- تغريد ناصر عباس قدو

٢٥- ثابت علاءالدين نقشبندى

٢٦- جبار شريف حسين

٢٧- جلال اسماعيل ابراهيم

٢٨- جمال محمد شريف

٢٩- جمال محمد شاڵى

٣٠- جمال كمال الدين نقشبندى

٣١- جوهر احمد شامراز

٣٢- چراخان ابراهيم فتاح

٣٣- جليل فرج على

٣٤- جمال عمر محمد امين

٣٥- حاجى كايل محمد

٣٦- حسن احمد محمد امين

٣٧- حسن اسماعيل رسول

٣٨- حسن عبدالله احمد

٣٩- حسن كانبى خضر بلباس

٤٠- حسيبه احمد امين
٤١- حسين على كمال احمد فهمى
٤٢- حمه امين حمه كريم حمه سعيد
٤٣- حسن عبدالرحمن عبدالله
٤٤- حمه شريف طه احمد
٤٥- حسين عارف عبدالرحمن
٤٦- حمه امين اخه ويس
٤٧- خۆشى ابراهيم عارف
٤٨- خدر حسن محمد
٤٩- رضا توفيق محمد امين
٥٠- رؤوف رشيد عبدالرحمن
٥١- رزگار عبدالله حسن
٥٢- ساسان عبدالكريم احمد
٥٣- سالار محمد الحفيد
٥٤- سمكۆ فتح الله قادر
٥٥- سردار مجيد قادر ئاغا
٥٦- سيروان أحمد صالح
٥٧- شەوبۆ محمد كريم
٥٨- صديق ولى عمر
٥٩- صبيحه محمود يوسف
٦٠- صلاح الدين محمد حسن الحفيد
٦١- صباح طيب محمد البرزنجى
٦٢- طه احمد صالح بابان
٦٣- طه محمد نجيب غفور

٦٤- طاهر على حسن
٦٥- طه عزيز صالح
٦٦- طارق حسين حمه
٦٧- عادل محمد توفيق
٦٨- عبدالله احمد اسماعيل
٦٩- عبدالكريم عارف احمد
٧٠- عثمان خالد لطيف
٧١- عثمان قادر محمد
٧٢- عزيز رحيم محمد
٧٣- عزيز صالح سعيد
٧٤- على رشيد محمد
٧٥- عمر احمد كريم
٧٦- عمر عبدالرحمن على
٧٧- عمران ياور قادر
٧٨- عمر حمه على توفيق
٧٩- عثمان معروف عبدالله
٨٠- عطا محمد مراد على
٨١- غفور محمد فرج امين
٨٢- فائق رشيد حسين
٨٣- فائق صادق ابراهيم الجاف
٨٤- فائق صبرى مصطفى
٨٥- فريدون على شريف
٨٦- فؤاد محمد توفيق على
٨٧- قيصر مصطفى جعفر

٨٨- كامل عبدالكريم رحيم

٨٩- كامل نظام الدين جلال

٩٠- كاوه عمر محمد

٩١- كريم محی الدين امين

٩٢- كمال عبدالله رفيق

٩٣-كمال احمد صالح

٩٤- كمال عارف حكمت

٩٥- كمال مجيد عبدالرحمن

٩٦- كاروان وريا علی

٩٧- كمال كريم شريف

٩٨- گەشاو محمد امين فتاح

٩٩- ليلی كريم رشيد

١٠٠- ليلی احمد شريف

١٠١- محمد سعيد افراسياب

١٠٢- محمد احمد صالح

١٠٣- محمد صادق احمد

١٠٤- محمد محمد شريف

١٠٥- محمد نووری فتاح

١٠٦- محمود احمد بابان

١٠٧- مصطفی صفوت رشيد صدقی

١٠٨- مصطفی كاكە رضا عسكری

١٠٩- محمد جمال عمر سام اغا

١١٠- مهاباد محمد صالح محمد

١١١- معروف كريم قادر

١١٢- ممند بایز بابکر
١١٣- محمد صالح اسماعیل
١١٤- محمد جمال حمه صالح
١١٥- محمد زاهد محمد صالح عبدالرحمن
١١٦- محمد صدیق فرج صالح
١١٧- ناهده عبدالقادر عبدالله
١١٨- ناز نووری عارف
١١٩- نهال جلال صائب
١٢٠- نوروز عمر محی الدین
١٢١- وریا محی الدین خدر
١٢٢- هەلکەوت محمد کریم
١٢٣- هاوڕێ قادر رسول
١٢٤- هاشم عبدالحامد حمه سعید
١٢٥- هەوار حمه خورشید شریف
١٢٦- شەونم نووری محمد سعید

ئەم بەرگە تەواو

دەبوایە وەک قسەم بە خوێندەواری ئازیز دابوو بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانیشی تێدا بوایە، بەڵام وەک وتمان دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کە ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرگەشی گرتە ئەستۆ ئەو باسەی دواخست (واتا تأجیلی کرد) بۆ هەلێکی تر.

جەمال بابان - ١٩٩٨/١٢/١